شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی

شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی

لویس جان کالفی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

د. حەسەن حەمزە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

بەهادین جەلال مستەفا

هەولێر - ٢٠١١

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **(شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانەی)**
- **کۆمەڵە چیرۆك**
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بەهادین جەلال مستەفا
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- پیتچنین: مەڕوە بەهادین
- بەرگ: جیگیر عەبدولرەحمان
- ژمارەی سپاردن: (٥٦) لە ساڵی ٢٠١١
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٦٠١)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەڕۆك

بەرایی ٧

دەروازە ٩

دەوازەی یەکەم/ بنەچەی کێشەکە ١٥

بەشی یەکەم/ مەسەلەی بنەچە (نەژاد) ١٧

بەشی دووەم/ ئایین و زمان..... ٣٧

بەشی سێیەم/ جیهانێکی فرەزمان..... ٤٧

بەشی چوارەم/ هزرڤانانی سەرکەوتن ٦٥

دەروازەی دووەم/ گۆڕەپانی شەڕ..... ٧٧

بەشی پێنجەم/ زمانی تایبەت و زمانی بڵاو..... ٧٩

بەشی شەشەم/ شەڕی بنەماڵە (خێزان) ٩٣

بەشی حەوتەم/ بازاڕ و زمان ١٠٥

بەشی هەشتەم/ دیاردەی بڵاو بوونەوەی زمانەوانەی ١٢٣

بەشی نۆیەم/ مردنی زمان ١٣٥

دەروازەی سێیەم/ لەسەرکردایەتی ئەرکاندا ١٤٩

بەشی دەیەم/ سیاسەتی زمانەوانی و پلاندانان: بەراوردی یەکەم ١٥١

بەشی یازدەم/ توێژینەوەی نموونەی پیادەکراو: بەڕێوەبردنی فرەزمانی..... ١٥٩

بەشی دوازدەهەم/ توێژینەوەی نموونەی پراکتیك: پلاندارێژیی زمانەوانی و هەستی نیشتمانی ١٨١

بەشی شێزدەهەم/ توێژینەوەیەکی نموونەی: ململانێی زمانەوانیی جیڤارۆس لە ئەکوادۆر ١٩٣

بەشی چواردە/ سیاسەتی زمانەوانی و ئیمپریالی: پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی..... ٢٠١

بەشی پازدەم/ شەڕی نوسین ٢١٥

بەشی شازدەهەم/ شەڕی وشە ٢٣١

بەشی حەڤدەهەم/ شەڕی سەردەم نموونەی فەڕەنسی ٢٤٣
بەشی هەژدەهەم/ خەیاڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانە و ئیسپرینتۆ ٢٦٧
بەراوردی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی..... ٢٧٥
دوا پەییڤ ٢٧٧
پێناسەی وشەو زاراوەکان..... ٢٧٩
وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا..... **٢٨٧**

بەرایی

لەوەتەی ئەم کتێبە بە زمانی فەڕەنسی چاپ و بڵاو کراوەتەوە، توێژەران زۆر دەستەواژەی (شەڕی زمان) بەکاردێنن، ئەم دەستەواژەیەش لە خوێندنەوەی کتێبی (هونەری شەڕ) ی فەیلەسوفی چینی لاوتسۆ فێری بوومە، هەر چەندە زمانەکان لە نێوان خۆیاندا شەڕ ناکەن، بەپێچەوانەی مرۆڤ، بەڵام دەتوانین لە بەدواداچوونی پەیوەندیی نێوان ئەم زمانانە، دەرك بەو کێشەوململانێیە بکەین، ئیمپراتۆریەت و ئیمپریالیزم سامانێکی زمانەوانییان لە دوای خۆیاندا بە جێ هێشتووە، وەك ئەو سامانە وایە کە شەڕو پەیوەندیی ئابووری و جیهانگەرایی جێی دەهێڵن.

بەڵام من مەبەستم لەوەدا ئەوە نەبوو توێژینەوەیەك بۆ (زانستی شەڕی زمانەوانی) بکەم، بەڵکو دەمویست بچمە نێو چەمکی سیاسەتی زمانەوانی، نموونەی بۆ بهێنمەوە و پیادەکردنی زمانەوانییش لەبەرچاو بگرم، هەروەها دەستتێوەردانی بڕیاربەدەستانیش روونبکەمەوە، ئێمە لەلایەك لە پیادەکردنی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان پەیدابوون و سەرهەڵدانی چەندین زمان بە پێی پێویستیی بەکارهێنان، بە فرەزمانی دەبینین، لەلایەکی دیکەوە لایەنی بڕیار بەدەست و بەڕێوەبەرانی فرە زمانی کارێك دەکەن کە کاریگەریی بۆ سەر تەنیا زمانێکیش دەبێت، ئەویش بە دروستکردنی وشەو شێوازی بەکارهێنان و تەنانەت پاراستنی لەهەر گۆڕانکارییەك کە بێتە پێشەوە، ئەمە وێڕای کارێك کە کاریگەریی بۆ سەر فرەزمانەکانیش دەبێت بە داکۆکی کردن لە زمانێك لە زمانەکان یان بڵاوکردنەوەیان، یاخود فێرکردنی زمانی بیانی. لەو دوو حاڵەتەدا بۆمان روونەدەبێتەوە کە هیچ شتێکی نەجووڵاو و چەسپاو لە زماندا نییە، هیچ شتێکی کۆتاییشی

تێدا نییە، ئەوەی لە زماندا هەیە بریتییە لە جووڵە و بزاوت، دیارە ئـەم جووڵەیـەش یـان جووڵەیەکی رەمەکییە هەروەکو براون (BROWN) باسیدەکات، یان جووڵەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوەو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی زمانەوانی. مـن حـەز لـە شـیکردنەوەو بۆچوونی بایۆلۆژی ناکەم کە باس لە ژیان و مردنی زمان دەکات، بەڵام هـەموو شـتێك لـە دەوروبەرماندا، پێمان دەڵێت : ئەو زمانەی کە پێش ناکەوێت، لە شوێنی خۆی دەوەسـتێت و لە مردن نزیکدەبێتەوە، سیاسەتی زمانەوانییش هەمیشە لە هەوڵی گـۆڕینی پەیوەنـدیی نێوان زمان و کۆمەڵگەکاندایە.

لویس جان کالفی

دەروازە

جیاوازییەکی دیار لە گوتاری زمانەوانانداە لە نێوان زمانی زیندوو و زمانی مردوودا هەیە، ئـەم جیاوازییەش لە مانا زمانەوانییە گشتییەکەی ئەو دوو دەسـتەواژەیەدا بەرچـاو دەکـەوێت، وشـەی زیندوو و مردوو، ئەمەش خوازەیەکە لە ناو نیشانی چەند کتێبێکدا دەردەکەوێت، هەر لە سەردەمی (whitney) لە ساڵی ١٨٦٧ دا کاتێ کتێبەکەی بە ناوی (ژیان و مردنی زمان) بڵاوکردەوە.

ناونیشانی ئەم کتێبە ئەوە روون دەکاتەوە کە زمان لە دایك دەبێت و دەژیێت و دەمرێـت، وەك هەموو زیندەوەرو تەنە بایۆلۆژییەکانی دیکە.بەڵام ئەم کتێبانـە زۆر خۆیـان بـە توێژینـەوە لەسـەر چارەنووسی ژیانی زمان خەریك نەدەکرد، تەنیا لەناو خودی زمانەکە خۆیدا نەبێت. ئەمەش رەنگـە لەبەر ئەوە بووبێت کە ئەم کتێبانە لە ناواخنی زمانـەکان سەرچـاوە دەگـرن، واتـە دەچـنە قـالبی بوونیادگەرییەوە. بەڵام دەتوانین بێ ئەوەی زۆر دوور بڕۆین، ئەم خوازە بایۆلۆژییـە بوونیـاد بنـێین و بڵێین کە زمان لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکـەوە گـۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی کۆن، عەرەبی پـەتیی کـۆن، هـەروەها دەتـوانین باسـی توانەوەی زمان لەناو زمانێکی دیکەدا بکەین، فەڕەنسییەکان ئەمڕۆ بە زمانی لاتینی قسە دەکەن، بەڵام لاتینی تەمەنی (٢٠) سەدەیە. و شێوازی ئەڵمانیای کۆنی هەیـە و دەچـێتەوە سـەر زمـانی میللەتی (گۆل- Gaulois)، هـەروەها دەبیـنین (زمـانی فەڕەنسـی و سـاکۆنی) لـەنێو یەکدیـدا تواونەتەوە و زمانی ئینگلیزی لـێ پەیـدا بـووە. هـەروەها هەنـدێ زمـان بەیـەکجاری نـەماون و سڕاونەتەوە، یان هەندێکی دیکە بەرەو نەمان دەچن.

ئەم گۆڕانکارییانە، کە ئەوەی رۆشنبیربێ و شارەزایی لە دیاردە زمانەوانییەکانـدا هـەبێت، ئەم راستییە چاك دەزانێـت، هـەر چـەندە زۆران، لـەو دیـاردە زمانەوانییانـە ناگـەن، چـونکە

گۆڕانکارییەکان گوزارشتی زمانەوانین بە بزاڤی کۆمەڵایەتیدا شۆڕ دەبنەوە، بۆ نموونەش بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی لە مەغریبی عەرەبیدا، کەواتە دەتوانین لە گۆشەیەکی ناوەوەی زماندا لەم بڵاوبوونەوەیە بڕوانین.

لە هەمان کاتدا، ئەگەر لەم گۆشەیەوە بە تەنیا سەیری بکەین، سوود لە بەدەست هێنانی زانیاری لەیاساکانی زانستیی دەنگ وەرناگرین، بۆ نموونە دەنگی /o/ ی کراوە لە لاتینیدا، دەگۆڕدرێت بە نەبزوێن، لە ئیتاڵیدا دەبێتە /uo/و/ue/ لە ئیسپانی و / eu/ لە فەڕەنسیدا، وشەی (foco) لە لاتینیدا بۆ نموونە، دەبێتە (fuoco) لە ئیتاڵیدا، و

(fuego) لە ئیسپانیدا و (feu) لە فەڕەنسیدا، (ئەلف و بێی کلاسیکیمان لە هێنانەوەی ئەم نموونەدا بەکارهێنا بەمەبەستی سووککردنەوە) کاتێ ئەم نموونانە هەزاران جار دووبارە دەبنەوە، بیرۆکەیەکمان دەربارەی گۆڕانکارییەکانی دەنگ لەنێو ئەم زمانانە پێ دەبەخشن. بەڵام رووالەتەکەمان پیشاندەدەن، چونکە ئێمە تەنیا رووی دەرەوەی ئەم گۆڕانکارییانە دەبینین، رەگە قووڵەکانی کۆمەڵایەتییان نابینین، گومانی تێدا نییە کە کارەکە زیاتر روون دەبێتەوە ئەگەر باس لە گۆڕانکاریی بەڵگەدار یان گۆڕانکاریی فەرهەنگی بکرێت. کاتێ ئەنتوان مایلیە (Antoine meillet) کە یەکێك بوو لە گەورە زمانەوانەکانی فەڕەنسا و هۆشیارییەکی زۆری لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگەدا هەبوو، توێژینەوەیەکی ئامادەکرد دەربارەی گۆڕینی وشەی (captivus) ی لاتینی لە واتای(دیل) بۆ واتای (نائومێد) و (خراپ).. ئەو سوڕ بوو لەسەر گرنگیی وشەسازی تاکو پارێزگاریی لە واتاکەی بکات. هەروەها کاتێ وشە لە کۆ وشە دادەبڕێت. زیاتر ئازاد دەبێت، بەمەش زووتر پەرەدەسێنێت.

مایێە دەڵێت: وشەی (captivus) ی لاتینی کە بە واتای (دیل) ە، پەیوەندییەکی رەسەنی بە وشەی (capere) وە هەبوو، کە بە واتای (وەری گرت) دێت و وشەی (captus) کە بە واتای (ئەوەی وەردەگرێت) ە یاخود (ئەوەی دەگیرێت)، کەواتە ناکرێ واتای (دیل) لە وشەی(captivas) دابڕێت یان لە وشەی (دەستگیری کرد) بەڵام وشەی (capere) کە بەواتای (وەریگرت یان دەستگیریکرد) دێت، وردە وردە لەناو چووە، تەنیا هەندێ بەڵگەی بەکارهێنانی پێشووی لێ ماوەتەوە. بۆیە ئەم وشەیە تەنیا واتای (وەرگرتن) ی لێ ماوەتەوە لەنێو سەرجەم ئەو زمانانەی دەچنەوە سەر لاتینی، بۆیە ئەگەر راست بێ، کە واتای (دیل) وشەی (captivus) بێت و لە رەگی وشەی (capere) وەرگیرا بێت کە لە لاتینیدا واتای (وەرگرتن) دەبەخشێت، ئەوا شی کردنەوەی زمانەوانی پەیوەندیی بەڵگەی نێوان ئەو دوو وشەیە

روونده‌کاته‌وه، پێمان نالێ چۆن ئەم وشەیە (captivus) پەره‌ی سەندووه و واتایەکی سەربەخۆی وەرگرتووه، کە واتایەکی تایبەتەو واتای (نائومێد) و (خراپ) بەیەکەوه کۆده‌کاته‌وه، نەك واتایەکی دیکە، شیکردنەوەی ناوەوەی زمان، گۆڕانکارییەکە بەتەواوی پێشان نادات، بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر لە دوو گۆشەی جیاوازەوه لە وشەی (دیل) وردبینەوه، دەگەینە ئەو راستییەی کە (دیل) بە واتای ئەو کەسەیە کە کەوتووەتە ژێر دەستمان و لە دوژمنمان وەرگرتووه، کەواتە ئەم دیلە ناپەسەند و خراپە، یان بە پێچەوانەوه لە ئێمە زەوتکراوه و دوژمن دەستگیری کردووه، کەواتە ئەو دیلە هەژارو نائومێدە. لە ئەنجامدا وشەی (captivus) کە بە واتای (دیل) دێت، دوو واتای جیاواز بەدەستەوه دەدات (خراپ) و (نائومێد)، کە هەر یەکێکیان بۆ واتایەکی تایبەت بەکاردێت. ئەم شیکردنەوەیەش پێشتر ئاماژەی پێکراوه، بەڕەچاوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، هەروەها لە دەرئەنجامی لێکدانەوەی واتاکان و بزاڤی نێوان خودی کۆمەڵگەو زمان هاتووەتە ئاراوه.

ئەم بەراوردکارییە، دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی کە بتوانین بە راشکاوی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان شیکردنەوەی ناوەڕۆك و رواڵەت روونبکەینەوه.

لێرەدا بۆ نموونە دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوه، (چۆن بەلەم سەر ئاو دەکەوێت ؟) بە پشت بەستن بە رێسای ئەرخەمیدس و پرەنسیبی شلە جووڵاوەکان و شلە نەجووڵاوەکان یان بە پشت بەستن بە هێزی با، یان هێزی ماشێن ... تاد، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە، تەنیا بەشێکی وەڵامەکەیە، چونکە ئەم پرسیارە لە پرسیارێکی دیکە جیانابێتەوه، بۆچی مروڤ لە رۆژگارێکدا پێویستی بە دروستکردنی بەلەم هەبووە ؟ کۆمەڵگەش چ سوودێکی لە گواستنەوەی دەریایی وەرگرتووە ؟ کاریگەریی ئەمە بۆ سەر دۆزینەوە و داهێنان یان بازرگانی یاخود شەڕ و شۆڕ چییە ؟ ئەم بەراوردکارییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مێژووی بەلەم لە مێژووی بەکارهێنانی جیا نابێتەوه، کەواتە پەیوەندییەکی دیالیکتیك لە نێوان هەردوو لایەندا هەیە. هەمان شت بۆ زمانیش دەگوترێت، چونکە کاتێ واتای زمان بە واتایەکی ناوەکی لێکدەدەینەوه، واتە ئێمە وەسفی هێماکان دەکەین، بوونیادێك وەك بوونیادی بەلەمەکە وایە کاتێ لە نێو دەریایە، یان کاتی چاکردنەوەی. هەروەك چۆن بەلەمەکە بەندە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوه، ئاواش زمان بەندە بە جیهانەوه، بۆیە پێویستە زانستی زمانەوانی، ئەم پەیوەندییە لەبەرچاو بگرێت.

ئەگەر زمان مێژووی هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو مێژووە بەشێك بێت لە بەشەکانی مێژووی کۆمەڵگەکان، یان بەشێوەیەکی وردتر، دەبێتە روویەکی زمانەوانی لە مێژووی ئەو

کۆمەڵگەیانە، ئەگەر زانیمان کە توندوتیژی گەورەترین داهێنــەری مێـژووە، ئـەم بیرۆکەیـەش خۆی لە خۆیدا تازە نییە، بۆیە ئەم توندوتیژییە مێژووی زمانەکانیش دەگرێتـەوە، بـەم واتایـە دەبێت لە ناونیشانی ئەم کتێبە بگەین، (شـەڕی زمـان La Guerre das langues)، بۆیـە دواتر دەبیـنین لـە هێنانـەوەی نموونـەی یۆنـان و تورکیـا و هیندسـتان و نەرویـژ دەبیـنین کـە (شەڕەکان) لەم ناونیشانەدا شەڕی راستەقینەن و لە هیچ شتێك وەرنەگیراون.

کەواتە لە بایەخدان بە بنچینەکانی کێشەکە (لە بەشـی یەکـەمی کتێبەکـەم) دەسـت پـێ دەکەم، هەر چەندە کە زمانەوانیی تازە لەسەر پرانسیبی رەتکردنەوەی بنچـینەکان دامـەزراوە، زمانەوانیی تازە قایل نابێت، ئەو مەسەلانە رەچاو بکات کە بنچینەی زمان دەیانخاتە روو.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێکی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ، کە هیچیان دەربـارە نـازانین، .زۆر گرنگە و فەرامۆش ناکرێ، مرۆڤ لە بنچینەدا پەیوەندیی راستەوخۆی بە زمانەوانییەوە هەبووە، هەرچەندە لێرەدا، من ناتوانم وەڵامی یەکلاکەرەوە دەربڕم، چـونکە پێویسـتیی بـە کـاری زۆر هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەم لە سەرەتای ئەم کتێبەدا، واتە لە بەشی یەکەمیـدا چـەند گریمانەیـەك پێشکەشبکەم، رەنگە ئەم گریمانانە یاریـدەدەربن بـۆ ئـەوەی لەسـەر هەڵـدانی ئـەم باسـەمان تێبگەین. چونکە بوونی شەڕی زمانان لە دەرئەنجامی بـوونی فـرە زمانییـەوە سـەرهەڵدەدات. هەروەها ئەگەر یەك زمان لە جیهاندا هەبووایە، ئەو کات ئەو کێشەیە نەدەهاتە ئاراوە. بـەڵام ئەگەر لەو بڕوایەدابین کە زمانەکان لەگەڵ یەکدا دەبنە دۆستی یەکدی و بەیەکـەوە هەڵدەکـەن، ئەوا خەیاڵێکەو زۆر کەسی ناچار کردووە، زمـانی دروسـتکراو بێنێتـە ئـاراوە، وەکـو زمـانی ئیسبرنتۆ، ئەمەیان خەیاڵێکە دواتر چارەسەری دەکەین. گومانی تێدا نییـە، فـرە زمـانی کـە ئەفسانەی مەسیحییەت وەك سزایەك بۆ مرۆڤ، هەر لە سەردەمی بابلییەکانـەوە، داینـاوە، بـۆ سەردەمێکی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، کە بە سەردەمی تاریکی دادەنراو هیچ بەرچـاوڕوونییەك دەربارەی ئەم سەردەمە دەرکی پێ ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەین لەچەند توخمێکی مێژووەکەمان بکۆڵینەوە.

دواتر دێینە سەر بەشی دووەمی ئەم کتێبە، بۆ شـیکردنەوەی، جووڵانـەوەی بڵاوبوونـەوەی زمان، هەروەها کاریگەرییەکانی بۆ سەر کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، لەم شیکردنانەوەشدا پشت بە چەند بەسەرکردنەوەیەك دەبەستین کە ئەنجامانداون یاخود سەرپەرشتیمان کردوون. ئەم بەشـە سێ لەسەر دووی کتێبەکەیە، بە ناونیشانی **(گۆڕەپانی شـەڕەکە)**، لێکۆڵینەوەیـەکی زینـدووی شەڕی زمانەکانە، کە چەند سەدەیەکە، ئاخافتنکەرانی گۆڕەپانەکە شانیان داوەتێ. کە تێییدا،

خوێندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتی، لە میانی خوێندنەوەی مێژووی زمانەکان و کێشەو ململانێیان لەسەر ئاستی زمانەوانی، روونده‌که‌ینه‌وه.

لە کۆتاییشدا، واتە لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانەی زانستی پلانی زمانەوانی دەخەینە روو، ئەمەشیان زانستێکە کە لەوەتەی سی ساڵە خەڵك لە چاوەڕوانیدایە، ئەو سێیەکەی کۆتایی کتێبەکە، کە بەناوی (لەبارەگای سەرکردەکانی ئەرکان، لێکۆڵینەوەیەك لە هەواڵگریی شەڕی زمانەکان)ە لەلایەن پسپۆرانی پلاندانان و لیژنەی زاراوەکان و شارەزایانی کۆڕەکانی زانستی، کاری بۆ دەکرێت، ئەمەیان دەتوانین بە(سەرکردەکانی ئەرکان) ناوزەدی بکەین. ئەگەر میللەتان و زمانەکانیان، لە دێر زەمانەوە لە ململانێدا بووبن، ئەوا ئەمڕۆ مرۆڤ هەوڵدەدات راستەوخۆ، دەست لەو گۆڕەپانە وەربدات، واتە لێکۆڵینەوەی مەیدانیی دەکات بەپشت بەستن بە پلاندانانی زمانەوانی و چۆنێتیی گونجان لەگەڵ راهێنان و داهاتنی کۆمەڵایەتیدا.

دەروازەی یەکەم

بنەچەی کێشەکە

بەشی یەکەم

مەسەلەی بنەچە (نەژاد)

ئاژەڵ قسە ناکات چونکە هیچی پێنییە تا بیڵێ..

گومانی تێدا نییە کە ئەم رستەیە لە روانگەی گاڵتەجارییەوە دێت، لە رووی بەدیهییەوە بگوترێ کە ئاژەڵ قسە ناکات، بەڵام پەیوەندییان لە نێو خۆیاندا هەیە، دیارە ئەم پەیوەندییەش سنووردارە، بەگوێرەی هەندێ توێژینەوە، پەیوەندیی نێوان ئەم ئاژەڵانە لە دوو نموونەدا بەرجەستە دەکەین، یەکەمیان سەمای هەنگ و دووەمیان ئاماژە و جووڵەی نێوان مەیموونی شمبانزی، ئەگەر لەم دوو نموونەیە بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە سەمای هەنگ، کە(فۆن فریش) باسیدەکات، سیستەمێکی ناوخۆیی واتا خۆڕسکە، هەنگ لە خۆڕا ئەم جووڵەیە دەکات و ئاماژە بە شوێنی بوونی سەرچاوەی شیلەی گوڵ دەکات لەگەڵ مەوداو ماوەی ئەم شوێنە. بەڵام نیشانەکانی پەیوەندیی لای شمبانزی، سیستەمێکی دەرەکییە، مرۆڤ فێری دەکات، تاکو لەگەڵیدا رەفتار بکات و فەرمانەکانی جێ بە جێ بکات. پێویست ناکات ئەم نموونانە دەربارەی هەنگ و شمبانزی وامان لێ بکات کە بڕوا بکەین بەوەی هاوسەنگییەکی راستەقینە هەیە لە نێوان هەڵسوکەوتی دوو لایەنەی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی دوو لایەنەی ئاژەڵ، یان بڕوا بوون بە بوونی زمان لای ئاژەڵ. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، کە ئەو دوو هاوبەندییەی (فۆن فریش) لە روانگەی هۆشدارییەوە داینناون، کاتێ باس لە (زمان) ی هەنگ دەکات، لە وتارێکیدا کە بە زمانی ئەڵمانی ساڵی ١٩٢٣ بڵاویکردەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ دا کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبووەوە ئەو وشەیەی لێ لادراوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە شمبانزی پەیوەندییان لە نێوان

خۆیاندا نییە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەم مەسەلەیە، سوودێکی زۆر بەو لایەنە گرنگە دەبەخشن کە دەڵێت: رەگەزەکانی ئاژەڵ، لەوانە مرۆڤیش، هۆکارەکانی پەیوەندییان پێش خستووە، بۆ نموونە: هەنگ، لەڕێگای سەماوە، مەودای دووریی لە رووەك و گوڵ لەگەڵ ئاراستەی ئەو شوێنە دەردەخات، یاخود ئاستی چێژو خۆشیی لێ وەرگرتن. بەڵام مەوداکە، هێماکەی ئەو خێرایی و جووڵەی هەنگەکەیە بەو شێوانەی ئەو وێنەیان دەکات، ئاراستەکەش لەو گۆشانە سەرچاوە دەگرێت کە هەنگەکە بە هەشت لای باڵەکانی پیشانی دەدات.بۆیە دەبینین کە هەنگەکە (١٠) شێوەی هەشت لایی دەردەخات لە (١٥) چرکەدا، بەڵگەی ئەوەیە کە گوڵەکە لە دووریی (١٠٠) مەترەوەیە. (٧) شێوەی هەشت لایی بۆ دووریی (٢٠٠) مەتر، هەروەها دوو شێوەی هەشت لایی کاتێ لە دووریی (٦) کیلۆمەترە. بەڵام پلەی چەمانەوەی لەکاتی سەماکردندا بە بەراورد لەگەڵ هێڵی ئاسۆیی، ئەوا نیشانەی گۆشەی نێوان خۆر و شوێنی رووەکەکەیە.

رەنگە ئەم کارە لە عەقڵ بەدەربێت، بەتایبەتی کاتێ بەراورد دەکەین لە نێوان کێش وقەبارەی هەنگێك، لەگەڵ کێش و قەبارەی مێشکی مرۆڤدا، رەنگە ئەم شتەش بە پێچەوانەوە بێت، چونکە ئەمە بۆ ئێمە گرنگ نییە، بەقەد ئەوەی بوونی ئەم شتە گرنگ بێت، چونکە هەنگ توانای ئەوەی هەیە پەرە بە سیستەمی ژیانی خۆی بدات، کە نە لە فەلسەفەو نەلە سیاسەتدا باس دەکرێت، بەڵکو هەڵسوکەوتێکی پێویستە بۆ مانەوەی لە ژیاندا، پیشانی دەدات. لێرەدا چاکتر وایە پووختەی وتارێکی ناوداری **(ئەمیل بنفیست)** بەنموونە بهێنینەوە، کە دەڵێ:

(سەرجەم ئەو سەرنجانە جیاوازیی ناوەڕۆکی، نێوان زمانی مرۆڤ و هۆکارەکانی پەیوەندیی لای هەنگ دەردەخەن، باشترین پووختەی ئەم جیاوازییەش بەڕای من ئەو دەستەواژەیەیە، کە پێناسەی پەیوەندییەکانی هەنگ وەك هێما نەك زمان، روون دەکاتەوە، هەروەها گشت سیماکانی دیکە، لە چەسپاوی و خۆڕاگری و نەگۆڕینی پەیام). ئەم قسەیەی بنفیست دەمانباتەوە بۆ لای ئەو رستەیەی کە ئەم بەشەمان پێ دەستپێکرد، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی کەم: **(ئاژەڵ هیچی نییە تا بیڵێ)** کەچی بنفیست چەند دێڕێکی دیکە زیاد دەکات: (بەڵام ناوەڕۆکەکە لەوەدایە، کە ئەم هێمایانە- کە تاکە شێوەیە، توانرا لە شێوەی (زمان) لای ئاژەڵ بدۆزرێنەوە، ئەمانە تایبەتن بەو زیندەوەرانەی بە کۆمەڵ دەژین، ئەمەش مانای وایە، بوونی زمان بەندە بە بوونی کۆمەڵەوە) . وتارەکەی بنفیست دەریدەخات کە ئەمە سیمایەکی

بنەڕەتیی پەیوەندییەکانە، هەروەها سیمای کۆمەڵایەتییە.پێویستە خوێنەر لەوە گەیشتبێ کە ئەم گەشتە خێرایەی بواری سیماگەریی ئاژەڵ، تەنیا مەبەستی ئەوەیە ڕێگامان پیشانبدات تا لەم بەشەدا بگەینە پرانسیبێك بەوەی کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێداویستییەکانی کۆمەڵ و پەیوەندییەکاندا هەیە .

(بە دەستەواژەیەکی ساناترو راستەوخۆ : ئەوەی پێویستە کە بیڵێ) و هۆکاری پەیوەندی کردن کە بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەوی دەکات واتا (ڕێگاکانی ئاخافتن). کاتێ شتەکان بەم شێوەیە دەبن، هیچ هۆکارێك داوامان لێ ناکات رەگەزی مرۆڤ لە سەرجەم رەگەزەکانی دیکەی ئاژەڵ جودا بکەینەوە. راو بۆچوونیش سەبارەت بە پەیوەندییەکان وەك رووداوێکی کۆمەڵایەتی، وامان لێ دەکات پشت ببەستین بە مەسەلەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ. کاتێ کۆمەڵەی زمانەکان (societe delinguistiqe de paris) لەساڵی ١٨٦٦ لە پاریس دامەزرا، لە ماددەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەکە هاتبوو : (کۆمەڵەکە هیچ پێشنیارێك سەبارەت بە بنچینەی زمان قبوڵناکات، یان بە دامەزراندنێکی زمانێکی سەرتاسەریی جیهانی) . کەواتە بەشی یەکەم و بەشی کۆتایی ئەم کتێبە لە دەرەوەی یاسادان، بە دیدی کۆمەڵەکە، هەروەها بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەو قۆناغە دەکات کە زمانەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون، خۆیان ڕێکبخەنەوە لە زانستێکی سەربەخۆدا، ترسی لەوەی لە پشت سروشتەوەیە، لە بەرەڵڵایی و شتی دیکە. بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی زمانەکان بە هەڵەدا چوو بوون. مەرجیش نییە ئیش و کاری زمانەوانێك لەگەڵ زمانەوانەکانی دیکە نامۆ بێت، هەروەها مەسەلەکانی سەرهەڵدانی زمان و چۆنێتیی پەیدابوون و هۆیەکەی، ببنە واقیعی ئەم کارەمان.

ئۆتۆ جسبرسن، کە لە سەردەمی خۆیدا، زۆر ئازایانە بەشێکی لە کتێبەکەی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخانکرد، زۆر بە تونـدی دەستیپێکرد، بە بڕوای ئەو، نالەبارترین ڕێگا بۆ باسکردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە بگوترێ: (مرۆڤ، یان هەر بوونەوەرێکی دی لە شێوەی مرۆڤ، کە دەسەڵاتی قسەکردنی نەبێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە بۆخۆی بەرزەفت بکات) یان بیکاتە هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی هزرو بۆچوونەکانی) ؟ **جسبرسن** وای بۆ دەچێت کە سێ شێوازی لەیەك نزیك هەن، کە پەرە بە بیرکردنەوەی خوێندنەوەکاری دەدات:

یەکەمیان قسەی منداڵانە، ئەگەر گریمان کە قسە و چۆنێتیی بەکارهێنانی لەلایەن منداڵەوە، گەواهیدەرە بۆ مێژووی زمان لای مرۆڤ. دووەم زمانی میللەتانی پێشووە، کە

ئاماژەیەکی حاڵەتی زمانی کۆنە. سێیەمیشیان مێژووی زمانی مرۆڤایەتییە کە چاکترین ڕێگایە بۆ بەدواداچوونی پەرەپێدانی زمان، کە بەهۆیەوە، هەنگاو بە هەنگاو دەتوانین بگەینە بنەچەی زمان.

وا دیارە ڕاستە ئاراستەی گشتیی هاوبەشی نێوان هەبوونی زمان لای منداڵ و لە نێوان مێژووی زمانەکان، ئاراستەیەکە بەرەو ڕێکخستنی بەرنامەیەکی هەمیشەیی، کە ڕێگای زۆرمان لە بەردەمدا والا دەکات تا بتوانین لێکۆڵینەوە ئەنجامبدەین. بوارمان پێ بدات کە بڵێین یاسایەکی مێژوویی هەیە بۆ لێکدانەوەی ڕابردوو ئەگەر ئەم یاسایەمان جێ بە جێ کرد، کە یاسایەکی سووك وسانایە، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەموو زمانێك هەمیشە بەرەو سووك بوون و خۆڕێکخستنەوە هەنگاو دەنێت.

لەم ڕووەوە پێویستە، ئەفسانەی (جوانی) ی زمانە کۆنەکان بەلاوە بنێین، وەك لاتینی یان یۆنانی یان عیبری یان عەرەبیی پەتی، ئەم زمانانە تا بڵێی قورسن، لەبەر ئەوەی پاشکۆ و ئیعراب و شیکردنەوە و وشەی ناوازە (بیژۆك)ی زۆریان تێدایە، ئەمە بە ئاشکرا دیارە، تەنانەت لە فەڕەنسی کۆن و ئینگلیزی کۆنیشدا، بۆیە بە لاوەنانی ئەو پاشکۆ و شیکردنەوانە، هەنگاوی پێویستن، تاکو لە شوێنی ئەوانە سیستەمێکی زمانەوانی چەسپاو بهێنینە ئاراوە، هەروەها ڕستەی بچووك لەنێو زماندا دابهێنین، دیارە لێرەشدا چۆن زمان بەرەو سووك بوون دەچێت، دواتر بەواتای ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بڵێین: زمان بەرەو خۆڕێکخستنەوە هەنگاو دەنێت.

ئەگەر ئەم یاسایەمان لەسەر ڕابردوو پیادەکرد، ئەوا دەتوانین یەکەم گریمانەی مێژوویی دابڕێژین، گریمانەکەش بریتییە لەوەی کە (یاساکانی پێشووی زمان، مەرج نییە هیچ ڕێکخستنێکیان تێدا بووبێت) چونکە لە ڕاستییدا بە تەواوی، یاسا نەبوون، بەڵکو تەنیا خشتەی ناوهێنان بوون، ئەوەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە هەموو زمانەکان بە درێژایی مێژوو زۆر ئاڵۆز نەبوونە، هەروەك هەندێ تێوری دەمارگیرخواز ئاماژەی پێدەکەن، (زمانەکانی، سەرەتا، دیاریکراو.. بەرەبەرە بە گوێرەی ڕۆشنبیری پێشکەوتوون)، هەروەها زۆر ئاسان نەبوون، بەڵکو یاسادار بوون، یاساکانی زمانیش لە دەرئەنجامی پەیوەندیی نێوان نەوەکانی ئەو میللەتانە هاتوونەتە ئاراوە.ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە: ئەو پەیوەندییەی نێوان نەوەکان چۆن پەیدا بووە؟ ئەو بەیاسابوونە چۆن ڕوویدا؟ دەتوانین وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەینەوە، ئەویش (ڕێکەوت) بووە.بە واتای ئەوەی دەنگێك یان جووڵەیەك ڕوودەدات، مرۆڤ بە شێوەیەك لە شێوەکان وەریدەگرێت، دەنگەکە یان جووڵەکە دووبارە دەبێتەوە، دیسان وەریدەگرێتەوە، تا

لە کۆتاییدا دەنگ و جوولەکە بەو (مانا)یە لای مرۆڤ دەچەسپێت. هەروەها دەتوانین بڵێین: کە (پێویستییە)چونکە (هەندێ چالاکیی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی پێویست بوون بە هۆکارێکی پەیوەندی، لە دایك بوونە). بۆیە لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا، (رێکەوت) و (پێویستی)، هیچ ناکۆکییەکی دیکە بەرچاو ناکەوێت. بۆیە ئێمە لە قۆناغی یەکەمدا لە باسکردنی بیناکردنی تیۆرەکان دوور دەکەوینەوە و پێمان باشە پشت بە چەند بەڵگەنامەیەك ببەستین کە لەبەر دەستماندایە.

کەواتە ئەو بەڵگەنامانە چین؟

دیارە ئەو بەڵگەنامانە زمانەوانی نین، چونکە زمانەکانی پێشوو، نەنووسرابوونەوە، هیچ شوێنەوارێکیشیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو چەند بەڵگەیەکی پاشماوەی بەبەردبوومان لەبەردەستدایە، لەگەڵ هەندێ شتی دیکە، کە هاوکاربن بۆ دوو زانست، زانستی کەللە سەرەکان، زانستی پێش مێژوو.

لەساڵی ١٨٦١دا (**پیار بۆل بروکا**)ی نەشتەگەری فەڕەنسایی روونیکردەوە کە هەندێ پێکانی مێشك دەبێتە هۆی لە دەستدانی قسەکردن، ئەو نەشتەرگەرە شوێنی بوونی زمانی لە سێیەم بەرگ لای چەپی مێشك دەستنیشانکرد، لەو کاتەوە زانیاریمان لەسەر هێڵکاریی مێشك بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، پسپۆران توانیان جیاوازیی نێوان (زمان تەتەڵەکردن) کە ئەو حاڵەتەیە مرۆڤ ناتوانێ دەنگەکان دەربڕێ، کە پەیوەندیی بە کەم و کورتیی قسەکردن لە ناوچەی(٤٤)ی مێشکەوە هەیە و لە نێوان (کەڕی) کە مرۆڤ لەو حاڵەتەدا ناتوانێ دەنگە بیستراوەکان لە یەکدی جیابکاتەوە، ئەمەشیان پەیوەندی بە پەشێویی هەردوو ناوچەی (١) و (٢)ی مێشکەوە هەیە، هەروەها پەشێویی نووسین کە بریتییە لە نەبوونی توانا لە نووسیندا، ئەویش پەیوەندیی هەیە بە ناوچەی (٩) لە ژێرەوەی بەشی پێشەوەی تیشك کە مرۆڤ بە هۆیەوە ناتوانێ بیخوێنێتەوە.رەنگە ئەو وردەکارییە تەکنیکییانە بەلای خوێنەرەوە گرنگ نەبن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە کەللەسەرە بە بەردبووەکان راستەوخۆ دوو لایەنی گرنگی روونکردۆتەوە:

- یەکەمیان، پەرەسەندنی ئەو ناوچانەی مێشك، راستەوخۆ بەندە بە شێوەی وەستانی بوونەوەر لەسەر قاچەکانی.
- دووەمیان، ئەم پەرەسەندنە هاوسەنگە لەگەڵ پەیدابوونی ئیشی دەست.

ئەمە مانای وایە، کە پەیوەندیی پتەو هەیە لەنێوان دەست و روو، تەتەڵەی قسەو شوێنی بوونی زمان و کاری دەست هەموویان لەیەك کاتدا و لەگەڵ یەکدیدا پەرەیان سەندووە، شیکردنەوەی کەللەسەری بەبەردبوو سەلماندوویەتی، کە مێشکی پاشماوە بەبەردبووەکانی مرۆڤی یەکەم (ئەنسرۆپیان)، کە مەبەست ئەو بوونەوەرەیە، بنەچەی رەگەزی مرۆڤەو دەتوانرێت بە قۆناغی ناوەندی نێوان مەیموون و مرۆڤ دابنرێت، چونکە قەد و باڵای راستە. ئەو (ئەنسرۆپیان)ە قەبارەکەی بەقەد قەبارەی مێشکی مرۆڤ بووە، هەروەها دەرکەوتووە کە مرۆڤی یەکەم لە ئوسترالیا و چین و مرۆڤی نیاندرتال توانای قسەکردنیان هەبووە، بە گوتەی **لیروا گۆرهان**، کە دەڵێ: **(رەوشی ئەو بوونەوەرەی لەسەر دوو پێ راوەستاوە و دەستیشی ئازادانە دەجووڵێنێ و کەللەسەرەکەشی بە شێوەیەك فراوان بووە، کە مێشکێکی گەورەی لە خۆگرتووە، ئەمە وای کردووە کە توانای قسەکردنی هەبووبێ، هەروەها لەو بڕوایەدام کە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە توانای سروشتیی جەستەیی، هۆکارە بۆ رێکخستنی دەنگەکان هەروەها جووڵانەوەکان، کە لای یەکەم مرۆڤ و لە جۆری ئەنسرۆپیاندا هەبووە).**

بەڵام بۆشاییەکی زۆر هەیە لە نێوان (**توانای سروشتی**) لە پەیوەندیی و لە نێوان ئەوەی کە ئەم توانایە بخرێتە واری پیادەکردنەوە، چونکە زانستی کەللەسەرەکان ئاماژەیە بۆ ئەو مێژووەی کە مرۆڤ تێیدا توانای قسەکردنی هەبووە، بەڵام هەرگیز ئاماژە ناکات بۆ ئەو مێژووەی کە بۆ یەکەم جار قسەی تێدا کردووە، تەنانەت بۆ چۆنێتیی دەستپێکردنی قسەش.

رەنگە لێرەدا نەتوانین لە بواری زانستی شێوازە زماندا، کە زانستێکە لە شێوازەکانی ژیان لە چاخەکانی جیۆلۆجیی کۆن دەکۆڵێتەوە، بگەینە ئەو دەرئەنجامانەی کە بە هۆیەوە راستیی گۆڕانکارییەکانی چۆنێتیی دروستبوون و جارێکی دیکە دروستبوونەوەی زمانەکان پێش مێژوو روونبکەینەوە، بەهەموو لایەنێکی رێزمان و سیستەمی دەربڕینی دەنگەکانەوە، بۆ نموونە (ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو شێوەیە وێنا بکەین کە زمانەکانی تێدا بووە، وەك وێنا کردنی ئەو شێوەیەی کە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی لەسەر بووە لە سەدەی رابردوودا). هەروەها ناتوانین لە مۆرکی کۆمەڵایەتیی و بنچینەی رەوشی زمان بگەین، با جارێکی دیکە بگەڕێینەوە رایەڵی نێوان کاری دەستی و زمان. واتا نێوان دەست و روو، کە هەموو جیهان دانی پێدا دەنێ، هەر ئەوەش رێگامان بۆ خۆش دەکات چەند گریمانەیەك بهێنینەوە، هەر لەو شوێنەوارانەی لە ماوەیەکی دیاریکراوی پێش مێژوو بۆمان بەجێ ماون. بەتایبەتی ئەو شوێنەوارانەی بەڵگەی شارەزایی و لێهاتوویی دەستی مرۆڤی سەرەتا(ئەنسرۆپیان) روون دەکەنەوە، وەك کەرەستەو

وێنەکان، ئەگەر پەیوەندییەکان و بەکارهێنانی ئامێرو کەرەستەکان دوو شێوەی جیاکەرەوەی سیماکانی مرۆڤ بن، بە دوو هێڵی تەریب و بەیەك بەستراونەتەوە، ئەوا بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ کە بڵێین: مرۆڤ بە زمان پەیوەندی دەکات هەروەك بە دەستیشی کاردەکات.

پرسیارەکەش ئەوەیە: (**مرۆڤ چۆن قسەی دەکرد؟**) هەروەها پرسیارەکەش وایە کە دەڵێ: (**مرۆڤ چی پێ باش بوو بە پەنجەکانی بیکردایە**؟) بۆ وەڵام داناوەی پرسیاری دووەم پشت بە وێنەو ئامێرو کەرەستەی لەبەرد دروستکراو دەبەستین.

ئەو قۆناغەی بۆ ئێمە گرنگە، بریتییە لە دوا قۆناغی چاخی ئێستای جیۆلۆجی (تازەترین چاخ لە مێژووی زەویدا) کە زانایانی جیۆلۆجیا بە (پلیسیۆسین) ناوزەدیان کردووە و لە ناوی گوندی (**بلیت داون**)ی ئینگلیزی وەرگیراوە و زانایان لە ساڵی ١٩٠٨دا پاشماوەی ئێسك و پروسکیان لێ دۆزیوەتەوە. ئەم چاخە لە نێوان هەردوو چاخی مرۆڤی بلیتداون و کرۆمانیانە، کە ئەمەی دوایی لە ناوی ناوچەیەکی فەڕەنسی وەرگیراوە و (٥) پەیکەرە ئێسکیان لەساڵی ١٨٦٨ لێ دۆزییەوە. بە گوێرەی سەرچاوەکانی مێژوو، مرۆڤی کرۆمانیان قسەیکردووە، هەرنا، ئامێرو کەرەستەی پەیوەندی نێوانیانی هەبووە. بەڵام، کەس دەستی بە قسەکردنکردووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو خشتەیە وەك گریمانە دەنووسین، کە تەنیا مەبەست نزیك کردنەوەی بیرۆکەکەیە، لە ستونی لای راستی ئەم خشتەیە، چەند هێمایەك هەیە بەرامبەر جۆری بەردی لووس کە لە زۆربەی سەردەمەکانی چاخی بالیولیتکی بەرچاو دەکەوێت. لە سەرەتادا چەند ئامرازو کەرەستەیەك دەبینین کە بەردی لووسن و بەیەك جووڵەو یەك لێدان بەرهەم هاتوون، دواتر چەند بەردێکی دوو روو کە لە هەردوو لاوە لووس کراون، شوێنەواری لە لێدانێك زیاتریان پێوە دیارە، لەمەدا دەردەکەوێت کە تەکنیکی دەرهێنانی ئامرازەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. کەواتە بەرد کە لە سەرەتادا ئامراز بووە، دواتر هەر خۆی بووەتە سەرچاوەی دروستکردنی ئامرازەکان.

چاخ	قۆناغ	مرۆڤ	ئاژەڵ	نامراز
چاخی کۆنی چواردم (پلیستۆنی تازە)			ماستۆدۆن(*) کەرکەدەن یان ئاك قۆچ یان ئەسپی دەریا	
چاخی نوێی چواردم (پلیستۆسین)	قۆناغی چاخی باڵیۆلیتکی ئەم قۆناغانە لە خۆ دەگرێ ئاشلیە (**) مۆستریە (***) تۆرینناس(****) سۆلیتریە (*)	بیلتداون سوویر (**) نیاندرتال کرۆمانیان	ئاك قۆچ ماموت رین	بەردی لووس (٤٠)سم بەردی لووسکراوی دوو روو (٢)م دوو روو (٥)م وردە بورد لە توکلیۆسی (١٠)م میکرۆلیت (٥٠)م
چاخی (***) هۆلۆسینی	ئەزیلە (****)	ڕەگەکانی نیستا		(١٠٠ م)

(*) ماستۆدۆن: ئاژەڵێکی کۆنی لەناوچووە، شێوەی لە فیل دەکات.

(**) ئاشیلە: شوێنێکە نزیکی ناوچەی فامیان.

(***) مۆستریە: دەکەوێتە ناوچەی دۆڵی فیزیر لە فەڕەنسا، لەو سەردەمەدا مرۆڤی نیاندرتال پەیدا بووە

(****) ئۆرینناس: ناوی ئەشکەوتی ئۆرینناسیاکە لە فەڕەنسا

(*) سۆلیتریە: ناوێکە بۆ کەڵەکەبەردی سولیتری دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە نزیك شاری ریجۆنی فەڕەنسی.

(**) موویر: بۆ ناوچەی موویر لە نزیك شاری (هایدلبرگ)ی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە کە شەویلاکی پیاوێکی تێدا دۆزراوەتەوە.

(***) چاخی هۆلۆسینی: دوا چاخە کە بۆ (١٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

(****) بۆ ئەشکەوتی ئەزیلە دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە ناوچەیەکی فەڕەنسا.



وێنەی (١)

بەردێکی یەك روو بەیەك لێدان دروستدەکرێت



وینەی (٢)

بەردێکی لووسی لە دوو لاوە دووڕوو



وێنەی (٣)

بەردێك ئامرازو پارچەکانی لێ دامالڕاوە

ڕیگایەکی سەرکەوتوو بۆ پێوانی ئەم پەرەسەندنە لە سەرجەم قۆناغەکاندا بەنیسبەت کێشی بەردی لووس لەسەر پێوەری درێژیی بڕی دیاریکراو دەبێت، بۆیە دەبینین مرۆڤی بیلتداون لەسەرەتای قۆناغی بەردی لووسی چاخی بالیۆلیتیکی کۆندا، بڕی٤٠ سم دیاریکراوی لەهەر کیلۆگرامێك بەرد بەرهەم دەهێنا بەرامبەر ٥٠ سم کە مرۆڤی کرۆمانیان بەرهەمی دەهێنا، بۆیە لێرەدا وا پێویست دەکات، ئەو زانیارییانە بەو بەرهەمە وێنەیەی چاخی بالیۆلتیکی دەوڵەمەند بکەین.

چاخ	قۆناغ	هونەری شتە گواستراوەکان	هونەری دیوار بەند	چالاکییەکان
چاخی تازە	مۆستریە نزیکەی ٣٥٠٠٠ ساڵ پ.ز	شێوەی ئەندازەیی لەسەر ئێسقان یان بەرد		راوو شکار
	ئۆریناسی ٣٠٠٠٠ ساڵ پ.ز نموونەی یەکەم ٢٢٠٠٠ ساڵ پ.ز	سەری ئاژەڵ بۆ یەکەم جار		
	سۆلیتری ٢٢٠٠٠ ساڵ پ.ز نموونەی دووەم ١٥٠٠٠ ساڵ پ.ز نموونەی سێیەم ١٣٠٠٠ ساڵ پ.ز	ئاژەڵی تەواو پەیکەری مێ	ناوچە رووناکەکانی دەرگاکانیی (گریز)* و (گرگا)** هتد.. ناوچە قووڵەکانی ناو ئەشکەوتەکان لاسکو***، تامیرا*****	
	موگدەلانیی ١٣٠٠٠ساڵ پ.ز نموونەی چوارەم ٩٠٠٠ ساڵ پ.ز	تیری کورت و قولاب بۆ راوکردنی ماسی لە ئێسك و قۆچ	کاب بلان، ***** موگدەلانییە، ئارسی سیرکیر******	کشتوکاڵ و مەڕداری

(*) **گریز:** چەند ئەشکەوتێکن درێژیان ٤٠ کیۆمەترە لە دۆڵی گریزدان.

(**) **گرکا:** چەند ئەشکەوتێکن لە چیای ئەلبیریەی فەڕەنسیدان.

(***)**لاسکۆ:** ئەشکەوتن لە ناوچەی دوردۆنی فەڕەنسی.

(****) **تامیرا:** ئەشکەوتێکە لەساڵی ١٨٧٩ لە ئیسپانیا دۆزرایەوە.

(*****) **کات بلان:** ئەشکەوتێکە لە ناوچەی دوردۆنی فەڕەنسیدایە.

(******) **ئارسی سیرکیر:** ئەشکەوتە لە پارێزگای یۆنی فەڕەنسی.

کۆنترین ئەو وێنانە کە لەسەر ئێسقان هەڵکەندراون، بەو شێوەیە نین کە ئێمە وێنەیان دەکەین، چەند هەوڵێکی ساکار بوون بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك، واتە تەنیا هێما بوونە بۆ پیشاندانی وێنەیەکی ریتمدار، چونکە وێنەکان زیاتر سەرەئاژەڵیان تێدا بەرجەستەکراوە، لەگەڵ هەندێ هێمای سێکسی (هەروەکو لە نموونەی یەکەمدا هەیە لە نێوان ساڵی ٣٠٠٠٠ و ٢٢٠٠٠ پ.ز)، پاشان ئاژەڵی تەواو (هەروەك لە نموونەی دووەمدایە) کە گوێرەکە و ئەسپ بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، یان (بیسون) کە جۆرە گوێرەیەکی گەورەیە لەگەڵ ئەسپێك (هەروەك لە نموونەی سێەمدایە) دواتر چەند ئاژەڵێك کە بەڕیز لە دوای یەکەوەن، واتا وەك کۆمەڵە ئەسپ (هەروەك لەنموونەی چوارەمدایە).

هێشتا وێنەو راستییەکان بە تەواوی روون نەبوونەتەوە، بەڵام لەم سۆنگەیەوە، گریمان پەیوەندیی پتەو لە نێوان دەست و رووداو هەیە، هەروەها لە نێوان لێهاتوویی دەست و پەیوەندییەوە.هەروەها گریمان کە لە سەردەمی بەردی لووسدا بەیەك لێدان، زمانێك هەبووە، هەروەها زمانێکی دیکە بۆ قۆناغی بەردی لووسی دوو روو. تاد، لە هەمان کاتدا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین کە نیگارو شێوەکان وردە وردە پێشکەوتوون، بگرە لە سەردەمی ئەو وێنانەی کە ئاژەڵی بەتەنیان، کە بە (قۆناغی ئۆرینیاس) ناسراوە، تا دەگاتە ریزە ئاژەڵ کە بە (قۆناغی موگدلانی) ناوزەدکراوە.

دیارە زمان هەر لە وشەی جوداوە تا گەیشتووەتە (ڕستە) لە پێشکەوتندا بووە.رەنگە بتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە نیشانەکانی زمان لە نزیکەی (٣٥٠٠٠) ساڵ پ.ز پەیدا بوون، رستەش نزیکەی (١٠٠٠٠) ساڵ پ.ز دروستبووە.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە مەرج نییە ئێمە گشت ئەو گریمانانە بە هەڵە لە قەڵەم بدەین، ئەگەر وابێ چۆن دەتوانین هەڵەکان دەستنیشان بکەین، بەڵام دیارە ئەو گریمانانە بەو ساکاری و سادەییەشیانەوە سەرەتایەکن بۆ دەرخستنی سیماو ئاکارەکانی ئەم بابەتە.

ئەوەی مایەی هەڵوەستە بێ ئەوەیە، کە هیچ مرۆڤێك بەر لە مێژوو نادۆزینەوە، هەر چەندە لە لاپەڕەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکرا، کەئەگەر تەنیا ئامرازێك نەبێت بۆ داهێنانی چەندین نیگارو هێڵکاری. دیارە ئەم رێبازەش زۆر کاریگەر نییە بۆ زیاتر شیکردنەوە و بەردەوام بوون لەسەرئەم بابەتە. ئەوەی پێویستە لێرەدا زیاتر لەسەری بوەستین ئەوەیە: چۆن مرۆڤ بەر لە مێژوو بە کۆمەڵ ژیاوە؟ چی خواردووە؟ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی چۆن و چی بووە؟

لە قسەکانی پێشووماندا ئەوە دەردەکەوێ کە ئێمە پێشنیاز دەکەین بەدوای بنەچەی زماندا بگەڕێین، لە دوو تەوەرەدا:

یەکەمیان: تەوەرەی بایۆلۆژی (لەو کاتە دەکۆڵێتەوە کە شێوەی کەللەسەرو مێشك تێیدا پەرەی سەندووە تا ئەو کاتەی زمان پەیدا بووە و هاریکار بووە بۆ بەردەوامی و پەیوەندی کردن).

دووەمیان: تەوەری کۆمەڵایەتی، (لەو کاتە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی تێیدا پەرەی سەندووە و بووەتە هۆکارێك بۆ بەردەوامی و پەیوەندی کردن).

واتە لەبەرامبەر توانای پەیوەندیی کە جوگرافیای مێشك و شێوەکەی دەستنیشانی دەکەن، کە ئەمە سەرەتایەکە بۆ دەستنیشان کردنی مێژووی پەیدابوونی، بەپشت بەستن بە کەللەسەری بەبەردبوو.هەروەها چەندین چالاکی دیکە هەیە کە بە (**بەرهەمەکانی زمان**) ناو دەبرێن، واتە ئەو چالاکییانە کە پەیوەندی و بەردەوام بوون بە پێویست دەزانن، بە شێوەیەك کە گەشەکردنی کەللەسەرو ددان و روو کاریگەربوونە بۆ پەیدابوونی زمان، بەلام لەهەموو حاڵەتێکدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵی سەرەکییان لەم رووەوە هەبووە.

پێویستە بگەڕێینەوە سەر بەشێك لە بەشەکانی (**دیالیکتیکی سروشت**) واتا گۆڕینی شێوەی مەیموون بۆ شێوەی مرۆڤ، کە ئینجلز بیرۆکەکەی شیدەکاتەوە، بەوەی کە دەست، تەنیا ئامرازی کارکردن نییە. بەڵکو ئەنجامی کارکردنیشە، بە واتای ئەوەی کە پێویستییەکە، کارکردن دەیسەپێنێ، کەواتە ئەو بوونەوەرەی لەسەر هەردوو پێی رادەوەستێ، گەیشتووەتە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندن کە تێیدا زۆر پێویستی بە بەکارهێنانی دەستی هەبووە، بەڵام هەروەك **ئینجلز** ئاماژەی پێ کردووە (بە تەنیا دەست نەبووە)، **شارل داروین** لە بەشی یەکەمی کتێبەکە(**بنەچەی جۆرەکان**) روونیکردووەتەوە کە گۆڕانکاریی بە شێوەی ئالۆگۆڕکردن دێتە ئاراوە، بۆ نموونە پشیلەی سپی چاوشین نابیستێ، ئاژەڵی چڕنووکدار جۆرەها گەدەی هەیە.(*)

ئینجلز لەم باسەدا، دێتە سەر ئەوەی کە پەرەسەندنی دەست لە کارکردنەوە پەیدا بووە، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاریی دیکە، چونکە ئەو پێی وایە کە بەردەوام کارکردنی

(*) لەو بیردۆزەدا، ئەرکی هەر ئەندامێکی لەش لەگەڵ توخمەکانی ژینگەو دەوروبەری مرۆڤدا دەگونجێ، پەیوەندیشی هەیە بە گۆڕانکاریی و سیماکانی بۆماوەیی.

مـرۆڤ و پەیوەنـدیی لەگـەڵ سروشـتی دەوروبەریـدا، ناچـاری کـردووە زیـاتر دەسـتی بەکاربێنێ، هـەمان شـێوەش لای **(بروکـا)** دەردەکـەوێت کـە لەسـەردەمی مـارکس و ئینجلز ژیـاوە، کـە هـەمان دەرئـەنجام روون دەکاتەوە.کەواتـە دوو جـۆر وەڵام لەسـەر مەسەلەی بنەچەی مرۆڤ هەن:

یەکەمیان: ئەو شێوازەیە کە ئینجلز ئاماژەی پێدەکات و پێی وایە مرۆڤ دەستیکردووە بـە قسەکردن، ئەو کاتەی هەستی بە پێویستیی کۆمەڵایەتی کردووە تاکو لە ژیاندا بەردەوام بێ.

دووەمیان: ئەو شێوازەی لە قسەکانی برۆکادایە، کە دەڵێت: مرۆڤ ئەو کاتە قسـەیکردووە، کـە جوگرافیـای مێشـکی ناچـاریکردووە بێتـە ئاخـافتن. بـەڵام ئـەو دوو شـێوازە یـان ئـەو بەراوردکارییە، دەچنە خانەی ئەو دیدو بۆچوونەی دارویـن لەمـەڕ گۆڕانکـاریی ئـاڵوگۆڕکراوی نێوان **(دەست و روو)** کە هەردووکیان تەواوکـەری یەکـدین. بـا بگەڕێینـەوە سـەر مەسـەلەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەر لە مێژوو، بەڵام پێویستە، بەرلـەوە، ئامـاژە بـە خـاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە قەبارەی کۆمەڵەی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەو رووبەرە جوگرافیەی کە قەبارەی خۆراکی تێدا بووە، بۆ نموونە راووشکار، کە لە سـەردەمی مرۆڤـی مۆسـتری لـە (٣٥٠٠٠ ساڵ پ.ز) هەبووە، تا دەگاتە کۆتایی چاخی بالیۆلیتك کە کشـتوکاڵ و بـەخێوکردنی ئاژەڵ پەیدا بوون. لێرەدا پێویستە لـە چـۆنێتیی سـەرهەڵدانی زمـان لـە نێـو ئـەو چـالاکییە کۆمەڵایەتییە لەسەر ئاستی **(کۆمەڵەمرۆڤ)** بکۆڵینەوە، تا چەند ئەوانە بە بەشە خۆراکی خۆیان قایلبوونە، بەتایبەتی لەو رووبەرە زەوییەی ژیانیان تێدا بەسەر بردووە.

ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە زمانی کۆرپەلە، چ بـەهێما یـان بـە رێگـای دەم، لای کۆمەڵـە مرۆڤێك جۆرە هێمایەکی سەرەتایی بووبێت بۆ پێکەوە ژیان و بەردەوام بوونی تێکـەڵیی نێـوان تاکەکانی، ئەوا ئەم هێمایە چەندین هێمای دیکەی بەدواوەدا هاتووە، تا بووەتە جۆرێك لە فـرە زمانی، تەنانەت ژمارەیەکی بێ شوماری ئەو هێما کۆرپەلەییانە سەرەتای زمـانی مرۆڤایـەتی پێکدێنن، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە ئەگەر تەنیا دوو کەسـی بەرامبـەر یەکـدی هـەبووبن، مانای وایە هێمای سەرەتایی هەبووە، فرەیی یەکەکانی ژیان، کە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـردن، وامان لێدەکات بگەینە ئەو گریمانەیەی کە فرە زمانیش شان بـە شـانی ئـەو فرەییانـەی ژیـان پەرەی سەندووە. بەڵام پێویستە وریا بین و بەشێوەیەکی جیـدی لـەم مەسـەلەیە بـڕوانین، کـە ئەمەیان ناوەڕۆك و باسی سەرەکیی نێو ئەم کتێبەیە.

ئەگەر لەو سۆنگەیەوە رووداوێکی ساکار بە نموونە بهێنینەوە کە نزیکەی (١٠) زمانی رۆمانی بەرامبەر یەك زمانی لاتینی هەیە، هەروەها (١٠) شێوەزاری عەرەبی بەرامبەر یەك زمانی عەرەبی پەتی هەیە، هەروەها دەیان زمانی هیندۆئەوروپی بەرامبەر یەك زمانی هیندی، بە کورتی دەتوانین بڵێین کە خێزانی ئەو زمانانە سەرچاوەکەیان لە یەك دایکەزمانەوە هاتووە.ئەگەر ئەم زانیارییە مێژووییە بە شێوەیەکی فراوان بەرجەستە بکەین، دوو پوختەمان بۆ روونەدەبێتەوە:

یەکەمیان: زمان بەرەو فرەیی و زیادبوون دەچێت.

دووەمیان: کاتێ لە زمانێکی دایکەوە بۆ زمانێکی دیکەی دایك هەڵدەکشێین، دەگەینە نەژادی زمانی یەکەم، بەڵام وا بزانم ئەو دوو پوختەیە زۆر راست نین.

با جاری یەکەم باس لە مەسەلەی فرە زمانی بکەین:

زانراوە کە ئەو زێدە بوون و فرەییە، لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی شێوەزمانەکان شان بە شانی بڵاوبوونەوەی جوگرافیی میللەتان هاتووەتە ئاراوە، زمانەکانی رۆمان بۆ سەردەمی فراوانکاریی ئیمپراتۆریەتی رۆمان دەگەڕێتەوە، واتا بۆ کاتی تەشەنەکردنی زمانی لاتینی و بەش بەش بوونی، یان فراوان بوونی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان(**) کە هۆکارێك بووە بۆ پەرت بوونی زمانی سەرەتایی چین، کە دواتر حەوت زمانی ئێستای لێکەوتەوە. بەڵام دوو توخم هەن بەرەو رووی ئەو فرە زمانی و زێدە بوونە دەوەستنەوە:

- لە راستیدا لە دایك بوونی زمان، مردنی زمانی لە بەرامبەردا لێدەکەوێتەوە، هەروەها فراوان بوونی زمانێك لەناوچوونی زمانی دیکەی بەدواوەدا دێت، مێژووی زمانەکانی رۆمانیش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیەمان.

- فراوانکاریی جوگرافی کە فاکتەرێکی فرەیی و زێدەبوونە، رۆژ لە دوای رۆژ کەمدەبێتەوە بەهۆی پەیدابوون و فرەیی هۆیەکانی تازەی گەیاندن، رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی، بۆ نموونە رێگا نادەن جیاوازی هەبێت لە نێوان ئینگلیزیی ئەمریکا و ئینگلیزیی بەریتانیادا، وەك دوو زمانی لەیەکدی جیاواز، یان زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنساو فەڕەنسیی لە کیبیك، ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بوو بێت، ئەوا دەبینین سنووری جیاکردنەوەی جوگرافی پتر لە شەش سەدە بۆ حەوت سەدەیە هەیە.

(**) ئەڵمان: میللەتێکی گەورەی چین بوون کە لەنێوان ساڵی ٢٠٢ پ.ز .و٢٢٠ پ.ز حوکمی وڵاتیان کردووە و بوونەتە ئیمپراتۆریەت.

ئەگەر قەدەر وابووایە، کە زمانەکان بەردەوام لـە گۆڕانـدا بوونایـە، یـان زمانێـك شـوێنی زمانێکی دیکەی گرتبایەوە، ئەوا هەندێ فاکتەر دەهاتنە پێشـەوە، کـە بڕوامـان پـێ بێنێـت بەوەی کە فرەیی و زێدەبوونی خێرا کە بەدرێژایی مێژوو لە ماوەی دەیان سـەدەدا بەردەوامـە، ئەوا بارودۆخی تازەی پەیوەندی و بەردەوام بوون ئەم شەپۆلە رادەگرێت.بـەڵام مەسـەلەی یـەك نەژادی لەسەر هەڵدانی زمانەکان، ئەوا پێویستە بە شێوازی جیا جیـا بـەراوردیی بکـەین، بـا لێرەدا ئەم سیناریۆیە بێنینەوە، یەکێك هەستی بە ئازار کردووە و نالاندوویـەتی، ئـەو دەنگـە وای لە دەوروبەری کردووە بایەخی پێ بدەن، یان چارەسەری بکەن، ئـەم پیـاوە هـەموو جـارێ ئەگەر هەستی بەئازار بکردایە دەینالاند، ئەنجامەکەشی یەك شت بووە. بەڵام ئەو پیاوە ئەگـەر لەشیشی ژانی نەکردبێ، تەنانەت بنالێنێ، ئەوا خەڵکەکە لە دەوروبەری کۆ دەبوونـەوە، تـاکو بایەخی پێ بدەن، ئەم حاڵەتی گواسـتنەوەیە لـە خۆڕسـکەوە بـۆ دروسـتکراو، لـە زۆر بـواردا روودەدات، کاتێ چەندین دەنگی لێ دەکەوێتەوە، کە گوزارشت لە ئـازارو بانگـەواز و تـرس و برسێتی و ئارەزوو دەکات. هەروەها پێویستە ئەو لاسـایی کردنـەوەش روونبکەینـەوە کـە لـە دەنگەکانی سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆ نموونە کە لـە راووشـکاردا روودەدات، بـۆ سـەرنج راکێشانی ئاژەڵ یان ترساندنیان، ئەمانە هـەموویان پێشـەکین بـۆ دارشـتنی یاسـاو پرۆتۆکـۆل سەبارەت بە یەکەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، کە دواتر گۆڕاون بۆ یەکەی پەیوەندیی و بەردەوام بوون. **مۆریس سوادیش**، تاکە زمانەوان بووە کە رێچکەی **جبرسن** دەگرێت سەبارەت بە زانستی سەرهەڵدانی زمان، بەڵام ئەو بیروبۆچوونی خۆی هەبووە، لـە کتێبێکیـدا کـە لەسـاڵی ١٩٦٧ دا بڵاویکردەوە، جەختی لەسەر پێشنیارێك کردووەتەوە بۆ جوداکردنەوەی وشەو زاراوای پێش مێژوو، بە تایبەتی لە نێوان قسەکردن لەچاخی یەکەمی بەردین و چاخی دووەمی بـەردین و چاخی تازەی بەردین، بە گەشبینییەوە پێی وایە کە ئێستا ئەوەندە بە ناخی هـەزاران سـاڵدا شۆڕ دەبینەوە و گومانی تێدا نییە کە تروسکاییەك لە چاخی بـەردینی تـازە رەچـاو دەکـەین، واتە لە رابردوویەکدا کە تەمەنەکەی لە نێوان (٥٠٠٠٠) تا (١٠٠٠٠٠) ساڵ دەبێت، ئەمـەش بە پشت بەستن بە کاری بەردەوامی ژمارەیەك لە پسپۆرو شارەزا.

مۆریس سوادیش راو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە فێربوونی زمان لەم خشتەیەدا بەرجەسـتە دەکات:

١- چاخی دووری بەردین (لە ملیۆن ساڵێك زیاترە) :

- لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت.
- چەند هێمایەك و بەکارهێنانی هەمە لایەن.
- چەند دەستەواژەیەکی سانای دەگمەن.
- زمانێکی تا رادەیەك سادەوساکار.

٢- چاخی نزیکی بەردین (نزیکەی ١٠٠٠٠٠ ساڵ دەبێت):

- لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت.
- پەرەسەندنی هێماکان.
- سەدان وشە کە لە دەنگە لاساییکراوەکانەوە وەرگیراون.
- زیادبوونی ئەو وشانەی لە هێماکانەوە وەرگیراون.
- چەند زمانێك بە گوێرەی ناوچە فراوانەکان.

٣- چاخی تازەی بەردین (نزیکەی ١٠٠٠٠٠ ساڵ دەبێت):

- لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت.
- کەم بوونەوەی ژمارەی هێماکان.
- کەم بوونەوەی دابەشبوونی وشە و هاتنە ناوەوەی وشە لە دەرەوەی زمان.
- نزیکەی (٣٠٠) رەگەزی هەمە جۆر هاتووەتە نێو ئەم چاخەوە.
- دەستەواژەی ناوەوە و دەرەوە.
- پەیدابوونی چەندین زمانی جیاواز

لێرەدا دەبینین، چۆن **سوادیش** رۆڵی داکۆکیکار دەبینێ لە بیرۆکەی یەك نەژادی لە پەیدابوونی زمانەکاندا، لەم کارەشدا پشت بەو راستییە دەبەستێ کە گوایە زمان لە بنەچەدا لە خۆڕا پەیدابووە و کۆمەڵگە بەیەك زمان قسەیکردووە، دواتر زمانی هەرێم و ناوچەکان پەیدا بوون، کە تا ئێستاش لە زۆر شوێندا پێی دەدوێن، بەڵام دوای ملیۆنێك ساڵ شێوەی تازەی لێ کەوتووەتەوە.لەسەر ئەم حاڵەش، **سوادیش** قەناعەتی بەم شتە نایەت، زانراوە کە لە زماندا، هەندێ زاراوە کە لە دەنگەوە سەرچاوە دەگرن، لای زۆر میللەتان جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ناوی دەنگەکان بەم ئاراستەیەدا یەك ناگرنەوە، ئەگەر قووقەی کەڵەشێر بە زمانی فەرەنسی لەکاتی

بانگدانـدا پێـی بگوترێـت **(کۆکۆریکـۆ)**، لـه ئیسـپانیا پێـی دەڵـێن **(کیکـی ریکـی)** و لـه ئینگلیزیدا**(کۆك ئەدۆدل دۆ)**، لایەنی جیاوازیی لـەو ناوانـەی لاسـایی دەنـگ دەکەنـەوە، لـه رێکەوتن لەسەریان زیـاترە، نـەك تـەنیا لـه نموونـەی دەنگـی کەڵەشـێرەکە، بـەڵکو لەگشـت زمانەکاندا.

ئەوەی پێشتر باسمان لێکرد جۆرە پەشێوی و نارێکییەکی پێوە دیار بوو، بۆیە پێمان باشـە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، بە کورتی باس لەو گریمانانە بکەین کە ئاماژەمان پێ کردن:

١- ئامراز و پەیوەندیی و تێکەڵبوون، لەیەك کاتدا پەیدا دەبن و بەیەك هێڵـی هاوتـەریب پێش دەکەون. ئەو پەیوەندی و تێکەڵییـەش، هـەروەك سـوادیش باسـیدەکات رەنگـە پـتر لـه ملیۆنێك ساڵ دەبێت، کە یەکەم جار بە دەنگی جیاواز دەستیپێکردووە، دواتـر بووەتـە هێمـا، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەنگ بەسەر هێمادا زاڵبووە.

٢- زمان، بەرە بەرە پێداویستیی خەڵکی بەجێ هێناوە:

ڕاو، هاوکێشەی هێزەکان.. سەربردەکان.. تـاد، رێبـازی پەرەسـەندن بـەم شـێوەیە بـووە، **لیستی وشەکان** (بریتییە لە نیشانەکانی زمان کە بەتەنیان و پەیوەندییان بەیەکدیـەوە نییـە)، **هێماکان**

(بریتین لە پرۆتۆکۆلی سـەرەتایی کـە لەگـەڵ یەکـدا نـاگونجێن و بـەرەو سـووك بـوون و رێکخستن دەچێت)، **فرەیی** (بریتییە لەوەی کە هەر یەکەیەکی ژیان لیستی وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە)،

یەگرتوویی (ئەو کۆمەڵە کەسانەی لە لەگەل یەکدیـدا ژیـاون پێویسـتیان بـە هۆکارەکـانی پەیوەندی و تێکەڵی هەبووە).

٣- لەسەرەتای پەیوەندیی و تێکەڵیی نێـوان مرۆڤـدا، فرەزمـانی زیـاتر زاڵبـووە، لـەپاڵ ئەوەی کە **مۆریس سوادیش** ئاماژەی پێکردووە کە ئایین رۆڵی هـەبووە لـە دروسـتکردنی ئـەو سەربردانەی باس لەم بابەتە دەکەن، (کە دواتر لە بەشی داهاتوودا ئاماژەی پێ دەکەین).

ئەو گریمانەیەی کـە داکـۆکی لـێ دەکـەین ئەوەیـە کـە ئـەو جیهانـە هـەر لـە سـەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە، جیهانێکی فرەزمان بووە، بەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە، ئـەو تێکەڵییـە چ خزمەتێکی بە رەگەزی مرۆڤ کردووە.

ئەو تێکەڵی و پەیوەندییە، رێگای پێداوە کە بە بێ زمانیش ئەرکی خـۆی رابپـەڕێنێ، بـە تایبەتی لەو سەردەمەی کە گواستنەوەی تەکنیك و ئاماژەکردن بە هێماو نیشانەکان زیاتر بـاو

بووە، وەك ئەوە وایە کە یەکێك لەو سەردەمەدا بەیەکێکی دیکەی گوتـووە، بڕوانـە چـۆن ئـەو بەردە دادەتاشم، یان دواتر پێی گوتووە، گوێم لێ رابگرە داتاشینەکەت بۆ روونبکەمـەوە، ئـەم نموونەیـە بەڵگـەی پێشـکەوتنی زمانـە، هـەروەها سـەربردەکان کـە لـە نێـو کۆمەڵگـەکانی سەرەتاییدا وەکو نەریتێك باو بوونە، بـەڵام زمـان هـەر لـە سـەرەتاوە تـا دەگاتـە ئـەمڕۆش، سەرچاوەی هێز بووە، بۆ نموونە زمان وەك چەکێك بـەکارهاتووە بـۆ سـتەم و تۆقانـدن و کـاری تیرۆریستی، هاوکات لەم سەردەمەشدا دەبیـنین کـە زلهێزەکـانی جیهـان زمـان بـۆ هەڕەشـە و دانووستان بەکاردێنن، کە ئەمەشیان پەیوەندیی هەیە بە پەرەپێدانی زمان هـەر لـە سـەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە، کەواتە هاوکێشەی هێزو دەسەڵات کاریگەریی راسـتەوخۆی بەسـەر ئـەم لایەنەوە هەبووە و هەیە.

ئەوەی لێرەدا مەبەسـتە، ئەوەیـە کـە پەیوەنـدی و تێکـەڵی نێـوان گرووپـی مرۆڤایـەتی، وایکردووە کە هەمیشە ئەو گرووپانە بەرامبەر زمانی دیکە لـە ململانێـدا، هاوکـات گـرفتی لەیەك گەیشتن و ئاشنا بوون بە سیماو ئاکاری زمانەکانی دەوروبەریان بەتایبەتیش شێوەی ئـەو زمانە، لای هەندێ گرووپ یان کۆمەڵە مرۆڤ هێزیان زیاتر بووە و توانیویانە دەسەڵاتیان بەسەر گرووپی لاوازدا بشکێت و ناچاریان بکەن بەو زمانە قسە بکەن . بۆ نموونە گریکەکان بڕیاریاندا بوو، پێویستە گشت میللەتانی ئەو سەردەمە بەم زمانە قسەبکەن، چـونکە تـەنیا زمانـە کـە دەبێت فێری بن، بەڵام زۆر جار رق و کینە لە ئاست زمانی بەرامبەردا ئەم هاوکێشەیە لـەنگ دەکات.. کەواتە شەڕی زمان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا واقیعێکە و ئاماژەی پێ دەکرێت.

بەشی دووەم

ئایین و زمان

ئەفسانەی تاك نەژادیی و ئەفسانەی سەرکەوتن

نکولّی لەوە ناکرێ، کە شەڕی زمان کە لەم کتێبەدا باسیدەکەین، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی، نەماندەتوانی بینووسینەوە، ئەگەر بهاتایە جیهان تەنیا بەیەك زمان قسەی بکردایە، فرەزمانی بنچینەی کێشەکەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تاکە هۆیە بۆ ئەم شەڕو کێشەیە، بەڵام مەرجی پێویستە لەم بوارەدا.

ئەگەر سەیری نەخشەی زمانەوانیی جیهان بکەین و لە وڵات و سنوور و گەلەکان و زمانەکانیان بکۆڵینەوە، دەکەوینە بەرامبەر تۆڕێکی ئاڵۆزی فرەچینی، لە چینی یەکەمدا شێوەکانی زمانەوانی دەبینین کە تا سەر، نوقمی مۆرکە ناوخۆیی و لۆکالییەکان بووە.واتە چەند زمانێك، هەر زمانێکیان لەوانە زمانی ناوخۆیی و لۆکالین و لە ناوچەیەکدا باون، لەسەر ئەم چینەش، چینی دیکە هەیە، زمانی هەرێمی لەسەر ئاستی هەرێمێك لە هەرێمەکانی یەك نیشتمان، دواتر زمانی نیشتمانی لەسەر ئاستی سەرتاسەری نیشتماندا، لەسەر ئەوانەوە زمانەکان بەگشتی، هەر یەکێکیان زمانی گوێزراوە و بڵاون کە سنووری نیشتمان دەبەزێنن، بە شێوەیەك ئەم چینانە پێکڕا تۆڕێکی ئاڵۆزی جووڵاو پێکدێنن.

ئەم هەلومەرجەی کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو جیهان دەگرێتەوە، بە هەمان شێوەش گشت پارچە و ناوچەکانی ئەم گۆی زەوییە دەگرێتەوە، هیچ وڵاتێك نییە یەك زمان بێت، دەبێ چارەنووسی مرۆڤیش بکەوێتە بەر کاریگەریی رووبەڕووبوونەوەی فرەزمانی، نەك بە تەنیا

بەرامبەر یەك زمان، بۆیە دەتوانین لە فرە زمانی بپرسین، لە نەژاد و بنچینەکەی هەروەها لە ئەنجامەکەشی، هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، لێرەشدا دەتوانین تیشك بخەینە سەر لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیی کە رۆشنبیریی مرۆڤایەتی بەرامبەر ئەو فرە زمانییە بۆی رەخساندووە، لەوەتەی لێکدانەوەی ئایینی، لێرەدا دوو ئایین رەچاو دەکەین، مەسیحییەت و ئیسلام لە میانی هەردوو کتێبی پیرۆزی قورئان و تەورات.

پرسی زمان لە چەند بڕگەیەکی تەوراتدا ئاماژەی بۆ کراوە، لێرەدا بە ئەفسانەیەك دەست پێ دەکەین کە چەند دێڕێکی لێ دێنینەوە ئەویش ئەفسانەی (تاوەری بابل)ە:

١- زەوی یەك زمان بووە.

٢- لە کاتی کۆچکردنیاندا بەرەو رۆژهەلات، گەیشتنە زەویی (شنعار) و لێی نیشتەجێ بوون.

٣- هەندێکیان بەوانی دیکەیان گوت: با شیر دروستبکەین و شتێ سوور بکەینەوە، بۆیە لە جیاتی بەرد شیریان دەستدەکەوت و لە جیاتی قوڕیش، گۆشت.

٤- هەروەها گوتیان: (وەرن با شارێك و تاوەرێك بۆ خۆمان دروستبکەین کە سەری تاوەرەکە لە ئاسمان بێ، هەروەها ناوێك بۆ خۆمان دابهێنین، نەبادا لەسەر رووی زەوی قڕ بکرێین.

٥- خوای گەورە دابەزی، تاکو سەیری شارو تاوەرەکە بکات کە مرۆڤ دروستیکردوون.

٦- خودا گوتی: (ئەها ئەوە هەموویان یەك گەل و یەك زمانن، ئەمەش سەرەتای کارکردنیانە، بۆیە ئێستا رێگا لە هیچ شتێکیان ناگرین کە بە نیازن بیکەن.

٧- با دابەزین و زمانەکەیان لێ تێکبدەین، تا هیچ کامێکیان گوێ لە زمانی ئەوی دی نەگرێت.

٨- خوای گەورە لەسەر رووی ئەم زەوییە تێك و پێکی دان، بۆیە وازیان لە بنیادکردن هێنا.

٩- بۆیە ناوی بە (بابل) ناونرا، واتا (بەلبەلە) کە بە واتای تێکدان دێت، تاکو زمانەکانی سەر ئەم زەوییە تێکبدات.

ئەگەر لە رواڵەتەوە سەرنج لەم دەقە بدەین، چەند خاڵێکمان بۆ روون دەبێتەوە:

- گریمانەی تاك نەژادیی زمانەکان، خوداش ئەنجامی لۆژێکی (مێژووی دروست بوون) روونده‌کاتەوە کە ناوی لە زەوی و ئاسمانەکان ناوە.(*)

(*) کتێبی پیرۆز. (مێژووی دروستبوون)، کە خودا بەرگی دونیای بە ئاسمان ناساندووە و وشکاییش بە زەوی.

- وەسفکردنی تەکنیکی بیناکردن، بە گوتەی توێژێنەران مەبەست لەمە (زەقـووره) بـووە، کە بابلییەکان لە شێوەی تاوەری قوچەك و فرە نهۆمی لە بـەرد و قـیر دروسـتیان دەکـرد. لـە فەڵەستین تەکنیکی بیناکردنیان لە بەرد و گەچ بەکاردەهێنا.

- وێنەی یەك کۆمەڵگەی بەیەکەوە گونجاو، بەڵام وا دیارە رێکخستنەکەی بە رەزامەنـدیی خودای ئەزەل و هەمیشەیی نییە.

- بیرۆکەی سزادانی خودایی.

- لە کۆتاییدا چەند هێمایەکی زمانەوانی هەیـە، چـونکە کـاتێ بـاس لـە وشـەی (بابـل) دەکرێت، دەگەڕێینەوە بۆ ئەو وشەیەی کە واتای (بەلبەلە) دەدات ئەمەش بە زمـانی عیـبری، مانای

(بە خەیاڵدا چووە و سەری لێ شێواوە) دێت، بەڵام لە راستیدا وشەی (بابل) بۆ (باب ایلی) بە واتای (دەرگای خودا) دەگەڕێتەوە، کە وڵاتی بابل لەمەوە هاتووە. ئەوەی لای ئێمە گرنگـە ئەوەیە، کە باس لە (بەلبەلەی زمان) بکەین، کە هەروەك لە تەوراتدا هاتووە، مانای بنچینەی فرەزمانی دەگەیەنێت.

هەندێ رووداوی بەر لە بابل و دوای بابل هەن، رۆژگاری بەر لە بابل ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم زەوییە هەمووی یەك زمانی لێ بووە، بەڵام لە رۆژگاری دواتر، خودا ئەم زمانانەی پەرش و بڵاو کرد. ئەو تاوەرەی کە دروستکرابوو، لە هـزرو بـیری نیگـار کـێش و پەیکەرتاشـاندا وەك هێماو سومبلێکی گرنگ و ئالۆز پەنگی خواردبووەوە.چونکە فیز و لە خۆبایی بـوونی مرۆڤـی تێدا بەرجەستە کرابوو، کە چۆن توانیویەتی بۆ کەشکەڵانی ئاسمان سەربکەوێ. کە دواتر سـزای خودای پێ گەیشتووە.بۆیە فرە زمانیش جۆرێکە لەم سزایە کە بە بەهاو تێڕوانینی زمانـەوانی، ئاماژەیە بۆ پەرش و بڵاوکردنی زمانەکان. ئەم خوێندنەوە بەراییە لە رواڵەتدا، زیاتر باو بـووە، بەڵام خوێندنەوەی دیکەش هەیە، کە باس لەوە دەکات کاتێ زمانەکان تێکەڵ بەیەکدی بوونـە، دواتر گورزی خودا لەسەر ئەم لە خۆبایی بوونە بەو بابلیانە کەوتووە، **(کلۆد حەجاج)**، بۆ نموونە ئاماژە بە بەیەك گەیشتنی گشت ناوچەکان دەکات کـە لـە (مێـژووی دروسـتبوون)دا دەڵێـت: زێدەبن و خۆتان رێکخەن و بە زەویدا بڵاوببنەوە و بیخەنـە ژێـر رکێفـی خۆتانـەوە، هـەروەها دەڵێت: یەك بوونی زمان بەرەکـەت نییـە کـە کتـوپڕ مرۆڤـی لـێ بـێ بـەش بـووبێ، بـەڵکو تەگەرەیەك بووە بەرامبەر بە بەجێ گەیاندنی پەیامەکەیان، بەوەش رێگەیان لێ دەگیرێـت کـە

چارەنووسی خۆیان دیاربکەن. بۆیە توێژەران پەرت بوونی کۆمەڵایەتی بە پەرت بوونی زمانەوانی لەقەڵەم دەدەن.

بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا پوختی بکەینەوە ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەو چاوە دەڕواننە فرەزمانی، کە گوایە سزایەکە، یاخود نەفرەتە، هەروەك لە ئەفسانەی بابلدا هاتووە. وادیارە ئەو وشەیەی فەڕەنسییەکان بەم دواییە هێنایانە ئاراوە کە بە (بەلبەلە) ناوی دەبەن، کە لە شوێنێك واتای فرەزمانی دەدات، لە رووی زمانەوە تەریبە لەگەڵ وشەی (بەلکەنە) ی نێوان وڵاتان، لەهەردوو حاڵەتدا فرەیی باش نییە، خەڵکەکەش بە پێچەوانەی یەعقوبییەکان کە دەمارگیرن و لایەنگری سەنترالن، دەوڵەتی گەورەی یەك زمانییان لاپەسەندە کە سنوورێکی سیاسی و زمانەوانی دیاریکراوی هەبێت. بەڵام ئەم کارە دەگمەنە، یان هەر بوونی نییە. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیی فرەزمانی، ئەو دەمەقاڵییە کە لە چاخی راپەڕین سەبارەت بە زمان بەر لە بابل سەری هەڵدا، لەو ململانێیەی کە لە ئەوروپا و لە سەدەی شازدەهەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە ئاراوە، زمانی (عیبری) یان بە گشتی بە زمانی بابل لە قەلەڕ دا، واتە زمانی بەر لە سزا، بەڵام هەموو کۆمەڵەیەك لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە وا پیشانبدات، زمانەکەی (جا چ ئیتاڵی یان فەڕەنسی یان ئەڵمانی بووایە) نزیکە لەو زمانە کە بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا، یەکەم رێبازی بەڕێوەبردنی فرەزمانی هاتە کایەوە کە پێی وا بوو، جیاوازیی زمانەکان بەڵگەیە لەسەر یەکسان نەبوون لە نێوان خۆیاندا، بۆ نموونە، ناوازان بەربەرن لای خەڵکی ئەسینا، چونکە بە زمانی گریك نائاخفن، مێژووی زۆر دەستەواژەی لەم جۆرەی تێدایە سەبارەت بە رێزنەگرتنی زمانێك لە لایەن زمانێکی دیکەوە، نموونەی ئەوەش زۆرە لەوانە لە ئینگلیزی و فەڕەنسیدا دەستەواژە هەیە وەك (speakwhite) واتە قسەیەکی سپی بکە، یان قسەیەکی راست و بەهادار بکە، یاخود (واز لە قسەی پروپووچ و بێ مانا بهێنە) هەروەها رستەی دیکەی نابەجێ وەك: (**ئەو قولەڕەشە**)، بۆ کەم کردنەوەو سووکایەتی پێکردن بەکاردێت.

گومانی تێدا نییە کە ناکرێ ئەفسانە زۆر بە هەند هەڵبگیرێت، هەتا ئەگەر ئەفسانەکان ئاینییش بن، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیریکەین کە ئەو ئەفسانانە، زۆر جار قسەی بەجێن و بیرۆکەی ئامادەن بۆ قووڵبوونەوە لە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆ دەیان وەچەی مرۆڤ ماونەتەوە. بۆیە بیرۆکەی دانانی فرەزمانی، وەك سزایەکی خودایی بۆ ئێمە گرنگە، هەر چەندە، هەمیشە لەگەڵ لێکدانەوە و شرۆڤە کردنی دەقە ئایینییەکان یەك ناگرێتەوە، چونکە بە

روونی و ئاشکرایی ئەو ڕێگایە دەست نیشان دەکەن، کە خەڵك لە هێماکانی زمان دەڕوانن، یاخود چۆنیان پێ باش بێت، ناکۆکی و جیاوازییەکانیان دەربخەن.

تەورات تەنیا کتێب نییە کە باسی زمان دەکات، قورئانی پیرۆزیش ناوەڕۆکی سیناریۆی (مێژووی دروست بوون) روون دەکاتەوە، بەڵام بە کورتی لە (سورەتی **البقرة**) **(خلق الله الارض و السماوات)**(**) بە تەواوی باس لە مەسەلەی نەژاد و بنچینەی فرەزمانی ناکات، تەنانەت ئاماژە بە چیرۆکی (بابل)یش ناکات، هەروەها قورئانی پیرۆز چەندین هێمای تێدایە، کە زمانەکەی، زمانی عەرەبی پەتییە، بەو زمانەش بۆ پێغەمبەر (د.خ) دابەزیوە، لە راستیدا زمانی کتێبەکە چەندین مەسەلەی فەلسەفە دەخاتە روو، بە تایبەتیش کە خەڵکانێك هەن، باس لە (عەرەبیی پەتی) دەکەن، ئەو زمانەی کە بە بڕوای کەلتوریستان، دەقی ئایەتەکان بە شێوەزاری قورەیش بۆ **محەمەد** (د.خ) دابەزیوە. هەندێکی پسپۆری دیکەش پێیان وایە، بە پێچەوانەوە، بە زمانێکی هاوبەشی عەرەبی هاتووە. بەڵام زمانە پەتییەکە زیاتر لە خەیاڵ و هزری موسڵمانانداییە، ئەویش دەمانگەیەنێتە:

بیرۆکەی دووەمی بنچینەیی کە شێوازی موعجیزەیی قورئانە و ئەو بڕگە و ئایەتانەی تێدایە کە بەڵگەی ئەم راستییەن :

(و ان كنتم في ريب مما نزلنا على عبدنا فأتوا بسورة من مثله).

البقرة- ئایەتی ٢٣)

(ام يقولون افتراه قل فأتوا بعشر سور مثله مفتريات)

(سورەتی **هود**- ئایەتی ١٣)

ئەو شێوازە باوەی بەڵگەکانی ناو قورئان، گورزێکی کوشندەن بەرامبەر ئەوانەی کە دەڵێن ئەمە لە داهێنانی **محەمەدە** (د.خ) بەڵکو راستییەکەی ئەوەیە کە خودای مەزن بۆی دابەزاندووە، چونکە هیچ کەسێك توانای ئەوەی نییە ئەم سورەتانە بهێنێتەوە، بۆیە لە ڕێبازی گشتیی ئیسلامدا، دەبینین کە (عەرەبی، زمانی ئادەمە، هەروەها زمانی بەهەشتە، **ئەلجەزائری**(***) نووسیویەتی: کاتێ ئادەم بێ گوێی خوای کرد، خوای مەزن سریانی کردە

(**) لە ئایەتی (٣٠- ٣٣) ی سورەتی **(البقرة)**: **(وعلم أدم الاسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة فقال انبئوني بأسماء هولاء ان كنتم صادقين. قالوا سبحانك لا علم لنا الا ما علمتنا انك انت العليم الحكيم، قال يا ادم انبئهم بأسمائهم، فلما انبئهم بأسمائهم قال الم اقل لكم اني اعلم غيب السموات و الارض و اعلم ما تبدون وما كنتم تكتمون).**

(***) ئەلجەزائری، خاوەنی کتێبی **(النور المبين في قصص الانبياء و المرسلين)**ە، ١٩٧٨.

زمانی ئەو) بە گوتەی ئەو نووسەرە، سزای گەورە لێرەدا پەیدا بوو، بێ بەش کردنی مرۆڤی یاخی لە زمانی عەرەبیی خۆی، بەڵام بە گوێرەی رێبازی ئیسلام، هیچ زمانێکی دیکە بۆی نییە بەسەر زمانی عەرەبیدا زاڵبێت لە رەوانی و شیعردا، بەڵام موعجیزەی خوای مەزن لە قورئاندا ئەم سنوورە دەبەزێنێ و راستیی بوونی خوا روونەدەکاتەوە.ئەگەر رەوانبێژانی پێشووی عەرەب، ئەرکی سەلماندنی رەسەنێتیی قورئان و سەرچاوەکانی یەزدان لە ئەستۆ گرتبێت، لە رێی بەڵگەکانی زمانەوە، ئەوا ئەو سەلماندنەیان لە سنووری رەسەنێتیی ئایین، زیاتر بڕ دەکات. بەڵام قۆناغەکانی ئەم هەوڵە زۆر بە ئاسانی دەردەکەوتن، لە قۆناغی یەکەمدا (سەلماندن) کە دەقەکە دەقی خودایە، چونکە موعجیزەیە، هەروەك لە قورئاندا بەرچاو دەکەوێت. لە قۆناغی دووەمدا، زمان روونیی خودا پەیوەستە بە زمانی عەرەبییەوە، کە دەقی پیرۆز بە هەموو توانایەك بەرجەستە دەکات، هەروەك لە ئایەتی (١٩٥) ی سورەتی (**الشعراء**) هاتووە (**بلسان عربي مبين**) لەلایەکی دیکەوە هیچ کەسێك بۆی نییە وا بیربکاتەوە کە دەتوانێ لە رێی هەر زمانێکی دیکەی بەدەر لە عەرەبی موعجیزە بهێنێتەوە، چونکە ئەو قورئانەی بە عەرەبی دابەزیوە، لە روونی و رەوانیدا پێش هەموو زمانەکانی دیکە دەکەوێت.

زۆر جار دەگوترێ کە جیاوازییەکی نێوان مەسیحییەت و ئیسلام لەوەدایە کە ئیسلام پشت بە موعجیزەکان نابەستێ بۆ سەلماندنی راستییەکەی، بەڵام ئەوەی لە موعجیزەی قورئاندا هاتووە چەوتیی ئەم قسەیە دەسەلمێنێ. چونکە دەقی قورئان، موعجیزەییەکی راستییە و نیشانەی رەوانییە، لە هەندێ سەربردەدا هاتووە، کە زۆر کەس چوونەتە سەر ئایینی ئیسلام تەنیا لەبەر ئەوەی گوێیان لە قورئان بووە وەکو (**خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب رەزای خوای لێ بێت**) بۆ راستیی ئەم بابەتەش، کافرەکان لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) رەخنەکانیان ئاراستەی مەسەلەی ئیعجاز دەکرد، ئەم جووڵانەوەیەش ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا.ناو بە ناوێك لە رۆژگارێکدا تووشی لە ئایین لادەرێك دەبین نموونەی (ابن الراوندي) یان خاوەن رای جیاوازی وەك وتاربێژ **عيسا بن قابين**، یان شاعیری فەیلەسوف (**المعري**) ئەوانە دەیانگوت شێوازی قورئان شتێکی وای تێدا نییە، کە نووسەرو شاعیر نەتوانن وەك ئەو بینووسن، تەنانەت هەندێك لەوانە پێداگیریان کرد کە گەیشتنە ئەو رادەیەی لاسایشی بکەنەوە. بەڵام ئەمە رێگەی لەوە نەگرت کە تیۆرێکی دیکە بێتە ئاراوە کە (رەوانبێژیی بە سیمایەکی جیاکەرەوەی سیماکانی عەرەب) لەقەڵەم بدات. عەرەبی زمانی خوایە، کەواتە زمانێکی تەواوە، عەرەبیش بە زمانی خوا دەدوێن، کەواتە زمانی خودا لە زمانی ئەوان پاکترە، عەرەب میری رەوانبێژی و شیعرن.

کەواتە لە نێوان تەورات و قورئاندا، وێڕای جیاوازییەکی گەورە لە مێژوویان و کاریگـەریی مێژوویی هەر یەکێکیان، چەندین پرسی گرنگ کۆیـان دەکاتـەوە، یەکـەم جـار لـە (مێـژووی دروستبوون)، دواتر لە سورەتی (**البقرة**) کە هەمان ڕێبازە، تا ڕادەیەکی زۆر، دووپاتکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە خودا دونیای دروستکرد، بەڵام تەورات بە تەنیا بڕیار لەسەر دەرخستنی تـاك نەژادیی زمانەکان دەدات، هەر ئەویش یەکێتیی زمان بەرجەستە دەکات کە لـە رووداوی بابـل ئاماژەی پێکراوە، بۆیە دەبینین سزای خودایی وای لە زۆر کەس کردووە فرە زمانی بە نـەفرەت لێکبدەنەوە. بەڵام قورئانی پیرۆز بەهەمان ڕێباز شیدەکرێتەوە، کەواتە لە بنچینەدا یەك زمـان هەیە ئەویش زمانی عەرەبییە، زمانی خودا، زمانی ئادەم و زمانی بەهەشت.

لە هەردوو حاڵەتدا، کەواتە یەکەم کارەسات لە تەوراتدا کە تووشی مرۆڤایەتی دەبێت، بـێ بەش کردنیەتی لە نیعمەتی یەك نەژادیی زمان، بەڵام لە قورئانـدا تـەنیا بەشـێك دەگرێتـەوە، ئەوانەی بە عەرەبی قسەناکەن.

ئەو فرە زمانییەی کە لە ئەزەلەوە پەیدا بووە، چەندین جاری دیکە لە کتێبی پـیرۆزدا دوای (بابل) بەچەند شێوازێکی جیاواز دەردەکەوێتەوە، لە (کاری پێغەمبەران)ی ناو کتێبی پـیرۆزدا هاتووە:

(چەند زمانیان بۆ پەیدا بوو، وەك بڵێی لە ئاگرەوەیە، هەر یەکێکیان گیرسایەوە، هەموویان لە گیانی قودس پڕ بوون، دواتر بە زمانی دیکە قسەیان کرد هەروەك گیـانی قـودس یارمـەتی دابن کە قسە بکەن).

لەو بڕگەیەدا دیمەنێکمان بۆ روونەدەبێتەوە کە گیانی قـودس کاریگـەریی لـەو سـامانە بـە نرخەدا هەیە، سامانی فرە زمانی، ئەوەی لە بابلیش ماوەتەوە زیاتر لەو تەگەرەیە نزیکە کە لە ئینجیلدا رووبەرووی پێغەمبـەران دەبێتـەوە، کەواتـە دەبێـت بـەهرە بـە پێغەمبـەران بـدات، زمانەکان بزانن، بەڵام ئەو پەیامە، لە ناوەڕۆکدا، پەیامی ئاشتییە، بەڵام سـامان و گەنجینـەی شەڕ لە دەقی ئەم بڕگەیەدا روون و ئاشکرایە، کە دەڵێ: نـەوەکانی هـۆزی (جـەلعاد) لـە رووی سەربازییەوە نەوەکانی (ئەفرایم)یان بەزاند و کەنارەکانی زێی ئەردەنیان داگیرکرد، ئەو شوێنەی کە نەوەکانی ئەفرایم پێیدا دەرباز دەبوون لە کاتی هەڵاتندا. جەلعادیەکان توانیان بپەڕنەوە ئەو شوێنەی ئەفرایم، کاتێ یەکێ لە نەوەکانی ئەفرایم بیویستایە بپەڕێتەوە پیاوانی جەلعاد پێیـان دەگوت:(کەواتە بڵێ شیبولەت) ئەویش دەیگوت (سیبولەت) چونکە بە تەواوی توانـای بەسـەر دەربڕینی وشەکەوە نەبوو، بۆیە دەیانگرت و لەسەر کەناری ئـەردەن سـەریان دەبـڕی، ئـا لـەو

کاتەدا (٤٢) هەزار ئەفریمی لەناوچوون، ئەو بڕگەیە پێویستی بە راڤە کردن هەیە، وشەی عیبری (شیبولەت) کە واتای (گوڵەگەنم) دەبەخشێ، لەیەکەم پیتیرا دیارە کە نەوەکانی ئەفرایم بە شێوەیەکی دیکە گۆیان دەکرد واتا دەیانگوت: (سیبولەت) هەر ئەم گۆڕانکارییەی دەنگەکەش، بووە هۆی مردنی ژمارەیەکی زۆری نەوەکانیان.لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو جیاوازییەی زمانەوانی، هەروەك لە تەوراتدا هاتووە، جۆرە رق و کینەیەك پیشاندەدات کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێت، تەورات، لەم پرسەدا و لەچەند بابەتێکی دیکەشدا، بووەتە نموونە بۆئەوەی کەسانی دیکە شوێنکەوتەی بن. لێرەدا دوو نموونە، لە دوو قۆناغی جیاوازی مێژوو روونەدەکەینەوە:

یەکەم: لە سەدەی شازدەهەمدا، لە کاتی نوێژی بەناوبانگی سەقڵیەکاندا، لە ٣١ی ئاداری ساڵی ١٢٨٢ دا، لەو کاتەی کە زەنگی نوێژی سەقڵیەکان لێیدەدا، لە (بالێرما) شۆڕشێك دژی فەرەنسای داگیرکار سەری هەڵدا.پیلانگێڕان بۆ ئەوەی ناسنامەی هەڵاتووان بزانن، لە شەقامەکاندا داوایان لێ دەکردن و وشەی (نۆك) بڵێن کە وشەیەکی سەقڵاوی بوو، ئەوانیش نەیاندەزانی بەو شێوەیەی ئەوان دەری ببڕن. بۆیە دەیانگرتن و دەستبەسەریان دەکردن، گۆرانی بێژی سەقڵی (بینیتۆ سرلینۆ) ئەم رووداوە بە گۆرانی دەگێڕێتەوە، کە دەڵێ:

- بڵێ (شیشیری)

-(سیسیری)

-کەواتە ئێستا دەمریت!

بە کورتی ئەو رووداوە سەلماندی کە نێوان (ژیان و مردن) پیشاندەدات، کە لە ناوەڕۆکدا مەرجێکە پەیوەندیی بە پێوانەی زمانەوە هەیە لە چاخی نزیکدا، نموونەیەکی دیکەش دێتە پێش، کاتێ (دۆمنیکی ترۆجیللۆ)ی دیکتاتۆر کرێکارە هاییتییەکانی دەرکرد، دەگێڕنەوە کە پۆلیس بۆ جوداکردنەوەی هایتییە رەش پێستەکان (کە بە زمانی فەرەنسی یان زمانێکی تێکەڵ قسەیان دەکرد) (کە زمانی خۆیان ئیسپانی بوو)، داوای لە دۆمینیکیە رەش پێستەکان دەکرد پیتی (ج) گۆ بکەن کە لە وشەی (تروجیللۆ)دا هەیە، دیارە (ج) زەحمەت بووە بۆ ئەوانەی بە ئیسپانی قسەیان نەدەکرد، چونکە لای وان ئەو (ج)ە دەبوو بە (ی). هەروەها دەگێڕنەوە کە ئەو رەش پێستانەی بە فەرەنسی قسەدەکەن، زۆر زەحمەتە کە پیتی (ر) گۆ بکەن، وەکو هاییتیەکان، لە بەرامبەردا رەش پێستە دۆمینیکیەکان بە تەواوی دەتوانن (ر) گۆ بکەن، ئەمەش وای لە ترۆجیللۆی دیکتاتۆر کرد فەرمانێك دەربکات کە داوا لە هەموو زیندانییەکان بکەن وشەی perro

گۆ بکەن کە بە ئیسپانی مانای (سەگ) دەگەیەنێت، بۆیە ئەوەی بیگوتایە pego ئەوا یەکسەر دەکوژرا، (شیبۆلت) لە مێژوودا بەشێوەیەك چەسپا، تا ئەو وشە عیبرییە، بوو بەناوی رەگەزی هاوبەش لە زمانی فەڕەنسیدا، چونکە لە فەرهەنگدا مانای (تاقی کردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ توانایی مروۆڤ) دەگەیەنێت، دیارە ئەگەر سەرچاوەی زمانەوانی ئەم وشەیە روون نەبێتەوە، ئەوا لە راستیدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە چیرۆکی دۆمینیکدا ئاماژە بەوە دەکرێت، مردن پەیوەندیی بە دەنگەوە هەیە، یاخود بە بچووکترین یەکەی دەنگ، یان گۆکردن بە پێچەوانەوە، کەواتە دەربڕینی دەنگ چارەنووسە لە نێوان ژیان و مردندا و هەر ئەمەش بناغەیەکی شەڕی زمانەکان رووندەکاتەوە.ئەگەر تەورات و قورئان کۆك بن لەسەر مەسەلەی یەك نەژادیی زمانەکان، ئەوا لە مەسەلەیەکی دیکەدا ناکۆك دەبن. کە زۆر گرنگە، ئەویش دەربڕینی بەهای ئەو زمانەیە، زمانی خودایی، دەقی پیرۆز کە مەسیحیەت پشتی پێ دەبەستێ بە زمانی پیرۆزەوە پەیوەست نییە، چونکە بە زمانی ئارامی نووسرا بوو، پێش ئەوەی لە سەردەمێکی نزیکدا وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانی عیبری و گریکی و سریانی و قبتی و قوتی و لاتینی و سلافی، بە بێ ئەوەی هیچ گرفتێکی لێ بکەوێتەوە.

نابێ بە هەڵە لەو دەمەقاڵییە بگەین، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە نێوان کاسۆلیکەکان لە لایەنگرانی سازکردنی قوداس بە لاتینی و لە نێوان ئەوانەی لایەنگر بوونە کە بە زمانەکانی لۆکال ئەنجامبدرێ، رووید .مەسیحییەکان زمانێکی پیرۆزیان نییە، بە پێچەوانەی موسڵمانەکان، کە لای ئەوان قورئان، دەقێکە و نابێ وەربگێڕدرێت و زمانەکەشی زمانێکی خودایییە، لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەگەر مەسیحییەکان پێیان وابێ کە ئەوەی پێش بابل چاکتر بووە لەوەی دوای بابل، ئەوە دیارە پەیوەندی بە هۆکارەکانی زمانەوە نییە و ناچێتە چوارچێوەی ئەو کارەساتەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هات بەوەی هیچ زمانێکی تەواویان نییە، بەڵکو بریتییە لە سزادانێکی خودایی بەرامبەر بە لە خۆبایی بوونی مرۆڤ، بەڵام لە ئیسلامدا کارەکە بە پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە عەرەبی زمانێکی نایابە، زمانی شیعرو رەوانبێژییە، سیمایەکی بە هێزی زمانەوانی بەوانە دەبەخشێت کە بە عەرەبی قسە دەکەن. ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە قورئاندا دەیان چیرۆك و سەربردە هەیە، کە گرنگییەکی زۆر بە توانای ناوەڕۆکی دەقەکانی دەدات، هەر ئەمەشە کە موعجیزەی ئەم قورئانە پیشاندەدات، ئەو ئەفسانانەی لەو دوو ئایینەدا بەرجەستە بوونە، یان لە کاتی خوێندنەوەیاندا رووندەبنەوە، لەوەدایە کە ئەفسانەی تاك نەژادیی زمانەکان و ئەفسانەی بە سەرکەوتنی یەکێك لە زمانەکان، لە

ناوەڕۆکدا بەڵگەی ئایدۆلۆژیی هەڵدەگرێت، کە سەرچاوەیەکی ململانێی نێوان زمانەکان پێکدێنێ.

لەبەشی رابردوودا بۆمان روونبووەوە کە هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەبەر دەستدا نییە، سیناریۆی تاك نەژادیی زمانەکان بسەلمێنێ، بۆیە باشتر وایە و بێگومان ئاماژە بەوە بکرێ کە توانای زمانەوانیی مرۆڤ لە هەزاران یاساو پرۆتۆکۆلی جیاوازدا بەرجەستە بووە و بە پێی سەردەم و پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی پەیتا پەیتا پەرەی سەندووە.

نابێ گاڵتە بە عەقڵی خوێنەر بکەین و بڵێین: زمانی بەرزو زمانی نزم نییە، لەو دوو حاڵەتەی لە تەورات و قورئاندا، بەرچاومان کەوت، لە رووی زانستییەوە دەزانین کە (ئەو دەقانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە زانستیان تێدا نییە بەڵکو ئەفسانە لەخۆدەگرن). بەڵام بە رواڵەتی ئایدیۆلۆژی و بەردەوام و بە درێژایی چاخەکانی مێژوو، دەبینین، خوێندنەوەی قورئان لە سەدەی شازدەهەمدا بۆچوونێکی تێدایە، زیاتر ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی زمان بە پێی کێشەو ململانێ نیشتمانییەکان، کە هەر نیشتمانێك لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە بیسەلمێنێ، زمانەکەی نزیکترین زمانە بۆ ئەو زمانەی بەر لە بابل هەبووە، بەڵام بە خوێندنەوەی قورئان تیۆرێکی دەمارگیریی سەر هەڵدەدات ئەویش ئەوەیە کە زمانی عەرەبی بەسەر هەموو زمانەکانی دیکەدا زاڵە.

بەشی سێیەم

جیهانێکی فرە زمان

خەڵك، کەواتە رووبەرووی زمانەکان دەبنەوە..

لە هەر شوێنێك بووبن و کە گوێیان لەزمانیش بووبێت یان فێری بووبن، بەڵام رۆژانە رووبەڕووی چەندین زمانی دیکە دەبنەوە تێیان دەگەن یان نا، دەیناسن یان نا، خۆشیان دەوێ یان نا، حوکمی دەکەن یان حوکمیان دەکەن، بەڵام جیهان فرە زمانە، ئەوە راستییەکەو نکوڵی لێ ناکرێ، مێژووی زمانیش کە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی مێژووی جیهان، لە بەشێکی کەمیدا بەڕێوەبردنی ئەو فرەزمانییە پیشاندەدات. فرە زمانی- بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێ کەس وای بۆی دەچن- رەوشێکی تایبەت نییە، هەروەها تایبەت نییە تەنیا بە ناوچەیەکی دیاریکراو، هاوکات سیمایەکی جیهانی سێیەم نییە بە تەنیا، یان سیمای وڵاتانی گەشەسەندوو کە شێوەزارو زمانی نەژادی زۆری تێدایە، بۆیە فرە زمانی قەدەرێکی هاوبەشە، هەتا ئەگەر لە چەند شێوەیەکدا دەربکەوێت، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین، باس لە رەوشە جیاجیاکان بکەین و هەلومەرجەکانی فرە زمانی پۆلین بکەین:

دووانەزمان و دووفاقییێتی زمان

زاراوەی دووفاقییێتی زمان لە ساڵی ١٩٥٩دا لە ئەدەبیاتی زماندا بەکارهاتووە، کاتێ زماننناسی ئەمریکی **(چارل فرگیسۆن)** ئەم زاراوەی لە زمانی گریکەکانەوە وەرگرت و بەکاری هێنا. هەر چەندە ئەم زاراوەیە لە زمانی گریکەکاندا تەنیا واتای دووانە زمان دەدات، بەڵام

لای فرگیسۆن واتایەکی لەمە وردتر دەبەخشێ، ئەم نووسەرە دووفاقییێتی زمانی لە هەر چوار حاڵەتدا دەستنیشان کرد، (ناوچەی ئەڵمانی لە سویسرا، میسر، هایتی، یۆنان) کە گوایە پەیوەندی چەسپاوە لە نێوان دوو نموونەی زمانەوانی ئەلتەر ناتیڤ کە بۆ یەك نەژاد دەگەڕێنەوە:

یەکێکیان پەتی و ئەوی دیکە پاشکۆ(وەك عەرەبیی پەتی و میللی، گریکی میللی تازەو گریکی پەتی...تاد).. ئەم دوو ئەلتەرناتیڤە لە بەکارهێناندا لەم خشتەیەدا روون دەبێتەوە:

دۆخەکان	جۆری پەتی	جۆری پاشکۆ
وتارو پەرستن	+	
فەرمان بۆ کرێکارو خزمەتکاران		+
نامە تایبەتییەکان	+	
وتاری سیاسی، کۆمەڵەکان	+	
وانەکانی زانکۆ	+	
وتوێژی تایبەت		+
زانیاری دەربارەی میدیاکان	+	
زنجیرەکانی نواندن		+
دەقەکانی وێنەی پێکەنین ئامێز	+	
شیعر	+	
ئەدەبی میللی		+

ئەگەر ئەم خشتەیە روونبکەینەوە، دەڵێین بۆ نموونە کە زمانی فەڕەنسی لە هایتی، لە قوتابخانەو کلێساو وتاری سیاسیدا بەکاردێت، لە کاتێکدا زمانی تێکەڵ لە ژیانی رۆژانەدا بەکاردێت، هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ لێپرسراواندا، هەڵسەنگاندنی دووفاقییێتی زمانەوانی کە **فرگیسۆن** باسیدەکات، بەرامبەر بوونی نێوان دوو جۆری ئەلتەرناتیڤی زمانە. کە پایەی یەکێکیان بەرز دەکاتەوە کە زمانی پێوەرە و ئەدەبی پێ دەنووسرێ و ئەوی دیکەش دەهێنێتە خوارەوە کە زۆرینەی خەڵك قسەی پێ دەکات. کەواتە گرنگ لەو قسەیەی فرگیسۆندا ئەوەیە کە دوو لایەنی لەیەکچوو و جیاواز دەردەخات، لە لایەك هەندێ شێوازی لە یەکچووی

زمانەوانی هەیە، کە پێوەرە، هەندێکی دیکەی میللیش هەیە کە شێوازی جیاوازیی زمانەوانی هەیە، بۆیە دەتوانرێ لایەنێکیان بزانرێت و لایەنێکی دیکەش پشت گوێ بخرێ. لەمەدا دەردەکەوێت کە جۆرە گرژییەك لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا سەرهەڵدەدات، بە تایبەتیش لە شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان ئەوانەی بە یەکێك لەم شێوازە زمانە قسە دەکەن و لە نێوان ئەوانەی رای جیاوازیان بەرامبەری هەیە، ئەمەش دەتوانین بە (هەڵوێستی زمانەوانیی تاکە کەسی)ی ناو بەرین لە رووی تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی بۆ زمان لە بواری دوو فاقییێتی زمانەوانیدا، زمانەوانێکی دیکەی ئەمریکی دێتە گۆڕەپانەکەوە ئەویش **(جۆشوا فیشمان)**ە کە لەساڵی ١٩٦٧ دا پێشنیازەکانی لەم بوارەدا گەڵاڵە کردووە. فیشمان چاوپێکەوتنێکی سازکرد، دوو لایەنی زمانیی لەلایەك دانا (توانای تاکە کەس لە بەکارهێنانی فرەزماندا) کە دەچێتە چوار چێوەی سایکۆلۆژیەتی زمان، دووفاقییێتی زمانەوانیشی لە لایەکی دیکەدا دانا (بەکارهێنانی چەند زمانێك لە کۆمەڵگەیەکدا) کە دەچێتە چوار چێوەی کۆمەڵایەتیی زمان. لەم چاو پێکەوتنەدا، فیشمان، بۆچوونی فرگیسۆن لە دوو مەسەلەی بنچینەییدا راستدەکاتەوە:

- یەکەم: فیشمان بایەخی گەورە بە بوونی دوو بەرەی زمانەوانی جیاواز نادات (رەنگە لە دوو بەرەی زمان زیاتر هەبێ، هەر چەندە پێی وایە کە بە گشتی ئەم دوو جۆرە ئەلتەرناتیڤە بۆ هەردوو جۆری پەتی و تێکەڵ (میللی) دەگەڕێتەوە).

- دووەم: فیشمان پێی وایە کە دوو فاقییێتی زمانەوانی بەندە بە بوونی جیاوازیی ئەرك لە نێوان دوو زماندا، جا ئەو جیاوازییە چەند و چۆن بێ، بە کورتی بیرۆکەکەی لەو خشتەیەدا روون دەکاتەوە:

	دووفاقییێتی زمانەوانی		
دووانە زمان		+	—
	+	١. دووفاقییێتی و دووانەزمان	٢.دووانەزمان بێ دووفاقییێتی
	-	٣.دووفاقییێتی بێ دووانەزمان	٤.بێ دووفاقییێتی و بێ دووانەزمان

ڕەنگە بۆ گریمانەکانی ئەو چوار تیۆرە ئەم ڕەوشانەی لێ بکەوێتەوە:

١. لە پاراگوای، کە هەموو خەڵکەکەی بە ئیسپانی و گارانی قسەدەکەن، ئیسپانی زمانی بەرزو پەتیی وڵاتە و گارانیش زمانی میللی و گشتییە.

٢. لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر ڕەوشەکە سەقامگیر نەبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکە بە دوو زمانی جیاواز قسەدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دووانە زمانی کۆمەڵایەتی تێدا ڕوونادات، (لە هەندێ حاڵەتدا چەند کۆمەڵێك کە لە بەلجیکا بە ئەڵمانی قسەدەکەن، کەم بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن).

٣. ڕوسیای قەیسەری کە دەرەبەگ و گەورەکانیان تەنیا بە فەڕەنسی قسەیان دەکرد، بەڵام خەڵکەکە بە گشتی، تەنیا بە زمانی ڕووسی دەدوان.

٤. لە حاڵەتی دەگمەندا، هەندێ تاقمە کەس و کۆمەڵگە بەیەك جۆرە زمان قسە دەکەن.

کاتێ ئەو دوو دەقە دەخەینە ڕوو، دەقی فرگیسۆن و دەقی فیشمان، چەندین سەرنج و تێبینی هەڵدەگرێت، لە دەقی فرگیسۆندا، کە سوورە لەسەر هەردوو چەمکی ئەرك و پلە بەرزی، وا دیارە باس لە دەسەڵات ناکات، چونکە بە تەنیا جیاوازیی زمانەوانی بەس نییە بۆ پێوەری پلەبەندیی زمان (وەك بڵێی کە فەڕەنسی لە هایتی لە زمانی تێکەڵ بەرزترە) بۆ ئەرکیش (وەك بڵێی کە زمانی فەڕەنسی چەندین ئەرکی هەیە کە لە زمانی تێکەڵدا نییە). ئەمەش گوایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی فەڕەنسی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە کە بە دەسەڵاتەوە بەندە. هەروەها پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە، ئەم بوارانە، فرگیسۆن بە هیچ شێوەیەك بەلایاندا نەچووە.

لە بەرامبەردا، بیرۆکەی دووفاقییێتی زمانەوانی بیرۆکەیەکی بە سوودە، چونکە دووفاقییێتی، هەروەك فیشتمان ئاماژەی پێکردووە، بەرامبەر دووانەزمانە، بۆیە پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دووانەزمانی تاکەکەسی و لە نێوان دووانەزمانی کۆمەڵایەتی (کە بە دووانەزمان ناوی نابەین، بەڵکو بە دووفاقییێتی زمانەوانی، هەر چەندە جیاوازیی زمانەوانی لێ دەکەوێتەوە کە شوێنەواری کۆمەڵایەتی جێ دێڵێ) بەڵام زۆر جار کارەکە ئاڵۆزتر دەبێ، بۆنموونە بە خێرایی باس لە فرە بارودۆخ دەکەین لەسەر ڕووی ئەو زەمینە:

١- وێرای واتای فەرهەنگیی وشەی دووفاقییێتی (کە ئاماژەیە بۆ جووتە زمان) دەبینین ئەم دیاردەیە، ڕەنگە لە دوو زمان زیاتر بگرێتەوە، فیشمان باس لەم بوارە دەکات، بەڵام ئاماژە ناکات بۆ ئەگەری دووفاقییێتی تێکەڵ، بە تایبەتیش ئەم دیاردەیە لە هەندێ وڵاتدا هەیە کە

ماوەیەکی زۆر نییە لە دەست ئیمپریالیزم رزگاریان بووە. بۆ نموونە لە تانزانیا، دووفاقییەك هەبوو لە قۆناغی یەکەمدا لە نێوان زمانی بۆماوە لە ئیمپریالیزم، زمانی ئینگلیزی و زمانی نیشتمانی کە زمانی سەواحیلییە، لە قۆناغی دووەمدا دووفاقییێتی لە نێوان ئەم زمانە سەواحیلیە دا هەبووە. کە تەنیا بۆ ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان، زمانی دایك بوو، هەروەها بۆ زمانەکانی دیکەی ئەفریکایی، هەمان حاڵەت لە مالی هەبوو (زمانی فەڕەنسی لە گەڵ زمانی بامبارا و زمانی دیکەی ئەفریکایی) لە سەنیگال (فەڕەنسی و زمانی لۆکال و زمانی دیکەی ئەفریکایی) لە هەموو ئەو نموونانەدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دەبووایە زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی زمانی فەرمی بن کە لە ئیمپریالیزمەوە ماونەتەوە. بەڵام سەپاندنی زمانی زۆرینەی ئەفریکایی شێوازێکی دیکەی دەسەڵات بوو، بە واتایەکی دیکە لە تانزانیا، ئینگلیزی جۆری بەرزو پەتی بوو، لە بەرامبەر زمانی سەواحیلیدا، کە ئەویش لە چاو زمانەکانی دیکەدا بەرز و یەکەم بوو، ئەوەیە دووفاقییێتی تێکەڵ.

٢- بیرۆکەی خزمایەتیی جینی کە فرگیسۆن دەربارەی دووفاقییێتی باسیدەکات، بیرۆکەیەکی دیاریکراوە، هەروەك فیشمانیش سەرنجی لێداوە، چونکە پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێ: ئایا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دووفاقییێتی لە لایەك و پەیوەندیی نێوان زمان و شێوە زارەکانیدا (جا شێوەزاری لۆکالی یان کۆمەڵایەتی بن) لە لایەکی دیکەوە؟ هەموو خەڵك ئەوە دەزانێ کە رێگایەك هەیە بۆ قسە کردن بە ئینگلیزیی کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بڕوای پێ کراوە، هەروەها چەندین شێوازی گۆکردن هەیە (وەکو شێوازی (کۆکنی)ی لەندەنی بۆ نموونە، کە بە گشتی گۆکردنی پیتی (ها) کە بە هەناسەیەکی قووڵەوە دەردەبڕدرێت، جیای دەکاتەوە) ئەوەیان تەگەرەیەکی کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگەدا.

ئایا ئەم دۆخە وەك دۆخی تانزانیایە کە تێییدا سەواحیلی بەرامبەر بە ئینگلیزییە؟

وەڵام : نەخێر، بە دڵنیاییەوە، هەر چەندە فیشمان لەو بڕوایەدایە کە دووفاقییێتی زمانەوانی دەوەستێتە سەر بوونی جیاوازیی ئەرکی نێوان دوو زماندا، جا ئەو جیاوازییە چەند بێت: سووك یان قووڵ بێ، دووفاقییێتی زمانی ئینگلیزی لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان ئینگلیزیی شاژنی بەریتانیاو ئینگلیزیی(کۆکنی)ی لەندەنی نییە، بەڵکو لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییانەی ئەم جیاوازییەیە. ئەم شێوە ئینگلیزیەش لە راستییدا زۆر بەرز نییە، بەڵکو بە مێژووەکەیەوە بەندە، چونکە ئەگەر بەربەر جڵەوی فەرمانڕەواییان لە هەر شوێنێکی جیهان بگرتایەتە دەست، ئەوا رەنگە زمانەکەیان، کە خۆی زمانی ژێر دەستەیە، ببووایە بە بەرزترین زمان.

ئەگەر بێشین چەمکی دوو فاقییێتی بەکاربێنین بۆ دیاریکردنی کۆمەڵگەی فرەزمانی، ئەوا پێویستە ئەم دۆخانە روونبکەینەوە، پێویستە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدواداچوون بکەین، نەك لە خودی زمانەکانەوە. بۆ نموونە زمانی بامبارا لە مالی بە زمانی رزگاری دادەنرێت

(لە بەرامبەر فەڕەنسیدا)، بەڵام دەتوانین بە شێوەیەك سەیری بکەین کە زمانی چەوسانەوە و سەرکوتکردنە لای هۆزەکانی سۆنگای[1] لە تۆمبوکتۆ، یان لای تمشاق[2] لە باکوور.

٣- لە کۆتاییدا، پۆلین کردنی فرگیسۆن (کە سوورە لەسەر دیاردەی چەسپاوی دۆخەکانی دوو فاقییێتی) هەتا دوای راستکردنەوە لەلایەن فیشمانەوە، بەڵام ئەو پۆلین کردنە گوزارشت لە نەبوونی دیدێکی دینامیکی دەکات، بۆ نموونە کۆچبەران بۆ فەڕەنسا لە نەوەی دووەم، جا ئەگەر نەوەی پورتوگالییەکان بن یان نەوەی عەرەب، هەروەها نەوەی کۆچبەران بۆویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لە چینییەکان، کۆچبەران بۆ ئەڵمانیا لە تورکەکان، گومانی تێدا نییە کە باوانیان دووانەزمانن، ئەوانە لە دۆخێکی دووفاقییێتیدا دەژین لە نێو کۆمەڵگەدا، هاوکات لەگەڵ نەوەکانیان پەیوەندییان بە زمانی فەرمییە (فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی)، ئەمە یەکەم توێژە لە خشتەکەی فیشمان، بەڵام نەوەکانیان، زۆربەیان، تاك زمان دەبن، هەتا ئەگەر رێژەییش بێت. زۆربەی جاریش ئەو نەوانە کە تاك زمانن، لەبەر هۆی دەروونی، زمانی باوانیان رەتدەکەنەوە، هەر چەندە تێی دەگەن و دەشتوانن قسەی پێ بکەن. بۆیە دەچنە خانەی چوارەمی خشتەکەی فیشمان (نە دووفاقییێتی و نە دووانەزمانی)، ئەو منداڵ و نەوانە بە تەنیا ناژین، بەڵکو لەگەڵ باوانیان و تاکەکانی کۆمەڵگەکەیاندا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم بارودۆخە گشتییە لە چوارچێوە مێژووییەکەیدا، بابەتێك دەوروژێنێ کە بەندە بە گواستنەوەی دووانەزمانی و دوو فاقییێتی، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لە کاتێکدا تێکەڵییەك لە نێوان توێژەکاندا هەیە کە فیشمان پۆلینی کردوون. لە گەڕەکێکی وەك گەڕەکی (بلفیل) لە پاریس، کە کرێکاری کۆچبەری لێ دەژی، رووبەرێکی گەورەی دووفاقییێتی بەدیدەکرێت (لە نێوان فەڕەنسی لە لایەك و عەرەبی یان بەربەری یان فێتنامی یان چینی لە لایەکی دیکەوە) لە پاڵ ئەوەشدا رووبەری بچووك دەبینین کە خۆی لە بارودۆخی دووانەزمانی و تاك زمانیدا دەبینێتەوە (تێیاندایە، تەنیا بە فەڕەنسی قسە دەکات، هاوکات ژنیان تێدایە تەنیا بە عەرەبی

---

(١) ئەو هۆزانەن کە لە ناوچەی رۆژئاوای ئەفریکادا بڵاوبوونەتەوە و زمانەکانیان بە (سۆنگا) ناسراوە.

(٢) ئەو هۆزانەن کە لە سەنهاج و زنان پێکدێن و لە باکووری ئەفریکا دەژین، زمانەکەشیان بە (تماشیق) ناسراوە.

قسه دەکەن) بێ ئەوەی تاك زمانی لای هاوڵاتی فەڕەنسی بە تەواوی لە تاك زمانیی منـداڵێك بچێت کە باوك و دایکی لە جەزائیر یان کانتۆنەوە کۆچیان کردبێت. لێرەدا دەمانەوێ بڵێین کـە ئەم پۆلێن کردنە کە بایەخی پێ دەدەین، تەنیا لە رووالەتەوە لێی بڕوانین یاخود ئەگـەر بۆمـان بلوێ بە واتایەکی دیکە بڵێین وەك کامێرایەکی فۆتۆگرافی وێنەی بگرین، بـەڵکو پێویسـتە لـە شێوەی وێنەگرتنی سینەمایی (وێنەی سـینەماتۆگرافی)، چـونکە مێـژوو گەواهیـدەری بـوونی هەموو کۆمەڵگەیەکە، ئەمەش شتێکە نکوڵی لێ ناکرێ بەڵام زمانـەوانانی کۆمەڵایـەتی لـەم راستییە ناگەن، کە بناغەیەکی گرنگە بۆ راست کردنەوەی بیرۆکەی دووفاقییێتی.

نموونە (روونکەرەوە)ی فەڕەنسی

لێرەدا پارێزگاری لە بیرۆکەی دووفـاقییێتی زمانـەوانی دەکـەین بـە هـەموو ماناکانیـەوە، هەروەها لە رووی نزیکییەوە لە پەیوەندیی ئەرك و کۆمەڵایەتیی نێوان زمانـە جیاجیاکانـەوە، یاخود لە نێوان ئەلتەرناتیڤی جیاوازیی یەك زمان، ئێستا هـەوڵ دەدەیـن پـۆلێن کردنێـك بـۆ هەموو جۆرە (دوو فاقییێتیەکانی زمانەوانیی) دابنێین، زمانی فەڕەنسی بە روون کـەرەوەی ئـەم دیاردەیە بـە نموونـە وەردەگـرین. سـەرەتا لـەوەوە دەسـتپێدەکەین چـۆن ئـەو هەلومەرجانـەی کاریگەرییان لەسەر زمانی فەڕەنسی هەبووە (دەشتوانین نموونەی دیکە لە ئینگلیزی و رووسـی) وەربگـرین، لەمەشـدا پشـت بـە گریمانەیـەك دەبەسـتین کـە رەنگـە شـرۆڤەکردنێکی ئـەو هەلومەرجانەمان بۆ روونبکاتـەوە تاکولەکۆتاییـدا بتـوانین وێنەیـەکی پانۆرامـای سـەرتاپاگیر دەربارەی ئەگەرە جیاوازەکانی دوو فاقییێتی بەدەستبێنین.

بە سەرنجی بەرایی دەستپێدەکەین: ئەگەر سەرنج لـەو هەلومەرجـە جیاوازانـە بـدەین، جـا کارەکە پەیوەندیی هەبێ بە وڵاتانی ئەورووپا (فەڕەنسا و بەلجیکا و سویسرا و ئیتاڵیا)وە یان بـە ئەفریکاوە، یان بەو وڵاتانەی ئەفریکا کە بە فەڕەنسی قسە دەکەن ((ئەمە (١٥) وڵات لـە خـۆ دەگرێ)) یان لە مەغریبی عەرەبی (تونس و جەزائیر و مەغریب) یـان بـە ئـەمریکای بـاکوور (کەنەداو لویزیانا) یان بـەو دوورگانـەی کـە دانیشـتوانیان بـە زمـانی تێکـەڵ (گوادالـوب) و (مەریتینیك) و (رینیۆن) دەدوێن، کە سنووری سیاسیی دەوڵەت و سـنووری نیشـتمان لەگـەڵ سنووری زماندا یەك ناگرنەوە. ئەگەر زمانی فەڕەنسی بە فەرمی لە ژمارەیـەك لـەو وڵاتانـەدا هەبێت، واتا ژمارەیەکی زۆر قسەی پـێ بکـەن، ئـەوا دەبیـنین زۆربـەی ئـەو وڵاتانـە زمـانی

دیکەشیان تێداییە، ئێمەش لێرەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی ئەو بەیەکەوە ژیانە، واتا فەرەنسی لەگەڵ زمانەکانی دی. نەگونجان و یەك نەگرتنەوەی نێوان دەوڵەت و نیشتمان و زمان، دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی کە یەکەم پێوەر لە پێوەرەکانی پۆلێن کردن دابڕێژین: پەیوەندیی نێوان زمانی فەرمی و زمانی دایك. لە گشت ئەو وڵاتانەی ئاماژەمان پێکردن، وڵاتێك نییە، بتوانین بڵێین کە زمانە فەرمییەکەی، هەمان زمانی یەکەمە (واتا ئەو زمانەی منداڵان لە ماڵەکانیان فێری دەبن، کە زۆر جار بە زمانی دایك ناوی دەبەین) لای هەموو ئەوانەی قسەی پێ دەکەن. با لەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەماندا، ئەو وڵاتانە بە لاوە بنێین کە زیاتر لە زمانێکی فەرمیان تێدایە، هەروەك سویسرا و بەلجیکا لە فەرەنسا، کە زمانی فەرەنسی تێیدا زمانی یەکەمی زۆربەی دانیشتوانە، بەڵام بەشێکی دیاری دانیشتوان بەر لە فێربوونی زمانی فەرەنسی، زمانی دیکە لە قوتابخانەدا فێر بوونە، وەك زمانی ئەلزاسی و کۆرسێکی و عەرەبی و پورتوگالی و سۆنینکی.

نموونە: شاری گایۆن

گایۆن شارێکی بچووکە و ژمارەی دانیشتوانی (٦٠٠٠) کەسە، دەکەوێتە پارێزگاری (ئور) کە ٢١٪ ی دانیشتوانی لە کرێکارانی بیانین (تێکڕای رێژەی سەدیی لە فەرەنسا لە سنووری ٨٪یە) ئەم رێژەیەش لە قوتابخانەکاندا زیاتر دەبێت، چونکە خێزانی مەغریبی یان ئەفریکایی، لە خێزانی فەرەنسی زیاتر منداڵ دەخەنەوە. لە راپرسییەکدا کە لە ساڵی ١٩٨٥دا لە نێو (١٠٩) قوتابی لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەم شارە (قوتابخانەی لویزیشال) ئەنجامان دا، بۆمان دەرکەوت کە یەکەم جار، لە پاڵ زمانی فەرەنسیدا، سێ زمانی دیکە (عەرەبی و ئیسپانی و پورتوگالی) لە پێنج وڵات (تونس و جەزائیرو مەغریب و پورتوگال و شیلی) هەیە، کە (٤١) قوتابی دەگرێتەوە، واتا ٣٤٪ ی کۆی قوتابییەکان، (٢٧) قوتابی لە نێو ئەو قوتابییانەی کە کۆی گشتییان (٤١) بوو، بە زمانی باوانیان قسەیان دەکرد، (٩) یان بە هیچ شێوەیەك بە زمانی باوانیان قسەیان نەدەکرد، (٥) لەوانەش پچڕ پچڕ قسەیان پێ دەکرد، کەواتە دەبینین لەو جیهانە بچووککراوەیەدا کە قوتابخانەیە، فەرەنسی تەنیا زمانی ٦٦٪ ی دانیشتوانە و ٣٤٪ ی ئەوانەش لەو خێزانەن کە فەرەنسی زمانی ئەوان نییە، لە واقیعی دووفاقییێتی زماندا دەژین یان ناژین. بێگومان زمانی فەرەنسی، زمانی کارگێڕیی

قوتابخانەکەیە، کە ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی دووانەزمان لە خۆ دەگرێت، ئەو واقیعەش، دیارە (نائاساییە) لە رووی سەر ژمێرییەوە لە فەرەنسادا دەگمەن نییە.

بەڵام ئەوەی فەرەنسا جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە زمانی فەرمی لەو وڵاتەدا، زمانی زۆرینەیە تا رادەیەکی زۆر و هیچ ئەلتەرناتیڤی نییە، ئەگەری قسە کردن هەیە دەربارەی پشت بەستن بە دووانەزمان لە قوتابخانەی (فەرەنسی / بەریتانی یان فەرەنسی/ ئۆکسیتانی)(*) هەروەها پشت ببەسترێ بە زمانی منداڵانی کرێکاری کۆچبەر، وەك (پورتوگالی و ئیسپانی و عەرەبی)ن بەڵام لەسەر خاکی فەرەنسادا هیچ زمانێك نییە بتوانێ شوێنی زمانی فەرەنسی بگرێتەوە. کەواتە ئێمە لە بەردەم دۆخێکداین بریتییە لە فرە زمانیی پەرش و بڵاو، (دەتوانین لە فەرەنسادا زیاتر لە (٣٠) زمانی هەرێمی بژمێرین) کە لێرەو لەوێ بە شێوەی دووفاقییێتی دەردەکەون، وەکو (کۆرسیکا و کاتالۆنیا و ئەلزاس) یان لە شێوەی زمانی پەرتبوو (گرووپی ئەرمەنی یان پۆلۆنی) کە روو بەڕووی زمانێکی زۆرینە دەبنەوە، مێژوو بە زمانی دەوڵەتێك داینـاوە کە بەشێکی زۆرینەی دانیشتوان قسەی پێ دەکەن، ئەم جۆرەی یەکەم لە جۆرەکانی فرەزمانی بە (فرەزمانی کە یەك زمان تێیدا زۆرینەیە) ناو دەبەین، ئەمەش هەروەك دەبینین، جۆرێکە بە تاك زمانی ناچێت، بەڵام لە بەرامبەر دوو زماندا ناوەستێ، کە هەر یەکێکیان ئەرکی یەکێکی دیکە لە ئەستۆ بگرێ، ئەو زمانە زۆرینەیە (کە زمانی نیشتمانییە لە فەرەنسادا) هەموو خەڵك قسەی پێ دەکەن، یان زۆرینەی خەڵك، ئەو زمانە، وێڕای ئەمەش زمانی دایکی زۆربەی دانیشتوانە، بەڵام دواتر دەبینین کە تاکە زمانی زۆرینە لە ژمارەیەك وڵاتانی ئەفریکادا، ناتوانێ ئەرکە فەرمییەکانی خۆی راپەڕێنێ، کە فەرەنسی لە فەرەنسا ئەنجامیدەدات، بە واتایەکی دیکە، زمانی زۆرینە ناتوانێ لەگەڵ زمانی نیشتمانی (فەرمی)دا کۆك بێت.

وڵاتانی مەغریبی عەرەبی دۆخێکی جیاوازتریان هەیە، هەر وڵاتێك سێ زمانی تێدایە، هەندێ وڵاتی مەغریبی عەرەبی (جەزائیر و مەغریب) چوار زمانیان تێدایە، کە ئەرکی هەمە جۆر بە جێ دەگەیەنن، **(جیلبیر گرانگیوم)** لە کتێبەکەیدا دەربارەی عەرەباندن و سیاسەتی زمانەوانی لە وڵاتانی مەغریب، بەم شێوەیە باس لەم زمانانە دەکات:

لە وڵاتانی مەغریبی عەرەبیدا سێ زمان بەکاردێن: عەرەبی و فەرەنسی و زمانی دایك، یەکەم و دووەمیان زمانی رۆشنبیرین، کە زمانی نووسراون، فەرەنسیش بۆ قسە کردن

(*)ئۆکسیتانی، زمانی ناوچەی ئۆکسیتانییە، کە لە باشووری فەرەنساو هەندێ ناوچەی ئیتاڵیاو

بەکاردەهێنرێت، بەڵام زمانی راستەقینەی دایـك کـە هـەردەم خـەڵك لـە گفتوگـۆی ڕۆژانـەدا بەکاری دێنن شێوەزارێکە، عەرەبی یان بەربەریە، ئەمەش زمانی دایك نییە، بێجگە لە چـەند حاڵەتێکی زۆر دەگمەن نەبێت، کە زمانی نووسینە.

پێگەی ئەو زمانانە لە مـەغریبی عـەرەبی زۆر جیـاوازن، فەڕەنسـی لـە ئیمپریالیزمـەوە ماوەتەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ زمانی فەرمی بوو، پێش ئـەوەی ببێتـە زمـانی بیـانی دوای سیاسەتی عەرەباندن، زمانی تایبەتی چینی بۆرژوازی بوو، زمانی ڕۆشنبیری بوو، کارتێك بـوو بۆقازانج و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهات لە بەرامبەر زمانی نیشتمانی، واتا عـەرەبی، ئەم زمانەش واتا عەرەبی کە زمانی ئایین و قورئان و زمـانی یـەکبوونی جیهـانی عەرەبییـە، پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، زمانی قورئان و واتا زمانی عەرەبی پەتی، زمانێکە لە شێوەیەکی بنچینەیی لە نووسیندا بەکاردێت، هەروەها دەتوانرێ بەکاربێت لە گوتار خوێندنەوەدا، هەروەك چۆن لە هەندێ وڵاتی ئەوروپادا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا وەکـو لاتـینی بـەکاردەهات، کەواتـە وەك لاتینی ئەویش زمانێکی مردووە (زمانی عەرەبی کۆن، نەك ئەو زمانـەی ئێسـتا)، بـەڵام زمانی عەرەبی هاوچەرخ یان عـەرەبیی ناوەڕاسـت، کـە ئـەوەی زۆر دیـارو بەرچـاوە، زمـانی فەرمیی عەرەبییە، کە بووەتە زمانێکی نیشتمانی و ڕاگەیاندن و ژیانی گشتی .

کەواتە هەردوو زمانی دایك کە بە (دوو شێوەزار) دەناسرێن، بەردەوام بەفەرمی بـەکاردێن، ئەوانیش شێوەزاری عەرەبی و بەربەرین، بەڵام شێوەزارەکانی عەرەبی هەر لە عەرەبی پەتییەوە نزیکن، کەچی شێوەزاری بەربەری بەم شێوەیە نییە، بە هەر حاڵ، شێوەزارەکانی عەرەبی لەگەڵ بەربەری فاکتەری پەیوەندی و تێکەڵیی ڕۆژانەن.

دۆخی مەغریبی عەرەبی، پێچەوانەی جـۆری یەکـەم لـە جۆرەکـانی دووفـاقییێتی، پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد (فرەیـی بەیـەك زمـانی زۆرینـە) ڕووندەکاتـەوە، نموونەیـەکی تایبـەتی پیشاندەدات، کە ناچارمان دەکات بە دوای پێناسەی زمانی زۆرینەدا بگەڕێین، دەتوانین زمانی فەڕەنسی لە دۆخی فەڕەنسیدا بە زمانی زۆرینە دابنێین لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە: یەکـەم لـە ڕووی سەرژمێرییەوە

(چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بە فەڕەنسی قسە دەکـەن) هـەروەها لـە ڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتییەوە، دووەم چونکە فەڕەنسی زمـانی دەسـەڵاتی سیاسـی و ڕۆشـنبیریە. بـەڵام لـە تونس، کە بەربەری کزە، بە گوێرەی سەرژمێری (١٪)یە، زمانی گشـتیی عـەرەبی لـە تـونس بەبێ ڕکابەر، زمانی زۆرینەیە، هەروەها زمانی عەرەبیی فەرمی، زمـانی زۆرینەیـە لـە ڕووی

کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەپاڵ ئەمەشدا زمانی فەڕەنسی، زمانی ڕۆشنبیریشە. بەڵام لە جەزائیر و مەغریب دۆخەکە کەمێك جیاوازترە، بەربەری بە گوێرەی سەرژمێرییەکان، زمانی زۆرینەیە لە مەغریب (٥٠,٦٪) ە، بەڵام لە جەزائیر، کەمینەیە بە ڕێژەی (٣٠٪)، هەرچی زمانی عەرەبی فەرمی و فەڕەنسییە وەکو یەك وان، هەمان پێگەیان هەیە لە تونس. ئەمە دەریدەخات کە ئێمە لە بەردەم جۆرێکی دیکەی فرە زمانیداین، ئەو جۆرەش پێی دەڵێن:(فرەزمانی کە زمانی کەمینە تێیدا زۆرینەیە) چونکە زمانی زۆرینە لە ڕاستیدا بە گوێرەی سەرژمێرییەکان کەوتووەتە بەر حوکمی سیاسی و ڕۆشنبیری، ئەم جۆرەی دووەم بە دوو شێوە پێناسە دەکرێت: فرەزمانی کە بە زۆرینە هەژمارمان کرد لەلایەك و ڕەچاو نەکردنی سیستەمی پەیوەندی و گوزارشتی میللی لە بوونیادنانی دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە.

زمانە فەرمی و نیشتمانییەکان لە ئەفریکا کە بە فەڕەنسی قسەدەکەن، چەند نموونەیەك			
	ژمارەی زمانی بەکارهێنراو	زمانە فەرمییەکان	زمانە نیشتمانییەکان
بۆرکنیا	٧٠	فەڕەنسی	٧٠
بۆرۆندی	١	فەڕەنسی و کیرۆندی	کیرۆندی
ئەفریکای ناوەڕاست	٦٥	فەڕەنسی	سانگۆ
گینیا	٢٠	فەڕەنسی	٨
چاد	١٠٠	فەڕەنسی	٠
زائیر	٢٥٠	فەڕەنسی	٤

کیشوەری ئەفریکا کە بە (ئەفریکای فەڕەنسیی زمان) ناسراوە، دۆخێکی تایبەتی هەیە، بە گشتی جیاوازیی تێدا بەدیدەکرێ، لە نێوان زمانی فەرمیی (کە فەڕەنسییە) و زمانی نیشتمانی

(کە چەند زمانێکی ئەفریکایین)، ئەوەی پێی دەگوترێت زمانی فەرمی روون و ئاشکرایە، چونکە زمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، زمانی قوتابخانەیە، زمانی میدیاکانە..تاد، بەڵام زمانی نیشتمانی وەك ئەو نییە، چونکە لە نێوان وڵاتێك و وڵاتێکی دیکەدا دەگۆڕێت.

ئەو خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە، کە هەندێ وڵاتی وەك بۆرکینا، هەموو زمانەکانی زمانی نیشتمانین، هەندێکی دیکەی وەك کۆماری ئەفریکای ناوەڕاست یەك زمانی هەڵبژاردووە، لە زائیر و گینیا، چەند زمانێك، بەڵام لە چاد هیچ زمانێکی، بە زمانی نیشتمانی دانانرێت. کەواتە وا دیارە بیرۆکەی زمانی نیشتمانی بە چەمکی هەمە جۆر لە قەڵەم دەدرێت، بۆیە دەشێ زمانی نیشتمانی لە بۆرۆندی و کۆماری ئەفریکای ناوەڕاست ببێتە زمانی بەڕێوەبردن و زمانی خوێندن، هەروەها شوێنی زمانی فەڕەنسی بگرێتەوە. هەروەها زمانی نیشتمانی کە ژمارەکەی دیاریکراوە (لە زائیرو گینیا) دەشێ ببنە زمانی لۆکال، زمانی فەڕەنسیش کە زمانی فەرمییە، هەموو دەڤەرەکان بەیەکەوە گرێدەدات، بەڵام کاتێ هەموو زمانەکان لە وڵاتێکدا زمانی نیشتمانی بن، ئەوە لە پێگەیەکی پتەوی زمانەوانیدا سەرکەوتوو نابێ، لە یەکێك لەو حاڵەتانەدا (کاتێ وڵات زمانی نیشتمانی لە نێوان زمانەکانیدا هەڵدەبژێرێ) زمانی نیشتمانی پێگەیەکی کارای دەبێت و سیاسەتی زمانەوانی پەیڕەو دەکات. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا

(ئەگەر وڵاتێك هەموو زمانەکانی بکاتە زمانی نیشتمانی) ئەو زمانە نیشتمانییە تەنیا پێگەیەکی هێمایی دەبێت، هیچ گۆڕانکارییەك لە رەوشی کۆمەڵایەتیی زماندا دروستناکات، بەڵام زمانی فەرمی لە هەموو حاڵەتێکدا زمانی دەسەڵاتە. ئەو زمانەیە کە خزمەتی کۆمەڵ دەکات، ئەگەر فەڕەنسی رووبەڕووی دوو زمان یان چوار زمان یان هەشت زمان یان حەفتا زمانی نیشتمانی ببێتەوە، ئەوا هەمیشە بە زمانی زۆرینە دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو زمانە فەڕەنسیە زۆرینەیە لەڕووی سیاسی و رۆشنبیری، بە پێچەوانەی زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنسادا، زمانی کەمینەیە بە گوێرەی ئامارەکان (رێژەی تەواوی ئەوانەی بەم زمانە فەڕەنسییە لە ئەفریکا قسەدەکەن، تەنیا ١٠٪ یە)،

هەروەها ئەم زمانە زۆرینەیە لەم وڵاتانەدا بەشداریی زمانێکی دی لە دەسەڵاتدا ناکات بە پێچەوانەی زمانی فەڕەنسی لە وڵاتانی مەغریبی عەرەبی (بێجگە لە بۆرۆندی کە بە

جۆری دووەم ناسراوە)، دوای (فرەزمانی لەیەك زمانی زۆرینەیە) کـە لـە فەڕەنسـادا هەیـە، هەروەها (فرەزمانی لە چـەند زمـانێکی کەمینـەی زۆرینـەدا) کـە لـە وڵاتـانی مـەغریبی عەرەبیدا هەیە، جۆری سێیەم دێت ئەویش (فرەزمانی لە یەك زمـانی کەمینـەی زۆرینـەدا) ئەمەیان تەنیا یەك زمان تێیدا زۆرینەیە نەك کۆمەڵە زمانێك. بەڵام پێویستە لێرەدا دابەش کردنێك روونبکەینەوە سەبارەت بە جیاوازیی نێـوان ئـەو وڵاتانـەی بـە گـوێرەی ئامارەکـان زمانێکی زۆرینەیان تێدایە، کە دەتوانێت شوێنی فەڕەنسی بگرێتەوە (وەکو زمانی وۆلف لە سینیگال و زمانی بامبارا لە مالی...) و لە نێوان ئەو وڵاتانەی ئـەم جـۆرە هەڵبژاردنـەیان تێدا نییە (وەکو کامیرۆن و گابۆن.....) با ئێستا بچینە ئەو وڵاتانەی بە زمانی تێکەڵ قسە دەکەن(دورگەکانی رینیۆن، مارتینیك، گوادلوب، گوۆیان) کـە دوو فـاقییێتی زمانیـان تێـدا دیارە، لەو وڵاتانەدا کە زمانی فەڕەنسی پەیوەنـدیی راسـتەقینەی لەگـەڵ زمـانی تێکەڵـدا هەیە، وەك ئەوە نییە کە لە نێوان یۆنانی میللی نـوێ و یۆنـانی پـەتی هەیـە، کـە زمـانی بەڵگەنامە و پەرلەمانە. ئەم دۆخە پەیوەندیی هەیە بە دوو زمانەوە کە ناچنەوە سەر یەکدی و لەیەکەوە دوورن. لەحاڵەتی دووەمدا دوو ئەلتەرناتیڤ بەرامبەر یـەك زمـان دێـت، نـابێ پشت بەو تێورانە ببەستین کە ئاماژە بەوە دەکەن زمانی تێکەڵ پشـت گـوێ بخرێـت، لەبـەر ئەوەی خەریکە دەبنە شێوەزارێکی فەڕەنسی، مەبەستیش ئەوە نییە کە زمانی تێکەڵ پشـت بە فەرهەنگی فەڕەنسی دەبەستێت، هەمان شێوە لەو زمانە تێکەڵانە بەدیدەکرێت کە پشـت بە فەرهەنگی ئینگلیزی یان پورتوگالی... دەبەستن، لەو روانگەیەوە دەکرێ ئەو وڵاتانەی بە زمانی تێکەڵ قسە دەکەن بەو خاڵانە ئاماژەیان پێ بکرێ:

- زمانی تێکەڵ لەو وڵاتاندا، زمانی یەکەمیانە، (زمانی دایك) کە بە گوێرەی ئامارەکـان زاڵە، هەر چەندە لەگەڵ زمـانی دیکەشـدا بـڵاون وەکـو (فەڕەنسـی، چـینی، هـەروەها چـەند زمانێکی هیندی..)

- لەبەرامبەردا، زمانی تێکەڵ زمانی پێشەنگ نییە، بـەڵام ئـەوە ناگەیـەنێ کـە زمـانی رۆشنبیری نییە، چونکە مەحاڵە، هەر زمانێك رۆشنبیریی تایبەتی خۆی هەیە.

- فەڕەنسی لەو وڵاتانەدا، زمانی فەرمییە، زمـانی زۆرینـەی کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـە، هەروەکو لە ئەفریکادا هەیە.

- بەڵام فەڕەنسی لێرەدا زیاتر بەکاردێت وەك لە ئەفریکا، هەر چـەندە زمـانی کەمینـەش بێ، پرۆسەی فێرکردن لەو خاکانەی کەوتوونەتە ئەو دیو دەریاکانـەوە (Dom-Tom) نیمچـە

گشتییە، زمانی فەڕەنسییان پەیتا پەیتا تێدا بڵاو دەبێتەوە وەك زمانی دووەم، (بەڵام بێگومان لە وڵاتێکی وەکو هاییتی کارەکە جیاوازە). کەواتە فرە زمانەوانی کە زمانی زۆرینەی ئەلتەرناتیڤە، دۆخێکە، دەشێ زمانێکی دیکە شوێنی زمانی فەڕەنسی بگرێتەوە لە جێبەجێ کردنی ئەرکی فەرمیی خۆیدا، هەروەك لە دورگەی بۆلینزی بەرچاو دەکەوێ، لەوێ، زمانی تاهیتی شوێنی زمانی تێکەڵی گرتۆتەوە. لە سویسراو بەلجیکا شتێکی دیکەیە، دەزانین کە بەلجیکا پشت بە دوو زمانی فەرمی دەبەستێ لە نێوان زمانی فەڕەنسی و فلنمکیدا، کە هەر یەکێکیان لە بەشێکی خاکی بەلجیکادا بڵاوە (بێجگە لە شاری برۆکسل، کە لەوێ دووانەزمان، دووانەزمانی فەرمییە، لە سویسرا چوار زمانی فەرمی هەیە بە گوێرەی ئامار بەم شێوەیە دابەش بوونە.

	ئەڵمانی	فەڕەنسی	ئیتاڵی	رۆمانشی	زمانی دیکە
1910(لەسەدا)	72,7	22,1	3,9	1,2	0,1
1941	73,9	20,9	3,9	1,1	0,2
1960	74,4	20,2	4,1	1	0,3
1970	74,5	20,1	4	1	0,4
1980	73,6	20	4,5	0,9	1

ئەم ژمارانە بە هەند هەڵناگیرێن تەنیا لای ئەوانەی رەگەزنامەی سویسریان هەیە.

لە دەستوری سویسریدا هاتووە، کە ئەو وڵاتە چوار زمانی نیشتمانی هەیە (ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتاڵی و رۆمانشی) هاوکات سێ زمانی فەرمیشی هەیە (ئەڵمانی، فەڕەنسی،

ئیتالی)(**) پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەمکەش، چەمکی زمانی نیشتمانی و چەمکی زمانی فەرمی، لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەفریکادا تێبینیمان کرد، جیاوازە، زمانی رۆمانشی زمانی نیشتمانییە، یاساش مافی ئەوەی پێدەدات لەو شوێنەدا بمێنێتەوە، کە خەڵکی قسەی پێدەکات. بەڵام زمانی فەرمی نییە، واتا زمانێك نییە لە لایەن دەستەی کۆنفیدرالییەوە دانی پێدانانرێت. بەڵام لە بەلجیکا هەوڵدەدرێ کە بەشی هەر یەکێك لەو دوو زمانەی ئەو ولاتە کە (فەڕەنسی و فلمنکی) یە پارێزراو بێت، لێرەدا ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە (فرەزمانی کە تێیدا زمانە زۆرینەکانی هەرێمی) باون، فەڕەنسی و ئەڵمانی و فلمنکی، هەریەکەیان رووبەرێکی دیاریکراوی جوگرافییان هەیە.

گومانی تێدا نییە، کە لە وڵاتانی دیکەشدا خەڵکێك بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن، لە سیشیل و دورگەکانی مۆریس و لویزیانا و کەنەدا و فال داوست (ناوچەیەکە لە باکووری خۆرئاوای ئیتالیا) و لە مەدەگەشکەر.... بەلام دۆخی هەر یەکێك لەم وڵاتانە بە گشتی بۆ یەکێك لەو (٥) جۆرانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسمان کردوون. ئەو پێنج جۆرەش (فرەزمانی تاکزمانی زۆرینە، زمانی کەمینەی زۆرینە، تاکزمانی کەمینەی زۆرینە، زمانی ئەلتەرناتیڤی زۆرینە، زمانی هەرێمیی زۆرینە)، لە فرە زمانەوانییدا پشتمان بە نموونەی (روونکەرەوە) ی بارودۆخی فەڕەنسا بەست، لە هەمان کاتدا ئاماژەمان بە تایبەتمەندیی هەموو دەوڵەتەکان کرد، بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی رووبەرێکی زۆر لە سنوری ئەو دەوڵەتانە داگیر دەکات. لە ئەوروپا، بۆ نموونە، زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنسا و ئیتالیا و سویسرا و بەلجیکادا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکی ئەو وڵاتانە بە غەیری زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن. هاوکات لە (مالی) زمانی بامبارا زمانی زۆرینەیە، بەڵام خەڵکەکە لە سینیگالیش (کە زمانی وۆلف تێیدا زۆرینەیە) قسەی پێدەکەن، هەروەها لە بۆرکینیا فاسو، کەناری عاج.. زمانی والکیشوا لە کۆڵومبیاو ئەکوادۆر و پیرۆ و چیلی.. قسەی پێ دەکرێ. کەواتە هاوشانیی نییە لە نێوان نەخشەی سیاسی و نەخشەی زمانەوانی، بۆیە ئێمەش لە پۆلێن کردنی فرەزمانی پشت بەم راستییە دەبەستین، بە تایبەتیش ئەو (٥) جۆرەی باسمان کردن. کەواتە ئەم جیهانە بە زمانی فراوان و هەمە جۆری سێ رەهەند رازاوەتەوە، دوو رەهەند پەیوەندیی بە جیاوازیی جوگرافییەوە هەیە (هێڵی ئاسۆیی)، رەهەندی سێیەم پەیوەندیی بە جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە (هێڵی

(**) لەساڵی ١٩٩٦دا رۆمانشی وەك زمانێك بە فەرمی لە سویسرا دانی پێدانرا.

ستوونی)، لە هێڵی ئاسۆییدا جیاوازییەکانی نێوان زمانەکانی لۆکال (فەڕەنسی، کۆرسیکی، ئەلزاسی، لە فەڕەنسا) و لە نێوان ئەلتەرناتیڤی لۆکال وەك (شێوەزاری پاریس، مەرسیلیا، گرینوبل...) لە هێڵی ستوونیشدا ئەرکی کۆمەڵایەتیی ئەو جیاوازیانە، جا چ پەیوەندییان هەبێت بە شێوەی لۆکالی و هەرێمی فەڕەنسی، یان پەیوەندیی زمانی فەڕەنسی بە زمانی دیکەوە، بۆیە ئەو هەمەڕەنگییەی زمانەوانی کە بە هەرسێ ڕەهەند ئاماژەمان پێکرد، هەرگیز لەگەڵ چەمکی دووفاقییێتیدا یەك ناگرنەوە. ئەو جیهانەی کە فرە زمانە، جەخت لەسەر دۆزینەوەی دیدو بۆ چوونی زیاتر دەکاتەوە.

نووسین

پێوەرێکی دیکەی جودا کردنەوە هەیە، کە کاریگەریی بەسەر فرەدۆخی زمانەوانییەوە هەیە، لێرەدا بە کورتی چارەسەری دەکەین: ئەو ڕێگایەی کە ڕۆشنبیریی جیاواز، مەسەلەی هزری کۆمەڵایەتیی پێ بەڕێوە دەبات، مەسەلەیەکە زیاتر پارێزگاریی لە زانیاریی کۆن و گواستنەوەی دەکات، مەبەستیش پەیوەندیی ئەو ڕۆشنبیرییانەیە بە نووسینەوە.

هەموومان دەزانین کە لەسەر ڕووی ئەم زەوییەدا، چەندین شارستانییەت هەن زارەکین، هەشیانە نووسراونەتەوە، جیاوازییەکەشی تەنیا لە بوونی سیستەمی نووسینەوەی زمانەکەیاندا نییە، بەڵکو ئەوەی جیایان دەکاتەوە ڕێچکەی پاراستنی ئەزموون و زانیاریی مرۆیی ئەو شارستانییەتانەیە، لەم گۆشە نیگایەوە دەتوانین جۆر و دۆخ بخەینە ڕوو:

- ئەو کۆمەڵگەیانەی کەلەپووری نووسراوی کۆنیان هەیە، کە شێوازە نووسراوەکەیان ڕەنگدانەوەی شێوازی زارەکیی ڕۆژانەیانە، هەروەکو زمانی فەڕەنسی کە بە هۆی ئەوەوە زانست و زانیاری بڵاو دەبێتەوە.

- ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تازە نووسینیان داهێناوە، هەروەکو لەچەند وڵاتێکدا هەیە، دوای ئەوەی ئیمپریالیزم بەجێی هێشتوون، ئەوانە، چەندین زمانیان داهێناوە کە پێشتر بە سیستەمی ئەلف و بێی نووسین، نەنووسرابووەوە. کەواتە ئێمە لە بەردەم چەند کۆمەڵگەیەکداین، کە کەلەپوورەکانیان زارەکین بەڵام لە شێوەی سیستەمی نووسیندا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

- ئەو کۆمەڵگەیانەی کەلەپووری زارەکییان هەیە و پشت بە سەربردەی کۆمەڵایەتیی نابەستن، بەڵکو زیاتر پشت بە گۆینده و هەواڵدەران دەبەستن.

- ئەو جیاوازییانە هەموویان دەچنە قاڵبی فرە زمانەوە، بەشداری کردنیشیان بە بوونی ئەو جیاوازییانەوە بەند نییە، بەڵکو بە بوونی نووسین یان نەبوونی رۆشنبیرییەوەیە. کە ئەمەشیان پێوەرە بۆ پایەبەرزیی ئەو کۆمەڵگەیانە یان بە پێچەوانەوە. بۆیە ئەو کەلەپوورە زارەکییە کە لە هەندێ کۆمەڵگەدا دەردەکەوێ و نووسین ناکات بە بناغەی زمان، ئەوا کەمتەرخەم و بێ ئامانج دەبێ.

لە راستیدا نووسراو و زارەکی، هەندێ جار بەیەکەوە دەگونجێن، دیارە فرەزمانییش هۆکاری ئەو گونجانەیە، بۆیە کاتێ باسمان لە زمانی فەرەنسی کرد، لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئامارەوە بایەخمان بە پێگەی ئەو زمانە نەدا، ، تا بزانین کام زمان زۆرینەیە و کامیشیان نا، بە هەر حاڵ پێویستە رەچاوی ئەو خاڵە بکەین لە کاتی پۆلێن کردنی ئەو زمانانەی نووسراونەتەوە یان نەنووسراونەتەوە، زمانی ئەدەبن یان نا، یاخود بوونەتە کەلەپووری کۆمەڵگەکان یان بە پێچەوانەوە، چونکە ئەو سەرنجانە گرنگن بۆ دەرخستنی رۆڵی پەرەپێدانی زمان.

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان جەزائیر و مالیدا بکەین، کە ئەو دوو وڵاتە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە و لە ساڵی ١٩٦٢دا سەربەخۆییان وەرگرت، دەبینین کە پەیوەندیی نێوان زمانەکان لەو دوو وڵاتەدا، پەیوەندییەکە، سەرەتا وەکو یەك بوون (زمانی فەرەنسی لە هەردوو وڵاتدا تاکە زمانی فەرمییان بووە) یەکسەر گۆڕانکارییان بەسەردا هات. بەڵام لە مالی، پێگەی فەرەنسی بەو شێوەیە نەگۆڕا، تا ئێستاش فێرکردنی چەندین زمانی ئەفریکایی لە قوتابخانەکاندا لە سەرەتادایە، هەرچی لە جەزائیرە، ئەم پێگەیە لاواز بوو، زمانی عەرەبی لە هەموو ئەرکە فەرمییەکاندا شوێنی فەرەنسی گرتەوە.

چەندین لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم پەرەپێدانە لە ئارادان، لەوانە چەند رێبازی هەڵبژێردراوی سیاسەتی زمانەوانی کە هەردوو حکوومەتی جەزائیر و مالی پەیرەویان کرد. بەڵام رۆڵی بنچینەیی لەم پەرەپێدانەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکێك لەو دوو زمانە زۆرینە ئەلتەرناتیڤانە، کە عەرەبییە لە جەزائیر، زمانێکە لە دێرزەمانەوە زمانی نووسین بووە، بامبارا لە مالی، لە نووسیندا تازەیە، لە سەرەتادا شەڕی ئازادیخوازی و رزگار بوون لە کەلەپووری رۆشنبیریی ئیمپریالیزم لەو دوو وڵاتەدا ئەو توانا بەرچاوەی نەبووە، بۆیە دەبینین لەبەر هەمان ئەو هۆیانە، چۆن ئەو خەڵکەی بە چەند زمانێکی ژێر دەستەی نووسراو قسە دەکەن، پەنا دەبەنە بەر ئەدەبی کۆنیان (هەروەکو برۆڤنسال و برۆتۆن)، ئەو پەنا بردنەش ئەو زمانانە ناگرێتەوە کە کەلەپووری نووسراویان نییە. دیارە پەیوەندیی نێوان نووسراو نەنووسراو دەبێتە

هاوکێشیەکی هێزی زمان، چونکە بە دیدی رۆشنبیریی سەیر دەکرێت. کاتێ تەماشای پۆلێن کردنی فرگیسۆن دەکەین دەبینین تایبەتە بە (دووفاقییێتی)، گشتیان ئەلتەرناتیڤی زمانە نووسراوەکانن لەبەرامبەر ژمارەیەکی کەم نەبێ لە زمانە لۆکالەکانن بۆ نموونە (عەرەبی لۆکال زمانی نووسین نییە، بەڵام یۆنانی میللیی تازە، زمانی نووسینە)، کەواتە ئەو رازاوەییەی لە زماندا کە بە سێ رەهەند ناومان برد دەمانباتەوە لای هەردوو دەستەواژەی (بەیەکەوە ژیانی نێوان زمانی خاوەن کەلەپووری زارەکی و زمانی کەلەپووری نووسراو).

هەروەکو لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسمانکرد، خەڵکەکە لە رووبەڕووبوونەوەی زمانەکاندایە. هاوکات بەرامبەر فرەدۆخەکان دەوەستێ، کەواتە رەگی شەڕی زمانەکان لە فرە زمانییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەها لە شرۆڤە کردنی رۆشنبیریی میللی بۆ ئەو فرە زمانییە. چونکە خەڵکەکە لێکدانەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بەرامبەر ئەو فرەییە دەخەنەڕوو بەر لەوەی رێگەی بەڕێوەبردنی دەستنیشان بکەن.

بەشی چوارەم

هزرڤانانی سەرکەوتن

رەنگە بڕوامان وابێ کە خـەڵك هەمیشـە رووبـەڕووی جیـاوازیی زمـان دەبوونـەوە، زیـاتر مەیلیان بۆ گاڵتەکردن بووە بە داب و نەریتی کەسانی دیکـە، بـەو نـاوەی کـە زمـانی ئـەوان جوانتر بووە، یان سەرکەوتووتر بووە، یان بەرچاو و وردتر بـووە، بـە واتایـەکی دیکـە هـەردەم هەوڵیان داوە لە هەست و توانای بەرامبەر کەم بکەنەوە، بۆیە دەبینین، فلیمی (شەڕی ئاگر) کە ناوبانگییەکی بەرچاوی هەبوو، لەم ساڵانەی دواییدا نمایشکرا و باس لە رکابەریی نێـوان چـەند هۆزێك دەکات کە هەر یەکەیان بە زمانێك قسە دەکەن، ئەو فلیمە لەسەر شاشـە وای پیشـانی بینەر دەدا کە شێوازێك لە شێوازەکانی جیاوازیی زمانەوانی بەرجەستە دەکات، مادام تـۆ وەك من قسە ناکەیت، کەواتە تۆ بە شێوەیەکی سەیر قسە دەکەیت!

گریك و بەربەر و خەڵکی دیکە

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە چۆن کێشەو ململانێ سەری هەڵداوە و ئاسـەواری مێـژوویی لـە ئاکامی جیاوازیی زماندا بەجێ هێشتووە. بۆ نموونە کاتێ باس لە یۆنانیی کۆن دەکەین بە ئاشـکرا مامەڵە کردنی تایبەتی و ململانێی وشە لەگەڵ یەکدیدا دەبینین، گریـك هۆکـارێکی ئاسـانیان بـۆ پۆلێن کردنی جیهان دۆزییەوە، بۆیە هەر کەسێك بە زمانی گریك قسەی نەکردبایە، ئەوا بە نامۆیان لە قەڵەم دەداو بە (بەربەر) یان دادەنا، رۆمانەکانیش ئەو وشەیەیان لەوان وەرگرت، واتا

(نامۆ) چونکە لای ئەوانیش ئەوەی بە گریك قسەی نەکردبایە هەر نامۆ بوو. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە تەنیا دەنگێکی دەربڕیبایە، کە لە دەنگی سروشتیش نزیك ببوایە، لە فەرهەنگی فەڕەنسی کە **(لیتری)** لە سەدەی چواردەهەمدا نووسیویەتی دەڵێ: بەربەر زمانەکەیان زۆر نامۆ بووە هاوکات **(ئەنتۆنیۆ دۆ نبریجیا)** لە کتێبەکەیدا کە دەربارەی ڕێزمانی ئیسپانییە نووسیویەتی:

زمانی بەربەر عەیب بووە، نابێ چاوپۆشیان لێ بکرێت، بۆیەش بەو ناوە دەناسرێ، چونکە گریکەکان هەموو گەلانیان بە بەربەر لە قەڵەم دەدا. لاتینیەکانیش بە هەمان شێوە پێیان وابوو هەموو گەلان بێجگە لەوان و گریك، بەربەر بوون. گوایە کاتێ قسەیان کردووە زمانی ڕەسەنی ئەوانیان شێواندووە، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەر چەندە بەربەر لای گریك و لاتینییەکان نامۆ بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە لە دەمارگیری و چەمکی جوداخوازییەوە سەری هەڵداوە، چونکە بە بۆچوونی ئیسپانییەکانیش کە زمانی خۆیان بەڕەوا دادەنا، ئەم چەمکە هەر کارا بووە.ئەو دەستەواژەیە سەرچاوەکەی لە تێڕوانینی میللیانە بۆ جیاوازی زمانەوانی پەیدا بووە، واتا هەر کەسێك تێی نەگەین یان تێمان نەگات ئەوا سەیرو سەمەرەو گاڵتە جارە، بۆیە دەنگدانەوەی ئەو ریسوا کردنە، لەم ڕۆژانەدا لای زۆر ڕۆشنبیر بەرچاو دەکەوێ، هەروەها لە ڕۆشنبیریی گریکەکاندا و لە کتێبی **(کراتیل)** ی **ئەفلاتون** بەرجەستە کراوە ناوەڕۆکی ئەم گفتوگۆیەش لە کتێبی (کراتیل) دیار و بەرچاوە، گفتوگۆیەکە لە نێوان **(هیرمۆجین)** و **(کراتیل)** ڕوویداوە، سەبارەت بەو زاراوەیە، کراتیل وای بۆ دەچێت کە (قسە دروستی، بەڵگەی خودی قسەکردنە بە شێوەیەکی سروشتی) بەڵام لای هیرمۆجین زاراوەسازییە، کاتێ ئەفلاتون دەیەوێ لێکیان جودا بکاتەوە، دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ هەردووکیان بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستیی باسەکە، دەیەوێت کەم و کورتیی بەرنامەکەیان دەست نیشان بکات، بە بێ ئەوەی کە خۆی ڕێگا چارەیەك بەدەستەوە بدات، ئەفلاتون چەند پرسیارێك ئاراستەی هرمۆجین دەکات کە خاوەنی ڕێبازی زاراوەسازییە تاکو ناچاری بکات کە ناوی هەموو شتێك بە پێی ڕێکەوتن نییە، بەڵکو بە لۆژێکێکی دیاریکراو ناو دەنرێت.

بۆ نموونە ئەفلاتون هەوڵدەدات چەند نموونەیەك کۆبکاتەوە کە هەموویان تایبەتن بە زمانەوانان ئەوانەی وشەکان بۆ بنەچەی میللی دەگێڕنەوە، کاتێ باس لە وشەی (humes) دەکات کە بە واتای (قوڕ) دێت، گوایە لە وشەی (Homme) وەرگیراوە کە مانای (مرۆڤ) دەگەیەنێ، چونکە خودای مەزن مرۆڤی لە قوڕ دروستکردووە، هەروەها وشەی (Parlement)

کە بە واتای ئەنجوومەنی گەل یان پەرلەمان دێت، لە دوو وشە پێکهاتووە، (parler) بە واتـای قسەی کرد، (Mentir) بە واتای درۆی کرد. نموونەیەکی دیکە بۆچـی نـاوی خواوەنـدی دەریـا (Poseidon) بەو ناوە ناونرا؟

وەڵام: چونکە لە نێو ئاودا رێ دەکات و هەڵدەنگوفتێ، بۆیە (Posi- desmas) بە واتـای (رێگری هەردوو پێ) و(Poseidon) کە واتای (ڕووەکێکی دەریای ناوەڕاستە) هاتە ئاراوە.

هیرمۆجین هەرگیز ئەوەی لەبیر نەچووە کە پەنا بەرێت بۆ مەسەلەی دروسـتیی بەڵگـەکانی وشە لە بڕگەکانی یەکەم و دەنگەکانی یەکەمەوە، بۆیە ئامـاژە بـە وشـەی لێکـدراو دەکـات، هەرچی سوکراتە بە شێوەیەکی دیکە وەڵامی ئەم خاڵـە دەداتـەوە لـە میـانی تیـۆری لاسـایی کردنەوەی دەنگەکان: بۆسەلماندنی دروستیی واتای وشەکان پێویستە بە بەڵگە دەنگ و پیتەکان بسەلمێنین پیتی (ر- r) ئاماژەیە بۆ جووڵە، پیتی(i)هەڵخلیسـکان و پـیتی(o) پێچـکردنەوە، پیتی(ت T) راوەستان.. تاد. لەم سەلماندنەدا کە سوکرات بە ئاشکرا بەرگری لە خـۆی دەکـات بەرامبەر بیروبۆچوونەکانی کراتیل، هەندێ هەڵەو کەم و کورتی دەبینین:

- کەم و کورتی و نەزانین لەوەدایە کـە هـەموو زمانێـك، تەنانـەت زمـانی گریـك، پـێش دەکەوێت، ئەو وشەیەی کە بەر لە پێنج سەدە یان بـەر لـە دە سـەدەی رابـردوو بـەکارهاتووە، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و شێوەکەی وەك خۆی نەماوە. وشـەی پەرلـەمان (Parlement) لە(Parler) و(ment) نەهاتووە کە واتای (قسەدەکات) و (درۆ دەکات) دەگەیـەنێت، بـەڵکو لە فرمانی(Parler) هاتووە کە لە لاتینی میللی (Parauler) وەرگیراوە و ئەویش لە زمـانی کەنەسی هاتووە...تاد. لە کراتیلدا نەبوونی هۆشیاریی مێـژوویی بەرچـاو دەکـەوێت، چـونکە پێشکەوتنی زمان، بەڵگەی گەڕانە بە دوای دروستیی وشەو واتاکەی.

- کەم و کورتی و نەزانیی دیکە لەوەدایە کە هەندێ وشە کە گوایە لای گریك بەکارهاتووە و لە رەچەڵەك و بناغەی دروستبوونی زاراوەدا، هەروەکو هیرمۆجین ئاراستەی سوکراتی دەکـات سەلمێنراون و راستییەکە، نابێ نکوڵی لێ بکرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو کاتـە لـە رووی ئایدیۆلۆژیاو هزرەوە هیچ زمانێکی دیکە نەبووە، تەنیا گریـك نـەبێ، بـەڵکو هەنـدێ دەنگـی شاردراوە هەبووە کە بەربەر دەریانبڕیوە. ئەوەی ئەفلاتون باسی دەکات راستییەکی مێژووییە لە بواری نیشانەو هێماکانی زماندا، تا سەردەمی پەیدابوونی **(فدرنیانـد دۆسوسـیر)** لـە سـەدەی بیستەمدا کە سوورە لەسەر بەلاوەنانی ئەو بیرۆکەیە، ئەو بە تیۆرێکی دیکـە دێتـە مەیدانـەوە ئەویش ئایدۆلۆژیای سەرکەوتنە کە بووەتە ناونیشانی ئەم بەشەمان.

دوبللای (DuBellay) و داکۆکی کردن

خەڵکەکە هەستیان دەکرد کە بۆ بەرەو رووبوونەوەی جیاوازیی زمانەوانی پێویستیان بە سەلماندنی نایابیی زمانەکانیان هەبوو، نموونەیەکی سیکۆرالیزمی ئەو هەوڵدانەمان لە بەرامبەر بوونی گریك و بەربەردا باسکرد. لە بەشی دووەمدا نموونەیەکی ئاینییشمان خستە روو لە هەوڵێکدا بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی زمانی عەرەبی لە قورئاندا، لە هەردوو حاڵەتدا ئایدیۆلۆژییەکان راستەوخۆ لە پیادەکردنی کردارەکیدا دەرنەکەوتن، هەروەها مەبەستیان پیشاندانی وێنەی سیاسەتی زمانەوانی نەبوو، بە پێچەوانەی ئەم نموونەیە:

لەساڵی ١٥٤٩دا **جواشیم دوبلای** کتێبێکی چاپکرد تایبەت بوو بە داکۆکی کردن لە فەرەنسی، ئەمەش لە روانگەی بیرو بۆچوونی گرووپێك کە (Pleiade) واتا **(چل چرا)** ناسرا بوون. دواتر نووسەرێکی ئیتاڵی کە ناوی **(سبیرۆن سبریۆنی)** بوو لە ساڵی ١٤٥٢ دا لە فینیسیا، کتێبێکی بە ناونیشانی (گفتوگۆ دەربارەی زمان) بە چاپ گەیاند، لە کتێبەکەدا سبیرۆنی هەوڵیدەدا سەرکەوتنی زمانەکەی خۆی، کە ئیتاڵی بوو، بەسەر لاتینیدا پیشانبدات، بۆیە **(دوبلای)** ئەم مەبەستەی خستە بەرچاوی خۆی و نموونەکەی (سبیرۆنی)ی پێش خۆی بەهەند وەرگرت و تەنانەت هەوڵیشی دا لە سنووری ئەو بچێتە دەرەوە.

لە سەرەتادا لە بەشی یەکەمی کتێبی یەکەمدا: **(بنچینەی زمانەکان)** داکۆکی لە بیرۆکەی یەکسانیی نێوان زمانەکان دەکات (لە بەر ئەوەی هەموو زمانەکان لەیەك سەرچاوەوە وەرگیراون و بنەچەیان یەکە) بەڵام زیاتر دەڵێ: لە راستیدا بە درێژایی رۆژگار هەندێ لەو زمانانە لەوانی دیکە دەوڵەمەنتر بوون، چونکە زۆر بە رێك وپێکی رێکخران، بەڵام ئەم دیاردەیە بۆ سروشتی خودی زمانەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ زیرەکی و لێهاتوویی خاوەن و شاگردەکانیان دەگەڕێتەوە.

هەموو زمانەکان یەکسانن، چونکە بۆ زمانی پێش بابل دەگەڕێنەوە، هەر چەندە ئەگەر هەندێکیان (زیاتر یەکسانترن لە هەندێکی دیکە) ئەم سەرکەوتنەش لەبەر خودی زمانەکان نییە، بەڵکو لەبەر زیرەکیی قسەپێکەرانیەتی، کە توانیویانە پێشی بخەن: زمانەکان لە خۆیانەوە پەیدا نەبوونە، وەك گیاو رەگ و درەخت، هەندێکیان لە رەگ و ریشەیانەوە نەخۆش و لاوازن، هەندێکی دیکە راست و بە هێزن، بە شێوەیەك کە مرۆڤ وێنایان دەکات، بەڵام کارەکە لە بنچینەدا بۆ ویستی خەڵك و هەڵبژاردنیان دەگەڕێتەوە. دەتوانین لە نێوان ئەو برگەیە و برگەیەکی سبیرۆنی حوکم بدەین:

(زمانەکان لە خۆڕا پەیدا نەبوونە، هەروەك درەخت لە گیا پەیدا دەبێ، هەندێکیان لە رەگەزەکەیانەوە نەخۆش و لاوازن، هەندێکی دیکەش راست و بەهێزن، بە شێوەیەك کە مرۆڤ وێنایان دەکات، بەڵام کارەکە لە بنچینەدا بۆ ویستی خەڵك و هەڵبژاردنیان دەگەڕێتەوە) بەهەر حاڵ، لێرەدا نووسەر راستگۆیە کاتێ باس لە یەکسانی نێوان زمانەکان دەکات. لەسەدەی شازدەهەمدا دەمەقاڵییەکی زۆر رووی‌داوە، بە تایبەتی لە نێوان فەڕەنسییەکان و ئەڵمانییەکاندا، کاتێ هەر یەکێك لەمانە، لە هەوڵی ئەوەدا بوو بیسەلمێنێ کە زمانەکەی ئەو نزیکترە لەو زمانەی پێش بابل.چونکە بەم نزیکیەش، بێگومان سەرکەوتنێك وەدەستدێنێ.

کەچی لە بەشی دووەمی قسەکانیدا، دوبلای سوود لە یەکسانی نێوان زمانەکان وەردەگرێت تاکو بیکاتە بەڵگەیەك لە بەرژەوەندیی زمانی فەڕەنسیدا، بۆیە دەڵێ :(هەر چەندە کەمێك گلەیی لە هاووڵاتیانی خۆم دەکەم کە گێل و سەر کێش و سەرەڕۆ بوون، ئەوان هەرچەند لە گریك و لاتینییەکان کەمتر نین، بەڵام گاڵتە بە هەموو شتێك دەکەن کە بە فەڕەنسی نووسرا بێت و رەتی دەکەنەوە. زیاتر لەوەش سەرسامم کە هەندێ لە زانایان وای بۆدەچن کە زمانەکەی ئێمە ناتوانێ ببێتە زمانی ئەدەب و زانست) .

لە کتێبی دووەمدا، ئەو خاڵە گشتییانە جێ دێڵین، بە مەبەستی گەیشتن بە رێگا چارەی گونجاوی مەسەلەکە، واتا داکۆکی کردن لە زمانی فەڕەنسی، داکۆکیی نووسەر زۆربەی لە چوارچێوەی فەرهەنگدا بووە، سەرەتا نووسەر بە هێنانەوەی پاکانەی تیۆری دەستپێدەکات، بۆیە دەڵێ:

(کەس گومانی لەوە نییە، تەنیا ئەگەر بەڕاستی نەزان بێت، یان خاوەن هەست و چێژ نەبێ، کە بزانێت، شتەکان یەکەم جار هەبوونە، دوایی وشەکان بۆناولێنانیان هاتوونەتە ئاراوە، دیارە شتی تازەش ناوی تازەی بە دوای خۆیدا هێناوە) دواتر پەنا دەباتە بەر فەرهەنگ: **(ئەی شاعیری ئایینده، پەنا مەبە بەر داهێنانی وشەی تازە، هەروەها ناوی ناودارانی لاتین و گریك بەکارمەهێنە، چونکە هیچ واتایەکی نییە)** ئەم دەنگە، پەیتا پەیتا بەرز دەبێتەوە، شێوەزاریش گڕ دەگرێ، نووسەریش لە بەشی نۆیەمدا چەند ئامۆژگارییەك لە بواری رێزمان و شێواز دەخاتە روو:

ئەو فرمانە بەکاربێنە کە لە ناو گەردان ناکرێ وەك: **رۆیشتن، گۆرانی گوتن، ژیان، مردن،** ئاوەڵناویش بە ناو بەکاربێنە، وەك (شلە، ئاو) لەبەشی دوازدەهەمدا داوا لە فەڕەنسییەکان دەکات بە زمانی خۆیان بنووسن.. لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بیسەلمێنێ کە فەڕەنسا بەسەر ئیتالیادا سەرکەوتووە:

- ئاووهەوای خۆش و بە پیتی خاك و بوونی جۆرەها میوە.
- ژمارەیەکی زۆری جۆگەی گەورە، دارستانی جوان، شاری گەورە.
- ژمارەیەکی زۆری پیشە و هونەر و زانستی پێشکەوتوو.

(بۆچی ئەوەندە بە خەڵکی دیکە سەرسام بین، بۆچی ئەوەندە بە فیز بین، بۆچی پەنا بۆ زمانی نامۆ بەرین، وەك بڵێی شەرم بکەین لە بەکارهێنانی زمانی خۆمان؟

دواتر دێتە سەر ئەو بناغەیەی کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە نووسین بە زمانی خۆت شەرم نەتگرێ، چی دیکە لەو کەڵەشێرە مەترسن[1] کە زۆر بە خۆی دەنازێ: مانلی[2]، هەروەها لەو خیانەتکارە کامیل[3]، هێرش بردنە سەر ئەو یۆنانە درۆزنە[4]، هەموو ئەو سامان و گەنجینە پیرۆزە بە تاڵان بەرن کە لە پەرستگای دلف دانراوە،[5] بێ ئەوەی ویژدانتان ئازارتان بدات، لەمرۆ بەدواوە مەترسن لەو (ئەبولۆن) ە لاڵەکە، لە درۆیەکانی و لە تیرە کولەکانی.

ئەم دەقە لە لایەن مامۆستایانی زمانی فەڕەنسی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێ، بەڵام بە دەگمەن دەخوێندرێتەوە، کە زیاتر باس لە ناونیشانەکەی دەکرێ، نەك لە ناوەڕۆکەکەی. بەڵام لە واتاکەیدا دوو بوار پیشاندەدات، لە لایەك یەکسانی بوونی فەڕەنسی لەگەڵ لاتینی، کە زمانێکە توانای گواستنەوەی شیعرو زانستی هەیە، لە لایەکی دیکەوە سەلماندنی مێژووی ئەدەبی فەڕەنسی کە لە پێشەوەی ناوبانگ و داهێنان و سەرکەوتندا بووە.

فردنیاند بروتۆ لە کتێبەکەیدا **(مێژووی زمانی فەڕەنسی)** ئەو کارەی (دوبللای) کردوویەتی، بەوە لە قەڵەم دەدات کە تەنیا داکۆکی لە زمانی خۆی کردووە، بۆیە پێویستە دانی پێدا بنرێت، هەتا ئەگەر کارەکە سوودیشی نەبووبێت. سوودەکە لەوەدایە کە (دوبللای) کاتێ داکۆکی لە زمانی فەڕەنسی دەکات، پێویستی بەوە بووە هێرش بکاتە سەر زمانەکانی دیکە، بۆیە ئەگەر ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ، پێویستە ئەم دەقە بخرێتە چوار چێوەی سیاسییەوە، بەبێ رەچاوکردنی ئەو لایەنەی کە تایبەتە بە دەمەقاڵی لەسەر ئەوەی کام زمان

---

(١) داستانی ئەو کەڵەشێرە پیرۆزە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو رووداوەی کە کاتێ گەلی گۆل هێرشیان دەکردە سەر کاپیتول، ئەو دەیخوێندو رۆمای لە هێرشەکە رزگار دەکرد.

(٢) مانلی: ئەو پاڵەوانەیە کە کاپیتۆلی بە دەنگی کەڵەشێرەکە رزگار کرد.

(٣) کامیل: گەلی گۆلی لە برنیۆس بەزاند.

(٤) یۆنان وڵاتی فەلسەفەیە، بۆیە بە درۆزنیش ناسرا بوو.

(٥) پەرستگای ئەبۆلۆن، کە وەڵامی داهاتووی دونیای بۆ خەڵکەکە تێدا دەدایەوە.

پێش بابل هەبووە، دیارە(دوبللای) و ئەوانی پێش ئەویش، هەر ویستوویانە بیسەلمێنن کە زمانی فەڕەنسی بەسەر هەموو زمانەکانی دیکەی ئەوروپیدا سەرکەوتووتر بووە. دەبێ ئەو راستییەش بزانین کە بەر لە دەرچوونی کتێبەکەی (دوبللای) بە دە ساڵ، واتا لە ١٥ی مانگی ئابی ١٥٣٩دا شا فرانسوای یەکەم بڕیارێکی بە ناوی (فیلاو- کوبری) دەرکرد تایبەت بە دادگا، کە لە هەردوو ماددەی (١١٠-١١١)دا دەڵێ کە فەڕەنسی زمانی دادگا بێت، ئەمەش مانای وایە کە فەڕەنسی شوێنی لاتینی و زمانەکانی دیکەی ناوخۆی فەڕەنسا دەگرێتەوە، کەواتە فەڕەنسی، بوو بە زمانی دەوڵەت، لێرەدا دەبێ سەیری کتێبەکەی (دوبللای) بکرێت کەواتە نووسەر لەگەڵ (روشار) و (باییف) و (گۆدیل)دا لەیەك رێبازی ئەدەبیدا بەشدارن، کەواتە کتێبەکە (هونەری شیعرە) بەڵام لە هەمان کاتدا دەچێتە قاڵبی ئایدیۆلۆژیای شەڕی زمانەوانی لە رووبەڕووبوونەوەی ناوخۆدا (بە سەپاندنی فەڕەنسی لە فەڕەنسا وەك زمانی دەوڵەت) و لە دەرەوەش (سەلماندنی سەرکەوتنی زمانی فەڕەنسی بەسەر زمانەکانی دیکە کە زمانی دەوڵەتانن).

ریڤارۆل و جیهانیی بوونی زمانی فەڕەنسی

لەبەر چەند هۆیەك کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژەیان پێ دەکەین، بازێکی مێژوویی گەورە دەدەین و راستەوخۆ دەچینە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، کاتێ کە ئەکادیمیای بەرلین لە شەشی مانگی حوزەیرانی ١٧٨٢دا ئەم بابەتەی بۆ پێشبڕکێی ساڵانەی خۆی هەڵبژارد:

چی وای کردووە زمانی فەڕەنسی ببێتە زمانی جیهانی لە ئەوروپا؟

چی وای کردووە شایانی ئەم پێشڕەوییە بێت؟

کەواتە دوای دوو سەدە لە شاڵاوی بەناوبانگی (دۆبللای)، ئەکادیمیایەکی بیانی، زمانی فەڕەنسی بە بناغەیەکی جیهانی دادەنێ و زمانەکەش بە زمانی جیهانیی لە ئەوروپا لە قەڵەم دەدا.

لەڕاستیدا، ئەکادیمیای ئەڵمانی شتێکی تازەی دانەهێناوە، مۆنتسکیۆ لە ساڵی ١٧٢٨دا دوای گەشتێکی بۆ ڤیەننا دەڵێت:(زمانەکەمان دەتوانێ ببێتە زمانی جیهانی) هەروەها مۆبرتۆیس لە ساڵی ١٧٥١دا نووسیویەتی: (زمانێکی جیهانیی ئەوروپایە)، لە کتێبێکدا کە ساڵی ١٧٦٢دا چاپی کردووە، دەڵێ: (خەریکە دەبێتە زمانێکی سروشتی و پێویست بۆ

بیانییەکان)، فۆلتێریش لە کتێبەکەی **(سەردەمی لویسی چواردەهەم)**دا دەڵێ: **(زمانەکەمان بووەتە زمانی ئەورووپا)**، ئینسکلۆپیدیاش لە بابەتی (زمان)دا دەڵێ: بە راستی ئەم زمانە بەختەوەرە چونکە لە هەموو کۆشك و دیوانی پاشاکانی ئەورووپادا قسەی پێ دەکەن، هەروەك چۆن لە کۆشکی فرسایش پێی دەئاخفن..

ئەگەر گریمان و راست بێت کە زمانی فەڕەنسی پلەو پایەیەکی بەرزی لە ئەدەب و دیبلۆماسییەتدا هەیە، هەروەها ئەگەر بۆرژوازییەکانی ئەورووپا بەم زمانە قسە دەکەن، لە زۆربەی قوتابخانەکانیشدا دەخوێندرێ، نابێت ئەو تێڕوانینە نموونەییانە بە هەند وەربگرین بێ ئەوەی لە رێژەکەی ورد نەبینەوە. چونکە بلاوبوونەوەی فەڕەنسی هەروەك ئینسکلۆپیدیا نووسیویەتی: تایبەتە بە کۆشکی پاشاکان و بۆرژوازیان و دەسەلاتداران، مایەی گەشبینیشە کە وای دابنێین زمانێکی جیهانییە، لە کاتێکدا کە زمانی زۆرینە نەبووە لەناو فەڕەنساشدا. بۆ دڵنیا بوون لەم مەسەلەیە، دەتوانین دوای چەند ساڵێك بگەڕێینەوە بۆ ئەو راپۆرتەی **پاپا گریگوار** لە بەردەم کۆمەڵەی دامەزراندن لە بیست و هەشتەمی مانگی ئایاری ١٧٩٤دا بە هەمان ئاواز دەیخوێند: (ئەگەر زمانەکەمان ئەو پلەو پایەی هەبێت لای داگیرکەران و لای خاوەن شکۆ و دەسەلاتداران کە پاشایەتیی فەڕەنسا گشت هاوکارییەکی هونەری و ئەدەبی پێشکەشدەکردن، ئەوا ئەو پلەو پایەیە چییە کە لای تاکەکانی کۆمەڵ هەیەتی، دوای ئەوەی کۆماری فەڕەنسا گشت مافەکانی بۆ دابینکردن و رێگای ئازادیی بۆ ئاسان کردن ؟).

لەم راپۆرتەدا زمانی جیهانی دەبێتە زمانی ئازادی، بەڵام گریگوار لە نووسینێکی دیکەدا روونی دەکاتەوە کە: (بە بێ زێدەڕۆیی دەتوانین دووپاتی بکەینەوە کە لایەنی کەم، شەست ملیۆن کەس لە فەڕەنسییەکان، بە تایبەتیش لە گوندەکاندا، زمانی نیشتمانیی خۆیان نازانن، لە کۆتاییشدا ژمارەی ئەوانەی ئەم زمانە دەزانن لە (٣) ملیۆن رەت ناکات، تەنانەت ژمارەی ئەوانەی بە دروستی پێی دەنووسن لەوە کەمترە.

با بگەڕێینەوە بۆ پێشبڕکێیەکانی ساڵی ١٧٢٨، ئەکادیمیای بەرلین (٢١) یان (٢٢) وەڵامی پێگەیشتووە، سەرچاوەکان دەربارەی ئەم لایەنە جیاوازن، لەوانە هەژدەیان هەڵگیراون، خەڵاتەکەش لە نێوان دوو وەڵامدا دابەشکرا، یەکێکیان بە ئەڵمانی بۆ(جان کریست شواب)(١٧٧٣- ١٨٢١) و دووەمیان بە فەڕەنسی بۆ (ئەنتوان ریڤارۆل)(١٧٥٣- ١٨٠١) بە ناونیشانێکی بە ناوبانگ **(وتارێك سەبارەت بە جیهانی بوونی زمانی فەڕەنسی)** ی(فردیناند

برۆنۆ) كە شارەزایی لە (١٦) دەستنووسە پارێزراوەكە لە بەرلین هەبووە، ئەو شیكردنەوەیەی خستە روو كە ئەم بوارانە لە خۆ دەگرێت:

- نۆ وەڵامی نووسراو بە ئەڵمانی، حەوتیش بە فەرەنسی (لەوانە هەندێكیان كە لەلایەن گرووپێك نووسرا بوون كە بە شێوازی خۆیان نووسیبوویان، فەرەنسی زمانی دایكیان بوو)، دەتوانین كاریگەریی ئەو (جیهانی بوونە) ببینین، بێ ئەوەی كە ئەوە لە بیربكەین كە هەر چەندە ئەو پێشبڕكێیانە لە ئەڵمانیا ئەنجامدراون بەڵام پەیوەندییان بە زمانی فەرەنسییەوە هەیە.

- برۆنۆ تا رادەیەكی زۆر، ئاماژە بە بابەتیانەی چاپكردنی ئەم نامانە دەكات، هەروەها پاڵێوراوان هەوڵیانداوە وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكی دوژمنكارییان بەرامبەر بە فەرەنسا پێوە دیاربێ.

- هەندێ وەڵام گلەیی لە بیرۆكەی خودی جیهانیی بوون دەكات، ئاماژە بەوە دەكات كە زمانی فەرەنسی بەبێ گومان، فراوانترین زمانی بڵاوبووەوەی ئەورووپییە، بەڵام ئەو فراوانییەی لەسەر ئاستی جوگرافیا سنووردارە (خەڵكەكە لە پۆلۆنیاو هەنگاریا قسەی پێ ناكەن، لە پورتوگالیش ژمارەیەكی كەم)، لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتیش (ئەستەمە بە دوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین كە زمانی فەرەنسی كرد بە زمانێكی گشتیی لە ئەوروپا) ئەمەیان یەكێكیان نووسیویەتی.

- پاڵێوراوان چەندین هۆ دەخەنە روو بۆ لێكدانەوەی پلەو پایەی زمانی فەرەنسی، لەوانە: تیشكدانەوەی رۆشنبیریی و ئەدەبی فەرەنسی، هەلومەرجی سیاسی، بە تایبەتیش رۆڵی لویسی چواردەهەم و گەریدەكانی فەرەنسا لە دەرەوە، هەڵاتووەكان، كۆچبەران لە پرۆتستانتە فەرەنسیەكان، هەندێ هۆی دیكەش.

- هەندێكیان لە كۆتاییدا هۆیەكانی ئەو (جیهانی بوونە) بۆ خودی زمانی فەرەنسی دەگێڕنەوە، هەروەها بۆ شێوازەكانی، ئاماژەش بە رۆڵی گەورەی ئەكادیمیای فەرەنسی و فەرهەنگەكەی دەكرێت. كە زمانی فەرەنسی بە زمانێكی سادەو ئاسان دادەنێت و دەتوانرێت زوو فێری بن و قسەی پێ بكرێ. یاخود زمانێكی نایاب و بەرزە و، تەنانەت رێزمان و رێساكانی روون و ئاشكران، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ **(ریڤارۆل)** كە دەڵێ: (ئەوەی روون نەبێت فەرەنسی نییە) ئەو دەستەواژەیە كە مێژوو پاراستوویەتی، لە ئەنجامی بەدواداچوونێكی زۆرەوە هاتووەتە ئاراوە، دەتوانین لە دوو قۆناغدا كورتی بكەینەوە:

لە قۆناغی یەكەمدا:(ریڤارۆل) باس لەوە دەكات كە چۆن فەرەنسی پلەو پایەی زمانی جیهانی وەرگرتووە، بۆچی زمانەكانی دیكە نەیانتوانیوە وەك ئەو بن (زمانی ئەڵمانی،

ئیسپانی، ئیتالی، ئینگلیزی) یاخود رکابەریی بکەین، هۆی ئەمەش بە قسەیەکی پڕوپووچ دەهێنێتەوە: **(ئەدەبی ئینگلیزی لە شاوسیرەوە تا میلتۆن و تا دەگاتە شکسبیر، شایانی ئەوە نییە هەر سەیریشی بکرێت!)** دواتر چەند بەڵگەیەك دەخاتە روو کە لە بەرژەوەندیی زمانی فەڕەنسیدایە، بگرە لە بلیمەتیی ئەدەبەکەیدایە، تا گەورەیی لویسی چواردەهەم، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن فەڕەنسی پێشکەوتنی بەرچاوی لە بەرامبەر زمانەکانی دیکە بە دەستهێناوە، کە ئەمەش مافی برا گەورەی پێ بەخشیوە (ئەم دەستەواژەیەش ریڤارۆل گوتوویەتی).

لە قۆناغی دووەمدا: باس لەوە دەکات چۆن زمانی فەڕەنسی توانیویەتی پارێزگاری لە پێشکەوتنەکەی بکات: ئەوەش بە هۆی بلیمەتیی تایبەتیی خۆیەوە، بەڵگەشی ئەوەیە کە خەڵکەکە لە ناکۆکیی هەمیشەییدان لە نێوان لۆژیك لە لایەك و سۆز لە لایەکی دیکەوە. ئەو سۆزەش وا دەکات کە (کراو) لەیەکەم ریزدا دابنێین کە هەست دەوروژێنێ، بەڵام لوژیك پاڵ بە (بکەر)ەوە دەنێ کە لە یەکەم ریزی دابنێین، دواتر (فرمان) بۆیە (کراو) لە دوا قۆناغدا دێت، بە تەواوی هەروەکو لە ریزمانی فەڕەنسیدا هەیە، هەندێ زمانیش هەیە ریزبەندی سۆز پەیڕەو دەکات، بۆیە ریزمانەکەی گەندەڵە، بەڵام زمانی فەڕەنسی، ریزمانەکەی لۆژیکە: (زمانی فەڕەنسی تەنیا زمانە بەوەفا بووە بەرامبەر ریزبەندیی لۆژیك، لەبەر ئەوەی نایاب و پێشەنگ بووە، بۆیە ریزمانی فەڕەنسی دوور بووە لە گەندەڵی، هەر ئەمەشە بناغەی نەمریی زمانەکەمان، کەواتە ئەوەی روون نەبێت فەڕەنسی نییە)

بیرۆکەی ریزبەندی لۆژیکی، بیرۆکەیەکی سەرکەوتوو نییە، ئەمە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی لە کتێبی (ریزمانی گشتی بەڵگەدار) کە بە **(بۆررویال)** ناسراوە. ئەم بیرۆکەیشی وەك رێ نیشاندەرێك بۆ بەرژەوەندی زمانی فەڕەنسی بۆ چەندین ساڵ بەکاردێت. بۆیە زۆر زەحمەتە قبووڵبکرێ کە زمانێك دەتوانێ بەسەر زمانێکی دیکەدا سەرکەوتوو بێت. ئەگەر مرۆڤ لەم باسە بڕوانێ، دەگاتە ئەو راستییەی کە ئەمەیان لە روانگەی دەمارگیریی رەگەز پەرستیی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هزرڤانانی شەڕ

پێشتر بەشێکمان لەو کتێبە تەرخانکردبوو بۆ پەیوەندیی نێوان (تیۆری زمان و ئیمپریالیزم)، بۆیە لە لاپەڕەکانی پێشوودا چەند دەقێکمان شیکردەوە و رێگا چارەشمان بە خێرایی بۆ روونکردەوە، (هەروەکو لە دەقی کراتیل باسکرا) هەروەها وتارێکمان هێنایەوە سەبارەت بە جیهانی بوونی زمانی فەڕەنسی، وێڕای ئەمە، ئەم دەقانەمان هێنایەوە چونکە بۆشاییەك لە ناو هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا پڕ دەکاتەوە، هەر چەندە دەنگدانەوەی ئەمە سوودی نییە، چونکە لە کاتێکدا زۆر کەس پێیان وایە کە زمانی فەڕەنسی هەڕەشە لێکراوە.

کەواتە لە(دوبللای)ەوە هاتینە لای (ریڤارۆل) لە سەدەی شازدەهەمەوە بۆ هەژدەهەم، هەر چەندە، بەڵگەنامەیەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو دەقەدا هەیە کە بە هەمان ئاراستەن، ئاراستەی سەرکەوتنی زمانێك بەسەر چەند زمانێکی دیکە، بۆیە ژمارەی نموونە زۆر گرنگ نییە، ئەگەر گشت ئەو بابەتانە یەك مەبەست بپێکن.

پرۆگرامی بەرامبەر بوون لە نێوان زمانەکاندا، جۆرە نزیك بوونەوەیەکە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر بە هێواشی پەرەی سەندووە، یارمەتی ئەوەی دایـن کە بزانین چۆن زمان پێشکەوتووە، لێرەدا پێویستە هەنگاوی بوێرانە هەڵێنین بۆ بنیادنانەوەی (شێوەی زمانە کۆنەکان)، بۆیە بە هۆی توێژینەوەی بەرامبەربوون، توانیومانە شێوەی ئەو زمانە بێنینەوە یادمان کە ئێستا ئاسەواری نەماوە وەکو هیندۆ- ئەوروپی، هەروەها یاساکانی دەنگ بزانین کە لێکدانەوەن بۆ چۆنێتیی گۆڕینی دەنگەکانی زمانی دایك بۆ لقەزمان. بەڵام ئەو بەراوورد انەی ئاماژەمان پێکردن (لە لای دۆبللای و ریڤارۆل...) ئەم ئەرکەیان بە جێ نەگەیاندووە، چونکە پشتی بە توێژینەوەی زانستی نەبەستبوو، بەڵکو هەوڵێك بوو بۆسەلماندنی ئەو دەستەواژەیەی کە دەڵێ: هەموو زمانەکان یەك بەهایان نییە، بە کورتی، زمانی بەرز و زمانی نزم هەیە.

بەم شێوەیە بەراوردکردن لە نێوان زمانەکانی ئەوروپاو زمانەکانی جیهانی سێیەم ئەنجامدراوە، ئەم بەراوردکردنەش رۆڵی گرنگی هەبووە لە ئایدیۆلۆژیای ئیمپریالیزم، هاوکات بەراورد بووە لە نێوان خودی زمانەکانی ئەوروپاشدا، ئەم بەراوردەش بەدەر نەبووە لە جۆرەها کێشەو ململانێ، کە مێژووی گەلانی رۆژئاوایان لە یەکدی جیا کردۆتەوە، ئەو دەمەقاڵییەی سەبارەت بە زمانی پێش بابل هاتە ئاراوە، دەمەقاڵییەکە سەدەی شازدەهەم دەبەزێنێ راستەوخۆش بەندە بە کێشەی بنەماڵەی **(ڤالوا)** و **(هابزبۆرگ)**ەوە. مرۆڤ ئەگەر لە پەیوەندیی کردنی زمانەوانیدا بە شێوازی فرەزمانی هەڵسوکەوتی کرد، لە هەمان کاتدا ئەم فرەییەی بە

ڕەفتارێکی ناشیرین و چەوت گرتە بەر، کەواتە لە بناغەدا خۆی بۆ ئاگری شەڕێکی زمانەوانی ئامادە دەکات کە ئایدیۆلۆژیای ئایینی و شارستانی ڕۆڵی داگیرسانیان هەیە، چونکە جیاوازیی نێوان زمانەکان دەکەوێتە چوارچێوەی پاشکۆیەتی، چونکە زمانی دیکە بە زمانی ژێر دەستەو پاشکۆ داد ەنرێت، تەنانەت، هەروەکو لای گریك هەیە، بە زمانیش لە قەڵەم نادرێ. ئەم شەڕەش، شەڕی تیۆرییە، بەڵام هەروەکو دواتر دەبینین، شەڕێکە بە چەندین ئاراستەدا پەرەدەسێنێ، لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتیشەوە بەکاردەهێنرێت، بۆشمان دەردەکەوێ کە ئەم شەڕە بەندە بە خودی فرە زمانییەوە، چونکە مرۆڤ بە ناچاری نەبێ کێشەو جیاوازی قبووڵناکات.

دەروازەی دووەم

گۆڕەپانی شەڕ

بەشی پێنجەم

زمانی تایبەت و زمانی بڵاو

هەموو شێوەکانی زمان کە بەکاریان دێنین، چ زمانی جیاواز بن یان شێوەزاری هەمە جۆری یەك زمان، لە نێوان دوو جەمسەردا بڵاو دەبنەوە، لە ژێر ئەو دوو جەمسەرەشدا چەندین ئەرکی گرنگ هەن: جەمسەری زمانی بڵاو لە لایەك، کە جەمسەرێکە شێوەزارەکانی زمان دەستنیشان دەکات کە ئێمە هەڵیاندەبژێرین، کاتێ دەمانەوێ پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین ژمارەی خەڵك ببەستین، هەروەها لە لایەکی دیکەوە جەمسەری زمانی تایبەت، ئەویش جەمسەرێکە کە پێچەوانەی جەمسەری یەکەم، دەستنیشانی ئەو شێوەزارانە دەکات کە دەمانەوێ لەگەڵ کەمترین خەڵکدا پەیوەندی بکەین، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی خۆمان و سنووری کۆمەڵ.ئەو دوو چەمکەش

(چەمکی تایبەت و چەمکی بڵاو)ن کە لەگەڵ بارودۆخی فرەزمان و لە هەمان کاتدا لەگەڵ بارودۆخی تاکزمانیشدا دەگونجێن.

جەمسەری تایبەت

بۆ فرمانی (تایبەت) وشەی (Gregair) ی لاتینی بەکارنایەت کە بە فەرەنسی مانای (مێگەل) دەگەیەنێ، ئەمەش سووکایەتی کردنە بە خەڵك کە بە (مێگەل)ی دەچوێنین، بەڵکو بۆ گوزارشت کردن لە بیرۆکەی خۆبەدەستەوەدان دێت، زمانی تایبەت، یان زمانی مێگەل! زمانی کۆمەڵێکی کەمی خەڵکە کە لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی مرۆڤ مامەڵە دەکات، شێوازەکەشی بریتییە لەوەی کە مەبەستی دانانی سنوورێکە بۆ بڵاوبوونەوەی، هەروەك لە شێوەزاری هێمادارداا دەردەکەوێت، یان شێوەزاری ئەو کۆمەڵە کەسانەی کلیلی تایبەتیان لە زماندا هەیە، بۆ دەستخەڕۆکردنی خەڵك واتاکان دەشارنەوە، نموونەش شێوەزاری **لارگۆنجی و**

فیرلان، کە مەبەست لەم گۆڕانکارییانەش تا رادەیەك کەم کردنەوەی مەودای پەیوەندییە لەگەڵ خەڵك و بەردەوام نەبوونە لەگەڵ زمانی نەوەکانی دواتر. دەتوانرێت بۆ نموونە، لە چوارچێوەی فرە زمانیدا، هەردوو زمانی کەرتی بریتۆن و کەرتی کۆرسیکای فەڕەنسی بە دوو زمانی (تایبەت) بە بەراوردی فەڕەنسی دابنێین، بەڵام لە چوارچێوەی تاك زمانیدا خودی زمانی کۆرسیکا ببێتە زمانی بڵاو، کە چەندین شێوەزاری تایبەت لە ناوخۆیدا، لە خۆ دەگرێت (زمانی تایبەت بە چەند خێزانێکی دیاریکراو، ناوچەی دیاریکراو، تەمەنی دیاریکراو..) دەتوانرێت هەمان شت بگوترێت سەبارەت بەو فەڕەنسییانەی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاردەکەن و لە کارەکانیاندا زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن، ئەوانە لە نێو خۆیاندا بە زمانی فەڕەنسی دەدوێن لە بەرەو رووبوونەوەی زمانی ئینگلیزیدا، ئەو کاتە ئەرکی زمانی فەڕەنسی دەبێتە زمانی مێگەل، واتا ئەرکی زمانی تایبەت. بەڵام کاتێ دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان شێوەزاری تایبەت لە زمانی فەڕەنسی بەکاردێنن، ئەرکی ئەو شێوەزارە تایبەتانە لەناو خێزاندا دەبێتە زمانی مێگەل بە بەراورد لەگەڵ زمانی فەڕەنسیدا، واتە ئەرکی زمانی (تایبەت) لە خێزاندا. هەروەها منداڵان لەناو هەمان خێزاندا چەندین شێوەزاری تایبەت بۆ جیاواز بوون لە کەس و کاریان بەکاردێنن. کەواتە ئێمە هەموومان دووچاری فرە زمانی دەبینەوە، کاتێ خۆمان دەبینە تاکزمان. مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە، هەتا ئەگەر لە چوارچێوەی یەك زمانیشدا بین، کە زمانی خۆمانە، بەڵام شێوەزاری دیکەی ئەو زمانە بەکاردێنین. واتە هەر یەکێك لە ئێمە وشەی زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ ژمارەیەکی کەمدا قسەی پێ دەکەین، هەندێکیان بۆ ئەندامانی خێزان، هەندێکیش بۆ نەوەیەك یان دۆستەکانمان. جاری واش هەیە هەندێ نازناوی تایبەت لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا بەکاردێنین، خۆ زۆر لە ئێمە لە منداڵیدا هەندێ وشەمان بە هەڵە گۆ کردووە، بۆیە هەتا گەورەش دەبین، هەر بە بیرمان دێننەوە.

با نموونەیەکی باو وەربگرین، خێزانی **جان پۆل سارتەر** لە کاتی لاویدا بە(**بۆلۆ**) بانگیان دەکرد، ئەو خۆشی بە (**سیمون دۆبۆنوار**)ی دەگوت (**کاستور**)، ئەمەش بە یاریکردن بە وشەی لە یەکدی نزیك کە (بۆنوار) و (بیفر) کە بە زمانی ئینگلیزی بە واتای (**سەگی ئاو**) دێت، دیارە ئەوان لەگەڵ هاوڕێکانیاندا زمانێکی تایبەتییان پێکهێنا بوو. بۆیە دەبینین سارتەر بۆ دەستگیرانەکەی دەنووسێت: (**گوڵە بچکۆلەکە، ئەسمەری خنجیلانەی دڵڕفێن**)، ئەو فەرهەنگە تایبەتە، بە دەیان وشەو زاراوەی نامۆ و تایبەتی تێدا نووسراوەتەوە.

ئەم نموونەیە، بۆ هەموو گرووپ و خێزان و ئەندامانی بنەماڵەیەك دەشێ، چونکە هەریەکە لە ئێمە لە بیرەوەری و یادگاریەکانیدا دەیان وشەو زاراوەی تایبەت هەن، وێڕای جیاوازیی زمان، کەچی بەکارهێنانی هەریەکەیان لە جێی خۆیدایە.

جەمسەری بڵاو

لە بەرامبەر ئەرکە جیاجیاکانی زمانەوانیدا، جەمسەری بڵاو پەنا دەباتە بەر چەندین شێوازی جوداجودا وەك جەمسەری تایبەت، بۆیە کاتێ دەبینین شێوازی زمانەوانیی تایبەت بە زمانی (مێگەل) ژمارەیەکی کەمی خەڵك لە خۆ دەگرێ، ئەوا جەمسەری بڵاو، ئەرکەکەی فراوانتر دەبێت بە شێوەیەك کە ژمارەیەکی زۆر دەخاتە چوارچێوەی پەیوەندی و بەیەك گەیشتن، دیارە ئەم لەیەکدی نزیك بوونەوەیە، زمانێکی دیکەی تێکەڵ دروستدەکات، کە بەرهەمی تێکەڵی و نزیکیی نێوان قسەکەرانی چەندین زمانی جیاوازە، بۆیە دەبینین بەم شێوەیە زمانی ئینگلیزیی تێکەڵ، سەری هەڵداوە، کاتێ هەردوو زمانی ئینگلیزی و چینی بەیەك گەیشتوون لە ئاکامی بزاڤی بازرگانی، بناغەیەکی زمانەوانی چینی و وشەی ئینگلیزی، کاتێ تێکەڵ دەبن و وشەیەك دێتە ئاراوە، بۆ نموونە وشەی (pidgen) کە واتای (زمانی تێکەڵ) دەگەیەنێ، هەمان وشە گۆڕدراوی وشەی **(بزنس)**ی ئینگلیزیە، لێرەدا ئەرکی زمانی تێکەڵ دەردەکەوێت، بۆیە هەردوو گرووپی زمانەوانی، ئەم زمانە تێکەڵەیان بەکاردەهێنا کاتێ مەبەستیان بەیەك گەیشتن و پەیوەندی بووایە، بەڵام هەریەکێك لەوانە، بێگومان لە دەرەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە دیاریکراوەدا بۆ زمانی تایبەتیی خۆیان (مێگەل، تایبەت) دەگەڕانەوە.

لە هەندێ شوێنی دیکەدا، ئەرکی بڵاوکراوەی شێوازی زمان بۆ ئەم مەبەستە بەرجەستە ناکرێ، هەروەکو لە زمانی تێکەڵدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو زمانێك لە زمانەکان، پلەکەی بەرز دەبێتەوە تا دواتر دەبێتە زمانی بڵاو، بەڵام ئێستا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، کە ئەو دوو ئەرکەی(تایبەت و بڵاو) کە قسەکەر ناچار دەکات لە نێو کۆمەڵێك زماندا رزگاری ببێت، بخەینە روو، چونکە گوزارشت لە ویستی ئینتیما دەکات، دەبێتە نیشانەو هێمایەك سنووری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات، بۆیە قسەکەر شوێن و پایەی خۆی دەزانێ، هەروەها لەو سنوورە دەوەستێ کە چۆن بە ئارەزووی خۆی شێوازی ئەو زمانە هەڵدەبژێرێ کە مەبەستیەتی. جاری وا هەیە ئەو دیاردەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کاتێ دەنگ و شێوەی قسەکردنی ناوچەیەك روون دەبێتەوە، یاخود وشەی زمانی گشتیی تێکەڵ بە زمانی پەتی

دەکرێت. یانیش بەکارهێنانی زمانێکی دیکە لە بواری فرەزمانیـدا. بۆیـە لـە نێـوان ئـەو دوو جەمسەرەدا- جەمسەری زمانی مێگەل، واتا زمـانی تایبـەت و جەمسـەری زمـانی بـلاودا، چەندین ئەگەری دیکە هەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانەوانیی

نموونەی پیاوێکی چیاکانی ئەلب (گاڤۆ)

لە سەردانێکماندا بۆ دۆڵی گۆردۆلاسك کـە کەوتووەتـە خـواروی شـاری (نـیس)ەوە، لـە پیرێژنێکمان پرسی کە زمانەکەی **پرۆفنسالی** بوو، لێمان پرسـی چـۆن دەڕوانیتـە زمـان؟ واتـە هەستی زمانەوانی چۆنە؟ یەکەم شتی گرنگ لە وەڵامەکەی ئەوە بـوو کـە زمـانی پرۆفنسـالی گوێ لێ نەبووە (بەو ناوەی ئێستای)، بەڵام ئەو پیرەژنە بە شێوەزاری لۆکـال (گشـتی) قسـەی دەکرد، واتە بە زمانی (تایبەت)، زمانی مێگەل لە لایەك و زمانی فەڕەنسی واتا زمانی بلاوی ئەو وڵاتە لە لایەکی دیکەوە.

بەڵام پرسیارکردنمان لەو پیرەژنە و بـەراوردکردن لـە نێـوان شـێوەزاری لۆکـاڵ لـە لایـەك و زمانەکە لە لایەکی دیکەوە، زۆر بێ مانا بوو، بـەڵام ئـەو پیرەژنـە زیـاتر سـووڕ بـوو لەسـەر یەکێتیی زمانی فەڕەنسی کە بە پێچەوانەی بەش بەشکردنی زمانی پرۆفنسـالی دادەنـا، بۆیـە شێوەزارە لۆکالەکەی خۆی پـێ باشـتر بـوو لـە شـێوەزارەکانی دیکـە، هـەر چـەندە لـەوانیش دەگەیشت، ئەو پیرەژنە هەندێ زانیاریی دیکەی پێداین، بۆ نموونە: بە هەنـدێ کەسـی ناوچـەی (**لانتۆسك**) یان دەگوت (کۆگۆردێە) کە شێوە زمانەکـەیان کۆگـۆردی بـوو (**لەبـەر ئـەوەی بـە خواردنی کوولەکە ناسراون**)، بە خەڵکی ناوچەی (پۆلین) یان دەگوت (ئەمۆیان) واتـا **کـەرەوزی وشك**، بە خەڵکی (سان مارتان) دەگوت (تۆتشی) کە بە واتای (**منداڵە وردکە**) دێت. هەروەها بۆی روونکردمەوە کە خەڵکەکە لە گوندەکەی بە (بلفیدر) ناسرابوون کە بە مانای (**قۆچی بزنـە کێوی**) دێت، دیارە ئەو ناوچـانەی باسمـانکردن هـەموویان دەکەونـە بازنـەی رووبـەرێکی سـی کیلۆمەتری، بەڵام ئەو پیرەژنە دەیگوت: جیاوازیی زۆر لە نێوان شێوەزارەکاندا هەیـە، ئـەویش زۆر شانازی بە شێوەزاری پرۆفسنالی دەکرد. جارێکیان گوێمان لە دەمەتەقێیەك بوو بە زمـانی فرۆفسنالی لە نێوان یەکێك کە خەڵکی (نیس) بوو و ئەوی دیکەشیان خـەڵکی (گـراس) بـوو، هەریەکەیان گاڵتەیان بەوی دیکە دەکـرد بـە تایبـەتیش لـە واتـای (**گسـك**)!، یەکـەمیان بـە (**لاسکۆیا**) ناوی دەبرد، ئـەوی دیکـە پێـی دەگـوت (**لاراماسـا**). لـەو دوو نموونەیـەدا بۆمـان دەردەکەوێت: کە چۆن دوو زمانی تایبەت، تێکـەڵ بەیەکـدی بوونـە، وا دیـارە شـێوەزارەکانی

زمانی پرۆفسنال لە قورگی لۆکالیدا نووقم بووە، بە هەموویان دەیانەوێ بە رووی زمانی یەکگرتووی فەڕەنسیدا بوەستنەوە. لەم جۆرە پەیوەندییانەدا، یەکێتی و هەمەجۆری، راستی و خەیاڵ، دەبنە هەوێنی دوژمنایەتی، واتا مەرجەکانی شەڕێکی هەمیشەیی شێوەزارەکان دێتە ئاراوە. بۆیە هەر چەندە ئاستی نێوان (کۆگردێە) و (ئەمۆیان) و (تۆتشی) و (ئەلبان) بگاتە ئەو پەڕی جیاوازی، بەڵام هەموویان لەیەك سەرچاوە یەکدەگرنەوە واتا لە ژێر یەك نا، ئەویش **(گواتش)**ە، کە بە هەموو دانیشتوانی ناوچە شاخاویەکە دەگوترێ.

بە شێوەیەکی گشتی، بە چیانشینەکانی ناوچەی برۆفانس دەگوترێت **(گافۆ)** کە بە زمانی (لانگدۆك) بە واتای (شاخاوی) دێت لە ناوچەی (لۆزیر)، بەڵام وشەی (گافاش) کە هەر واتاکەی (شاخاوی)یە لە ناوچەی گاسکۆنیا، وشەی (گاباش) لە کاتالۆنیا بە واتای (نۆك) دێت، هەروەها مانای خەڵکی هەژار دەدات. بەڵام زانای ناودار **(فریدریك میسترال)** لە کتێبەکەیدا (گەنجینەی فیلیبرێدج)، ئەو وشەیە ناباتەوە سەر بنچینەکەی، بەڵکو بە **(پیاوی دڵپەق، گەڕو پیس)** ناوی دەبات، ئەمەش لای پرۆفانس بە شاخاوییەکانی چیای ئەلب ناو دەبرێت. بەم شێوەیە وشەیەك کە لە سەرەتادا لە رووی جوگرافیاوە ناوی شوێنە، دواتر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بە پیس و قێزەوەن و سووکایەتی پێ کردن ناودەبرێت. کەواتە مەبەست ئەوەیە کە هەندێ جار زمانی تایبەت گاڵتە بە زمانێکی دیکەی تایبەت دەکات، بۆ نموونە کۆرسییکایەکان سووکایەتی بە چیرۆك و سەربردەی بەڵجیکییەکان دەکەن، هەروەها بەرازیلییەکانیش گاڵتە بە چیرۆك و سەر بردەی پورتوگالییەکان دەکەن.

بیگمالۆن و دۆمینیپی

لە شانۆگەریی **(بیگمالیۆن)** ی **برناردشۆ** دا، یان فلیمی (My fair lady) کە (کۆکۆر) لە ئەوی وەرگرتووە، بە رووی زانستییەکەی (هیگنز)ی مامۆستای دەنگناس دەردەکەوێت لە بەشی یەکەمی ئەم شانۆگەرییەدا، زۆر بە هەست ناسکی باس لە جیاوازییەکانی جوگرافیی زمانەوانی دەکات: ((دەتوانی دەستنیشانی پیاوێك بکەیت کە خەڵکی ئێرلەندا یان یۆرکشیرە هەر لە لەرەی دەنگییەوە، من دەتوانم شوێنی ئەو پیاوە دەستنیشان بکەم بە جیاوازیی تەنیا شەش میل، بەڵام لەندەنی، ئەوا دەتوانم شوێنەکەی بدۆزمەوە تەنانەت بە دوو میلیش، یان بە جیاوازیی تەنیا دوو شەقام))، بۆیە هیچ کەسێك دوودڵ نابێت کە تواناو لێهاتوویی ئەو زانایە

به توانای مۆسیقاژەنە سوالکەرەکانی ناو بازاڕ بشوبهێنێ، بەڵام زانای زمان بیری خۆی ئاڵۆز نەکردووە، بەڵکو یەکسەر پەنا بۆ پۆلێن کردنی زمانەوانییەکە دەبات.((بەڵام ئەو ئافرەتەی بەم دەنگە قەبەیە قسە بکات ئەوا مافی لە هیچ شوێنێك نییە، تەنانەت مافی ژیانیشی نییە)) لەو فلیمەی کە لەو شانۆگەرییە وەرگیراوە، ئەو گۆرانییەی **ریکس هاریکسۆن** ئاوازی بۆ داناوە، روونتر دەردەکەوێ:

((سەیری بکە، ئەو بەندکراوە
هەر بڕگەیەك دەربڕێ
شایانی لە سێدارەدانە
چونکە زمانی ئینگلیزی کوشتووە..
یان لەوە خراپتر کە خەڵکی (کۆرنیش)ە
من پێم باشە گوێ بگرم لە تیپێکی مۆسیقا کە گۆرانی نازانن،
یان گوێ بگرم لەو مریشکەی لەناو کارگەکانی دانەوێڵە قیڕە قیڕیەتی))

(ئەلیزا دۆلتیل)ی هەژار حەز بەو شێوازە ناکات، بەڵام روو لە (هیگسسینز) بکات بە مەبەستی چاك کردنی شێوازی قسەکردنی، یان لە گەڵیدا بگونجێ، واتا وا خۆی پیشانبدا کە چینی کۆمەڵایەتیی خۆی بگۆڕێ بە گۆڕینیی زمانی تایبەت، ئەم چیرۆکە بەڵگەدارە، وانەیەکە بۆ قوتابیانی بەشی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەرکی کۆمەڵایەتی، شێوازەکانی ناو یەك زمان بەرجەستە دەکات، واتا زمانی تایبەت، لە مانگی ئابی ١٩٥٢دا سێ هاوولاتی بەریتانی کوژران (جاك دریمۆندز و هاوسەرەکەی و کچەکەیان)، کاتێ لە نێو چادرگەیەکدا لە ناوچەی برۆفانسی نزیك کێڵگەی ئاڵ دۆمینشی نیشتەجێ بوون، ئەنجامی لێکۆڵینەوە کە (١٦) مانگی خایاند لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥٣دا بلاوکرایەوە، کە گەورەی خێزانەکە، گاستۆن دۆمینیچ تۆمەتبار کراوە، لەکاتی دادگایی کردنەکەدا کە ساڵی دواتر لە تشرینی دووەمی١٩٥٤دا بەڕێوە چوو، ، دۆمینیچ هەموو شتێکی رەتکردەوە، ئەو گوتی: کە لە ژێر گوشاری پۆلیسدا دانی پێداناوە، بەڵام بێ تاوانە، وا دیار بوو ئەم پیاوە کە تەمەنی حەفتاو حەوت ساڵ بوو، زمانی فەرەنسی بە چاکی نەدەزانی، تەنیا کەمێك نەبێ، چونکە زمانی ئەو (برۆفنسالی) بوو، لە دادگایی کردنەکە دیار بوو کە هەمووی جۆرێك بوو لە تێنەگەیشتن لە نێوان ئەو پیاوە پیرەو دادگاکە، **(رۆلان بارت)** ئەم بڕگەیە لە نێو دادگاکەوە دەگێڕێتەوە:

- سەرۆکی دادگای تاوانەکان: ئایا چوویت بۆ لای پردەکە؟

- گاستۆن دۆمینیچ: ڕێڕەو، هیچ ڕێڕەوی لێ نەبوو، من ئەمە دەزانم، بەڵێ لەوێ بووم.

ڕۆلان بارت باس لەو بڕگەیە دەکات: ((هەموو خەڵك ئاساییە وا خۆیان پشانبدەن کە بڕوایان بەوە هەیە کە زمانی فەرمی هاوبەشە، هەروەها زمانی دۆمینیچ تەنیا جێگرەوەیەکی ئەتنی ورووژێنەرە بە هەژارییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی سەرۆکی دادگای تاوانەکانیش، زمانێکی تایبەتە وەك زمانی دۆمینیچ، هەردووکیان بە سادەیی دوو شێوەی تایبەتن بەرامبەر بە یەکدی، بەڵام یەکێکیان شەرەف و یاساو هێز بۆ خۆی پاوان دەکات)) بۆیە ئەگەر گریمان زمانی دادگا و سەرۆکەکەی وجێگرە گشتییەکەی زمانی فەرەنسی بڵاو بێت، یان بە زمانی تایبەتمان لە قەڵەم دا، واتە زمانی مێگەل، دیارە ئەو ناکۆکیەی کە لێرەدا لە نێوان دوو شێوازی زمانەوانی (بڵاو وتایبەت) دەردەکەوێ، ڕەنگدانەوەی هاوسەنگیی ئەو هێزانەیە کە دۆمینیچ بە لایەنی زەرەرمەند دەستنیشان دەکات، کەواتە حوکمی لە سێدارەدان بەسەر دۆمینیچدا دەردەکرێت، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی دروست.

ئەوەی مایەی گومانە لەو حوکمەدا، ئەوەیە کە وەزیری داد دوای پازدە ڕۆژ فەرمان دەدات بە کردنەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تازە کە هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، هەروەها سەرۆك کۆماری فەرەنسا (ڕێنێە کوتی) حوکمی لە سێدارەدانی لەسەر سووك دەکات تاکو ببێتە حوکمی زیندانی لەگەڵ کاری قورسدا.

سەرۆکێکی دیکەی کۆمار کە (شارل دیگۆل) بوو، لە ساڵی ١٩٦٠دا لە بەندیخانە ئازادی دەکات و مافی لێبوردن بەکاردێنێ. بارت وتارەکەی کۆتایی پێ دێنێ و دەڵێ: ((هەر یەکێك لە ئێمە دۆمینتیچ بۆ خۆیەتی، دۆمینتیچی بەهێز، ئێمە پیاوکوژ نین، بەڵام تۆمەتبارین و بێ بەشین لە زمان، بەڵکو ئێمە لە ڕەوشێکی خراپتردایین، بەرگی نامۆمان لەبەرە، سووکایەتیمان پێکراوە، بە زمانی تۆماتبەرکاران تۆمەتبارکراوین، هەر تاوانێکی کوشتن لە ڕووی یاساوە لەوەوە دەست پێ دەکات کە (زمان لە کەسێك بدزی، بە ناوی هەمان زمانەوە) گومانی تێدا نییە زەحمەتە کە حوکم بدەین بەبێ گوناهی یان بە تۆمەتبارکردنی دۆمینیچ، بە هەر حاڵ ئەوە مەبەستی ئێمە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە زمان چۆن ئیش دەکات، هەروەها چۆن هەندێ شێوەزاری زمانەوانی بۆی هەیە دەسەڵات ببەخشێ. هەروەکو شانۆگەریی بیگمالیۆندا، وا دیارە جیاوازیی لە زمانی تایبەتدا فەرمانێکی کۆمەڵایەتییە، لە قۆناغی یەکەمدا ڕێگا دەدات بە دیاریکردنی شوێنی قسەکەر، واتا دەستنیشان کردنی بنچینە و ڕەگەزەکەی، لە قۆناغی دووەمدا دەمانگێڕێتەوە بۆ جیاوازیی (دۆنێە) کە پاکانە دێنێتەوە بۆ سووکایەتی کردنی

مامۆستا (هیگنیز) بە کچە گوڵ فرۆشێکی بچووك و هەموو هاوشێوەکانی، بەڵام سەبارەت بە دۆمینتیچ، ئەوا پەککەوتنی زمانەوانی بووە هۆی سزاکەی، تەنانەت مردنیشی بە دواوە بوو. ئەم نموونانە زۆر دیارو سنوردارن بەڵام کەڵەکەبوونیان دەبێتە هۆکارێك کە لە بواری ئامار پشتی پێ دەبەسترێ، دیارە هەموو رۆژێکیش دادگای لە شێوەی دادگایی کردنی دۆمینیچ نایەتەپێش، بەڵام دەتوانین رۆژانە گفتوگۆیەکی زمانەوانی بە هاوسەنگیی هێزی هاوبەش و پلەی جیاواز بخوێنینەوە، ، ئەم جۆرە کێشانە کۆمەڵگە دەشێوێنێ. کاتێ شێوازی زمانەوانیی بڵاو، دێتە پاڵ دەسەڵات و یاسا، ئەوا دەسەڵاتێك دێنێتە پاڵ ئەرکەکەی خۆی کە لە بواری شێوەزاری تایبەتی زماندا پەیڕەوی دەکات.

دورگەکانی موریس

دوا بە دوای ئەو چەند نموونە خۆشەی باسانکردن، حەز دەکەین باس لە دوورگەکانی موریس بکەین:

دوورگەکانی موریس دەکەونە ئۆقیانووسی هیندی، ژمارەی دانیشتوانیان لە ملیۆن کەسێك رەت ناکات، بەڵام فرەییەکی سەرسوڕهێنەری زمان و رەگەز و رۆشنبیریی تێدایە. **عیسا ئەسگۆرالی،** دەربارەی ئەم دۆخە، توێژینەوەیەکی ئامادەکرد کاتێ بە دوای زانیاریدا دەگەڕا، لەو زمانەی پرسی کە نوێژی پێدەکەن، ئەوانەی لێیانی پرسی حەوت ئاینیان هەبوو: **(ئەدفنتی، بوزی، کاسۆلیکی، هیندۆسی، ئیسلامی، پرۆتستانی، نامۆلی)** و لەگەڵ دە زمان.

وەڵامەکان بێ سەروبەرییان پێوە دیار بوو، بەڵام چوار زمان لەو دە زمانە، زۆرینە بوون، ئەویش زمانی تێکەڵ (٢٥,٥ ٪) و فەڕەنسی (١٣,٤) و هیندی (١٤,٦ ٪) و عەرەبی (٧٪)، بۆیە زەحمەتە باس لەو جیاکردنەوەیە بکرێ، بەڵام کاتێ پشت دەبەستین بە تێکەڵکێشی وەڵامەکان لە نێوان زمانە بەکارهێنراوەکان و ئینتیمای ئایینی، دەبینین کە ئایین رۆڵی گەورەی لە هەڵبژاردنی خەڵکدا هەیە کاسۆلیکەکان زۆربەیان دەڵێن کە پێویستە نوێژ بە زمانی فەڕەنسی بێت، کەمیان زمانی تێکەڵ هەڵدەبژێرن، هیندۆسەکان یەکەم جار زمانی هیندی هەڵدەبژێرن لە پاڵ زمانی تێکەڵدا، موسڵمانەکان عەرەبی هەڵدەبژێرن لەگەڵ زمانی تێکەڵ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لای هەر گرووپێك زمانی مێگەل هەیە، واتا زمانی تایبەت، کە گوزارشت لە ئینتماکردن بۆ ئایینێکی دیاریکراو دەکات **(عەرەبی و فەڕەنسی و هیندی)** کە

ئەولەویەتیان هەیە، هەروەها زمانی بڵاوی میللی کە زمانی تێکەڵە، ئەمەش هەڵبژاردنی دووەمە، بەڵام زمانی ئینگلیزی کە زمانی فەرمییە، کەمتر باسدەکرێت:

بە چ زمانێك قسە دەکەیت					
	بۆ دایکان	بۆ پیران	بۆ دۆستان	بۆ فەرمانبەران	بۆ خاوەن کاران
زمانی تێکەڵ	٪٧٤,٥	٪٨١,٥	٪٩١,٧	٪٤٥,٥	٪٣٣,١
فەرەنسی	٪١٧,٨	٪١٨,٥	٪١٨,٥	٪٦١,٢	٪٥٩,٢
ئینگلیزی	٪٣,٨	٪٢,٣	٪١٠	٪٢١,٧	٪٢٤,٢
بۆجبۆری	٪٣٠,٦	٪٢٨,٧	٪٢١	٪٣,٢	٪٣,٢
هیندی	٪٥,١	٪٦,٤	٪٧,٦	٪١,٣	٪١,٩
هیندۆستانی	٪٤,٥	٪٤,٥	٪٣,٨	٪ ٠	٪ ٠
چینی	٪٦,٤	٪٣,٢	٪٢,٥	٪ ٠	٪ ٠
ئەردی	٪٢,٦	٪١,٩	٪٢,٦	٪٠,٦	٪ ٠
تامولی	٪١,٣	٪ ٠	٪ ٠	٪ ٠	٪ ٠
کجراتی	٪٠,٦	٪ ٠	٪ ٠	٪ ٠	٪ ٠

هاوسەنگیی هێزەکان زیاتر لە نێوان ئەم شێوەدا روون دەبێتەوە کاتێ سەیری وەڵامەکان دەکەین لە بەر رۆشنایی چەند پرسیارێك لەم شێوەیەیە، بە چ زمانێك قسە دەکەیت؟ ئەو خشتەیەی سەرەوە ئەمە روونەدەکاتەوە.

ئەگەر بە شێوەی ستوونی خشتەکە بخوێنینەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، گرنگیی رێژەیی هەموو زمانەکان لە دۆخە جیاجیاکاندا دەردەکەوێ، بۆیە دەبینین زمانی تێکەڵ و بۆجبۆری لە هەموو زمانەکان زیاتر لە نێوان ئەندامانی خێزاندا بەکاردێت، بەڵام زمانی فەرەنسی زیاتر لە هەڵوێستە فەرمییەکاندا باوە.

بەڵام خوێندنەوەی ئاسۆیی خشتەکە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە هەر زمانێك لەو زمانانە، چەندین ئەرکی هەیە لە تایبەت و بڵاودا، هەندێ زمانی زۆر تایبەت هەن، وەك تامۆلی و کجراتی کە قسەیان پێ ناکرێ، تەنیا لەناو خێزاندا نەبێ، هەروەها هەندێ زمانی زۆر لەوانە بڵاوتر هەن. وەك فەرەنسی و ئینگلیزی کە قسەیان پێدەکرێ، بەتایبەتی لەسەر کار، هەروەها زمانی تێکەڵە بە پلەی جیاواز لە هەموو بارودۆخێکدا بەکاردێت. ژمارەکان لە راستەوە بۆ چەپ، وردە وردە کەم دەبنەوە سەبارەت بە هەردوو زمانی تێکەڵ و بۆجبۆری، کەچی سەبارەت بە فەرەنسی و ئینگلیزی زیاد دەکات، بەم شێوەیە دابەشبوونێکی توندی جیاوازیی ئەرکەکان روونەدەکاتەوە، زمانی تێکەڵ کە زمانی نیشتمانی نەبووە، بەڵام زمانی

دابەشبوونی پەسەند بووە. لە هەموویان زیاتر لە پێشترە، بەڵام زمانی ئینگلیزی، کە زمانی فەرمییە، مۆرکی زمانی مێگەلی هەیە، واتا زمانی تایبەت، سنووردارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی زۆر بڵاو نییە، کەواتە چەند پلەیەکی جیاوازمان هەیە لە(بڵاو) و(تایبەت)، دەتوانین بیانگۆڕین بۆ ژمارە، ئێمە بە گشتی (ڕێژەی بڵاو) دەپێوین بە پێوانەی ڕێژەی نێوان ژمارەی پوختی قسەکەران بە زمانێك و لە نێوان ئەوانەی کە زمانی دایکیانە. بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی قسەکەران بە زمانێك سەد کەس بوون، زمانی دایکیش زمانی پازدە کەسیان بوو، دەتوانین بڵێین بۆ نموونە کە ئەم زمانە، زمانی بڵاوە بۆ ٨٥٪ و زمانی تایبەتە بۆ ١٥٪ بەڵام دەتوانین بپرسین کە هۆی ئەم دابەشبوونە چییە؟ بۆ نموونە ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکرێ بۆ پیرەکان، یان تاکە ئەو زمانەیە کە تەنیا ئەوان دەیزانن، یان تاکە زمانی هاوبەشی نێوانیان و نێوان ئەوانەیە کە قسەیان پێ لەگەڵدا دەکەن، یان ئەو زمانەیە کە بەڵگەیەکی لاوەکی ڕێز گرتنە، بەڵام ئەو زمانەی کە قسەی پێ لەگەڵ دایکدا دەکرێ، زۆربەی زمانی دایکە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بۆیە ئەو زمانەی کە قسەی پێ لەگەڵ فەرمانبەران دەکرێت، پێویستە زمانی فەرمی یان زمانی بڵاو بێت، بەڵام ئەمە دۆخی دورگەکانی مۆریس نییە، زمانی فەڕەنسی لە کۆنەوە، زمانی زۆرینە بووە، بەڵام زمانی ئینگلیزی جێی پێ لەق کرد، کاتێ ئینگلیز لە ساڵی (١٨١٠)دا دوورگەکەیانی لێ داگیر کردن، بەڵام ڕەنگە ڕەوا بێت کە زمانی دۆستان زمانی هەڵبژاردە بێ، ئەو هەڵبژاردنەش گوزارشت لە هەڵوێستی زمانەوانی دەکات، چونکە زمانی هەڵبژێردراو لێرەدا، زمانی دایك، یان زمانی دەسەڵات نییە، بەڵکو زمانی پەیوەندیی دێرینە. هەروەها دەتوانین دواتر بپرسین سەبارەت بە ڕاستیی ئەو وەڵامانە، ڕاپرسییەکە لە کۆتاییدا، ڕاستیی پیادەکردنی زمانەوانیمان پێ ڕاناگەیەنێت، بەڵکو بیرۆکەیەکمان دەداتێ دەربارەی ئەو پیادەکردنەی خەڵك وێنای دەکات، ڕەنگە هەڵەش بن هەروەها درۆش بکەن، چونکە پێیان وایە ئەم زمانە لە زمانەکەی دیکە بەرزترە، لێرەدا (درۆ) بەڵگەیە وەك (ڕاستی)، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ((بۆچی خەڵك زمانێك هەڵدەبژێرێ و قسەی پێ دەکات بە بێ ئەوەی بە یەکێکی دیکە بدوێ؟)) پرسیارێکە و گرنگییەکەی لەو پرسیارە کەمتر نییە: (بۆچی خەڵك وا مەزەندە دەکات کە بەو زمانە قسە دەکات و بە زمانێکی دیکە نا؟

زمان و ئینتیما

کاتێ من بە زمانێك قسە بکەم یان بە شێوەزارێك، بەکارهێنانی شێوەزارێکم لا پەسەند بێ، ئەمەیان تەنیا دەچێتە چوارچێوەی جۆرێك لە بەکارهێنانی زمان لە پێناو پەیوەندی و تێکەڵیدا. کاتێ بەردەوام بە زمانێك قسە دەکەم، سەرباری ئەوەی کە بەم زمانە دەدوێم، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە من توانام هەیە لە نێوان چەند زمانێکدا ئەو زمانە هەڵبژێرم، هەر ئەمەشە ناوەرۆکی پەیامەکە روونەدەکاتەوە، دەمانەوێ بڵێین کە ئەو شێوەزارەی بۆ قسە پێکردن هەڵیدەبژێرین، بەڵگەی تایبەتی هەیە کە پەیامە، هەر ئەو شێوەزارەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی پەیامبەخشە، ئەم شێوەزارە چۆن پەیامەکە دەبەخشێ؟ لێرەدا، شرۆڤە کردنی هەڵوێستەکانی زمان زۆر شتمان دەربارەی کۆمەڵگەکان فێر دەکات، کاتێ فەرمانبەران لە وڵاتێکی ئەفریکیدا، کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمەوە، بە زمانی فەڕەنسی لە نێوان خۆیاندا قسەدەکەن، هەر چەندە زمانی دایکیان هەیە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە دەیانەوێ رەچاوی نموونەیەکی رۆژئاوا بکەن، لە تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆیاندا جیاوازبن، کە گوایە خوێندوویانە و هەڵگری بڕوانامەن... بەڵام ئەگەر یەکێك لەو گرووپە، ئەوانەی هەمان مەرجیان تێدایە، قایل نەبن بە زمانی فەڕەنسی بدوێن و بە زمانی دایك قسەبکەن، ئەمە پەیامێکە، مەبەستی رەتکردنەوەی زمانی ئیمپریالیزمەو بەڵگەی ئینتیما دەگەیەنێ. بۆیە گوزارشت کردن لە پەیوەندیی دۆستایەتی یان ئینتیما بە بەکارهێنانی زمانی مێگەل واتا زمانی تایبەت، لەو حاڵەتەدا، بەکارهێنانی ئەو شێوەزارە بەڵگەی ئینتیما بوونە بۆ گرووپێکی دیاریکراو، بەڵام ئەمەیان بەڵگەیەکی هەڵبژێردراو ناگەیەنێ، رەنگە شتێکی رەوا بێ و پێویست نەبێ، کاتێ قسەکەر چەند زمان و شێوەزمانی دیکە دەزانێ، لەو حاڵەتەدا کە زمانی مێگەل واتا شێوەزاری تایبەت بەکاردێنێ، بەڵگەی ئەوەیە کە بە سەریدا نەسەپێنراوە.بابەتی زمانی تایبەت و زمانی بڵاو، دەمانباتەوە لای بابەتێکی دیکە ئەویش ستراتیژییەکانی پەیوەندی و تێکەڵییە، هەروەها رێگا هەڵبژاردەی هۆشیاریی قسەکەران و بەڵگەی ئەم رێگا هەڵبژاردنانە، بێ گومان **(سوێندی ستراسبۆرگ)** نموونەیەکی کۆنی ئەم بوارەیە، ئەم رووداوە مێژووییە لای هەموو لایەك زانراوە، لە چواردەی مانگی شوباتی (٨٤٢) لە شاری ستراسبۆرگ دوو نەوەی **شارلمان (لویس لو جرمانیك) و (شارل لو شوف)** بەیەك گەیشتن دوای ئەوەی بەسەر براکەیان

(لوسێر) دا سەرکەوتبوون[1] لە فۆنتانێـە (شـەڕی رۆژی ٨٤٢/٢/١٤)، سـوێندیان خـوارد کـە هەردووکیان ببنە هاوپەیمانی یەکدی، مێژوونووس **(نیتار)** ئەم دیمەنەی بۆ تۆمار کردین: لـویس بە زمانی رۆمانی سوێندی خوارد، شارل بە زمانی تۆدسکی (زمانێکی کـۆنی ئـەڵمانی بـوو)، واتا هەریەکەیان بە زمانی ئەوی دیکەیان سوێندی خوارد، دواتر سەربازەکانیشیان بـە هـەمان شێوە، توێژەران پێیان وایە بە زمانی پێچەوانەی یەکـدی سـوێندیان خـوارد، تـاکو سـەربازانی دوژمن لە سوێندەکە بگەن کە ئەوانیش شایەد حاڵ بـوون. لـە کتـێبی **(سـەرهەڵدانی زمـانی فەڕەنسی)**دا، **رنییێە بالیبـار** بـەراوردێکی جیـاوازیی نزیـك، پێشـنیار دەکـات سـەبارەت بـەم رووداوە، ئەو وای بۆ دەچێ کە سوێند خواردنی هەر یەکێکیان بە زمانی ئـەوی دی، مەبەسـت ئەوە نـەبووە کـە سـەربازەکان لـە زمـانی یەکـدی تێبگـەن، بـەڵکو دان پێدانانـە بـە بـوونی قەوارەیەکی نیشتمانیی جوگرافی کە زمان دەستنیشانی دەکات:-

هەریەك لە میراتگرانی زمانێکی دی، روونی دەکاتەوە کە واز لە بانگهێشتی خـۆی دێـنێ سەبارەت بە ئەو پاشانشینەی کە قەشە لـە دوای خـۆی بـە جێـی دێڵـێ، پاشـای رۆژهـەڵاتی فەڕەنسـا دان دەنـێ بـە سـنووری زمانـەوانیی خـۆی و فەڕەنسـای رۆژئـاوادا، بـە مـەرجێ رەنگدانەوەی هەبێ، هەروەها دان بـەوە دادەنـێ، کـە ئـەو دانیشـتوانەی بـە زمـانی رۆمـانی قسەدەکەن هاوولاتی فەڕەنسین، کەچی هاونیشتمانێتی جەرمانی لە دەرەوەی خاکی خۆی و لـە ئەڵمانیای دوارۆژدا دەستنیشان دەکرێت.

زۆر ئەستەم بوو ئەوەی لە مێشکی هەریەك لەو دوو برایانەدا هەبوو وێنـا بکرێـت، ، ئـەو شرۆڤەکردنەی کە رێنێە بالیبار پێشکەشی دەکات تەنیا گریمانەیە، بەڵام بیرۆکەیەکی گرنگمـان پێ دەبەخشێ، ئەویش بیرۆکەی دیاریکردنی سەروەریی تەواوە (دەرەبەگی) بـە هـۆی زمانـەوە، سەربازانی (شارل لوشون) بە زمانی رۆمانی سوێند دەخـۆن، ئـەم زمانـەش رێکیـان دەخـات، هەروەکو زمانی جەرمانی سەربازەکانی (لویس لو جرمانیك) رێکدەخات. ئەو دوو برایە، هـەر یەکێکیان بـە زمـانێکی غـەیری زمـانی خۆیـان سـوێندیان خـوارد، جیـاوازی و دابەشـکردن دەستنیشاندەکەن، بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا، کە بەڵگـەی زمانـەوانیی دەوڵـەت دەستنیشـان دەکرێ. بۆیە پرۆسەی دابەشکردن بە دوو ئاراستەی تەواودا بـەردەوام دەبـن: لـە لایـەك جـودا دەکاتەوە، چونکە سنووری نێوان زمانی جرمانی و زمـانی فەڕەنسـی دەکێشـێ (راسـتییەکەی

---

(١) لۆسەری یەکەم: هەوڵی دا دەسەڵات لە باوکی وەربگرێ، بەڵام دوو براکەی دیکەی شەڕیان لەگەڵدا کردو بەزاندیان.

نێوان جرمانی و رۆمانی)، هەروەها یەکیان دەخات، چونکە لە ژێر ئـالاّی زمانەوانیـدا کۆیـان دەکاتەوە. جیاکردنەوە و یەکگرتنەوە! ئـەو دوو زاراوەیـە کـە بـە چـاکی ئامانجـەکانی شـەڕی هەرێمایەتی دەستنیشان دەکەن، هەر ئەوانەن پەیوەندیی نێوان زمانی تایبـەت و زمـانی بـلاّو رێکدەخەن. ئەگەر بەڵگەی ئینتیما پێویست بوو یان رەواو ناپێویست بوو، ئەوا پەیوەنـدیی بـە جۆری دابەشبوونەکەوە هەیە. ئەمە حاڵی قسەکەری یەك زمانـە، کـە نـەژادی کۆمەڵایـەتی و جوگرافیی خۆی پیشاندەدات، **(ئەلیزا دۆلیتل)** لـە شـانۆگەریی **(بیگمـالیۆن)**دا ئامـاژە بـەوە دەکات و دەڵێ: ((پێم بڵێ چۆن قسەدەکەیت تا بێت بڵـێم تـۆ کێیـت؟) رەنگـە ئـەم خاڵـە بـۆ مەبەستی جیاکردنەوەش بەکاربێت، یان بۆ زاڵبـوون، یـان بـۆ ریسـوایی کـردن، هـەروەکو لـە کێشەی (دۆمینیتشی) دا یان لە (هەڵبژاردنی شیبولت)دا کە ئاماژەمان پێکرد، دەردەکەوێت، لە کۆتاییدا سوود لە شێوەزاری تایبەت وەردەگرێـت، ئەنجامـەکانی پـۆلێن کردنەکـەش دواتـر دێت، ئەو کاتـەی (لـویس و شـارل) لـە رووی زمانـەوە ئیمپراتۆریـەتی شـارلمان لەنێوانیانـدا دابەشـدەکەن. هەریەکـەیان زمـانی میللـی (مێگـەل)ی ئـەوی دیکـە بـەکاردێنێ، زمانـە تایبەتییەکەی، واتە کارەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە ئەو زمانە بە هۆشیارییەوە هەڵدەبـژێرن، لە راستیدا ناوەڕۆکی تەواوی ئەو سوێندە، گـرنگ نییـە، ئـەوەی لێـرەدا بـۆ ئـەوان گرنگـە و دەکرێ، ئەو زمانەیە کـە سـوێندی پـێ خـواردووە، کـاتێ لایـەنگرێکی سـەربەخۆی ناوچـەی گوادالۆب قایل نابێ بە زمانێکی غەیری تێکەڵ لەبەردەم دادگایەك قسەبکات، کە بـە زمـانی فەڕەنسی دادگایی بکات، لێرەدا راستیی دووپاتکردنەوەی ویسـتی ئینتیمـا دەردەکـەوێ، کـە دووپاتکردنەوەی جیاوازییە. پۆشاك بۆ ماوەیەکی زۆر هێمای پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی بـوو، شەپقەی کرێکارو پۆشاکی شین، دامێنی ئاوریشم کە لە شێوەی ۆشـەگۆڵەی بچـووك بـوو، کـە فەرمانبەران لەسەر کورسییەکانیان دادەنا، قاتە جلی بەکارهێنراوی سەرمایەداران و ئەو شەپقە ئاوریشمەی لەسەریان دادەنا، لەم رۆژگارەی ئەمڕۆماندا چـووەتە خانـەی فۆلکلـۆرەوە، ئێسـتا خەڵك لە ئەوروپا هەموویان هەمان پۆشاکیان لەبەرە، بۆیە پۆشاك وەك نیشانەیەکی ئینتیمـای ئەو چینە کۆمەڵایەتییە، یان ئەوی دیکە، چیدی بەکارنایەت، بەڵام شێوەزار بە پێچەوانەوە، تا ئێستاش هێمایە بۆ قسەکەر هەروەها بۆ پۆلین کردنی: ئێمە هاوتاکانمان لە قسەکانیاندا دەناسین کە وەك ئێمە قسەدەکەن، هەروەها ئەو کەسە رەتدەکەینەوە کە زمانی (مێگەل)ی واتـا زمانـە تایبەتییەکەی لە زمانی تایبەتی ئێمە دوور بێت، بۆیە پێویستە بزاڤی کۆمەڵایەتی بە پرۆسەی گونجانی زمانەوانیدا رەتبێت. واتا بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەسەڵات، هەروەکو ئینگلیزێك بـە رێگای (کۆکنی) ناتوانێت دەنگی (هێ) دەربڕێ بە بێ هەناسە، ئاواش فەڕەنسییەك کە دەنگی

قوڕگی (برۆفنسالی) بێت ناتوانێ دوارۆژی پیشەیی خۆی لە (Lemonde) پێش بخات، جا بـۆ ئەوەی هەر یەکێکیان کە بیانەوێ پلەی کۆمەڵایەتییان دەستەبەر بکەن، دەبێت کۆششبکەن بۆ وازهێنان لەو دەنگەی، هەروەها پابەند بێ بە پێوانەی ناوەندی کەوا مەزەنـدە دەکـات زمـانی بڵاوە، کە لە راستیدا زمانی (تایبەت)ە بۆیە دەکرێ زمانی تایبەت، ببێتە نیشـانەیەکی پلـەو پایەی کۆمەڵایەتی یان جوگرافی، کە ئینتیماکەی دەستنیشان بکرێ، جا چ بە ویستی خۆی، یان بە زۆردارەکی، بۆیە لەم رووەوە کێشە سەرهەڵدەدات، زمـانیش رۆڵـی لـەم کێشـەیەدا هەیـە. یاخود زمان دەبێتە مایەی گرەو لەسەرکردن، رەنگە پەشێویی نێوان زمـانی تایبـەت و زمـانی بڵاو ببێتە هۆی لەناو چوونی پەیتا پەیتای یەکێك لەو دوو جەمسەرە، کاتێ گرنگیـی ئینتیمـا بۆ گرووپێکی لاوەکیی بچووك، کەمتر دەبێ لە ئینتیما بۆ گرووپێکی گەورەتر، لێـرەدا زمـانی بڵاو، واتا زمانی گرووپە گەورەکە، دەبێتە زمانی بێ لایـەن و هـیچ نیشـانەیەکی نابێـت، لـە ئەنجامدا دەبێتە خاڵی بەیەك گەیشتن، کە گشت زمانە تایبەتییەکان رووی تێدەکەن و لە ناویدا دەتوێنەوە.

بەشی شەشەم

شەڕی بنەماڵە (خێزان)

لە هەندێ کلتووری گەلاندا، کلتووری فەڕەنسیش وەك نموونە، هەمیشە خێزان شوێنێکی ئاسایی دەسەڵاتی ناوڵێنان بووە، کاتێ کچێك کە ناوی (ماری دۆبۆن)ە و شوو بە پیاوێك دەکات کە ناوی (جان دۆبوا)یە، یەکسەر ناوی پیاوەکەی پێوە دەلکێ و بەم شێوەیە دەبێتە (ماری دۆبوا)، هەروەها لە کچەوە بۆ ژن دەگۆڕدرێت، ئەم کارە تا ماوەیەکی زۆر ئاسایی بوو، هەندێ لە رێکخراوی داکۆکیکار لە ئافرەت بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە کۆششی بەردەوامدا بوون بۆ کەم کردنەوەی جیاوازیی نێوان خانم (Mrs) و کچ (Miss) تاکو هەردوو نازناو بەشێوەیەکی یەکگرتوو بنووسرێت و لە شێوەی (MS)دا، بەڵام لە فەڕەنسا دەبینین، شێوازی دیکە سەر هەڵدەدات، کە ناوی ژنەکە و مێردەکەی بەیەکەوە کۆبکرێنەوە (ماری دۆبۆن- دۆبوا) یاخود ناوی ئافرەتەکە بە بێ ناوی مێردەکەی دەنووسرێت (ماری دۆبۆن)، بەڵام ئەمە توێژێك زەحمەتە چونکە (ماری دۆبۆن) کاتێ گرێبەستێکی بۆکارێك بە ناوی مێردەکەی (ماری دۆبۆا) مۆرکردووە و هەر بەو ناوەش ناسراوە، زەحمەتە دوای تەڵاق و جوودابوونەوە ناوی یەکەمی خۆی دەست بکەوێتەوە کە(دۆبۆن)ە، ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی شەرعی، زەحمەتە، هەروەها لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش بە هەمان شێوە، چونکە نازناو وەك کاغەزێك وایە کە لە شوێنێك قایم بکرێت و نەتوانرێت لێ بکرێتەوە، کەواتە خێزان شوێنی دەسەڵاتی ناوڵێنانە، شوێنی دەسەڵاتی پیاوە بەسەر ژنەکەیدا. لە راستیدا ئەمەیان بابەتی ئەم بەشە نییە، هەر چەندە شانەی خێزان شوێنی گواستنەوەی ناوە، بە تایبەتیش بۆ ئافرەت دواتر بۆ منداڵەکانیش، هەروەها شوێنی گواستنەوەی زمانیشە کاتێ هەردوو هاوسەر تاك زمان بن، هەروەها گواستنەوەی زمان کاتێ باوکان یەك زمانی دایکییان نەبێ، لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین کە ئەگەر هاوسەرگیریی تێکەڵ، یان هاوسەرگیریی دووانە زمان، یەکەم شوێنی سەرهەڵدانی مل ملانێی زمان نەبێ، کەواتە شەڕی زمان دەپەڕێتەوە بۆ ناو شانەی خێزان.

نموونەی سنیگال

لە میانی ساڵی خوێندنی ١٩٦٣ - ١٩٦٤ دا، مەڵبەندی پراکتیکیی زمانەوانی لە (دەکار) راپرسێکی فراوانی لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لە سنیگالدا ئەنجامدا، بە مەبەستی ئاشنابوون بەو زمانەی کە منداڵان لە سەرەتای ساڵی خوێندندا قسەی پێدەکەن، لەم راپرسیەدا داوای زانینی بنەچەو هۆزی باوك و دایکیان دەکردن. هەروەها ئەو زمانەی لە ماڵدا بەکاردێت، لەگەڵ ئەو زمانانەی کە منداڵان قسەی پێدەکەن. ئەنجامەکانیش شتێکی کتوپڕ نەبوون بۆ ئەو کەسەی رەوشی زمانەوانیی سەنیگال بزانێ، زمانی (وۆلۆف) بە زمانی زۆرینەی فراوان دەرچوو، چونکە (٩٢ - ٩٦ ٪) ی منداڵان قسەیان پێدەکرد. بەڵام زانینی وردەکاریی ئەنجامەکان، هەندێ دیاردەی لە ناکاومان بۆ دەردەخات کە پەیوەندییان بە پرۆسەی فێرکردنی منداڵ بە زمانی یەکەمی ناو خێزانەکەیەوە هەیە، با سەیری ئەم خشتەیە بکەین

دەکار و دەوروبەری

وۆلف زمانی یەکەمە لە ماڵ

٧٢,٢٣٪ لە قوتابییەکان لەوانە:

- ٧٢,٨٢٪ لە باوك و دایکێکی وۆلفن

- ٧٪ لە دایکێکی وۆلفن

- ٥,٥٩٪ لە باوکی وۆلفن

- ١١,٨٢٪ لە باوك و دایکێکی لیسا لە وۆلفن

لەم خشتەیەدا دەبینین دوو لەسەر سێی منداڵان کە زمانی یەکەمیان وۆلفە، لە باوك و دایکێکن کە زمانەکەیان وۆلفە، بەڵام لە هەندێ خێزانی دیکە بەم شێوەیە نییە، حەوت لە سەدای کۆی منداڵان زمانی وۆلف لە دایکیانەوە فێربوون و ٥,٥٩٪ لەسەدا لە باوکیان، دواتر ١١,٨٢ لەسەدا لە ماڵەکانیاندا بەم زمانە قسەدەکەن کە زمانی یەکەمی دایکیان نییە، تەنانەت هی باوکیشیان نییە، ئەم رەوشە رەنگە لە رۆژئاوا تا رادەیەك نامۆ بێت، لە شاری (زیگینشۆر) کە کەوتووەتە ناوچەی (کازامانس)ەوە، لە باشووری وڵات و زۆریش دوورە لە

مەڵبەندی فراوان بوونی زمانی وۆلف، ئەو شارە فرە زمانییەکی بەرچاوی تێدایە، وۆلف زمانی کەمینەیە، ئەم ئەنجامانەمان دەست دەکەوێت:

شاری زیگینشور
وۆلف زمانی یەکەمە لە ماڵ
٣٣,٩٣٪ لە قوتابییەکان
- ٨,٨٣٪ لە باوك و دایکێکی وۆلفن
- ٤,٥٪ لە دایکێکی وۆلفن
- ٦،.٢ ٪ لە باوکێکی وۆلفن
١٤,٥٨٪ لە باوك و دایکێکن کە لەوۆلفنین

ئەمە مانای ئەوەیە کە وۆلف زمانی یەکەمی زۆرینەی منداڵانە ئەوانەی کە وۆلف زمانی یەکەمی دایکییان و باوکیان نییە (١٤,٥٨٪)ن، ئەوانەی کە وۆلف زمانی یەکەمی باوك و داییکیانە(٨,٨٣٪)ن، توێژەران لە مەڵبەندی پراکتیکیی زمانەوانی لە دەکار گەیشتنە ئەو راستییەی کە(منداڵان دەکەونە ژێر کاریگەریی دەوروبەریان، نەك باوانیان، ئێمەش لێرەدا لە بەردەم دیار دەیەکداین کە شێوازێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات).

بەڵام کارەکە هەر نامۆیە، چونکە ئەگەر منداڵانیش بڵێن زمانی باوکیان یان زمانی دایکییان دەزانن، ئەوەی بە گشتی بە (زمانی دایك) ناوی دەبەین، زمانێکە باوکیانیش قسەی پێدەکەن هەر چەندە (زمانی دایك)ی باوکیانیش نییە، ئەو دیاردەیەش کە لە نموونەی ناوبراودا هاتووە و ١٠٪ ی دانیشتوان دەگرێتەوە، دیاردەیەکی پەراوێزخراو نییە.

زمانی دایك یان زمانی باوك؟

لە راپرسییەکدا کە لە مانگی نیسانی ١٩٨٤دا لە باماکۆی مالی ئەنجامدرا، وەڵامی ئـەو پرسیارەمان دەستکەوت کە پەیوەندیی بە زمانی دایکەوە هەبووە، ئەنجامەکان لەو دوو خشتەی خوارەوەدا دەردەکەون:

دایك و باوك زمانیان جیاوازە زمانی (دایك)ی ئەو کەسەچییە کە راپرسی بۆ کراوە؟							
زمان	بامبارا	سونای	وۆلف	دۆگن	مالینکیە	پیل	کۆ
زمانی باوك	٦	١		١		١	٩
زمانی دایك	٤		١		١		٦
زمانی دی	٤					١	٥
کۆ	١٤	١	١	١	١	٢	

لە خشتەی یەکەمدا دەبینین کە (٩) لە کۆی (٢٠) منداڵ لـە دایـك و باوکێـك لـە دایـك بوونە، کە زمانیان تێکەڵە، یەکەم جار زمانی باوك فێربوون، (٦) لەو منداڵانـە زمـانی دایـك فێربوونە و (٥)یش زمانی دیکە. بەڵام ئەو ژمارانە راستییەکە دەرناخەن، ئەگـەر بـەراوردمان کرد بە دەستنیشانکردنی زمـانێکی دیـاریکراو: لـە راسـتیدا دەبیـنین کـە (بامبـارا) زمـانی دەسەڵاتی باوکە، یان دایکە، یان زمانی دیکەیە، کەواتە (بامبارا) دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کـە ببێتە زمانی (دایك).

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە کە لە نێوان پەنجا منداڵدا کە لـە دایـك و باوکێك لە دایك دەبن، زمانیان وەك یەکە، حەوتیان زمانی دایك و باوکیان زمـانی یەکـەمیان نییە، هەروەها خشتەکە بۆمان دەردەخات کە هەندێ شتی دیکەی گرنگ هەیە، لەلایـەك، لـە نێوان زمانی بڵاوی هەرێمی (وەکو پێل و سۆنای) یان لە زمـانی نیشـتیمانیدا (وەك بامبـارا) ئەوانەی راپرسکراون، زمانی باوکیان زمـانی یەکەمیانـە، کەچـی نیـوەی راپرسـکراوان فێـری زمانێکی دی (دایك) دەبن کـە زمـانی (دایـك)ی باوکـەکانیان نییـە، کـاتێ زمـانی دایکـی باوکەکانیان زمانێکی کەمینە دەبێت (بێجگە لە زمانی بامبارا و زمانە هەرێمیە بڵاوەکـان)، هەروەها خشتەکە لە لایەکی دیکەوە بۆمان روونەدەکاتەوە کە گشت راپرسـکراوان لـە دەرەوەی

خێزانەکانی (بامبارا) (٣٨)یان فرە زمانن، زۆربەی هەرە زۆریشیان لەوانە (٣٥) یان بە بامبارا قسەدەکەن، (٣) یەکەی دیکەشیان، دووانیان لەوانە لە (دۆگۆن)ن کە بەڕەچەڵەك خەڵکی دورگەیەکی دوورن، زمانی (پێل) زمانی دووەمی خەڵکەکەیە. سێیەمیش خەڵکی کەناری عاج)ە لە باوك و دایکێکی (جۆلا)یە ئەمەش مانای وایە کە زمانی زاڵ (زۆرینە)، بە شێوەیەکی نیمچە دیار، زمانی دووەمە لە کاتێکدا زۆربەی ئەوانەی قسەی پێدەکەن، زمانی یەکەمیانە (١٠- ١٢) هەست ناکەن پێویستیان بەوەیە زمانی دووەمی ئەفریقی فێربن.

باوکان بەیەك زمان قسە دەکەن زمانی (دایك)ی راپرسکراو چییە؟				
	زمانی کەس و کار	زمانی دیکە	بە زمانی دیکەی ئەفریکی قسە دەکەن	لەوانە بامبارا
بامبارا	١٢		٢	
پێل	١٠		١٠	١٠
خاسۆنکی	١	١	٢	٢
بۆبۆ	١	١	٢	٢
سینۆفۆ		١	٢	١
دۆگن	١	١	٢	
نۆنانکی	١		١	١
بۆزۆ		١	١	١
ساراکۆلی	٢		٢	٢
جۆلا		١	١	١
سۆنای	١٣		١٣	١٣
مۆسی	١		١	١
مالینکی	١	١	١	١
کۆ	٤٣	٧	٤٠	٣٥

هەمان ئەنجامان لە راپرسێکدا دەستکەوت، کە لە تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی ١٩٨٣ لە(نیامی) پایتەختی نەیجەر ئەنجامان دا.

زمانی کەس و کار یەکە زمانی دایکی راپرسکراو چییە؟		
	زمانی کـــەس و کارە	زمانێکی دیکەیە
زارما	٢٨	
هاوسا	١١	
پێل	٤	٢ (زارما)
سۆنای	٧	
تەماچیك		١ (هاوسا)
گورمانتچی	١	
کۆتۆکۆلی	٣	
وۆبێە		١

لێرەدا دەبینین کە زمانی کەمینە دەتوێتەوە وەك زمانی دایك، بۆ بەرژەوەندیی زمانـەکانی زۆرینە وەك (زارما) و (هاوسا) هەتا ئەگەر ئەمـە لـە حاڵـەتێکی کەمیشـدا بێـت، ئـەو دوو زمانەش زیاتر زاڵ دەبن، کاتێ دایك و باوك زمانیان جیاواز بێت.

زمانی کەس و کار یەکە زمانی دایکی راپرسکراو چییە؟				
	زمانی باوکە	زمانی دایکە	زمانی دیکەیە	هەردوو زمانن بەیەکەوە
				٢
زارما	٧	٦	٢	
هاوسا	١٢	٦	٢	
پێڵ	٢			
عەرەبی چادی	١			
کانۆری	١			
کۆتۆکۆلی	١			

لێرەدا دەبینین کە دەشێ زمانی یەکەمی منداڵان زمانی باوك بێت (١٩)، یان زمانی دایك (١٦)، یان هەردوو زمان بەیەکەوە (٢)، یان زمانی دیکە (٥)، بەڵام زمانی یەکەم، زۆر جار دەبێتە یەکێك لەو دوو زمانە زاڵە لەو وڵاتەدا. ئەمەش مانای وایە، پەیوەندیی تۆکمە هەیە لە نێوان خێزان و کۆمەڵگەدا، زمانی دایکیش لە هاوسەرگیریی تێکەڵدا، ئەو زمانەیە کە دەشێ زمانی باوکیش بێت، زۆر جار زمانی زاڵ دەبێت لە دەرەوەی ماڵدا، واتا وۆلف لە سنیگال و بامبارا لە مالی، زارما یان هاوسا لە نێجەر، لە هەردوو بەشی داهاتوودا لە نزیکەوە شوێنی زمانە زاڵەکان دەخەینە روو. بەڵام ئێمە لە ئێستاوە ئەو بوارە دەستنیشان دەکەین کە لە راپرسییەکانماندا دەردەکەوێت.

لە زمانی دایکەوە بۆ زمانی نیشتمانی

کەواتە لێرەدا زمانی (دایك) نییە، بەڵکو زمانی (یەکەم) هەیە، بەڵام بارتەقای زۆری رۆشنبیرییەکانی ئەوروپا یەك رێگەیان هەیە بۆ گوزارشت کردن لە زمانی یەکەم، (زمانی دایك): Mothertongue لە ئینگلیزیدا، Lengu materna لە ئیسپانیدا، Idioma materno لە ئیتاڵیدا Muttersprache لە ئەڵمانیدا، لەگەڵ فراوانیی زمانەوانیدا،

زمانی دایك، زمانێکە کە منداڵ بۆی دەمێنێتەوە بیرۆکەی (بۆماوەیی)، واتا بیرۆکەی رەچەڵەك، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە زمانی رووسیدا دەردەکەوێ، چونکە دەستەواژەی (زمانی دایك) دەگۆڕێ بە(لەدایك بوون) لە لایەك و بۆ (کەس و کار) و (سەرچاوە) لە لایەکی دیکەوە.

هیچ لەوە کەمتر نییە، بە تایبەتی لە زمانە ئەفریکییەکاندا، ئەو خوازە و دەستەواژانەی زمانی یەکەم دەبێتە، زمانی شیر، مەمك، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەندێ زماندا بیرۆکەی پەیوەندیی ئەو زمانەی یەکەم، بە زەوی دەبەستێتەوە. ئەمە لە زمانی چینیدا هەیە کە(بە زمانی دایك) دەڵێن

(بن گیویدین) واتا (زمانی وڵاتی رەگ و ریشە).

(فەرهەنگی رۆبێر) ئەو تێکەڵییە کورت دەکاتەوە، کە پێشتر لە میانی چەند زمانێکی جیاوازدا ئاماژەمان پێکرد، ئەو تێکەڵییە لەناو خودی یەك زمانیشدا هەیە، هەروەکو لە فەرەنسیشدا بەرچاو دەکەوێت، کە لێرەدا ئەم نموونەیەی بۆ دێنینەوە: فەرهەنگە بەربڵاو و باوەکان، زمانی دایك بە (زمانی ئەو وڵاتەی تێیدا لە دایك بووین) باسدەکات، ئەو پێناسە گشت لایەنە گشتییەکانی زمانی دایك بەرجەستە ناکات، بێگومان فەرەنسی، زمانی دایکی ئەو فەرەنسییەیە کە لە ژاپۆن لە دایك بووبێت و لە ژینگەیەك گەورە بووبێت کە بە فەرەنسی قسەدەکەن. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، فەرەنسییەك لە دایك و باوکێك بێت کە بە رەچەڵەك بیانی بن و بە غەیری فەرەنسی قسە نەکەن، دەتوانێ بە تەواوی، ئەو زمانەی نایزانێ، بە زمانی باپیرانی دووری دابنێ و بیکاتە زمانی (دایك) ئەگەر لە رووی سۆزەوە خۆی بە فەرەنسی دانەنێ. بەم شێوەیە، زمانی دایك، جاری وا هەیە دەکرێ بە (زمانی دایك)ی دابنێین و هەندێ جاریش بە زمانی (زمانی دایك- نیشتمان). لێرەدا روونکردنەوەکە، تێکەڵییەك دروستدەکات، لە راو سەرنج و بۆچووندا، لە لایەك زمانی دایك بە زمانی خێزان لەقەڵەم دەدا کە هەندێ هێماو بۆچوون بەرجەستە دەکات کە بریتییە لە (مەمکی دایك، سۆزی دایك، خوێنی دایك)، لە لایەکی دیکەشەوە گوزارشت لە زمانی هەرێم و وڵات و نیشتمان دەکات. لە حاڵەتی دووەمیشدا لە رێگای باوك، چونکە رەگی(باوك) لە فەرەنسیدا (pere) لە وشەی نیشتماندا هەیە (Patrie)، هەروەها لە وشەی ئیتاڵیدا یان ئیسپانی بەرامبەر (Patria) کە مانای (خاکی باوك) دەگەیەنێ، هەروەك لە ئەڵمانیدا (Vaterland) و لە وشەی (Fatherland) ی

ئینگلیـزی، هـەر چـەندە لـە ئینگلیزیـدا پێـی دەگـوترێ (Motherland) بـەڵام بیرۆکـەی (نیشتمان) لە زمانی چینی پەیوەندیی نە بـە بـاوك و نـە بـە دایکیشـەوە هەیـە، بـەڵکو بـە باپیرانەوە**(زوگیو)** کە واتای (خاکی باپیران) دەگەیەنێ، لەو سۆنگە گشتییەوە کە زمان لە خـۆ دەگرێ، وا دیارە کەس و کار لە پەیوەنـدیی خزمایەتیـدا نـەوەکان دابەشـدەکەن، بـاوك خـاك دەبەخشێ (لێرەدا ئەو زەوییەیە کە بـە چـەك داکـۆکی لـێ دەکـات زیـاتر لـەو زەوییـەی کـە دەیچێنێ) دایکیش ئەو زمانە دەبەخشێ، .... ئەوەی لێرەدا سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە ئـەم دابەشکردنە فرە زمانی پشت گوێ دەخات. لە نێوان شانەی خێزان و قەوارەی نیشتماندا دابـڕان دروستنابێ. زمانی دایك و خاك (باوك) بە هەردووکیان یەکێتیی داسـتانێك ئەنجامـدەدەن کـە زمانی مێگەل واتا زمانی تایبەت دەکات بە جیهانێکی بچووککراوەی زمانی بـڵاو، هـەروەها خێزانیش دەکات بە جیهانێکی بچووککراوەی نیشتمان، چونکە زمانی دایك و زمانی نیشتمان یەك شتن. ئەو جیهانەی بینیمان، بـەر لـە هـەموو شـتێك، فرەزمـانی دەستنیشـانی دەکـات. جیهانێکە لە چەند یەکەیەکی تاکزمانی پێکهاتووە، پرانسیبی راستەقینە بریتییە لەو زمانـەی کە دایك بۆ منداڵەکانی جێی دەهێڵێ، هەروەها خاکێك کە باوك بۆ منداڵەکانی جێی دەهێڵێ، واتا لە هەمان کاتدا لە زمانی دایکەوە دەگوازێتەوە بۆ زمانی نیشتمان بە بێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان هەردووکیاندا.

خێزان لە رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەدا

ئەو نموونە کەمانەی دەربارەی سینیگال و مالی و نەیجەر هێنامانەوە، بۆمان روونەدەکەنەوە کە کارەکە بە شێوەیەکی نارێك بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئەوەندە پێویستیمان بـەوە نییـە زۆر دوور بڕۆین بۆ سەلماندنیان، بۆیە دەبینین لە شاری (گایۆن)دا کە لە بەشی سـێیەمدا ئاماژەمـان پـێ کرد، رەنگە بمانگەیەنێتە هەمان ئەو ئەنجامانەی دەربارەی راپرسی دەستمان کەوتن کە تایبـەت بوون بە قوتابیانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە لە منـداڵانـی کۆچـبەران پێکهـاتبوون: بۆمـان دەرکەوت کە(٢٧) قوتابی لە کۆی (٤١) قوتابی بە زمانی باوکیان قسـەدەکەن (عـەرەبی یـان پورتوگالی یان ئیسپانی) لەگەڵ زمانی فەرەنسـیدا، بـەڵام ئـەوانی دیکـە، زمـانی یەکـەمیان فەرەنسییە، ئەمـە جـارێکی دی مانـای وایـە کـە شـانەی خێزانـی رەنگدانـەوەی ململانێـی زمانەوانیی دەوروبەریەتی. زمـانی وڵاتـی خانـەخوێ جـا چ فەرەنسـی بێـت یـان ئینگلیـزی،

بەنیسبەت منداڵێك كە دایك و باوكی مەغریبین و لە فەڕەنسا لە دایك بووە، یان دایك و باوكی چینین لە ویلایەتە یەكگرتووەكان لە دایك بووە، یان لە دایك و باوكێكی هیندییە و لە بەریتانیا هاتۆتە دونیاوە، ئەو زمانە، زمانی تێكەڵی وڵاتی خانەخوێی پێ دەگوترێ، هەروەها بە زمانی پلەبەرزی كۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێ، لە هەمان كاتدا زمانی خۆگونجاندنە لەگەڵ نموونەیەكی پێشكەوتوو لە دەرەوەی خێزاندا. ئەو پەشێوییەی نێوان (وەك خەڵكی دیكە بێت) یان (بەرامبەر رەچەڵەك و نەژادی خۆت بە وەفا بیت) جۆرە ناكۆكییەك دێنێتە ئاراوە، لەو كاتەدا منداڵەكە فێری دوو زمان دەبێت، یانیش بە یەكجاری بە زمانی كەس و كاری قسەدەكات، لە راپرسییەكەدا كە لە شاری (گایۆن) ئەنجامدرا، دەركەوت كە دایكی منداڵانی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی بە فەڕەنسی قسەناكەن، بۆیە ئەو منداڵەی زمانی راستەقینەی (دایك) نەزانێ، ناچار دەبێ بكەوێتە نێو بازنەی ململانێی زمانەوانی خێزانی.

بەڵام ئەم كارە وا ئاسان نییە، بۆیە بڕیارماندا لە راپرسیی شاری (گایۆن)دا، قوتابیانی قوتابخانەكە بەقسە بێنین وێڕای ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان كراوە و وەڵامی دەدەنەوە. رۆژێك منداڵێكی بچووكمان دواند با بڵێین ناوی- محەمەد- ە، دایك و باوكی مەغریبین، محەمەد پێی گوتین كە ئەو نازانێ بە عەرەبی قسەبكات، چونكە لە فەڕەنسا لە دایك بووە و هەرگیز نەچووەتە وڵاتی مەغریب، زمانی عەرەبیش بە نیسبەت ئەو زۆر قورسە، پاشان باسی شتی دیكەمان لەگەڵدا كرد، تا دواتر گەیشتینە لای دایكی، كە بە گوتەی ئەو منداڵە، هەرگیز لە ماڵ دەرناچێت.

((بۆ بازاڕ كردن و شت كڕینیش دەرناچێت؟))

((نا، محەمەد گوتی، : من ئەو كارە دەكەم))

((ئایا دایكت لیستێكت پێدەدات تا شتەكان بكڕیت ؟))

((نا، دایكم نازانێ بنووسێ، ئەو تەنیا بە دەم پێم دەڵێ: ئەو شتانە بكڕە.

تووشی گومان بووین، لێمان پرسی ((دایكت دەزانێ بە فەڕەنسی قسەبكات؟))

((نەخێر، ئەو تۆزێكی لێ دەزانێ.))

((كەواتە بە چ زمانێك قسەی لەگەڵدا دەكەیت؟))

(بە عەرەبی!) بەم شێوەیە و بە بڕوابەخۆبوونەوە وەڵامی دامەوە. بۆچی ئەو منداڵە تەمەن دەساڵە، هەستی كرد پێویستیی بەوە هەیە كە بڵێ، زمانی عەرەبی نازانێ، لە كاتی راپرسییە نووسراوەكەدا و لەكاتی وەڵامدانەوەی پرسیارە زارەكییەكانی من؟ ململانێیەكە، لێرەدا لە

نێوان فەڕەنسی (زمانی بەرزو باڵا) و زمانی قوتابخانە و زمانی پێوەر بە تایبەتی و لە نێوان زمانی عەرەبی، زمانی پێچەوانە و جیاوازیدایە.

کاتێ محەمەد وای درکاند کە بە زمانی خۆی قسەناکات، دەیویست خۆی وەك خەڵکی دیکە دابنێ و زمانی تایبەتی خۆی بکاتە قوربانیی زمانێکی دیکە کە فەڕەنسییە.

بەڵام بە نیسبەت هەرزەکاران، کارەکە پێچەوانەیە، سەردانی کەس و کاری محەمەدمان کرد، ماڵەکەیان لە ماڵی یەکێکی کەم دەرامەت دەچوو، لە ناوەوە قەنەفە و مێز دانرا بوو، هەروەها تابلۆی ئایەتی قورئانی پیرۆز بە دیواردا هەڵواسرا بوو، دایکی کە پۆشاکی ئاسایی لەبەردابوو، لە چێشتخانەی ماڵەوەدا خەریکی ئامادەکردنی خواردەمەنی بوو، کە لەلایەن کچە نۆبەرەکەیەوە پێشکەشی کردین، باوکەکە بە ئەنقەست بە زمانی فەڕەنسی قسەی کرد، محەمەدیش سەرسامیی پێوە دیاربوو چونکە باوکی لە کاتی قسەکردندا هەڵەی زۆری دەکرد، نەیدەزانی کە فەڕەنسییەکەی باوکی تەعریبکراو بوو، نیشانەیەك بوو لە نیشانەکانی ئینتیما، ئەوە بە تەواوی وەك فەڕەنسیی ئەو منداڵە وابوو کە کاریگەریی مەغریبی بەسەرەوە نەمابوو، (هیریدریا) دەڵێت:

((رەنگە رووبدات، کە کۆچبەرەکان زمانی فەڕەنسی رەتبکەنەوە بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە پێناسەی رەچەڵەکی خۆیان بکەن هەندێکیشیان بە دەنگێکی بەرز قسەدەکەن کە نیشانەی

(جوداکردنەوەیانە) بەو مانایەی کە (بۆردبۆ) باسیدەکات، ئەو رەفتارەش لە راستیدا تەواوکەری رەفتاری ئەو منداڵانە کە زمانی باوکیان رەتدەکەنەوە.

ئەگەر ئەم کارە پەیوەندیی هەبێت بەو دۆخانەی کە فرەزمانی و هاوسەرگیریی تێکەڵی تێدابێت، یان پەیوەندی هەبێت بەو خێزانە کۆچبەرانەوە کە زمانیان یەکگرتووە، بەڵام لە هەموو کاتێکدا خێزان دەبێتە شوێنی ململانێی زمانەوانی کە خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی کێشەو ململانێکانی کۆمەڵگەیە. ئێمە دەزانین لە دێرزەمانەوە کە منداڵ زمان دەگۆڕێ، بۆ نموونە دەنگەکانیان، کە بە زۆری جیاوازییان لەگەڵ دەنگی باپیرانیاندا هەیە کە دوای بیست ساڵ، یان دوای سی ساڵ بیرۆکەکەیان سەبارەت بە چارەنووسی زمانەکە پێدەبەخشێ، چونکە منداڵی ئەو منداڵانە، بە هیچ شێوەیەك وەك باپیرانیان قسەناکەن، ئەمە لە پەیوەندیی نێوان زمانەکانیشدا هەر وایە، کاتێ زمانی مێگەل واتا زمانی تایبەت دەبێتە زمانی کەمینە تا رادەیەکی زۆر و رۆژانە لەنێو خێزاندا قسەی پێدەکرێ، بۆیە شانسی لەمانەوەدا بۆ ماوەیەکی درێژ، بەندە بە پارێزگاریی کردن لەو ئەرکەی کەپێی سپێردراوە، بۆ نموونە (حاڵەتی بەربەر لە

مەغریب یان کۆرسیکی لە فەڕەنسا) بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، کاتێ منداڵان لە قسەکردن بەم زمانە، دوور دەکەونەوە، بەرە بەرە لە بیری دەکەن، یان گوایە لەبیریان چووەتەوە و شەرم دەکەن قسەی پێبکەن، ئەوا چارەنووسی ئەو زمانە مایەی دڵنیایی نابێت، چونکە منداڵی سنیگالی کە لە دایك و باوکێکی زمان (پۆل)ە و زمانی (وۆلف)یش زمانی یەکەمیەتی، ئەوا تەنیا لەگەڵ نەنکی و باپیریدا بە زمانی (پۆل) قسەدەکات بەڵام لەگەڵ هاوڕێکاندا بە (پۆل) قسەناکات و بە (وۆلف) دەدوێت. لە پێشەکیدا ئاماژەمان بەوەکرد کە مێژووی زمانەکان، لایەنێکی زمانەوانیی مێژووی کۆمەڵگەکان پێکدێنێ، هەروەها مێژووی زمانەوانیی خێزان بەرهەمی مێژووی کۆمەڵایەتییە چونکە کوڕی کۆچبەرێك کە عەرەبی رەتدەکاتەوە، گوزارشت لە دەمارگیریی دەوروبەری دەکات، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی لێدەکەوێتەوە، کە رەنگە ببێتە هۆی سڕینەوەی زمانەکە بەیەکجاری، بۆیە لە بەشێکی دیکەدا باس لەو دۆخانە دەکەین کە رەنگە ببنە هۆی لەناو چوونی بەکۆمەڵی زمان.

بەشی حەوتەم

بازاڕ و زمان

ئەو فرەزمانییەی کە بینیمان، بارودۆخی زمان بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەر رووی زەوی بەرجەستە دەکات، بۆیە چەندین بابەتی پەیوەندی و تێکەڵ بوون دەروروژێنێ. رۆژانە، لەهەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا، سەدان هەزار مرۆڤ بەیەك دەگەن، ئەوانە پێویستیان بە پەیوەندی و تێکەڵیی هەیە، بەڵام بەیەك زمان قسەناکەن، بازرگانییش پەیڕەوکردنێکی کۆمەڵایەتییە کە زیاتر تووشی ئەم گرفتە دەبێتەوە، کەواتە چۆن دەتوانین بفرۆشین و بکڕین و سەودا بکەین لەگەڵ ئەوانەی بەهەمان زمان قسەناکەن؟ مرۆڤ هەر خۆی توانای ئەوەی هەیە هۆکارێك بدۆزێتەوە بۆ تێکەڵی و پەیوەندی کردن هەر کاتێك کە پێویستی پێی هەبێت، **(مۆریس دیلافۆست)** نموونەیەك دێنێتەوە سەبارەت بە رێگاکانی ئاڵوگۆڕکردن لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەفریکای رۆژئاوادا، بۆیە دەڵێت:

((بازرگانەکان، کەلوپەلەکانیان نمایشدەکرد کە بریتی بوون لە (خوێ، مس، مرواری شین)، هەر بازرگانێك کەلوپەلەکانی خۆی لەسەر زەوی دادەنا، بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵی جیا جیا، دواتر هەموویان لەبەرچاوی دانیشتوانانی ناوچەکە دوور دەکەوتنەوە ئەو کاتە ئەوان نزیکدەبوونەوە، لە تەنیشت هەر کۆمەڵێك شت، هەندێ پارچە زێڕیان دادەنا، پاشان دەکشانەوە. ئینجا بازرگانەکان دەگەڕانەوە و هەریەکەیان ئەو کۆمەڵە پارچە زێڕەیان دەبرد کە لە تەنیشت کۆمەڵە شتەکانیان دانرابوون، ئینجا دەکشانەوە و دەستیان دەکرد بە تەپڵ لێدان، کە ئەمەش هێما بوو بۆ رۆیشتن و تەواوبوونی سەوداکردنەکە و کەلوپەلەکانیشیان لە شوێنەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت، دیارە ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕە کپ و بێ دەنگە بەشێوەیەکی رێك وپێك ئەنجامدەدرا. بێ ئەوەی هیچ لە کڕیارو فرۆشیاران ترسیان لێی هەبێت لەوەی کە فێڵیان لێدەکرێت)).

عەرەبیش زێڕیان دەکڕی بێ ئەوەی هیچ ئاڵوگۆڕی زمانەوانی بکەن، بەڵام مانای ئەوە نییە کە پەیوەندی و تێکەڵییان نەبووە. لەو دیمەنەی باسمانکرد، ئابووریناسێك سەرنج لەوە دەدات کە ئەم جۆرە بازرگانییە بێ بەکارهێنانی دراو بوو. بە شێوەیەکی گشتی نرخی بەرامبەر کەلوپەل بوو، کە **کارل ماركس** ئاماژەی بۆ دەکات، (پێویست ناکات بە بەکارهێنانی زێڕ لە سەودا کردندا سەرسام بین، چونکە تەنیا لەبەرامبەر کەلوپەلدا بەکارهاتووە نەك وەك پارە) زانایەکی دیکەش نەبوونی زمان لەگەڵ ئاڵوگۆڕیی نامە بەم شێوەیە لێکدەداتەوە(کۆمەڵێك کەلوپەلی من یەکسانە بەکۆمەڵێك ئاڵتوونی من، منیش تەپڵ لێدەدەم، کە نیشانەی کۆتایی هاتنی سەوداکەیە) ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕە بێدەنگە، دوو شتی کەمە، یەکەمیان نەبوونی زمان، دووەمیان نەبوونی (دراو)، بەڵام وێڕای ئەو کەموکورتیانە، بە ئاڵوگۆڕو پەیوەندییەکی تەواو لە قەڵەم دەدرێ، خەڵك هەمیشە هەوڵیداوە ئاریشەی زمانەوانی لەبەردەم تێکەڵبووندا لە بواری کۆمەڵایەتیدا لەسەر زەوی و لای مرۆڤ لابەرێت، ئەمەش بە پێکهێنانی زمانی تێکەڵ، یان بە بەکارهێنانی زمانی بڵاو، هەندێ جاریش پەنای دەبردەبەر داهێنانی زمانی دروستکراو وەکو، ئەسپرنتۆ، واتا بازاڕ دەبێتە هۆکارێك بۆ داهێنان و دروستکردنی فرەزمانی. لەبەرئەوەی ژمارەی زمانەکان کە لە بازاڕدا بەکاردێن زۆرن، ئەو تێکەڵییە خۆی دەسەپێنێ لەبەر (پروپاگەندە کردن بۆ کەل وپەل، بانگەوازی کڕیار، پرسیارکردن لە نرخ، سەودا کردن لەسەر بەهاو نرخ) ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە بازاڕ ببێتە شوێنی بەڕێوەبردنی فرەزمانی کە لەنێو کۆمەڵدا دێتە ئاراوە، رەنگە چەندین زمان لە هەوڵی ئەوەدا بن، هەریەکەیان زمانی بڵاوی خۆی بەسەر بازاڕدا بسەپێنێ، لە شوێنێك یەکێکیان سەردەکەوێت و لە شوێنێکی دیکە، زمانێکی دیکە.

بازاڕی کانتۆن و چین

لە شاری (کانتۆن)ی باشووری کۆماری چینی میللی، دوو زمان بەلای کەم بەیەکەوەن: (کانتۆنی) یان زمانی (کانتۆن) لەلایەك، کە زمانێکی لۆکالی بڵاوە لە تەواوی هەرێمی کوانگدۆنگ و هۆنگ کۆنگ، هەروەها زمانی (بیتونگ هوا) لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش (زمانی هاوبەشە) لە رۆژئاوا بە (ماندارن) ناسراوە، کە زمانێکە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ و هۆیەکانی راگەیاندنی رادیۆو تەلەفزیۆن بەکاریدێنن، ئەمە زمانی یەکەمە لە باکووری چین، بەڵام لە کانتۆن زمانی دووەم. چەند زمانێکی دیکەی چینی دێنە پاڵ ئەو دوو زمانەوە، وەکو

(ئەلوو، هاكا).... وێڕای چەندین زمانی دیكەی (كەمینەكان)، لە مـانگی ئـەیلول و تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٥دا، لەگەڵ هەندێ قوتابیان لە پەیمانگای زمانە بیانییەكان، راپرسییەكمان لە دوو بازاڕی شارەكە ئەنجامدا: بازاڕی (كینگ بینگ لو) بۆفرۆشتنی كەلوپـەلی خـۆراك كـە كەوتووەتە سەر دەریای مرواری لە بەرامبەر دوورگەی شیمان، هـەروەها لـە بـازاڕی (گـاو دی جیە) بۆ فرۆشتنی جل وبەرگ، كە كەوتووەتـە ناوەڕاسـتی شـار لـە نزیـك شـەقامی گـەورەی بازرگانی لە (لبیجینگ لو).

وا چاكە بەر لەوەی باس لە تێكەڵیی راستەقینەی زمانەوانی بكـەین، پێشـەكییەك بخەینـە روو، سەبارەت بەو دیمەنەی بینیمان، لە لایەنێكی بچووكی بازاڕی (كیـنگ بیـنگ لـو)دا كـە چەندین كەل و پەلی گۆزەی چینی و دارودرەخت و شتی سەیر و سەمەرەی لێ دەفرۆشرێ، كاتێ بیانییەكان رووی تێدەكەن بە مەبەسـتی شـت كـڕین، لەوێـدا دەبیـنین فرۆشـیارەكان بـە هـیچ زمانێكی بیانی قسەناكەن، تەنیا وشەیەكی ئینگلیزی بەكاردێنن كـە واتـای سـلاو دەگەیـەنێ (Hello) كە هێمایە بۆ بانگهێشت كردنی كڕیارانی بیانی. لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر كڕیارەكە شتێكی بەدڵ بوو، فرۆشیارەكە پارچە كاغەزێك لە گێرفـانی دەردەهـێنێ، كـە لـە سـتوونێكی تەواودا چەند ژمارەیەكی لێ نووسراوە، ژمارەكان لە (١- ١٠٠) دەبێت زۆر جاریش ژمارەكـان لە (٥٠- ١٠٠) لە پشتەوەیەتی دواتر ژمارەكە لە بەرامبەر نرخەكە دیاریـدەكرێت بـە پـارەی (یوان)، كڕیارەكە بە ئاماژەكردن بە پەنجـەی دەسـتی بـۆ ئـەو ژمارەیـە نرخەكـە دەستنیشـان دەكات، دیارە ئەم جۆرە رەفتارەش چەند سەرنجێك دەخاتە روو:

- وا چاكە لەسەرەتادا ئاماژە بەوە بكەین كە هەموو ئەو بیانیانەی لای ئەو بازرگانانەن بە زمانی ئینگلیزی قسەدەكەن، بازرگانان پرسیار ناكەن دەربارەی ئەو زمانەی كڕیاران قسەی پـێ دەكەن (هەروەكو بۆ نموونە لە بازاڕەكانی مەراكش لە مەغریب هەیە، كە فرۆشـیاران هـەر بـە سەیركردن دەتوانن پێناسەی كڕیاران دەستنیشان بكەن) وشەی (هەلاو) لە بـازاڕی كـانتۆن بـۆ ئەمە بەسە، لەو جیهانەدا شوێنی بازرگانی زۆرە، بازرگان هەیە زمانێكی زۆر دەزانێ، دەتوانێ بە زمانی كڕیار قسە بكات، یان بە زمانی جیهانی (ئینگلیزی و فەڕەنسی) هەروەكو لە میسـر و مەغریب هەیە، لە هەندێ شوێنیش بە زمانێكی سەردەمی ئیمپریالیزم قسە لەگـەڵ كڕیـاردا دەكرێ (وەكو ئەوەی بە گشتی لە ئـەفریكادا هەیـە)، هـەروەها لـە هەنـدێ شـوێنی دیكـەش كڕیارەكە دەتوانێ بە زمانی بازرگانەكە قسە بكات (هـەروەكو لـە وڵاتـانی ئـەوروپادا بەرچـاو دەكەوێ).

- سەرنجی دووەم : ئەو پارچە کاغەزەی باسمانکرد، هاوسەنگییەك لە نێوان پێویست بوون بە تێکەڵی و رەفتاری کۆمەڵایەتی دروستدەکات، ناوەڕۆکی گرنگیی ئەم پەیوەندی و تێکەڵییەش بریتییە لە نرخ و سەوداکردن، کۆدی بەکارهێنراویش لێرەدا گوزارشت لەو ناوەڕۆکە دەکات، بەڵام رەخنەو گلەیی لەو سەوداکردنە ئەوا بە هێماو ئاماژە ئەنجامدەدرێ.

- دوا سەرنج: ئەو سیستەمەی کە بازرگانانی بازاڕی (کینگ بینگ لو) دایانانا، چەند ئاراستەیەکی بیرکردنەوە لێکدەداتەوە سەبارەت بەو کۆدانە کە دەبێتە هۆکارێك و ئەم تێکەڵییە دروستدەکات، بۆ نموونە زمانی تێکەڵ، وەك زمانی ستاندارد وایە، چونکە بەو شێوەیەی دەیەوێ پێداویستییەکان دابیندەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا رێگا هەڵبژاردەیەکی زمانەوانییە، کەچی سیستەمی (کینگ بینگ لو) دەستنووس و هێما بەرجەستە دەکات، بێگومان ئەو تێکەڵییەی سیستەمەکە، تێکەڵییەکی دیاریکراوە(تەنیا دیاریکردنی نرخ و سەوداکردنە).

ئێستا با بچینە لای ئەو زمانانەی لە تێکەڵیی بازرگانیدا بەکارهاتوون، قوتابیان لەو راپرسییەدا لەسەر کاغەزی تایبەتدا هەموو ئەو شتانەیان نووسیوەتەوە کە لە قسەی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان بازرگانان و کڕیاراندا دەستیان کەوتووە، لەم دوو خشتەیەدا پوختەی ئەو ئاڵوگۆڕە دەردەکەوێت:

کینگ بینگ لو، سەرنجی (٢٨٣) گفتوگۆی ئاڵوگۆڕکراو (زمان)	
کانتۆنی	٢٤٩
بۆ تۆنگ هوا	١٤
کانتۆنی، بۆ تۆنگ هوا	١٠
هاکا	٢
هەنان	٢
سیشوان	٢
هێماو ئاماژە	٢
نووسین	٢

گاو دی جیه، سەرەنجی (١٣٢) گفتوگۆی ئاڵوگۆرکراوی (زمان)	
بۆ تۆنگ هوا	٨٦
کانتۆنی	٣٨
کانتۆنی، بۆ تۆنگ هوا	٤
شاوشوو	٢
تیان سو	٢
هو نای	٢
شانتۆنگ	٢

کاغەزەکان بەم ڕێگەیە ئامادەکران:

شوێن: **مێژوو:** **بەرهەمهێنەر:**

ڕەگەز	تەمەن	شێوە	بابەت	زمانەکان

بۆ نموونە: لە کاغەزەکە بەم شێوەیە نووسرا بوو:

ر- ر	٣٠- ٤٠	ك - ف	بانگەواز	کانت

پێویستە بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

فرۆشیارێك لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدایە بە زمانی کانتۆنی بانگەوازی کڕیارێکی تەمەن (٤٠) ساڵی دەکات. ئەوەی مایەی سەرنجە زمانی کانتۆنی، زمانی تێکەڵی و پەیوەندییە لە بازاڕی کینگ بینگ لو دا(٢٤٩ ئاڵوگۆڕکراوە لە کۆی ٢٨٣) و بەکارهێنانی زمانی نیشتمانی کە (بۆ تۆنگ هوا)یە، زۆر کەمە، بەڵام درێژە لە (گاودیی جێیە) نزیکەی (٨٨) لە سەدایە بە کانتۆنی لە حاڵەتی یەکەمدا و (٦٥) لە سەدایە بە زمانی بۆ تۆنگ هوا لە حاڵەتی دووەمدا، ئەم دابەشکردنەی ئەو دوو زمانە، بەڵگەی ئەرکی جیاوازی هەریەکەیانە، کانتۆنی زمانی خێزان و شەقام و پەیوەندیی دۆستایەتییە، لە ئەنجامدا ڕۆڵی زمانی تایبەت دەبینێ کە بۆ

تۆنگ هوا توانای ئەوەی نییە، زمانی فەرمیشە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ، هەروەها زمانی کارگێڕی و هۆیەکانی راگەیاندنە، لەبەر ئەم هۆیەیە کانتۆنی بە شێوەیەکی ئاسایی زمانی بازاڕی خۆراکە، لە بەرامبەردا بازاڕی (گاودی جێیە) کڕیارێکی زۆر لە باکووری ولاتەوە پەلکێش دەکات، چونکە کانتۆن شارێکی دێرینە هەروەها نزیکە لە هۆنگ کۆنگ کە ئەمەش هۆیەکی دیکەی ناوبانگ دەرکردنیەتی، کڕیاران رووی تێدەکەن تاکو بە کۆمەڵ پۆشاك و جل و بەرگی هەمە جۆری لێ بکڕن و لە شەنگەهای بیفرۆشنەوە، ئەمەش مانای وایە کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی زۆر جار لە نێوان فرۆشیارێك لە باشوور کە بە زمانی (کانتۆنی) قسەدەکات و لە نێوان کڕیارێك لە باکوور، کە بە زمانی (بۆ تۆنگ هوا) قسە دەکات ئەنجامدەدرێ، لە ئەنجامدا فرۆشیاران بە زمانی بۆتۆنگ هوا قسە لەگەڵ کڕیاراندا دەکەن کە زمانی کانتۆنی نازانن، واتا (زمانی فەرمی) لێرەدا بە ئاشکرا ئەرکی زمانی بۆ تۆنگ هوا دەردەکەوێ وەك زمانی بڵاو.

ئەو ژمارانەی کە لە راپرسییە فراوانەکە دەستمان کەوتووە، چەند زانیارییەکمان پێدەبەخشن:

- دەرکەوتنی فرەزمانی لە کانتۆن، ئەو فرەییەش بەتایبەتی، دووانەزمانی نێوان کانتۆنی و بۆ تۆنگ هوا روونەدەکاتەوە.

- پلەو پایەی جیاوازیی هەریەك لەو دوو زمانە، کانتۆنی زمانی تایبەتە لە لایەك و بۆتۆنگ هوا، زمانی بڵاوە لە لایەکی دیکەوە.

- دەرخستنی هاوکێشەی هێز، چونکە کاتێك کارەکە پەیوەندیی دەبێ بە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو زمانە سەرەکییە، دەبینین بۆتۆنگ هوا ئەویان هەڵبژاردە دەکات. بەڵام ئێمە ناتوانین بزانین هەتا ئێستا ئایا هەڵبژاردنی ئەم زمانە لەسەر بنچینەی ئەوەیە کە زمانی کڕیارە، یان زمانی فەرمییە ئایا فرۆشیار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کڕیارەوە، یان ژێر دەسەڵاتی ناوەند کە باکوور دەیسەپێنێ؟ لە راستیدا فرۆشیارەکانی کانتۆنی دووانەزمانن، کڕیارەکان لە باکوورەوە هاتوون تاکزمانن، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

- دوا جار، رۆڵی ئاشکرای بازاڕ، کە جووڵانەوەیەکی گەورەی زمانەوانیمان بۆ دەردەخات کە دەخزێتە نێو کۆمەڵەوە، بەڵام ئەو خاڵەی دوایی تایبەت نییە بە بازاڕی کانتۆن، دواتر دەبینین کە لە هەموو بازاڕەکاندا کە فرەزمانن، هەر بەم شێوەیەیە.

بازاڕەکانی برازاڤیل (کۆنگۆ)

پرۆسەی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار بە ڕێژەیەکی بەر چاو، ڕەوشی زمانەوانی لە پایتەختی کۆنگۆ دەستنیشان دەکات، لە ڕاستیدا دانیشتوانی کۆنگۆ بەپلەی یەکەم شارستانن، چونکە (٣٤) لە سەدای دانیشتوان لە هەردوو شاری گەورەی(برازاڤێل و بوانت نوار)دا دەژین بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە برازاڤیلەوە هەیە، ژمارەی دانیشتوانی کە لەساڵی١٩١٧دا (١٠) هەزار کەس بووە، کە نزیکەی (١٠) لە سەدای کۆی دانیشتوان پێکدێنن، بەڵام لەساڵی ١٩٨١دا ڕێژەکە گەیشتە (٢٥) لە سەدا و ژمارەکە گەیشتە زیاتر لە سێ سەد هەزار کەس، زیادبوونی ئەم ڕێژەیەش لەم ژمارانەدا دەردەکەوێت:

١٩١٧ : ١٠٠٠٠ کەس

١٩٥٥ : ٩٥٥٢٠ کەس

١٩٦١ : ١٢٧٩٦٤ کەس

١٩٧٤ : ٢٩٨٩٦٧ کەس

ئەم زیادەیەی ژمارەی دانیشتوان تێکەڵییەکی زمانەوانی هێنایە ئاراوە، برازاڤیل دەکەوێتە سەر کەناری ڕاستی دەریای کۆنگۆ، هەر لە کۆنەوە و بەحوکمی شوێنەکەی، پێگەی بەیەك گەیشتنی شەپۆلەکانی کۆچ بووە، کە یەکەم جار بەرەو دەریاکە دەهاتن. کۆچبەرانی پێشوو لە ناوچەی ستانلیبۆلەوە ڕوویان لەو شوێنە کردبوو. **(ب. دیبۆز)**ی مێژوونووس دەڵێ: ٦٠٪ ی ئەوانەی گەیشتوونەتە پایتەخت، بەر لە (٢٠) ساڵ زیاتر لە (پۆل)دا بوونە، واتا لە ناوچەی برازاڤیل، بەڵام ئەوانەی لەو پێنج ساڵەی دواییدا (١٩٧٥ - ١٩٧٩) گەیشتوون، ئەوەندە (پۆل)یان تێدا نەبووە، تەنیا ٢١٪ نەبێت لەگەڵ کۆچی ناوخۆدا، دوو جووڵانەوەی گەورەی یەك لەدوای یەك هاتنە ئاراوە: یەکەمیان لە باکوورەوە هات و زمانی بڵاوی باکووری لەگەڵ خۆیدا هێنا واتا زمانی (لینگالی)، ئەوی دووەمیان لە باشوورەوە هات، زمانی بڵاوی هێنا واتا زمانی (مۆنۆکۆتۆبی)، ئەو دوو زمانەش، زمانی سەرەتایی دانیشتوانی شارەکە نەبوون، نەوەکانی ئەو دوو جووڵانەوەی کۆچ کردنە بە جیا، هەریەکەیان لە شوێنێکی بەرامبەر یەکدی نیشتەجێ بوون، ئەوانەی بە لینگالی قسەیان دەکرد لە باکووری شارەکە (گەڕەکی بۆتۆ — بۆتۆمۆگالی) نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەوانەی بە مۆنۆکۆتۆبی قسەیاندەکرد، لە باشوور و لە گەڕەکی (باکۆنگۆ) گیرسانەوە، بەم شێوەیە برازاڤیل بوو بە وێنەیەکی بچووککراوی کۆنگۆ، کە دوو زمانی گەورەی بڵاوی تێدا چەسپا، وێڕای زمانێکی دیکە بە ناوی (لاری) یان (کیلاری).

(لاری) شێوەزارێکی شارستانیی گرووپی (کانگۆ)یە، جێگرەوەی زمانی (کانگۆیە) کە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەدی، چونکە زمانی شارو پایتەختە. بۆیە زۆر جار خەڵکی ئاسایی لە ناوچەی (پۆل) کە سەبارەت بە زمانەکەیان پرسیاریان لێدەکرێ لە وەڵامدا دەڵێن: زمانی(دایك)مان (لاری)یە، بە تایبەتی ئەوانەی کە ماوەیەکی کەم بوو لە برازاڤیل نیشتەجێ بوون وێڕای ئەوەش، لە پایتەختدا گرووپگەلێکی ئەتنی هەن کە زیاتر وەك وڵاتێکی بچووك دەردەکەوێت.

گرووپی کۆنگۆ : ٦٥,٥٪ ی دانیشتوان

گرووپی تیکی : ١٧٪

گرووپی مبوشی : ١١,٣ ٪

گرووپگەلی دیکە : ٢,٦ ٪

غەیری کۆنگۆلی : ٣,٦٪

ئەم رەوشە پرسیارێك رووبەڕووی زمانناسی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە: تۆ بڵێی ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی زمانەوانی چ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە؟ ئەو زمانانە چین کە خۆیان لە پەیوەندی و تێکەڵی کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنن، یان ئەوەی تەنیا لەناو خێزاندا بەکاردێت، کەزمانی مێگەلی تایبەتە؟

لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٠دا راپرسییەکی سەرەتاییمان دەربارەی ئەو خاڵە لەڕیز ژمارەیەك قوتابیدا کرد، ئەوانەی کە لە زانکۆی نگوابی لە برازاڤیل دەیانخوێند، بە تایبەتی لەگەڵ خاتوو (ئانی لو بالیك) کە مامۆستا بوو لەو زانکۆیە و قوتابیی دکتۆراش بوو، باسەکەش تایبەت بوو بە رەوشی زمانەوانی کۆمەڵایەتیی شارەکە، قوتابییەکان لە گەڕەکەکانی خۆیاندا ئەو پرسیارانەیان دابەشدەکرد: لە کوێ شت دەکڕیت؟ لەبازاڕدا بە چ زمانێك مامەڵە دەکەیت؟ بەڵام بە رێژەوە هەوڵیاندا ژمارەی پیاوان لەگەڵ ئافرەتان یەکسان بێت، هەروەها بە شێوەیەکی یەکسانیش ئەو کەسانەیان دەدواند کە تەمەنیان لەخوار سی ساڵییەوە بوو، یانیش لە سی ساڵ بەسەرەوە، لەم کارەماندا بۆمان روونبووەوە: کە سێ زمانی بڵاو بە ئاشکرا خۆیان سەپاند، بەڵام لە رووی ئامارەوە لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازییان هەبوو، خەڵکەکە لە بازاڕەکانی باکووری شارەکە بە زمانی لینگالی قسەیان دەکرد، لە بازاڕەکانی باشووریش بە مۆنۆکۆتۆبی و لاری قسەیان دەکرد. بە تایبەتیش لەو گردەی کە بە (گردی ١٥) ساڵ ناونراوە، چونکە سەربازانی ئەفریکا لە سوپای ئیمپریالیزمی فەڕەنسیدا دوای تەواوکردنی

(١٥) ساڵ لە خزمەتی سەربازی خانەشین دەبوون و لەو گردە دادەنیشتن و بە مووچەی خانەنشینی خانوویەکی بچووکیان بۆ خۆیان دروستدەکرد. ئەوانە زیاتر بە زمانی فەڕەنسی قسەیان دەکرد، چونکە لە بنەچەدا کۆنگۆلی نەبوون و زمانی ئەو وڵاتەیان نەدەزانی.

ئەوەتا ڕێژەی سەدیی وەڵامەکان، کە لە چوار بازاڕی شارەکەدا کۆکراونەتەوە سەبارەت بەو پرسیارە: لەبازاڕدا بە چ زمانێك مامەڵە دەکەیت؟ ئەو ژمارانەش تەنیا پشت بە ڕاپرسی بەرایی دەبەستن لە کۆی (٣٠٠) ڕاپرسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕێنموێنی ئاشکرا بەرجەستە دەکات:

- ڕەوشی ئاڵوگۆڕ کە بە هۆی کۆچی بەردەوام بۆشار هاتە ئاراوە، وێڕای فرە زمانی لە کۆنگۆ، گرفتی تێکەڵی و پەیوەندی خستەڕوو، کە ڕێگا چارەیەکی بۆ سەرهەڵدان و شوێنی زمانگەلی بڵاو دەستنیشان کرد، یەکێك لەو زمانانە، (لینگلی) بوو کە لەنێو دانیشتوانانی کۆچبەردا لە باکوور زیاتر بڵاوبوو. بەڵام وا دیاربوو زمانی (مۆنۆکۆتۆبی) لەنێو ئەوانەی لە باشووردا کۆچیان کردووە، زیاتر باوە.

بازاڕی بۆتۆ بۆتۆ	
لینگالی	٪ ٦٥,٥٦
لینگالی ومۆنۆکۆتۆبی	٪ ١٧,٢٤
فەڕەنسی	٪ ١٠
لینگالی و فەڕەنسی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ٣,٥
لاری	٪ ٣,٥

بازاڕی مۆنگالی	
لینگالی	٪ ٣٠,٣٦
مۆنۆکۆتۆبی	٪ ٢٥
لینگالی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١٦
لینگـــــال و فەڕەنســـــی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ٨,٩
لینگال و فەڕەنسی	٪ ٥,٣
لینگالی و لاری	٪ ٥,٣
لاری	٪ ٣,٥
لاری، لینگالی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١,٧
لارو مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١,٧ ی
فەڕەنسی	٪ ١,٧

بازاڕی(گردی ١٥ ساڵ)	
مۆنۆکۆتۆبی	٪٢٦,٣
فەڕەنسی	٪ ١٥,٧
لینگالی	٪ ١٥,٧
مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١٥,٧
لاری و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١٠,٥
لاری	٪ ١٠,٥
لینگـــــالی، فەڕەنســـــی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ٥,٥

بازاڕی باکۆنگۆ	
لاری	٪ ٥٧,٨
مۆنۆکۆتۆبی	٪ ٢٠,٣
لاری و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١٢,٥
فەڕەنسی	٪ ٣,١
فەڕەنسی، لاری و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١,٥
لاری و فەڕەنسی	٪ ١,٥
لینگالی و مۆنۆکۆتۆبی	٪ ١,٥

- زمانەکانی یەکەم لە بەرامبەردا لە بازاڕدا نین، گومانیشی تێدا نییە، کە ئەم زمانانە لە ماڵەوە بەکاردێن، بەڵام لە ئاڵوگۆڕیی بازرگانیدا بەکارنایەن.

- هەمان شت بە نیسبەت فەڕەنسییەوە، کە زمانی فەرمییە، بێجگە لە(گردی ١٥ ساڵ)، بەڵام ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی بەسەر ڕەچەڵەکی جوگرافیدا زاڵە، ئەوانەی قسەشی پێدەکەن زمانی فەڕەنسیی هاوبەشیان نییە، بۆیە زمانی فەڕەنسی، بەشێوەیەکی کەم ڕۆڵی زمانی بڵاو دەبینێ لەپاڵ هەردوو زمانی دیکەی بینگالی و مۆنۆکۆتۆبیدا.

بازاڕی بچووکی نیامی (نەیجەر)

لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٣دا، کاتێك بانگهێشت کراین بۆ وانەگوتنەوە لە زانکۆی نیامی، لەگەڵ قوتابیانمان ڕاپرسێکمان لە شێوەی ئەوەی پێشوو ئەنجامدا، بەڵام ڕاپرسێك لە نێوان دوو بەراوردا، هەروەکو لە کانتۆن کردمان، ئاواش چاودێریی گفتوگۆی بازاڕەکەمان کرد، ڕاپرسییەکەش لە شێوەی ڕاپرسییەکەی برازاڤیل بوو.

شاری نیامی لەم ساڵانەی دواییدا، بەهەمان شێوەی برازاڤیل و ژمارەیەکی زۆری شارەکانی ئەفریکا، فراوانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دی ئەم ژمارانەش گەواهیدەری ئەم فراوانکارییەن:

سەرچاوە	ژمارەی دانیشتوان	ساڵ
سیدیکۆ	٢٨٨٧	١٩٠٨
برنۆس	٢١٦٨	١٩٣١
برنۆس	٤٨٩٥	١٩٤١
سیدیکۆ	١٢٠٠٠	١٩٥٠
برنۆس	١٥٠٠٠	١٩٥٣
برنۆس	٣٤٥٠٠	١٩٦٠
سیدیکۆ	٥٧٠٠٠	١٩٦٧
سیدیکۆ	١٩٥٨٧٤	١٩٧٥
ئامار	٢٢٥٣١٤	١٩٧٧

لەوەتەی سەدەی رابردووەوە کە ئەم شارە دامەزراوە، پێکهاتەی دانیشتوانی، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەسەندنی بەخۆیەوە دیوە، ، بەڵام هەر چەندە شارەکە لە ئێستادا لە پێنج گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە و لە شێوەی ئەتنی و تیرەگەری دابەشبووە، هەروەکو سیدیکۆ دەڵێ، کە بریتین لە گەڕەکەکانی (ماوریّە، گانداتێە، کواراتیگی، کاڵیە- زرما، کالیّە- پل، فۆلانکۆارا)، بەڵام هیچ لێکچوونێك لە نێوان گەڕەك و ئەتنی و زماندا نییە، بۆ نموونە: گەڕەکی (فۆلانکۆارا) کە پێشتر (پێل) لێی نیشتەجێ بوون، ئەمڕۆ دوو تیرەی وەك (زرما) و (هاوسا)ی لێ نیشتەجێن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە کۆچ هۆکاری قەرەباڵغ بوونی شارەکە بووە، سیدیکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ٥٤,٦٪ ی ئەو نموونەیەی لە راپرسییەکەدا پشتی پێ بەستراوە، لە دایك بووی (نیامی) نەبوون، بەڵام راپرسییەکەی (ج.یانکۆ) دەریدەخات کە ٣١٪ ی قسەکەران بە زمانی (زرما) کە لە نیامی نیشتەجێن، هەر لەوێ لە دایك بوونە. هەروەها بەنیسبەت ٦٪ ی قسەکەران بە زمانی (هاوسا)، ئەو نموونەیەی پشتمان پێ بەست، ئاماژە بەوەدەکات کە ٨٢,٥ ٪ لە دایك بووی نیامی نین.

ئەو زمانانەی لە بازاڕدا بەکاردێن: وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە							
	بازاڕی بچووك	واداتا	کەناری ڕاست	پانتالا	بازاڕی تازە	کۆ	ڕێژەی سەدەیی نزیکەیی
زرما	٩	٧	٣		٣	٢٢	١٤,٥
هاوساو زرما	٣٦	١٩	٢	٦	٣	٦٦	٤٢,٥
هاوسا	١١	٩			١	٢١	١٤,٥
هاوساو فەڕەنسی و زرما	٤	٣	١			٨	٥,٨
فەڕەنسی و زرما و بامبارا	١	١				٢	
زرما و هاوسا و فەڕەنسی	٩	٦	٢			١٧	١١,٢
زرما و هاوسا و بامبارا	١	١				٢	

کەواتە شارەکە شوێنێکی گرنگی تێکەڵبوونی ئەتنی و زمانەوانییە، دیارە لەو ڕاپرسییەدا نزیکەی پازدە زمانی جیاوازمان بەرچاوکەوت، ڕاپرسییەکەشمان بە مەبەستی زانینی زمانەکانی تێکەڵیی بوو لە بازاڕدا. بۆیە ڕاپرسییەکەشمان دابەشکرد، بە تایبەتیش تێبینی دەربارەی بازاڕێك لە ناوەڕاستی شارەکەدا، کە بە (بازاڕی بچووك) ناسراوە بە بەراورد لەگەڵ (بازاڕی گەورە) کە ماوەی چەند ساڵێکە گەورە بووە و ناوبانگی دەرکردووە، ئەو دوو بەراوورده ئەم ئەنجامانەی بۆ ڕوونکردینەوە:

تێبینی دەکەین کە زۆربەی زمانەکانی یەکەم (پێل، کانوری، کۆتۆکۆلی، وۆبی، گۆرمانچی)... لە ریزی وەڵامەکاندا دیارنامێنن لە بەرژەوەندیی دوو زمانی خاوەن دەسەڵات (هاوسا و زرما)، ئەمەش تێبینی و سەرنجەکانە دەربارەی بازاڕی بچووك.

بازاری بچووك تێبینی دەربارەی (٢١٣) گفتوگۆ								
	بانگەواز	بازرگانی	دەمەتەقێ	کۆ	لە سەدا	فرۆشیار - فرۆشیار	فرۆشیار - کڕیار	کڕیار - کڕیار
زرما	١١	٤٥	٣٢	٨٨	٤١,٣	١٢	٦٨	٨
هاوسا	١٦	٣١	١٦	٦٣	٢٩,٥	١١	٤٧	٥
فەرەنسی	٦	١٢	٥	٢٣	١٠,٧	٢٢	١	
هاوسا / زرما	٢	١٢	٨	٢٢	١٠,٣	٣	١٦	٣
فەرەنسی/ هاوسا	٣	٥	١	٩	٤,٢	١	٨	
فەرەنسی/زرما		١		١	٠,٤		١	١
پۆل		٢		٢	٠,٨		٢	٠
ئیرتە		١					١	١
وۆلف			١	١	٠	١		١
گۆرمانچی			١	١				١
یۆرۆبا			١	١				
نانگ			١	١				
پۆل/ هاوسا		١		١				
کۆ	٣٨	١٠٩	٦٦			٢٨		٢٠

ئەم خشتەیە پوختەی سەرنجەکانمان بەرجەستە دەکات، لە هێڵی ئاسۆیی خشتەکەدا، دەبینین ژمارەی دەمەتەقێکان لە زمانێکی دیاریکراودا بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبێت (بانگەواز، ئاڵوگۆڕی بازرگانی، یان دەمەتەقێی نابازرگانی) لە لایەك و سێ شێوازی دیکەش (دەمەتەقێی نێوان فرۆشیاران، یان دەمەتەقێی نێوان فرۆشیاران و کڕیاران، دەمەتەقێی نێوان کڕیاران) لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر پشتمان بە ئەنجامەکانی ئەو دوو بەراوورده بەست، ئەوا بەم شێوەیە سەرنجەکان دەڕدەبڕین:

- زاڵبوونێکی بەرچاوی (هاوسا) و (زرما) وەك دوو زمانی بازاڕ دەردەکەوێت.
- هەندێ زمانی یەکەم لە ئەرکی تایبەتی نێوان فرۆشیاران (وۆلف) یان نێوان (گۆرمانچی و یۆرۆبا و فانگ) بەکاردێت. لە بەرامبەردا ئەنجامەکانی ئەو دوو راپرسییەی پەیوەندیدار بە دوو زمانە سەرەکییەکە کۆك نین:

	راپرسی بەڕێگای تۆمار کردن		راپرسی بە ڕێگای سەرنجدان
	ساڵ	لە بازاڕی بچووك	لە بازاڕی بچووك
هاوسا	١٤,٥ ٪	١٤,٢٪	٢٩,٥ ٪
زرما	١٤,٥ ٪	١١,٦ ٪	٤١,٣ ٪
هاوسا و زرما	٤٢.٥ ٪	٤٦,٧ ٪	١٠,٣ ٪

ئەو جیاوازییانە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە دەروازەی پەپڕەوکراوی (هاوسا و زارما)، هەمان واتای نییە لەو دوو راپرسییەدا، ئەو خەڵکەی لە راپرسییە تۆمارکراوەکەدا گوایە بە دوو زمان وەڵامیان دەدایەوە ودوو زمانەکەی بازاڕیان بەکاردەهێنا، ئەوا لەڕاستیدا یەك زمانبوو، کە لە بازرگانێکەوە بۆ بازارگانێکی دیکە جیاوازیی هەبوو. بەڵام لەو راپرسییەی بە ڕێگای سەرنج ئەنجامدرا، دەمەتەقێی دوو زمانی تێدا بەکارهێنرا، کە لە زاراوەی زمان بە **(گۆڕینی کۆد)** ناو دەبرێت، بۆنموونە یەکێك لە کاتی قسەدا بە زمانێك بدوێ، بەڵام وشەو زاراوەی زمانی دیکەی تێکەڵبکات، لەبەر ئەوە ئەو کەم و کورتییەی لە دێڕی کۆتایی تێبینی دەکرێت بە گواستنەوە لە ٤٧,٧ ٪ بۆ ١٠,٣ ٪ ئەم زیادەیە لە دوو دێڕی پێشتر قەرەبوو کراوەتەوە. بەڵام لە تۆمارکردندا یەکسانیی نێوان هەردوو زمانمان بۆ دەردەکەوێت، دیارە لێرەدا جیاوازیی هەیەلە

نێوان (ئەوەی کە خەڵك دەیڵێ کە گوایە دەیکەن و لە نێوان ئەوەی لە راستیدا دەیکەن).هەموو پسپۆڕان چاك دەزانن کە راپرسی لە رێگای تۆمارکردنەوە ناتوانێ راهێنان و پیادەکردنی راستەقینەی خەڵك پێوانە بکات، بەڵکو ئەو وێنەیە پێوانە دەکات کە ئەو خەڵکە بیری لێدەکەنەوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە کاتێ ئێمە دەتوانین بەراورد بکەین لە نێوان هەردوو رێگا، ئەوا بابەتی شرۆڤەکردنێکی گرنگمان لەژێر دەستدا دەبێ تایبەت بە هەڵوێستی زمانەوانیی (زرما) لە نیامی، کەزمانی لۆکالە، بەم مانایە زمانی مێگەلی تایبەتە لە هەمان کاتدا رۆڵی زمانی بڵاو دەبینێ، بەڵام (هاوسا) زمانی ئایندەیە لە شوێنێکی دیکە، زمانی فرە بڵاوە لە نایجیریا، زیاتریش لە نەیجەردا بڵاو دەبێتەوە لە رێگای بازرگانی دەوڵەمەندەوە، شانسێکی تایبەتیشی لەگەڵدایە، مایەی سەرسوڕمان نییە کە هەندێك لەوانەی راپرسییان بۆ کرا زێدەڕۆیی بکەن لە خۆدەرخستنی زانینی ئەم زمانە، هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایە بەکاری دەهێنن، ئەو کێشەو ململانێ زمانەوانییە سەرچاوەکەی بازاڕە، لەلایەك میکانیزمی زمانەکان لە میانی ئەو ژمارانەی دەستکەوتن، رێکدەخرێت، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی سۆز و دەروونی نێوان ئەو کەسانە دەردەخات کە بەو زمانانە قسە دەکەن و جیاوازییەکەش لە نێوان ئەو دوو راپرسییەیە، کە ئەنجاماندا.

بازاڕ و بەڕێوەبردنی فرە زمانی

دەتوانین نموونەکان زیاد بکەین بە ئەنجامدانی راپرسی دیکە لە باماکۆ (مالی)، یان لە زیگینشۆر (سنیگال)، بەڵام رەنگە توخمی دیکەمان پێ نەبەخشێ، بۆیە لە کانتۆن و برازاڤیل و نیامی، هەر چەندە لە یەکدی دوورن، بەڵام خاڵی هاوبەشیان هەیە، لەوانە یەکەمیان ئەوەیە کە فرەزمانی گرفتی پەیوەندی و تێکەڵیی دێنێتە ئاراوە، هەر جارێك دوو زمان یان زیاتر لە نێو کۆمەڵەمرۆڤێکدا بڵاوبێتەوە، ئەوا لەسەر ئەو کۆمەڵە پێویستە بە دوای رێگایەکدا بگەڕێت بۆ (بەڕێوەبردنی ناکۆکیی زمانەوانی) لە پەیوەندییەکانیاندا، بۆیە بازاڕ خاڵێکی دیکەی بەیەك گەیشتنە بۆ هەموو ئەو راپرسیانەی ئەنجامان داون. دیارە چالاکیی ئابووری وێنەیەکی چاکی چارەسەرمان پێشکەشدەکات کە کۆمەڵگە پیادەیدەکات بۆ بڵاوبوونەوەی لەدۆخەکانی فرەزمانیدا. جا بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەگەرەکانی پەیوەندی و تێکەڵیی زمانەوانی، بازاڕ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن خەڵك لە نێوان خۆیاندا مامەڵە و پەیوەندی دەکەن. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، بۆچی زمانێکی دیاریکراو بێجگە لە زمانێکی

دیکه به مەبەستی بەڕێوەبردنی فرەزمانی بەکاردێنن؟ دەسەڵات لە برازاڤیل بەسەر دوو ناوچەی زمانەوانیدا دابەشبووە، بەڵام دەسەڵاتی تەواو لە باماکۆ بۆ(بامبارا)یە، هەروەها دووانەزمانی لە نیامی یان لە کانتۆن بەڵگەی دیکەی هاوسەنگیی هێزەکانە لە نێوان گرووپەکانی مرۆڤدا کە بەم زمانانە قسەدەکەن، لە بازاڕ یان لە شوێنی دیکەی کۆمەڵایەتیدا، راستە بازاڕ پێگەی بەڕێوەبردنی فرە زمانییە، بەڵام زۆر جار شوێنی شەڕی نێوان زمانەکانە. دیارە شتێکی سەیر نییە، کاتێ لە ئافرەتێکی فرۆشیار لە بازاڕی (بۆتۆ بۆتۆ) لە برازاڤیل وا خۆی پیشانبدات کە لە راپرسێکی ئێمە نەگەیشتبێ دەربارەی (ماسییەکی برژاو) کە بە زمانێکی نادروست لێمانپرسیبێ، سەیریش نییە کە نرخەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرز بکاتەوە! ئەمەش رەتکردنەوەی فرۆشتنە بە ئاراستەی رەتکردنەوەی زمانێکی دیکە. لێرەدا بازاڕ وەك کامێرایەکی فۆتۆگراف وایە، هاوسەنگیی هێزی نێوان چەند زمانێك وێنە دەگرێ. گەشتیاران چاك دەزانن کە هەندێ پارە لە جیهاندا لە هەندێکی دیکە زیاتر پەسەندترە. بازرگانان زیاتر حەزدەکەن پارەکەیان بە دۆلار پێ بدەن، یان بە فرەنك، یان بە مارك، بەڵام بە پارەی ناوخۆ(لۆکال) پێیان بدرێ، ئەوە لە زمانیشدا هەر بەو شێوەیەیە، دەبینین هەندێ کەس حەز دەکات بە زمانێکی دیاریکراو قسە بکات و زمانێکی دیکە پشتگوێ بخات، جا ئەو زمانە تایبەت بێت یان بڵاو، ئەوەش پەیوەندیی هەیە بە چانس یان بە رق و کینە، دەتوانین بە (بۆرسەی زمانان) ناوزەدی بکەین، بەڵام بازاڕی زمانان شتێکی دیکەمان بۆ دەردەخات: لە نموونەی ئەفریکی لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی ئاڵۆگۆڕی بازرگانیی نێوان عەرەبمان کرد، کە کەلوپەلەکانیان نمایشدەکرد و لە بەرامبەردا پارچە زێڕیان لە رۆژئاوای ئەفریکا وەردەگرت بێ ئەوەی هیچ پارەیەك وەربگرن یان بە زمانێك قسە بکەن. نموونەکانی مێژوو ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاڵۆگۆڕی بازرگانی چالاکییەکی کپە، بۆ نموونە لە پیرۆ و زنجیرە چیای ئەندێزدا ئەم دیاردەیە رەچاو دەکەین:

((ئافرەتێك لە گۆڕەپانێکی بازاڕدا دانیشتووە، کۆمەڵێك میوە یان شتی دیکەی لەبەردەمدایە، ئافرەتێکی دیکە لێی نزیك دەبێتەوە، دواتر چوارمەشقی دادەنیشێ و چەند دەنکە گەنمەشامییەك دەردێنێ و لە شێوەی کۆمەڵ دایدەنێ. لەمەدا ئارەزووی وایە کە ئەم کۆمەڵە گەنمەشامییە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە میوە و شتەی دیکەی لای فرۆشیارەکە ئاڵۆگۆڕ پێ بکات، کڕیارەکە ناچار دەکات کۆمەڵە گەنمەشامییەکە زیاد بکات، کارەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا دەگەنە هاوسەنگییەك، ئەو کاتە فرۆشیار رەزامەندی دەدات بە وەرگرتنی کۆمەڵە گەنمەشامییەکە، بێ ئەوەی لە کاتی مامەڵەکەدا یەك وشەش لە دەمی دەرچێت.

پەیـدابوونی دراو، هۆکارێـك بـوو بـۆ بـەکارهێنانی زمـان، چـونکە وا پێویسـت دەکـات قسەبکەیت و داوای نرخەکە بکـەیت و سازشـی لەسـەر بکـەیت، بـەڵام سیسـتەمی کـەمترین رادەمان لە بازاڕی کانتۆن بەرچاو کەوت، ئەوەیان سیستەمێکی زۆر سنووردارە لە پەیوەنـدی و تێکەڵیدا. ئەوەش مانای وانییـە کـە ئەوانـەی کەلوپـەلیان پێـك دەگۆڕیـەوە، هـیچ قسـەیان نەکردووە، بەڵکو مانای وایە کە لـە کـاتی سـەودا کـردن و ئـاڵوگۆڕ کردنـدا پێویسـتیان بـە قسەکردن نەبووە، لە بازاڕدا پارە زمانی جووڵاندووە، کاتێ بازاڕ فرەزمان بووە، ئـەوا چـالاکیی بازرگانی تووشی زۆر گرفتی زمان بووەتەوە لە زمانی تایبەت و زمانی باو لەکاتی پێویسـتدا. دیاردەی بڵاوبوونەوەی زمانـەوانیی کـە لـە بەشـی داهـاتوودا ئامـاژەی پـێ دەکـەین، جـۆرە وەڵامێکە سەبارەت بە دژایەتی کردنی بابل، هەر چەندە بـازاڕ زمـانی بـڵاو بەرهـەم نـاهێنێ، بەڵام هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ سەرهەڵدانی زمان.

بەشی هەشتەم

دیاردەی بڵاوبوونەوەی زمانەوانی

خەیاڵێکی باو هەیە، بە شێوەیەك دەڕوانێتە جیهان کە بە پێوەرێکی بەرامبەر یەك دابەشبووە بەسەر وڵات و زماندا، کەلەم جیهانەدا سنوورەکانی زمان و وڵات و نیشتمان یەکسان دەبن، ئەمەش خەیاڵێکە چونکە هیچ وڵاتێك نییە تاکزمان بێ، تەنانەت زمانیشی تێدا نەبێ، بە پێچەوانەوە بینیمان لەنێو یەك دەوڵەتدا چەندین زمان هەبووە و مرۆڤیش رووبەڕووی چەند زمانێکی جیا جیا بووەتەوە. هەروەها لەو راپرسانەی لە بەشی رابردوودا خستمانە روو، ئەوەمان بۆ دەرکەوت، چۆن مرۆڤ فرەزمانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەدەبات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین نموونەی جیاوازمان هێنایەوە، لەوانەش هەردوو نموونەی کانتۆن و برازاڤیل، کە بەهایەکی گشتیی سەرتاپاگیریان دەرخست:

* دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکانی تێکەڵی و پەیوەندیی تایبەت بە بڵاوبوونەوەی زمان.

* بوونی هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان بونیادی بڵاوبوونەوی زمان لە بازاڕدا و لە نێوان بزووتنەوە گەورەکانی کۆمەڵایەتیی لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەو چارەسەرەی تایبەتە بە بڵاوبوونەوەی زمان و پەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە، لە میانی نموونەیەکدا بەرجەستەی دەکەین، ئەویش زمانێکە کە هەوڵ دەدەین بوونیادە مێژووییەکەی وەك زمانی بڵاو پێشکەش بکەین، تا دواتر مەوداکەی بە شێوەیەکی فراوانتر بخەینە روو.

نموونەی کیشوا

(کیشوا) ئەو زمانەیە نزیکەی (١٠) ملیۆن هاوولاتی هیندی لە (٦) ولاتی ئەمریکای لاتین قسەی پێ دەکەن، بە شێوەیەکی رێك و پێك لە پیرۆ و بۆلیڤیا و ئەکوادۆردا، هەروەها لە کۆلۆمبیاو چیلی و ئەرجەنتین بە رادەیەکی کەمتر، ئەوانەی کە قسە بەو زمانە دەکەن، بە گشتی نیشتەجێی زنجیرە شاخەکانی ئەندێزن لەگەڵ چەند دەڤەرێکی ئەمازۆنیا، تەوەری بلاوبوونەوەی ئەم زمانە و بوونی بە زمانی زاڵ و زۆرینە لە سەدەی شازدەهەمدا بوو، کاتێ ئیسپانییەکان گەیشتنە (کۆزکۆ)ی پایتەختی (ئالانکا) زیاتر وایکرد کە خەڵکەکە بڕوا بەوە بکەن کە رەچەڵەك و نەژادی ئەم زمانە لە خودی هەمان ناوچەوەیە و لەوێشەوە بە ناوچەکانی دیکەی شاخی ئەندێزدا بلاوبووەتەوە.

(ئەلفرێد تۆریرۆ) کە زانایەکی زمانە و خەڵکی پیرۆیە، ئەم گریمانەیەی بەهەڵە لە قەڵەم دا، ئەو پێشنیازی کرد کە چاو بخشێنرێتەوە بە مێژووی ئەم زمانە بە پشت بەستن بە بەراوووردێکی زمانەوانی، ئەویش بریتییە لە (مێژووی کەرت بوونی زمانەکان کە **توریس سوادیش** پێشتر ئاماژەی پێ کردبوو) هەروەها پشت بەستن بە بەراووردێکی مێژوویی (بە بەکارهێنانی ئەرشیفی نووسراو) و بەراووردی زانستی هەڵکۆڵێن (بە تایبەتی بەکارهێنانی مێژوو بە هۆی کاربۆن ١٤)، ئەم چاو پێخشاندنەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بنەچەو رەگی ئەم زمانە لە کەناری ناوچەی ئێستای شاری (لیما)دایە، کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی دەیەمدا لە رووبەڕووبوونەوەی (ئارۆ)دابووە (کە زمانگەلێکە چەندین زمانی ناوخۆ(لۆکال)لەخۆ دەگرێت وەکو ئیمارا، هەکارۆ، کۆکۆدی و بۆکۆنیا. رەنگە پەیوەندیی ئابووریی نێوان کەنارو زنجیرە شاخەکە هۆکارێك بووبێت بۆ بلاوبوونەوەی ئەو زمانانە بە ئاراستەی چیاکانی ئەندێزدا، هەروەها رەنگە ئیمپراتۆریەتی(ئینکا) لە نێوان سەدەی دوازدەهەم و شازدەهەمدا، زمانی کیشوای بەکارهێنابێ وەك زمانی گشتیی تێکەڵی و پەیوەندی لەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا بوونە، ئیسپانییەکانیش دۆخەکەیان بەم شێوەیە بینیوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دیار و بەرچاوی نووسراو و تایبەتمان بەم قۆناغە لا دەست ناکەوێ، کە ئاماژە بێ بۆ فراوان بوونی زمانی کیشوا.

لەساڵی ١٥٧٥ دا (تۆلیدۆ)ی جێگری پاشا فەرمانێکی نووسراوی دەرکردووە بە دامەزراندنی (گوانزالۆ هۆلگین) وەك وەرگێڕێك لە نێوان (کیشواو ئەیمارۆ و بۆکۆنیا)دا کە ئەو زمانانەن بە گشتی هیندەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشاکانی پیرۆ قسەیان پێدەکرد. لەساڵی

١٥٨٦دا دەقێکی نووسراو لە (لاباز)ی پایتەختی ئێستای بۆلیفیادا دۆزرایەوە، باس لەوەدەکات کە سەرجەم هیندییەکان لەم کەرتەو لەم شارەشدا بە زمانی گشتی (ئەیمارا) قسەیان کردووە بەڵام زۆربەشیان بە زمانی کیشوا قسەیانکردووە و تێیگەیشتوون، ئەو زمانەی کە زمانی گشتییە لە ئینکا، بێجگە لەمە زمانێکی تایبەتی دیکەش لەو ناوچەیەدا هەبووە، زیاتر لە هەندێ گونددا، کە بە زمانی (بیکۆینا) ناسراوە. لە ساڵی ١٥٩٩دا قەشە کویزۆ داوای لە کریستیانەکان کردووە بە زمانەکانی (کیشوا و ئەیمارا و بیکونیا) قسە لەگەڵ پاڵێوراوان بۆ راهیبیدا بکەن، چونکە ئەو زمانانە لە ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی قەشەدا قسەیان پێکراوە.

هەندێ لە گەریدەکان ئەو رەوشە فرەزمانییە دووپاتدەکەنەوە، بە تایبەتی (بیدۆ دۆ سپیزا دۆلیۆن) کە لە نێوان ١٥٤١- ١٥٥٠ لە کۆڵۆمبیای ئێستاوە بەرەو پیرۆی ئێستا کۆچیکردووە. لە کتێبێکدا باس لە چەند میللەتێك دەکات کە بە زمانی تایبەتی خۆیان و زمانی گشتیی (کیشوا) لە هەرێمی کۆزکۆ قسەیانکردووە. بۆیە ئیسپانیای داگیرکەر ئیمپراتۆریەتێکیان لە ئینکا دۆزییەوە کە دانیشتوانە هیندیەکەی بە چەند زمانێکی ناوخۆیی کە زمانی (تایبەت)یان بوو، قسەیان دەکرد، هەروەها شارەزاییان لە زمانەکانی نێوان خۆیاندا هەبوو، تا رادەیەك بە زمانێك و دووان و سێیان قسەیاندەکرد، بە تایبەتیش هەردوو زمانی گشتیی (کیشواو ئەیمارا) زمانی کیشواش زمانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن بووە((لەبەر ئەوەی سەفەرکردن ئەرکێکی قورس بووە، لەسەر ئەو رووبەرە زەوییە فراوانە، بۆیە رێگەچارەی گونجاویان دەستنیشان کرد، کاتێ فەرمانیان بەگشت دانیشتوان کرد زمانی کۆزکۆ فێربن و تێیبگەن)).

لە سەرەتای ئەو مێژووەوەڕا، مێژووی زمانەوانی ناوچەی ئەندێز دەبێتە مێژوویەکی ئیمپریالیزم، بە فەرمانی ئیسپانییەکان لە بوارەکانی بەڕێوەبردن و فێرکردن و ئایینداا دەستنیشان دەکرێ، زمانی کیشواش دەکەوێتە خانەی گومانەوە وەك زمانێکی گشتی و بڵاو، چونکە زمانی بەڕێوەبردن بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئینکاو لە ناوەڕاستی چیلی و باکووری رۆژهەڵاتی ئەرجەنتین و ئیکوادۆر و کۆلۆمبیا بەکارهێنراوە.بەڵام خەریك بوو، ئەو زمانە دەتوایەوە بە لەناو چوونی ئیمپراتۆریەتی ئینکا، چونکە لە ئەرکی سەرەکیی خۆی دابڕاو بواری رەخساند لە بەردەم دوو فاقێتیی زمانەوانی ئیسپانی لە لایەك و زمانە تایبەتییەکان لە لایەکی دیکەوە، هەروەها دەکرا ئەو زمانە تایبەتییانە ببوانە زمانی بۆکۆینا و ئەیمارا، یان شێوەزارێکی کیشوا، یاخود هەر زمانێکی دیکەی هیندی. بەڵام سەربازانی ئیسپانیا

نەیانتوانی زمانی خۆیان بەسەر دانیشتوانە رەسەنەکاندا بسەپێنن، بۆیە پەنایان بردە بەر (کیشوا)کە زمانی بلاوە، بۆ هێورکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ئینکا، پەیوەندی و تێکەڵی لە رێگای وەرگێڕەکانی شارەزای زمانی ئیسپانیەوە بەڕێوەدەچوو، رەوشەکە بەو شێوەیە هاتە پێش، کە دەستپێکردنەوەی پیادەکردن و بەکارهێنانی زمانی کیشوا لە ئیمپراتۆریەتی ئینکا بووە هۆی بەتین کردنی زیاتری بەکارهێنانی ئەم زمانە گشتییە لە قۆناغی یەکەمدا.بەڵام دەسەڵاتی ئیسپانیا لە بارەگا دوورەکەیەوە لە نیمچە دوورگەی ڤایریا بەم تێڕوانینە سەیری کارەکانی نەدەکرد، بۆیە ئیمپراتۆر شارلی یەکەم بڕیارێکی دەرکرد:((دوای ئەوەی سەیرمان کرد کە زمانە هیندییەکان، چڕو پڕو رێکن لەبەر ئەوەشە کە گوزارشت لە بڕوای کاسۆلیکی پیرۆزمان دەکەن)) بەڵام (تۆریرۆ) دەڵێ: ((بێگومان نیازی راستەقینەی ئیمپراتۆریەت، بڵاوبوونەوەی زمانی ئیسپانی بوو لە ئیمپریالیزمنشینەکانی ئەمریکادا، هەروەها رۆمانەکان لاتینییان لە بەشێکی زۆری ئەوروپای ژێر دەستیان بڵاوکردەوە.

لە راستیدا ئیسپانییانی داگیرکەر کە لە کۆتایی سەدەی شازدەهەم هاتن بۆپشتیوانی کردن لە ئیسپانیان پێشتر هیچ بایەخیان بە زمانە هیندییەکان نەدەدا، کە تەنیا قەشەو کریستانەکان فێری دەبوون. کارگێڕێتی جێگری پاشاش، لە پەیوەندی کردن لەگەڵ هیندەکاندا کە لە گوندە تازەکاندا نیشتەجێ بووبوون، بۆ بەدەستهێنانی باج و دەرامەت وەرگێڕیان بەکاردەهێنا بۆیە دەسەڵاتی داگیرکەر بڕیاری دا شوێنەواری رۆشنبیریی پێشوو بسڕێتەوە، هەر مەڵبەندێکی کارگێڕی و پەرستگە و(هواکاس)(*) و گۆڕی هیندییەکان هەبوو، خاپووری کردن، هەروەها مۆمیاو ئامێرەکانی ئامارو ژماردنیان سووتاند و سەمای ئاساییان قەدەغە کرد، لە بەرامبەر ئەوەدا کتێبی فێرکردنی ئایینی مەسیحی بە زمانی بڵاوی کیشوا و زمانی ئەیمارا چاپ کرا.

لەم ماوەیەدا و لە ئاخرو ئۆخری سەدەی شازدەهەمدا، هەر سێ زمانی کیشوا و ئەیمارا و بۆکۆنیا بە تەواوی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سەرپەرشتی کردنی دانیشتوانانی هیندی بەکاردەهات .بەڵام زۆری پێ نەچوو زمانی بۆکۆنیا لە بەکارهێنان راگیرا، رەنگە لەبەر شێوەزارە زەحمەتەکەی یان کەم بوونەوەی ژمارەی قسەپێکەرانی بووبێت، ئەیماراش دەسەڵاتی لە دەستدا و لە (کۆزکۆ)دا تەنیا شوێنەواری دەنگی ئەو کەمینەیە دەبیسترا کەقسەیان پێدەکرد، وردە وردە شوێنەواری ئیمپراتۆریەتی تەمینکا و رێکخستنەکەشی کە هەندێك بە رێکخستنی

(*) هواکاس: خانوو بوو لە شێوەی هەرەم، لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت و پەرستگادا بەکاردەهێنرا.

سوسیالیستیان لەقەڵەم دەدا، سڕایەوە. ئەوەی مایەی سەرنجە، بوونی (کیشوا) بە زمانێکی بڵاو، هۆکارێك بوو بۆ لە شیرازە لادان و کاولکردنی بناغەی کۆمەڵگە، کە بەر لە هاتنی ئیسپانیەکان، بە درێژایی شاخەکانی ئەندێز لەو پەڕی بووژاندنەوەدا بوو، هیندیەکان لە ماوەی یەك سەدەدا بەسەر چەند گرووپێکی بچووکدا دابەشبوون کە بە ئاسانی کۆنترۆڵدەکران، بەڵام زمانی کیشوا دەیتوانی سوود لە سیاسەتی ئیسپانیا وەربگرێت.**تۆریرۆ** باس لەم واقیعە تاڵە دەکات و دەڵێ: پاشایان و پیاوانی ئایینی دەتوانن هەست بە رەزامەندی بکەن، چونکە چی دیکە پێویستی بە هەڵمەتێکی گەورەو تازەی مژدەهێنانی ئایینی مەسیحی نەماوە، دیارە لە رووبەڕووبوونەوەی نەتەوەی رۆژئاوای دەوڵەمەندو بەهێز تەنیا (نەتەوەی هیندی) لە گۆڕەپاندایە و ئەویش لە گوندەکەدا گەمارۆ دراوە و دووچاری هەژاری و هەڵوەشاندنەوە هات. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە نەتەوەی هیندی و چینی کۆیلە لەیەك ریزدا کۆبوونەوە و یەکیان گرتەوە، کە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نیشتمانی و قۆرغکردنی کۆمەڵایەتی، تێکەڵ بەم یەکگرتنەوەیان بوو.

(کیشوا) بە نیسبەت دەسەڵاتەوە زۆر گرنگ نەبوو، ئەو دەسەڵاتەی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە گواسترایەوە بۆ قۆناغی سەپاندنی زمانی ئیسپانی کە ئەمەیان بێ شانس بوو لە بەدیهێنانی سەرکەوتن لە هەموو شوێنێکدا. بۆیە دەبینین دەشتی سەر کەنار بە خێرایی، بوو بە ئیسپانی، بەڵام لە ناوخۆدا هەردوو زمانی کیشوا و ئیمارا بە زۆرینە مانەوە. سەربەخۆبوونی وڵاتانیش زۆر لە رەوشەکەیان نەگۆڕی. بۆیە ئەمڕۆ دوو زمان لە ململانێدان: ئیسپانی زمانی دەسەڵات و زمانی بۆرژوازیەتی تێکەڵ لە لایەك و کیشواو(لە هەندێ ناوچەکانی ئیمارا)، زمانی هیندەکان لە لایەکی دیکەوە. بەم شێوەیە دەردەکەوێ کە زمانی هاتوو لە کەنارەوە زمانی بڵاوی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی ئینکایە، ئەویش زمانی کیشوایە کە پاشاکانی ئینگلیز لەم بوارەدا بۆ ماوەیەك بەکاریان هێنا بەر لەوەی دەستەبەرداری بن، بەڵام دوای چەند سەدەیەك، بوو بە تاکە زمان کە چەندین زمانی تایبەتی لە رووبەرێکی گەورەی نزیك زنجیرە شاخەکانی ئەندێزدا گلدایەوە، هاوکات بوو بە تاکە هێمای (رەسەنایەتیی هیندۆس) لە رووبەڕووبوونەوەی رۆشنبیریی ئیمپریالیزم، لە راپرسییەکدا کە لەڕیز کۆمەڵێکی هیندی لە ئیکوادۆر سازمان کرد سەبارەت بە هەستی زمانەوانی لای ئەو کۆمەڵە، تێبینیمان کرد کە قسەکەران بەو زمانە پابەندبوونی خۆیان بە زمانەکە، (زمانی کیشوا) بە ئاشکرا راگەیاند، چونکە زمانی **(ئەتاهۆیالبا)** بوو (دوا ئیمپراتۆر لە ئینکا کە **بیزارۆ** لە ساڵی ١٥٣٣

کوشتی) ئەو پاپەندبوونە بە کیشـوا پاپەنـدبوونێکی ویـژدانی و سـۆز و ئایـدیۆلۆژی بـوو بـە شوێنەواری زمانەوانی ئەگەر بۆ یەك چرکەش بوو بێت.چارەنووسی کیشـوا بـە کـوێ دەگـات؟ زمانەوانێکی پۆلیڤی کە ناوی (**کزافێە ئەلبۆ**) یە توێژینەوەیەکی دەربارەی شـاری کۆشـۆبامبا سازکرد و بەم ئەنجامە رەش بینە گەیشت: ((پێشبینی دەکرێ بە ئاسانی کـە کیشـوا لەبـەردەم زمانی ئیسپانیدا بە ئەسپایی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەمە بەسـاڵ بـزانین، یان تەنانەت بە سەدەو رۆژگاریش کە زمانی کیشوا جارێکی دیکە ببێتەوە بـە زمـانی کـەرتی گشتیی و دانیشتوان، دیارە ئەمڕۆ کاتێ لە بازاڕدا جووتیارێك کە زمانەکەی کیشوا بێت لەگەڵ کڕیارێك کە زمانەکەی ئیسپانییە، بەیەك بگەن، گفتوگۆکانیان بە زۆری بـە زمـانی ئیسـپانی دەبێت، بەم جۆرەش دەبێتە زمانی بڵاو.

هۆکارەکانی فراوانیی بڵاوبوونەوەی زمان

کیشوا وەك نموونە ئاماژەی پێکرا، دەتوانرا لە جیاتی ئەو، زیاتر لە (١٥) زمـانی دیکـەی جیهان بە نموونە بهێنرایەوە، لەو کتێبەی کە بۆ ئـەم مەسـەلەیە تـەرخانکردووە، توێژینـەوەی دیکەشی تێدایە، بەڵام نموونەکەی کیشوا، هەروەك بینیمان، یارمـەتیمان دەدات لیسـتێك بـەو هۆکارانە بخەینە بەردەست کە رۆڵیان لە سەرهەڵدانی زمانی بڵاو و فراوان بوونـدا هەیـە، بۆیـە پێویستمان بە حاڵەتی دیکە نییە ئاماژەی پێ بدەین.

هۆکاری جوگرافی

لە پێشدا سەرنجمان دا کە کیشوا لە سەرەتادا وەك زمانی دووەم بڵاوبـووەوە، دواتـر وەك زمانی یەکەم لە تەوەری باکوور - باشوور بە درێژایی ناوچەکانی نزیك زنجیرە چیای ئەنـدێز، کە دەشتەکانی کەنار، سنووری رۆژئاوایەتی، ئەو شوێنەی کە ئیمپریالیزم داگیریکردبوو، لـە رۆژهەڵاتیشەوە لوتکەکانی چیای ئەندێز، کە بریتییە لە چیای (ئەکۆنکاگوا) و بەرزییەکـەی (٧٠٢١) مەترەو دەکەوێتە ئەرجەنتین و دواتر چیای (شمبـورازو) کـە بەرزییەکـەی (٦٣١٠) مەترەو چـیای (کۆتۆباکسـی) و بەرزییەکـەی (٥٨٩٦) مـەترەو دەکەوێتـە ئـەکوادۆر، ئـەم چیایانە دەبنە بەربەستێك و زۆر بە سـەختی هاتوچـۆی پێـدا دەکرێـت. راسـتە کۆمـەڵێکی بچووك لە کیشوا لە ئەمازۆنیا دەژین بە تایبەتی لە کەرتی (نابۆ) بەڵام هەندێ لەوانەی کـە بە کیشوا قسەدەکەن لە دەڤەرێکدا بڵاوبوونەتەوە کە رووبەرەکەی نزیکەی (١٠٠) مەتر دوو جایە. هەموو زمانەکانی بڵاو لە بارودۆخی لەم شێوەیە بڵاو بوونەتـەوە، بـۆ نموونـە زمـانی

لینگالی وەك زمانی بڵاو بە درێژایی ناوچەی سەر زێی کۆنگۆ بڵاوبووەتەوە، زمانی سانگۆ لە ئەفریکای ناوەڕاست لەسەر زێی ئۆبانگیدا، زمانی مالی لە ئەندۆنیسیا لە دەڤەرێکی سەر زێوە بۆ دەڤەرێکی دیکە بڵاوبووەتەوە بەم شێوەیە زمانێکی هاوبەش لە دەڤەرەکانی نزیك دەریای سپی ناوەڕاست لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دروست بووە، بۆیە زمانی (سەواحیلی) کە لە وشەی (سواحل)ی عەرەبیەوە هاتووە، بووەتە زمانی دەریاوانەکان، دواتر بە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەفریکادا بڵاوبووەوە. هۆکاری جوگرافی شێوەی فراوان بوونی زمانەکان دەست نیشان دەکات، کاتێ بڵاودەبنەوە، بە درێژایی هێڵەکانی سروشت و هەوڵ دەدەن ئاستەنگ و بەربەستەکان ببەزێنین. ئەمەش کارێکی ئاساییە، بەڵام رەوشی جوگرافی، رەنگە ببێتە سەرچاوەی فراوان بوونی بڵاوبوونەوەی زمان، جاری وا هەیە کە دابەشبوونی سروشتیی زەوی یان ئەتنی هاوبەش هۆکارە بۆ پەیوەندی و تێکەڵی، (میلانیزیا) بە نموونەیەکی ئەم حاڵەتە دادەنرێت، لە دوورگەگەلێکدا کە بریتییە لە (گینیای تازە، دوورگەکانی سالۆمون، ئەرخەبیل بسمارك، دوورگەکانی تروبریان) کە پتر لە هەزار زمانیان تێدایە، تەنیا چوار زمانی بڵاویان تێدایە کە (هیریمۆتۆ، میلانیزیای تازە، زمانی تێکەڵی دوورگەکانی سالومون، بیشلامار) ئەوانە توانیویانە گیروگرفتی تێکەڵ چارەسەر بکەن کە بە هۆی بارودۆخی جوگرافییەوە هاتووەتە ئاراوە.

هۆکاری ژیاری

هێڵەکانی سروشت، شارو کەنارو بەندەر و بازاڕەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، شار دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ جووڵەو چالاکیی زمانەوانی، بۆیە دەبینین کە چۆن (کۆزکۆ)ی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی(ئەنیکا) کە زمانی سەرەکیی ئەو شارە (ئیمارا) بوو، بوو بە خاڵی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی زمانی کیشوا، کە زمانی گشتی و کارگێڕی بوو، ئەم خاڵە زیاتر لە (سنیگال) روون دەبێتەوە، لەو ناوچانەی کە زمانی (وۆلف) زمانی لۆکال نییە، بۆیە دەبینین لەو ناوچانەدا ژمارەی ئەوانەی لە سەنتەری ویلایەتەکە بە زمانی پایتەخت قسەدەکەن، کە زمانی بڵاوە، دەگاتە چوار هێندە یان پێنج هێندەی ئەوانەی بەهەمان زمان لە سەرتاسەری ویلایەتەکە قسەدەکەن، بێجگە لە سەنتەری شار، ئەمەش لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

ڕێژەی ئەوانەی بە (وۆلف) قسەدەکەن	
لە شاردا	لەسەرتاپای ویلایەتەکە
شاری زیگینشۆر (٨٠,٠٤)	ویلایەتی زیگنیشۆر (١٧,٣٣)
شاری بۆدۆر (٨٠)	ویلایەتی بۆدۆر (١٢,٧٥)
شاری شدیۆ (٤٠,٧٢)	ویلایەتی شدیۆ (٩,٣٣)
شاری بنیۆنا (٣٧,١٥)	ویلایەتی بنیۆنا (٦,٧٥)
شاری کۆلدا (٢٧,٨١)	ویلایەتی کۆلدا (٥)

دەکرێ ئەو ڕۆڵەی ئەم شارە لە بڵاوکردنەوەی زمانەکەدا دەیگێڕێ، بیگێڕینەوە بۆ چەند هۆیەك: یەکەم خاڵ، شارەکە سەنتەری کۆمەڵەی کارگێڕییە، فەرمانبەرانیش کە بە هۆی کارەکانیانەوە لەناو شاردا هاتوچۆدەکەن، ئاستی فێربوونی زمانە بڵاوەکانیان، لە گوندنشینەکان زیاترە، کە بەهیچ شێوەیەك گوندەکانیان جێ ناهێڵن، وێڕای ئەمەش شارەکە سەنتەری ئابوورییە، لە بەشی حەوتەمدا، تێبینیمان کرد کە بازاڕ ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرهەڵدانی زمانی بڵاودا هەیە.

هۆکاری ئابووری

ئەو تەوەرانەی لە باسکردنی هۆکاری جوگرافیدا ئاماژەمان پێکردن، بریتیین لە هێڵەکانی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ڕێگا و زێ و بەندەر، ئەوانە شوێنی پەڕینەوەی بازرگانانن، کە زمانی ئاڵوگۆڕی بازرگانانیش لەگەڵ خۆیاندا، لەپاڵ کەلوپەلەکانیاندا دەگوازنەوە. زمانی کیشوا، کە لە سەرەتادا لە دەشتە کەنارییەکانی (پیرۆ)کە زمانی قسەکردن بوو، گوێزرایەوە بۆ شاخەکانی ئەندێز لە ڕێگای ئاڵوگۆڕیی بازرگانیی نێوان کەنارو شاخ. هەروەها زمانی سەواحیلی کە لە بنەڕەتدا زمانی (زنجبار)بوو، بە هۆی بووژاندنەوەی بازرگانی لە دوورگەکەدا زیاتر گرنگی پێدرا.

لە نێوان ساڵانی (١٨٣٢-١٨٣٤) دا، چل و یەك کەشتی بیانی هاتوونەتە بەندەری زنجبار، لە کاتێکدا هەر ئەم بەندەرە لە ساڵی ١٨٥٦دا بەتەنیا پێشوازی لە (٨٩) کەشتی کردووە کە زۆربەیان لە ئەمریکاوە هاتبوون، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئاستی بازرگانی بە شێوەیەکی بەرچاو لەو دەڤەرەدا بووژانەوەی بە خۆوە بینیبوو. هەروەها هاوردەکردنی جل و بەرگی لۆکە لە (ماساشۆستس) و هەناردەکردنی مێخەك و عاج کاریگەریی هەبوو. فراوانبوونی زمانی سەواحیلی زیاتر پەیوەست بوو بە هاتنی کاروانەکان. هەروەها زمانی (ماندینگ) لە ئەفریکای رۆژئاوا، بەند بوو بە بازرگانیی خوێ و زێڕ، بۆیە جووڵانەوە و چالاکیی بازرگانی و پەیوەندییەکان هۆکاری تێکەڵیی زمان بوون، ئەگەر زمانی هاوبەشیش نەبووایە، زمانی بڵاو خۆی بەسەر پرۆسەکەدا دەسەپاند

هۆکاری ئایینی

مەسەلەی زمان زۆر گرنگ بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیەت، کە ئیسپانیای داگیرکار لە سەدەی شازدەهەمدا پەیڕەویدەکرد، بەکارهێنانی کیشوا لە گەیاندنی پەیامی مەسیحییەت هۆکارێك بوو بۆ بووژاندنەوەی ئەم زمانە، هەر چەندە رێنمایی لە ئیسپانیاوە دەرچووبوو، کە هیچ زمانێکی هیندەکان توانای ئەوەیان نییە لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەت بەکاربهێنرێ، پەیوەندیی نێوان (کەسلکە) و زمانی (کیشوا) بە رێکەوت بووە، لە کاتێکدا هەندێ ئایین راستەوخۆ پەیوەندییان بە زمانێك لە زمانەکانەوە هەیە. نەخاسمە ئەگەر ئەو ئایینە دەقێکی دامەزاوی هەبێ، واتا کتێبی پیرۆز، ئا لەو کاتەدا پێشکەوتنی ئایین لە پێشکەوتنی زماندا رەنگ دەداتەوە. ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر واقیعی لاتینی و کەسلکە بوو، تا ئێستاش ئەمە واقیعی سەنکریتی و هیندۆسییە، لەو دوو نموونەیە روونتر، واقیعی زمانی عەرەبی و ئیسلامە، بە هاوسەنگیی فراوان بوونی ئەو زمان و ئایینانە، هەندێ جار فراوانیی و بڵاوبوونەوەی نووسین بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە ئەبجەدیەتی عەرەبی لە وڵاتانی ئیسلامی، ئەوانەی بە عەرەبی قسەناکەن، بەکاردێت، بەهەمان شێوە ئەلف و بێی سیریلانکی لەنێو ئەرسەدۆکسەکان بەکاردەهێنرێ.

هۆکاری سەربازی

شتێکی ئاساییە کە لە ناونیشانی کتێبەکەڕا دیارە (شەڕی زمان)، پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان فراوان بوونی سەربازی و فراوان بوونی زمانی بڵاودا، دەبینین کە داگیرکردنی ئەمریکای لاتین لە لایەن ئیسپانییەکانەوە، شێوەیەکی نموونەیی پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنی سەربازی و ئایینەدەی زمانی ئیسپانیمان بۆ دەخاتە روو، سوپاش کە وەك دەزگایەك رۆڵی بەرچاوی هەیە لە مێژووی زمانی بڵاودا. بۆ نموونە (بامبارا) لە رۆژئاوای ئەفریکادا زمانی بڵاوە، زمانی سوپاکانی ئیمپریالیزمی فەڕەنسی بوو لە ئەفریکادا، سوپاکە کتێبێکی فەرمی هەبوو بۆ فێربوونی ئەم زمانە، هەروەها لینگالی کە ئێستا زمانی سوپای زائیرە، بە هەمان شێوە زمانی سەواحیلی زمانێك بوو لە لایەن سوپاکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزەوە بەکاردەهێنرا.

هۆکاری سیاسی

رەفتاری ئیسپانییەکان لە بەرەوڕووبوونەوەی پرسی زمانەکاندا، کە لەکاتی باسکردنی هۆکاری ئایینی ئاماژەمان پێکرد، خاڵێك دەورووژێنێ کە ئەمڕۆکە بە (سیاسەتی زمانەوانی) پێناسە دەکرێ، زۆر جاریش رێگای هەڵبژاردەی سیاسی بە چارەنووسی زمانی بڵاو پەیوەست دەبێ، بۆ نموونە، سیاسەتی زمانەوانیی ئەڵمانی و دواتر بەریتانی، بووە هۆی بەهێزیی فراوان بوونی زمانی سەواحیلی لە رۆژهەلاتی ئەفریکادا، هەروەها پلانی پارتی نیشتمانی ئەندۆنیسی پێگەی زمانی مالیزی لە ئەندۆنیسیا بەهێز کرد، بۆیە ئەم رێگا هەڵبژاردەیە و پلان و سیاسەتی زمانەوانی، دەبنە بابەتی دەروازەی سێیەمی ئەم کتێبە، کە دواتر بە درێژیی باسیدەکەین.

بەردەوامی تێکەڵبوونی زمانەکان لە نێوان خۆیاندا

ئەم لایەنە درێژەی هەیە، (گالیلتێە) کاتێ دادگای پشکنین ناچاری کرد پاشەکشە بکات لەو بیروباوەڕەی (کۆپەر نیکۆس) تایبەت بە خوولانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، ئەو زانایە هەر لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی نزم دەیگوت: ئەگەر واشبڵێن، ئەوا هەر دەسووڕێتەوە!

مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە بڵێین: ئەگەر هەر هۆکارێك بهێنینەوە، جا بڕوامان پێی بێت یان بە پێچەوانەوە، ئەوا زمانەکان لە نێوان خۆیاندا بەردەوام تێکەڵ دەبن و لە جیهانیشدا فرەزمانی هەر هەیەو هەر دەبێ، جا بۆ ئەوەی زمانێك ببێتە زمانی بڵاو لەناو کۆمەڵگەیەکدا، زۆر جار گرفتی دێتە پێش، بەڵام خودی پیادەکردن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی چارەسەری ئەو گرفتانە دەکات، چونکە زمانەکان لەنێو خۆیاندا سەرباری فرەییان، لە تێکەڵی و پەیوەندیدا درێژەیان هەیە، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە فراوان بوونی هەر زمانێك لەسەر حسابی زمانەکانی دیکە تا ببێتە زمانی بڵاو، جۆرێکە لە سەرکێشی و ململانێ لە بواری زماندا. ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن تایبەت بە فراوان بوونی زمان، هەموویان لە دروستکردنی مێژووی زمانی بڵاودا بەشدارو کاریگەرن و دواتریش ئەرك و چالاکییەکانی ئەو زمانانە بە زنجیرە ریز دەکەن و گرنگیی هەریەکەیان بە دوای یەکدا دێنن. لەم رووەوە زۆر بە دەگمەن رێك دەکەوێ، زمانێکی بڵاو لە جیهاندا ببینین، کە ئەوانەی قسەی پێدەکەن، تەنیا لەیەك وڵاتدا بژین، زمانی بڵاو سنوور دەبەزێنێ و بە رووبەرێکی فراوانی زەویدا بڵاو دەبێتەوە، بە پێچەوانەی زمانی مێگەل، واتا زمانێکی تایبەت کە لە شوێنێکدا قەتیس دەمێنێ، رەنگە لە گوندێکیش بێت، بۆیە دەتوانین دەرئەنجامی ئەم خاڵە رووبکەینەوە: هەر چەندە رووبەری بڵاوبوونەوەی زمانەکە فراوانتر بوو، زیاتر توانای خۆسەپاندنی وەك زمانی بڵاو دەبێت لە رووبەڕووبوونەوەی زمانەکانی دیکەدا. ئەم لێکدانەوەیە بابەتێکی پۆلێنکردن دەورووژێنێ: چۆن دەتوانین جیاوازیی نێوان زمانی بڵاو و زمانی نێو دەوڵەتی رووبکەینەوە؟ (کیشوا) کە لە (٦) وڵاتی ئەمریکای لاتین قسەی پێ دەکرێ و (هاوسا) کە لە نەیجەر و نایجیریا بڵاوبووەتەوە، سەواحیلی لە تانزانیا و کینیا و بۆرۆندی و زائیر... ئەمانە بە راستی، زمانی نێو دەوڵەتین، چونکە هەر یەکێك لەو زمانانە، زمانی بڵاو لەنێو گەلاندا دەسەپێنن. بۆ نموونە لە فەرهەنگی رۆبێردا، پێناسەیەکی جوان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زمانی بڵاو((زمانێکە بۆ پەیوەندی و تێکەڵی نێوان ئەو گەلانە بەکاردێت، کە هەریەکەیان زمانێکی خۆی هەیە یان جیاوازییان لەگەڵ زمانی دیکەدا هەیە)) بەو مانایە بێت مادامەکی پەیوەندیی نێوان گەلان رێکدەخات، کەواتە زمانی بڵاو دەبێتە زمانی نێو دەوڵەتی.لەگەڵ ئەوەشدا، **بیاربۆرنی** لە نامیلکەیەکیدا کە تایبەتە بە زمانەکانی نێو دەوڵەتی، لیستێك بڵاودەکاتەوە بەو زمانە نیشتمانییانەی کە پاڵێوراون تاکو ببن بە زمانی جیهانی، لەپاڵ فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و رووسی و چینی و ئەڵمانی و

عەرەبیدا، بەڵام **(رالف فاسۆلد)** لـە (زانسـتی زمـانی کۆمەڵایـەتیی کۆمەڵگـەدا) دەڵێـت: زمانەکانی نێودەوڵەتی یەك لیستەزمان پێکدێنن کە زۆربەیان ئەورووپین وەکـو: ئینگلیـزی و فەڕەنسی و ئیسـپانی و رووسـی و ئـەڵمانی، رەنگـە چـینی مانـدرانی و یـەك دوو زمـانی دیکەشیان بێتە پاڵ، دیارە ئەو دوو نووسەرو زانایە کۆکن لەسەر دیاریکردنی زمانەکانی نێو دەوڵەتی، لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی کەم لە یەکێکیاندا ئەویش (زمـانی عەرەبی)یـە بـەڵام باسی (کیشوا، سەواحیلی، ماندینگی، مالیزی، لینگال) ناکـەن، دیـارە هۆکـاری ئەمـەش لەوەدایە کە جیاوازیی نێـوان زمـانی بـڵاو و زمـانی نێـو دەوڵـەتی لـە هێـزی ململانـێ و دەمارگیریی ئەورووپیدایە.

بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا، دەرك بەوە دەکەین کە لـەم جیاوازییـەی نێـوان زمـانی بـڵاو و زمانی نێو دەوڵەتی، شوێنەواری دەمـارگیری ئـەتنی لـە زمانـدا، بـوونی هەیـە. نەتـەوەکانی ئەورووپا بە زمانی نێو دەوڵەتی لەنێو خۆیاندا پەیوەنـدی و تێکـەڵییان هەیـە، کەچـی وڵاتـانی جیهانی سێیەم، بە زمانی بڵاو تێکەڵ بوونە. بە واتایەکی دیکە، خەڵکە گشتییەکە بە زمـانی بڵاو قسە دەکەن، بەڵام کۆمەڵگەی ئـەورووپی و پێشـکەوتوو بـە زمـانی نێودەوڵـەتی. لێـرەدا جیاوازییەکی دیکە لە نێوان رەوابوون و واقیعدا هەیە، ئەو زمانانەی گەلان لەسەر ئەم زەوییـە قسەی پێدەکەن، هەموویان زمانی بڵاون کە هۆکاری پەیوەندی و تێکەڵین، ناگەنە ئاسـتی ئـەو زمانە نێودەوڵەتیانەی لە تاقیگەکەماندا دروستدەکرێن، واتا، تـا ئـەو کاتـەی بـە شـێوەیەکی شەرعی لە نەتەوەیەگکرتووەکان یان لە یۆنسکۆدا بڕیاری لەسەر دەدرێ.

بەشی نۆیەم

مردنی زمان

هیچ یەکێك لە ئێمە سەرسام نەبێ لە وشەی **(مردنی زمان)**، لە فەرهەنگی گشتییدا هاتووە کە **(زمانی مردوو ئەو زمانەیە کەچی دیکە خەڵك قسەی پێ ناکەن)** بەڵام پایەی ئەو زمانە لە نێو گرووپێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا دەبێتە مایەی ئەوەی کە رۆڵێکی گرنگ لە فێرکردندا ببێنێ، هەروەها لە پیادەکردنی سروت و ئاهەنگ گێڕاندا، بۆ نموونەش لاتینی، لە فەرهەنگی **(لیتری)**دا دوو نموونە بەرچاو دەکەون، لاتینی و عیبری، دوای ئەوەی زمانی مردووی بەوە پێناسە کرد کە **(ئەو زمانانەن تەنیا لە نێو کتێبێکدا ماون)** بەڵام دواتر دەڵێت: **(کەس قسەیان پێ ناکەن)** لە بەرامبەردا گریك و لاتینی بە دەروازەی زمانە کلاسیکییەکان لەقەڵەم دەدا.

دەتوانین لەم قۆناغەی توێژینەوەکەدا بپرسین: بۆچی لێرەدا لاتینی بە زمانی مردوو هاتووە، هەروەها لەوێش بە زمانی کلاسیك؟ بەڵام ئەو پرسیارە، هیچ ئەنجامێکی گرنگمان بۆرروون ناکاتەوە، چونکە هیچ ناکۆکییەك لە نێوان ئەو دوو پۆلێن کردنەدا نییە، تەنانەت نموونەی زمانە مردووەکان کە لە فەرهەنگەکاندا بەرچاو دەکەون، لەهەمان کاتدا بە زمانی کلاسیك دادەنرێن. ئەو پێناسەی کە لە فەرهەنگی (لتری)دا هاتووە: ((ئەو زمانەن کە تەنیا لە نێو کتێبدا ماون)) زیاتر روون و ئاشکرایە، چونکە لەیەك کاتدا دوو شت دەردەخات: زمانی مردوو زمانی نووسراوە، واتا لە رۆژگارێکدا نووسرابوونەوە و رەنگە لە سەردەمی ئێمەشدا هەر نووسراوبن، هەروەها زمانی مردووش زمانێکە ئێستا قسەی پێ ناکرێ.بە دەستەواژەیەکی دیکە: ژمارەیەکی زۆری ئەو زمانانەی خەڵك بە درێژایی مێژوو قسەیان پێدەکرد و ئێستا قسەی پێناکەن (زمانی مردوون) و لەناو چوون، بەڵام نەك بە هەمان پلە، لاتینی و گریك و

عەرەبیی پەتی (کلاسیکی) یان سانسکریتی، ئەو زمانانەن چانسیان لە هەندێ زمانی دیکە زیاترە کە بۆنموونە باوك و باپیرانمان لە رۆژانی ژێر دەسەتی رۆمانی داگیرکەر قسەیان پێدەکرد، کە هیچ چالاکییەکی ئەدەبی یان ئایینی لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە

ئێمە بە زمانی مردوو قسە دەکەین

ما یەی سەرسوڕمانە کە ئەو زمانانەی کە بە فەرمی بە زمانی مردوو دادەنرێن، تا ئێستاش خەڵکەکە قسەیان پێدەکات و پێیان دەنووسن، بەڵام بە شێوازێك کە ئەوانەی پێشتر قسەیان پێ دەکرد سەرسام دەبن، من بە لاتینی قسە دەکەم کاتێ وانەیەکی زمانەوانی لە زانکۆی سۆربۆن پێشکەشدەکەم، یان کاتێ پاکەتێك جگەرە لە دوکانێکی جگەرەفرۆش لەسەر شەقامەکە دەکڕم. یان کڕیارێك بە لاتینی قسە دەکات، کاتێ داوای قاپێك زەڵاتەی هەمەڕەنگی ئیسپانی دەکات لە یەکێك لە بازاڕەکانی چینی لە شاری بەرشەلۆنەدا، یاخود ماسیگرێك کە لەسەر کەناری رووبار لە پورتوگال ماسی دەفرۆشێت، هەندێك دەڵێن کە سێ زمان لەم بوارانەدا بەکاردەهێنرێن کە بریتین لە: فەڕەنسی و کەتەلۆنی و پورتوگالی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەو کەسە هەڵە نییە کە جیاوازیی نێوان ئەو سێ شێوە زمانە دووپاتبکاتەوە، ئەمەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ کە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی سەر بە لاتینین، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی میللیانەی ئەم زمانانە بە درێژایی پازدە سەدە، دەستکاری کراون و قورگ و زمانیش لەگەڵ گۆڕانکاریی رێزماندا راهاتوون، کەواتە لاتینین بەڵام تێکەڵ بە زمانی میللیی گشتی کراوە و وشە و زاراوەی زمانی دیکەی چووەتە پاڵ و تەنانەت ناشسرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە لاتینی دەمێنێتەوە، ئەو زمانانەی کە فەرهەنگ بە مردوویان باسدەکات تا ئێستا زیندوون و ئێمەش رۆژانە قسەیان پێ دەکەین، شێوەزاری عەرەبیی گشتی کە خەڵك لە شەقامەکانی فاس یان تونس قسەی پێدەکەن درێژەپێدەری راستەوخۆی عەرەبی پەتییە (کلاسیکی) و زمانی یۆنانییش بەهەمان شێوە لە زمانی گریکی کۆن وەرگیراوە و تازەکراوەتەوە.

بەڵام شتێکی نەگۆڕە کە تێکەڵ بوون زەحمەت دەبێت، کاتێ بە لاتینی لەگەڵ خزمەتکارێك یان بە عەرەبیی پەتی لەگەڵ جووتیارێکی تونسی قسەت کرد، هەروەها پیاوێکی فەڕەنسی یان ئەفغانی یان چیکی بە زمانی هیندۆ ئەوروپی قسە بکات، ئەوا لەرووی تیۆرییەوە وێنای واقیعێکی دێرینی مێژوو بەرجەستە دەکات، بە گوتەی **(ئەندرێ مارتینە)**، خەڵکەکە کاتێ

لەسەر رووبەرێکی فراوانی گۆی زەوی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا هەریەکەیان بەشێوە زمانێك قسە دەکەن کە زۆر جار لە زمانێکی سەرەکییەوە وەرگیراون، دیارە ئەم شێوەزارانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراونەتەوە و تێکەڵ بە زمانی دیکەش بوونە. بۆیە لاتینی بە درێژایی بیست سەدە لە رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراودا پەرەی سەندووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەریی رۆژگارو ئەو زمانانەی پەیوەندیی لەگەڵیاندا هەبووە، لە ئاکامدا شێوەزاری دیکەی لێ کەوتووەتەوە وەك فەرەنسی و رۆمانی و پورتوگالی، باشە دەبێ ئەم پەرەسەندنە بە کوێ بگات ئەگەر چل سەدەی بەسەردا رەت بێت و لە رووبەرێکی فراوانتری جوگرافیدا بێت؟

کەواتە، لاتینی زمانێکی مردووە، بەو مانایەی کە ئێمە بەو شێوەیە بەکاری ناهێنین کە **یۆلیۆس قەیسەر** بەکاری دەهێنا، بەڵام زیندووشە بەو مانایەی کە لە زمانەکانی رۆمانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ ساڵانێکی زۆر ئەوانەی قسەیان پێدەکرد وایان دەزانی بە لاتینی قسەی پێدەکەن، بەڵام بۆیان روونبووەوە کە پەیوەندیی زۆری نییە نەبەوەی قەیسەر نووسیویەتی، نە بەو زمانەی دانیشتوانی ناوچەکانی دیکە قسەی پێدەکەن، کە ئەوانیش گوایە بە لاتینی دەدوێن. ئەو نموونەی خوارەوە کە لە بەشی پێنجەمدا ئاماژەمان پێکرد، بە **(سوێند لە ستراسبۆرگ)** ناسراوە، لە ستوونی راستی خشتەکە، نیوەی یەکەمی دەقەکە **(ف.برۆنۆ)** وەریگێڕاوەتە سەر لاتینی کلاسیکی، لە ناوەڕاستیشدا دەقە بنەڕەتییەکە بە رێك و پێکی و بێ هەڵە نووسراوە لە ستوونی چەپیش دەقەکە بە فەرەنسیی تازە نووسراوەتەوە:

دەقەکە: لەپێناو خۆشەویستیی خوادا، لە پێناو رزگارکردنی گەلی مەسیح و گەلەکـەمان، من هەر لە ئەوڕۆوە، پشتی شارلی برام دەگرم بەو زانسـت و توانایـەی خـوا پێـی بەخشـیوم، لەهەموو شتێکدا یارمەتیی دەدەم هەروەکو لەسەر برا پێویستە پێشکەش براکەی بکات، بـە مەرجێ بە هەمان شێوە مامەڵەم لەگەڵدا بکات، هیچ رێکەوتنێکیش لەگـەڵ لۆسـەردا گـرێ نادەم بەویستی خۆم لە سەر حسابی شارلی برام.

Pour l'amour de Dieu et pour le salut com - mun du peuple chré - tien et le nôtre, à partir de ce jour, autant que Dieu m'en donne le savoir et le pouvoir, je soutiendrai mon frère Charles de mon aide et en toute chose, comme on doit justement soutenir son frère, à condition qu'il m'en fasse autant, et je ne prendrai jamais aucun arrangement avec Lothaire, qui à ma volonté soit au détriment de mondit frère Charles	Pro deo amur et pro christian poblo et nostro commun saluament, d' ist di en avant in quant Deus savir et podir me dunat, si salvarai eo cist meon fradre Karlo, et in aiu - dha et in cadhuna cosa, si cum om per dreit son fradre salver deit, enço que il mi altresi fazet, et ab Ludher nul plait onques ne prendrai, qui mien vueil cest mien frere Charlon en dam seit	Per Del amoremet per christiani populi et nostrum commu - nem salutem, ab hac die, quantum Deus scire et posse mihi dat, servabo hunc meum fratrem Caro- lum, et ope mea et un quacumque re, ut quilibet fratrem suum servare jure debet, dummodo mihi idem faciat, et cum Clotario nullam unquam pactionem faciam, quae mea voluntate huic meo fratri Carlo damno sit
حرفياً: من أجل محبة الله، ومن أجل خلاص الشعب المسيحي وشعبنا، فإنني ابتداء من هذا اليوم، سأساند أخي شارل ما أعطاني الله العلم والقدرة، وأقدم له العون في كل شيء كما ينبغي على المرء أن يساند أخاه شرط أن يعاملني بالمثل، ولن أعقد أبداً أي اتفاق مع لوثر يمكن أن يكون بإرادتي على حساب أخي شارل.		

بێگومان خوێنەری ناپسپۆڕی فەرەنسی، بە زەحمەت لە ستوونی ناوەڕاست (دەقە بنەڕەتییەکە) دەگات بەبێ یارمەتی ستوونی چەپ (بە زمانی فەرەنسی تازە)، گومانی تێدا نییە کە یۆلیۆس قەیسەریش لە ستوونی ناوەڕاست نەدەگەیشت، ئەگەر بمانتوانیبایە پێشانمان بدابایە. بەڵام بە هەرحاڵ کە جۆرێك لە بەردەوامیی لە نێوان هەر سێ دەق، یان بە لایەنی کەم لە نێوان هەرسێ زماندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لاتینی نەمردووە، تا ئێستاش قسەی پێدەکەین.

لەناوچوونی زمان

چ شتێك دەتوانین بڵێین دەربارەی ئەو زمانانەی کە لاتینی شوێنیانی گرتۆتەوە، کە تا ئێستا هیچ بیرۆکەیەکی وردمان نییە لەبارەی ئەو زمانانەی کە لە نیمچە دوورگەی ئایبریا، یان لە وڵاتانی (گول) یاخود لە رۆمانیای ئێستا پێش داگیرکردنی رۆمانی بەکار دەهاتن، لە راستیدا ئەوانە زمانی مردوون، چونکە ئێستا بەکارنایەن، بەڵام مردن و لەناوچوونیان وەك ئەوەی لاتینی نییە، ئەو زمانە لەناوچووانە هیچ شوێنەوارێکیان بەجێ نەهێشتووە، تەنیا پیشاندانی جیاوازیی لە زمانە رۆمانییەکان نەبێ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، مردنی ئەو زمانە لەناوچوون نییە، بەڵکو تەنیا گۆڕانکارییە، هەروەك لە لاتینیدا بەرچاو دەکەوێ. کەواتە سێ جۆر دیار نەمان، زمانەکە جودا دەکاتەوە:

* **دیار نەمان بە گۆڕانکاری:** ئەم جۆرە دیارنەمانە، هەر جارێك کە شێوەزاری زمان پەرەدەسەنێ، رووودەدات، لە رووی جوگرافیشەوە جیاواز دەبێت کاتێ خەڵك زیاد دەکات و خێزانە زمانێکی دیکە سەرهەڵدەدات، هەروەکو لە زمانەکانی رۆمانیدا هەیە، هەروەکو گوتمان، نموونەی لاتینی وەکو نموونەی هیندۆ ئەوروپی وایە، کە بە گۆڕانکاری دیارنەما، بە هەمان شێوەش عەرەبیی پەتی کە لە ماوەیەکی کەمدا، بوو بەچەند شێوەزارێکی تازە.

* **دیار نەمان بە لەناوچوون:** ئەم جۆرە دیارنەمانە لە کاتێکدایە، دوا کەس کە بە زمانێك قسە دەکات، کۆچی دوایی دەکات، بێ ئەوەی کەسێکی هەبێ لە دوای ئەو، بەو زمانە قسە بکات، بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکان و لە ئەمازۆنیا و کەرتی (نابۆ)دا، پیرەمێرد و پیرێژنێك دەژیان کە بە زمانی (تت) قسەیاندەکرد، بەڵام دوای مردنی هەردووکیان، ئەم زمانەش لە ناوچوو، ئەم جۆرە دیارنەمانە کە لە ئەنجامی نەمان و مردنی کۆمەڵە کەسێك، بە زمانێکی دیاریکراو قسە دەکەن، بنبڕ دەبێت، لە بەرژەوەندیی زمانێکی دیکەدا ناشکێتەوە، نە بە گۆڕانکاری و نە بە جێگۆڕکێ.

* **دیار نەمان بە جێگۆڕکێ:** زۆر جار روودەدات، کە زمانێکی ژێر دەستە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی زمانێکی زاڵ، ئەم حاڵەتە هاووێنەی حاڵەتی یەکەمە، بۆ نموونە لاتینی بۆ ئەم زمانە، یان زمانێکی دیکەی زمانەکانی رۆمانی دەگۆڕدرێ، بە مانای دیار نەمانی ئەو زمانانەی کە پێش لاتینی بەکارهێنراون.

لێرەدا دەبێ ئاگامان لێ بێت، تێکەڵی لە نێوان زمانەکان دروستنەکەین، هەروەها لە نێوان گەل و ئەتنیەکان، ئەو خەڵکەی ئەمڕۆ بە زمانی هیندۆ ئەوروپی قسە دەکەن، مەرج نییە لە رەگەز و ئەتنیدا (هیندۆ ئەوروپی) بووبن، هاوکات ئەوانەی بە فەڕەنسی قسە دەکەن مەرج نییە لاتینی بووبن، بە هەمان شێوە دەبینین کە زۆرینەی دانیشتوانی مەغریبی عەرەبی کە بە رەچەڵەك بەربەرن، بەڵام زمانیان عەرەبییە: لە حاڵەتی دیار نەمان بە جێگۆڕکێ، جووڵەی زمان، هاوشێوەی جووڵەی دانیشتوان نابێ، هەروەکو پێشتر لە بەشی شەشەمدا باسمانکرد، کاتێ ئاماژەمان بەو منداڵانە کرد کە زمانی یەکەمیان، زمانی یەکێك لە باوانیان نییە، بەڵکو بەو زمانە قسە دەکەن کە کۆمەڵگەو دەوروبەریان قسەی پێدەکەن (هەروەکو زمانی وۆلف لە سنیگال)، کەواتە ژمارەی دانیشتوانی (پێل) یان (سیریر) کەم ناکات، بەڵکو ژمارەی قسەکەران بەو زمانانە، کەم دەبن. ئەم جیاوازییە، رەنگە زۆر روون نەبێ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە چۆن بزانین کە زمان پێوەرێکە لە دەستنیشان کردنی پێناسەی میللەتێك یان نەتەوەیەك، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ زۆر گرنگ نییە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بوونی نەتەوەی چین، مەرج نییە کۆك بێت لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی چینی، یان ئەمریکاییەك پەساپۆرتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای هەیە، مانای وانییە ئەو کەسە زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەمی بێت، یان هاووڵاتییەك سنیگالی بێ، بە زمانی سنیگالی یان زمانی دیکە قسەبکات. جێگۆڕکێی زمان لەگەڵ زمانێکی دیکەدا، دەشێ جێگۆڕکێیەکی بە نۆرە بێت، کاتێ زمانەکە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگۆڕدرێ((وەکو ئەوەی کە منداڵێکی پێل یان سیریر بە (وۆلف) قسەبکات)) بەڵام دەکرێ جێگۆڕکێیەکی بەردەوام بێ، کاتێ زمانێکی ژێر دەستە دوای ماوەیەکی درێژ بەشێنەیی لەناو زمانێکی زاڵدا دەتوێتەوە ئەم جۆرە جێگۆڕکێیە بە (جێگۆڕکێی هەڵمژین) ناو دەبرێ هیچ بەڵگەیەکی مێژوویمان لەبەر دەستدا نییە سەبارەت بە قۆناغەکانی ئەم جۆرە کردارانە، سەرچاوەکانی زمانەوانی ئاماژە بەوە دەکەن کە چۆن زمانی لاتینی گۆڕدراوە بۆ فەڕەنسی و کەتەلۆنی لە رێگای یاساکانی دەنگەوە یاخود گۆڕانکاریی لە پیت و وشەکان و دواتر لە رووی

ڕێزمانەوە رووی داوە، بەڵام ئەم سەرچاوانە بۆمان روون ناکەنەوە، چۆن زمانی ئەو میللەتانەی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمانیەکان، لەناو لاتینیدا توانەوە، کەواتە لێرەدا ناتوانین بەئاسانی گەواهی ئەوە بدەین کە ئەو زمانانە چۆن مردوون و لەناوچوون. لەو نموونەیەی دواتردا، بۆمان روون دەبێتەوە، کە چۆن بە بەڵگەوە هەڵمژینی زمانێك لە لایەن زمانێکی دیکە بە کرداری جێگۆڕکێی بەردەوام، رووی داوە.

کیشوا لە کۆشابامبا

لە بەشی پێشوودا باسمان لە **(کرافێە ئەلبۆ)**ی زمانەوانی بۆلیڤی کرد کە کاری لێکدانەوەی سەبارەت بە زمانی کیشوا لە ناوچەی کۆشابامبا دەکرد، چەند ساڵ، یان چەند دەیە یان سەدە، رادەبوورێ بەر لەوەی ئەم زمانە لە بەردەم زمانی ئیسپانیدا هەرەس بهێنێ؟ ئەم پرسیارە تەنیا پرسیارێکی تێوری بوو، مەرج نییە کە کیشوا نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام لە پرۆسەیەکی زانکۆدا چەندین بەڵگەی گرنگمان دەربارەی ئەم بوارە دەستدەکەوێت، ئەویش کاتێ **(ئەلیزابیس میشۆ)** باسێکی سەبارەت بە ئاسەواری ئاوێتە بوونی زمانی کیشوا لە کۆشامبا و زمانی فەرمی خستەروو.ئەلیزابیس میشۆ دوو شێوە زمان لە شێوە زمانەکانی کیشوا دێنێتەوە، ئەوانە دوو شێوە زمانی لەیەك جودانین، بەڵکو دوو رێبازن، زمانەکە لە نێوانیاندا لاسەنگ دەبێ، یەکەمیان بە (کیشوا ١ (ك ١) ناو دەبات، ئەو رێبازەیە کە جووتیارانی تاك زمان لە گوندان بەکاری دێنین، دووەمیشیان بە (کیشوا ٢ (ك ٢) ناو دەبات ئەو رێبازەیە خەڵکی شارەکان بە تایبەتی بازرگانان قسەی پێ دەکەن، کە لەهەمان کاتدا زمانی بەڕێوەبردن و رادیۆیە، دەتوانین شێوەزاری یەکەم بە شێوەزارێکی پاك و رەوان ناوبنێین، چونکە دووەمیان زۆر وشەو زاراوەی لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگرتووە. بەڵام لە بەرامبەردا و بە حوکمی زمانەوانی، شێوەزاری دووەم لە رووی کۆمەڵایەتییەوە گرانبەهاترە، لە پلەو پایەی قسە پێکەرانی بەرز دەکاتەوە، کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەو دوو شێوەزارە چییە؟ ئەمەیان دواتر باسیدەکەین بە پشت بەستن بە دوو بابەتی ساکار کە بریتین لە سیستەمی بزوێن و بونیادی رستە.

لە زمانی کیشوادا، سێ بزوێن هەیە، سەر و بۆر و ژێر کە سێ گۆشەیەك بەم شێوەیە پێکدێنێ

U I

A

بەڵام ئەم بزوێنانە، دەتوانن بە جۆرەها ڕێگا دەنگەکان بگەیەنن، (ژێر) لـە شـێوەی (e) و بۆر لە شێوەی (o)، هەروەها وشەی (urqe) کە بە واتای (گرد)ە لە شێوەی (orqo)، وشەی (qulqi) کە بە واتای (پارە) و (زیو)ە لە شێوەی (qoslqi) لە شێوەزاری یەکـەمی زمـانی (ك ١)دا ئەو شێوەزارەی کە لای جووتیاران بەکاردێت، ئەو دوو دەنگە (e) و (o) کـە دوو فـۆنیم نین، بەڵکو ئەلتەرناتیڤی دەنگن، دەکەونە ململانێ لەگەڵ دوو فۆنیمی دیکە/ / و / / کە لـەو وشانەدا هەن کە لە ئیسپانییەوە چوونەتە نێو ئەو شێوەزارە، کە هەندێ لەرە دروسـتدەکەن بـۆ نموونە: وشەی ئیسپانی (uniko) کە بە شێوەی / oneko / و وشەی ئیسپانی (peso) کە بە شێوەی / piso/ یان / pesu/ یان / pisu/ لە بەرامبەردا شێوەزاری دووەم (ك ٢) کە لە شار بەکاردێت بە کاریگەریی ئیسپانی سێ گۆشەیەك لە پێنج دەنگ پێکدێنێ.

i u

e o

a

بزوێنەکانی (e) و (o) لە وشانە وەك یەك دەردەکەون کە لە ئیسپانییەوە وەرگیراون یان لـە وشە ڕەسەنەکانی زمانی کیشوادا هەن. بـەم شـێوەیە دەبیـنین / mesu/ ی وشـەی ئیسـپانی (mesa) کە بە واتای (مێز) دێت هەروەها / perqa/ی وشەی کیشوا کە بە واتـای (دیـوار) دێت کە لە شوێنێکی دیکە دەبێتە / pirqa/، بـەم شـێوەیە دەبیـنین سیسـتەمی ڕەنگـەکانی ئیسپانی کاریگەریی هەیە لەسەر سیستەمی کیشوا و بەشداری لە ڕێکخستنەوەی کردووە.

لەسەر ئاستی ڕێزمانـدا، لـە شـێوەزاری یەکەمـدا (ك ١) هـەروەکو ئیلیـزابیس ئامـاژەی پێدەکات، شێوەیەکی پەسەندتری هەیە، چونکە ڕستەی کورتی تێدایـە و کۆتاییـان بـە (کـار) هاتووە. بەڵام لە شێوەزاری دووەمدا (ك ٢) بریتییە لە شـێوەیەکی درێـژ و پەیوەنـدیی نێـوان پاشکۆ و ڕستەکان بە جۆرێکی دیکەیە.

ك ١ : ٨٠ لەسەدا کارن	**٣-٤ وشەکان لە کۆتایی دەستەواژەکەدان**
ك ٢ : ٢٥-٣٠ لەسەدا کارن	**٧-١٠ وشەکان لە کۆتایی دەستەواژەکان**

بەم شێوەیە، یەك واتا بە رستەیەك، گوزارشتی لێ دەكرێ لە (ك ٢) دا، بەڵام بە چوار رستە لە (ك١) دا، دەتوانین ئەو بەراوردەی نێوان ك ١ و ك ٢ بەم دەستەواژانە بخەینە روو:

ك ٢ : ئەگەر بتەوێ ئەم ئالیكە بدەیتە مانگاكەت كە پێشتر چارەسەرت كردووە، تاكو لە نەخۆشییەكەی رزگاری بێ، دەبێ سێ هەفتە چاوەڕوان بیت.

ك ١: ئالیكەكە نەخۆشییەكەی چارەسەر كرد.

دەتەوێ خۆراك بدەیتە مانگاكەت

ئەو ئالیكەی مەدەیە

دەبێ سێ هەفتە بۆئەم مەبەستە چاوەڕوان بیت.

لە (ك)دا تێبینی دەكرێت، جۆرێك لە دەست تێوەردانی زمانی ئیسپانی لە زمانی كیشوادا كە بە هێواشی ئەنجامدەدرێ، ئەمەش كاری هەموو ئاوێتە بوونێكی نێوان دوو سیستەمە، نەك لەسەر ئاستی زاراوەی فەرهەنگ واتا وەرگرتن، بەڵكو لەسەر هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و رێزمان. بەڵام پێویستە راستەوخۆ باس لەوەش بكەین كە ئەم دووانە لە ئیسپانیشدا هەن، ئیسپانیی میللی بەكاریگەریی كیشوا لە لایەك و ئیسپانیی بەرز كە نزیكە لە نموونەی ئەیبیری لە لایەكی دیكەوە، ئیسپانیی میللی كە بە (ئیسپانیی ئەندێز) ناو دەبرێت، ئیسپانییەكە گشت ئەو كەسانە بەكاری دێنن كە وەك زمانی یەكەم بە زمانی كیشوا قسە دەكەن. بەڵام نووسەری ناوبراو ئاماژە بەوە دەكات كە ئەم نموونەیەی ئیسپانیی میللی وردە وردە لەنێو چینی هەژاردا وەك زمانی یەكەم بڵاو دەبێتەوە، بۆیە نووسەر پێشنیازی پەیوەندییەكی هاوتەریب لە نێوان هەردوو زمان دەكات بە گوێرەی ئەم وێنەیەی خوارەوە:

كیشوا ١ ئسپانی میللی

كیشوا ٢ ئیسپانی بەرز

نووسەر لەو سنوورە دەوەستێ، لە كۆتاییدا تەنیا ئامانجێكی هەیە ئەویش ئەوەیە كە كیشوا بەرهەڵستیی ئیسپانی بكات. لەلای خۆیانەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین كە بەشێكی بژاردە كیشوا ٢ و ئیسپانیی بەرز بەكاردێنێ . (زمانی رەوا) لە ئیسپانیدا ئەو شێوەزارەیە كە پاك و بێگەردە و كەمتر كەوتووەتە ژێر كاریگەریی زمانی كیشوا، بەڵام (رەوا) لە زمانی كیشوادا، بە پێچەوانەوەی ئەوە، ئەو شێوەزارە زۆرتر كەوتووەتە بەر كاریگەریی ئیسپانییەوە بۆیە دەتوانین ئەوە بێنینە بەرچاو كە جیاوازییەكانی نێوان كیشوا ٢ و ئیسپانیی میللی، واتا ئیسپانیی ئەندێزی، بەرەو كەم بوونەوە دەچێ. هەر چەندە كیشوا هەڕەشەی لەناو چوونی لێدەكرێ، بەڵام هەڵمژینی ئەم زمانە

رەنگە لە خاڵی بەیەك گەیشتنی نێوان کیشوا ٢ و ئیسپانیی ئەندێزی رووبدات، واتا لەو رۆژەی کە ئەوانەی بە زمانی کیشوا قسەدەکەن وا هەستدەکەن کە بەکارهێنەرانی کیشوا ١ تێیان ناگەن و تەنیا بەکارهێنەرانی ئیسپانیی ئەندێزی تێیان دەگەن.

مردنی زمان

کەواتە لەم حاڵەتەدا مردنی زمان مانای چییە؟

ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە تا لە سەرەتادا مانای زمان دیاری نەکەین، با دوو نموونە بخەینە روو:

رستەی:

Der Militar-Attache kokettierte mit der Dame and der Terrasse

کە ماناکەی بەم شێوەیەیە: (پاشکۆ سەربازییەکە لەسەر بانێژەکە دڵداری لەگەڵ خانمەکەدا دەکرد) رستەیەکی ئەڵمانییە، هەر چەندە چەند وشەیەکی تێدا بەکارهاتووە کە لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە هەروەها رستەی:

Le Fourgue s,fait cornancher par une michetonneuse

واتاکەی بەم شێوەیەیە:

لەشفرۆشەکە پەلاماری خاوەن کەلوپەلە شاردراوەکەی دا، (١) ئەمە رستەیەکی فەرەنسییە، هەر چەندە زۆربەی وشەکانی لە زمانی گشتی چەند گرووپێك وەرگیراوە. رێزمان و نیشانەکانی شی کردنەوە و گەردان و وشەکان، ئامرازەکانی زمان لەو دوو نموونەیەدا پیشاندەدەن، چونکە سێ پێکهاتە لە زماندا هەن، بریتین لە رێزمان و دەنگ و وشە، وشەش هەمیشە گەورەترین پێکهاتەیە کە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییەش داتاو جێگۆڕکێ دەگرێتەوە، بۆنموونە فەرەنسییەکان دەڵێن (Amiral) (میری دەریا) و (Magasin) بە واتای (مەخزەن) لە عەرەبی وەرگیراون هەروەها (Tomata) تەماتەو (Chocolat) شۆکۆلاتە، ئەم دوو وشەیەش لە زمانی (ئەزتیك) لە مەکسیك وەرگیراون، هەروەها (Puma) شێری ئەمریکی لە کیشوا و (mais) گەنمەشامی لە وڵاتی ئەنتێل وەرگیراون، گشت ئەو وشانە فەرەنسین، بۆیە زۆربەی ئەم وشانەی کە لە چەند زمانێك وەردەگیرێن، زمانەکانی دیکە دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام کار لە سیما و ناوەرۆکیان ناکەن.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، کاتێ دەبینین کە زمانێك، سیستەمی دەنگەکانی لەناو سیستەمی زمانێکی دیکەدا دەتوێتەوە، هەروەها رستەکانی ئەو زمانە وێنەی رستەکانی زمانێکی دیکەن، ئا لەو کاتەدا مەترسیی هەڵمژین دەستپێدەکات، دەنگ و ڕێزمان هەیکەلبەندی بونیادی زمانن، بەڵام وشە تەنیا رووکارەکەیەتی، ئەوەی (کیشوا ٢) لە نموونەی پێشوو دووچاری هەڕەشەی هەڵمژین دەکاتەوە، تەنیا خواستنەوەی وشە نییە لە زمانی ئیسپانییەوە، بۆیە نیوەی وشەکانی زمانی ئینگلیزی لە فەڕەنسییەوە نزیکن، بەڵام لەسەر ئەم حاڵەش، ئینگلیزی هەڕەشەی لەناو چوونی لەسەر نییە، بەڵام هەڕەشەی هەڵمژین لە کەمیی بایەخدانی زمانە بەخۆگونجاندن لەگەڵ وشە خوازراوەکان لە سیستەمی دەنگدا لە لایەك و لە مەیلی بەرەو دارشتنی پێکهاتە ڕێزمانییەکەی لەسەر شێوەی پێکهاتەی زمانی زاڵدا لە لایەکی دیکەوە، ناتوانین لەم حاڵەتەدا پێشبینی بکەین بە هەڵمژینی زمانی کیشوای بۆلیفی لە لایەن زمانی ئیسپانییەوە، ئەم نموونەیەش بیرۆکەیەکی سوککراوەی ئەم ڕێگایەمان پیشاندەدات کە زمان لە گۆڕەپانی شەڕەزماندا ڕەنگە گیان لەدەست بدات و بمرێت! دیارە ئەم مردنەش بە قۆناغ دەبێ، ئەو کاتەی زمانی زاڵ زمانی ژێر دەستە هەڵدەمژێ، هەروەکو لە زمانی لاتینیدا هەیە، ئەم بیرۆکەیەی کە بۆمان روون دەکاتەوە، چۆن زمان دەمرێ، پەلکێشمان دەکات بۆ پرسیارێك، ئایا هیچ بەڵگەی تەواومان لەبەر دەستدایە لەمەڕ ئەو زمانەی تووشی مەترسیی لەناوچوون دەبێت؟ زۆر ئاسانە ئامارەکانی مردنی زمان پێوانە بکەین، ئەوەش بزانین کە ویستی مرۆڤ هەمیشە توانای هەڵگێڕانەوەی کارەکانی هەیە، هەروەها پێوانەی تێکڕایی بلاوبوونەوەی زمان بکەین، بۆ زانینی ڕێژەکەی، کە بریتییە لە ڕێژەی نێوان ژمارەی ئەوانەی قسە بەو زمانە دەکەن لەگەڵ ژمارەی ئەوانەی وەکو زمانی یەکەم بەکاری دێنن، دەتوانین ڕێژەی پاشەکشێی زمان یان ڕێژەی قسەپێکەران بکەین، ئەوانەی بە زمانی کۆمەڵەی پێشی خۆیان قسەناکەن.نموونەش بۆ ئەمە، ئەگەر (١٠٠٠) کەسمان هەبێ و سەر بە گرووپێکی ڕۆشنبیری بن کە زمانەکەیان (ل) بێت، ئەگەر (٤٠٠) لەوانە بەم زمانە قسە نەکەن، دەتوانین بڵێین کە لە (٤٠٠) لە (١٠٠٠) کەس واتا (٠٤) ڕێژەی پاشەکشێی زمانی (ل) دەبێت. ئەم بەراوورد تایبەتە بە لەناوچوونی زمانێك لەرووی ئامارەوە. هەروەها دەتوانین وردبینیی بکەین کاتێ (تەمەن و ڕەگەز و جیاوازیی نێوان گوندو شار) ڕەچاو بکەین. لەهەمان کاتدا دەتوانین مەترسییەکانی مردنی شێوەزارێکی هەمان زمان بخوێنینەوە، ئەمەش لە ڕێی بایەخدان بە زانستی نیشانەکانی لەناوچوونی زمان، بەڵام هەندێ جار ئەستەمە ئەم نیشانانە بە تەوای بزانین، مەگەر تەنیا

ئاماژە بە (بەرزی و نزمی) بدەین هەروەکو لە زمانی کیشوادا بۆمان دەرکەوت. ئەم بەرزی و نزمییەش پەیوەستە بە سەرنجدانی چەند بەراوردکارییەکی فۆنۆلۆجی لە زمانێك کە دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە، بە شێوەیەك کە رەنگە ئەم بەرزی و نزمییە سیستەمەکە بەتەواوی لە ناوەوەی زمان تێکبدات. کەواتە دەتوانین لە رووی ئامارەوە ئاراستەی زمانێك بەرەو لەناوچوون بپێوین، واتا پێوەری پاشەکشەی ژمارەی ئەوانەی قسەی پێدەکەن، لە لایەکی دیکەوە لە خودی شێوەزارەکەدا دەرك بە نیشانەکانی لەناوچوونی چاوەڕوانکراو و تۆکمە بکەین. هەروەها ساناترین نیشانەکانی پێچەوانەی ئەم زمانە لەگەڵ زمانێکی دیکەدا ببینین، کە خەریکە هەڵیبمژێ، چونکە هەندێ هۆی دیکە هەن بۆ مردنی زمان کە زمانەوانیین وەکو (تەرازووی هێزو هی دیکە) ئەمەش لە هەردوو رووی زمانەوانی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە بەدواداچوونی بۆ دەکەین.

زمانەوانی و زمانەوانیی- کۆمەڵایەتی

ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە، نموونەیەکی رووونی واتای زمانەوانی- کۆمەڵایەتییە لە بەدواداچوونی کاریگەریی کۆمەڵایەتی بەسەر زماندا، لە ناوچوونی زمانێك رووداوێکی ئاماری نییە کە کەم بوونی ژمارەی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن، پیشانبدات، بەڵکو رووداوێکی زمانەوانیی ناوخۆیە نیشانەی وریایی پێش وەختە دەردەخات، ئەم گرفتەی ئاماژەمان پێکرد، نیشانەیەکی خێرایە بۆ بیرکردنەوەیەکی تیۆری قووڵتر، لەناو خودی زمانەوانییەکاندا، ڕێڕەوێکی تێدایە، کە (کاکڵەی پتەو) بە تەنیا لە زمانەوانییدا بەندە بە وەسف و شێوەگەرییەوە.ئەمیش پەیوەستە بە زانست، بەڵام بەراوردی دیکە (وەکو زمانەوانیی دەروونی، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) بە ئاراستەی پەراوێزکردنن، واتا، هەروەکو ئەڵمانییەکان بە (زمانەوانیی فەرمی) یان زمانەوانیی جوداکاری ناوی دەبەن، کە نێوان دوو وشە کەرت و جیا دەکاتەوە کە ئەویش (زمانەوانیی- دەروونی) و (زمانەوانی- کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە. **(جان کلۆد میلنەر)** لە فەرەنسا نوێنەرایەتیی ئەم ڕێبازەی دەکرد.ڕەخنەشی گرتووە لەوانەی ناوی بردوون بە (دژە زمانەوانی کە هیچ رۆڵێکیان نییە تەنیا یارمەتیدانی زمانەوانان نەبێ کە دان بەخۆیاندا بگرن، وەکو زمانەوانیی — کۆمەڵایەتی، زانستی دەلالەتی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن، یان قسەبێژی ئایدیۆلۆژی) ئەگەر (میلنەر) خەمخۆر بووایە لە ناخیدا بەیەکەوەژیانی (لاکان) و (چۆسکی) جێگای دەبووەوە، بۆیە رەوتی زمانەوانی لە نیوەی

دووەمی سەدەی بیستەمدا بەرەوڕووی ڕێگایەکی بنەڕەتی بووەوە: یان مانەوە لەو هێڵەی کە (فردنیاند دۆسوسێر) وێنەی کێشاوە، لە شیکردنەوە و وەسفی زمان (ئەمەش ڕێگایەکی تێوری هەندێ قوتابخانەیە هەر چەند جیاوازییان لە نێواندا بێت، وەکو قوتابخانەی فرمانکاریی ئەندرێە مارتینە و قوتابخانەی بەرهەمهێنی چوسکی) یانیش ئەو ڕەوتە زمانەوانییە(قسەکردن) کە لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەوە لەقەڵەم دەدات، کە تاکە شوێنە بۆ لە باوەش گرتنی لایەنی کۆمەڵایەتی لە بواری پەیوەندی و تێکەڵیدا، لێرەدا زمان و قسەکردن دوو جۆرە بەراورد پیشاندەدەن، یەکێکیان زمانەوانی شێوەگەرییە، ئەوی دیکەیان ناشێوەگەریی یان پەراوێزییە.

هیچ شتێك لە ئارادا نییە کە ئاماژە بکات بەوەی زمانەوانیی قسە(واتا ئەو زمانەوانییانەی کە بایەخ بە سیستەمی زمان نادەن، بەڵکو بە قسە) لە ڕووی زانستییەوە لە زمانەوانیی زمان کەمتربێ. گرفتەکە لەوەدایە کە خاوەنەکانی بەراوردی یەکەم، کارەکە لەسەر خۆیان زیاد دەکەن کاتێ زمان لە شێوەی کۆددا کورت دەکەنەوە. یان لەسەر بونیادی رستەو ڕێزمان، بەڵام خاوەنەکانی بەراوردی دووەم، هەڵوەستە دەکەن لەسەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، بۆیە کاتێ بە خێرایی باسی کیشوا لە کۆشابامبا — مان کرد، هەروەها بە درێژی ئاماژەمان بە ئەگەری سەرهەڵدانی نیشانەکانی مردنی زمانەکان کرد، ئەمەیان زۆر بە گرنگ دادەنرێت، کە بەڵگەی هەڵمژینی زمانێك لەلایەن زمانێکی دیکەوە دەخاتە روو. هەروەها بۆمان روونەدەکاتەوە کە چۆن ڕووداوی کۆمەڵایەتی کاریگەریی خۆی لەم پرۆسەیەدا هەیە. دیسان بۆمان دەردەکەوێت کە شەڕی زمانەکان تەنیا لە نێو زمانە جیاوازەکاندا ڕوونادات، بەڵکو لەناو خودی زمانەکە خۆشیدا سەر هەڵدەدات.

دەروازەی سێیەم

لە سەرکردایەتی ئەرکاندا

بەشی دەیەم

سیاسەتی زمانەوانی و پلاندانان: بەراوردی یەکەم

ئەو پێنج بەشەی پێشوو، لە زۆر گۆشە نیگاوە، چەندین رێگاچارەی پیشاندایین، دەربارەی ئەوەی چۆن قسەبێژان لەگەڵ رەوشی فرە زمانیدا ژیاون و چۆنیش بەڕێوەیانبردووە، هەروەها ئاماژەمان بە چەند بابەتێکی دیکە کردووە (خێزان، بازاڕ، زمانە بڵاوەکان...) هاوکات چەندین بەراوردمان خستەڕوو (راپرسی لە رێگای تۆمارکردن یان رێگای سەرنجدان، وەسفی زمان، وێنە کێشانەوەی مێژووی زمانەکان بە رێگای توێژینەوە لە بەڵگەنامەکان) بەڵام ئەو وانەیەی لە دەرئەنجامی توێژینەوە و راپرسییەکانماندا بە جیاوازیی بابەتەکان و بەراوردەکانەوە، بە دەستی دێنین تەنیا یەك شتە، ئەویش ئەوەیە کە لە دوای هەر پەیوەندییەکی زمانەوانی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیش هەیە، بەڵگەش دیاردەکانی زمانە، ئێستا گۆڕەپانی شەڕ جێ دێڵین، واتا بەڕێوەبردنی فرەزمانی و پەیوەندیی نێوان زمانەکان لە گۆڕەپاندا، واتا لە تەنی زیندوودا، با لێکۆڵینەوە بکەین لە بەڕێوەبردنی ئەم فرەییە لە ژینگەیەکی دروستکراودا، واتا لە تاقیگەدا، لێکۆڵینەوە بکەین لە دەستێوەردانی راستەوخۆ و بەویستی دەسەڵاتی سیاسی لە گۆڕەپانی زماندا، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین چەند زاراوەیەکی سەرەکی دەستنیشان بکەین و چەندین پێناسەش بخەینە روو کە وەك سەرچاوە و ژێدەر بەکاری دێنین.زۆر قسەو باس هەن دەربارەی سیاسەتی زمانەوانی و پلانی زمانەوانی، هەر لەوەتەی زمانزانی ئەمریکی(**هۆگن**) لە ساڵی ١٩٥٩دا دەستەواژەی پلانی زمانەوانی داهێنا لە میانی وتارێکدا کە تایبەت بوو بە رەوشی زمان لە نێرویژ. ئەم مێژووە لە روانگەی گەڕاندنەوەی وشە بۆ بنچینەکەی، دەمانباتەوە لای ئەو راستییەی کە بەندە بە پەیدابوونی شت و پەیدابوونی ناو، پلانی زمانەوانی مەسەلەیەکی تازەیە، لە میانی ئەو چل ساڵەی رابردوودا، بووەتە بەشێك یاخود لقێك لە

لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی یان زمانەوانی کۆمەڵایەتی، شتەکە بەو رادەیە ئاسان نییە، ئەگەر گریمان بەڕێوەبردنی فرەزمانی یەکێك بێت لە لقەکانی سیاسەتی زمانەوانی، ئەوا دەبێ ئەو سیاسەتە کۆنە بە قەد کۆنیی خودی فرە زمانییەکە لە قەڵەم بدەین، هەروەها دەبێ بزانین کە داستانی بابل لە ناوەڕۆکەکەیدا بەلای بابەتی ئەم کتێبەدا دەچێت. مێژوو نموونەی زۆرمان دەربارەی دەست تێوەردانی مرۆڤ لە زمان، بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو دەست تێوەردانەش دەچێتە خانەی (سیاسەت) یان (پلان)، سەربردەی **شارل کوینت** ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پیاوە لەساڵی ١٥٥٠ دا، بڕیاریدا زمانی ئیسپانی بە زنجیرە قۆناغێکی جیاواز، شوێنی زمانی هینده ئەمریکییەکان بگرێتەوە بەم شێوەیە:-

* **قۆناغی بیرکردنەوە لە گرفتی زماندا:** هەروەها بە شرۆڤە کردنی بارودۆخەکە، بیرکردنەوەکە لێرەدا بەیەك مەسەلەوە دیاریکراوە، ئایا دەکرێ رێنماییەکانی ئایینی مەسیحی بە زمانی ئایمارا یان بە زمانی کیشوا بخوێندرێت؟

* **قۆناغی بڕیاردان** (لەو نموونەیەدا: بەکارهێنانی زمانی ئیسپانی بۆ بە مەسیحیی کردنی هینده‌کان).

* دوا قۆناغ، **قۆناغی پیادەکردن یان جێبەجێ کردنی بڕیارەکان** کە پێویستە فێری زمانی ئیسپانی بن بەر لە فێربوونی ئایینی مەسیحی.

ئەم زنجیرە قۆناغە، رێگامان بۆ خۆش دەکات تاکو پێناسەیەکی پەسند بۆ زاراوەی (سیاسەت) بدۆزینەوە، هەروەها بۆ زاراوەی (پلان) کە تا ئێستا بە رێگایەکی نادیار بەکارمان هێناون. کاتێ یەکێکیان لە شوێنی ئەوی دیکەیان بەکاردێنین، وەك بڵێی هاوواتابن، ئێمە سیاسەتی زمانەوانی بەوە لێك دەدەینەوە کە بریتییە لە سەرتاپای ئەو رێگایانەی دەگیرێنە بەر لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتیش لە نێوان زمان و ژیان لەوڵاتدا هەروەها (پلانی زمانەوانی) بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانەوانی و چۆنێتیی جێبەجێ کردنی ئەو هۆکارانە. جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەی پێشوو، جێبەجێ کردنی لە گۆڕەپانی ئەمریکای باشوور، ئەوەیان بە پلانی زمانەوانی لەقەڵەم دەدرێت.

وا دیارە، هەروەکو پێناسەمان کرد، سیاسەتیی زمانەوانی بە دەوڵەتەوە بەندە، ئەمەش رێگای هەڵبژێردراوی تێوری نییە، بەڵکو بڕیارێکی واقیعییە، پێویست ناکات کە ئەو قسەیە بە دوور بزانین بە وابەستەبوونی سیاسەتی زمانەوانی بە دەوڵەتەوە، کە ئەگەری ئەوەی لێ

ڕەچاو دەکرێ سیاسەتی زمانەوانی سنوور دەبەزێنێ، یان بە پێچەوانەوە، تایبەتە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو کە لە دەوڵەت بچووکترە، لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی دیکەدا هاوژینن. نموونەی حاڵەتی یەکەم، کۆمەڵەی کەڕولاڵان، کە دەتوانن کۆنگرەی جیهانی سازبکەن و بڕیار دەربکەن و دەنگ لەسەر راسپاردەکان بدەن لە بواری فێرکردندا (ئایا پێویستە کەڕان فێری زمانی هێما بن، یان پێویستە بە شێوەی زارەکی قسە دەربڕن؟) یان کۆمەڵەی ئیسپرنتۆ کە دواتر باسیان دەکەین، لەو دوونموونەدا، کۆمەڵێکی پەرش و بڵاو هەیە کە بێ سنوورن، نموونەیەکیش بۆحاڵەتی دووەم دێنینەوە تایبەت بە کەمینەزمانییەکان، وەکو دانیشتوانی ناوچەی بریتانیای فەڕەنسی، یان دانیشتوانی تیبت لە چین...، کە رەنگە بەرنامەیەك یاخود داواکاریان هەبێت لە شێوەی سیاسەتی زمانەوانی، لە بەرامبەردا بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریی پلانی زمانەوانی، پێویست بە دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات، بۆ نموونە دانیشتوانی ناوچەی بریتانیای فەڕەنسی لە رووی تەکنیکەوە، ئەو هۆکارانەیان نییە کە بواری جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی زمانیان بۆ بڕەخسێنێ، ئەگەر چەمکی پلانی زمانەوانی پێویستی بە بوونی سیاسەتێکی زمانەوانی هەبێت، ئەوا پێچەوانەکەی راست نییە، دەتوانین لیستێکی درێژ ئامادە بکەین بە رێگاکانی هەڵبژێردراوی زمان کە هیچ جێبەجێ نەکراون، بەڵام سیاسەتی زمانەوانی کە جێبەجێ نەکراون (یان ناکرێ جێبەجێ بکرێن، لەبەر نەبوونی دەسەڵات) پێویستە پشت گوێ نەخرێ، چونکە هەموویان ناچنەوە پاڵ دەستەی جێ بە جێ کردنی ئەرکەوە، دەبێ جیاوازی هەبێ لە نێوان ئەرکی پراکتیکی و ئەرکی هێمایی، کاتێ دەوڵەتێکی تازەدروستبووی سەربەخۆ بڕیارێك دەردەکات بەوەی زمانێکی لۆکال بکاتە زمانی نیشتمانی، ئەم بڕیارە بە کارێکی دروست دادەنرێ لە حاڵەتێکدا ئەگەر پلانێکی بە دوادا بێت کە ئەم زمانە بخاتە نێو قوتابخانەو کارگێرییەوە...، تاکو جێگەی زمانی ئیمپریالیزم لە هەموو بوارێکی ژیانی نیشتمانیدا بگرێتەوە، بەڵام بڕیارەکە بەهێمایی دەمێنێتەوە، یان لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، یان لە قۆناغی یەکەمدا بۆی جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش کاتێ رووبدا، کە پارتی نیشتمانیی ئەندەنووسی بڕیاریدا زمانی مالیزی بۆ ئاستی زمانی نیشتمانی بەرزبکاتەوە، لە سایەی حوکمی ئیمپریالیزم و نەبوونی هیچ هۆکارێکی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، بەڵام بە دووپاتکردنەوەی بوونی زمانێکی نیشتمانی، مەبەست دووپاتکردنەوەی رەمزیی بوونی نەتەوەی ئەندەنووسی بوو، لە بەرەو رووبوونەوەی ئیمپریالیزمی هۆڵەندی، کارەکە وای پێویست دەکرد کە بیست ساڵ رەتبێت ئینجا ئەندەنووسیا سەربەخۆیی وەربگرێت بەر لەوەی ئەم بڕیارە بە کردەنی جێ بە جێ بکرێت.

هۆکارێکی دیکەی سیاسەتی زمانەوانی جیاواز و شرۆڤەکردنیان، خۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کە سیاسەتی زمانەوانی و دواتر پلاندانان کاریگەریی لە شێوەزمان دەکەن و زمانی نیشـتمانی دادێننن، ئەم دەستێوەردانەش بەسێ ئاست دەردەکەوێت:

- **ئاستی ئەلف وبێ:** کاتێ کارەکـە بـەوەوە بەنـدە کـە ئـەلف و بـێ بـۆ زمـانی زارەکـی دابهێنرێ، یان ئەو نووسینەی پشتی پێ دەبەستێ بگۆڕێ، یان ئەلف و بێیەکەی بگۆڕدرێ.

- **ئاستی فەرهەنگ:** کاتێ کارەکە بەندە بە داهێنانی چەند یەکەیەکی نوێی فەرهەنگی (بە خواستنەوە یان بە دروستکردن) بەوەش رێگا بە زمان دەدات گوزارشت لە واتاکـان بکـات کـە پێشتر بە زمانی دیکە بووە (وەکو وشەکانی سیاسەت و زانست...)

- **ئاستی شێوەزارەکان:** کاتێ ئەو زمانەی بەم دواییە گەیشتووەتە ئاستی زمانی نیشتمانی چەند شێوەزارێکی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، بـە جیـاوازیی ناوچـەکان، ئەمـەش یـان دەبێـت، شێوەزارێك هەڵبژێرێت، یان هی تازە لە نێو شێوەزارەکانی دیکە وەربگرێت.

بـەڵام سیاسـەتی زمانـەوانی دەتـوانێ دەسـت لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان زمانـەکان لـە رەوشەکانی فرە زمانی وەربدات. کاتێ وا پێویست دەکات زمانێکی نیشتمانی لە نێـوان چـەند زمانێکدا هەڵبژێردرێت، یان فرە زمانی لە ناوچەیەك ئەکتیف بکرێ، یان زمانەکانی فێرکردن و هۆیەکانی راگەیاندن...، هەڵبژێردرێت، ئەمەشیان زۆر باوە، لە بەشەکانی داهـاتوودا چـەندین نموونە دێنینەوە، بەڵام دەشێ ئەو دوو جۆرە کاریگەرییـە بچـنە پـاڵ یـەك، بـە شـێوەیەك کـە دەستێوەردانی زمانێك دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی و پیادەکردنی وەکو زمانێکی نیشتمانی کـە دواتر لەلایـەن سیاسـەتی زمانەوانییـەوە رێچـکەیەك وەردەگرێـت.دەتوانین پوختـەی سـنووری جیـاوازیی ئـەو زاراوە جیاجیانانـەی ئاماژەمـان پێکـردن، دەستنیشـان بکـەین، هـەروەها پەیوەندییەکانی نێوانیان لەو وێنەیەی خوارەوەدا روونبکەینەوە.

١. سیاسەتی زمانەوانی

ئەرکی هێمایی	**ئەرکی پراکتیکی**

٢.پلانی زمانەوانی

کاریگەریی لەسەر زمان	**کاریگەریی لەسەر زمانەکان**
- ئەلف وبێ	**- هەڵبژاردنی زمانی نیشتمانی**
- فەرهەنگ	**- رێکخستنی فره زمانی**
- شێوەزار	**- دابەشکردنی ئەرك**

دێڕەکانی نێو ئەم وێنەیە گوزارشت لە رایەڵی لۆژێك دەکەن لە نێوان سیاسەتی زمانەوانی کە ئەرکی کردەنی هەیە لە نێوان پلانی زمانەوانی کە جێیە جێی دەکات، بەڵام تیرە پچڕ پچڕەکانی وێنەکە گوزارشت دەکەن لە ئەگەری رایەڵ بوونی چارەسەر کە بە شێوەیەکی دیار لە نێو خۆیاندا ریز دەبن.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بە دەستەواژەی (پلانی زمانەوانی) کرد کە دەستەواژەیەکە لە لایەن (هۆگن)ەوە لە ساڵی ١٩٥٩ نووسراوە، (فیشمان)یش لە نامیلکەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاویکردەوە، دەستەواژەی (سیاسەتی زمانەوانی)ی بۆ زیاد کرد، ، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ ئەم دووانە (سیاسەت/ پلاندانان) بە شێوەیەکی بەربڵاو زیاد و بڵاو دەبێتەوە.لە سەرەتادا گوتمان کە پلاندانان لای هۆگن بەشێکە لە زمانەوانیی پراکتیکی، بەڵام فیشمان لە بەشێکی دیکەدا بە ناونیشانی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی پراکتیکی) چارەسەری ئەمە دەکات، دواتریش هەریەك لە **(فرگیسۆن)** و **(دای گۆتیا)** لە پێشەکی کتێبێکی هاوبەشدا بەم شێوەیە پلانی زمانەوانی راڤە دەکەن: ((پلانی زمانەوانی شتێکی تازەیە، هاتووەتە ناو خێزانی پلانی پەرەسەندنی نیشتمانییەوە)) و ((هەوڵ و

کۆششی بە ئامانجی گۆڕینی زمان یان پارێزگاری لێ کردنی و بەکارهێنانی زۆر کۆنە، بەقەد کۆنیی سیاسەتی ئابووری)) بەڵام ((تا ئەم دواییە دان بەم چالاکییانە دانەنراوە، تەنیا وەك دیاردەیەکی پلانی نیشتمانی لە گۆڕەپانی زماندا نەبێ)) .

زاراوەی (پلاندانان) لە زمانی فەرەنسیدا لە سەدەی بیستەمدا لە بواری ئابووری بە واتای (رێکخستن بەپێی پلان) پەیدا بوو، لێرەدا مەبەست ئاماژەکردن بوو بە رۆڵی دەوڵەت، چونکە پلان تایبەتە بە دەوڵەت، بەڵام پلانی زمانەوانی لە دەقی ناوبراودا لە چوارچێوەی ((پلاندانانی نیشتمانی)) بە بەراورد لەگەڵ ((پلاندانانی ئابووری)) گرفتێکی دیکە دەوروژێنێ، چونکە هەر لەگەڵ باسکردنی زاراوەی پلاندانان، زمانەکە لەپاڵ شتەکان پۆلێن دەکرێت کە دەشێ پلانی بۆ دابنرێت (وەکو قوتابخانە، لەدایك بوون، پێشکەوتن، بوونیادنان..) واتا لەپاڵ ئەو شتانەی کە دەسەڵات توانای بەسەریاندا هەیە و دەتوانێ بەڕێوەیان ببات و ئاراستەیان بکات. بەڵام پرسیارێك سەرهەڵدەدات ((تا چ رادەیەك پلاندانان بۆ زمان پێویستە؟

بیرۆکەی پلاندانانی زمانەوانی پێویستی بە سێ شت هەیە: **دوو سیمای زمانەوانی و توانایەکی مرۆیی بۆ کارکردن:**

* سیمای یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە زمان دەگۆڕدرێت، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆ نییە، مێژووی زمانەکانیش ئەمە دەسەلمێنێ.

* سیمای دووەم ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندیی نێوان زمانەکان گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بەڵگەی زۆریشمان لەبەر دەستدایە بۆسەلماندنی ئەم راستییە.

* بەڵام وا پێویست دەکات کە مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێ دەست لەو دوو خاڵەی کە پێشتر باسمان کردن، وەربدات، بە شێوەیەك کە توانای لە ژینگەیەکی دەستکردا هەبێ واتا لە تاقیگەدا، کە زمان بگۆڕێ هەروەها توانای گۆڕینی پەیوەندیی نێوان زمانەکانیشی هەبێ.

بەڵام پێچەوانەی ئەمە، هەمیشە لە وتاری زمانەوانیدا بزر بووە، کاتێ زمانەوانی تازە بەراورد دەکات لە نێوان پێوەر و وەسفکردندا، خۆی بە بەرز دەزانێ و نایەوێت راستیی پیادەکردنی بنەماکانی زمان و چەسپاندنی دەربخات، جا ئەمەیان پەرەسەندنی خودی زمانەکە بێت یان پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان زمانەکان، ئەو پێی وایە ئەم پەرەسەندنە دەکەوێتە ژێر باری رووداوی کۆمەڵایەتییەوە نەك دەستێوەردانی ئاراستەکراو: زمانەوان رووداوە کۆمەڵایەتییەکە راڤە دەکات، بەڵام تازەی ناکاتەوە، بۆیە بیرۆکەی پلانی زمانەوانی، خۆی لە خۆیدا بە جۆرێك لە رکابەریی بەرامبەر زمانەوانییەکان دەژمێردرێت.

ئەو کاتەی نووسەری بەریتانی **(جۆرج ئۆرۆیل)** رۆمانەکەی لە ساڵی ١٩٨٤دا نووسی، گاڵتەیان بە راوبۆچوونەکانی دەهات لەمەڕ زمان، هەروەها بە بیرۆکەکەی، بەوەی کە دەسەڵاتێکی رەها هەیە رۆژانە بە رێگای زمانزانانەوە دەستێوەردان دەکات، کە کاریگەریی دەبێ بۆ سەر وشەکانی رێزمان تاکو زمانێکی تازە پێکبهێنرێت، بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێ لەم وێنە شێوێنراوەدا، لە نێوان دوو شتدا، کە نووسەر تێکەڵیان دەکات: لە لایەك دەستێوەردانی رەها لە ئارادایە کە دەیەوێت کۆنترۆلی بیرو هزر بکات بە هۆی زمانەوە (ئەگەر بڕیارێك دەرچوو تێیدا روونبکرێتەوە کە رستەی: ((با سەرکردە بڕوخێ)) رستەیەکی دروستی رێزمان نییە ئەوا خەڵکەکە وازدێنێ لە بیرۆکەی (با سەرکردە بڕوخێ) لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێ زمان بە بڕیار بگۆڕدرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەڵێین: پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان دوو شتدا:

- لەلای یەکەمدا: هەوڵدان بۆ گۆڕینی هەست بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی لە رێگای گۆڕینی زمانەوە، بۆ نموونە (خێوەتگەی خۆشی) بە واتای (خێوەتگەی کاری سەخت) ئەمەش کورتکراوەیەکی ئینگلیزی (وەزارەتی ئاشتییە) کە واتای (وەزارەتی شەڕ) دەگەیەنێ، بیرۆکەکەش لەوەدایە کە قسەبێژان ئەزموونەکانیان بە رێگای وشە شرۆڤە دەکەن، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە بەڵگەگەریدا، هەستیان بەرامبەر جیهان دەگۆڕێت.

- لەلای دووەمدا: ویستی داهێنانی زمانێکی لۆژیك کە بێ گەرد بێ، بۆیە بە پاشگرو پێشگر دەتوانرێ (ناو و کار و ئاوەڵناو) دروستبکرێ بۆ نموونە: (Speed) بە واتای (خێرایی) دێت، ئەگەر ویستمان بڵێین (بە خێرایی رۆیشتن) دەڵێین: (Speedfull) بە زیادکردنی پاشگری (Full) لە جیاتی ئەوەی کە بڵێین(Rapid)، بەخێرایی) دەڵێین(Speedwise) بە زیادکردنی پاشگری(Wise) لە جیاتی(Quickly) بە هەمان شێوە لە ئاوەڵناودا بە زیادکردنی نیشانەیەك لە سەرەتای وشەدا، بۆ نموونە لە جیاتی (تاریك Dark) دەگوترێ: (Unlight) واتا (نا روونا‌ك) بە زیاد کردنی پێشگری (Un) لە بەرامبەر (Light) کە واتای روونا‌ك دەگەیەنێ.

بەشی یازدەهەم

توێژینەوەی نموونەی پیادەکراو: بەڕێوەبردنی فرە زمانی

لەم بەشەو بەشەکانی دواتردا، چەندین جۆری سیاسەتی زمانەوانی بەردەست دەخەینە روو کە بناغەیەکن بۆ گفتوگۆکردن.لە سەرەتادا لەو سیاسەتانە دەدوێین کە بەرەو رووی فرەزمانێکی گرنگ دەبنەوە، پێشبینی ناکرێت لە قۆناغی یەکەمدا بۆ تاك زمانی بگەڕێنێتەوە.

نموونەی چین

لە کۆماری چینی میللیدا پەنجا زمان بەکاردێنن، بۆ روون کردنەوەی زیاتر، دەتوانین بیانکەین بە دوو بەشەوە: **شێوەزارەکان (هان)، و زمانە کەمینەییەکان** .

وشەی (هان) واتای ئەتنی چینی دەگەیەنێ (لە چین جیاوازی دەکەن لە نێوان ((هان زی رن)) واتا ((ئەو خەڵکەی لە ئەتنی چینن)) یان چینییەکان، و (زنگ رن) واتا ((ئەو خەڵکەی لە ناوەڕاستی وڵاتدا دەژین)) یان ((هاووڵاتیانی چین)). کۆمەڵەی هان زۆربەی زمانەکانی بەکارهێنراوی چینی لە وڵاتەدا لە خۆ دەگرێت، کە بە فەرمی بەیەك زمان لە قەڵەم دەدرێ لەگەڵ کۆمەڵە شێوەزارێك، ژمارەی ئەو زمانانەش هەشتن:

١. زمانی باکوور کە ٧٠٪ی دانیشتوان قسەی پێدەکەن، زۆر جاریش لە رۆژئاوا بە (منداران) ناو دەبرێت.

٢. وو (Wu)

٣. کزیان (Xian)

٤. گەن (Gan)

٥. من لە باکور (Min)

٦. من له باشوور (Min)
٧. يويه (Yue)
٨ . هاكا و كجيا (Hakka ,Kejia)

ناوچەی (١)
باشووری رۆژهەڵاتی چین

١. كانتۆن (Canton)
٢. كان هاكا (Kan Hakka)
٣. ئامۆی سواتۆ (Amoyswatou)
٤. فوجيان (Fujian)
٥. وو (Wu)
٦. كسيانگ (Xiang)

ناوچەی (٢)
شێوەزارەكانی منداراني

٧. پەكين، منشۆريا، حەوزی هوانگێه (Huanghe)
٨. هانكۆ (Hankou)، نانكين (Nankin)
٩. باشووری رۆژهەڵات، سيشوان، يۆنان، گويزهو، گوانگسی، هوبای
دابەشكردنەكەش بەم شێوەيە راڤەكراوە:
((تێگەيشتن له نێوان زمانەكانی ناوچەی يەكەم و زمانەكانی ناوچەی دووەم بە هيچ شێوەيەك نييە، (وەكو نێوان فەڕەنسی و ئيسپانی)، هەروەها تێگەيشتنی نێوان زمانەكانی ناوچەی يەكەم زۆر لاوازە يان هەر نييە، كەواتە له راستيدا ئەم (شێوەزارانە) زمانی جياوازن. بەڵام مانداران خۆی زمانێكە و سێ شێوەزاری هەيە هەروەكو له (خشتەی ناوچەی دووەمدا) روونكراوەتەوە له لايەك قسەكەرانمان هەيە بە يەكێك له زمانەكانی كۆمەڵەی (هان) كە ٩٥٪

ی کۆی دانیشتوانن ٧٠٪ش بە مانداران و ٢٥٪ بە زمانی دیکە قسەدەکەن واتا (٢٥٠) ملیۆن بەم زمانانە قسەدەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕێژەیەی ماوەتەوە کە ٥٪یە بە یەکێك لەو زمانانە قسەدەکەن کە بە زمانی کەمینەییەکان ناسراون، بەڵام ٥٪ لە ملیارێك دانیشتووان لە کەمینەکانن کە ڕێژەیەکی کەم نییە چونکە بەقەد ژمارەی دانیشتوانی فەڕەنسا دەبێت، ئەمەش ڕێژەیەکە بەسەر چوار خێزانی جیاواز دابەشبووە:

کۆمەڵەی ئەلتیك (مەنگۆل، ویگۆر، کازاك...تاد)و کۆمەڵەی بیرمانی (تیبتی، یی) و کۆمەڵەی تای (زوانگ، بویی) و یاومیاو کە کۆمەڵەیەکی جودایە.

لە سەدەی سێزدەهەمەوە زمانی بەکارهێنراو لە باکووردا، بە ناوی (گوان هوا)یە، واتا زمانی فەرمانبەران، جۆرێکە لەو زمانەی کە لە کارگێری و ڕۆشنبیریدا باوە، (ئەو زمانەیە کە لە سەدەی شازدەهەمدا بە مانداران ناوزەد کراوە، وشەیەکە لە کارێکی پورتوگالی (مەندر) وەرگیراوە کە واتای (فەرمانی دا) دەگەیەنێ. لەو کاتەدا دوو زمانی نووسراو بەیەکەوە بوونە، (زمانی ونین) واتا زمانی پیتەکان، کە زمانێکی نووسراوی دەسەڵات بووە، هەروەها زمانی کارگێڕی و ڕۆشنبیران بووە، واتا زمانی زۆرینەی نووسراو، زمانەکەی دیکەش (بای یان) ((زمانی ساکاروئاسان)) ئەمەش نزیکە لەو زمانەی لە باکووردا قسەی پێ دەکرێ، کە هەموو ڕۆمان و شانۆگەرییە بەناوبانگەکانی پێ نووسراوەتەوە. لەوەتەی ١٩١٩ و لە سەردەمی سەرهەڵدانی ٤ ی ئایار، ڕێبازێك دژی زمانی (وین ین) سەری هەڵدا، کە بەوە لێکدرایەوە گوایە مەبەستی داگیرکردنی دەسەڵاتە، هەروەها لایەنگری زمانی (گیویو) بوو، کە بە واتای (زمانی نیشتمانی)یە، ئەمەش لە پێناو داهێنانی زمانێکی یەکگرتوو لە چیندا، ئەم بیرۆکەیەش دوای ساڵی ١٩٤٩، جارێکی دیکە بە ناوی(بو تونگ هوا) واتا (زمانی هاوبەش) سەری هەڵدایەوە، کەواتە سیاسەتی زمانەوانیی چین لە شۆڕشەوە دەخەینە روو، کە پەیوەستە بە زمانەکانی (هان) و کەمینەییەکان، لە بەشەکانی دواتردا باس لە گرفتەکانی دیکە دەکەین.

حزبی کۆمۆنیستی چینی هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٢١-ەوە، بڕوای بە پرانسیبی مافی کەمینەییەکان لە ئۆتۆنۆمیدا هەبوو، ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە، هەر کەمینەیەك مافی ئەوەی هەیە بە زمانی خۆی بخوێنێ، دوای ساڵی ١٩٤٩ لە پێشەکی دەستووردا بڵاوکرایەوە کە **((چین دەوڵەتێکی یەکگرتووی فرە نیشتمانە))** بەڵام یاسای بنەڕەتی لە ماددەی (٣٩)دا دەڵێت: پێویستە ئیدارەی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی، یەك زمان یان زیاتریی ناوچەکەیان هەبێت، هەروەها لە ماددەی (٤٠)دا هاتووە: پێویستە یارمەتی

کەمینە نیشتمانییەکان بدرێ بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیرییان، ئەمانەن پرانسیبەکان بەڵام لە واقیعدا، سیاسەتی زمانەوانیی دەسەڵاتی چین، دواتر هەڵبەز و دابەزی پێوە دیار بووە، بەقەد سیاسەتەکەی، ئەم هەڵبەز و دابەزەش لە چوار سەردەمدا بووە: ١. (١٩٤٩- ١٥٥٦)، ٢. (١٩٥٦- ١٩٦٥)، ٣. شۆڕشی رۆشنبیری ٤. لە ساڵی ١٩٧٦ هەتا ئەم رۆژگارە.

١٩٤٩- ١٩٥٦ فرەزمانی

زانیمان کە دەستووری چین مافی کەمینەکان دابینەدەکات، بە تایبەتیش مافی زمان، کە دوو تەوەری پلاندانان لەخۆدەگرێت و بەو قۆناغەوە ناوزەد کراوە: یەکەمیان لەلایەن لیژنەی هەموارکردنی زمانە کەمینەییەکان سەرپەرشتی دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٥١ دامەزرا، بۆ ئامارکردنی زمانەکان و نووسینەوەیان، دووەمیشیان لە لایەن (کۆمەڵەی هەموارکردنی زمان سەرپەرشتی دەکرێت، کە بە دە رۆژ دوای شۆڕش دامەزرا و لەساڵی ١٩٥٢دا ناوەکەی گۆڕاو، بوو بە لیژنەی گەڕان بە دوای هەموارکردنی زماندا، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٤دا بوو بە (لیژنەی هەموارکردنی زمان) بۆ هێنانە کایەی زمانی چینی، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥دا دوو کۆنگرە بەستران، یەکەمیان تایبەت بوو بە (هەموارکردنی زمانی نووسراو) و دووەمیان (بە تەرز کردنی زمانی تازەی چینی) دواتر بوو بە (زمانی هاوبەش).

هەندێك لەو کەمینانە، لەو ماوەیەدا توانیان زمانی خوێندنیان پێش بخەن، ئەلف و بێ بۆ ئەو زمانانە دابینبکەن کە نەنووسراونەتەوە، زۆربەشیان لە ئەلف و بێی لاتینییەوە وەرگیرابوون و توانرا پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریی پێ بەڕێوە ببەن، تا دواتر لە پەیمانگای کەمینە نیشتمانییەکاندا چوار چێوە و رێسای بۆ دابینکرا. بەڵام لەو ناوچانەی رەگەز و ئەتنییەکانیان سەر بە (هان) بوون، خوێندن بە زمانی لۆکالە، واتا بە (زمانی کانتۆن لە کانتۆن و زمانی شنگهای لە شنگهای..)، بەڵام لە کۆنگرەی دووەمدا کە لە ساڵی ١٩٥٥ بەسترا، هەندێ گۆڕانکاریی بەسەردا هات.

١٩٥٦- ١٩٦٥ بەرنامەی بو تونگ هوا

زمانی نیشتمانی بەوە ناسرا بوو کە شێوەزاری پەکین پەیڕەو دەکات، لەگەڵ هەندێ لە شێوەزارەکانی باکوور و چەند دەستەواژەیەکی زمان و ئەدەبی (بای هوا)، کە دواتر ئەو زمانە هاوبەشە دەبێتە تاکە زمانی خوێندن لە ناوچەکانی (هان) دا، پێشخستنی زمانەکەش ئەرکێکی نیشتمانییە، بەم شێوەیە لە ٦ ی شوباتی ١٩٥٦شدا ((رێنماییەکانی ئەنجومەنی

دەوڵەت تایبەت بە پێش خستنی زمانی نیشتمانی)) بڵاوکرایەوە، کە ژێدەرێکی ئاراستەکردنی هەرزەکارو گەوران بوو، سەبارەت بە قوتابیانی سەرەتاییش بەهەمان شێوە لە وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی و لە رێکەوتی ١٧ ی تشرینی دووەمی ١٩٥٥ دا دەقێك بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٦دا بڕیاردرا هەر لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ئەو ساڵەوە، فێرکردن و خوێندنی زمان و ئەدەب، بە زمانی(بو تونگ هوا) بێت، . بەڵام بابەتەکانی دیکە، پێویستە بۆ ماوەی دوو ساڵ بە زمانی هاوبەش بخوێنرێن. جا بۆ پشتیوانیی کردن لەم هەنگاوە، سەنتەرێك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان لە پەکین دامەزرا، ئەم بەرنامەیە توانایەکی گەورە بەگەڕ دەخات، دواتر هەموارکردنی ئەلف وبێی بەدوادا دێت کە لە شوێنێکی دیکەی ئەم بەشە بە ناونیشانی (شەڕی نووسین) قسەی لێدەکەین، بەڵام لای کەمینەکان بەهەند وەرنەگیرا، کە لەم ماوەیەدا سیاسەتێکی دیکەیان پەیڕەو دەکرد کە سیاسەتی فێربوون و خوێندن بوو بە دوو زمان. **(دایل بارنس)** روونیدەکاتەوە کە ئەوانەی بە زمانەکانی (هان) قسەدەکەن و بە (ماندارن) نادوێن، بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە بیرۆکەی دوو زمان دەکەن، هەروەها بەرنامەی زمانی هاوبەش جێگای ناکۆکی نابێت ئەگەر (بزاڤی هەموارکردن)ی گەورە لە هزرو تیشکی (سەد گوڵ)ەکان بچەسپێ کە بزاڤی راستکردنەوە بوو، ماوتسی تۆنگ لە شوباتی ١٩٥٧ رایگەیاند.

هەروەها دەسەڵاتدارانیش بیربکەنەوە کە زمانی هاوبەش پێویستە (شێوەزارەکان) لەناو بەرێت، بۆیە خەڵکەکە هەستیان نەدەکرد کە پێشکەوتنی زمانی هاوبەش وەك پێویستە، زمانە لۆکالەکانیان لەناو دەبات **(ئەلیکسی ریگالۆن)** لە ساڵی ١٩٧٣دا دەربارەی ئایینەدەی ئەو بەرنامەیە دەنووسێ: ((مێژووی ئەو زمانە (هاوبەشە) بێگومان کورتترە لەوەی کە بتوانێ ئەنجامی بەرچاو بە دەستەوە بدات، پێویستە خەیاڵ نەکەین کە بەکارهێنانی شێوەزارەکان لە کانتۆن و شنگهای و فۆتشایو لە بەردەم نموونەی تازەی نیشتمانی لەناو دەچێت. بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە زۆرینەی چینیەکان هەوڵدەدەن ببنە دوو زمان، ئەمەش پشت دەبەستێ بە کاردانەوەی ئەو هەوڵە زمانەوانییانەی بەر لەو بەرنامەیە لە ئارادابوون. ئەو بابەتانەی ئاماژەمان پێکردن، لە واقیعدا کۆکن لەگەڵ ئەو راپرسییەی لە ساڵی ١٩٨٥دا لەرێز (٢٢٤) قوتابی پەیمانگەی زمانە بیانییەکاندا لە زانکۆی بای یون شانی دەڤەری کانتۆن ئەنجامدرا، بۆمان دەرکەوت کە زمانی هاوبەش، زمانی یەکەمی زۆرینەیان نەبوو، لەم خشتەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە روونەدەبێتەوە ((لە چ ساڵێکدا زمانی هاوبەشت خوێند یان فێری بوویت؟

له چ ساڵێکدا زمانی هاوبەش فێربوویت

له قوتابخانەی سەرەتاییدا ١٤٤
زمانی هاوبەش زمانی یەکەمە ٤٩
له قوتابخانەی دواناوەندیدا ١٢
له زانکۆدا ١٠
له دایەنگەدا ٩

١٩٦٦ — ١٩٧٦ شۆڕشی ڕۆشنبیری

لەم ماوەیەدا باسکردنی چوارچێوە گشتییەکەی، هیچ سوودێك نابەخشێ، چونکە لای هەمووان زانراوە، بەرنامەی زمانی هاوبەش بەردەوام دەبێ (لەگەڵ ئەوەی کە قوتابخانەو زانکۆکان چەندین گۆڕانکارییان بە خۆوە دیوە) بەڵام سیاسەتی پەیڕەوکراو بە تایبەتی لەگەڵ کەمینەکان، گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا دێت، بەڵکو بیرۆکەی سەربەخۆیی کەمینەکان، بیرۆکەیەکی ناکۆکە بە یەکێتیی حزب، هەروەها زمان و داب و نەریتیان بە کردارێکی بۆرژوازیانە لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە هەڵمەتێکی پاکتاو کردنی فراوان بۆ ئەو کادیرانە دەکرێت کە سەر بەو کەمینانەن.

لە ساڵی ١٩٧٤دا شاندێکی زمانەوانانی ئەمریکی بۆ بەسەر بردنی ماوەی مانگێك لە چین بانگهێشت کران. دوای گەڕانەوەیان، ئەندامانی شاندەکە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە سەبارەت بەو دیدارانەی لەوێ سازیان کردبوو، هەندێ لەو دیمانانە باسیان لەو گۆڕانکاریانە دەکرد کە زۆر بەسوود بوون، لە پەیمانگای ناوەندیی نیشتمانیدا کە کار بۆ کێشەی کەمینە نیشتمانییەکان دەکات، مامۆستایەك لە کسیباوتۆنگ بە شاندەکە دەڵێت: ((ئەرکی راستەوخۆی زمانەکانی چین بڵاوکردنەوەی زمانێکی هاوبەشە لەسەر ئاستێکی میللی فراوانـدا))، لە بەشێکی ئەم کتێبەشدا بەشێکی بۆ تیۆری زمان لە چیندا تەرخانکراوە، گەڕانەوە بۆ بیرۆکەیەکی کۆنی **ستالین** پێی وایە کە سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە جیهاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی یەك زمانی نێو دەوڵەتی، هیچ بەڵگەنامەی پێویست لەسەر ئەو سەردەمە نازانین، سەردەمی ستالین، بە تەواوی ئەوەش نازانین کە ئایا لەو سەردەمەدا پێیان وا بوو کە ئایا زمانی هاوبەش بەر لەسەرکەوتنی جیهانیی سۆشیالیزم دەبێتە زمانی یەکگرتووی چین؟ بەڵام زۆر ئاسانە کە خەیاڵ بکەین کە تایبەتمەندیی کەمایەتییەکان و نیشتمانخوازییان تووشی شەڕێکی سەخت بوون، وەك

ئەو شەڕەی تووشی رابردووی چین بوو، وەکو فەلسەفەی کۆنفۆشیوسی یان ئایین. زمانەوانانی ئەمریکی خۆشیان دەنووسن کە بەشی زمانەکان لە پەیمانگای ناوەندیی نیشتمانییەکان وەرگێڕی راستەوخۆ و نووسەری بە توانای زمانی کەمینەکان پێدەگەیەنێ. بەڵام ئاگاداربووین کە وانەی زمانەکان دوای شۆڕش لە بەرنامەکە لادراوە و ئەو وەرگێڕانەی کە پێدەگەیشتن، لە راستیدا بە زمانی کەمینەکان قسەیاندەکرد و فێری زمانی هاوبەش دەبوون، هیچ کامێکیان لە واقیعەکە بەدەر نەبوون، تەنیا هەندێ رۆڵەی (هان) نەبن کە دەیانخوێند، بە گوتەی نووسەران، زمانی تبت بوو، ئەمەش جۆرە رەنگدانەوەیەکی گشتی دەخاتە روو: زمانی هاوبەش بە بیانووی پێگەیاندنی وەرگێڕ بەو قوتابیانە دەگوترێتەوە کە قسەی پێ ناکەن، واتا مەبەستیان بڵاوکردنەوەی زمانی فەرمییە، زیاتر لەوەی کە مەبەستیان پێگەیاندنی قسەکەران بێت بە زمانی کەمینەکان، بەڵام بایەخی تایبەتی دەسەڵات بە زمانی تبت، ئەوەیان ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندیی زمانەکە.

لەوەتەی ١٩٧٦- دوە

بەمردنی ماوتسی تۆنگ دواتر دەستگیر کردنی (چوار چەتەکە) و گەڕانەوەی تبینگ هسیاو بینگ جارێکی دی بۆ کورسیی دەسەڵات، گۆڕانکاریی زۆری لە بواری زماندا هێنایە ئاراوە، وەکو چۆن لە بوارەکانی دیکەشدا بەهەمان شێوە رەوشەکە گۆڕانی بەسەردا هات. بەرنامەی زمانی هاوبەش بەردەوام بوو، بە پەیدابوونی تەلەفیزیۆن زیاتر بەرەو پێشەوە چوو، بەڵام کەمینە نیشتمانییەکان جارێکی دیکە ئەو دەسەڵاتەیان کەوتەوە دەست کە لە ماوەی پێشوودا لە دەستیان دا بوو، بۆیە بڵاوکردنەوەی کتێب و فەرهەنگ و توێژینەوە پەرەی سەند.

ئەو نموونە گشتییەی کە دەتوانین خەیاڵی بۆ بکەین دوای ئەم پرۆسەیە، نموونەی دووانەزمانی گشتێنراو بوو (بێجگە لە خەڵکی باکوور، ئەوانەی زمانەکەیان زۆر لە زمانی نیشتمانییەوە نزیك بوو)، ئەو دووانەزمانە دوو رێچکەی هەبوو:

١- دووانەزمانی چینی- چینی، یان دووانەزمانی (هان) لە نێوان زمانی هاوبەش و شێوەزارێك لە شێوەزارەکانی (هان) هەر بەو شێوەیەش لە کانتۆن و شنگهای... پرسیارێك دێتە ئاراوە: تا چەند ئەو زمانانەی لە قوتابخانە ناخوێندرێن توانای بەرهەڵستکردنی زمانی هاوبەشیان هەیە، هەتا ئەگەر نەکەونە ژێر هەڕەشەوە؟ ئەم دووانەزمانە ٢٥٪ ی دانیشتوان

پێکدێنێ، کە ژمارەیان بە گوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٩٨٢، دەگاتە (یەك ملیارو هەشت ملیۆن و دووسەد هەزار)کەس.

٢. دووانەزمانی نێوان زمانی چینی و کەمینەکان، کاتێ زمانی یەکەم زمانی کەمینە بێ، جا لە زمانی (کازاك، کۆری، تیبتی) بێت. وا دیارە ئایینده‌ی ئەم زمانانە مایەی دڵنیابوونە، نەك لەبەر ئەوەی تەنیا دەخوێندرێن و وەکو زمانی هاوبەش لە کارگێڕیدا بەکاردەهێنرێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەم کەمینە نیشتمانییانە کە لە ٥٠٪ی خاکی چین دابەش بوونە و ناوچەکانیان دەکەونە سەر سنووری یەکێتیی سۆڤیەت و دەسەڵات داگیریان ناکات، ئەم دووانەزمانەش (٥- ٦ ٪)ی ژمارەی دانیشتوان پێکدێنن، چین توانای بەرەو رووبوونەوەی فرەزمانی نەبوو، بێجگە لەو ماوە کورتەی شۆڕشی رۆشنبیری، لە بواری هەوڵدان بۆ پیادەکردنی تاکزمانی، کەمینەکان هەوڵی تەواویان خستە گەڕ بۆ فرە زمانی، تا لە کۆتاییدا شێوەزارەکانی زمانی چینی بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕین، چونکە بەرنامەی زمانی هاوبەش بە تەواوی هەڕەشەی لێ دەکردن.

نموونەی هیندستان

بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥١، نزیکەی (٧٨٢) زمان و شێوەزاری جیاجیا لە هیندستاندا هەن، ئەم ژمارەیە لە ئاماری ١٩٦١دا گەیشتە (١٦٥٢)، ئەم زیادەیەی لە ماوەی دە ساڵدا لە ژمارەی زمانەکاندا هاتووەتە ئاراوە، ئەوەندە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی کە توێژێنەری ئامار تووشی ناخۆشی و زەحمەتی دێت، کاتێ دەیەوێ هەرێم بە هەرێم ژمارەکان رێکبخات، زەحمەتییەکەش لەوەدایە کە ئاماری ١٩٦١، سێ زمان و سەد زمانی بیانی رەچاو کردووە کە لە ئاماری پێشتردا تۆمارنەکرابوون، لە لایەکی دیکەوە تەنیا پرسیار کردنی خەڵك لەو زمانەی قسەی پێ دەکەن گرفتێك دێنێتە ئاراوە، لەوەی کە ژمارەی زمانی تۆمارکراو- ژمارەکە چەند بێت — زۆر گرنگ نییە، چونکە ژمارەیەکی زۆری ئەو زمانانە، خەڵکێکی کەم قسەی پێدەکەن، هەروەکو **(ماهادیف ئابت)** ئاماژەی پێ دەکات: ((سەدان زمانی دایك هەن کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵك قسەی پێ دەکەن بۆ نموونە (٦٤٤٣٢) کەس بە (٥٢٧) زمان قسە دەکەن، هەروەها (٢١٠) زمان هەن، کەس قسەیان پێناکات تەنیا یەك کەس یان دوو کەس نەبێت، زۆر جار لە کاتی پرسیارکردن لە زمانی دایك بە جۆرێکی دیکە وەڵامت دەدرێتەوە وەکو ئەوەی لای ئەوان زمانی دایك زمانی عەشیرەت یان ناوچە یان پیشەکانیان بێت.

ژمارەی راستەقینەی ئەو زمانانە لە هیندستان چەندو چۆن بێ، دۆخێکی سەرسوڕهێنەرمان بۆ دەردەخات تایبەت بە فرە زمانی و ژمارەی زمانەکان و پۆلێن کردنیان، لە هیندستان خەڵکێکی زۆر بە چەندین زمانی جیاواز قسە دەکەن، بە زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی، وەکو زمانی هیندی، کجراتی و کشمیری کە ٧٣٪ی دانیشتوان پێکدێنن، زمانەکانی درافیدی (تلگۆ یان تامیل چینی- تبتی (٠,٧٪)ی دانیشتوان. بەڵام ئەو فرەزمانییە کارەکە ئاڵۆزتر دەکات، چونکە هیندییەکان بە زۆر زمان قسە ناکەن، هەر چەندە زمانی زۆریان هەیە، لە ساڵی ١٩٦١دا بۆ نموونە، ٧٪ی دانیشتوان واتا نزیکەی (٣٠) ملیۆن کەس رایانگەیاند کە زمانی دووەم دەزانن (٢١ ملیۆن ئینگلیزی دەزانن و (٩) ملیۆنیش زمانی هیندی)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی بڵاو لە هیندستان نەبووە تا بتوانێ لە رووی زمانەوە وڵاتەکە یەکبخات. بەڵام بۆ ئەوەی لەو رەوشە بگەین، پێویستە بگەڕێینەوە سەدەی نۆزدەهەم، لەو ماوەیەدا کێشەو ململانێیەکی سەختی ئایینی لە نێوان موسڵمانان و هیندۆسەکان لە ناوەڕاست و باکووری هینددا رووید ا. ئەو ململانێیە، ململانێی زمانەوانی و سیاسەتیشی بە دوای خۆیدا هێنا. هیندۆسەکان کە زۆربەیان هیندین لە بواری سیاسیدا زۆر تازە بوون. ئەوان رێگر نەبوون لە بەردەم بژاردەی هیندی کە زمانی ئینگلیزی فێربن، لە هەوڵی ئەوەدا بوون دەسەڵاتی بەریتانی قایلبکەن تاکو وەکو زمانی ئۆردی، دان بە زمانەکەیاندا بنێ، زمانی موسڵمانان کە لە دادگادا بەکاردەهێنرا، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەوانەی بەو دوو زمانە قسەیان دەکرد توانای لەیەکگەیشتنیان هەبوو، ئەگەر هەریەکەیان بە زمانی خۆشی قسەی بکردایە، چونکە جیاوازیی نێوان ئەو دوو زمانە، جیاوازیی نێوان قسەپێکەرانیان بوو، زیاتر لەوەی جیاوازی بێت لە سروشتی ئەو زمانانە. ئۆردی کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرا، زۆر وشەی لە عەرەبی و فارسی وەرگرتبوو، بەڵام هیندیی نووسراو بە پیتی دنفانگاری، کە پیتی سانسکریتی بوو، لە چەپەوە بۆ راست دەنووسرا و پیتەکانیش لە سەرەوە بە هێڵێکەوە هەڵواسرون، زۆربەی وشەکانی لە سانسکریتی وەرگرتبوو، جا لەبەر ئەوەی موسڵمانان دژی ئینگلیزی داگیرکەر بوون، بۆیە هیندۆسەکان لەلایەن ئینگلیزەوە چەند مافێکیان پێدرا بوو، لە ساڵی ١٨٦١دا زمانی هیندییان لە شوێنی ئۆردی وەك زمانی دەوڵەت دانا. ئامانجی هیندۆسەکانیش ئەوە بوو کە زمانەکەیان لە کەرتەکانی ناوەڕاست و باکووری رۆژئاوای وڵاتدا پەیڕەو بکرێ، لە سکاڵانامەیەکدا کە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئیمزا کرا بوو دەڵێت: ((لە هیچ پیاوێکی خاوەن رەوشت قبووڵناکرێ کە بە زمانی ئۆردی یان فارسی بخوێنێ یان ژنیان لێ بخوازرێ، چونکە ئەو کتێبانەی بەو دوو زمانە نووسراون، بەدڕەوشتی بڵاو دەکەنەوە))

لە راستیدا، لە هەموو شێوەزارەکانی زمانی هیندی زیاتر کە لە سانسکریتیەوە نزیکبێت، هەروەها لە شێوەزارەکانی زمانی ئۆردی کە لە فارسییەوە نزیك بێت، ئەو دوو جەمسەرە بوون کە ناتوانرێت بەیەك بگەن، بە هۆی جیاوازیی گەورەی فەرهەنگیان، بەڵام (هیندۆستانی)کە شێوە زمانێکی میللیە و زۆر لە شێوەزارە بچووکەکانی ئۆردی و هیندی کۆدەکاتەوە، دەشیا ببێتە زمانی یەکگرتووی بەشی باکووری هیندستان. **گاندی** هەوڵیدا ئەم شیانە بقۆزێتەوە، لە ساڵی ١٩٢٥دا بڕیاریدا کە زمانی هیندۆستانی ببێتە زمانی فەرمیی پارتەکەی، پارتی کۆنگرەی نیشتمانی هیندی. دواتر **نەهرۆ** بە هەمان شێوە لە ساڵی (١٩٣٧)دا رایگەیاند کە ئەم زمانە هەردوو زمانی هیندی و ئۆردی لێك نزیکدەکاتەوە، هەروەها هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ پەرەپێدانی یەکێتیی زمان لە سەرتاسەری هیندستاندا، بەڵام ئەم چارەسەرییە بووە مایەی ناڕازی بوونی هەندێ لە توندڕۆیانی هیندۆس و موسڵمانان، بە هەمان شێوە لە لایەن دانیشتوانی باشوورەوە کە بە زمانەکانی درافیدی قسەیاندەکرد و زمانی هیندی و ئۆردی و هیندۆستانی بە نیسبەت ئەوان زمانی بیانی بوون، بۆیە ناکۆکی لە نێوان دوو ئاراستەی سیاسی هاتە ئاراوە: ئاراستەی هیندی کە پارتی کۆنگرەی نیشتمانی نوێنەرایەتی دەکرد، ئاراستەی ئیسلامی کە هاوبەندی موسڵمانان تەوەری گفتوگۆ (زمانەوانیی سیاسی) نوێنەرایەتی دەکرد، ئەم ململانێیە چارەسەرێکی بچووکی هێنایە ئاراوە لە سەردەمی سەربەخۆییدا، لە رێگای دابەشکردندا (کۆماری ئیسلامیی پاکستانی دروستکرد، کە زمانی نیشتمانیی خۆی، ئۆردییە).

بەڵام دروستبوونی پاکستان هیچ شتێکی لە گرفتەکانی زمانەوانیی هیندستان چارەسەر نەکرد. یەکەم جار چەندین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی دامەزراندن لە ساڵی ١٩٤٦دا بە زمانی ئینگلیزی و هیندۆستانی سازکرا، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵمەتێکی فراوان لە بەرژەوەندیی زمانی هیندی رێك خرا، لە پرۆسەی دەنگداندا کە لە ساڵی ١٩٤٩دا لە پەرلەمان بەڕێوەچوو، ئەم هەڵوێستە زۆر لاواز بوو، (٧٨) نوێنەر لە بەرژەوەندیی زمانی هیندی دەنگیان دا، بەرامبەر (٧٩) نوێنەر لە بەرژەوەندیی زمانی هیندۆستانی، بەڵام ئەو گرفتەی هیندی/ هیندۆستانی کە ئەلتەرناتیڤی گرفتی هیندی/ ئۆردی بوو، لە هەمان کاتدا گرفتێکی دیکەی شاردبووەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ئەویش گرفتی تەواوی باشووری هیندستان بوو، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی بە زمانەکانی (کناگاو تایل و تلیگۆ) دەدوان، لەبەر ئەم هۆیە دەستوور چارەسەرێکی دەستنیشان کرد:((زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی پازدە ساڵ بە زمانی

فەرمی دەمێنێ و لە ساڵی ١٩٦٣ زمانی هیندی شوێنی دەگرێتەوە، دەوڵەتەکانی دیکەش (لە کەرتەکان) زمانی فەرمی خۆیان هەڵدەبژێرن.

ئەم بڕیارە یەکێتیی هیندستان دەخاتە سەر دووڕیانی دابەشکردنی دەوڵەت لەسەر بناغەی زمان. لە ساڵی ١٩٥٢دا نوێنەرێکی شیوعی لە بنگال پرۆژەیەکی پێشکەشکرد بە پشت بەستن بە سنووری وڵاتان لەسەر بنچینەی رەوشی زمان. بەڵام پرۆژەکە بە زۆرینەی (٢٦١) دەنگ لە بەرامبەر (٧٧) دەنگ رەتکرایەوە، بارودۆخەکە لە باشوور بە سەختی مایەوە، لە ئاخرو ئۆخری (١٩٥٢دا کابرایەك کە ناوی (بوتی شری رامۆلۆ) بوو، دوای ئەوەی مانی لە خواردن گرت لە پێناو دەوڵەتێك بۆ (تالگۆ)، کۆچی دوایی کرد، بۆیە بزاڤی یاخی بووی توندڕۆ کە دوای ئەو هات، حکوومەتی ناچار کرد دەنگ بدات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی (ئەندرا برادیش) کە تالگۆی بە زمانی فەرمی خۆی دانا. دوای ئەمە سەرجەم دەوڵەتانی فیدرال زمانی فەرمیی خۆیان پەیڕەو کرد، دوازدە زمانی جیاواز لە (٢٨) دەوڵەت و هەرێمدا هەبوو، ئینگلیزی، ئەسامیزی، بنگالی، فەرەنسی، کجراتی، هیندی، ماراتی، ئوری، بنجابی، تامیلی، تلیگی، ئاردی. بۆیە بارودۆخەکە گەیشتە ئەو پەڕی ئاڵۆزی، چونکە هەموو دانیشتوانی دەوڵەتێك مەرج نەبوو بە زمانی فەرمی خۆیان قسە بکردایە. لەم خشتەیەدا ئەم راستییە دەردەکەوێ:

ناو	زمانی فەرمی	زمانی لۆکالی بنەڕەتی(لە سەدا)	زمانی کەمینەیی بنەڕەتی(لە سەدا)
یەکەم: دەوڵەتەکان			
١. ئەندرابراویش	تلگی	تلگی (٨٠,٩)	ئەردی (٧,١) لبادی (١,٦٢) تامیلی (١,٥٥)
٢. ئەسام	ئەسامیسی	ئەسامیسی (٥٧,١٤)	بنگالی (١٧,٦) هیندی (٤,٤) بۆدوی (٢,٩)
٣.بیهار	هیندی	هیندی (٤٤,٣)	بیهاری (٣٥,٣٩)ئەردی (٨,٩٣) سانتالی (٣,٥٧)
٤. کجرات	کجراتی و هیندی	کجراتی (٩٠,٥)	ئەردی (٢,٨) سندی (٢,٤٢) بهیلی (١,٣٤)
٥. هریانا	هیندی	هیندی (٨٨,٦)	بنجابی (٨,١)
٦. هیماشال برادش	هیندی	هیچ	باهادی (٣٨,٤) هیندی (١٠,٦) ملزدیالی (١٦,٧)
٧. جامۆ و کشمیر	ئۆردی	کشمیری (٥٤,٤)	دۆگری (٢٤,٤) بهاری (٦,٨٤)
٨. کیرالا	ئینگلیزی	مالا بالامی (٩٥,٠٤)	تامیلی (٣,١٢)
٩. مادیا برادیش	هیندی	هیندی (٧٨,٠٧)	راجاستانی (٤,٩) ماراتی (٣,٨) گوجەندی (٣,٢)
١٠. ماهاراشترا	ماراتی	ماراتی (٧٦,٥)	ئەردی (٦,٨) هیندی (١,٣) کجراتی (٢,٧)
١١. میسور	ئینگلیزی	کتاگی (٦٥,١)	تلگی (٨,٦) ئەردی (٨,٦) ماراتی (٤,٥)
١٢. ناگالاند	ئینگلیزی	هیچ	کونیاکوی (١٥,٤) سیماوی (١٢,٨) ئەنگمایی (١١,٤)
١٣. ئۆرسیسا	ئۆری و ئینگلیزی	ئۆری (٨٢,٣)	کویی (٢,٩) تلگی (٢,٢) سانتالی (٢,١)
١٤. بنجاب	بنجابی	بنجابی (٦٧,٢)	هیندی (٣٥,٢)
١٥. راجستان	هیندی	راجاستانی (٥٦,٤٩)	هیندی (٣٣,٣٢) بهیلی (٤,١٢)ئەردی (٢,٥)
١٦. قامیل نادۆ	تامیلی	تامیلی (٨٣,١)	تلگی (٩,٩) کناگی (٢,٨) ئۆردی (١,٨)
١٧. ئاتار برادیش	هیندی	هیندی (٨٥,٣)	ئۆردی (١٠,٧) کۆمۆنی (١,٣) گروالی (١)
١٨.بنگالی ڕۆژهەڵات	بنگالی	بنگالی (٨٤,٢٨)	هیندی (٥,٤) سانتالی (٣,٢٧) ئۆردی (٢,٣)

دووەم: هەرێمەکان

١. ئەندمان و نیکۆبار	ئینگلیزی و هیندی	هیچ	نیکۆباری (٢,٩) نبگالی (٢١,٨) مالایالامی (١٠,٥)
٢. شاندیگار	ئینگلیزی	بێ ئەنجام	بێ ئەنجام
٣.دادراو ناگر هافلی	ئینگلیزی	مارلی (٧٧,٣)	کجراتی (١٩,٥) کۆنکانی (١٢,٩) دۆدیانی (٦,٩)
٤. وەهلی	هیندی و ئینگلیزی	هیندی (٧٧,٣)	بنجابی (١١,٩) ئۆردی (٥,٧) بنگالی(١,٣)
٥. گوادمان ودیو	ئینگلیزی	کۆنکانی (٨٨,٨)	کجراتی (٥,٥) ماراتی (١,٨) ئۆردی (١,٥)
٦. لاکادیف و دوورگەی مینیکوی	ئینگلیزی	مالایالامی (٨,٣)	لۆکال (١٦,٧)
٧. مانیبور	ئینگلیزی	مانیبوری (٦٤,٤٦)	تانگۆلی (٥,٦) تادوی (٣,٦) ماوی (٣,٦)
٨. نیڤا	بێ ئەنجام	بێ ئەنجام	بێ ئەنجام
٩.بۆندیشێری	ئینگلیزی و فەرەنسی	تامیلی (٨٨,٢)	مالایالامی (٥,٦) تلگی (٤,٤)
١٠. تریپورا	بنگالی	بنگالی (٦٥,٢)	تریپۆری (٢٢,٨) مانیپۆری (٢,٤)

سەرنجە، کە چەند دەوڵەتێك ببینین کەمێك خەڵك بە زمانی فەرمی خۆی قسە نەکات، وەکو (ئۆردی لە جامۆ و کشمیر، هیندی لە راجستان) هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی دەبینین لە نێوان دەوڵەتێك و دەوڵەتی فیدرالی هیندستاندا، سێ زمانی فەرمی هەیە وێڕای چەند زمانێکی لۆکالی، گرفتی زمانی فیدرالی هیندستان و ئەو ماوەیەی دەستوور دیاریکردبوو تا ساڵی ١٩٦٣ هەروەکو خۆی مایەوە، لە راستیدا بارودۆخی دەوڵەتانی باشوور دەرفەتی ئەوەی نەدا زمانی هیندی ببێتە تاکە زمانی فەرمی، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەنگ لەسەر بڕیارێکی زمانەوانی فەرمی درا کە دەقەکەی دەڵێ: زمانی ئینگلیزی لە پاڵ زمانی هیندی بە زمانی فەرمی دەمێنێتەوە، ئەمەش بڕیارێك بوو، لە هەموارکردنی ساڵی ١٩٦٧ پشتیوانی لێکرا و زمانی ئینگلیزیش بەم شێوەیە هەر لە شوێنی خۆی مایەوە تا کاتێکی نادیار.

نموونەی گینیا

گینیا تاکە وڵاتە لە ئەفریکادا، کە بە فەرەنسی قسە دەکات و بە (نا) دەنگی لەسەر ئەو راپرسی داوە کە جەنەرال دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨دا پێشنیاری کرد، وێڕای ئەمەش، گینیا بە تەنیاو تاکڕەوانە سیاسەتی زمانەوانی هەڵبژارد بۆ (لابردنی ئیمپریالیزم)، بە پێچەوانەی گشت

ولاتانی دیکەی ئەفریکا، کە فەڕەنسا داگیریکردبوون، (لیبرەدا باس لە ولاتانی مەغریبی عەرەب ناکەین) کەبەوەختەوە هەوڵی بەرزکردنەوەی زمانەکانی ئەفریکیان داوە، ئەمەش بەوەی کە زمانە نیشتمانییەکان بەکردەنی بۆ پێگەیاندنی گەنجان هەروەها لە پرۆسەی فێرکردندا بەکاردێنن. لەبەر ئەم هۆیە و چەند هۆیەکی راستەوخۆی سیاسی، گینیا لە ماوەی بیست ساڵدا، رۆڵێکی گرنگی لە ئەفریکادا بینی، بۆیە ژمارەیەکی زۆری ئەفریکییەکان، سیکۆتۆریی سەرۆکی گینیایان بە هێمای تێکۆشان دژی ئیمپریالیزمی تازە لە قەڵەم دا، چونکە بەرەو رووی سیاسەتی ولاتەکەیان دەبووە و لەبەر ئەوە شرۆڤە کردنی سیاسەتی زمانەوانی گینیا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٨٢ کە بە چاودێریی بانکی نێو دەوڵەتی ئەنجامدرا، گینیا نزیکەی (٢٠) زمانی ئەفریکی تێدایە.

زمانە بنچینەییەکانی گینیاو ژمارەی قسەکەران بە هەر زمانێك	
پولار (پل)	١٢٠٠٠٠٠٠
مالنکیە	٧٥٠٠٠٠
سوسو	٦٥٠٠٠٠
لوما (توما)	٣٥٠٠٠٠
کیلوو (گیرزی)	٣٠٠٠٠٠
کیزیە	٢٥٠٠٠٠
ئۆنیان (بساری)	٧٥٠٠٠
وام (کۆنیاگی)	٦٠٠٠٠
باگا	٤٠٠٠٠
نالو	٢٥٠٠٠

تۆباگای	٢٠٠٠٠
لاندۆما	١٥٠٠٠
لێل	١٥٠٠٠
دیالونکا	١٠٠٠٠
یولا	٤٥٠٠
مکیفوری	٤٠٠٠
کونو	٣٠٠٠
کونیانکێه	٢٥٠٠
ماندینی	٢٠٠٠
تۆمامانیان	٢٠٠٠
دوو کەوانەکە ئاماژەیە بۆ ناوی زمانەکە لە سەردەمی حوکمی ئیمپریالیزمدا	

ژمارەکانی ناو ئەم خشتەیە پەیوەندییان بە زمانە یەکەمینەکانەوە هەیە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەرسێ زمانی (پولار، مالنکێە، سوسو) رۆڵی زمانی باڵاو لە هەندێ ناوچەدا دەبینین، پارتی دیموکراتی گینیا هەشت زمانی بە زمانی نیشتمانی هەڵبژارد، کە لە هەموویان زیاتر باڵاوبوون، ، تا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا هەڵمەتێکی پلاندانانی دەستپێکرد بە دوو ئاراستە: ئاراستەی تەمەندار و گەوران، ئاراستەی قوتابخانە.

نەهێشتنی نەخوێندەواری

چوار هەڵمەتی یەك لە دوای یەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری، لەو هەشت زمانە نیشتمانیانە سازکرا، هەڵمەتی یەکەم و دووەم لە ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٤ لە لایەن دەوڵەتی گینیاوە بە تەواوی سەرپەرشتی کران. بەڵام هەڵمەتی سێیەم لە ساڵی ١٩٧٠ بە هاوکاری یۆنسکۆ بەڕێوە چوو، لەم ماوەیەدا رێکخراوی نێودەوڵەتی، دوای ئەو کۆنگرەیەی لە تاران گرێیدا، بڕیاری سیاسەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری وەزیفەگەریی بگیرێتەبەر، نەبادا

نەخوێندەواری دوای ئەو سێ هەڵمەتەی پێشتر ئەنجامیدابوون، بگەڕێتەوە، ئەم جۆرە هەڵمەتەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەر چەند پرانسیبێکی ئاسان پیادەکرا: نەهێشتنی نەخوێندەواری لە زمانی دایك یان زمانی هەرێم کە گەوران بەکاریان دەهێنا (ئەم کارە هەمیشە بەم شێوەیە نەبوو لە دوو هەڵمەتەکەی پێشوو، پێشتر بە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بوو، چونکە گینیا جیاواز بوو لە ئەفریکادا) هەروەها بەستنەوەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە پرۆسەی پەرەپێدان، کشتیارانی گەنمەشامی سپی بۆ نموونە، لە هەمان کاتدا فێری خوێندنەوە و نووسین و تەکنیکی تازەی کشتوکاڵ دەبوون، دوای هەڵمەتەکەش ئەوەی لە تەکنیکی تازە فێری بووبوون، لە بواری چاندنی گەنمەشامی سپی و پەیین و گاسن... بەکاریان دەهێنا، لە هەمان کاتیشدا رۆژنامەیان دەخوێندەوە و گوێیان لە رادیۆ دەگرت بەڵام رێگا هەڵبژاردەی سیاسەتی نێوەدەوڵەتی گینیا لەگەڵ پێویستیی نەهێشتنی نەخوێندەواری ناکۆك بوو، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٧١دا، گینیا پەیوەندیی دیبلۆماسی لەگەڵ یۆنسکۆدا پچڕاند، ئەو هەڵمەتەی پێش ساڵێك دەستیپێکرد، هیچ ئەنجامی نەبوو، لەبەر ئەوە گینیا لە ساڵی ١٩٧٣دا ئەم هەڵمەتەی جارێکی دیکە دەست پێ کردەوە، بێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستبهێنێت.

لە ئاراستەی قوتابخانەدا

چاکسازیی قوتابخانە لەساڵی ١٩٦٨دا دەستیپێکرد، بڕیاردرا کە خوێندن لە ساڵی یەکەمی سەرەتاییدا تەنیا بە زمانی هەرێمی بێت واتا بە یەکێك لەو هەشت زمانە، پرۆژەکەش ساڵ بە ساڵ بەم شێوەیە بەردەوام بێت تا ساڵی ١٩٧٤، هاوڕێ لەگەڵ ئەمەشدا زمانی فەڕەنسیش هەر لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە، هەفتەی چوار سەعات بخوێندرێ، بەڵام خوێندنی دواناوەندی بە زمانی فەڕەنسی دەبێت، هەروەها زمانە نیشتمانییەکانیش لە قۆناغی دواناوەندی دەخوێندرێن، بەڵام نەك ببنە زمانی خوێندن.

ئەم بەرنامەیە بەرەو رووی زۆر گرفت بووەوە، لەوانە گرفتی پێگەیاندنی مامۆستایان هەر لە سەرەتاوە سەری هەڵدا، چونکە ئەوانی پێشتر بە زمانی فەڕەنسی پێڕاگەیشتبوون، کە وا پێویستی دەکرد ئەو مامۆستایانە خوێندنەوە و نووسین بە زمانی نیشتمانی فێربن، بە تایبەتیش رێزمان و ماتماتیك بەڵام مامۆستایانی تازە، دەبووایە لە ماوەیەکی کورتدا پێبگەن، بۆیە چەندین خانەی مامۆستایان کرایەوە بە مەبەستی پێگەیاندنی مامۆستایانی پێویست، دیسان ئەم کارەش بەرەو رووی گرفتێکی تازە بووەوە، ئەویش نەبوونی کتێبی قوتابخانە بوو،

تاکە چاپخانە کە لە (کۆناکری)ی پایتەخت بوو، نەیتوانی هەموو پێداویستییەکان لە چاپکردنی کتێب دابینبکات، بۆیە دەبینین ئەو دەستنووسانەی توێژەران لە بواری پەروەردە پێشکەشیان کردبوو، لەسەر رەفتەکان کەوتبوون. لە ساڵی ١٩٧٨دا بەرنامەی پەیڕەو کردنی خوێندن بە زمانە نیشتمانییەکان لە قوتابخانەدا بۆ چوار ساڵ دواکەوت، بڕیارێك دەرچوو بە کەمکردنەوەی ژمارەی زمانەکانی خوێندن لە هەشت زمانەوە بۆ شەش زمان و بە دوور خستنەوەی هەردوو زمانی (ئۆنیانی و وامی) کە ژمارەی پێویستی مامۆستایان نەبوو لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەو دوو زمانە خرانە خوێندنی دواناوەندییەوە، گرفتێکی دیکەش کە هەر لەم بوارەدا هاتە پێش، بە تایبەت لە کاتی پیادەکردندا، ئەویش بوونی چەندین شێوەزار لە زمانە نیشتمانییەکاندا، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٢دا ئەکادیمیای زمان دامەزرا و دواتر راسپێردرا بۆ یەکخستنی شێوەزارە جیاجیاکان، لە بەر سەرنەکەوتنی پرۆژەکەو کۆچکردنی لە ناکاوی سەرۆك سیکۆتۆری لەساڵی ١٩٨٤دا، دەسەڵاتدارانی تازەی وڵات بڕیاریان دا زمانی فەڕەنسی لە ناوەندەکانی خوێندن جارێکی دیکە بە تەنیا پەیڕەو بکرێتەوە و ئەکادیمیای زمانەکانیش راسپێردرا، دوای مۆڵەتی شەش ساڵ، ئەگەری پەیڕەو کردنی تاکزمانی نیشتمانی بۆ رێکخستنی وڵات هەڵبسەنگێنێ، واتا لە ساڵی ١٩٩٠دا لە هەنگاوەکانی تازەی حکوومەتی گینیا نادوێین، بەڵام هەوڵی خستنەڕووی هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەزموونەکە دەدەین، چونکە وا دیارە ئەگەر سیاسەتی زمانەوانیی سیکۆتۆری سەرکەوتوو بووایە، ئەوا فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارانی دوای ئەو نەیاندەگۆڕی.

لە سەرەتادا چەند هۆیەکی تەکنیکی هەن:

- نەبوونی بەڵگەنامەی نووسراوی تەمەندارو گەوران و کەمیی کتێبی قوتابخانە، پلانەکەیان بە هەڵپەسێردراوی هێشتەوە، بێ ئەوەی زەمینەیەکی پتەوی هەبێت کە پشتی ببەستێ.

- هەمان شت بە نیسبەت مامۆستایان و کارمەندانی بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بە تەواوی شیاوی پرۆسەکە نەبوون.

- وادیارە لە کۆتاییدا، چاکسازیی زۆر بە خێرایی دەستیپێکرد بێ ئەوەی توێژینەوەی زمانەوانی پێشتری بۆ بکرێ، لە (وەسفی زمان، دانانی کتێب، یەکخستنی ئەلتەرناتیڤی شێوەزار). بەڵام بەر لەمەش هەندێ هۆی سیاسی لە پشت ئەو سەرنەکەوتنەوە بوون، چونکە دەتوانرێت ئەگەر پێویست بوو، پرۆسەی خوێندن بەردەوام بێ، بە بێ کتێبی قوتابخانە، بێ تەختەڕەش، بێ دەفتەر، بەڵام زەحمەتە خوێندن بەردەوام بێ لە سایەی ناکۆکیی بیروڕای کەس و

کار هەروەها بیروڕای مامۆستایان، ئەو وڵاتە ماوەیەکی زۆر بوو، لە بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی دوور کەوتبووەوە کە زمانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو، لە هەمان کاتدا کەس و کاری قوتابییان چاك دەیانزانی کە منداڵەکانیان ناتوانن بڕوانامە بەدەستبێنن و لە ژیاندا سەربکەون، بێ ئەوەی ئەم زمانە بە تەواوی نەزانن. هەروەها هێنانی زمانە نیشتمانیەکان بۆ ناو قوتابخانە، پێویستی بە هەڵمەتێکی راڤەکردن و هۆشیاری دەکرد کە ئەمە رووی نەدا، چونکە کەس و کارو مامۆستایان و بژاردەی وڵات قەناعەتیان بەو هۆیانەی چاکسازی نەبوو، لەپاڵ ئەمانەشدا دابەشکردنی وڵات بۆ هەشت ناوچە (دواتر بۆ شەش ناوچە) گرفتی تەکنیکی لە بەردەم فەرمانبەران هێنایە ئاراوە، کە ناچار بوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بگوێزرێنەوە، کە لە هەمان کاتدا پێویستی دەکرد زمانی خوێندنیان بگۆڕن. ئەم هەموو هۆیانە پێکڕا روونی دەکەنەوە کە دەسەڵاتی سیاسی قوربانیی جۆرێك لە پەلەکردن و وێناکردنی بیرۆکراتی پلاندانانی زمانەوانی بوو. ئەمانە هەموویان ئەزموونی گینییایان بە ئەزموونێکی پڕ لە پەندو عیبرەت لە قەڵەم دا، هەر چەندە لە کۆتاییدا نەیتوانی خزمەتی کێشەی زمانەکانی ئەفریکا بکات، چونکە کەلێنێکی گەورە هەبوو لە نێوان هیوای خەڵکەکە و ئەو ئەنجامانەی ئەزموونەکە بەدەستیهێنا.

وتوویژ کردن

چەندین مەسەلەی هاوبەش لە رووی سیاسەتی زمانەوانی لە نێوان چین و هیندستان و گینیادا هەن.

- لە هەرسێ حاڵەتدا دەوڵەت بەرەو رووی هەرێمێکی فرەزمان دەبووەوە، بۆیە لەو سێ حاڵەتەدا دەتوانرا مەیل بەرەو زمانی یەکگرتوو بدۆزرێتەوە، دوای ئەوەی گینیا هەوڵیدا دەوڵەتێك دابمەزرێنێ کە (٨) زمانی نیشتمانی لە خۆ بگرێت، دواتر (٦) زمان، ئەمجارە رووبکردە هەڵبژاردنی زمانێکی یەکگرتووی نیشتمانی، هیندستانیش زۆر هەوڵیدا زمانی هیندی بە زمانی یەکگرتووی نیشتمانی دابنێ، هاوکات چین کە رێزی لە زمانە کەمینەییەکان دەگرت، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لە زمانی زۆرینەی (هان) زمانێکی یەکگرتوو دروستبکات، کە بە زمانی (بۆتۆنگ هوا) ناسرا بوو، بۆیە لە سیاسەتی زمانەوانیدا بیرۆکەیەکمان سەبارەت هەوڵی دەوڵەت بۆ دروستبوونی یەك نەتەوەیی کە یەك زمان تێدا بەرجەستە بێت، بۆ دەردەکەوێت.

- لەو سێ نموونەیەدا، هاوکات دەبینین کە جیاوازییەك لە ئارادایە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان، بەڵام ئامانجی ئەم جیاوازییەش لە کۆتاییدا هەر زمانێکی یەکگرتووە. ئەم لایەنە لە گینیا بە ئاشکرا بە دەردەکەوێت کە جیاوازی دەکات لە نێوان زمانی یەکگرتووی فەرمی (کە فەڕەنسییە) و لە نێوان زمانە نیشتمانییەکان (هەشت زمانی هەمە جۆری ئەفریقی دواتر شەش زمان) هەروەها لە چین بەیەکەوە ژیانی نێوان تاکزمانیی دەوڵەت زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچێت کە زمانی (بۆتۆنگ هوا) و زمانە کەمینەییەکانە. بەڵام لە هیندستان بە هەمان شێوە جیاوازی دەکرێ لە نێوان دوو زمانی فەرمیی، یەکێتیی هیندستان (ئینگلیزی و هیندی) و زمانەکانی دەوڵەت و هەرێمەکانی نێو ئەم یەکێتییە، ئەم ناکۆکییەش لە دوو هێزەوە پەیدا بووە کە مەرج نییە بەیەك ئاراستەدا رێ بکەن: یەکەمیان بەڕێوەبردنی فرە زمانی لەسەر زەوی، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە دووەمیشیان بەڕێوەبردنی ئەو فرەییە لە ژینگەیەکی دروستکراودا، واتا لە تاقیگەی پلاندارێژان بە واتایەکی دیکە ئەم سیاسەتە زمانەوانییانە ململانێیەکی دوو لایەنە دەخاتە روو: ململانێی نێوان پیادەکردنی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەك، ململانێ لە نێوان سنووری زمان و سنووری دەوڵەتان لە لایەکی دیکەوە. لێرەدا دەکەوینە بەردەم ئاستێکی شەڕی زمان کە بە شەڕی ناوخۆ ناوی دەبەین، ئەو شەڕەیە کە لە نێوان چەند زمانێك لە چوارچێوەی سنووری یەك دەوڵەتدا بەرپا دەبێ و لە پشت ئەو شەڕە ناوخۆییەوەش ململانێی سەر دەسەڵات بە ئاشکرا دەردەکەوێ. کاتێ زمانی پایتەخت یان زمانی ئەتنی زاڵ هەوڵدەدەن خۆیان بە زمانی یەکگرتوو بسەپێنن و زمانەکانی دیکە دوور بخەنەوە، بەم شێوەیە قسەپێکەرانی ئەم زمانە دەیانەوێ رۆشنبیریی خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنن.

- لەپاڵ ئەمەشدا لە دوو نموونەی گینیاو هیندستاندا، لە بارودۆخی رزگار بوون لە ئیمپریالیزم، جیاوازکاریی زمانەوانی سەبارەت بە سیستەمی زمانی ئیمپریالیزم دێتە ئاراوە، بەڵام ناکۆکییەکەی نێوان ئەو دوو نموونەیە هەر چەند بێ، پرۆسەکە هەر بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە کە بریتییە لە چەسپاندنی تواناو هێز بۆ رزگار بوون لە زمانی فەڕەنسی، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە کە پشت بە زمانێکی لۆکال یا چەند زمانێکی لۆکال دەبەستێ، کە لەسەر بونیادێکی تایبەتی پەیوەندی و تێکەڵی دابمەزرێ. بەڵام خەریکە ئەو دوو وڵاتە هیچ شتێکی تازە لە مەسەلەکە ناهێننە ئاراوە، چونکە هەردووکیان هەوڵدەدەن هەمان ئەو نموونەیەی هێزی ئیمپریالیزم هێنا بووی، ئەمانیش بیژێننەوە، واتا نموونەی دەوڵەتێکی خاوەن

تاکزمان. لێرەدا جیاوازیی نێوان پراکتیکی و هێماگەری دەردەکەوێت، زمانی ئینگلیزی بە زمانی فەرمی لە هیندستان دەمێنێتەوە لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی، بەڵام هەوڵیاندا زمانی هیندی بخەنە شوێنی لەبەر چەند هۆیەکی هێماکاری.

- خاڵێکی دیکە هەیە کە مایەی گرنگی و بایەخە لە رووی بەراووردی نێوان ئەو سێ نموونەیە، ئەویش ئەو کاتەی کە مەسەلەی سیاسەتی زمانەوانی تێدا خرایە روو، چین لە ساڵی ١٩١٩ لە کاتی بزووتنەوەکانی شۆڕش بوو دواتر پاش شۆڕشی ١٩٤٩، لە هیندستاندا لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانیا ئینجا سەردەمی سەربەخۆیی، لە گینیا لە رۆژانی سەربەخۆییدا.

ئەم تێبینییە مانای وایە کە گرفتی زمانەوانی لە سەردەمی هێمنیدا ناخرێتە روو، بەڵکو یان لە سەردەمی پێکهێنانی دەوڵەت یان لە سەردەمی بەرگری دژی دەسەڵاتی بیانی دەردەکەوێ. جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە شەڕی زمان، تەنیا رووکارو رواڵەتی زمانەوانیی شەڕێکی فراوانترە، ئەگەر مێژووی تەوەرگەری پەیدابوونی فەرمییانەی دەوڵەت وەربگرین و (سەربەخۆیی، شۆڕش) بکەینە پێوەر، دەبینین نموونەی گینیا لەگەڵ دوو نموونەکەی دیکە جیاوازە، چونکە گرفتی زمانەوانی لە دوای پەیدابوونی دەوڵەت سەری هەڵدا، کەچی لە هیندستان و چین پێش ئەم حاڵەتە بوو.

ئەم بارودۆخەش زۆر بە ئاسانی لەم خشتەیەدا روون دەبێتەوە:

سەرهەڵدانی مەسەلەی زمانەوانی		
	پێش پەیدابوونی دەوڵەت	**دوای پەیدابوونی دەوڵەت**
گرفتی پراکتیکی	**چۆن قسە لەگەڵ خەڵك دەکەین، بە پرۆپاگەندە سازکردن و خەبات کردن لە پێناو سەربەخۆییدا**	**بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە، پەروەردە، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، چەوساندنەوەی کەمینەکان، چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت**
گرفتی	**چۆنێتیی دڵنیا بوون لە بوونی هەستی نیشتمانی و بەرگری و دژی ئیمپریالیزم.**	**بە هێز کردنی یەکێتیی نیشتمانی، دیاریکردنی سنوور.**

		هێماکاری

داواکردن بە (زمانی نیشتمانی) (گیریۆ) لە نموونەی چیندا ساڵی ١٩١٩، داواکردنێکی هێماکاری بوو، بەڵام بەرنامەی (زمانی هاوبەش) (بۆتۆنگ هوا) دوای ساڵی ١٩٤٩، بەرنامەیەکی پراکتیکی بوو، هەر چەندە ئەو دوو چەمکە (چەمکی زمانی نیشتمانی و چەمکی زمانی هاوبەش) لە رووی زمانەوە هاوواتان و سەر بەیەك زمانن. بەڵام لە هیندستاندا هەردوو زمانی هیندی و ئۆردی پێکناکۆك بوون، هەروەها هەڵوێستی **گاندی و نەهرۆ** کە بەر لە سەربەخۆ بوون پشتیوانییان لە هیندۆستانی دەکرد، ئەمانە هەڵوێستی هێماکاری بوون. بەڵام قسەکردن لە کۆمەڵەی دامەزراندن سەبارەت بە زمانی یەکێتیی هیندستان، هەڵوێستێکی پراکتیکی بەرچاو بوو. دیارە پەیوەندیی نێوان مەسەلەی زمانەوانی و مەسەلەی دەوڵەت کە لەو نموونانەی باسمانکردن، فرە زمانیمان بۆ رووندەکاتەوە و زمانیش دەبێتە بەشێك لە گەرەنتی بوون. هەر چەندە رێز لە زمانەکانی لۆکال و فرەیی زمان دەگیرێت لەو سێ وڵاتەدا. بەڵام هەڵەیەکی زەق دەردەکەوێ، کە پاڵ بە دەسەڵاتەوە دەنێت سیاسەتی تاکزمانی یان زمانی یەکگرتوو بگرێتەبەرو زمانەکەی خۆی بەسەر گشت هاووڵاتیانیدا بسەپێنێ.

بەشی دوازدەهەم

توێژینەوەی نموونەی پراکتیك: پلانداڕێژیی زمانەوانی و هەستی نیشتمانی

لە دوو نموونە دەکۆڵینەوە، نموونەی نەروێژ و تورکیا، لەو دوو وڵاتەدا گرفتی بەڕێوەبردنی فرە زمانیان نییە، (هەر چەندە لە راستیدا دوو وڵاتی تاکزمانی نین) لە تورکیا زمانی کوردیش هەیە، لە نەروێژیش زمانی (لایتون) هەیە، بەڵام گرفتەکە لە بەڕێوەبردنی خودی زمانەکەدایە، دەبینین لەو دوو وڵاتەدا، تاکە ویستێکی سیاسی هەیە کە لە هەوڵی گونجاندنی زمانەکەدایە .

نموونەی نەروێژ

بنج و بناوانی گرفتی زمانی نەروێژ وەکو نموونەکانی پێشوو وایە، رووداوێکی سیاسییە، دوای سێ سەدە لە دەسەڵات بەسەر نەروێژدا (لە ١٩٢٣ – ١٨١٤)، دانیمارك کە شەڕی ناپلیۆنی دەکرد لە پاڵ بەریتانیای مەزندا، ناچار بوو بە فشاری (برنادۆت) لەو دەسەڵاتە، بۆ بەرژەوەندیی سوید (پەیماننامەی کییل – ١٨١٤) پاشەکشە بکات، ، بۆیە لە هەوڵێکدا تاکو دەسەڵات نەگوێزرێتەوە، دانیمارك پێشی لە نەروێژ گرتەوە، ئەوە بوو دەستوورێکی فرە لیبرالی بە نەروێژ بەخشی بە ناوی لە **(دەستووری ئیدیسفۆلد)** لەگەڵ ئەنجوومەنێکی نوێنەران بە ناوی **(ستۆرتنگ)** بە گوێرەی ئەم رێو شوێنانە کە سوید هەڵیناوەشێنێتەوە، ئەم گفتوگۆیانەی لێ دەکەوێتەوە، (هۆگن) کە توێژینەوەکانی سەبارەت بە بارودۆخی سوید سەرچاوەیەکن و پشتیان پێ دەبەسترێ، پێنج شێوەزار لەو ماوەیەدا جیا دەکاتەوە:

١. دانیمارکی پەتی، کە کۆچبەرەکان بەکاری دێنن، ئەمەشیان بە تایبەتی زمانی شانۆیە و ئەکتەرەکانی دانیمارك دەستیان بەسەردا گرتبوو.

٢. زمانی ئەدەبی پێوەر، واتا زمانی دانیمارکی کە بە شێوازی نەرۆیژی دەردەبڕدرێ، بەکارهێنەرانی بنەڕەتیی ئەم زمانەش، مامۆستایانی قوتابخانەکان و قەشەی کلێساکان بوون .

٣. زمانی پێوەری ناو خێزان، کە زمانی چینی رۆشنبیر بوو، زمانی نێوان هەردوو جۆری پێشوو و هەردوو جۆری دواترە.

٤. زمانی پێوەری خێزان لە شارەکاندا، ئەمەش زمانێك بوو کە لە شارێکەوە بۆ شارێك جیاواز بوو، زیاتر چینی میللی قسەی پێدەکەن.

٥. شێوەزاری گوند کە جووتیاران و ماسیگران قسەی پێدەکەن و لە گوندێکەوە بۆ گوندێك جیاوازە.

بەکارهێنەرانی دوو زمانی جیاواز لەو پۆلێن کردنەی باسمانکرد، زۆر بە زەحمەت لە یەکدی دەگەیشتن، واتا جووتیارێك بە شێوەزاری گوندەکەی خۆی و مامۆستایەك بە زمانی پێوەری ئەدەبی قسەیان بکردایە نەدەشیان تێکبگەن. بە پێچەوانەی ئەمەوە، تێگەیشتن لە نێوان منداڵانی چینێکی دیاریکراو وچینی پێش خۆی یان دوای خۆی زۆر گونجاو بوو.

کاریگەریی زمانی دانیمارکی کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا چەسپا بوو، هاوشان بوو لەگەڵ هەمە جۆریی شێوەزارە میللیەکانی نەرۆیژ، بۆیە بژاردەیەك کە هەستی نیشتمانیان هەبوو، هەوڵیاندا لە رێگای زمانەوە سنوورێك بۆ جیاکردنەوە لە نێوان دانیمارکی و نەرۆیژی بێننە ئاراوە. کە بەرەو رووی دوو بەراوردی جیاواز بوونەوە: لە لایەك **(کنۆد کنودسن)** (١٨١٢ – ١٨٩٥) پێشنیاریکرد کە پشت ببەسترێ بە زمانی بەکارهێنراو لە شاردا و قسە بە دانیمارکی بکرێ بە رێگای نەرۆیژی بۆ گەیشتن بە (زمانی نیشتمانیی نەرۆیژی)، بەڵام لە لایەکی دیکەوە **(ئیڤار ئاسین)** (١٨١٣- ١٨٩٦) پێشنیاریکرد پشت بە شێوەزاری گوندان ببەسترێ، کە بۆماوەیی دێرینی نەرۆیژە، چەندین کتێبی بۆ رێزمان و فەرهەنگی ئەم زمانە تەرخانکرد ئەم زمانەش زۆر ناوی لێنرا، (زمانی گەلمان) (زمانی میللیی راستەقینەی نەرۆیژی) (زمانی نیشتمانی نەرۆیژی) و (زمانی نەرۆیژی) بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا بە ناوی (زمانی نیشتمان) مایەوە، کە لە سەرەتادا تەنیا بیرۆکەیەکی زمانەکە بوو، کەچی هەندێ چەپڕەو و لایەنگرانیان هەوڵ و کۆششی زۆریان دا تاکو لە رێگای زمانەوە نیشتمانی نەرۆیژ یەك بخەن، ئەمەش لە پێناو بەرەو رووبوونەوەی سەرکەوتنی زمانەوانیی هەندێ چینی فەرمانڕەوا.

لە بەرامبەردا لایەنگرانی (کۆد کنودسن) پشتیوانیان لە وشەی (rigsmaal) کرد کە وشەیەکی لێکدراوە (ریگ) بە زمانی نەرویژی بە واتای (دەوڵەت) دێت و (مال) بە واتای (زمان)، کەواتە (زمانی دەوڵەت) مانای تەواوی ئەو وشەیەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە واتای (زمانی پێوەری ئەدەبی) کە هەندێ دوژمنان بە (sdansknorsk) ناویان دەبرد بە مانای (دانیمارکی نەرویژی) لە نەرویژ پەشێوی و دەمەقاڵییەکی زۆر رووبدا، بە تایبەتیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا سەبارەت بەو دوو ناوە (زمانی نیشتمان) یان (زمانی زەوی) واتا (لاندسمال) لە لایەك و (زمانی پێوەر) (ریگسمال) لە لایەکی دیکەوە دەمەقاڵی و گفتوگۆکانیش بە خێرایی دەربارەی ئەلف وبێ بوون، چۆن دەتوانرێ ئەلف وبێ بە زمانی پێوەر (ریگسمال) لە ئەلف وبێ بە زمانی دانیمارکی جودا بکرێتەوە، تاکو لە ئەلف وبێی زمانی زەوی (لاندسمال) نزیکببێتەوە، بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٠٥ دا، لەو ساڵەدا و دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی لەگەڵ سویددا، نەرویژ بە تەواوی سەربەخۆ بوو، پاشان لیژنەکانی زمان یەك بە دوای یەکدا پێکهێنران، هاوتەریب لەگەڵ چاکسازی ئەلف وبێدا، کە پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات (١٩٠٧، ١٩١٣، ١٩١٦، ١٩٢٣، ١٩٣٤، ١٩٣٦....) (هۆگن) باس لە بارودۆخەکە دەکات: (دوو جۆرە چاکسازی بە توانای ئەلف وبێی نووسین لە ماوەی دەساڵدا، رووبەکی تازەیان بە تەواوی بە زمانی پێوەر بەخشی، زەحمەتە بە زمانی دانیمارکی بچێت) چاکسازیی ئەلف وبێی نووسین ئامانجێك بوو مەبەستیش جیاکردنەوەی زمانی پێوەری نەرویژی لە دانیمارکی بوو، وێڕای ئەمەش ئامانجێکی دیکەش بریتی بوو لە پرۆژەیەك بۆ یەکخستنی نەرویژ لە بواری زمانەوانیدا، دابەشبوونی زمانەوانی وێنەیەکی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە لە لایەك چینی فەرمانڕەوا بە زمانی پێوەری نزیك لە زمانی نووسین (ریگمال) واتا (زمانی پێوەر) قسەیاندەکرد، لە لایەکی دیکەوە چینی میللی بە شێوەزاری لۆکالی قسەیاندەکرد کە بەر (لاندسمال) واتا (زمانی نیشتمان یان زەوی) ناوزەد کرابوو، ئەم وێنەیەش زۆر ساکار بوو، چونکە حزبی شیوعی نەرویژی لە ساڵانی سییەکاندا کە رۆڵی سەرەکییان لە وڵاتدا هەبوو، ئەم زمانەی بەکاردەهێنا، کە هەمیشە لە نووسراوەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە کێشە و ململانێ لە پێناو زمانی میللیدا، بەشێکە لە ململانێی چینایەتی. گفتوگۆ و دەمەقاڵی زمانەوانی بە درێژایی مێژووی نەرویژ، گفتوگۆیەکی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو لەگەڵ گفتوگۆی سیاسیدا بوو، چونکە لە یەکەم نووسینی **(کنۆدسن و لاسین)** ئەم دوو کەڵە زمانەوانە ناوەکانیان بە زۆر شێوە گۆڕی.

- دانیمارکی/ نەرویژی.
- ریگسمال (زمانی دەوڵەت)/ لاندسمال (زمانی زەوی).
- بۆگسبرۆگ (زمانی نووسراو)/ لاندسمال (زمانی زەوی).
- بۆکمال ((زمانی کتێب)) / لاندسمال (زمانی زەوی).
- دواتر لەو سەردەمەوە: / بووکمال (زمانی کتێب) / نینۆرسك (زمانی زەوی).

ئەم دووانە هەمیشە نوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییان دەکرد لە نێوان دوو جۆرە ئەلف وبێدا، یاخود بەراووردی نێوان راسترەو و چەپرەو، تایبەت بە هەستی نیشتمانی، بۆیە چاکسازیی ئەلف وبێ کە ساڵی ١٩٣٨ بڕیاری لەسەر درا، ئەو کاتەی کە حزبی شیوعی بە فراوانی لە ئەنجوومەنی نوێنەردا ئەندام بوو، لە سەردەمی داگیرکاریی ئەڵمانی ساڵی ١٩٤١ هەڵوەشایەوە بە بیانوو و تۆمەتی ((هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری لە بواری زمانەوانیدا)) بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥و دوای ئازادی، جارێکی دیکە کاری پێکرایەوە.

ئەم بەسەرهاتە سەیرە، گوزارشتی راست لە رەوشی ئەو کاتە دەکات، کاتێك لە ساڵی ١٩٥٩دا **(ئەندرێە بییرکە)** کۆمیدیای مۆسیقای **(ئالان جەی لارنەر)**ی وەرگێڕایە سەر زمانی نەرویژی، کە بە ناوی (خانمە شۆخەکەم) بوو و لە (بگمالیۆن)ی بڕناردشۆ وەرگیرا بوو، بەڵام جیاوازیی نێوان زمانی ئینگلیزیی رۆشنبیران کە مامۆستا **هیگینز** نوێنەرایەتی دەکات و نێوان شێوەزاری **(کۆکنی)**ی لەندەن کە زمانی بازاڕە و **(ئەلیزا دولیتل)** نوێنەرایەتیی دەکات، لێرەدا وەرگێڕ زمانی (بووکمال)ی بۆ یەکەم بەکارهێناوە و زمانی (نینۆرسك) ی واتا زمانی زەوی (لاندسمال)ی بۆ دووەم بەکارهێناوە، دیارە بارودۆخی زمانەوانیی نەرویژ بە تەواوی رێگا بەم بەراووردکردنە دەدات. بەڵام وەرگێڕ لە پێشەکییەکەیدا شتێکی نووسیوە کە سەر لە نوێ مایەی نانەوەی دەمەقاڵی بوو: ((لە نەرویژ رەوشێکی نامۆمان هەیە، (ئەلیزا دۆلیتل) مامۆستا (هیگینز) فێر دەکات چۆن لەسەری پێویستە، بە زمانی دایکی بنووسێت و بە شێوەیەکی راست و دروست قسەی پێبکات و (پێچەوانەکەشی راست نییە) لەم وڵاتەدا، ئەلیزا دۆلیتل گوڵی کێوی لەسەر شۆستەکە نافرۆشێت (هەروەکو لە کۆمیدیاکەدا هاتووە، کە لە شانۆگەریی بگمالیۆن وەرگیراوە) بەڵام تەتەڵەی زمان لە نێو لیژنەی زمانەوانیدا بڵاودەکاتەوە، بە ئاشکرا دیارە وەگێڕ لایەنگریی (بووکمال) واتا (زمانی نووسین) بووە، زۆر بە تەشقەڵە پێکردنەوە روونیدەکاتەوە کە سەرچاوەی سەرەکیی دەربارەی شێوەزاری ئەلیزا نووسراوە، کتێبێك بوو سەبارەت بە پێوەری زمانەوانی کە لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاو کرایەوە. بۆیە دەکرێ لەبەر دەمەقاڵییە توندەکە ئەم نموونەیە بخرێتە روو: لە دەقە ئینگلیزییەکەدا هاتووە:

((ئەم (دەربڕینە بریتییە) لەوەی گەلی بەریتانیا باسی دەکات، کە ساکارترین پرانسیبی پەروەردەو ئەدەبە.

وەرگێڕەکە لە کاتی گواستنەوەیدا گوتی:

((ئەم دەربڕینە بریتییە لەوەی کە خەڵك لە وڵاتەکەماندا باسیدەکات و پێوەرێکی تازەی کتێبی قوتابخانەیە))

جارێکی دیکە دووپاتیدەکەینەوە کە پوختەی ئەو دەمەقاڵییەی باسکرا، دەمەقاڵی بوو لە ریزی بژاردە، دوای ئەو راپرسییەی کە (گالوپ) لە ساڵی ١٩٤٦ ئەنجامیدا، مەبەستی گەیشتن بوو بە رای نەروێژییەکان لە مەڕ گرفتی زمانەوانی، هەروەها (٨٠) لە سەدای دانیشتوان پشتگیری لە یەکگرتنەوەی هەردوو زمان لە زمانێکی یەکگرتوودا دەکەن، (٧٥) لە سەدای دانیشتوانیش پێیانوایە زمانی (بووکمال) واتا (زمانی نووسین) پێویستە ببێتە بناغەیەك بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە ئەم کارەش مانای ئەوەیە کە گفتوگۆکردن سەبارەت بە گرفتی زمانەوانی، هەتا ئەگەر دیموکراسیخوازانەش بێ، بە کردەنی رەنگدانەوەی هەڵوێستی ئارەزوومەندانەی دانیشتوان نییە، کە زیاتر پابەندن بە پێوەر لە بەرامبەر پلاندارێژان و کەمتریش دوژمنن بە دانیمارکییەکان.

نموونەی تورکیا

شۆڕشی زمانەوانیی تورکیا دەرهاویشتەیەکی رووداوی سیاسییە، لە ١٩٢٣دا مستەفا کەمال بە پشتیوانیی بزووتنەوەی عەلمانی وابەستە بە نیشتمانپەروەری و دژ بە ئاراستەی عوسمانی، بە سەرۆکی تورکیا هەڵبژێردرا، ئەم سەرۆکە چەندین رێوشوێنی گرتەبەر بۆ تازەکردنەوەی دەوڵەت، لێرەدا تەنیا باس لەو رێ و شوێنانە دەکەین کە پەیوەندییان هەیە بە (شۆڕشی زمانەوانی)، تا ئەو سەردەمەش زمانی تورکی بە پیتی عەرەبی دەنووسرا، زمانی فەرمیش کە بژاردەیەك بەکاریان دەهێنا پڕی بوو لە زاراوە و وشەی عەرەبی و فارسی کە چینی رەش و رووت لێی تێ نەدەگەیشتن، مستەفا کەمال وڵاتەکەی خستە نێو تاقیکردنەوە و پرۆسەیەکی فراوانی چاکسازیی زمانەوانی، بەم شێوەیە:

* پێکهێنانی لیژنەیەکی زمانەوانی لە ساڵی ١٩٢٨ دا، بە مەبەستی دانانی ئەلف و بێیەکی تازە، بە بیانووی ئەوەی کە پیتی عەرەبی گوزارشت لە دەنگی تورکی ناکات. چونکە (٨) بزوێنی کورتی تورکی و (٣) بزوێنی درێژ، ناکرێ بە (٣) بزوێنەکەی عەرەبی دەربڕدرێن، چونکە پیتی (و)ی عەرەبی بۆ (ه) دەنگی تورکی بەکاردەهات (o، ه، u، ، v)بۆیە لیژنەی ئەلف و بێی تورکی پیتی لاتینی پیادەکرد، بەمەش توانرا فۆنیمە بچووکەکانی زمان بە وردیی و رێك و پێك بنووسرێن.

* لە ساڵی ١٩٢٨ دا کۆمەڵەی نیشتمانی رەزامەندی لەسەر ئەم ئەلف و بێیە دا، یەکسەر لە بواری پەروەردەو، دواتر لە کارگێڕی و فەرمانگەکانی دەوڵەتدا پەیڕەو کرا، بەمەش شوێنی ئەلف و بێی کۆنی گرتەوە کە لە بەڵگەنامەکانی کارگێڕی و چاپەمەنییەکاندا بەکاردەهات، بۆیە بڕیاردرا لە مانگی حوزەیرانی، بە یەکجاری کار بە تازەکە بکرێ.

* خوێندن بە زمانی عەرەبی و فارسی لە ساڵی ١٩٢٩ لە قوتابخانەکاندا هەڵوەشایەوە.

* یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم رێ و شوێنانە، پابەندبوون بوو بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە تورکی نەك بە عەرەبی لە سەرەتای ساڵی ١٩٣١دا، ئەم فەرمانەش ئەو راستییەی لای موسڵمانان شێواند کە خودای مەزن ئەم کتێبە پیرۆزەی بە زمانی هەڵبژاردە (عەرەبی) ناردووەتە خوارەوە.

*لە ساڵی ١٩٣٢دا (کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی تورکی) دامەزرا، کە راسپێردرا بۆ پاککردنەوە و بژارکردنی زمانی تورکی، بۆ ئەوەی شوێنی وشەی خوازراو لە زمانەکانی دیکە بگرێتەوە، واتا هەڵبژاردنی وشەی کۆن و مردووی تورکی، یان وشەی گشتیی زیندوو، یان ئەو وشانەی لەو زمانانە وەرگیرا بوون کە سەر بە هەمان خێزانەزمان بوون، وەکو زمانی ئازربیجانی و هی دی، ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆری خۆبەخش دەکرد لە (مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانە و زانایان و فەرمانبەر و ئەفسەران)، ئەمەش بە گوتەی **(بازان)**ی نووسەر کە دواتر چەند زانیارییەکی دەربارەی ئەم پرۆسەیە بڵاوکردەوە، ئەو خۆبەخشانە هەزاران کارتیان بۆ کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی تورکی نارد و دواتر چاپکران، لە ساڵی ١٩٣٤دا کتێبێکی (١٣٠٠) لاپەڕەیی چاپکرا و دواتر لە ١٩٣٩دا پۆلێن کردنی وشەو زاراوەکان بە پێی رێزمان چاپکرا.

* لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٤دا، یاسایەك دەرچوو، هاونیشتمانیانی ناچار کرد کە ناوەکانیان بە رەچەڵەکی تورکی تۆمار بکەن و ئەو ناوانە لە خۆیان بنێن کە لە بنەڕەتدا

تورکین، بۆیە دەبینین مستەفا کەمال، خۆی بە ناوی (ئەتاتورك) واتا (باوکی تورکیا) ناوزەدکرد، تاکو خەڵك لاسایی بکەنەوە.

* بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێك بە زمانی کۆن و تازەی تورکی، هەروەها چەندین فەرهەنگی دیکەش چاپکران، کە تایبەت بوون بەو زمانانەی لە هەمان خێزانەزمان بوون وەکو (گیرگیزی و یاقوتی)، وێڕای چەندین کتێبی دیکەی ڕێزمان و قوتابخانە. دیارە مەبەست لەو چاکسازییانە لە بنەڕەتدا سووکایەتی کردن بوو لە خاکی ئیسلامدا، چونکە مەبەستی ئەتاتورك تەنیا زمان نەبوو، بەڵکو ئەم شۆڕشە گوزارشتی زمانەوانیی شەڕی عەلمانی تازە بوو دژی عوسمانی، بەڵام ئەو چاکسازییە، یان ئەم شۆڕشە، زمانەکەی سەراوبن کرد.

(بازان) دەڵێ : ((زۆربەی تێکستەکانی عوسمانی لەم ماوەیەی دواییدا کە لە ئەلف و بێی عەرەبییەوە بۆ ئەلف و بێی تورکی لاتینی گوێزرایەوە، زۆر زەحمەت بوو، تەنانەت ئەوانەی تەمەنیان شەست ساڵانیش بوو زۆر بە زەحمەت تێی دەگەیشتن، هەتا ئەگەر ئاستی خوێندنی زانکۆی نەبایە)) لەم گۆشەنیگایەوە، دیارە ئەزموونی (شۆڕشی زمانەوانی)ی تورکی نموونەیەکی تاك و تەرا بوو لە مێژووی پلاندانانی زمانەوانیدا.

گفتوگۆکردن

جۆرە هاوبەشییەك هەیە لە نێوان ئەزموونی نەروێژی و ئەزموونی تورکیدا، زمانی هەردووکیان گوزارشت لە سیاسەتی نیشتمانی دەکەن، سیاسەتی نەورووێژی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ هێنانە ئارای تاکە زمانێکی نیشتمانی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لە یەك کاتدا، دوو ئەرکی بە زمان سپارد، ئەرکی یەکبوون و ئەرکی جیاکاری، بەر لەوەی ئەم زمانە ببێتە زمانی نەروێژی، واتا بەر لە بوونی بە زمانی یەکگرتووی وڵات، بە شێوازێکی شاردراوە و لە سەردەمی **(کنۆرسین)** و **(ئاسین)**دا، هەوڵیدەدا نەبێتە زمانی دانیمارکی، واتا وڵات جیا بکاتەوە، بەڵام ویستی دووپات کردنەوەی خود، شتێکی جیاواز بوو، ئەمەش بە هەوڵی سەپاندنی نووسین بە زمانی نەروێژی، کە گوزارشتی لە ململانێی سیاسی دەکرد.

شۆڕشی زمانەوانیی تورکی نموونەیەکی ئاشکرایە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کاریگەریی لە زماندا بە سەراوبن کردنی لە ماوەیەکی کورتدا، دەبێ بە دیدێکی وا سەیر بکرێت کە لە رووی زمانەوانییەوە سیاسەتی تازەکردنەوەیە و بەندە بە بەرهەڵستیکردنی

ئاسەواری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەك و ویستی عەلمانیەت لە لایەکی دیکەوە. ئەم چاکسازییە خۆسەپاندن بوو لە بواری بەرەو رووبوونەوەی کەلەپووری ئیسلام بە گۆڕینی ئەلف و بێ و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی عەرەبی و فارسی لە قوتابخانەدا و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی تورکی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتیی کردنیی پیاوانی ئایینی بوو. بەڵام چەند وانەیەك لەو دوو ئەزموونەی پێشوو روونەدەبێتەوە:

١ . خاڵی یەکەم کە هاوبەشە لە نێوان هەردوو ئەزموونداا، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان هەستی نیشتمانپەروەری و سیاسەتی زمانەوانی، لەو دوو نموونەیەدا وێنەی وڵات لەو دیو چاکسازیی زمان دەردەکەوێ، کە لە هەردووکیاندا بەهێزکردنی بناغەی نیشتمان لە بەهێزکردنی بناغەی زمانەوەیە، ئەگەر نەروێژ دەیویست بە تەواوی جوودابوونەوەی خۆی لە دانیمارك بچەسپێنێ، ئەوا تورکیاش دەیویست پەیوەندی رابردووی خۆی بە عوسمانییەتەوە بپچڕێنێ.

جا ئەگەر ئامانج لە هەردوو نموونەدا یەك بووبێت، ئەوا ئامراز و هۆکارەکان بە تەواوی جیاوازبوون: چونکە تەنیا ژمارەی جارانی چاکسازییە یەك لە دوای یەکەکان کە پەرلەمانی نەروێژ بڕیاری لەسەردا، بەڵگەی ئەوە بێت کە ئەم وڵاتە پلاندانانی زمانەوانی بە شێوازێکی بەڕێوەبردنی دیموکراسی ئەنجامدابێ، ئەوا چەندین گفتوگۆ و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی نوێنەران و دەنگدان هەبووە.. لە بەرامبەردا جۆرە پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوە لە ئەزموونی نەروێژدا بەدیدەکرا، بەڵام (شۆڕشی زمانەوانی)ی تورکیا بەرەو پێش چوو، بێ ئەوەی هیچ تەگەرەیەك بێتە رێگای، بۆیە رەوشی زمانەوانی لە تورکیا لە ماوەی (١٥) ساڵدا زیاتر بەرەو پێش چوو بە بەراورد لەگەڵ رەوشی زمانەوانیی نەروێژ بە درێژایی (١٥٠) ساڵ. بەڵام ئەو چالاکییەی تورکیا بەهایەکی خۆی هەبوو لە بواری جیاوازیی نێوان ئەزموونی تورکیا و ئەزموونی نەروێژیدا، کاریگەریی پلاندانانی زمانەوانی لە تورکیا زۆر توند بوو، ئاراستەو بۆچوونەکانی مستەفا کەمال بەرەو نوێخوازی و تازەکردنەوە بوو، هەروەها لەو بانگەوازەی ئاراستەی دانیشتوانی دەکرد سەبارەت بە کۆکردنەوەی وشەو زاراوە بۆ زمانی تورکی، بەڵام رەفتارو رێگاکانی لە حوکم کردندا تا بڵێی ستەمکارو چەوساوەئامێز بوو، چونکە ناکرێ بەبێ دەسەڵاتێکی بەهێز، بەم شێوەیەو بەم خێراییە زمانێکی نوێ بهێنرێتە کایەوە.

لە بەشی رابردوودا، بە تایبەت لە هەردوو نموونەی هیندستان و گینیادا، سەرنجی ئەوەمان دا چۆن سیاسەتی زمانەوانی کە سەرپەرشتیی فرەزمانی دەکات، لە کۆتاییدا ئاراستەکراوە بۆ جەختکردنەوە

لە جیاوازیی نێوان دەوڵەت و نیشتمان بە جیاوازیی چەسپاندن لە نێوان زمانی فەرمی و زمانە نیشتمانییەکاندا. ئەو جیاوازییەش کەسانی دیکە دانی پێدا نانێن، دیارە ئەم کارە لە هەردوو نموونەی نەروێژی و تورکیدا بە پێچەوانەیە، کە دەوڵەت و نیشتمان تییاندا کۆکن، یەکسانییەکی هاوبەش هەیە لە نێوان دەوڵەت و نیشتمان و زمان، هەروەها دەوڵەت و نیشتمان بۆیان هەیە کاریگەریی خۆیان لە زماندا بێننە ئاراوە، ئەم سیاسەتە زمانەوانییەش بە شێوەیەکی فراوان لەو دیو هەستی نیشتمانییەوە دەردەکەوێ، بەڵام بەدەر لە رق و کینە و رەگەز پەرستی، وشەکانی فەرهەنگ و رێزمان و شێوازی نووسین و رێگای قسەکردن و ئەلف و بێ، هەموویان شەڕی زمان پێکدێنن.

٢. لە یەکدی نزیك بوونەوەی هەردوو سیاسەتی نەروێژی و تورکی لە مەسەلەیەکی دیکە دایە کە پەیوەندیی بە (پاکسازیی زمان) لە هەردوو ئەزموویندا هەیە، گەڕان بە دوای رەسەنێتیی زماندا و رەچەڵەکی کۆن لە ئارادایە، کاتێ مستەفا کەمال بڕیاردەدات زمانی تورکی لە وشەی عەرەبی و فارسی پاکبکاتەوە و لە شوێنیاندا وشەی رەسەنی تورکی جێ بکاتەوە، لەم بڕیارەشدا جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ بناغەو رەگەزی تورکی بەدەردەکەوێت بەڵام گومانیشی تێدایە .

(بازان) بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەم لایەنە دەکات:

((خاوەنەکانی (شۆڕشی زمانەوانی) مەبەستیان لە مانای (تورکی)، هەموو زمانێکە کۆن یان تازە، سەر بە خێزانەزمانی تورکی بێت، بگرە هەر لە زمانی نیگارەکانی **ئۆرخۆن**[١] تا دەگاتە ئەو زمانانەی نزیکن لە تورکی لە وڵاتانی تورکستان و قۆقاز و قۆلگا و سیبریا و دواتر **ئۆیگۆر**[٢] و **چاگاتای**[٣] ئەمە وێڕای زمانی گشتیی ئەنازۆل و بەلکان.

(ئاسین)یش هەمان بەرنامە لە توێژینەوەکەدا پەیڕە و دەکات، لەسەر شێوە زمانی گشتیی گوندەکان و نەروێژیی کۆن و دانانی بناغەی تازەی نووسین کە پشت بە قسەی رەسەنی نەروێژی دەبەستێ، واتا غەیری دانیمارکی. بۆیە توێژینەوەکە زیاتر ئاماژە بە رێزمان دەکات لە دوو روانگەوە، یەکەمیان پرانسیبی بازرگانی شوێنەوار، لێرەدا (پاکسازی)یەکە بە کۆنیی رۆژگار گرێ دەدات، دووەمیان بەستنەوەیەتی بە خودی وڵاتەکە. ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە، نەروێژی و تورکی، وێنەیەکی تەواومان بۆ روون دەکەنەوە سەبارەت بەو بوارانەی سیاسەتی زمانەوانی دەیانگرێتەوە، کاتێ هەوڵدەدات کاریگەریی بۆ سەر زمان دروستبکات:

---

(١) ئۆرخۆن: ناوی دۆڵێکە لە مەنگۆلیاو شوێنی لە دایك بوونی جەنگیز خانە.

(٢) زمانی نۆیگۆرجە: سەر بە خێزانێکی تورکی ئاسیای ناوەڕاستەو بە تایبەتیش لە کازاخستان

(٣) چاگاتای: زمانێکی سەر بە خێزانەزمانی تورکییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ناوچەی چاگاتای مەنگۆلیا بڵاو بووە.

- **نووسین:** نووسین بابەتێکی سەرەکییە لەناو جەرگەی سیاسەتی زمانەوانیدا، جا ئەگەر کارەکە پەیوەندیی هەبێت بە گۆڕینی نووسین، هەروەك لە نموونەی نەروێژدا، یان بە گۆڕینی ئەلف و بێ لە نموونەی تورکیدا، یاخود پەیڕەو کردنی هەر ئەلف و بێیەکی ئەو زمانانەی کە نەنووسراونەتەوە وەکو لە زۆر وڵاتانی ئەمریکادا هەیە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی تایبەت بە ناوی (شەڕی نووسین) تەرخان دەکەین.

- **ڕێزمان:** مەسەلەی زمانەوانیی تورکی، هەروەکو پێشتر باسمانکرد، مەسەلەی (پاکسازیی) و گەڕانەوە بوو بۆ بنەچەو ڕەگەز. بەڵام زۆر جار سیاسەتی زمانەوانی دووچاری گرفتی تازەکردنەوەی وشەکانی ڕێزمان دەبێتەوە، بە تایبەتیش ڕاهێنانی زمان لە بواری پەیوەندی و تێکەڵی لە زانستەکان و پرۆسەی خوێندندا. واتا گرفتی وشە دروستکردن و وشە خواستنەوە کە دواتر بەشێکی بە ناوی (شەڕی وشەکان) بۆ تەرخاندەکەین.

- **شێوەزارەکان:** کاتێ زمانێکی ژێر دەستە، دەبێتە زمانێکی فەرمی یان زمانی نیشتمانی، زۆر جار تووشی کێشەی ئەلتەرناتیڤی شێوەزار دەبێت، بۆ نموونە زمانی (لاندسمال)ی نەروێژی کە زۆر تووشی گرفت دێت بۆ ئەوەی شێوەزارەکانی لە یەکدی نزیکبکاتەوە و زمانێکی یەکگرتوو بێنێتە کایەوە لە هەوڵی نموونەکەی نەروێژدا، مۆرکی ئایدیۆلۆژی کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕۆمانسیانەی ئەڵمانیا، زیاتر زاڵە. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە میللەت ڕەسەنایەتیی زمان هەڵدەگرێ، دەبینین لە شوێنی دیکەدا مەیل بۆ سەپاندنی شێوەزاری پایتەخت زیاتر لە ئارادایە، یاخود شێوەزاری توێژێکی کۆمەڵایەتی یان ئەتنی کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبینین ڕێبازەکە بە هەر شێوەیەك بێت یان پێوەری دەستنیشان کردنی شێوەزاری فەرمیی زمان چۆن بێت، ئەوا هەوڵدانێکە بۆ ڕەتکردنەوەی جۆرە خۆسەپاندنێك لە پەیڕەو کردنی زمانێکی دیاریکراودا.

- **چوارچێوەو ژینگەی زمان:** لە (٩) ی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨دا، تابلۆی ناوی (٣٠٠) شەقام لە شەقامەکانی ئۆسلۆ گۆڕدران، وەك ڕێزێك بۆ بناغەکانی تازەی نووسین کە بە ماوەیەکی کەم پەیڕەوکرا، ئەم گۆڕانکارییەش جۆرێك بوو لە پاپەندبوونی هێماکارانەی شارەوانیی ئۆسلۆ و پشتیوانی کردن لە چاکسازیی نووسین، بۆیە تەنیا بە بینینی نووسینی ڕۆژنامەکانی نەروێژ ڕێچکەی سیاسەتی ئەو وڵاتە دەردەکەوت، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە بۆ هەر پلانێکی گۆڕینی شێوەی زمان، پێویست بە ژینگە دەکات و دەبێت ئەنجامەکانی ئەم کارە بخەیتە بەرچاو و بەرگوێی بینەرو بیستەران. جا ئەمە ئەگەر پەیوەندیی هەبێت بە تابلۆی

ناوی شەقامەکان کە نووسینەکانیان گۆڕدران، هەروەکو لە نەرویژ رووویدا، یان زمانەکەی بگۆڕدرێ، هەروەکو لە جەزائیری پایتەخت ساڵی ١٩٦٧ رووویدا، کاتێ پیتی لاتینی لەم تابلۆیانە خرایە نێو قەترانەوە لە سەردەمی هەڵمەتی عەرەباندندا، یان بە تابلۆی ئۆتۆمبیل، یان تابلۆی رێنمایی و لافیتەی کۆگا و دوکانەکان، یاخود بە دەقی قورئانی.. بۆیە ژینگەی زمانەوانی گەڕەنتییە بۆ سەر خستنی هەر پلانێکی لەم جۆرە، لە هەمان کاتدا هاوسەنگیی هێزی بەدەرلەزمان دەستنیشان دەکرێت، کاتێ سەیری لافیتەی بازرگانی دەکەین لە شارێکی وەکو پاریسدا، دواتر بەراوردیبکەین لەگەڵ ئەوەی لە گەڕەکێکی بازرگانی پڕ لە گەشتیار لە شەقامی ئۆپیرا هەیە، کە دەبینین لافیتەیەکی زۆر بە زمانی ژاپۆنی و ئینگلیزی هەڵواسراون، یاخود لە گەڕەکێکی کرێکارانی کۆچبەر، کە بە گەڕەکی بلفیل ناسراوە، لەوێدا لافیتەکان بە زمانی عەرەبی و چینی و عیبری نووسراون، ئەو هەستە نیشتمانییەی کە هەندێ کەس هاندەدات، نووسین بە زمانی بیانی رەتبکەنەوە، لە بەرامبەردا لە پەیوەندیی ئابووریدا وایان لێدەکات ناوی کۆگاو بازاڕەکان بە زمانی کڕیارەکانیان بکەن، لە هەردوو حاڵەتدا ململانێیەکە یەك نییە، بەڵام لە هەردووکیاندا ململانێیەکە، زمان بەرجەستەی دەکات.

بەشی سێزدەهەم

توێژینەوەیەکی نموونەی: ململانێی زمانەوانیی جیڤارۆس لە ئەکوادۆر[1]

بە دیاریکردنی زاراوەکە دەستپێدەکەین، جیڤارۆس، خۆیان بەو ناوە ناونەناوە، بەڵکو بە (شوار) ناوزەندکراون، چونکە (جیڤارۆس) لە وشەی (جیبارۆ) وەرگیراوە کە بە ئیسپانی بە سووکایەتی پێ کردنەوە واتای (کشتیاران) دەگەیەنێت، ئەوانەی لە نیمچە دوورگەی ئیبریا لە سەدەی شازدەهەمدا هاتوون، ئەم ناوەیان لە دانیشتوانی ناوچەکانی ئەمازۆی نێوان پیرۆ و ئەکوادۆر ناوە، ئێمەش ئەم ناوەمان کردە ناونیشانی ئەم بەشە، تاکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێ رووونیبکەینەوە. چونکە ئەورووپییەکان خەریکە شوار دەناسن، بەڵام شارەزاییان لە رۆشنبیرییان نییە، تەنیا ئاگایان لە نەریتێکی ناسراویان هەیە، کە پێی دەگوترێ (تسانتاس) کە واتای (سەرە بچووکەکان)[2] دەبەخشێ. بەڵام ئێمە لەم باسەماندا ناوی ئەم گەلە بەو ناوە دێنین کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، واتا (شوار)، ئەوانە کە نزیکەی (١٥٠) هەزاریان لە ناوچەکانی ئەمازۆن نیشتەجێن و دەبنە دوو بەشەوە و سنوورێك لە یەکدیان جودا دەکاتەوە کە پرۆتۆکۆلی رێودی جانیرۆ وێنەکەی کێشاوە، (١٢٠) هەزار یان لە (پیرۆ)ن و (٣٠) هەزاریشیان لە (ئەکوادۆر) نیشتەجێن.

لێرەدا سیاسەتی زمانەوانی لە بواری خوێندندا و لە بەشی دووەمی ئەم گەلە دەخەینە روو، بە پشت بەستن بەو سەرنجانەی لە کاتی گەڕانمان بە (سۆکوا)ی پایتەختی (شوار)ی ئەکوادۆردا

---

(١) ئیسپانییانی داگیرکەر ئەم ناوەیان لێناون کە مانای (دڕندەکان) دەگەیەنێ و نیشتەجێبوانی نێوان ئەکوادۆرو پیرۆ دەگرێتەوە.

(٢) سەرەبچووکەکان: بریتیین لە چەند شتێك لە شێوەی سەر دروستکراون، کە نەریتی جیفارۆس بووە و ئیسپانیەکانیان دەکوشت و سەریان دەبڕین و دواتر سەرەکانیان بە دار هەڵدەواسی.

کە لە مـانگی تـەمموزی ١٩٨٠ تۆمارمـان کـردووە، لـەوێ توانیمـان چـەندین دیـدار لەگـەڵ بەرپرسانی یەکێتیی سەنتەرەکانی شوار ئەنجامبدەین، هەروەها سەردانی قوتابخانەکانمان کـرد و بە چەندین بەڵگەنامە ئاشنا بووین کە یەکێتیەکە دەری کردبوون.

لە رۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی ئەندێزدا، لە نێوان (ریۆباستازا) لـە بـاکوور و (مۆرۆنـا) لـە رۆژهەڵات و (مارانۆن) لە باشوور، (شوار) لە خانووی جیاجیا و لـە دارسـتانی ئـەمازۆن و لـە چەند گوندێکی بچووکی لە یەکدی دوور نیشتەجێن، رێگای هاتوچۆکردن پەیوەندیی نێوان ئەو گرووپانەی بە زەحمەت خستووە، تەنانەت ئەمە هۆیەك بوو کە (سالیزیە)نێردراوەکانی هاندا بۆ مژدەهێنی مەسیحییەت کە خوێندن لە ناو خودی گونـدەکان دەسـتپێبکەن، ئـەم پلانـەش لـە ساڵی ١٩٣٤دا دەستیپێکرد ئەم رێچکەیەش زیاتر وای لە منداڵان دەکرد بـڕوا بـە بیروبـاوەڕی مەسیحییت بهێنن و بە ئاسانیش فێری زمانی ئیسپانی و رۆشنبیریی ئیسپانی بن.

بەڵام دوو هۆکاری نزیك بەیەك، بە هەردووکیان سیاسەتی خوێندن و قوتابخانە دەگۆڕن:

یەکەمیان: نێردراوانـی سـالیزی، زیـاتر بایـەخ بـە رۆشـنبیریی شـوار دەدەن و لـە چـەند هۆکارێکیش دەگەڕێن تاکو مانەوەیان لە رووبەرووبوونەوەی نموونەی ئیسپانی مسۆگەر بکەن.

دووەمیان: شوار خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٤دا یەکێتیی سەنتەرەکانی شواریان دامەزراند، هەر سەنتەرەی نزیکـەی (١٥) مـاڵ لـە خـۆ دەگـرێ، هـەر سەنتەرێکیش کە ژمارەیان (٢٠٠) سەنتەرە، بەرپرسـانیان هەڵدەبـژێرن، ئـەوانیش بەرپرسـانی کۆمەڵەکان دەستنیشان دەکەن کە ژمارەیان (٢٤) کۆمەڵەیـە و نوێنـەرانیان بـۆ یەکێتییەکـە دەنێرن. ئەم یەکێتییە، بە ناوی دەوڵەتی شوار لە ناو دەوڵەتی ئەکوادۆردا کاردەکـات و بایـەخ بە هەرەوەزییـەکانی بەرهـەم هێنـان و بـاری کەسـێتی و تۆمارگـەری تـاپۆ و بـە خێـوکردنی مەڕومالات و بواری پەروەردەو تەندروستی و فرۆشتنی کەلوپەلی فۆلکلۆری و میللی دەدات.

لە ساڵی ١٩٦٦دا بیرۆکەی رادیۆی شوار هاتە ئـاراوە، دوو گـەنجی شـوار بـە پاڵپشـتیی دارایـی نێردراوە سالیزیەکان بۆ مەشق و راهێنان رەوانەی قوتابخانەی ئیستگەیی رادیۆ کـران، کـە کەوتووەتـە شاری (رێوبامبا) لە شاخەکانی ئیندیز، مەبەستیش لەمە ئەوە بوو کە ئەو دوو گەنجە دوای پێکهێنانی ئیستگەیەکی رادیۆ، بتوانرێ هەر لە شارەوە بەرنامەکانی بەرەو ناوچەکانی ئـەمازۆن پـەخش بکـات. بەڵام زنجیرە شاخی ئەندێز، بووە بەربەستێکی سروشتی کە رێگر بوو لە ئاواکردنی شەپۆلەکانی دەنگ. بۆیە بڕیاردرا سەنتەرێکی پەخش لە سـواکواو لـە سـاڵی ١٩٦٨دا دابـەزرێت بـە نـاوی (ئێسـتگەی یەکێتیەکە) و داوای هاوکاریی نێو دەوڵەتی کرد بۆ جێبە جێ کردنی ئـەم پرۆژەیـە. بۆیـە رێکخـراوی

یونسکۆ و چەندین کۆمەڵەی خێرخوازی ئەڵمانی و ئیتاڵی و هۆڵەندی پارەداریان کرد. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە (شوار) مەبەستیان لە هەمە جۆریی سەرچاوەکانی پارەدارکردن ئەوە بوو کە خۆیان پارەکە خەرجبکەن و سەرپەرشتیی بکەن، بۆیە دواتر کارەکان زۆر بە خێرایی جێبەجێ کران:

- **لە ساڵی ١٩٦٨:** پەخشەکە رۆژانە بۆ ماوەی پێنج سەعات بە هەردوو زمانی ئیسپانی و شواری دەستپێبکرد، لە دووشەمەوە بۆ شەممە: دوو سەعات بەیانیان و سەعاتێك نیوەڕۆیان و دوو سەعاتیش ئێواران.

- **لە ساڵی ١٩٦٩ :** پەخشەکە رۆژانە بووە حەوت سەعات و دوو سەعاتیش رۆژانی یەکشەممە.

- **لە ساڵی ١٩٧٠:** پەخشەکە بووە یازدە سەعات لە رۆژێکدا و دوو سەعات یەکشەممان بە هەردوو زمانی ئیسپانی و شواری، بەڵام پەخشی ئاراستەکراو بۆ منداڵان لە قوتابخانە هیچ گۆڕانکاریی نەهێنایە ئاراوە، ئەوان هەر زمانی ئیسپانی و رۆشنبیریی ئیسپانی فێربوون.

- **لە ساڵی ١٩٧٢ :** گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوە رووید‌ا، بڕیاردرا لە رێگای رادیۆوە پرۆسەی فێرکردن بۆ پشتیوانی کردن لە قوتابخانەکان ئەوانەی بە دوو زمان دەیانخوێند، دەستپێبکات. بۆیە پەخشەکە لە سەعات پێنجی بەیانیان تاکو دەی شەو هەموو رۆژێك بەردەوام بوو، هاوکات ئامێری ناردنی شەپۆلەکانیش گۆڕدران، ئامێری یەکەم کە هێزەکەی یەك کیلۆ وات بوو، گۆڕدرا بە سێ ئامێر: دووانیان بە هێزی پێنج کیلۆ وات و سێ یەمیان بە هێزی دە کیلۆوات.

بیرۆکەی قوتابخانەی دووانەزمان چەند پرانسیبێکی پەیڕەو کرد:

- فێرکردن بە زمانی ئیسپانی هێدمەیەکی دەروونییە بۆ منداڵانی شوار، هەروەها دابڕانیانە لە ژینگەو رۆشنبیریی خۆیان. بۆیە وا چاکە بەو زمانە بخوێنن کە خۆیان و باوکیان قسەی پێ دەکەن.

- هەموو زمانێك کەمترین پلانیشی هەبێ، توانای تازەگەریی هەیە.

- پێویستە بەهای راستەقینە بدرێتە کەلەپوور و رۆشنبیریی شوار.

- پێویستە زمانی نیشتمانیش بخوێندرێ، کە زمانی ئیسپانییە، لە روانگەی ئەو پرانسیپانەوە شوار سستەمێکی خوێندنی دارشت، کە رێز لە بەرنامەی نیشتمانی دەگرێت، قوتابیانی ئامادە دەکرد بۆ پێشکەشکردنی تاقیکردنەوەکانی ئەکوادۆری بە زمانی ئیسپانی لە لایەك و زیادکردنی بەرنامەیەکی تایبەت لە لایەکی دیکەوە کە ئەمە خەسڵەتەکانیەتی:

١ . بەرنامەکان لە رۆشنبیریی شوار و ژینگەکەیان وەرگیراون: تێکستی خوێندن لە کەلەپووری زارەکی وەرگیراوە بەڵام دوای نووسینەوەی، هەروەها خوێندنی داستان و داب و نەریت و زمان و ناوی بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ و پیشەسازیی فۆلکلۆری و ئامێرەکانی مۆسیقاو کەل و پەل و کەرەستەی چێشتخانە.

٢ . بابەتەکانی دارشتن راستەوخۆ لە ژیانی رۆژانە وەردەگیران، کاتێ سەیری دەفتەری قوتابییەکانمان کرد، ئەم بابەتانەیان تێدا نووسرا بوو: سەرگوزەشتەی داستانی پڵنگە رەشەکە و ژیاننامەی سەرۆکی یەکێتیەکە و پێکهاتەی ئەنجوومەنی شوار و جەژنی میللەتەکە..

٣ . راهێنان ئەنجامبدرێت لەسەر وەرگێڕانی نێوان هەردوو زمان و رێزمانیش بە شێوەیەکی ئاسایی بخوێندرێت.

بەرنامە نیشتمانییەکان رێزیان لێ دەگیرێت لەو بەشەی کە پەیوەندی بە زمانی ئیسپانیەوە هەیە، بە پێی رێکەوتنێك لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی. بەڵام لە بەشی پەیوەندیدار بە شوار، بەرنامەکان بە گوێرەی واقیع و زمانی لۆکال و ناوخۆ رێکدەخرێت، تاکە خاڵی رەسەنی ئەم ئەزموونە لە دووانەزمانیدا، هەروەها لە دوو رۆشنبیرییدا ئەوەیە کە هیچ گرووپێکی هیندی لە ئەکوادۆر نەیتوانیوە ئەم سیستەمە بە دەست بێنێ و ئیسپانییش لە هەموو شوێنێکدا بە زمانی فەرمی مایەوە، هەر چەندە کیشوا، بۆ نموونە ژمارەشیان لە شوار زیاتر بوو.

هێنانی رادیۆ بۆ ناو بەرنامەکانی قوتابخانە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢دا، خاڵی رەسەنی دووەم بوو لە پرۆسەی خوێندندا، لە میانی ساڵی خوێندنی ١٩٧٢ – ١٩٧٣دا سی ویەك سەنتەر بەرنامەکانی رادیۆیان لە ساڵی یەکەمی سەرەتایی بەکارهێنا، لە ساڵی ١٩٧٥ – ١٩٧٦دا بەرنامەکانی رادیۆکە گەیشتە پۆلی چوارەم، لە ساڵی ١٩٨٠دا، ئەو ساڵەی کە سەردانی (سۆکوا)مان کرد شەپۆلی رادیۆکە، کە بۆ قوتابخانە تەرخانکرابوو، لە هەشتی بەیانییەوە تا یەك ونیوی نیوەڕۆ بەردەوام بوو، ئەم بەرنامانە بۆ سەرجەم پۆلەکانی قوتابخانەی سەرەتایی بوون و سەدو پەنجاو سێ سەنتەر گوێی لێ رادەگرت، لە هەر سەنتەرێکیشدا، مامۆستایەك دانرا بوو کە سەرپەرشتیی پرۆسەی گوێ راگرتنی لە رادیۆکە دەکرد، لە لایەکی دیکەوە هەر وانەیەك ماوەکەی چل دەقیقە بوو، نیوەی بۆ گوێ گرتن و نیوەکەی دیکەش بۆ وەڵامدانەوە و گفتوگۆکردن لەسەر بەرنامەکان تەرخانکرا بوو.

بەم شێوەیە قوتابخانە رادیۆییەکان بە شێوەیەکی رێك و پێك لەوەتەی ساڵی ١٩٧٢ پەرەی سەند، لە هەمان کاتدا ژمارەی نەخوێندەواران و ئەو قوتابیانەی لە دەزگا ئایینییەکان و قوتابخانەکانی دەوڵەت کە تەنیا بە زمانی ئیسپانی دەیانخوێند، رووی لە کەمیی کرد.

لەم خشتەیەدا **هەندێ ژمارە لەم رووەوە دەخەینە روو:**

	ژمارەی قوتابیان	
	١٩٧٢	١٩٧٩
قوتابخانەکانی رادیۆیی جووت رۆشنبیری	٥٠٦	٣٤١٩
قوتابخانەکانی ئاییینی تاك زمان	١٦٦٠	٥٠٠
قوتابخانەکانی دەوڵەت تاك زمان	١٧٩٠	٩٠٦
نەخوێندەواران لە تەمەنی خوێندندا	١١٤٨	٥٠٠

لە قوتابخانە جووت رۆشنبیرییەکاندا، رێژەی ئەو سەعاتانەی بۆ هەر یەکێك لەو دوو رۆشنبیرییانە تەرخانکراوە، بە شێوەیەکی لەسەرخۆ پەرەی سەند، کە (٩٠) لە سەدا بۆ شوارو (١٠) لە سەدا بۆ زمانی ئیسپانی لە دوو ساڵی یەکەمدا تەرخاندەکرێت، دواتر (٧٠) لە سەدا بۆ شوار و (٣٠) لە سەدا بۆ ئیسپانی لە دوو ساڵی دواتردا، پاشان ژمارەی سەعاتی تەرخانکراو بۆ هەر زمانێك لە ساڵی پێنجەمەوە یەکسان دەبێت.

ئەوەی کە باسمانکرد، هەموویان شتی تازەیان تێدا نییە، چونکە رادیۆ لە سنیگال زۆر لەمێژ بوو بەکارهێنرابوو، کاتێ مەڵبەندی زمانەوانی پراکتیکی لە داکار لە قۆناغی سەرەتایی ئەم رێچکەیەی پەیڕەو کرد، هەروەها بەکارهێنانی هەردوو زمان: یەکێکی لۆکال و یەکێکی نیشتمانی، شتێکی تازە نییە، بۆ نموونە لە گینیا ئەمەمان روونکردەوە. بەڵام ئەوەی تازەو رەسەنە لە ئەزموونی شوار شتێکی جیاوازە، چونکە ئێمە لە بەردەم سیاسەتێکی زمانەوانی نموونەیی و نارێچکەیی داین لە چەند لایەنێکەوە:

١ . یەکەم شت سیاسەتێکی نارێچکەییە چونکە وابەستەی دەوڵەت نییە، سیاسەتی کەمایەتییەکە کە خۆی بڕیاری لەسەردەدا جێبەجێی دەکات، چاکسازیی قوتابخانەیی کە شوار پیادەی دەکات لە هەموو ئەو نموونانە جیاوازترە، کە تا ئێستا باسمانکردوون (هەر چەندە

نموونەیەکی تاك و تەرا نییە، چونکە دەتوانین باس لە نموونەی ئەو قوتابخانانە بکەین کە لایەنگرانی سەربەخۆیی لە وڵاتانی باسك ڕێکیدەخات[٣].

٢. دیسان سیاسەتێکی نارێچکەییە، چونکە دەستێوەردانی مرۆڤ لە زماندا، شێوەیەك نییە لە شێوەکانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی بەسەر چینێکی دیکەدا، بەڵکە بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، شێوەیەکە لە شێوەکانی ئازادی، چونکە گەلی شوار، کە زمانی ئیسپانی وەك زمانێکی نیشتمانی قبووڵکردووە، زۆر بە ئاسانی توانیویەتی جۆرێك لە دووانەزمانی لە نێوان دوو زماندا پێکبهێنێ، یەکەمیان زمانی گشتی **(مێگەل)** کە زمانی خۆیەتی، دووەمیان **زمانی بلاو** کە زمانی دەوڵەتە، واتا توانیویانە وێنەی واقیعی وڵاتەکەیان بخەنە روو.کاتێ هیندەکانی ئەکوادۆر لە کۆنگرەکەیەدا کۆدەبنەوە، هەموویان، شوار و کشو و کۆلۆرادۆ.. لە نێو خۆیاندا بە زمانی ئیسپانی قسەدەکەن، کێشەکەیان تەنیا پاراستنی چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانەکانی ناو خۆیانە لە نیشتمانەکانیاندا، ئەمەشیان گەلی شوار هەوڵی زۆری بۆ دەدا.

٣. لە کۆتاییدا سیاسەتێکی نموونەییە، چونکە دەتوانێ کاربکات بۆ بەر تەسك کردنەوەی سنورێکی ئەستەم. گومانی تێدا نییە کە ڕەوشی جوگرافیی ئەم گەلە لەو ناوچە سەختانەدا و دوور لە پایتەخت، گوزارشتێکی کەم لە سەربەخۆیی ڕێژەیی ئەم گەلە دەکات، بەڵام ئەمە لە بەهای گەلی شوار کەم ناکاتەوە، لە هەوڵ و تەقەللای مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی ئەکوادۆر وەك دوژمنێکی خۆی، چونکە هەر خۆی توانیویەتی خۆی بژێنێ و ببێتە نموونەیەکی سەرنجڕاکێشەر بۆ هەموو گەلانی جیهان.

خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە، کە ئەم گەلە پیادەیدەکەن، ئەویش ئەوەیە کە خۆیان دەست لە زمانەکەیان وەردەدەن، چونکە هەر خەڵکانێك هەوڵیان دابێ دەست وەربدەن لە سیستەمێکی فێرکردنی ئاسایی و زمانێکی تازە بهێنن بۆ نووسین کە کەلتورێکی زارەکی هەبێ، بەڵام زمانێکی سەربەخۆ نەبێ و ڕێزمانەکەی بەهێز نەبێ، گەلی شوار دژی دەوەستن و خۆیان گرفتەکە چارەسەر دەکەن، لێرەدا تەنیا یەك نموونە بۆ چارەسەرکردنەکە لە مەسەلەی ژمارە دەخەینە روو: سیستەمی ژمارە لە نەریتی گەلی شواردا سیستەمێکی پێنج لایەنییە و پشت بە ژمارە (٥) دەبەستێ، چونکە دەست بۆ ژماردن و دواتر (پێ) بەکاردێنن، بە

---

(٣) ناوچەیەکە کەوتووەتە نێوان فەڕەنسا و ئیسپانیا داوای سەربەخۆیی دەکات، ژمارەی ئەوانەی بە زمانی باسك قسەدەکەن ملیۆنێك دەبن.

ئاماژەکردن بۆ پەنجەکان و ناوهێنانیان: (شیکیشك = ١)، (جیمیار = ٢)، (سنیانك = ٣)، (ئانتیۆك = ٤)، (دەست = ٥)، (ناو(پێ) = ٥) بە ژمارە (٦)یش دەڵێن (ویگنی)، بەڵام ژمارە (٧، ٨، ٩) بۆ ئەوانەی پێشتر وشەی (هراکۆ) زیاد دەکرێت، بۆ نموونە جیمار هراکۆ (٧) و منانك هراکۆ (٨) و ئەنتیۆك هراکۆ (٩) .وا دیارە سیستەمەکە رێگا نادات دوای (١٠)، ژماردن بەردەوام بێ، ئەمەش کەماسی نییە لە ناو ئەو گەلەدا، بۆیە کاتێ پەیامنێرانی بڵاوکردنەوەی ئایین نووسینیان هێنایە ناویانەوە، لە سیستەمی دەیی و ژمارەکان، دواتر سیستەمی فێرکردنی دوو کەلتوور، سیستەمی ژمارە نکە بە پەنجەکان و بە دەست و بە پێ پەیڕەو دەکرا، لاواز بوو دواتر سڕایەوە، تا سیستەمێکی دیکە بە سیستەمی ژمارەیی ئیسپانی شوێنی گرتەوە، بەڵام تایبەتمەندیی گەلی شوار تا دەهات بەرز و خۆ راگر دەبوو، دەبینین بۆ ژمارە شەش بۆ نموونە دەیانگوت: (ئۆجۆك) واتا (کلکی مەیمون) کە هێمای (٦) بوو، بۆ ژمارە (٧) دەیانگوت: (تسنکن) کە ناوی ئامێرێکە و لە جووتیاریدا بەکاردێت و هێمایە بۆ ژمارە (٧)، بۆ ژمارە (٨) : (یاروسك) ناوی مێرووڵەیەکە لە زمانی شواردا، ژمارە (٩): (نسویتای) ناوی پەنجە گەورەی دەستە، ئەو پەنجەیەی کە بۆ نیگارکێشان لەسەر روومەتیان بۆ جوانی بەکاریان دەهێنا، بۆ ژمارە (١٠٠): (واشن) کە قولابی راوکردنی ماسی بوو، بۆ ژمارە (هەزار): (نوبانتی) کە واتای (زۆر) دەبەخشێ، بۆیە دەبینین ژماردنی دەیی لای ئەوان بەم شێوەیە بوو:

١. شیکیشك ٢. جیمیار ٣. مینانك ٤. ئانتیۆك ٥. ئۆج ٦. ئۆجۆك ٧. تسنکن ٨.یاروسك

٩. نسومتای ١٠. ناوی ١١. ناوی شیکیشك ١٢. ناوی جیمار....تاد.

٢٠. جیمار ناوی.

٢١. جیمار ناوی شیکیشیك...تاد.

بەڵام ژمارە (٣٠، ٤٠) پێی دەگوترێت (مانینکا ناوی) واتا (سێ پێ) و (ئەنتیۆك ناوی) واتا (چوار پێ)، هەروەها (واشین ناوی) واتا (سەدودە) و (واشین ناوی شیکیشیك) واتا سەدو یازدە).. کەواتە ئێمە لێرەدا لە بەردەم گۆڕانکارییەکی دوولایەنە داین، گۆڕانکاریی لە هێماوە بۆ وێنە (ئەو کاتەی بە هێما کردن بۆ پەنجەکانیان دەیانژمارد، دواتر دەنووسن)، ئینجا بۆ سیستەمی دەیی لە سیستەمێکەوە کە پشتی بە ژمارە(٥) دەبەست، کە سەرەتا لەشن بناغەیەك بوو بۆپێوانەکردنی هەموو شتێك، هەروەکو لە زۆر کلتوردا بەرچاو دەکەوێ، بۆ

نموونه له ناوچەی تەنگەبەری تۆرێز لە نێوان ئوسترالیاو گینیای تازەدا، تا ژمارە (٣٣) بە بەکارهێنانی جومگەکانی لەش، یەك لە دوای یەك، پرۆسەی ژماردنیان دەکرد. بەڵام ژماردنی دەیی کە ئیمپریالیزمی ئیسپانی لەگەڵ خۆیدا هێنای، بەوە لێکدەدرایەوە کە وێنەیەکی بیانییە، لێرەدا بەهای سیاسیی نموونەی شوار دەردەکەوێ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ لەبەر رۆشنایی رۆشنبیرییەکانی دیکەی هیندی کە لە ئەمریکای باشووردا پێی گەیشتن، هەورەها کەمایەتییەکانی رۆشنبیری لە جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی، شەڕی زمان لە هەموو حاڵەتێکدا گوزارشت لەو شێوەیە دەکات کە شان بە شانی پۆلین کردنی تەمەنە، منداڵان لە قوتابخانەدا زمانی نیشتمانی فێردەبن کە زۆر جار فێری زمانی لۆکال (ناوخۆ) دەبن، جا ئەگەر ئەم رەوشە بە ئاراستەی فێربوونی زمانی ناوخۆ لە قوتابخانەکاندا پەرە نەسێنێ، ئەوا بەرە بەرە دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی زمانی یەکەم، کە تەنیا ئەرکی پەیوەندییەکی تەسکدەبینێ لە ناو خێزاندا و رەنگە لە کۆتاییدا هەر بە جارێ لەناو بچێ، هەروەها منداڵان فێری نووسینی زمانی باوکیان نەبن، بە تایبەتی، ئەوا کەلێنێك لە نێوان منداڵان و باوانیان دروستدەبێت، کە رەنگە زمانی یەکەم لەناو ببات کە زمانی باوانە، نەوە دوای نەوە گەلی شوار رێگا چارەیەکی ریشەییان هەڵبژارد، نەك تەنیا لەسەر ئاستی زمانەوانی، بەڵکو لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی ئابوورییەکەی و زەوییەکەی، توانی ببێتە خاوەن هۆکاری تەکنیکی ئەم بوارە. ئەو جیهانە بچووکە لە سیاسەتی زمانەوانی و نەخشەدانانی خۆیدا، وێنەیەکی نموونەیی بچووکە، بۆمان دەسەلمێنێ کە ئیمپراتۆریەتەکانی زمان کە لەم جیهانەدا بە ئەسپایی پەیدا دەبن، قەدەرێکی ئەستەم نییە، جا هەر زمانێکیان هەبێ، چ فەڕەنسی، یان ئینگلیزی یان رووسی یان ئیسپانی، خەبات کردنیش لە پێناو خولقاندنی زەمینەیەکی جیاواز لەم جیهانەدا هەرەسدێنێ.

بەشی چوارده

سیاسەتی زمانەوانی و ئیمپریالی : پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی

لە سێ بەشی رابردوودا باسمان لە چەند نموونەیەکی سیاسەتی زمانەوانی کرد کە دەوڵەت دەستی بەسەر چینی رەش و رووتدا گرتووە، (هەروەکو لە چین و هیندستان و گینیا و تورکیا و نەرویژدا) هەیە، کەمینەیەکی نیشتمانیش لە یەکێك لەو دەوڵەتانە، کە گەلی شوارە، سەرپەرشتیی نموونەیەکیان دەکات، لێرەدا مەبەستمان چارەسەرەکردنی نموونەیەکی هەندێ جیاوازە، ئەویش نموونەی (سیاسەتی زمانەوانی بەوەکالەت)ە، واتا ئەو سیاسەتانەی کە لە ناو دەوڵەتداو بە ناوی دەوڵەتەوە، توخمێك لە دەرەوە کە (پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی)یە، ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێ.

نمایشێکی گشتی

پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە لایەن قەشەی کالڤانی[1] **کامیرۆن تاونسند** دامەزرا، ویلایەتی کالیفۆرنیاش لە ساڵی (١٩٤٢) دا رەزامەندیی لەسەردا، بۆیەش بە پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی ناونرا، چونکە هەموو هاوینێك لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا خولی تایبەت بە زمان و پێکهاتەی زمانی رێکدەخست، مەبەستیش لەمەدا دوو خاڵ بوو: وەسفکردنی زمانەکانی جیهان کە وەسفیان نەبوو، بە واتای کارکردن بە شێوەیەکی گشتی لەو شوێنانەی کە بە جیهانی سێیەم ناسراون لە لایەك، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ ئەو زمانانە لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، تاونسند لە ساڵی ١٩٤٢ دا رێکخراوێکی دوو لایەنەی پەیمانگەکەی دامەزراند بە ناوی پەیمانگەی وایلکیف[2] بۆ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز.

---

[1] تیمێکی پرۆتستانتییە و سەر بە (کالڤن)ە کە لە ژێر کۆنترۆلی قەشەکان دەرچوو بوو.

[2] جۆن وایکلیف : یەکەم وەرگێڕی کتێبی پیرۆزە بۆ زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٣٨٢ دا.

ئەم دوو رێکخراوە (SIL-WBT) کار دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و پەروەردەکردنی دانیشتوانی وڵات لەزۆربەی ناوچەکانی جیهاندا، لەم خشتەیەدا بۆ روونکردنەوە، وێنەیەکی ئەو دوو دەزگایە لە جیهاندا ساڵی ١٩٧٨دا دەخەینە روو، کە (٣٧٠٠) کەس لە (٢٩) وڵاتی ئەفریکا و ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئۆکیانیا کاردەکەن و دەربارەی (٦٧٥) زمان زانیاری دەدەن:

پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە جیهاندا (sil) (لە نێو دوو کەوانەدا مێژووی دەست بەکاربوون لە وڵاتی دیاریکراودا)
مەکسیك (١٩٣٥) : (٣٧٢) کەس
پیرۆ (١٩٤٥) : (٢٤٣) کەس لە مانگی نیسانی ١٩٧٦ حکوومەتی سەرۆك مورالیس فەرمانی بە پەیمانگەکە دا، وڵات جێ بێڵێ، بەڵام دوایی لە فەرمانەکەی پاشگەزبووەوە، لە ١٩٦٧ بۆندێکی تازەی بۆ (٥) ساڵ مۆرکرد
ئەکوادۆر (١٩٥٢) : (١٠٠) کەس
گواتیمالا (١٩٥٢) : (٩١) کەس
هیندۆراس (١٩٦٩) : (٤) کەس
بۆلیفیا (١٩٥٥) : (١١٥) کەس
بەرازیل (١٩٥٦) : (٣٠٣) کەس، لە مانگی تشرینی دووەمدا، پەیمانگەکە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ لە ناوچە هۆزنشینەکان کشایەوە، تەنیا لە بورتۆفیلۆ و مانوس بنکەکانی هێشتەوە
کۆلۆمبیا (١٩١٢) : (٢١٧) کەس
پەنەما (١٩٧٠) : (١٧) کەس
سیرینام (١٩٦٧) : (٢٠) کەس
شیلی (١٩٧٧)
فلیپین (١٩٥٣) : (٢٥١) کەس
بابوازی (گینیای تازە) (١٩٥٦) : ٥٤٦ کەس
ڤیتنامی باشوور (١٩٧٥) : (٦٦) کەس لە ساڵی ١٩٧٥ وڵاتیان جێ

هێشت
کەمبۆدیا (١٩٧١) : دوو کەس ولاتیان جێ هێشت
ئوسترالیا (١٩٦١) : (٨٢) کەس
دوورگەکانی سلۆمۆن (١٩٧٧)
هیندستان (١٩٦٦)
نیپال (١٩٦٦) : (٨٣) کەس حکوومەت هەموویانی لـە سـالّی ١٩٧٦ دەرکرد
ئەندەنۆسیا (١٩٧١) : (٨١) کەس
مالیزیا (١٩٧٧)
ئەسیوبیا (١٩٧٣)
سودان (١٩٧٤)
کینیا (١٩٧٧)
چاد (١٩٧٧)
گانا (١٩٦٢) : (٤٦) کەس
نایجیریا (١٩٦٢) : (٧١) کەس حکوومەتی نایجیریا هاولاتی نایجیری لـە شوێنی داناون
کامیرۆن (١٩٦٧) : (٧١) کەس
تۆگۆ (١٩٦٧) : (٦٥) کەس
کەناری عاج (١٩٧٠) : گرێ بەست لەگەڵ زانکۆی ئەبیدجان
فۆلتای سەروو (١٩٧٤) : (٥٧) کەس

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئـەو پەیمانگەیـەی مـژدەهێنی ئـەمریکیی زمانـناس کینیس بایك سەرپەرشتیی دەکات و بارەگای لە چەندین خاڵی ستراتیژیی جیهاندا هەیـە، ئـەو خاڵانەی کە ناچاربوو بە جێیان بهێڵێ بە تایبەتی لە (بەرازیل و نیپـال و ڤێتنـام و کـەمبۆدیا)

دوا به دوای رووخانی ئەو حکوومەتانەی لایەنگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون، ئەمەش گرنگێتیی خۆی هەیە.

لە ساڵی ١٩٤٧دا پەیمانگەو ڕێکخراوی وەرگێڕان دەزگایەکی لۆجستیی گرنگیان دامەزران، کە (فڕۆکەوانی و دەزگای رادیۆ) بوو، سەرپەرشتیی گواستنەوەی ئاسمانی و گەیاندنی بێتەل و چاککردنەوەی کەلوپەلەکانی لەو شوێنانە دەکرد کە زمانزانناسە مژدەهێنەکانی تێدابوون، ئەم دەزگایە توانایەکی گەورەی لە سەربەخۆیی و پرۆسەی گواستنەوەو گەیاندنی بێ تەل بە پەیمانگە و ڕێکخراوەکە بەخشی. تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا مافی فڕینی بەسەر زەوییەکانیاندا وەرگرت کە ڕێگای پێدەدرا راستەوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ بنکەکانی مژدەهێن، بێ ئەوەی بە فڕۆکەخانەی ناوخۆیی، تێپەڕێت، دەرەنجام بێ ئەوەی بە دەزگاکانی گومرگی ناوخۆییدا تێپەڕێت.

پەیمانگەکە لەو وڵاتانە کاردەکات، کە ناویان لە خشتەکەدا هاتووە، یان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتدا، یان لە ڕێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکێك لە زانکۆکاندا، کارمەندانی پەیمانگەکە زمانەکانی لۆکال (ناوخۆ)یان دەخوێندەوە و دەقی زانستیان دەربارەی ئەم زمانانە بڵاودەکردەوە، بە تایبەتیش بە زمانی ئینگلیزی، هەروەها فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە لە نێوان دانیشتوان لە هەندێ ناوچەدا، هاوکات کتێبی پیرۆزیان بۆ ئەو زمانانە وەردەگێڕا، لە راستیدا پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە هەمان کاتدا ئەرکی مژدەهێنی و بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت و نەهێشتنی نەخوێندەواریی لە ئەستۆ گرتووە، لەم رووەوە، وەك ڕێکخراوە مرۆییەکانی دیکە وایە، کە لە جیهاندا چالاکیی لەم جۆرەیان هەیە.

رەخنەکانی بەرایی

بۆ یەکەم جار لە کۆلۆمبیا دەنگی نارەزایی بەرزبووەوە بەرامبەر کردەوەکانی پەیمانگە و ڕێکخراو و دەزگەکانیان، لیوا یواکیم متالانا بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٩٧٤ و لە بەردەم کۆنگرەیەکدا رایگەیاند کە ئەم گرووپە زێڕ و زیو بە قاچاخ لە تۆنیباوە دەبەن، هەروەها قاچاخچێتیی ماددەی هۆشبەر لە دەشتەکانی رۆژهەڵات دەکەن و بە دوای سامانە سروشتییەکاندا دەگەڕێن، وێڕای ئەنجامدانی نەشتەگەری بۆ قەدەغەکردنی وەچەکەوتنەوە، هەروەها نوێنەری کۆلۆمبیا نابلیۆن بیرالتا لە بەردەم هەمان کۆنگرەدا و دوای ساڵێك و لە چواردەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا نارەزایی دەربڕی بەرامبەر بوونی بنکەیەکی

سەربازیی ئەمریکای باکوور لە ناوچەی چیاکانی ماکارنیا کە بنکەی لۆجستیی پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لێ بوو. نارەزایی بەرامبەر پەیمانگەکە و دەزگاکەی، دواتر لە ئەمریکای باشوور پەرەی سەند، لە ساڵی ١٩٧٥دا و لە پیرۆ دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە حکوومەت داوا لە پەیمانگەکە دەکات بەم زوانە وڵات جێ بێڵێ دوای هەڵمەتێکی راگەیاندن کە زۆر بەردەوام بوو، پەیمانگەکەی بەوە تاوانبار کرد کە پەیوەندیی هەیە بە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکاوە، هەروەها بەوەی کە راستەوخۆ زێڕو یۆرانیۆم وەبەردەهێنێ، لە هەشتی تشرینی یەکەمدا لە مەکسیك گرووپێکی زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵناسی و قوتابیان، نارەزاییان بەرامبەر چالاکییەکانی پەیمانگەکە دەربڕی، ئەمەش لەنامەیەکدا هات کە ئاراستەی سەرۆك کۆماریان کرد بە ناوی (نارەزایی باتزکوارۆ)، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا رۆژنامەکانی ئەکوادۆر بە مانشێتەکانیان هۆشداریان داو نووسیان: (کۆلۆمبیا گرێبەستێك لەگەڵ رێکخراوێکی ئەمریکی هەڵدەوەشێنێتەوە کە لە ئەکوادۆر کاردەکات) هەروەها بەشی زانستی ئەنترۆپۆلۆجی لە زانکۆی کاسۆلیك لە مانگی شوباتی ١٩٧٦دا بەڵگەنامەیەکی لە دووتوێی دە لاپەڕەدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی ((پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی چییە؟)) کە نارەزایی دەربڕی بەرامبەر ئەو رۆڵەی پەیمانگەکە لە ئەکوادۆر دەیگێڕێ، بە تایبەتیش لە بنکەی ئەمازۆن لە لیمۆنکۆشادا.

لە راستیدا، ئەلفۆنسۆ لۆبیز میشیلسین سەر کۆماری کۆلۆمبیا لە چواردەی شوباتی ١٩٧٥دا رایگەیاند کە بەرە بەرە مژدەهێنەرانی پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە وڵاتەکەی دووردەخاتەوە و توێژەرانی کۆلۆمبی شوێنیان دەگرنەوە، بەڵام وەزیری پەروەردە (هیرناندۆدیران) دوای ساڵێك نامەیەکی پشتیوانی بۆ کامیرۆن تاونسند ناردو بڕوا پێبوونی بۆ تازە کردەوە، لە پیرۆ سیناریۆیەکی لەم شێوەیە هاتە کایەوە، حکوومەت لە دووی نیسانی ١٩٧٧دا، دوای ئەوەی کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا، رایگەیاند کە وڵاتەکە پێویستی بە کاری زمانزانانی مەڵبەندیی هاوینەی زمانەوانییە، بەڵام لە بەرازیلدا بە پێچەوانەوە، حکوومەت لە ٢٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧دا رایگەیاند کە تازەکردنەوەی ڤیزای (١٥٠) مژدەهێنی مەڵبەندیی هاوینەی زمانەوانی و رێکخراوی وەرگێڕان رەتدەکاتەوە. لە کۆلۆمبیاش سەنتەر و رێکخراو و دەزگەی فرۆکەوانی و گەیاندنی بێتەل تۆمەتبار کرا بە بەکارهێنانی ئەو فرۆکانەی کە سوپای ئەمریکی پێیدەدات و ئەو فرۆکەوانانەش لێی دەخورن، کە بەشداری شەڕی ڤێتنامیان کردووە، لێرەدا هەندێ لەو تۆمەتانە دەخەینە روو، لە هەڵمەتێکدا کە چوار ساڵ یان

پێنج ساڵی خایاند، لە پێنج یان شەش دەوڵەتی ئەمریکای لاتین و ئەمریکای ناوەڕاستدا، دژی ئەو گرووپەی کە پێکهاتووە لە سەنتەر و دەزگەی وەرگێڕان و دەزگەی گەیاندن.

- پەیوەندیی بەستن لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا.

- سازکردنی سەربازگە بۆ مەشقکردن دژی بەرهەڵستی کردنی شەڕی پارتیزانی (بە تایبەتی لە کۆلۆمبیاو مەکسیکیدا) لە ژێر پەردەی سەنتەرەکانی پێکهێنان.

- بازرگانی کردن بە زێڕو یۆرانیۆم و هۆشبەرەکان.

- سەپاندنی قەدەغەکردنی منداڵ بوون لە نێو هیندییەکاندا.

- پەیوەندی بەستن لەگەڵ توێژینەوەکانی ئەمریکی تایبەت بە نەوت.. وێڕای ئەو تۆمەتە مەترسیدارانەش، چەندین رەخنەی دیکەش هاتە ئاراوە:

- ئامانجی یەکەمی ئاشکرای پەیمانگەکە و دەزگەی وەرگێڕان مژدەهێنی و بڵاوکردنەوەی مەسیحییەت بوو لە نێو هیندییەکاندا، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، ئەمەش جۆرێکە لە توێژینەوەی زانستی لە زمانەکانی هیندیدا، لە هەمان کاتیشدا رۆشنبیری و کلتووریی ناوخۆ دەسڕێتەوە، چونکە مژدەهێنیی وەکو بلدۆزەر وایە هەموو شتێ پان دەکاتەوە.

- ئەم موژدەهێنییە شەڕێکی خەیاڵی لە نێو ئایینەکان دروستدەکات، لە نێوان ئینجیلخوازان و کاسۆلیك لە ناو گرووپەکانی هیندیدا، ئەمریکییە ئینجیلخوازەکان کەوتنە ململانێ لەگەڵ ئیسپانیانی کاسۆلیك بۆیە دەبینین لە کاتی سازکردنی خول بۆ مامۆستایانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ئەکوادۆر ساڵی ١٩٨٢، هەموو ئەو کێشە تیۆری و سیاسی و پەروەردەییانە، هۆکارەکەیان کێشەی ئایینی بوو، هیندییە ئینجیلخوازەکان دژی سیاسەتی حکوومەت بوون، چونکە کاسۆلیکەکان پشتیوانییان دەکرد. هەروەها هەر لەو ماوەیەدا گۆرانییەکمان تۆمار کرد باسی لە شەڕی ئایینی دەکرد و کاسۆلیکەکان پێش سی ساڵ دایاننا بوو، کاتێ کاهینێکی ئینجیلخواز هەوڵی دابوو لە نێوانیاندا نیشتەجێ بێت، (کۆڕسی شەڕ) لە کاسۆلیکەکان، دەچێت لە بەردەم هەیکەلبەندی ئینجیلیدا گۆرانی دەڵێ : ((ئەی پرۆتستانییەکان! درۆ مەکەن! کلێساکەی ئێوە لە مەسیح نییە، هەر چییەکی دەیزانن شەیتان سەرچاوەکەیەتی، بەڵام تا مردن (من) هەرمەسیحی و کاسۆلیکیمە)).

- پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی سووکایەتی بە کەلتوورەکانی ناوخۆ دەکات، هیندییەکانی لە مەکسیك لە خواردنی ئاژەڵی پیس کە خۆراکی سەرەکییان بوو، بێ بەش کرد، کۆکاکۆلای لە شوێنی مەی و لە جۆری (شیشا) لای گەلانی (ئۆکا) لە ئەکوادۆر حەڵاڵ کرد.

- وا چاکە لە کیشوەرێکی دیکەوە، گەواهیدانی (ئەنگێلا جیلیام) دەربارەی پەیمانگەکە و دەزگای وەرگێڕان لە بابوازی گینیای تازە بگوازینەوە.

ئەو کچە نووسەرە سەنتەری مژدەهێنان لە بنکەی ئۆکارۆمبا، بەوە وەسفدەکات کە (لە شێوەی بنکەی سوپای ئەمریکا و کۆگاکانیەتی و بریتییە لە جۆرێك لە هۆڵی تایبەتمەند بە خواردنی سەربازان لە شێوەی کۆگای گەورە کە بەروبوومی ئەمریکی تێدا دەفرۆشرێ) دواتر باس لە کاری پەیمانگەکە دەکات: لەبەر ئەوەی حکوومەتی نیشتمانی سیاسەتی زمانەوانی بە تەواوی نەگۆڕیوە بۆیە ئامانجەکانی ئیمپریالیزم پێش سەربەخۆبوون لە کلێساو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمپریالیزم و هێنانی پەیمانگە و دەزگای وەرگێڕان بۆ گینیای تازە، هەروەکو خۆیان ماونەتەوە، ئەم نووسەرە بە تایبەتی باس لە تێکچوونی هاوسەنگی دەکات لە نێوان ئەوەی پەیمانگەکە بە ئینگلیزی بڵاوی دەکاتەوە و لە نێوان ئەوەی کە بە زمانەکانی ناوخۆ بڵاویان دەکاتەوە: ((ئەو کارە زمانەوانییەی کە مۆرکی زانستی پێوەیە بەزمانی ئینگلیزی دەنووسرێت و زیاتر ناوبانگی نووسەر بە هێز دەکات و بە پسپۆڕێکی نێو دەوڵەتی لە قەڵەم دەدا)) بەڵام کەمتر بە زمانەکانی گینیای تازە، کە تازە ئەلف و بێیان پەیدا بووە، دەنووسرێ، هەندێ جاریش کتێبی سەرەتای فێربوون یان کتێبی ئامادەکردنی خۆراك، جاری واش هەیە کتێبی پەند و ئامۆژگاری بڵاودەکەنەوە لە کۆتاییدا نووسەرەکە دەگاتە پوختەیەك کە ئەم پەیمانگە و دەزگای وەرگێڕانە، بە هیچ شێوەیەك مەبەستیان کردنەوەی دەرگای گفتوگۆکردن نییە سەبارەت بە سیاسەتی زمانەوانیی وڵات، بەڵکو مژدەهێنی و بڵاوکردنەوەی کتێبی پیرۆزە.

زۆر ئاسایی بوو ئەگەر پەیمانگەکە وەڵامی ئەو هەموو رەخنانەی بداتەوە، بۆیە لە مانگی ئابی ١٩٧٦، هەروەها پەیمانگەی زمانەوانی هاوینە لە ئەکوادۆر ساڵی ١٩٧٩چەندین بەڵگەنامەی بڵاوکردەوە کە نیازپاکیی خۆی تێدا راگەیاند، بە تایبەتی بەڵگەنامەیەك بە ناوونیشانی (نمایشکردنی فەلسەفەی پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی و رێبازەکانی لە پیرۆ)، بەڵام بەهەر حاڵ وەڵامەکانی تەمومژاوی و نادیار بوون.

ئەو بەڵگەنامەی پەیمانگەکە لە (کویتو) بڵاویکردەوە دەڵێت:

- چوونە ناو پەیمانگەکە ئازادانەیە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێ، ئەگەر سەلامەتی دیدەنیکاران بکەوێتە مەترسییەوە، بۆ بیرخستنەوەش کە خاکی پەیمانگەکە خاکی ئەکوادۆرییە.

- پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەکە رێگا بە ئەندامەکانی نادات هیچ پەیوەندییەکیان بە بەرژەوەندییەکانی هەواڵگرییەوە هەبێت.

- پەیمانگەکە هیچ ئایینێك ناسەپێنێ بەڵام بەڵگەنامەکە ئەوە لە بیر دەکات کە پەیمانگەکە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە دەزگاکانی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، تەنانەت یەك دەزگەشن.

- هیچ ئەندامێکی پەیمانگەکە قاچاخچی ماددەی هۆشبەر نییە ئەم وەڵامانە خۆیان لە بەردەم پرسیارەکان ناگرن، بۆ نموونە ئەو پرسیارە: نەقیب هیربیر بریساو کە ساڵی ١٩٨٠ بەر پرسێکی سەنتەری زمان بوو لە کۆلۆمبیا، هەر ئەو کەسە بوو کە دەستی هەبووە لە کوشتنی چی گیفارا لە بۆلیفیا یان کەسێکی دیکەیە؟ لێدوانی سەنتەرەکە لەسەر ئەو دەقە چییە کە خودی پەیمانگەکە لە ساڵی ١٩٥٩دا بڵاویکردەوە.

((پێویستە بچینە ناخی هیندییەکانەوە تاکو بە دەروونیان ئاشنابین، ئەمەش لە رێگای زمانەکەیانەوە دەبێ، پێویستە ناوچەی (ئۆریۆنت) بەدەست بێنین، تاکو سامانی ئابووری کۆنترۆل بکەین، ئەمەش بە هاندانی هیندییەکان دەبێ کە رووبکەنە کەلتووری نیشتمانی، یەکەم هەنگاویش لەم سۆنگەیەوە نەهێشتنی نەخوێندەوارییە کە بەم شێوەیە دانیشتوانی رەسەنی وڵات فێری نووسین وخوێندن دەبن بە زمانی خۆیان، ئەم زمانەشیان دەبێتە پردێك بۆ فێربوونی زمانی ئیسپانی))، زۆر زەحمەتە لە لایەك بڕوا بەوە بکەین کە ئەم دەقە رەنگدانەوەی فەرامۆشکردنی سامانی ئابوورییە لە ناخی زەویدا (ناوچەی ئۆریۆنت لە ئەکوادۆر ناوچەیەکی نەوتی ئەمازۆنییە) و لە لایەکی دیکەشەوە سەرنج لەوە بدەین کە نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێربوونی زمانەکانی هیندی مەبەستی ئاسانکارییە بۆ فێربوونی زمانی ئیسپانی. کاتێ لە لاپەڕەی یەکەمی بەڵگەنامەکەدا دەخوێنینەوە : ((پەیمانگەکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پارێزگاریی لە سەربەخۆیی رەها کردووە لە بەرامبەر هەر لایەنێکی حکوومی یان سیاسی یان ئایینیدا)). بەڵام دیارە بەڵگەنامەکە ئەوەی فەرامۆش کردووە کە دەزگای وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزو مژدەهێنیی ئایینی مەسیحی لەگەڵ سەربەخۆبوون ناکۆکە. دیارە کە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی ئامانجی یەکەمی پەیمانگەکە و دەزگەی وەرگێڕان بوو، کە هیچ گلەییەك قبوولناکات، چونکە وێڕای ئەو رەخنەو تۆمەتانە پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە، سەرچاوەکانی پارەدارکدنی پەیمانگەکەو دەزگاکانی، چین؟ کێ پارە بە مژدەهێن و فرۆکە و دەزگاکانیان و ئامێر و هۆیەکانی گەیاندنیان دەدات؟ ئایا دەزگا خێرخوازەکانە؟بە گوێرەی وەڵامی بەڵگەنامەکەی (کویتۆ) کە باس لە ((دەزگای ناوەندیی ئینجیلی بۆ پەرەپێدان)) دەکات لە ئەڵمانیا، هەروەها ((ئاژانسی نێو دەوڵەتیی کەنەدی بۆ پەرەپێدان (CIDA) لە کەنەدا)) و ((ئاژانسی نێو دەوڵەتیی ئەمریکی بۆ پەرەپێدان (USAID) لە ویلایەتە

یەکگرتووەکان)) هەروەها رۆتاری نێودەوڵەتی[٣] بەڵام ئەگەر بە نموونە ئاژانسی نێو دەوڵەتیی ئەمریکی بۆ پەرەپێدان وەربگرین، ئەوا دەبێ باس لە رەفتارو هەڵسوکەوتی گومانلێکراوی بکەین، فیلیب ئاجی کارمەندی پێشووی ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگری یاداشتەکانی لە کتێبێکیدا بڵاویکردەوە و تێیدا دەڵێ : ئەرکی یارمەتی تەکنیکی ئاژانسی نێو دەوڵەتی کەنەدی کە پێش ئاژانسی نێو دەوڵەتی ئەمریکی بووە، بە دەیان تەکنیکاری ئەمریکیان تێدا بووە و بۆ بەرژەوەندیی پۆلیسی ناوخۆ کاریان دەکرد هەروەها دەڵێ: ((ئەرکی ئاسایشی گشتی زۆر بە سوود بووە بۆ ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکی چونکە ئەرکی کارمەندانی ئاژانسەکەی لەگەڵ هەواڵگری پۆلیسدا پەردەپۆشی دەکرد، بەڵام پەیوەندیی پەیمانگەکە بە توێژینەوەی نەوتی ئەمریکی ئەوا لە نموونەیەی دواتر باسیدەکەین.

نموونەی ئەکوادۆر

پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە ساڵی ١٩٥٢ لە ئەکوادۆر جێگیر بوو، تا ئەو کاتەی کە حکوومەت ساڵی ١٩٨٢دا دوای مشتومڕێکی زۆر دەریکرد، پەیمانگەکە لە ناوچەی ئەمازۆن و لەناو جەرگەی ناوچەی لیمۆنکۆشادا بوو، حکوومەتی ئەکوادۆر (١٢٨٧) هیکتار زەوی بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ بۆ دابینکرد و چەندین خانوو و نووسینگە و کتێبخانە و نۆرینگە و فڕۆکەخانە و دەزگای چاککردنەوەی تێدا دروستکرد، ئەمە وێڕای رادیۆ و یاریگەیەکی گۆلف و قوتابخانەیەکی تایبەت بە منداڵانی فەرمانبەران و وێستگەیەکی کەشناسی..، ئەم شوێنە وەکو بنکەیەکی راستەقینە وابوو، کە خواردن و خۆراکی راستەوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بە فڕۆکەی تایبەت بۆ دەهات. ئەو گرێبەستەی لەگەڵ حکوومەتی ئەکوادۆردا مۆری کرد ئازادییەکی بەرفراوانی بە پەیمانگەکە بەخشی:

- ئازادیی هاتنی ئەندامانی پەیمانگەکە بۆ ناو خاکی ئەکوادۆر.
- بە تەواوی ئامێرە هاوردەکان لە باج بەخشران.
- رێگەدان بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و کەرەستەکانی لە ئەکوادۆر دوای چوار ساڵ لە بەکارهێنان.

---

(٣) رۆتاری نێو دەوڵەتی: رێکخراوێکە (٣٢) هەزار یانە لە (١٧٠) وڵاتی جیهان لە خۆ دەگرێ، گوایە رێکخراوێکی ناسیاسییە ولەپێناو ئاشتیی نێوان مرۆڤ لە جیهاندا کاردەك

- ڕێگەدان بە فڕۆکەکانی پەیمانگەکە (فڕۆکەکانی وێنەگرتن و دەزگەی (رادیۆ) بە سوڕانەوە بەسەر خاکی ئەکوادۆردا.

- بەخشینی موڵکەکانی پەیمانگەکە بە تەواوی لە باج..

دەقە فەرمییەکەی ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕوونیدەکاتەوە کە لەسەر پەیمانگەکە پێویستە، لە بەرامبەر ئەمەدا، کاربکات بۆ پەرەپێدانی زمانەکانی ناوخۆ لە ئەمازۆن و توێژینەوەی فۆلکلۆرو رووەك و گیاپزیشکی.

لە هیچ شوێنێکدا، هیچ جۆرە سالنامەیەکی فەرمیمان تایبەت بە کارکردنی پەیمانگەکە دەست نەکەوت، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا بەڵگەنامەیەکمان دۆزییەوە کە بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە کۆلیژی کاسۆلیکی لە کێو ئامادەی کردبوو، کە لیستێکی بە چەند گلەیی و گازاندەیەك بڵاوکردبووەوە:

- لە لیمۆنکۆشا، تەنیا ژمارەیەك توێژینەوەی زمانەوانی دەربارەی زمانەکانی هیندی بڵاوکردبووەوە.

- هیچ ئامێر و هۆیەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ریز گەوران نییە.

- پەیمانگەکە پیشەسازییە دەستکردەکانی دەخستە بازاڕەوە و ئەو شتانەی لە هیندییەکانی دەکڕیەوە بە سێ ئەوەندەی نرخەکەیان دەیفرۆشتنەوە.

پەیمانگەکە ناوچەی لیمۆنکۆشای کردە مەڵبەندێکی گەشت و گوزار لە ڕێی (فلۆتل ئۆریلانا)وە کە کەشتییەك بوو گەشتیارانی بۆ سەیران لە ئەمازۆنیا دەگواستەوە بەڵام لەوە مەترسیدارتر هەبوو، پەیمانگەکە توانی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکای باکوور بهێنێتە ناوچەکە، چونکە فڕۆکە تاکە هۆکاری گەیشتن بوو بە لیمۆنکۆشا، تەنیا فڕۆکەکانی پەیمانگەکە دەیانتوانی پەیوەندی بە ناوچەکەوە بکەن. پەیمانگەکە لە ساڵی ١٩٦٤دا یەکەم جیۆلۆجی ئەمریکی بۆ گەڕان بە دوای نەوت هێنایە ئەکوادۆر، کۆمپانیای (تکساکو گۆلف) نەوتی ناوچەی (ئۆرینت)ی داگیرکرد بەسوود وەرگرتن لە فڕۆکە و رادیۆکەی پەیمانگەکە، جا ئەگەر سەیری نەخشەی ناوچەکە بکەین ئەوا شوێنی کارکردنی پەیمانگەکە و کێڵگەکانی گەڕان بە دوای نەوتدا کە سەر بە کۆمپانیای تکساکوگۆلف بوو، بە ئاشکرا ڕوونەدەبێتەوە. بەڵام ئەو دەقەی لە مەکسیکۆ بڵاوبووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە پەیمانگەکە بۆ بەرژەوەندیی چوار کۆمپانیای ئەمریکای باکوور، لە ئەکوادۆر کاری کردووە، دووانیان بۆدەرهێنانی تەختە بوون کە بریتیبوون لە کۆمپانیای (جۆرجیا باسیفیك) و (بواز کاسکاد)، دووەکەی دیکەش بۆ دەرهێنانی پیترۆل بوون (تکساکو گولف) و (شیتانروا ئۆیل).

ئەوەی کە ئاماژەمان پێکرد، زۆر شتی رێکەوتوومان بۆ روونەدکاتەوە کە هەندێ جار زەحمەتە بڕوای پێ بکەین هەتا ئەگەر پەیمانگەکە بەرژەوەندی تێدا نەبووبێ، کەواتە تۆمەتەکانی دیکە چین؟ بێگومان وڵاتانی ئەمریکای باشوور دەکەونە ژێر فشارێکی زۆرەوە، هەروەها کودەتای زۆریان لێ روودەدات کە پیلانی هەواڵگری ئەمریکایە، ئەمەش جۆرە وڕێنەیەك دێنێتە ئاراوە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکی و هەر رێکخراوێکی دیکەی ئەمریکی، بەڵام لە هەموو کاتێکدا، ناکرێ لە خاڵێکدا، نزیکبوونەوە و کۆبوونەوە بەو تۆمەتە لێك بدرێتەوە.

چ سیاسەتێکی زمانەوانی؟

بە هەر حاڵ و هەر چۆنێك بێت، ئەوە بە لای ئێمەوە گرنگ نییە بزانین ئەو گرووپە، کە لە پەیمانگەی زمانەوانی و کۆمەڵەی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز و فرۆکە و دەزگەی رادیۆ پێکدێت، دەستکردی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چ جۆرە سیاسەتێکی زمانەوانی هێنایە ئاراوە.

تێبینی یەکەم: پەیمانگەی زمانەوانی کاتێ وەسفی زمانەکانی ناوخۆ دەکات، نەهێشتنی نەخوێندەواری وەك هۆیەك بەکاردێنێ بۆ ساناکردنی فێربوونی زمانی فەرمی(ئەو بەڵگەنامەیەی لە ١٩٥٩ دا بڵاوبووەوە گەواهیدەری ئاشکرای ئەم لایەنەیە) مەبەست لەمەدا ئەوەیە کە پەیمانگەکە رۆڵی حزباندن دەبینێ، لە کاتێکدا پرۆسەی هەڵبژاردن لە نێوان دوو ئەرکی زمانەوانی پەیڕەو دەکات: ئەرکی زمانی مێگەل تایبەتە بە ئایین(کاتێ کتێبی پیرۆز وەردەگێڕێتە سەر زمانەکانی ناوخۆ) و ئەرکی زمانی فەرمی کە دەمێنێتەوە، ئەویش بە هێنانی زمانەکانی ناوخۆ بۆ ناو هەیکەلبەندێك کە زیاتر بوار لە بەردەم زمانە فەرمییەکاندا والا دەکات.

تێبینی دووەم: ئەو سیاسەتە زمانەوانییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لە لایەن پەیمانگەی زمانەوانییەوە هەڵبژێردراوە، نەك لە لایەن حکوومەتەکانەوە کە پەیمانگەکە رێکەوتنامەی لەگەڵدا مۆرکردوون، ئەمەش کارێکی تەواوە، چونکە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیاو ئەفریکا کە پەیمانگەکە بنکەی تێدا کردەوە بە دەست گرفتێکی گەورەی پلاندانانی زمانەوانی دەیانناڵاند: دەبوایە یان زمانی کۆنی ئیمپریالیزم (فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و پورتوگالی) هەڵبژێرن و بیکەن بە زمانی فێرکردنی نیشتمانیی و ژیانی گشتی، یان

پێچەوانەکەی هەڵبژێرن هێنانی زمانی ناوخۆ کە خەڵك قسەی پێدەکەن، لە بەشەکانی پێشوودا چەندین نموونەمان دەربارەی ئەو بابەتە باسکرد کە تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتاندا یەکلایی نەبوونەتەوە، تەنانەت زۆر جار هەروەکو سەردەمی ئیمپریالیزم ماونەتەوە. لێرەدا پەیمانگەکە دەتوانێ رۆڵی میانڕەو ببینێ کە لە راستیدا ئەوەی پێ نەسپێردراوە، کەواتە ئێستا ناوەڕۆکی باسەکەمان دەربارەی (سیاسەت بە وەکالەت) لە سەرەتای ئەم بەشەدا روونەدەبێتەوە، مەبەستیش ئەوەیە کە دەوڵەت پەیمانگەکە سەرپشك بکات لە هەر شتێك ئەنجامیبدات، کە خۆی دەسەڵاتی ئەنجامدانی نییە.

تێبینی سێیەم: پەیوەندیی هەیە بەو ئایدیۆلۆژیایەی کە دەقەکانی پەیمانگەی زمانەوانی و گرووپی وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بڵاویدەکەنەوە، نەخاسمە ئەو دەقانەی بە زمانی ناوخۆیی نووسراونەتەوە و بەسەر دانیشتوانە رەسەنەکاندا دابەشکراون، کتێبی (پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانی لە مەکسیکۆ) کە ئاماژەمان پێکرد شرۆڤەکردنێکی ئەو دەقانە دەخاتە روو کە چەند تایبەتمەندیی نەگۆڕی تێدایە:

- مەیل بۆ بەهێزکردنی ئارەزووی تاکە کەسی و ئەرکی بەلاوەنراو، هەروەها دوورخستنەوەی بیرۆکەی پشکداریکردن و هەرەوەزی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ هیچ بوونێکی نییە مەگەر پەیوەندیی هەبێ بە سزاو تۆڵەسەندنەوە.
- وێناکردنی نموونەیی دەزگە سیاسی و ئیداری و سەرکوتکەرەکانی دەوڵەتی مەکسیك.
- وێناکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەی کە باشترین گوزارشت لە کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەکات و (گەلی هەڵبژێردراوی خودا) دێنێتە ئاراوە.
- هێنانە کایەی بیروباوەڕێکی رەوشت ئامێز کە توندی و رق ئەستووری تێدایە.
- پشتگوێ خستنی هۆز و عەشیرەت بۆ بەرژەوەندیی سستەمێکی نموونەیی کۆمەڵگەی نیشتمانی کە لەسەر هیندیەکان پێویست دەکات لەگەڵیدا بگونجێ.

لە ناوچەی ئەمازۆنی ئەکوادۆردا، گەلی شوار کە پێشتر باسمانکرد، بوونی پەیمانگەی زمانەوانی بە ئەرێنی هەڵناسەنگێنێ بە بەراورد لەگەڵ هەڵسەنگاندنی پێشووی مەکسیك، بەڵگەنامەیەکی فیدرالی شوار ئاماژە بە گرنگیی کارکردنی زمانەوانیی مژدەهێنەران دەکات، بەڵام رەخنە لە نێردەی مژدەهێنەرانی ئینجیلی و پەیمانگەکە دەگرێ((کە هۆکاری دابەش بوون و کەرت بوون بووە)) هەروەها شەڕی ئەیدیۆلۆژیای نەگۆڕی دژ بە کاسۆلیك هەڵگیرساندووە ((بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوولا یەکدیان تۆمەتبار کردووە، تا دەیەی دووەمی

فاتیکان، که دواتر تەنیا ئینجیلخوازان ئـەم کارەیـان دەکـرد)) بـە کـورتی دژی ئامانجـەکانی یەکبوونی گەلی شوار کاریان کردووە. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم بەڵگەنامەیە هیچ جیاوازییەك هەڵناسەنگێنێ لە نێوان زمانناسانی پەیمانگەی زمانەوانی و مژدەهێنەرانی ئینجیلیدا.

ئەگەر دڵنیابوون لەو گرووپەی کە لە پەیمانگەی زمان و گرووپی وەرگێڕانی کتـێبی پـیرۆز و فرۆکەو دەزگەی رادیۆ پێکهاتووە، کارێکی سەخت بـێ و پەیوەنـدیی راسـتەوخۆیان هـەبێ بـە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا، ئەوا بەلایەنی کەم دەبینین کە چالاکییەکانی ئەم گرووپە زۆر لەو چوارچێوەی تێپەڕاندووە کە خۆی وا دەزانێ پێوەی پابەندە؟ ئەو گرووپە لە زۆر شـوێنی زەویدا، سیاسەتێکی زمانەوانی پەیڕەو دەکات، کە لە راستیدا، لە ژێـر پـەردەی کـارکردن بـۆ بەرژەوەندیی زمانەکانی ناوخۆدا، بۆ دەسەڵاتی ناوەند کاردەکات و قوربـانییش بـە کـەلتووری ناوخۆ دەدات، هەروەها بە داب و نەریتی کەمایەتییـەکان و بیروباوەڕیـان لـە پێنـاو خزمـەتی ئەیدیۆلۆژیای دەوڵەتدا، لە پاڵ ئەمەشدا هەڵمەتێکی راستەوخۆی بڵاوکردنـەوەی ئـایین پـەیڕەو دەکات، لەگەڵ هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەکردن بۆ هەرمێن بوونی نموونەی ئەمریکی لە هەموو ئەو بوارانەدا، لە جیاتی دەسەڵاتی ناوخۆ بە وەکالەت کاردەکات، ئەمـەش خـەونێکی هـەواڵگریی ئەمریکییە ئەگەر رۆڵێکی لە ناو ئەو گرووپەدا هەبێ، بەم شێوەیە رۆڵی ئەم زمانناسانە لەگەڵ رۆڵـی ئیمپریالیسـتەکان یـەکتربڕ دەبـن بـەڵام ئیمپریالیزمەکـەیان مایـەی گومانـە، کـە ئیمپریالیزمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چونکە لە هـەر وڵاتێکـی پەیوەندیـداردا، رۆڵی ئیمپریالیەتی دەسەڵاتی ناوەندی دەبینێ لە پلاندانانداکە خۆی راستەوخۆ ئەنجامینادات.

بەشی پازدە

شەڕی نووسین

نووسین وێنەی هێڵکاریی زمانە، هۆیەکی پاراستنی ئاخافتنە، ئەو نووسینەش لەو بوارەدا، بە هۆکاری پلەی دووی گەیاندن، ئایا کۆتبەندکردنی خەت تەنیا پرۆسەیەکی تەکنیکیی بەرز نییە؟ ئەوەندە بەسە کە هەر زمانێکی زارەکی سیستەمێکی نووسراوی هەبێ، زماننناسان دێن و لە سیستەمە رەنگییەکەی دەکۆڵنەوە و پێیان وایە کە ئەلف و بێ زیاتر لەگەڵ دەنگەکانی زماندا گونجاوە. پاشان ئەمە پێشنیار دەکەن لای خاوەنی چارەسەر کە بڕیاری لەسەر دەدەن، کە لە ئاکامدا کتێبی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بلاوکراوە چاپدەکەن، بۆیە لە پلاندانانی زمانەوانیدا ئەو ئەلف و بێیە کارێکی تەکنیکی بێ لایەن

نموونەی ئەلف و بێی ماندینگ

لەو سەردەمەی ئێمەدا و بە پێچەوانەی ئەو رایەی کە باوە، گوایە زمانە ئەفریکییەکان زمانی زارەکین و نەنووسراونەتەوە تەنیا لەگەڵ ئیمپریالیزم نەبێ، ژمارەیەك لەو زمانانە لە سەردەمی حوکمی ئیمپریالیزم نووسرابوونەوە، **(کۆیل)** لە سەدەی رابردوودا، باس لە نووسینەوەی زمانی (فاس) دەکات، هەروەها (وسترمان) هێڵەکانی زمانی (بسا) و (نسیبیدی) و (نوم)ی تۆمار کردووە، بەڵام (دالبی) لە چەند تۆمارکراوێکی زمانە ئەفریکییەکانی کۆڵیوەتەوە، هەر چەندە ئەو ئەلف و بێیانە زۆربەیان لە ئەلف و بێی عەرەبی وەرگیراون(چونکە نەبزوێنەکان بە دانانی پیت لەسەر دێڕەکان وێنە دەکات) هەروەها بزوێنەکانیش بە دانانی هێمای زیاتر دەنووسێت.

بەڵام ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە (ماندینگ) کە خاوەن شێوەزمانی زارەکی زۆرە وەکو زمانەکانی (بامبارا و مالینکێە) لە مالی و بۆرکینانا سۆ و سنیگال و گینیا و گامبیا و کەناری عاج و گینیا بیساوو سیرالیۆن و لیبریا، ئەوا (جیرار گالتێە) دەڵێ: ئەلف و بێیان هەیە کە نەبزوێنەکانیان وێنەی بۆ دادەنرێ، کە (ماسابا)یە بەم دواییە داهێنرا، لە چەندین گوندی بامبارا لە مالی بەکارهێنرا، هەروەها نووسینی (نکۆ) دەزانین کە بە زمانی بامبارا واتای : (دەڵێم) دەبەخشێ کە لە لایەن سلێمان کانتی لە ناوچەی کانکانی داهێنرا، دواتر لە چەند کتێبێکی چاپکراودا لە کۆناکری بەکارهێنرا، شان بە شانی هەوڵەکانی نووسین لای خەڵکی ئەم وڵاتە. مژدەهێنەرانی کاسۆلیك و پرۆتستانت چەند ئەلف و بێیەکی تایبەتییان ئامادەکرد کە جیاوازیان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو، بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی، بەڵام یەکخستنی ئەو ئەلف و بێیانە خەمێکی فەرمی نەبوو، مەگەر لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری نەبێ کە لەلایەن یونسکۆوە دەستیپێکرا.

لە ٢٥ ی شوبات تا ٥ ی ئازاری ١٩٦٦، کۆبوونەوەیەکی فراوانی شارەزایان بەسترا کە راسپێردرابوون بۆ پێشنیازکردنی ئەلف و بێی شەش زمان کە بریتی بوون لە (ماندینك، پێل، تاماشك، سنگای، هاوسا، کانوری) دیارە لە کۆتاییدا گفتوگۆکان لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە باشترین رێگە، پشت بەستنە بەیەك شێوە ئەلف و بێ کە ئەویش لاتینییە، کە هەم ئاسانە بۆ فێرکردنی نەخوێندەواران و هەمیش لە بەکارهێنانی ئامێری چاپدا یاخود پشت بەستن بە ئەلف و بێی (Africa) کە پەیمانگای ئەفریکای نێودەوڵەتی ئامادەی کردبوو، لە هەندێ لەو وڵاتانەدا بەکاردەهات کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن. هەروەها لیژنەی راسپێردراوی زمانی ماندینگ ئەلف و بێی لاتینی پەیڕەو دەکرد کە سەر و بۆر و ژێری بۆ پیتی نەبزوێن دادەنا، بەڵام هیچ کام لەم وڵاتانە بە تەواوی پابەندی ئەو پێشنیازە نەبوون. بۆ نموونە دەنگی (ب) کە منگەیەکی لە پێشەوەیە بۆ نموونە لە گینیا و سنیگال و کەناری عاج و گامبیا بە شێوەی (مب) دەنووسرێ، لە مالی بە (نب) دەنووسرێ، لە بۆرکینا شوێنی دیکە بزوێنەکان بە سێ شێوە دەنووسرێن. بۆ نموونە یەك وشە کە مانای (هەشت) دەگەیەنێ بە چەند شێوەیەك دەنووسرێ، لە مالی (سگین) و لە گینیا (سین) و لە بۆرکنیا ناسو بە (سیگین) دەنووسرێ، کە ئەمەش مایەی گاڵتەجارییە. چونکە ئەو کتێبەی لە لایەك یان لە وڵاتێك چاپکرابێ بە هەمان شێوەزاری لایەکەی دیکە نییە تاکو خەڵکەکە بە تەواوی لێی تێبگەن. هەروەها پێویستە ئەو خەڵکەی فێری خوێندنی ئەلف و بێی فەرمی وڵاتەکەیان دەبن، فێری ئەلف و بێی دیکە بن، ئەگەر بیانەوێ چەند دەقێکی نووسراوی

ولاتانی دیکە بخوێننەوە پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکاریی تەواوی گفتوگۆکانەوە، دەبێ ئەو پرسیارە بکەین: بۆچی ئەلف و بێی یەکگرتوو رەتدەکرێتەوە؟ بە تایبەتیش ئەلف و بێی پێشنیازکراوی ساڵی ١٩٦٦، کە لە ئەلف و بێیە پەیڕەوکراوەکان زۆر گونجاوترە. ئەو ولاتانە بیانووی زۆریان بۆ ئەم مەسەلەیە هەبوو، کە پێویستە زۆر نزیك بێ لە قسەکردنی خەڵکەکە، یان پێویستە لە هەر ولاتێك کە زمانی جیاوازی تێدایە، یەك ئەلف و بێی هەبێ ((هەروەکو لە (مالی) هەیە و ئەوان ئەلف و بێی ئەفریکای زمانی دیکە پەیڕەو دەکەن)) بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری مەسەلەکە بکەین، یەکسەر دەرك بەوە دەکەین بۆچی پابەندن بە تایبەتمەندی خۆیانەوە؟ شارەزایان کە ساڵی ١٩٦٦ لە باماکۆ کۆبوونەوە، خەڵکی رۆژئاوا بوون ((لە فەڕەنسا و ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت)) و ئەفریکاییەکان، بۆیە زۆر لەو ولاتانە پێیان وا بوو کە ئەوەی پێشنیاز کراوە بیرۆکەیەکی خۆرئاوایە و دەستێوەردانە لە رۆشنبیری و کەلتووری ناوخۆ، بۆیە دەیانویست هەمواریبکەن.

جا ئەگەر بڕیاربەدەستان هەوڵبدەن، ئەوەی کە شارەزایان پێشنیازیان کردووە هەمواریبکەن و بیگونجێنن ئەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام کۆبوونەوەکە مەبەستی یەکخستنی نووسینی زمانەکان بوو لە چەند ولاتێکدا، بۆیە ئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە، ئەمەش لە نموونەکەی نەروێژ دەچێ کە ویستیان تایبەتمەندیی نیشتمانیی خۆیان بە رێگای نووسین بچەسپێنن. لەبەر ئەم هۆیە (بامبارا) لە باماکو و (مالینکێە) لە گیتا بەیەك ئەلف و بێ نووسرانەوە. (مالنیکێیە) لە کنکان و گینیا بە ئەلف و بێی دیکە نووسرانەتەوە، ئەگەر ئەلف و بێی جیاوازمان بەکارهێنا بۆ نووسینی زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنسا و لە بەلجیکا و لە ناوچەی کبکی کەنەدا بە بیانووی جیاوازیی شێوە زمانەکان لە نێو خۆیاندا، هەروەها یەك ئەلف و بێمان بەکارهێنا بۆ نووسینی فەڕەنسی لە پاریس و مەرسیلیا، ئەوا رووبەڕووی رەوشێك دەبینەوە وەك رەوشەکەی مالی و گینیا، کە تێیدا زیاتر پشت بە دەوڵەت دەبەستین وەك پێوەرێك بۆ هەڵبژاردنی ئەلف و بێ، واتا دەوڵەتی فەڕەنسی ئەلف و بێیەکی دەبێ و دەوڵەتی بەلجیکا ئەلف و بێیەکی دیکە، وێڕای ئەوەی کە شێوەزاری فەڕەنسیی لە پاریسدا نزیکە لە شێوەزاری برۆکسل لە بەلجیکا زیاتر لە شێوەزاری فەڕەنسا لە مەرسیلیا.

بەڵام هەر چەندە ئەو سیاسەتە زمانەوانییە ناوخۆییانەی کە پشت بە نووسینەوەی زمان دەبەستن بۆ سەلماندنی تایبەتمەندی نیشتمانییان مایەی گاڵتەجاری بن، بەڵالام نووسین گەرەنتی نییە لە بەرامبەر هاوسەنگیی هێزەکان هەروەکو لەم نموونەی دواتردا دەیانخەینە روو.

نموونەی سۆڤیەت

زمانی رووسی پێش شۆڕش، زمانی فەرمیی ئیمپراتۆریەت بوو، بێجگە لە (وڵاتانی بەلتیك و پۆڵەنداو فنلندا) کە لەگەڵ کەمایەتییەکاندا لێبوورده نەبوو، دەوڵەت (قەیسەر، ئایین، زمان) بوو، بەڵام سیاسەتی سۆڤیەت دوای شۆڕش، پشت بە دیدێکی دوور خایەن دەبەستێ، بە شێوەیەك کە وای لێکدەداتەوە پرۆسەیەکە پلەبەپلە بەرەو کۆمەڵگەیەك هەنگاو دەنێ کە سنوورەکانی نێوان چین و ئایین و نیشتمانەکانی تێدا دەتوێنەوە، هەروەها یەك کەلتووری تێدا دێتە کایەوە کە لە هەموو کەلتوورەکانی دیکەوە سەرهەڵدات، دەبووایە ئەم پرۆسەیە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ ببوایە: قۆناغی گەشەسەندنی کەلتوورە جیاوازەکان (راستفیت)، دواتر قۆناغی نزیکبوونەوە لە نێوان کەلتوورەکان (سبلیزنێیە)، لە کۆتایشدا قۆناغی پەیدابوونی یەکەیەکی گونجاو (سلیانێیە)، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی هەیە بە زمانەکانەوە، دەبوایە پرۆسەیەکی هاوتەریب بەرەو پەیدابوونی زمانێکی جیهانی دەستپێبکردایە:

١. پەرەپێدانی زمانە نیشتمانییەکان دوای سەرکەوتنی سۆشیالیزم.

٢. هەڵبژاردنی یەکێك لەو زمانانە لەلایەن گەلەوە، کە هەمان مافیان هەیە.

٣. ئەم زمانە میانڕەوە بەرەبەرە بگۆڕێت بۆ ئامرازێکی بنەڕەتی لە یەکدی گەیشتن و پەیوەندی.

٤. زمانی میانڕەوی هەرێم ببێتە زمانێکی هاوبەشی جیهان

ئەو بڕیارەی کە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەرچوو کە ئەو کاتە رێژەکەی زۆر بوو، ئەمەش بە پشت بەستن بە زمانانی دایك، لە چوارچێوەی ئەو وێناکردنەدایە، لێرەدا ئەلف و بێی لاتینی زمانەکان پەیڕەو دەکرا کە پێشتر پێی نەدەنووسرا، هەروەها ئەلف و بێی زمانە نووسراوەکان بە پیتی عەرەبی گۆڕدران بە پیتی لاتینی، هەر چەندە ناوەندەکانی موسڵمانان زۆر دژی ئەم رەفتارە بوون، ئەوە بوو ئەلف و بێی لاتینی لە سەرەتای سییەکاندا بە تەواوی کۆنترۆڵی رەوشەکەی کرد.

	ڕێژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری		
	١٨٩٧	١٩٢٦	١٩٣٩
یەکێتیی سۆڤیەت	٪٢٨,٤	٪٥٦,٦	٪٨٧,٤
ئۆکرانیا	٪٢٧,٩	٪٦٣,٦	٪٨٨,٢
گورجستان	٪٢٣,٦	٪٥٣	٪٨٩,٢
ئەرمەنستان	٪٩,٢	٪٣٨,٧	٪٨٣,٩
تورکمانستان	٪٧,٨	٪١٤	٪٧٧,٧
تاد...			

لە نێوان ساڵی ١٩٣٥ و ١٩٤٠ دا، سیاسەتەکە بە مەبەستی پەیڕەوکردنی ئەلف و بێی سیریلی کە زمانی رووسی بەکاری دەهێنا گۆڕا، کە بریتیبوو لە - ئەلف و بێی سلاڤی کۆن — لە هەموو زمانەکاندا بێجگە لە چەند زمانێك نەبێت کە ئەلف و بێیەکی زۆر کۆنیان هەبوو، وەکو ئەرمەنی و گورجی، بۆیە دەبینین هەندێ زمان، وەکو زمانی تاجیك، سێ ئەلف و بێی لە ماوەی بیست ساڵدا پەیڕەو کرد، کە بریتی بوون لە عەرەبی و لاتینی و سیریلی، لەو ماوەیەدا پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دی هەروەکو لە خشتەکەدا بۆمان رووونبووەوە.

بەڵام ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە، ئەو پرسیارە لانابات کە خۆی دەسەپێنێ: بۆچی ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە ئەلف و بێیەکاندا؟ بۆچی ئەلف و بێی عەرەبی لابرا؟ بۆچی ئەلف و بێی سیریلی؟ زماننناس **(یان کنابرت)** یەکەم دەروازەمان بۆ تێگەیەشتن لەم پرسیارانە دەکاتەوە:

((شێوەزارەکانی تورکی لە سیبریای باشوور، وەکو تورکمانی و ئۆزبەکی و کاراکلبکی و قرگیزی لە نووسینی ئەدەبیدا بەکارنەهاتبوون، چونکە لە بەشێکی زۆری تورکستان زمانێکی ئەدەبیان بەکاردەهێنا ئەویش (جگاوی) بوو، کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرا، بۆیە دەبینین بۆ هەر یەکێك لەو شێوەزارانە، دوای شۆڕشی رووسیا بە ماوەیەکی کەم، ئەلف و بێیەك پەیڕەو کرا کە بە پیتی لاتینی دەنووسران، دوای نزیکەی دە ساڵ، واتا لە ناوەڕاستی سییەکاندا، پیتی

لاتینی گۆڕدراو ئەلف وبێیەکی تازەی پیتی سیریلی شوێنی گرتەوە، ئەو گۆڕانکارییە، وێڕای وەرگرتنی وشەیەکی زۆر لە زمانی رووسی، رەنگدانەوەیەکی وای خستەوە، کە ئەو زمانانە هیچ ئەرکێکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ببنە قۆناغێکی سەرەتایی لە بەردەم ئەو قوتابیانەی کە بەشداری ئەزموونەکان دەکەن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی باڵا بە زمانی رووسی. بەم جۆرە ئەوانەی بە شێوەزارەکانی تورکی قسەدەکەن وابەستەی زمانی رووسی دەبن کە زمانی ناوەندییە لە وڵاتدا، وا هەستدەکەن کە کەمتر پەیوەندیان بە دراوسێکانیانەوە هەیە، چونکە ئەوان ناتوانن لەگەڵیاندا بدوێن کاتێ گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکان بکەن کە پێویستی بە رۆشنبیرییەکی بەرز هەیە، بۆیە ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر زمانی رووسی.

(ج.لویس) ئاماژە بەوە دەکات کە حەفتا هەشتا لە سەدای وشەکان لە زمانی رووسییەوە وەرگیراون لە چوارچێوەی تازەکردنەوەی زمانەکان شان بە شانی گۆڕینی پیتەکان پرۆسەی فێرکردنی زمانی رووسی بە زۆرەملێ لە گشت قوتابخانەکاندا سەپێنرا، بە گوێرەی تیۆری (دوو رەوت) کە لە کۆتاییدا پشت دەبەستێ بە دابەشکردنی ئەرکەکانی زمان: ئەرکی پەیوەندی و تێکەڵیی تایبەت بە زمانەکانی ناوخۆ و ئەرکی تێکەڵی بە زمانی بڵاو و فەرمی و زانستی بە زمانی رووسی. لە ساڵی ١٩٧٥دا لە کۆڕێکدا کە لە تاشقەند بە ناونیشانی ((زمانی رووسی، زمانی دۆستایەتی و هاوکارییە لە نێوان گەلانی یەکێتیی سۆڤیەتدا))سازکرا، پێشنیارکرا قوتابیان ناچار بکرێن نامە و تێزەکانیان بە زمانی رووسی بنووسن، دواتر چەندین خۆپیشاندان لە تەبلیسی پایتەختی گورجستان و تالان لە ئیستۆنیا هەروەها پەشێویی دیکە لە کۆمارەکانی دیکەی بەلتیك سەری هەڵدا، هەروەها چەندین سکاڵاش لە لایەن رۆشنبیرانی گورجستان بەرزکرایەوە، ژمارەیەکی زۆری نەوەکانی زمانی دیکە، هەستیان بەوە دەکرد کە زمانەکانیان وردە وردە لە نێو زمانی رووسیدا دەتوێنەوە.

زمانی رووسی بە تەواوی دەستی بەسەر زمانەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا گرت، ئەمەش پەیوەندی نەبوو بە سیترالی مێژوویی، بەڵکو پەیوەندی بە هاوکێشەی هێزەکان و سیاسەتی زمانەوانییەوە هەبوو، دەتوانین بەراوردیی نێوان زمانی رووسی و زمانەکانی دیکە بکەین بەم دوو ژمارەیە: ١,٣٪ ی رووسیەکان جووت زمانن، واتا بە زمانێکی دیکەی زمانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت دەدوێن لە بەرامبەر ٤٢,٦٪ ناڕووسی کە بە زمانی دووەم دەدوێن و واتا بە زمانی رووسی. گۆڕینی پیتەکانی ئەلف و بێ رۆڵی گرنگی هەبوو لە کرداری وەرگرتندا، لە هەڵبژاردنی ئەلف و بێی لاتینیدا لە سەرەتادا شانازییەك بوو بۆ دەسەڵات، کە مەبەست

دەرکەوتنی بەلشەفیك بوو وەك ئیمپراتۆریەتێکی رووسی. بەڵام لابردنی پیتەکانی ئەلف و بێی عەرەبی، مەبەستی هەوڵدانێك بوو بۆ ریشە کێش کردنی ئایین لەو ناوچانەی کە ئیسلام بوون. بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت بەرقەراربوو، پەنای بردە بەر پیتی سیریلی و وەرگرتنی وشەیەکی زۆری زمانی رووسی و بەمەش جیاوازیی نێوان زمانەکانی سنووردار کرد و رۆڵیانی لەپێناو بەرژەوەندیی زمانی رووسی کەمتر دەکردەوە، ئەم جۆرە ئیمپریالیزمە زمانەوانییە زۆر رێچکەی گرتە بەر بە سوود وەرگرتن لە سیاسەتی قوتابخانە و زانکۆ و پلاندانانی زمانەوانی و هۆیەکانی راگەیاندن، بەڵام مەسەلەی نووسین کە بە رووکەش ساکارە، رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی وەرگرتندا دەبینێ.

نموونەی چین

لە بەشی یازدەهەمدا باسمان لە پلاندانانی زمانەوانیی چین کرد، لێرەدا تەنیا باس لە مەسەلەی ئەلف وبێ دەکەین بە جیاوازیی نێوان دوو خاڵ: سووککردنی ئەلف و بێ هەروەها ئەلف و بێی (Pin yin).

چاکسازیی ئەلف وبێ: دیارە زمانی چینی تەنیا زمانە، کە لە رووی دەنگەوە بە زمانێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە، ئەوەی کە تەنیا بە شێوە زمانی پەکین قسە نەکات، ناتوانێ بە لێو لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکات کە تەنیا بە شێوەزاری کانتۆن قسەدەکات، بەڵام ئەو دوو کەسە دەتوانن هەمان رۆژنامەیەك بخوێننەوە بە نووسینیش لەگەڵ یەك پەیوەندی بکەن، پیتەکانی چینی پێش هەموو شتێك هزروبیرن بەر لەوەی گوزارشت لە دەنگ بکەن. دەتوانرێت ئەو پیتانە بخوێنرێنەوە، بەبێ ئەوەی بتوانین بەیەك وشەی چینیش قسەبکەین، هەروەکو چۆن وێنەی کارتۆنی دەخوێندرێتەوە.

ژمارەی ئەو پیتانە چەندن؟

بە گوێرەی **(زۆیوگوانگ):**

- (٦٧٦٣) پیتی بنچینەیی پۆلینکراون، (٣٧٥٥) یان زۆر بەکاردێن و (٣٠٠٨)یشیان کەمتر بەکاردێن.
- (١٦٠٠٠) پیتی دیکەش لەگەڵ پیتەکانی پێشتر لە کتێبی کۆن و تازەدا چاپکراون، بەمەش ژمارەکە دەگاتە نزیکەی (٢٣٠٠٠)پیت.
- (٣٤٠٠٠) پیت بە دەگمەن بەکاردێن.

کەواتە بـۆ خوێندنـەوەی بڵاوکـراوەی تـازە، پێویسـتە نزیکـەی (٤٠٠٠) پیـت بزانرێـت، رۆشنبیری زیرەکیش دەتوانێ زیاتر لە (٣٠) هەزار پیتی چینی بناسێ، ئەوەش مانای وایە کـە فێربوونی زمانی نووسراوی چینی پێویستی بە هەوڵێکی هزریی لە راددەبەدەر هەیـە هـەروەها بابەتی سووك کردنی زمان بابەتێکی زۆر گرنگ بووە، بەبێ گەڕانـەوە بـۆ سـەردەمی (کـوین) دەتوانین ئاماژەبکەین بە جووڵانەوەی چواری ئایـاری (١٩١٩)، کـە سـووك کردنـی نووسـینی بەکارێکی دژ بە دەرەبەگ لە قەڵەم دەدا دواتر حکوومـەتی (نـانکین) کـە لـە سـاڵی (١٩٣٥) هەوڵی سەرنەکەوتووی خستەگەڕ بۆ سووککردنی پیتەکان تاکو بیکات بە (٣٢٤) پیت بەمەش دەست پێشخەر بوو بۆ حکوومەتی سۆشیالیزم کە لـە مـانگی تشـرینی یەکـەمی (١٩٥٥) دا لیستێکی بە (٥١٥) پیت و (٥٤) ئامرازی سووککراو بڵاوکردەوە. پێویستە باس لەوە بکـەین کە پیتی لە چەند هێڵێك پێکدێت کە بە سیسـتەمێکی دیـاریکراو وێنـە دەکـرێ، چاکسـازیی ساڵی (١٩٥٥) لە نزیکەی (١٦) هێڵەوە بۆ (٨) هێڵ کەم دەبێتەوە لە یەك پیتدا. ئەمەش بـە پێشکەوتنێك لە قەڵەم دەدرێ، پیتی ئاسایی ئەسپ بـۆ نموونـە دە هێڵـی تێدایـە (馬) بـەڵام وێنەیەکی سووککراوی وشەکە تەنیا سێ هێڵی تێدایـە (马)، بـە تایبـەتی کـەم و کـورتیی شـاردنەوەی ئـەوەی کـە رەنگـە واتـای هەنـدێ پیـت لێـك بداتـەوە کـە واتاکـەی لـە رێـی پێکهاتەکەیەوە دەردەکەوێ، بۆ نموونە ئەو وشەیەی کە گۆیەکەی (ژی)یە لە زمـانی ماندارانـدا کە بە واتای (پلانی داڕشت) دێت بەم شێوەیە دەنووسرێ (计) ئەمەش پیتێکی لێکـدراوە کە لە لای چەپیەوە رەگی قسەکە دەبینرێ و لـەلای راستیشـیەوە ژمـارە (١٠)، کەواتـە ئـەو وشەیە مانای وایە: ((چاکترە ژمارەکان تا دە، بڵێ)) بەڵام پیتە سووککراوەکان، رەگـەزەکانیان دیار نییە و ناشزانرێت لە چی وەرگیراون، هەروەها سەبارەت بە پیتی(计) کە بە واتای (車 گالیسکە، ئوتومبێل دێت، ئوتومبێلەکە لەگەڵ بۆدی و تایەکانی پیشاندەدات، کە لە سـەرەوە تەماشای دەکرێت بەڵام لە شێوە سووککراوەکەیدا دەبێتـە (车) کاروبـاری هـەوڵی یەکـەمین هەنگاوی پرۆسەی سووککردنی زمانەکە تا رادەیـەك چـاك بەڕێوەچـوو، بـەڵام هەنـدێ گـرفتی هێنایە پێشەوە بە تایبەتی لە تێگەیشتن و پەیوەندیی لەگەڵ تـایوان و هـۆنگ کۆنگـدا، هـەتا لەگەڵ چینییەکان ئەوانەی نیشتەجێی ئـەودیوی رووبـارن، چـونکە تـا ئێسـتا پـیتی ئاسـایی بـەکاردێنن، بێگومـان هەڵمـەتی سـووککردن بـە پشـتیوانی و لایـەنگریی گشـت هۆیـەکانی راگەیاندنی دەوڵەت دەستیپێکرد، تەنانەت لە سـاڵی (١٩٧٤)دا بـۆ نموونـە، چـەند دروشمێـك

بڵاوبووەوە کە زۆر نامۆبوون چونکە خەباتکردنی لە پێناو سووککردنی پیتەکانی وەکو خـەبات کردنی لە دژی کۆنفۆشیۆس و لین بیاو دادەنا:

((رەخنەکانتان دژی (لین پیاو) و (کۆنگ) توندتر بکەن و پشتیوانی لـە چاکسـازیی خـەت بکەن)).

لاوێکی چینی، لەم سەردەمەدا دەزانێ کە (هەور) (یۆن) بەم شێوەیە دەنووسـرێ (云) بەڵام نازانێ کە ئەمە بە پیتی ئاسایی بەم شێوەیە نووسراوە (雲) سەرئەنجام بنچینەی وشـەکە بزر دەبێ، چونکە لە لایەك پێکهێنەرێکی ئەم پیتە بزر دەبێ: (یو) (雨) کە واتاکـەی بارانـە، لە لایەکی دیکەوە مێژووی خودی پیتەکەش دیار نامێنێ، کە مێژووەکەی بۆ سێ هـەزار سـاڵ دەگەڕێتەوە، کە لەسەر ئێسك و قوڕو بڕۆنز دەیخوێنینەوە، ئێمە لێرەدا لە بەردەم نموونەیەکداین کە بە ئاشکرا جیاوازیی نێوان پەرەپێدانی مێژوویی ئـەلف و بـێ و دەسـتێوەردانی مـرۆڤ لـەم پرۆسەیەدا روونەدەکاتەوە: سێ هەزار ساڵ لە مێژوودا لە لایەك و بیست ساڵیش لـە چاکسـازیدا لە لایەکی دیکەوە، هـەموو کەسـێك دەیتـوانی بنچـینەی پـیتی دۆنـگ (东) کـە واتاکـەی (رۆژهەڵات)ە بخوێنێتەوە، کە لە بنچینەی پێکهاتەکەیدا وێنەی خۆر (日) هەیە کە لە پشت درەختێکەوە بەرز دەبێتەوە (木) بەڵام پێکهاتەی ئەم پیتە لە شێوە سووککراوەکەی پیتی (东) دا بزر دەبێ.

قۆناغی یەکەمی سووککردن بە پلـەی یەکـەم بـە رێگـای قوتابخانـە هاتـە نـاو داب و نەریتی خەڵکەوە، بەڵام لیستی دووەمـی پیتـە سـووککراوەکان کـە لـە سـاڵی (١٩٧٧)دا راگەیانرا، ئەوەندەی نەبرد بەرەو رووی گلەیی و گازانـدەی زۆر بـووەوە لـە لایـەن چـەندین کەسایەتیی ناسراوە، نووسەری ناودار (پەکین) وتـارێکی تایبـەتی بڵاوکـردەوە و تێیـدا بـە توندی رەخنەی لەم چاکسازییە تازەیە گرت، بە پلەی یەکەم گلەیی رۆشـنبیریی بـوون، کـە ئەمەش لە کۆتاییدا ئەوە روون دەکاتەوە کە نووسینی راستەقینەی چینی نەزانرێت. دیـارە لەم سەردەمەی ئێستادا مەسەلەکە زیاتر سەقامگیرە، پرۆسەی ئاسایی فێرکردنی چینی لـە قوتابخانەکاندا دەستیپێکردەوە، تەنانەت ناوبەناوێك لە نووسینی گشـتی و رۆژنامەگەریـدا گەڕانەوە هەیە بۆ پیتی ئاسایی، کە ئەمەش هیچ گرفتێـك نـاوروژێنێ، بـۆ نمونـە بڕگـەی یەکەمی ناوی شاری کانتۆن بە پیتی ئاسایی لە سەرەوەی لاپەڕەکان نووسراوە لە پەیمانگەی زمانە بیانییەکان کە سەردانمان کرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەقەکە بە دەسـت خـەتی ماوتسی تۆنگ نووسراوە.

لە یەکەم خوێندنەوەی خێرای ئەم بابەتەدا، دەردەکەوێ کە هیچ ئەنجامێکی سیاسی لە ئەنجامی چاکسازیی ئەلف وبێی چینی نەکەوتەوە وەکو ئەوەی کە لە هەموارکردنی ئەلف و بێی سۆڤیەتیدا دەرکەوت. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە رووپەکی یەکخستنی وێنەکردنی پیتەکان و پۆلێن کردنیان هەمان مەسەلەمان بۆ روونەدەکاتەوە. (یانگ چیان) لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە پیتی وێنە و ئەرکی بەڵگەداریی رێزمان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، کە حکوومەتی چینی مەبەستی لە یەکخستنی ئەلف وبێ و پۆلێنکردنی ئەوە بوو کە ئەو پیتانە هەڵبژێرێت کە سوودی زیاتری بۆ زمانی هاوچەرخی چینی هەیە، هەروەها بە پێی توانا ئەلف وبێ سووك بکات و مانای وشەکانیشیان دیار بکات. لە دەرئەنجامدا قەدەغەکردن و بەوەلانانی چەند پیتێك کە بە هەڵە لە هەندێ دەستەواژەی شێوە زمانەکاندا بەکاردێت، لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە پێشەوە:

- پیتی بە سوود چییە؟ کێ بڕیار لە سوودەکەی دەدات؟
- زمانی چینیی هاوچەرخ چییە؟ کێ مانا هاوچەرخییەکەی دیاردەکات؟

ئەم قسەیە، لە هەمان کاتدا چەندین گرفت بۆ نووسینەوەی شێوەزارەکان دەنێتەوە، بە تایبەتیش کە هەندێ پیت بە گوتەی (یانگ جیان) پشتگوێ دەخرێن. بەڵام ئەو گرفتانەی کە لە ئاکامی سووك کردنی نووسینەوەی پیتەکان وروووژاندویەتی، وەکو ئەوە نییە کە سیستەمی نووسین (بێن ین) دەیوروژێنێ.

چاکسازیی بێن یێن

بیرۆکەی بە رۆمانییکردنی نووسینی چینی، واتا نووسینی زمانی چینی بە پیتی زمانەکانی رۆمانی، بیرۆکەیەکی تازە نییە، مژدەهێن (ماتیۆ ریتشی) لە کۆنەوە پیتی لاتینی لە نووسینی زمانی چینیدا بەکارهێناوە. هەوڵێکی زۆر لە چاخی تازەدا خرانەگەڕ هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی بە رۆمانیکردن کە پسپۆڕانی زمانی چینی داویانە، لە هەموویان بەناوبانگتر نووسینی (واد) بوو، لێرەدا باس لەو لیستە دەکەین کە (لوکانشانگ) لە ساڵی ١٨٩٢دا پێشنیازیکرد و لە (٥٥) پیتی تێکەڵ پێکدێت، کە نە بەتەواوی چینیە و نە زۆر رۆژئاواییشە، هەروەها چەند کەسێکی دیکە کە هەوڵی زۆریان داوە لەوانە: (زهوین زیۆ) ساڵی ١٩١٨دا، (گۆیۆ رۆمازی) لە هەوڵی بە رۆمانیکردنی زمانی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٢٨دا، (بیفانگهوا لاتینهوا) لە نووسینی شێوەزاری باکوور بە پیتی لاتینی لە ساڵی ١٩٣٣دا، دواتر (بێن یێن) لە ساڵی ١٩٥٨دا، واتا دوای سێ ساڵ

لە بڕیاری حکوومەت بە گشتاندنی فێربوونی زمانی هاوبەش (بۆتـۆنگ هـوا)، لێـرەدا پەیوەنـدیی هەیە لە نێوان ئەو دوو بڕیارەدا و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

بەڵگەی فەرمی بۆ پاکانەکردنی بەکارهێنانی نووسین بە سیستەمی (بێن یێن)، زۆرە:

- یارمەتیدانی فێربوونی وێنەکێشانی پیتەکان.
- یارمەتیدانی بیانییەکان بە فێربوونی زمانی چینی.
- چارەسەرکردنی گرفتی ناوی شوێن و کەسەکان.
- یارمەتیدانی گشتاندنی زمانی بۆتۆنگ هوا.
- نووسینی برووسکە...تاد.

دیارە بە رۆمانکردنی زمان، کەواتە پرۆسەیەکی زیادی نووسین و یاریـدەدەرە کـە دەتـوانێ شوێنی سیستەمی پیتەکان بگرێتەوە بەڵام بە پێچەوانەوە یارمەتی فێربوونیشـی دەدات ئەمـە بە لایەنی کەم لە رووی تیۆرییەوە، چـونکە زۆر جـار لـە سـەرەتای هەڵمـەتی (بـێن یـێن) دا رستەیەکی ماوتسی تۆنگیان بەکاردێنا، ((پێویستە زمانی نووسینمان چاك بکـەین، هـەروەها پێویستە بەرەو نووسینێکی دەنگیی هاوبەش لە نێوان گشت زمانانی جیهـان هـەنگاو بنـێین)) بۆیە دەست تێوەردانی هەندێ سەرکردە بە نۆرە، ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەستی کۆتـایی لـە پرۆژەکە، سەپاندنی (بێن یێن) بوو، کە تاکە سیستەمی نووسینی چینی بوو.

لە کاتی راپرسیمان لە کانتۆندا، دوو پرسیارمان ئاراستەی قوتابیان کـرد کـە پەیوەنـدییان بەو کێشەیەوە هەیە:

ئایا بە ئاسانی دەتوانن بە سیستەمی بێن یـێن بنووسـن؟ ئایـا قـایلن بـەوەی سیسـتەمی نووسینی بێن یێن شوێنی پیتی ئاسایی بگرێتەوە؟ وەڵامەکان بەم شێوەیە دابەش کران:

بە ئاسانی بە سیستەمی بێن یێن دەنووسن؟			
	کوڕ	کچ	کۆ
بەڵێ	٨١	٧٧	١٥٨
نا	٣٧	٥	٤٢
بە تەواوی نا	١٩	٥	٢٤

قایلین که سیستەمی پیتەکانی بێن ییێن شوێنی پیتی ئاسایی بگرێتەوە؟

	کوڕ	کچ	کۆ
بەڵێ	٤٠	٣٣	٧٣
نا	٩٤	٥٣	١٤٧
نا نازانم	٣	١	٤

لە پێشەوەی ئەو بەڵگەو بیانووانەی کەمایەتییەکان پێشکەشی دەکەن لەسەر چاکسازیی ئەلف وبێ: ئاسانیی بێن ییێن و خێراییەکەی بوو، وێڕای توانایەکی زۆری بەکارهێنانی ئامێری چاپ و دواتریش پەیوەندی کردن بە دەرەوە.

بەڵام ناحەزانی چاکسازی، بیانووەکەیان ئەوە بوو کە هونەری نووسینی ئاسایی جوانترە، پیتی ئاسایی بەشێکە لە کەلتووری چینی، هەروەها پەیوەندی کردن بە چینیەکان ئەوانەی لە دەرەوەی دەریاکانن، هەروەها گرفتی وشەکان کە دەنگەکانیان لە یەکدی دەچێ. لە راستیدا، زۆر وشە هەیە لە گۆکردندا هاوبەشن، کەواتە بەیەك شێوە دەنووسرێن لە بێن ییێن، هیچ جیاوازیەکیان نییە تەنیا بە نووسین نەبێ بە پیتی ئاسایی، هەروەها سیستەمی نووسین بە بێن ییێن هیچ جیاوازییەك دەرناخات بۆ نموونە، لە نێوان (لی) کە بە مانای (دڵڕەق) دێت ( ) و (لی) کە بە مانای درەختی خۆخ ( ) دێت و (لی) بە واتای (ناوبەرگی کراس) ( ) دێت و (لی) کە واتاکەی (خانوو)ە ( ) و (لی) کە بە واتای (ماسی شەبوت) ( ) دێت.... تاد، هەروەها جیاوازی ناکات لە نێوان (یوان دان) کە هەم بە واتای (سەرەتای ساڵ) و (هێلکە) دێت.

لەم نموونەدا پاساوی بەهێزی زمانەوانی هەیە دژی نووسینی بێن ییێن دەوەستێ. بەڵام یەکێك لە نێوان ئەو کەسانەی رامان وەرگرتن کە ژمارەیان (٢٢٤) کەس بوون، ئاماژەی بەوەکرد کە سەپاندنی سیستەمی بێن ییێن، رەنگە مردنی زمانەکانی دیکەی بەدوادا بێ، نەك زمانی (بۆتۆنگ هوا)، جیاوازی ناوەڕۆکی نێوان سیستەمی پیتی ئاسایی و هەر سیستەمێکی دیکەی ئەلف و بێ ئەوەیە کە سیستەمی ئەلف و بێ نووسینی زمانەکە دەسەپێنێ ((ئەمەیان

لە پیتی ئاسایی چینی بەم شێوەیە نییە))، بۆیە کەسێك لە گـەلانی (هـان)ی چـینی دەتـوانێ رۆژنامەیەك بە زمانی (بۆتۆنگ هوا) بخوێنێتەوە بێ ئەوەی قسە بەم زمانە بکـات، جـا لەبـەر ئەوەی نووسینی بێن یێن بریتییـە لـە نووسـینی رۆمـانی بـە زمـانی (بۆتـۆنگ هـوا)، بۆیـە سەپاندنی ئەم نووسینە لە جیاتی پیتی ئاسایی دەبێتە هـۆی دابـەزینی ئاسـت و پلـەو پایـەی هەموو زمانە نەنووسراوەکان بۆ(شێوەزار) پەیتاپەیتاش زمانەکانی (هان) بێجگە لە (بۆتـۆنگ هوا) ئەرکی ئەدەبی و رۆشنبیریی خۆیان لە کیس دەدات، تەنیا ئەرکەکـەی بـریتی دەبێـت لـە پەیوەندییەکی تایبەت، واتا ئەرکی زمانی مێگەل، کە تەنیا بەزارەکی قسەی پێـدەکرێت نـەك بە نووسین، پـەیڕەوکردنی پیتـەکانی زمانـە رۆمانییـەکان کـە لـە سـەرەتادا دەتـوانێ ببێتـە چارەسەرێکی تەکنیکی گرفتی تایبەت، کە بریتییە لە بە درەنگ و بە زەحمەت فێربوونی پـیتی ئاسایی لەبەر زۆریی ژمارەکانیان، لە ئاکامدا دەبێتە ئامرازێك بۆ خزمـەت کردنـی سـەپاندنی زمان، کە زمانی فەرمییە.

گفتوگۆ

ئەمە یەکەم جار نییە کە باس لە گرفتی نووسین دەکەین، پێشتر بینیمان کـە بـەکارهێنانی ئەلف و بێی لاتینی لە شوێنی پیتی عەرەبیدا، یەکێك بوو لە رووگەکانی (شۆڕشی زمانەوانی) لە تورکیا، هەروەها هۆی رووبەڕووبوونەوەی سیاسـیی ئـایینی نێـوان موسـڵمانان و هنـدۆس، رەنگە بە شێوەیەکی هێمایی، بۆ هەڵبژاردنی شێوەکانی نووسین بگەڕێتەوە، بـۆ نموونـە ئـۆردی پیتی عەرەبی هەڵدەبژێرێ و دیڤاناگاریش پیتی هیندی، نموونەکان لەم بەشـەدا بـە شـێوەیەکی روونتر دەردەکەون، نووسین رەنگە ببێتە مایەی دروسـتبوونی کێشـە و ململانـێ، لـە حاڵـەتی ماندینگ و نەروێژدا کە لە بەشی دوازدەهەمدا روونمان کردنـەوە، هەڵبـژاردنی جـۆری نووسـین (سیاسەتی ناوخۆیی زمانەوانی)ی بە دوادا دێت، واتا ئەو سیاسەتەی کە بە مەبەستی تاکڕەوی و رەسەنایەتیی نیشتمانییە، ئەو سیاسەتەی رەنگە ئارەزوو و مەبەسـتەکەی لـە جیاکردنـەوەدا ببێتە هۆی پەك خستنی پەیوەندی و گەیاندن کە ئەمەیان ئەرکی بنەڕەتی زمانە.

ئەندەنۆسیا و مالیزیاش نموونەی گرنگی ئەم راوبۆچوونەیە، لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا، تاکە زمانی مالیزی دوو سیستەمی نووسینی هەبوو، یەکەمیان ئەو سیستەمەی کـە (ش.ڤـان ئۆفیس) لە ساڵی ١٩٠١دا داینا و لە دوورگەکانی هیندی و هۆڵەندا بەکارهێنرا کە ئەمڕۆ بـە

ئەندەنۆسیا ناسراوە، هەروەها ئەو سیستەمەی (ویکانسۆن) کە لە ساڵی ١٩٠٤ دایڕشت، کە لە مالیزیا بەکاردێت، هەر یەکێك لەو دوو سیستەمە چەندین سیماو خەسڵەتی هەیە کە لە یەکدیان جودا دەکاتەوە، ئەوسیماو خەسڵەتانەش لە سیستەمەکانی نووسینی زمانەکانی ئیمپریالیزمیدا ماوەتەوە، کەبریتین لە هۆڵەندا وئینگلیز. لەساڵی ١٠٢٧دا ئەندەنۆسیا کە تازە سەربەخۆیی بەدەستهێنا بوو، سیستەمێکی تازەی لە نووسیندا پەیڕەو کرد، کە بە تەواوی شوێنەواری نووسینی هۆڵەندی رەشکردەوە وەکو بەکارهێنانی (oe) بۆ نووسینی / u / ی بزوێن، دواتر ئەندەنۆسیاو مالیزیا لە ساڵی ١٩٦١دا سیستەمێکی یەکگرتووی نووسینیان پەیڕەو کرد کە سیستەمی (مالیندو) بوو و (لێکدراوی هەردوو ناوی مالیزیاو ئەندەنۆسیا) بوو. بەڵام کێشەو ناکۆکی نێوان هەردوو وڵات رێگای بەجێبەجێ کردنی نەدا، تا دواتر سیستەمی (نووسینی چاککراو) پەیڕەو کرا کە مالیزیا بە فەرمی ساڵی ١٩٦٩ و ئەندەنۆسیا ساڵی ١٩٧٩ و سەنگافورە لە ١٩٧٦دا پەیڕەویان کرد. زنجیرەی رووداوەکان ئاراستەی تایبەتی ئەو مەسەلانە روون دەکاتەوە، ئەویش ویستی جیابوونەوە لە نووسینی ئیمپریالیزم بوو، هەروەکو لە نموونەی نەرویژدا بینیمان، هەروەها ویستی پەیڕەو کردنی سیستەمی نووسینی نیشتمانی، هەروەکو لە زۆربەی ئەو وڵاتانە پەیڕەوکرا کە بە (ماندی) قسەدەکەن.

بەڵام نموونەی یەکێتیی سۆڤیەت تایبەت بە کەمایەتییەکان زیاتر گوزارشتی لەم لایەنە دەکرد و روونتر دەکەونە بەرچاو، گواستنەوە لە ئەلف وبێی عەرەبی بۆ ئەلف وبێی لاتینی، دواتر بۆ سیریلی بە جۆرێك لە نارێکیی پلاندانان لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام بە هەرحاڵ بینیمان کە ویستی نزیك بوونەوەی زمانی کەمایەتییەکان بەرجەستەدەکات.

زمانی چینی، تەنیا گرفتێکی رۆشنبیری لە چاکسازیی پیتی ئاساییەکان روونەدەکاتەوە، ئەویش مەترسیی لە بەین بردنی نیشانەکانی نووسینی ئاسایی بوو، بەڵام گرفتێکی مەترسیدارتر دەخاتە روو، ئەگەر نووسینی (بێن یێن)ی رۆمانی شوێنی پیتی ئاسایی بگرێتەوە، چونکە بەڕۆمان کردنی نووسین، ئەو کاتە سیستەمێکی نووسینی زمانەکانی (هان) نییە، بەڵکو سیستەمێکی نووسینە بەیەك زمان لەو زمانانە، ئەویش زمانی فەرمییە.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە نووسین بە رێگای جیاواز جیاوازەوە بە دەسەڵاتەوە بەندە، لە لایەك هێمای نواندنی گرووپێکە (هەروەکو لە زمانی هیندیدا بەرامبەر ئۆردی دەردەکەوێ) یان بۆ وڵاتەکە، کە دەکرێ ببێتە مایەی پابەندبوونی سۆزبەندی، یان کاردانەوەی توندی پاپەندبوونە بە نیشتمان یاخود گرووپێکی بچووك، لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بە پێچەوانەوە بێ، چ بە

دژایەتی یان بە رەتکردنەوە، بۆیە نووسین لە شێوەی چەند سیستەمێکی سیمیائیدایە کە لەسەر دوو ئاستدا کاردەکەن: یەکەمیان ئاستی بەڵگەیی خود (سیستەمی نووسین، سیستەمێکە بۆ نووسین، دەرئەنجام وێناکردنی وشەیە) بۆیە لەم ئەرکەدا کێشەو ململانێ دەردەکەوێ، هەروەها (شەڕی نووسین) کە ناونیشانی ئەم بەشەیە، بەڵام دەشێ نووسین ببێتە مایەی دەست تێوەردانی راستەوخۆو هێرشکردن، جا ئەگەر کارەکە پەیوەندی هەبوو بە سەپاندنی ئەلف وبێی زمانی زاڵ بەسەر زمانی ژێردەستەدا، هەروەکو لە نموونەی سۆڤیەتدا روونکرایەوە. کە لێرەدا نووسین دەبێتە هەنگاوی یەکەمی ئەم هێرشە بەربڵاوە، یان بە دابڕانی زمانەکان لە رەگ وڕیشەی نووسین، هەروەکو لە نووسینی (بێن یێن)دا روونکرایەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا نووسین دەبێتە هۆیەك لە هۆیەکانی شپرەزەیی، چونکە بێگومان هێمایە، بەڵام تەنیا لە قۆناغی یەکەمدا نەبێ، زیاتر بۆ هاوکێشەی هێزی ماددی هەستپێکراو رێگاش خۆشدەکات نەك بۆ هێما.

بەشی شازدەهەم

شەڕی وشە

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە سیاسەتی زمانەوانی، کاتێ خۆی لە زمان هەڵدەقورتێنێ، نەك لە زمانەکان، واتا کاتێ دەستوەردەدات لە شێوەی زمانەکان، نەك لە پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، ئەو کاتە رەنگە کاریگەریی هەبێ لەسەر سێ ئاستی جیاواز، لە ئەلف وبێ و فەرهەنگ و شێوەزارەکان، لەم بەشەدا باس لە دەستێوەردان لە بواری فەرهەنگ دەکەین.

بەراوردی یەکەم

دوو تەرزەهۆکاری دەستێوەردان لە بواری فەرهەنگدا هەیە:

- لە هەندێ حاڵەتدا دەستێوەردان لە فەرهەنگ، لە وەڵامی هەڕەشەی هێزێکی پەلامارەدردا دێتە ئاراوە، چونکە وا دەزانرێت کە چەند وشەیەکی نامۆ هێرش بۆ زمان دێنن، بۆیە پێویستە ئەو هێرشبەرە نامۆیە بکرێتە دەرەوەی فەرهەنگ، تاکو وشەی رەسەنیان لە شوێن دابنرێت، داکۆکی کردن لە (پاکی) ی فەرهەنگی زمان، کارێکی باوە، بۆیە لەو روانگەیەوە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێ بە فراوانی شیبکەینەوە، بەڵام لە بەشی داهاتوودا، بە پەیڕەوکردنی نموونەی فەڕەنسی.

- لە حاڵەتێکی دیکەدا، دەستێوەردان لە فەرهەنگ بە پیرەوەهاتنی ئارەزوویەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، چونکە وا دەزانرێ کە پێویستە وشەی تازە بێتە نێو زمانەوە تاکو لەگەڵ پێداویستی سەردەمدا بگونجێ و بتوانێت گوزارشت لە چەند واتایەك بکات کە پێشتر گوزارشتی لێ نەکردبوون، بە تایبەتی لە بواری ((پەروەردە و سیاسەت و زانست....))دا.

دەستێوەردان لە بواری وشەسازیی فەرهەنگی بە گشتی لە نێوان دوو جەمسەردا خۆی دەنوێنێ: خواستن یان (خواستن) لە لایەك، واتا بەکارهێنانی وشەیەك کە لە زمانێکی دیکەدا هەبێ و وشەسازیی ناوەکی لە لایەکی دیکەوە، واتا دروستکردنی وشەیەکی تازە، کاتێ پشت بە رەگ و ریشەی تایبەتی خودی زمانەکە دەبەسترێ.

بەکارهێنانی زاراوەی (خواستن)، بەکارهێنانێکە و لە نێو زانستی زماندا زۆر باوە و گوزارشت لە (وشەی کۆچ بردوو) دەکات، واتا ئەو وشانەی کە لە نێوان چەند زمانێکدا دەگوازرێنەوە، بەکارهێنانێکە مایەی سەرنجە: خواستن یان قەرزکردن لە بنەڕەتدا بە واتای (قەرزکردنی پارە)یەو پێویستە ئەو قەرزەی وەرگیراوە، بگەڕێنرێتەوە، بەڵام زمانەکان ئەو وشانەی قەرزیانکردووە، نایگێڕنەوە، ئەم شێوەیەش بەڵگەی دزییە لە بواری ئەدەبدا، دزەکانیش هیچ پارەی دزییەکەیان نادەن.

بە هەر حاڵ، ئەو دوو جەمسەرە، خواستن و وشەسازی دوو شتی تایبەتی نین کە بە تەنیا لەسەر سیاسەتی زمانەوانی وەستابن، واتا لەسەر دەستێوەردانی بیرۆکراتی لە زماندا. بەڵکو نەوەکانی زمانەکەش، بەرەو ئەو دوو جەمسەرە دێن بە شێوەیەکی بێ ئەنقەست، چونکە دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە جۆرەکانی وشەسازی فەرهەنگی بکەین: یەکەمیان وشەسازیی لەخۆڕا، ئەو جۆرە کە رۆژانە نەوەکانی زمان پەیڕەوی دەکەن، کە رێگای زمان لە جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی فەرهەنگ دەستنیشان دەکات، دووەمیان: وشەسازی بەبەرنامە، ئەو جۆرەیە کە سیاسەتی زمانەوانی دەیهێنێتە ئاراوە، واتا بە بڕیار وشە لە دایك دەبێت. ئەوەی کە پێی دەگوترێ وشەسازی لەخۆڕا، داهێنانی فەرهەنگیشی پێ دەگوترێ، بەڵام وشەسازیی بەبەرنامە، وشەسازیی فەرهەنگییە، ئەو جووتە، واتا خواستن و وشەسازی لە لایەك و وشەسازیی لەخۆڕا و بە بەرنامە لە لایەکی دیکەوە، لە یەکتربڕیندا چوار ئەگەری لێ دەکەوێتەوە، هەروەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت:

وشەسازیی وشە	لەخۆڕا	بەبەرنامە
وشەسازیی ناوەکیی	١	٣
خواستن	٢	٤

١ . وشەی وشەسازیی لەخۆڕا ئەو وشەیەیە کە رۆڵەکانی زمانەکە لە بەپیرەوەهاتنی پێویستییەکانی بەردەوام بوون داهێنانی تێدا دەکەن، بە پەیڕەو کردنی بونیادنانی زمان چ بە لێوەرگرتن یان پێکهێنان بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسیدا (هێڵی ئاسن - Chemain de fer).

٢.خواستنی لەخۆڕا، کە هەروەکو نموونەی مەرجەکانی پێشوو دەردەکەوێ، کاتێ نەوەی زمانەکە بەرەو رووی واقیعێك یان پەیڕەوکردنێك دەبنەوە، کە ناوی لە نێو زمانەکەیاندا نییە، بۆیە وشەیەك لە زمانێکی دیکەوە وەردەگرن و بەکاری دێنن.هەروەکو لە چەند وشەیەکی ئینگلیزیدا هەیە کە لە فەڕەنسییەوە خواستراوە (Camping) (خێوەتگە) و (Parking) (گەراج) دوای گونجاندنی دەنگ کە زمانەکە دەیسەپێنێ، کە هەندێ جار دەبێتە هۆی پەیدابوونی دەنگی تازە لە زمانی خواستراودا.

٣. وشەی وشەسازیی بەبەرنامە، کە ژمارەیەك لە زمانزانان بە پشت بەستن بە بونیادی زمانەوانی، دایدەڕێژن. یان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بە زاراوەدانان ناوی لێ دەنرێ، یاخود پێشتر لە زمانێکی دیکەدا ناوی هەبووە بۆنموونە (Remue-meninges) کە لە فەڕەنسی پەیدابوو شوێنی وشەی ئینگلیزی (Brain-Storming)ی گرتەوە کە بە واتای (گەڕان بە دوای هزری داهێنراودا) دێت.

٤. خواستنی بەبەرنامە، کە لە لایەن خودی لیژنەکەوە دەخوازرێ و لە زمانێکی دیکەوە و بە هەمان بۆنەشەوە. وەکو وشەی (زرە) زمانی (مالی)دا کە لیژنەکە لە وشەی عەرەبی (ژرە) وەری گرتووە. ئەو پۆلێن کردنەی کە لە لایەن خودی رۆڵەکانی زمانەکەو داڕێژەرانی زمان ئەنجامدراوە، ئەگەری ئەوەی هەیە کێشەو ململانێ و ناکۆکی لە نێوان خۆیاندا بێننە ئاراوە کە لەو نموونەیەدا دەردەکەوێ:

نموونەی بامبارا

دوو تەرز لە تەرزەکانی وشەسازیی فەرهەنگیی لەخۆڕا، لە زمانی بامبارا لە مالی لە سەردەمی حوکمی ئیمپریالیزمدا رکابەریی یەکدیان دەکرد. یەکەمیان راستەوخۆ لە فەڕەنسی دەخواستەوە، دووەمیان وشەی تازەی دادەهێنا بە پشت بەستن بە بونیادی زمانی بامباری، ئەمەش چەند نموونەیەکە:

خواستن له فەڕەنسی:

ئەلیماتی لە (Allmette) واتا (دەنکە شخارتە)، ئەسیاتی لە (Assiette) واتا (دەفـر)، بالانسی لە (Balance) واتا (تەرازوو)، دیوین لە (Vin) واتا (مەی)، فۆتۆ لە(Photo) واتا (وێنە)، کامیۆن لە (Camion) واتا (لـۆری)، مـوبیلی لـە (Voiture) واتـا (ئۆتۆمبیـل)، سوفیر لە (Chauffer) واتا (شوفێر)، تابالی لە (Table) واتا (مێز)، بیێر لە (Verre) واتا (جام)....تاد.

وشەسازی ناوەکیی:

باگانفاگـایویو (ئـەو شـوێنەی ئـاژەڵی لـێ سـەر دەبـڕدرێ) واتـا (سـەربڕخانە)، فاریکولۆنیناجیکین (لەش – پشوودان – شوێن) واتا (پەیژە)، نیگسۆ (ئەسپە ئاسـنینە) واتـا (پایسکل)، بانکۆرۆ (ڕەگەدارێك دەفڕێ) واتا (فڕۆکە)....تاد. زۆر زەحمەتە ئەو هۆیە بزانین کە بۆچـی جارێـك خواسـتن هەڵدەبـژێردرێ و جـارێکی دیکـەش وشەسـازی نـاوەکی لـە حاڵـەتی وشەسازیی لەخۆڕادا. دابەش بوون لە نێوان ئەو دوو تـەرزە بەڵگـەی راسـتەقینە بـە دەسـتەوە نادات. بۆیە لە بەرامبەردا دەبینین دوو سەرچاوەی تەواوی ئـەو دوو وشـەیە هەیـە، یەکـەمیان خواسـتراوە و ئـەوی دیکـەش دروسـتکراوە، هـەروەکو لـە وشـەی (تـرێن) کـە لـە ناونـانی (شەمەندەفەر) و (نیگیسرا) لە ناونانی (هێڵی ئاسن) وەرگیراون هەروەها هەندێ جار دوو وشـە دەبینین کە لە یەکدیەوە نزیکن یەکێکیان خواستراوە و یەکێکیان دروستکراوە وەکو / ساری/ و/ میسیدایا / بۆ (گاسن)، / گلاسی / و / جیکۆرۆ/ بۆ ناونـانی (کلۆتـە بـەفر).. بـەڵام رێگـای وشەسازییەکە هەر چەند جیاواز بێت، مەبەست لەو دوو حاڵەتە ناونانی شـتەکانە، کـە هێـزی ئیمپریالیزم لە کەلتووری دیکەوە هێناویەتی.

وشەسـازیی لـەخۆڕا، جـا بـە خواسـتن یـان بـە وشەسـازیی نـاوەکی بێـت، بریتییـە لـە چارەسەرکردنی گرفتێکی مەعنـەوی.دواتر کـە سـەربەخۆیی هـات، زمانزانـان و رێکخـەرانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و پلاندانانی زمانـەوانی لەگەڵـدا هـات، ئاراسـتەی فـەرمی بـەرەو داڕشتنی وشەسازیی بە زمانی بامبارا هاتەئاراوە، بەم شێوەیە وشەی (سەرۆك) کە لە سەرەتای ئیمپریالیزمەوە (پرێزیدان) یان پێ دەگوت بە خواسـتنەوەیەکی روون لـە زمـانی فەڕەنسـییەوە (President) وشەی (جامانا کونتیجی) لە دایك بوو، کە بە واتای پیتەکان بێ، مانای (بەڕێز

سەرۆکی وڵات) دەگەیەنێ. هەروەها وشەی (سیاسەت) کە ناوێکی خواستراوە ئەویش پۆلیتیکی (Politique) بوو، وشەی (نیتا سارا) پەیدابوو، کە پێویستە هەڵوەستەیەکی لە پێشدا بکەین: ئەم وشەیە کە زمانزانەکانی بەشی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری دایانهێنا بە واتای (رێگای پێشکەوتن)، کە دیدی ئایدیۆلۆژیا بە ئاشکرا لە رووی پێکهاتەی ئەم وشەیە (سیاسەت) روونده‌کاتەوە، وشە سازانی ئەم زاراوەیە بیریان لە سیاسەتی وڵاتەکەیان دەکردەوە یان لە سیاسەتی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام ئایا دەتوانرێت ئەو سیاسەتەی پیاوێکی وەکو هتلەر یان وەکو بنێوشێە پەیڕەویدەکەن بە (رێگای پێشکەوتن) لە قەڵەم بدرێ؟.

دوای گفتوگۆیەك دەربارەی ئەم مەسەلەیە و لە کاتی خولێکی راهێنانی زمانزانەکان لە باماکۆ لە نیسانی ساڵی ١٩٨٤دا پێشنیازمان کرد کە راپرسێکی خێرا ئەنجامبدەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەوانەی بە زمانی بامبارا دەدوێن، ئەو وشە تازانە قبووڵدەکەن و هێماکانی چۆن لێك دەدەنەوە، دوو وشەی تازەمان لە وشەکانی سیاسەت دەستنیشان کرد.کە بریتی بوون لە (نیتاسیرا) بۆ ناونانی (سیاسەت) و وشەی (باراکیلاوکاسیری) بە واتاکەی بریتییە لە (کۆمەڵ – گرووپێکی کرێکاران) بۆ ناونانی (پرۆلیتاریا)، داوامان لە چەند رێبواریك لە شەقامەکە کرد، پێمان بڵێن واتای ئەم دوو وشەیە بۆ ئەوان چی دەگەیەنێ؟ هیچ کامێکیان ئەو واتایەی بۆ روونەکردینەوە کە پێشتر لە لایەن لیژنەی وشەو زاراوەکان بۆیان دانرابوو.

- نیتاسیرا: رێگای پێشکەوتن، پێشکەوت، داهاتوو، ئەو دوو وشەی دواییش لە هەموویان زیاتر لە لایەن هاووڵاتیانەوە ئاماژەیان پێدەکرا.

- یاراکیلاوکاسیرا: سەندیکا، گرووپێکی کرێکاران، .. چەند کەسێك وەڵامیان داینەوە کە لەم وشەیە ناگەن، یان هەر لە زمانی بامبارادا نییە.

بێگومان خەیاڵی ئەوە بکەین کە بەکارهێنان، واتا بونیاد دەنێت. ئەم وشانەش ئەگەر لە وتاری فەرمی و لە دەزگاکانی راگەیاندندا زۆر بەکارهاتن، ئەوا لە کۆتاییدا دەبنە بەشێك لە وشەکانی زمان. بۆ نموونە زاراوەی فەڕەنسی (لوجبسێل) کە بە شێوەیەك داهێنرا تاکو شوێنی زاراوەی ئینگلیزی (سۆفتوێر) بگرێتەوە کە باس لە بەرنامەکانی کۆمپیتەر دەکات. گرفتەکە لێرەدا ئەوە نییە، بەڵکو لە بەیەکەوە هەڵکردنی نێوان وشەسازیی ئەو زاراوانەیە: بەراوردیی هەندێك وشە کە بە دوای شێوە زمانەکاندا دەگەڕێت، یان ئەو شێوەزارانەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بە ئاشکرا تێیدەگات، یانیش بەراوردێکی جۆری، کە بە دوای شێوەی پاکدا دەگەڕێ و نزیکە لە بونیادی زمان دیارە لە نموونەی بامبارادا بەراوردی کوالیتی لەسەر حسابی

بەراوردی چەندێتی پەیڕەو دەکرێت، کە هەڵبژاردنی بەراوردی کوالیتی دوو ڕەهەند وەردەگرێت، لە هەمان کاتدا هەردووکیشیان پەیوەستن بە دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیاوە:

- ڕەهەندێك یەکەم جار بە دەسەڵاتەوە پەیوەستە، چونکە زمان لێرەدا، بە ڕێگای وشەسازیدا، تایبەت نییە بەوانەی قسەی پێدەکەن، بەڵکو تایبەتە بە لیژنەی زمانزانان کە مافی چارەنووسی ئەوە بە خۆیان دەدەن، کامیان (پەتی)یەو کامیان (پەتی)نییە لە زماندا، مەبەست لێرەدا دیاردەیەك نییە تایبەت بێت بە مالی بە تەنیا، بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە هەموو لیژنەکانی زاراوە کە لە پاریس دان لە مۆنتریال یان لە پەکین کۆدەبنەوە، هەمان ئەرك جێبەجێ دەکەن. ڕەنگە هەلومەرجەکان بە گشتی جیاوازییان هەبێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەمان شتن.

نموونەی ئەمەش: لە نامەی دکتۆرای نووسەری ناودار (حەسەن بن جەلوت)دا هاتووە دەربارەی فێرکردنی کەڕولاڵان لە ناوچەی تەتوانی لە مەغریب، کە ا باسی ئەو کۆدانە دەکات کە لە دروستکردنی زمانەکەدا دایانهێناوە، هەروەها ئەو هێمایانەی ڕاهێنەرانی مەغریبی و ئەمریکی بەکاری دێنن، هەمان ئەو هێمایانەن کە کەڕولاڵان قسەی پێدەکەن.

- ڕەهەندی پەیوەست بە ئەیدیۆلۆژیا: هەڵبژاردنی وشەی (پەتی) لە زماندا لە جیاتی وشەیەکی خواستراوە، گوزارشت لە خۆرزگارکردن دەکات لەو زمانانەی ئیمپریالیزم سەپاندوونی یان بڵاوی کردوونەتەوە، واتا جوداکردنەوەی زمانی پەتی لە زمانی زاڵ، بۆنموونە ئەو هەوڵانەی حکوومەتی فەڕەنسی بە فەرمی داویەتی بۆسڕینەوەی مۆرکی ئینگلیزی لەسەر چەند وشەیەکی فەڕەنسی، دیارە ئەمەش لە چوارچێوەی هەستێکی دەمارگیری و ئینتیمای نیشتمانی سەرچاوە دەگرێت، تەنانەت جاری وا هەیە لە گۆڕینی ناوی وڵاتەکەشدا ئەم دیاردەیە دەردەکەوێ، بۆنموونە کۆنگرەی بەلجیکی دوای سەربەخۆبوون ناوی خۆی کردە (زائیر)، داهۆس بوو بە (بنین) و فۆڵتای سەروو بوو بە بۆرکینا فاسۆ، گۆیانای هۆڵەندی بوو بە سیرینام...تاد.

- هەروەها شاری زۆریش هەیە ناویان گۆڕیوە: لە زائیر (لیۆبۆلدفیل) بوو بە (کینشاسا)، لە مەغریب (مازاغان) بوو بە (ئەلجدیدە)، (بۆرلیۆتی) بوو بە (ئەلقنێترە) دیارە لە هەموو ئەو ڕەوشانەدا، جا چ بە گۆڕینی ناوی شوێن، یان زاراوە و وشەی دیکە، ئەیدیۆلۆژیایەك هەیە، ئەو ناوە تازە دابهێنێ. هەروەها دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە زۆر شوێندا بە ئارەزووی خۆی ناو بۆشوێن و وڵاتان هەڵدەبژێرێ، بێ ئەوەی پرس بە میللەت بکات، دیارە لێرەشدا ئایدیۆلۆژیای ئیمپریالیزم خۆی دەسەپێنێ. هەروەها دەسەڵاتی نیشتمانی، کە ناوەکان لە کەلەپوورەوە

وەردەگرێ و لە روانگەی دەمارگیریی و نیشتمانپەرستییەوە ناوی شارو شوێن دەگۆڕێت تاکو ئاسەواری ناو و ئەو وشانە بسڕێتەوە کە داگیرکەر سەپاندوویەتی.

وشەسازی و ئایدیۆلۆژیا

لە نموونەی (مالی)دا، کە ئاماژەمان پێیکرد، دیارە تەنیا یەك رێگایان لە پێش بوو تاکو لە نێو دوو رێگادا هەڵبژێرن: یان خواستن لە فەرەنسیەوە و پەسندکردنی وشەی دیکە، یانیش داهێنانی وشەی تازە کە لە زمانی بامباراوە وەرگیرابن، مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە وشەکانی زمان مۆرکی سەربەخۆییان پێوە بلکێ، بەڵام مۆرکێکی سیاسی. بەڵام لە ئەندەنوسیادا (سی.تەقدیر عەلی جهبانا) نموونەیەك لە نموونەکەی (مالی) ئاڵۆزترو دەوڵەمەندترمان بۆدەهێنێتەوە:

((لە داهێنانی زاراوەی تازەی ئەندەنوسیدا لە سەردەمی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لە لایەن ژاپۆنەوە، پشت بەو هەنگاوانە دەبەسترا بۆ دیاریکردنی زاراوەی نوێی ئەندەنووسی، سەرەتا گەڕان بە دوای وشەی ئەندەنووسیدا، ئەگەر ئەم وشەیە دەست نەکەوتایە، ئەو کاتە لە زمانەکانی دیکەی ناوخۆدا بە دوایدا دەگەڕان، ئەگەر نا لە زمانەکانی ئاسیادا، دوا قۆناغ ئەگەر هەر دەست نەکەوتایە، ئەوا پەنایان دەبردە بەر زاراوەی باوی نێو دەوڵەتی، لەم سۆنگەیەوە لیژنەی زاراوەکان لە ئەندەنووسیا وشەی (سوانتانترا) یان پێشنیار کرد تاکو لە شوێنی وشەی (ئۆتۆنۆمی) بەکاربهێنرێت کە پێشتر بۆ (خود موختاری) یان (سەربەخۆیی) بەکاریان دەهێنا، هەر بۆیەشە لیژنەی زاراوەکان لە مالی وشەی (الـژرە)ی عەرەبییان بۆ بەکارهێنان لە جیاتی وشەی (Atome)ی یۆنانی بەچاکتر زانی.

ئەم دەستێوەردانە لە توێژینەوەی فەرهەنگی زمان زۆر گرنگە، چونکە مەسەلەیەکی هەستیار دەورووژێنێ، ئەویش ئەوەیە، تا چەند وشەکانی زمان، تێکەڵ بە دەمارگیریی نیشتمانی دەکرێن. سەرەتا گەڕان لە فەرهەنگی ئەندەنووسی و دواتر زمانە ناوخۆییەکان و سێیەم جاریش لە زمانە ئاساییەکان پێش قەبووڵکردنی وشەی ئەوروپی، ئەمەیان فرت و فێڵێکە کە بوار بە دەمارگیریی نیشتمانی دەدات بخزێتە نێو وشەکانی زمانەوە، کە زۆر جار ئەو دەمارگیرییە لە هەڵبژاردنی زمانەکەدا رەنگ دەداتەوە، هەروەکو دەبینین چۆن لە مالی، زمانێکی نیشتمانی هەڵبژێردا کە شوێنی زمانی داگیرکەری گرتەوە کە هۆڵەندی بوو، هەروەها زمانی مالیزی بە (بهازا ئەندەنووسیا) ناونرا واتا (زمانی ئەندەنووسی) هەروەها رەنگە ئەم

دەمارگیرییە لە هەڵبژاردنی سیستەمی نووسینیش بەدەربکەوێت هەروەکو لە نموونەی تورکیدا بینیمان، لە نموونەی ئەندەنووسیدا بە دوای وشەی رەسەندا دەگەڕێن بە شێوەیەك (وشەی پەتی) بە چەند بازنەیەکدا رەتدەبێت بگرە لە ناوخۆ تا جیهانی و ناوچە و نیشتمان و کیشوەر، داهێنانی وشەی تازە لە نموونەی ئەندەنووسیا دەمانگەڕێنێتەوە دەمارگیریی بۆ نیشتمان، لە نموونەکانی دیکەدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کێشە و ململانێی ئایینی، بۆنموونە زمانی هیندی وشەسازییەکانی لە سانسکریتەوە دەخوازێت، ئۆردی لە عەرەبی و فارسی، هەروەها دەمانگەڕێنێتەوە بۆئینتیمای سیاسی بۆیە دەبینین زمانی ئەڵمانی و چیکی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتدا، وشەی لێکدراوی سیاسی لە شێوەی وشە لێکدراوەکانی رووسین، هەروەها گرفتی فەرهەنگی زمان وەکو گرفتی نووسین وایە، کە مەسەلەی پەیوەندیی نێوان دەستێوەردانی تەکنیکی واتا دەستێوەردانی زمانەوانی و پاشکۆی ئەیدیۆلۆژیا بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت. دەستێوەردانی پەیوەست بە وشەسازیی بەبەرنامە چوار قۆناغ لە خۆ دەگرێت:

١. **یەکەم:** وەسفکردنی سیستەمی وشەسازیی لە زاراوەکانی فەرهەنگدا، وەکو گەردان کردن یان داتاشین، بۆ نموونە لە زمانی (بێل)دا، وشەیەك کە دەنووسرێت بەم شێوەیە دەبێت: (رەگ+ توخمێك کە پەیوەست بێ بە بابەتەکە+ نیشانەی قسەکردن). ئەم مەسەلەیە ئەگەر بە ئاسانیش باسبکرێ، بەڵام دەبێ ئاماژە بە پلاندانانی زمانەوانی بکرێت کە وەکو زانستی زمان وایە و نابێ لە وەسفکردنی زمان جودابکرێتەوە، چونکە زمانەوانی بەشێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی.

٢. **دووەم:** لە هەموو بوار و لایەنێك کە گوزارشت لە پێویستییەك بکات، واتا ئەو چەمکانەی پێویستیان بە دۆزینەوەی نیشانەی زمانەوانی دەبێت. بۆ ئەوەی وشەکە بە رێك وپێکی دەربکەوێ پێویستە پشت بەو وشانەی ناوخۆ یان زاراوەی ئابووری ببەسترێ، کە مەسەلەی (خستنە روو) ئەوەی کە لەبەردەستە لەگەڵ (داواکاری) واتا (پێویستییەکان) باسبکرێت، بۆ نموونە لە زمانی (بێل)دا لیژنەی زاراوەکان پێشنیار دەکات وشەی (میبدۆ) کە واتاکەی (دەفرێکی پانی وەك بێژینگ وایە و دانەوێڵەی تێدا دەبژێردرێ تاکو دانی گەورە و بچووك لە یەکدی جودا بکرێتەوە) بۆ ناونانی (بازنە) دادەنرێت، هەروەها هەردوو وشەی (نۆرۆل) و (جیرۆل) کە واتای (پلێتی سەرە کوخ) دەبەخشن، بۆ ناونانی هێڵی تەریب و ئەندازیاری بەکاردێت، ئا بەم شێوەیە وشەو زاراوەی جوگرافیا و ئەندازیاری بە وەرگرتن لەناو خودی زمانەوە دروستدەبن.

٣. سێیەم: بۆ داهێنانی وشەی پێویست، دەبێ پشت بە رێزمان ببەسترێت، هەروەکو لە یەکەم بڕگەدا باسمانکرد، چونکە هەموو جارێ ئەو وشانەی هەمان مەرج نییە بەشی پێویستییەکانمان بکات، کاتێ بە وشەسازیی لە خۆڕا دەتوانین ئەو پێویستیانە پڕ بکەینەوە، وەك وشەی (پۆلیکی) بۆ(سیاسەت) یان (پریزدان) بۆ (سەروٚك) لە زمانی بامبارادا، پێویستە بەڵگەو بیانووی بەهێزمان لەبەر دەستدابێ بۆ رەتکردنەوەی ئەو وشەسازییەو سەپاندنی ئەو وشانەی کە پلاندارێژەران دەیخەنە روو و دواتر بەسەر زمانیدا دەسەپێنن.

٤. چوارەم: لە کۆتاییدا پێویستە تاقیکردنەوە بۆ ئەم وشانە، راستەوخۆ ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی رای خەڵکی شارەزا لەو زمانە وەربگیرێت سەبارەت بە شیکردنەوەی هێماکان، چونکە ئامانجی سەرەکی زمانزان ئەوەیە بە تەواوی بگاتە بنج و بناوانی وشەکەو روونیبکاتەوە، ئەمەش بە فەرمان و مەرسوم سەرناگرێ، بەڵکو لە گۆڕەپاندا دەبێ، لە شێوەی چالاکی و جووڵەیەکی بەردەوامی دوو رێباز و ئاراستە، لە نێوان پلاندارێژەران (ئەوانەی وشە دادەهێنن لە لایەك و بەکارهێنەرانی زمانەکە لە لایەکی دیکەوە). ئەم تاقیکردنەوەیە هیچ گرفتێك بە دوای خۆیدا ناهێنی، بەڵام زمانزان لە بارێکی نیگەرانیدا دەبێ، چونکە پێویستە رۆڵی پاسەوانی دڵسۆز ببینێ کە هەوڵدەدات رێزگرتنی مافی زمان بسەپێنێ، هەروەها مافی بەکارهێنەرانی لە بەرەوڕووبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا.

مافی زمان لە دوو دیدگاوە: پاپەندبوون بە رێچکەو رێزمانی وشەسازیی فەرهەنگی، کە شتێکی ئاساییە، هەروەها رێزگرتن لەوەی کە پێی دەگوترێ (مافە بەدەست هاتووەکان) بۆ نموونە لە زمانی بامبارادا زۆر زەحمەتە لە هۆی گۆڕینی وشەیەکی جیهانی بگەین کە بووەتە بەشێکی زمان و هەموو خەڵك تێی دەگەن و وەکو (پۆلیتیکی) واتا (سیاسەت) تا وشەیەکی دیکەی رەسەن یان پەتی شوێنی بگرێتەوە، کە تەنیا ئەوانە تێیدەگەن کە خۆیان دایانهێناوە.

مافی بەکارهێنەرانی زمان یان ئەوانەی قسەی پێدەکەن، چونکە بریتین لەو گرووپەی دایدەهێنن و داینەمۆی پێشکەوتنی زمانن، جا تێناگەین چۆن دەکرێ پرۆسەی وشەسازیی پێش بکەوێ، کاتێ رووبەڕوویان ببینەوە یان بەشداریان لەگەڵدا نەکەن، قسەکەر ئامادەنەبووی گەورەیە لە دەستێوەردانی فەرمیی زمان، هەموو پلاندانانێکی زمانەوانی پێویستە لە بیرۆکەیەك سەرچاوە بگرێ کە دەکرێ کاریگەریی تەواوی لەسەر هەبێ و بە مەرسوم و بڕیار هەموار بکرێ یان پێش بخرێ. بەڵام مێژووی زمانان بۆمان روونەدەکاتەوە کە ئەم پێشکەوتنە لە کاری قسەپێکەرانەوە سەری هەڵداوە، هەروەها پەرەپێدانی زمانان و پەیوەندی نێوانیان

رووداوێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و بەرهەمێکی مێژوویی دوورودرێژە، بەڵام سیاسەتی زمانەوانی ئەم پێشکەوتنە خێراتر دەکات و هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی دەستێوەردانی یاسایی شوێنی مێژوو بگرێتەوە، کەواتە لە دەستێوەردانی زمانزاندا رووداوێکی زانستی بەرچاو دەکەوێت کاتێ دەست وەردات لە چالاکییەك ئەگەرەکانی کەمتر دەبنەوە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی دەربارەی زمان دەیزانێ، یان کاتێ وەسفی زمان و شیکردنەوەی رایەڵەکانی، بە کۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە تاکو ئەویش راستەوخۆ روو ئەم کارە لەئەستۆ بگرێ، کاریگەریی بۆ سەر ئەم رایەڵانە دەبێت، جا ئەگەر کارەکە پەیوەندی هەبوو بە وشەکانی زمان یان بە ئەلف وبێ یان بە یەکخستنی شێوەزارەکان، یان بە پەیوەندیی نێوان خودی زمانەکان، ئەوا پاشبەندێکی سیاسی دەبێت کە هەرگیز ناشاردرێتەوە، پلاندانانی زمانەوانیش گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوەکەی نێوان دەسەڵات و زمان دەگوازێتەوە کە ژمارەیەکی کەمی پلاندارێژان هاندەدات هەڵبژاردنی خۆیان بەسەر ژمارەیەکی زۆری ئەوانەدا بسەپێنن کە ئەوان پلانیان بۆ دادەڕێژن، لەگەڵ ئەوەی کە زمانە کۆمەڵایەتییەکان روونیدەکەنەوە، چۆن ناکۆکی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگیی هێز، بەرامبەر بەرەیەکی زمان دەوەستنەوە، بەڵام ئەمڕۆ خۆی بە کۆمەڵێك کرداری پلاندارێژان خەریك دەکات، کە دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر زماندا بەهێزتر دەکات، هەتا کاتێ دروشمی خەباتکردن لە پێناو ئازادیی زمانەوانی میللەتان بەرز دەکاتەوە: کاتێ پلاندانانی زمانەوانی، بۆ نموونە هەوڵدەدات زمانی ژێردەستەی ناوخۆ شوێنی زمانی زاڵ بگرێتەوە کە لە ئیمپریالیزمەوە ماوەتەوە، لەمەدا سەرکێشی دەکات لە هەڵسوکەوتدا بە شێوەی رژێمە سیاسییەکان کە لەو باوەڕەدا بوون ئاسەواری (ستالین) بە بەکارهێنانی رێگاکانی خودی ستالین دەسڕدرێتەوە. کەواتە ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەسەلەی فەرهەنگ کە بابەتی ئەم بەشەمانە، دەبینین کە ویستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانێکی ژێردەستە، جا هەر ناوێکی لێ بنێین، بە هیچ شێوەیەك زمانی کۆنی زاڵی بۆ ناونانی بەکارنەدەهێنا، ئەمەش بە دەستێوەردانێکی ئامانجی دیموکراسیی دادەنرێت، کە لە بەدیهێنانیدا بەچەند رێگایەکی بیرۆکراتی سەرەڕۆیی دەکات، کەواتە کارمەندانی زمان کاردەکەن تاکو زمان لای قسەپێکەرانی دابماڵرێت. لە هەمان کاتدا دەبینین کە ئەم شەڕی وشەیە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە کە دەربارەی مێژووی زمانەکان دەیزانین: تێکەڵبوون هەمیشە توێشووی سەرەکیی فەرهەنگ بووە زمانەکانیش بە خواستنی ئاڵوگۆڕی نێوانیان گەشاونەتەوە، هەر هەوڵدانێکیش بۆ پاکتاوکردنی زمان یان پاککردنەوەی بە رەتکردنەوەی وشەی بیانی و وشەسازیی لەخۆڕا، ناکۆکییە لە نێوان زانست و

دەمارگیریی و بۆ نیشتمان، هەروەها ناکۆکی لە نێوان پەرچەکرداری زمانی مێگەل کە تایبەتە ولەنێوان پێویستی بوونی زمانی باو دەنێتەوە. هەروەها پلاندارێژەری زمان لە نێوان ئەو رووداوە زانستییە و ئالۆزبوونی سیاسیدا خۆی لە بەردەم رووبەڕووبوونەوەیەکی هەمیشەیی نێوان زانست و جیهان دەبینێتەوە، هەروەها لە نێوان ئایین و دونیا، چونکە هیچ پلاندانانێك سەر ناگرێ بەبێ زمانزانان، ئەوانیش پێویستە و لە سەریانە هەمیشە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا بکەن کە بە دەگمەن ئامانجەکانی زانستین، تەنانەت پێویستە لە نێو خۆشیاندا گفتوگۆبکەن تاکو هەڵبژاردنێك بکەن لە نێوان بڕوا بوونی زانستیان یان هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیان بێگومان ئەم مەسەلەیەی کە لەم فەرهەنگەدا ئاماژەمان پێکرد، هەروەها لە شەڕی وشەدا، دەکرێ لە بواری پلاندانانی زمانەوانیدا توێژینەوەی لەسەر بکرێ کە ئەمەش بەرەو مەسەلەیەکمان دەبات ناکرێ پشتگوێی بخرێت: لە نەبوونی چاودێریی دیموکراسی لەسەر سیاسەتی زمانەوانی مەترسییەك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتەکە شێوەیەکی دیکەی مەترسیدار وەربگرێ کە بە (بەنێچیرکردنی زمان) ناوزەد دەکرێت.(*)

(*) دکتۆر ئەحمەد ئەلتیجانی، سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی داکار دەڵێ: ئەگەر نووسیمان (نیامدۆ) رەگەکەی (نیام)ە، کە بابەتەکە خواردنە، پاشگری (دۆ) بەڵگەی ناوە واتا (خواردن) بەڵام ئەگەر گوتمان (نیامدە) ئەوا رەگی خواردنە، پاشگری (ە) فرمانی گەردان نەکراوە بە واتای (نانی خوارد)، ئەگەر پاشگری (ا)مان بۆ زیاد کرد، دەبێتە (نیاسا) واتا (دەخوات) بۆ رابردووش پاشگری (ی) بە واتای (خواردی).

(*)مەبەست لە بەنێچیرکردنی زمان ئەوەیە کە زمانێکی زاڵ خۆی بسەپێنێ بە هۆی رەخساندنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری، بەم شێوەیەش زمانی ژێر دەستە، دەبێتە نێچیرێکی تەواوی زمانە زاڵەکە، کەواتە دەبێتە تەنیا شێوەزارێك یاخود زمانێکی ئاست نزم.

بەشی حەڤدەهەم

شەڕی سەنگەر نموونەی فەڕەنسی

قسەکردن لە فەڕەنسا دەربارەی سیاسەتی زمانەوانی و پلاندانانی زمانەوانی کەمترە لە چاو ئەو وڵاتانەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، وەکو تورکیا و نەروێژ و چین.. دیارە گفتوگۆ و قسەوباس سەبارەت ئەو مەسەلانە تا ئێستاش لەو وڵاتانەدا رۆژانە هەر هەیە، چونکە ئەو زانیارییانەی کە پەیوەستن بەم لایەنانەوە جا ئەگەر بڵاوبکرێنەوە یان نا، ئەوا کەوتوونەتە دەست بڕیاربەدەستانی بیرۆکراتەوە. بەڵام لە فەڕەنسادا هیچ شتێك لەم شێوەیە بەدیناکرێ، هەر چەندە رەوشی زمان لە فەڕەنسادا مەسەلەیەکە رەگەکەی زۆر قووڵەو بۆ سەردەمانێکی زوو دەگەڕێتەوە.

فراوانبوونی زمانی فەڕەنسی

مێژووی فراوانبوونی زمانی فەڕەنسی و بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا، مێژوویەکی درێژە، ئەگەر بە گوێرەی کەلەپوور بێت، ئەوا دەگوترێ کە هەر لە سەدەی نۆیەمەوە بە زمانی فەڕەنسی قسەکراوە (سوێندی ستراسبۆرگ یەکەم دەستنووسی دۆزراوەیە و گەواهیدەری ئەم قسەیە) دیارە هەروەکو زانراوە، زمانی فەڕەنسی دوای سێ سەدە یان چوارده سەدەی ئەم سەردەمە، لە ئەورووپا و دەرەوەی ئەورووپا بە تەواوی بڵاوبووەوە، بێگومان شەڕی خاچپەرستان رۆڵێکی گرنگی بینی لە فراوانبوونی زمانی فەڕەنسیدا لەو وڵاتانەی کە بە زمانەکانی رۆمانی قسەیاندەکرد، هەروەها لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا وەکو (ئەرمەنستان، یۆنان)، هەروەها سەرکەوتنی هێزی داگیرکەر لە ساڵی ١٠٦٦دا بەتایبەتیش داگیرکردنی ئینگلتەرا، فاکتەرێك بوو بۆ سەقامگیریی زمانی فەڕەنسی لەو دیوی دەریای مانشدا. هەروەها زمانی فەڕەنسی لە نێو رۆشنبیرانی وڵاتانی دەوروبەری فەڕەنسادا بڵاوبووەوە وەکو ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا،

(مارکۆ پۆلۆ)ی ئیتاڵی هەواڵی گەشتەکانی خۆی بە فەڕەنسی نووسیوەتەوە، وێڕای ئـەوەی کـە زانکۆی پاریس زۆر قوتابی بیانی بۆخوێندن وەرگرتووە، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە زمـانی فەڕەنسیی کۆن، هەروەکو زمانی لاتینی ناسراو و گەشاوە بووە، (ف.برۆنۆ) لەم رووەوە دەڵێـت: ((زمانی فەڕەنسی لەو سەردەمەدا هەروەکو زمانی لاتینی پایەی بەرز بووە، بۆیـە فەڕەنسـی، بوو بە زمانێکی نیوە جیهانی، لە هەندێ شـوێندا بـە شـێوەیەك ناسـراوە کـە پەیوەنـدیی بـە سەقامگیرییەوە هەبووە لەسەر حسابی زمانەکانی ناوخۆ، بە تایبەتیش لە ئینگلتەرادا.

ئەم فراوانبوونە بە درێژایی چەند سەدەیەك بەردەوام بوو، ئەوەندەی پاشەکشەی لاتینی، ئەو پێشدەکەوت، قسەکردن بە زمانی فەڕەنسی لە کۆشك و تەلاری پاشاکانی ئەوروپا و لە نیـوەی سەدەی هەژدەهەمدا زۆر بڵاو بووە، تەنانەت زمـانی فەڕەنسـی لـە مـاڵی بنەماڵـە و خێزانـە بەرژوازییەکاندا دەخوێندرا، بێجگە لەوەی کە لە بواری دیبلۆماسی و رێکەوتنامەکانـدا بـەکار دەهات، بۆیە دەتوانین رەوشی زمانـەوانی لەیـەك رسـتەی کورتـدا بخەینـە روو: ((پاشەکشـەی گشتی لاتینی و مانـەوەی ئیتـاڵی وەك خـۆی و توانـای دیـاریکراوی ئینگلیـزی و ئـەڵمانی و ئیسپانی لە رکابەریدا لە ئەوروپا بەلایەنی کەم)) کەواتە زۆر ئاسـانە لـەو بابەتـە بگـەین کـە ئەکادیمیای بەرلین لە ساڵی ١٧٨٢دا هەڵیبژارد بۆ کێبرکێی ساڵانە بە ناوی ((بەجیهانی بـوونی زمانی فەڕەنسی))، بۆیە زمانی فەڕەنسی لەو ماوەیەدا تاکەزمان بوو کە دەیتوانی رۆڵی زمانی بڵاوی رۆشنبیریی لە ئەوروپادا بگێڕێ و شوێنی لاتینی بگرێتـەوە. لەبـەر ئـەوە دەبـێ زۆر بـە وردی لەم فر اوان بوونە بکۆڵینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەم جیاوازییانە رەچاو بکەین.

- جیاوازیی نێوان فراوانبوونی جوگرافی و فراوانبوونی ئەرك.

- جیاوازیی نێوان فراوانبوون لە ئەوروپاو فراوانبوون لەو دیو رووبار.

بۆیە نابێ بەکارهێنانی زمانێـك لـە زمانـەکان لەسـەر رووبـەرێکی فراوانـی زەوی لەگـەڵ بەکارهێنانی لە چەند ئەرکێکدا تێکەڵبکەین. فراوانبوونی هەر زمانێك بە زیادبوونی ژمـارەی قسەپێکەرانی مەسەلەیەك بە ئاسانی تێیدەگەین، بەڵام زمان بە زیادبوونی ژمارەی ئەرکەکانی فراوان دەبێت، بێ ئەوەی ژمارەی قسەپێکەرانی زیاد ببێت، هەروەها بێ فراوانبوونی رووبـەری بڵاوبوونەوەی (زیادبوونی ژمارەی قسەپێکەرانی و فراوانبوونی رووبەری بڵاوبوونـەوە، دوو رووی دراوێکن) نموونەی ئەو فراوانبوونەش، زمانێکی ژێر دەستە، ئـەرکی سـەرەکیی تایبەتـە، واتـا زمانی مێگەلە، دواتر دەبێتە زمانێکی نیشتمانی، کە بە هۆیەوە وتاری سیاسی بڵاو دەبێتـەوە و دواتر دەبێت بە زمانی فێرکردن.. بۆیە زمانی فەڕەنسی لە مێـژووی خۆیـدا ئـەم دوو تـەرزە

فراوانییەی بە خۆیەوە دیوە: فراوانبوونی جوگرافی بە زیادبوونی ژمارەی قسەپێکەرانی لە دوو قۆناغدا:

- یەکەم جار ژمارەی قسەپێکەرانی لە خاکی ئەورووپادا زیادیکرد (لەناو خودی فەڕەنسا و هەندێ شوێنی دیکەی وڵاتانی دەوروبەری و لە بەلجیکا و لۆکسمبۆرگ و سویسرا و ئیتاڵیادا) بەڵام ئەو فراوانبوونە جوگرافییە لە سنوورێکی دیاریکراودا جێگیر بوو، بۆیە (فرانك شۆل) لەم رووەوە دەڵێت:

((بە گشتی، زمانی فەڕەنسی، لەبەر ئەوەی زمانی دایکە، هیچ گۆڕانکارییەکی لە ئەورووپادا بەسەردانەهات، هەروەها تەنیا توانیویەتی پێگە بنچینەییەکانی خۆی لەوەتەی حەوت سەدە یان زیاتر بپارێزێ، ئەو پێشکەوتنە گرنگەی بە دەستیهێناوە تەنیا لە نێو سنووری سیاسیی دەوڵەت بووە لەسەر حسابی زمانی (فلمنك و ئەلزاس و ینس و کۆرسیکاو کەتەلۆنیا و باسك و بەریتانیا).

لەم نموونەدا، شتێك دەردەکەوێت کە دەتوانرێت ناوی لێ بنێین (فرانکفۆنی بەیەکەوە بەستراو) واتا رووبەڕێکی زەوی کە دابڕانی تێدا نییە و خەڵکەکە بە زمانی فەڕەنسی قسەدەکەن (ئەگەر ئەو رووبەرەش کەوتە ژێر زەبری وڵاتانی جیاوازەوە، ئەوا دیارە کە سنووری زمانەوانی و سیاسییان وەکو یەك نییە بە دەگمەن نەبێت)).

- ژمارەی قسەپێکەرانی لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا زیادیکردووە، بۆیە زمانی فەڕەنسی لە جیهاندا بڵاوبووەوە کاتێ قسەپێکەران، بۆ نموونە بەرەو لویزانیا و کەنەدا کۆچیانکرد. هەروەها لە سەردەمی حوکمی ئیمپریالیزمدا ئەو کاتەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەکاری دەهێنا، زمانێکی تازە بە ناوی (فرانکۆفۆنی پچڕپچڕی هەمە ئەرك و مەبەست) بڵاوبووەوە، هەروەها فرانکۆفۆنی لە هەمان کاتدا خۆی لە رووی ئەرکەوە هەمەلایەنە، ئەمەش هەنگاوێکە بەرەو تەرزی دووەمی فراوانبوون، کە فراوانبوونی ئەرکە.

ئەگەر زمانی فەڕەنسی لە فەڕەنسا و لە بەشەکانی فرانکۆفۆنی لە بەلجیکا یان سویسرا و لە رووبەری فرانکۆفۆنی بەیەکەوە گرێدراو، زمانێکی بەکارهێنراوبێت لە ژمارەیەکی زۆری ئەرکەکاندا، جا چ لە کەمترین پەیوەندیی بێت لە نێوان تاکەکانی (مێگەل) تا بەرزترین پەیوەندیی فەرمی، دەبینین ئەم حاڵەتە لە فرانکۆنی پچڕپچڕدا بەم شێوەیە نییە، کەواتە ناتوانرێت تێکەڵاویی لە نێوان بنکە جیاوازییەکانیدا بکرێت. بۆیە دەبینین لە ناوچەی (مارتینك)دا لەگەڵ زمانێکی ژێردەستەی تێکەڵاودا بەکاردەهێنرێت، لە (کیبك)دا لەگەڵ

زمانێکی زاڵ کە ئینگلیزییە، (فرانکۆفۆنی) لە ئەفریکیای رەشدا بەسەر زمانەکانی ناوخۆدا زاڵە، بەڵام ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان قسەی پێدەکەن. لەبەر ئەوە زمانی فەرەنسی لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا فراوانبوونێکی ئەرك ئامێزی هەمەلایەنەی بەخۆوە دیوە و پێویستە رۆڵی نێودەوڵەتی و دیبلۆماسی ببینێ.

هۆکارەکانی فراوانبوون و بەرتەسك بوونی زمانی فەرەنسی

کارێکی ئاسان نییە، باس لە هۆکارەکانی بایەخی زمانی فەرەنسی بکەین، وێرای بەسەر چوونی ئەو کاتەی کە دەتوانرێت تێیدا چاودێری بکرێت، ئەوەی دەتوانین باسیبکەین، ئاماژەکردنە بەو فاکتەرانەی بەشدارن لەم بوارەدا:

- **فاکتەری دیمۆگرافی:** زمانی فەرەنسی وەك زمانی یەکەم زمانێکی فرە بڵاوە لە ئەورووپادا، (ف شۆل) باس لە چەند ژمارەیەك دەکات کە لەم رووەوە گرنگە، لە فەرەنسادا و لە ساڵی ١٨٠١، کە مێژووی یەکەم ئامارە، (٢٧,٥) ملیۆن کەس لە فەرەنسا هەبووە لە بەرامبەر (٩) ملیۆن لە ئینگلتەرا، ژمارەی دانیشتوان لە فەرەنسا گەیشتووەتە (٣٥) ملیۆن لە بەرامبەر (٢٦) ملیۆن بەریتانی و (٢٩) ملیۆن ئەڵمانی، ئەمەش لێکدانەوەی چەندین شت دەردەخات، هەروەها بوونی زیاتر لە (٦٠) ملیۆن کە بە فەرەنسی وەك زمانی یەکەم قسەیانکردووە، لە بەرامبەر (٢٠٠) ملیۆن کە بە ئینگلیزی دواون).

- هەروەها فاکتەری نیشتمانی رۆڵی نێگەتیڤی گرنگی گێڕاوە، ئەورووپا هەتا سەدەی نۆزدەهەم بەسەر چەند هەرێمێکی بچووکدا دابەشبوو بوو (ئەو کاتە یەکێتیی ئیتاڵیا، بۆنموونە، دروست نەبوو بوو بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا ئەمە روویدا) بۆیە لە رووی دیموکراسییەوە کەم بەخت بوو، کەمێکیان بە فەرەنسی قسەیاندەکرد، بەڵام گەلەکە تەنانەت مافی قسەکردنیشیان نەبوو، زمانەنیشتمانییەکان تەنیا رۆڵیان لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسییەتێکی رێژەیی لەو وڵاتانەدا گێڕا، هەروەها بڵاوبوونەوەی پەروەردە و فێرکردن لە ناوەندی چینە فراوانەکانی دانیشتواندا لەسەرخۆ بوو. لە راستیدا، ئەو خەڵکەی کە بەرە بەرە جڵەوی دەسەڵاتی ئابووری و رۆشنبیری و سیاسییان لە ئەورووپادا گرتە دەست، سەر بە چینی دەرەبەگ نەبوون کە چێژیان لە قسەکردن بە زمانی فەرەنسی وەردەگرت، ئەوانەشی کە ئەدەبی فەرەنسیان دەنووسی، بۆرژوازی بوون بە زۆری بەیەك زمان قسەیان دەکرد و بە هیچ شێوەیەك

شانازیان به رۆشنبیریی فەڕەنسییەوە نەدەکرد، بۆیە دواتر زمانە نیشتمانییەکان کە بۆ ماوەیەکی درێژ، بوو بووە قۆچی قوربانیی فراوانبوونی زمانی فەڕەنسی، کەوتنە رکابەری کردنی فەڕەنسی کە زمانی رۆشنبیریی بوو.

- لە پاڵ ئەو دوو فاکتەرەشدا، فاکتەری دیکە هەبوون کە توێژەرەوان بە شێوەیەکی رێك و پێك باسیدەکەن: هێزی ئابووریی فەڕەنسا، گەورەیی پاشاکان و ئەدەبەکەی بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێین: ئەو فاکتەرانە لەوانەی پێشوو جودانابنەوە، جا لەبەر ئەوەی فەڕەنسا دەوڵەتێك بووە و لە دێرزەمانەوە دروستبووە و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆر بووە، بۆیە توانیویەتی سوود لە لاوازیی رێژەیی دراوسێکانی وەربگرێ لە هەموو بوارەکاندا، لەوانەش گۆڕەپانی زمان.

ئەو فاکتەرانە کە لێکدانەوەیەکی کەمیی فراوانبوونی زمانی فەڕەنسی لە ئەوروپا روونەدەکەنەوە، لە هەمان کاتدا هۆی وەستانی ئەو فراوانبوونە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دەخەنە روو، بەقەد پێکهێنانی وڵاتانی تازە، ئەوەندەش ئەرکی بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریی کە لاتینی لە ئەستۆی گرتبوو، بەرەو لاوازی فەوتان دەچوو، دواتریش زمانی فەڕەنسی، سەردەمی ئیمپریالیزمیش کە شوێنی زمانی گرتەوە لە ئەستۆگرتنی ئەم ئەرکەدا، ئەم گۆڕانکاریەی شاردەوە بەڵام شتێکی گرنگ لە کۆتایی سەدەی رابردوودا گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئەم گۆڕانکارییەش بۆ دوو رووداو دەگەڕێتەوە کە توێژەران بایەخی گرنگیان پێ نەداوە: یەکەمیان بریتییە لە دامەزراندنی دەزگای (هاوپەیمانیی فەڕەنسی بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی لە ئیمپریالیزمنشین و وڵاتانی بیانیدا) لە ساڵی (١٨٨٣)دا لە راستیدا بڵاوبوونەوەی فەڕەنسی لە سەدەکانی رابردوودا، بڵاوبوونەوەیەك بوو کە بایەخمان پێداوە، بەڵام پشتی بە دەزگاکان نەدەبەست، هەروەها سەرهەڵدانی هەست کردن بە پێویستیی بڵاوبوونەوەی زمانی فەڕەنسی لەوەدایە کە هۆشیارییەك بە بوونی قەیرانەکە لە ئارادایە، چونکە زمانەکە کاتێ فراوان دەبێت، پێویستی بە داکۆکی لێکردن نییە، بەڵام رووداوی دووەم: لە بەشی داهاتوودا جیای دەکەینەوە، لە هی پێش خۆی جیاوازترە، ئەویش بایەخدانی زۆرە بە زمانە دروستکراوەکان کە هەوڵی زۆری بۆدرا، تاکو ئەرکی جیهانی نێوان وڵاتان لە ئەستۆ بگرێت. (فۆلابۆك) ساڵی ١٨٧٩، (ئیسپرنتۆ)ساڵی ١٨٨٧، (ئیدۆ) ساڵی ١٩٠٧، هاتنە ئاراوە، ئەم فرەییە لە پرۆژەی زمانەدروستکراوەکان ئەوە دەردەخات کە شوێنێکی بەتاڵ لە ئارادایە، پێویست بە ئەرکێکە کەس لە ئەستۆی نەگرتووە، ئەوانەی مامەڵەیان بەو زمانانە دەکرد، وایان دەزانی کە دەتوانن

شوێنی زمانی فەڕەنسیان پێبگرنەوە، هەروەها لە توانایاندا نەبوو کە بزانن ئەوان لەو قۆناغەی نێوان هەردوو سەردەمەکە دەژین، هەروەها ئەگەر هەلومەرجەکان نەمان کە ڕێگا بە بلاوبوونەوەی فەڕەنسی دەدات، ئەوا گۆڕانکاریی لە ڕەوشی نێو دەوڵەتی ڕوو دەدات کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی فراوانبوونێکی دیکە، ئەویش فراوانبوونی ئینگلیزییە.

پێکدادان لە کیبیك

نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە، یەکەم جار لەسەر کەنارەکەی دیکەی ئەتلەسی دەستیپێکرد، کاتێ فەڕەنسا لە پەیماننامەی پاریسی ساڵی ١٧٦٣، لە کەنەدا کشایەوە، بۆیە یاسای شارستانی ئینگلیزی بلاوبووەوە تا ئەو وڵاتەش بگرێتەوە، دواتر لە ساڵی ١٧٧٤دا جارێکی دیکە کار بە یاسای شارستانی فەڕەنسی کرایەوە، دوای ڕەخنە و گلەییەکی زۆری ئەو خەڵکەی کە بە فەڕەنسی قسەیان دەکرد، لە ساڵی ١٧٩١دا دەستوور کەنەدای کردە دوو کەرت: کەنەدای سەروو، کەنەدای خوارو، کە ٩٠٪ی دانیشتوانەکەی بە فەڕەنسی قسەیاندەکرد، هەروەها هەڵبژاردنی یاسادانان کە لە ساڵی ١٧٩٢دا ئەنجامدرا، نموونەیەکی دیکە بوو کە گوزارشتی لەو کێشە زمانەوانییە دەکرد کە لە نێوان ئینگلیزی و فەڕەنسیدا پەرەی سەندبوو، چونکە دوای ئەو هەڵبژاردنانە، بابەتی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی نیشتمانی هاتە ئاراوە، بۆیە(جان ئەنتوان بانێە) وەك فەڕەنسی زمانێك و لە بەرامبەردا پاڵێوراوێکی دیکەی ئینگلیزیی زمان خۆیان کاندید کرد، گفتوگۆ و ململانێ زۆر گەرم بوو، هەروەکو گۆڤاری (کیبیك) ساڵی ١٧٩٢دا بلاویکردەوە، لە گۆڤارەکەدا (ماك گیل) کە خۆی کاندید کرد، هەروەها (گرانت)یش کە خۆی هەڵبژارد، هەریەکەیان بیرۆڕاو بۆچوونی خۆیان خستە ڕوو:

((خەسڵەتێکی بنچینەیی سەرۆکی وتار خوێنی کۆمەڵەکە ئەوەیە کە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی بزانێ، ئەگەر پەیوەندی و بەیەك گەیشتنی نێوان سەرۆکی وتارخوێنی کۆمەڵەکە و نوێنەری شا، پێویستی بە وەرگێڕ بوو، ئەو کاتە وەرگێڕەکە دەبێتە نوێنەری کۆمەڵەی گشتی، نەك وتارخوێنەکە)).

(بانێە) بە لەخۆبایی بوونەوە وەڵامی دایەوە و گوتی:

شای ئینگلتەرا بە هەموو زمانێك قسەدەکات و پەیماننامە لەگەڵ گشت نەتەوەکان بە زمانی ئینگلیزی مۆر دەکات، هەروەها (جرسی) و (گیرنسی) هەردووکیان فەڕەنسی بوون،

پەڵپ و گلەییەکەش کە لەسەر زمانی ئەندامێکی ئەنجوومەنەکەیە ڕێگای لێ ناگرێ پۆستی وتارخوێنی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی وەربگرێ).

بەڕاستی مشتومڕێکی سەیرە، لە زۆر شوێندا دووبارە دەبێتەوە و بە چەندین شێوازیش: دەبێ، زمانی دادگاو سوپاو گفتوگۆکانی نێو کۆمەڵەی نیشتمانی..تاد، چۆن بێت؟ **ئەلیکسی دۆتوکفیل**، لە کتێبەکەیدا(**گەشتێك بۆ سەقڵیەو ویلایەتە یەکگرتووەکان**)، دیمەنێکی دادگای مەدەنی لە کیبیك دەگێڕێتەوە: ((کاتێ چووینە ناو هۆڵەکەوە، دادگایی سەبارەت بە کێشەیەکی شەڕو جنێو دەستیپێکردبوو، حوکمەکە بریتیبوو لە پارە پێبژاردنی پیاوێك کە پیاوێکی دیکەی تۆمەتبار کردبوو کە گوایە زۆڵەپارێزەرەکە بە زمانی ئینگلیزیی داکۆکی لێدەکرد، بۆیە وشەی (Pendard)ی فەڕەنسی کە واتای (زۆڵ) دەگەیەنێ، بە شێوەیەك دەربڕی کە لە شێوەی زمانی بەریتانی دەچوو. بۆیە وشەکە بە شێوەیەك دەرکەوت کە واتاکەی (پیاوەکە لە سێدارەدرا) (Pendu) ((نا.. لە سێدارە نەدرا))، دادوەرەکە بە دەنگێکی قەبە ئەم دەستەواژەیەی دەربڕی. بەڵام شایانی لە سێدارەدانە! لەو کاتەدا پارێزەری تاوانبارەکە هاتە قسە و نارەزایی بەرامبەر بە دادوەر دەربڕی و دەستیکرد بە داکۆکیکردن، بەڵام بە زمانی فەڕەنسی، نایارەکەشی بە زمانی ئینگلیزی وەڵامی دەدایەوە. بۆیە مشتومڕ لە نێوانیاندا گەرم بوو و هەریەکەیان بە زمانی خۆی، رەنگە کەسیان لەوی دیکەیان نەدەگەیشت، پارێزەرە ئینگلیزەکە ناوبەناو هەوڵیدەدا گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆی بکات بە زمانی فەڕەنسی، دوابەدوای قسەکانی نایارەکەی. فەڕەنسیەکەش هەر بەهەمان شێوە، دادوەرەکە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە رەوشی ناو هۆڵەکە هێور بکاتەوە و جارێك بە ئینگلیزی و جارێکیش بە فەڕەنسی قسەیدەکرد، بەرپرسی هۆڵەکەش بە دەنگی بەرز بە ئینگلیزی و فەڕەنسی هاواری دەکرد: (وس بن)! دوای هێمنییەکی کەم رۆڵی شاهیدەکان هات، هەندێکیان وێنەی مەسیحیان ماچکرد کە لەسەر بەرگی کتێبی پیرۆزدا هەبوو و بە زمانی فەڕەنسی سوێندیان خوارد کە راستی بڵێن، بەشێکی دیکە بە ئینگلیزی و هەمان سوێندیان خوارد، بەڵام ئەو بەرگەیان ماچکرد کە لەسەر کتێبی پیرۆز نەبوو، چونکە ئەوان پرۆتستانت بوون، لە کۆتاییدا بە پێی یاساکانی حوکمی جۆرجی سێیەم، دادوەر حوکمی دەرکرد، چونکە وشەی (زۆڵ) مانای (پیاوێکی بێ رەوشت) دەگەیەنێ بۆیە بڕیاری حوکم دەرچوو کە تۆمەتبار بە بژاردنی (١٨) پارچەی دراو لە جۆری (لویس)سزادرا، کە پارەیەکی زێڕین بوو و بە ناوی شا لویسی سێزدەهەم کرا بوو.

دوای ئەم وەسفە گاڵتە ئامێزە، (توکفیل) زمانی پارێزەران دەخاتە روو: ((ئەو دوو پارێزەرەی لێرە بینیمیانم کە گوایە چاکترین پارێزەری کیبیکن، سەرکەوتوو نەبوون، نە لە ناوەڕۆکی کەیسەکە، نە لە ڕێگای قسەکردنیان، چونکە کەم و کورتی بە هەست و دەربڕینیانەوە دیار بوو، وێڕای قسەکردنیان بە فەڕەنسی لەسەر شێوەی قسەکردنی چینەکانی ناوەند لە نۆرماندی، بەڵام شێوەزارەکانیان، ئەوە هەر زۆر خراپ بوو، وشەی نامۆیان تێکەڵ بە دەستەواژەی ئینگلیزی دەکرد، بۆ نموونە دەیانگوت:کە پیاوەکە دە پارچە پارە قەرزاری (لویس)ە لە جیاتی ئەوەی بڵێن (داوای لێکراوە) کە (١٠) پارچە پارە بدات، بانگی شایەدەکەیان دەکرد و دەیانگوت: ((بڕۆ ناو ئەم سندوقەوە)) کاتێ مەبەستیان وەستان بوو لە دوای سەکۆیەکە بۆ شایەتیدان)).

زۆر پێویستمان بە نموونەی لەم شێوە نییە، لە ساڵی ١٨٠٦دا گەریدەیەکی ئینگلیز کە ناوی (جۆن لامبپیر) بوو، نووسیویەتی: ((فەڕەنسییەکان زۆرینەن لە کۆمەڵەی نیشتیمانیدا، (٣٦) ئەندامیان بەرامبەر بە (١١) ئەندامی ئینگلیز هەیە، زۆربەی وتارو کۆبوونەوەکانیش بە زمانی فەڕەنسیە، نوێنەرانی کۆمەڵەکە کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن لە زمانی فەڕەنسی دەگەن و دەشتوانن قسەی پێبکەن، بەڵام کەم لە ئەندامانی فەڕەنسی شتێك لە ئینگلیزی دەزانن.

کەواتە لە کەنەدا فەڕەنسی باو نییە، بەڵام ئینگلیزەکان جووت زمانن، ئەم ڕەوشەش کە هاوسەنگیی هێز جیادەکاتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە بە زمانی فەڕەنسی ئەو کاتە زمانی زاڵ بووە، بەڵام زمانی ئینگلیزی کاریگەریی بەسەر فەڕەنسییەوە هەبوو، (توکفیل) ئاماژەی بەم کاریگەرییە کرد لە زمانی پارێزەران، بەڵام (لانبێر) بە زمانی شەقام ئاماژەی پێکرد:

((تێکەڵییەکی نامۆ لە گۆڕەپانە گشتییەکان بەرامبەر بە فەڕەنسییەکان، ئەوخەڵکەی گرتووەتەوە کە لە زمانی ئینگلیزی ناگەن، هەروەها ئەو ئینگلیزانەی لە زمانی فەڕەنسی ناگەن هەر یەکێکیان هەوڵدەدات بە زمانەکەی خۆی لە لایەنەکەی دیکە بگات، تا لە نیوەی ڕێگا بە رستەی پچڕپچڕ لەیەك دەگەن. ئەو پەیوەندییەی نێوان فەڕەنسی و ئینگلیزی، سەرەتا بووە هۆی ئەوەی چەند وشەیەکی ئینگلیزی بێتە ناو فەڕەنسییەوە، ئەو وشانەش مایەی سەرسوڕمان بوون بۆ ئەو کەسەی لە ئینگلتەراوە هاتبوو و تەنیا بە زمانی فەڕەنسی قسەیدەکرد کە لە قوتابخانە فێری بوو بوو، کەنەدیەکان بەوە ناسرابوون کە زۆر بە جوانی بە زمانی فەڕەنسی پەتی قسەیان دەکرد، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا تا ئێستا شایانی ئەوەن بەم شێوەیە وەسفبکرێن؟

لە ساڵی ١٨٥٥دا، (جان جاك ئەمبێر)ی مامۆستای ئەدەبی فەڕەنسی لە پەیمانگەی باڵای فەڕەنسی لە پاریس و کوڕی فیزیاناسی ناودار ئەمپێر، ناڕەزایی خۆی بەوە دەربڕی:

((ئەو کاتەی لە پاپۆڕەکە دابەزین، دەمەقاڵی و شەڕە جنێو لە نێوان دوو شوفێری ئۆتۆمبێل رووید، گوێم لە هەندێ دەستەواژە بوو کە لە فەرهەنگی ئەکادیمیای فەڕەنسیدا نەبوو، بەڵام جۆرێك بوو لە فەڕەنسی، بەداخەوە بۆ زمانەکەمان!! کە کەم لەسەر لافیتەکان دەبینرێت، ئەگەر بینراش ئەوا بە زۆری فەڕەنسییەکی شێواو و بێ کەڵکە بە حوکمی دراوسێتیی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا، بۆ نموونە نەبوونی هەستکردن بە جیاوازیی نێوان نێرو مێ، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو جیاوازییە نییە، نیشانەی کۆش نامێنێ، چونکە لە زمانی رکابەردا بوونی نییە، ئەمە نیشانەیەکی دڵتەزێنە لە نیشانەکانی کاریگەریی بیانی بەسەر نیشتمانێك کە بەرگری لە خۆی دەکات و بە رێزمان شەڕی پێ دەفرۆشن و دواتریش بەچەك)).

ئەم دەقانە دوو شتی جیاوازمان بۆ دەردەخەن: کاریگەریی ئینگلیزی بەسەر فەڕەنسی لە لایەك، کە کاریگەرییەکی بەرچاو لە مۆرك کردنی وشەی فەڕەنسی بە وشەی ئینگلیزی، واتا (ئینگلیزاندن) کە هەندێ نووسەر ناویان لێناوە، هەروەها زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی لە بازرگانیدا لە لایەکی دیکەوە، (ئەمەش لە نووسینی لافیتەو لە بازاڕەکاندا بەرچاو دەکەوێت) بۆیە لێرەدا ئەو فاکتەرانەی کە هاندەر بوون بۆ پێشکەوتنی زمانی فەڕەنسی، بێ کەڵك دەبن و سوودیان نابێت.

کەنەدییە فەڕەنسییەکان بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەمدا بەردەوام لە خەباتدابوون بۆ پارێزگاری کردن لە مافی زمانەکەیان. لەم بوارەشدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە کە نکولی لێ ناکرێ. لە ساڵی ١٨٤٨دا پەرلەمانی بەریتانیا، ئەو ماددەیەی لە (بەڵگەنامەی یەکێتی)ی لابرد کە باسی لە وازهێنان لە زمانی فەڕەنسی دەکرد و لە ساڵی ١٨٦٧دا ماددەی (١٣٣) ی دەستووری کەنەدی زمانی فەڕەنسی بە زمانی فەرمی دانا لە لە پەرلەمانی ئۆتاوا و پەرلەمانی کیبیك و لە بەردەم دادگاکاندا، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە دەبێت یاساکان بە دوو زمان بڵاوببنەوە، بەڵام ئەم هەموو شتانە، زۆر لە هاوسەنگیی راستەقینەی نێوان زمانەکان ناگۆڕن.

لە ناونیشانی ئەم بڕگەیەدا باسمان لە (پێکدادان) کرد، بەڵام ئەو پێکدادان و تێکچڕژانە بچووکە نییە کە پەیوەندی بە گرفتە راستەقینەوەکەوە نەبێت، لە ساڵی ١٨٦٥دا قەشە

(شاردۆنێه) سرووتێکی له کاتدرائی کیبیك به بۆنەی رۆژی قدیس سان جان بابتیست خوێندەوە، که وەکو جەنگاوەرێك قسەیکرد که پاکانه بوو بۆ ناونیشانی ئەم کتێبەمان (شەڕی زمان):

((سەربەرزی بۆ ئێوەش، ئەی ئەوانەی ناسراون بەوەی کە واز لە مافی زمانی پیرۆزی نیشتمانیمان ناهێنن، وەك ئەوە وایە که لەو ململانێیەتاندا چەکێکی بیانیتان لە دەستی دوژمنەکانتان دامالێوە، خۆشتان دەتوانن بەکاری بێنن، له هەموو شوێنێکدا، لە گۆڕەپانە گشتییەکانماندا، له شەقامەکانماندا، له نووسینگەکانماندا، لەو هۆڵانەدا که گوێتان لە دەنگی شەڕخوازانەکانی زمانی ئینگلیزی دەبێت، زۆر چاکە، ئێستا گۆڕەپانێك هەیە بۆ شەڕ، خەباتیش تێیدا بەردەوامە، تەنیا لێرەش دەتوانین سەرکەوتن به دەستبێنین، گۆڕەپانی داب و نەریتمان و خەباتی زیندوو له پێناو زمان و بەهاکانماندا)).

بەڵام ئەو بەخششە کاریگەرتر نییە له سروودی نیشتمانی فەڕەنسی که دەزانین ئەو کاتەی که به پەرۆشەوە دەیڵێینەوە بەڵام هیچ دەسکەوتێکی شەڕ مسۆگەر ناکەین.

له بەرامبەر زمانی ئینگلیزیدا که به هۆی فراوانبوونی ئابووری پەرەی سەند، زمانی فەڕەنسی به تەنیا، بوو به زمانی پارێزەری بیروباوەڕ (ببنه کریستانێکی چاك و قسەکەر بە فەڕەنسی) ئەو دروشمانەی کڵێساکە بڵاویکردەوە به هۆیەوە کەوتە نێو بازنەی شەڕی زمانەوە، بۆیە ئەو دوو زمانەی رووبەرووی یەکدی بوونەوە گوزارشتیان لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی توندڕەو و جیاواز دەکرد.

(سەرکەوتن)ی ساڵی ١٨٦٧، هەروەها دەستکەوتەکانی دواتر که تا ئەمڕۆ هاتوونەتە دی ((قوتابخانە دەبێتە گۆڕەپانی بگرەو بەردە، هەروەها ئەو دراوەی که به هەردوو زمان لەوەتەی ساڵی ١٩٣٦ چاپدەکرا، ململانێیەکە درێژەی دەبێت لە ١٩٥٣ تاکو ١٩٦٢ بە مەبەستی دامالێنی مافی نووسینی چێك به زمانی فەڕەنسی...)) ئەم دەسکەوتانە هیچ له واقیع ناگۆڕن، هەروەها هیچ شتێك نییە بیسەلمێنێ که یاسای ژمارە (١٠١) دوا ئەڵقەی ملانێیەکەیە و ئەم واقیعە دەگۆڕێت، بەڵام نموونەی کیبیك زۆر گرنگە ئەگەر وەك پەندێك وەربگیرێت، هەروەها نموونەیەکی پێشوەختەیە بۆ (بەرگری له زمانی فەڕەنسی) له فەڕەنسا.

(داكۆكی) لە زمانی فەڕەنسی

خەمی گەورەی دەوڵەت لە بواری زمانەوانیدا لە نێوان سەدەی شازدەهەم و سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوە بوو، کە سەرکەوتن و دەسەڵاتی زمانی فەڕەنسی بەسەر زمانەکانی دیکە لەناو فەڕەنسادا مسۆگەر بکات، ئەو بڕیارەی کە لە ١٥ ی ئابی ١٥٣٩ لە فلیەر- کۆتریە دەرچوو و زۆر باسی لێوە دەکرێ، داوادەکات کە ئەو فەرمانە یاساییانەی دەردەچن، پێویستە لە مێژووی دەرچوونیانەوە (رابگەیەنرێن و تۆماربکرێن و بدرێنە پەیوەندیداران، بە زمانی فەڕەنسیی دایك) هەروەها چەندین بڕیاری دیکەش هەیە، کە (کزافێە دینیۆ) دەربارەیان دەڵێت: ئەو بڕیارانە لە لیستێکدان و بە تایبەت لە قەڵەم نادرێن، هەروەها دەنووسێت ((شارلی نۆیەم ئەو رێنماییانەی لە ماددەی (٣٥)ی بڕیاری (١٥٦٣)دا ناسراو بە بڕیاری ناوچەی رۆسیۆن، تازە کردەوە هەروەها فراوانتری کرد تا حوکمی کەهنوتی لە ساڵی ١٦٢٩ بگرێتەوە، هەروەها زمانی فەڕەنسی سەپاند لە ناوچەی بیارن لە ساڵی ١٦٢١، لە ناوچەی فلاندەر ساڵی ١٨٦٤، لە ئەلزاس ساڵی ١٦٨٥، لە رسیۆن ساڵی ١٧٠٠ دواتریش لە ساڵی ١٧٥٣)).

لەو هەموو نموونانەدا هەتا لەو یاسایەی لە دووی مانگی ترمیدۆری ساڵی دووەم لە رۆژنامەی (شۆڕشی فەڕەنسی) بڵاوبووەوە(ئەو یاسایەی کە دەڵێ: لە سەرەتای مێژووی بڵاوبوونەوەی، نابێت هیچ گرێبەستێك لە هەر شوێنێکی دیکەی بێجگە لە فەڕەنسی بنووسرێت) و سەرپێچیکاران شەش مانگ زیندانی دەکرێن و فەرمانبەرانی سەرپێچیکارانیش لە پۆستەکانیان دوور دەخرێنەوە، دەبینین دەوڵەت دەست لە مەسەلەی زمانەکان وەردەدات، ئەم دەستێوەردانەش لەیەك پرانسیبدا خۆی دەنوێنێ ئەویش: سەپاندنی تاکەزمانە لە فەڕەنسادا.

بەڵام وا دیارە دەستێوەردانی دەوڵەتی فەڕەنسا لەو رۆژگارەماندا ئاراستەکەی گۆڕیوە، دەستێوەردانەکە تەنیا لە زمانەکاندا نییە، بەڵکو لە یەك زمانیشدایە بۆیە دەبینین ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت دەنگۆی ئەو شتە هەیە، هەروەکو لە کیبیکدا بەرچاومان کەوت.

لەوەتەی بابەتی (فەرەنکەلە) واتا (فەڕەنسی ئینگلیزی) هاتووەتە ئاراوە، کە زمانزانان لە رووی رەخنەسازییەوە تێی دەڕوانن، بەوە وەسفدەکەن کە زمانی فەڕەنسی نەخۆشەو لەسەرجێگا پاڵ کەوتووە، تووشی دوو جۆرە نەخۆشی بووە، هەندێکیان ناوەکین و هەندێکی دیکەش دەرەکی، لەسەر ئاستی ناوخۆ، واتا لەسەر ئاستی زمان، لێرەو لەوێ گوێمان لەهەمان گازاندە دەبێ: زمانی فەڕەنسی هەرەسدێنێ، فەڕەنسییەکانیش

کە بە زمـانی خۆیـان قسـەدەکەن و دەنووسـن بـەرە بـەرە لاواز دەبـن، ئـەم بابەتـە لـە کتێبێکدا باسکراوە کە بەم دواییە بە ناوی (قەیرانی زمان) دەرچووە، لە کتێبەکـەدا لـە پاڵ باس کردنی وتاری تایبەت دەربارەی ژمارەیەك لە زمانانی جیهـان وەکـو (عیـبری و چینی و ئیسپانی و کۆری....) چوار بەشی بۆ زمانی فەڕەنسی لە کیبیـك و فەڕەنسـا و بەلجیکا و سویسرا تەرخانکردووە، دەستنیشان کردنـی نەخۆشـییەکە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکی دیکە بە جیاواز باسدەکات هەر لە قەیرانی ئەلف وبێ لە کیبیك بۆ پەیوەنـدیی زمان بە پێوانە لە فەڕەنسا، ئەمە شتێکی تـازە نییـە، پێشـتر (گ.لانسـۆن) لـە سـاڵی ١٩٠٩دا کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (قەیرانی فەڕەنسی)، بـەڵام گومانـە گەورەکـەی قەیرانی زمان لەوەدایە کە ناکۆکییەك هەیە لە نێوان دەستنیشـان کـردن و چارەسـەردا، چارەسەرکردن بەو ناوەی کە (نەخۆشی ناوەکی)یە و چارەسەریش بەو ناوەی کە (نەخۆشی دەرەکی)یە، نەخۆشیی زمانی فەڕەنسی ناوێکی هەیە ئەویش نـاوی زمـانێکی دیکەیـە، نەخۆشییەکەی ناوی زمـانی ئینگلیزیـە، ئەگـەر لـە دەقـەکان بکۆڵینـەوە دەبیـنین کـە (ج.ب.گوادییە) لیستێکی بەو بڕیارانـە بڵاوکـردەوە کـە لـە سـاڵی ١٩٧٣ – ١٩٨٠دا دەرچوونە و پەیوەندییان هەیە بە زمانەکەوە: هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان هەیە بە فەرهەنگەوە لە هەوڵی ئەوەدان وشەی فەڕەنسی لە شوێنی وشەی ئینگلیـزی دابنـێن لـە هەموو بوارەکانی بیستن و بینینـدا، هـەروەها کاروبـاری گشـتی نـەوت و گواسـتنەوە و کۆمپیتەر و نوژداری و بـەرگری و زانسـتی و فەلەکناسـی و گەشـتی ئاسمـانی... دواتـر چەندین بڕیاری دیکەی وەزاری دەرچوو، کە پەیوەنـدییان هـەبوو بـە زاراوەی گەشـتیاری (١٧/ ٣/ ١٩٨٢) گەیانـدنی تـەل و بێتـەل (٢٧/ ٤/ ١٩٨٢) و پروپاگەنـدە و ریکـلام (١٨/ ٢/ ١٩٨٣) روانگەی دووربینیـی گەشـتی ئاسمـانی (٢٠/ ١٠/ ١٩٨٤) تەنانـەت بڕیارێك دەرچوو (بـەو وشـانەی بـە ساڵاچـووان بـەکاری دێـنن) (١٣/ ٣/ ١٩٨٥)، لـە بەرامبەر وشەسازیی زاراوەییدا چەند بڕیارێکی یاسایی تازە بڵاوکرایەوە کە دەقی سزایی لە خۆ دەگرێ، وەکو یاسای پەیوەندیدار بە بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسـی کـە لـە ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥دا دەرچوو کە بە (یاسای با) ناوەزەدکرا، بەو پێیـە هـەموو ئـەو دەزگایانە پارەبژێر دەکرێن لە فەڕەنسا کـە زمـانی فەڕەنسـی بـەکارناهێنن، بـۆ نموونـە (کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ئینگلیزی) سزادرا چونکە تکـیتی سـەفەرکردنی بـە ئینگلیـزی چاپکردبوو هەروەها لە ١٤/ ٣/ ١٩٧٧ دا گشتاندنێك بڵاوکرایەوە تیایـدا بـەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی دەسەپێنێ لە نووسینی دەق و نەقشکاریدا و رێگاش نادات پەنا ببرێتـە

بەر دەستەواژەی بیانی، لە کاتێکدا وشەی فەڕەنسی هەبێت تا لە بواری خستنەڕوو و داواکاریی کەل و پەل و خزمەتگوزاری و دەنگوباس و بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆندا بەکاربهێنرێت .

لە نێوان کارانەبوون و دەمارگیریی شۆڤینیدا

سیاسەتی زمانەوانیی فەڕەنسی (زانستی زاراوە)ی داهێنا کە زانستێکی تازەیە بە گوتەی (راوێژکاری گشتیی زمانی فەڕەنسی) فیلیب سان رۆبیر، کە هەموو دەسەلاتەکانی نوێیی تێدا کۆکردۆتەوە، بە پێی ئەو مەرسومەی لە ۹ی شوباتی ساڵی ١٩٨٤دا دەرچووە، کە بواری دراوەتێ ئیش و کاری خۆی لە رووی داهێنانی زاراوەدا بەڕێوەببات، بۆیە سیاسەتی زمانەوانیی فەڕەنسی بە پشت بەستن بەو داهێنانە، هەڵمەتێکی خاچپەرستانەی لە بەرەوڕووی وشەخوازراوەکان ئەنجام دا، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئینگلیزییەوە خوازرابوون، (فیلیب دوسان روبیر) لە پێشەکی نووسینەکەیدا بە دووژمنایەتییەوە دەڵێت: ((ئایا پێویستە زمان بەرگری لە خۆی بکات؟ هەڵبەت! هەر چەندە هەندێك لە خاوەن بیرو هۆشە لاوازو پووچەڵەکان بە تایبەتیش کە خۆیان بە بیرمەندی ناودار لە قەڵەم دەدەن، هزرێك بڵاو دەکەنەوە کە گوایە بیرکردنەوە لە بەرگریکردن لە زمان نیشانەی لاوازییە، هەروەها ئەو قسەیەی کە گوایە هەموو تەنێکی زیندوو لە دایك دەبێ و دووچاری مەترسی دەبێتەوە دان پێدانان نییە بە لاوازی، بەڵکو بە ئەگەری مردن کە قەدەری هەموو بوونەوەرێکە، زمانیش بوونەوەرێکی زیندووە بە درێژایی تەمەنی تووشی مردنی چەند خانەیەکی جەستەیی دەبێت یان لە دایك بوونێکی دیکەو گیانیشی بە بێ وەستان تازە دەبێتەوە. ناونانی زمان وەك بوونەوەرێکی زیندوو زۆر کۆنە، خەوشەکانیشی لێرەو لەوێ لەوەدایە کە نازانرێ داینەمۆی ژیانی زمان چییە؟ ئایا ئەوانەن کە قسەی پێدەکەن یان پێشی دەخەن یان لیژنەی زاراوەکانن؟ ئەم بەراوردەش دوو مەسەلەی گرنگ دەوروژێنێ، مەسەلەی کاریگەری و مەسەلەی ئایدیۆلۆژیەت.

مەسەلەی کاریگەریی شتێکی بەدیهییە هەروەکو پێشتر و لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە ئاماژەمان پێ کردو لە بەشی پێشووش بینیمان کە تێکەڵاوبوونی میللەتان هەردەم مایەی دەوڵەمەند کردن و زیادکردنی توێشەبەرەی فەرهەنگ بووە، هەموو

زمانەکانیش لەسەر لە یەکدی خواستنەوەی نێوانیان ژیاون و پەرەیان سەندووە، بۆیە زۆر بە ئاسانی پەند لە مێژووی زمانەکان هەڵدێنجین، ئەم خواستنەوەش لە ئەنجامی بڕیارێکی فەرمی نەبووە، بەڵکو پێشنیاز بووە قسەکەران بە زمانەکە بەکاریان هێناوە جا چ پەسەندیان بووە یان رەتیانکردووەتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان زمانیان دروستکردووە بە تێکەڵیی و پیادەکردنی زمان بە شێوازی هاوبەش لە نێوان دوو زماندا، بێگومان ئەگەر بە درێژایی مێژووی خواستنەوەی وشەو زاراوە سەیری زمان و فەرهەنگی زمانەکان بکەین، دەبینین کە قەرزی ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لە نێوان بەکارهێنەرانی زماندا هەبووە، دیارە خواستنەوەکانیش نەخۆشی نەبوونە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییەکە بوون چونکە شاڵاوی وشەی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی فەرەنسی، شاڵاوێکی راستەقینەیە بەڵگەی سەرکەوتنی تەکنیکی ئەو وڵاتانەیە کە بە ئینگلیزی قسەدەکەن، هەتا ئەگەر ئەم شاڵاوە بە (دەرد) ناو بەرین، ئەوا پێویستە لە زانستی دەرد شارەزابین، چونکە فێرمان دەکات کە نەخۆشی بە دەرکردنی بڕیارو مەرسوم چارەسەر ناکرێت و بە بڕیاری قەدەغەکردنی نیشینگەش لەناو ناچێت.

لیژنەکانی زاراوە کە پازدە ساڵ دەست بەکاربوون، بەو هێز و توانایەی کە یاسا پێی بەخشیون وەکو ئەو جووتیارە وایە کاتێ دەیەوێ چارەسەری وشك بوونی درەختەکەی بە بۆیاخ کردنی گەڵا زەردەکانی بە رەنگی سەوز بکات، لە جیاتی پەیین کردنی خاکەکە، پێشتر زانیمان لە باسی دروستکردنی وشەدا کە دەکرێ وشەکانی زمانێك نوێ بکرێنەوە، هەر چەندە ئەو نوێ کردنەوەیە گرفتی ئایدیۆلۆژیای بە دواوە دێت، مەبەستیش لە نوێکردنەوە دروستکردنی وشەی تازەیە بۆ ناونانی چەمکەکان کە پێشتر ناویان لەو زمانەدا نەبووە، بەڵام ویستی دانانی وشەی رەسەنی ناوخۆیی لە شوێنی ئەو وشانەی کە هەن و خوازراوەن، ئەوا پێویستی بە دەستێوەردانی زێدەرۆیی دەوڵەت هەیە لە رێی سەپاندنی رێنماییەکانیدا، هەروەها لە نموونەی تورکی کە لە بەشی دوازدەهەمدا باسمانکرد، دەتوانرێ رێنماییەکانی تازەکردنەوە و عەلمانیەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك بخەینە بەرچاو کە داینەمۆی شۆڕشێکی زمانەوانی بوو، بەڵام ناتوانین چاو بپۆشین لە مۆرکی سیاسەتە توندڕەو و دژەکەی بەرامبەر بیانیەکان لەم سۆنگەوە خەباتکردن

لـه بەرەوڕووبوونـەوەی زاراوە بیانیـەکان کـە زمـانی فەڕەنسـی خواسـتوونیەتی، گرفتێك دەوروژێنێ.

لە مانگی کـانونی یەکـەمی ١٩٨٥دا لـەو کاتـەی کـە ئەنجوومـەنی بـالای نێـو دەوڵەتیی فرانکفۆنی لە پاریس کۆبوونەوەی دەکرد، (پیار پیرسـی)ی سـەرۆکی مافـە سۆشیالیستیەکانی مرۆڤ وتارێکی نـامۆی لـە رۆژنامـەی (لۆمۆنـد) بڵاوکـردەوە کـە تێکەڵییەك دەخاتـە روو لـە نێـوان ئەوانـەی ئـەمڕۆ نایانـەوێ بـەرگری لـە زمـانی فەڕەنسی بکەن و لە نێوان ئەوانەی بە کرێگیراوی نازیی داگیرکەر بوون لە رابردوودا، بۆیە دەڵێت: (توانای زمانی فەڕەنسی زۆر دیارو روونە، هەروەها ئینتیمای فەلسـەفی و سیاسیی ئەوانەی بڕیاریاندا هەوڵی ئەوە بدەن زمانەکـە رۆنەچـێت، دیسـان روون و بەڵگـەدارە، ئـەو کەسـانەی بـەرگری و بەرهەڵسـتی کردنیـان هەڵبـژارد، ئەوانـە شـوێنکەوتووانی دیگۆلییـە راسـتەقینەکانن، هـەروەها سۆشیالیسـتە دڵسـۆزەکان و شیوعییەکانن بەڵام ئەوانی دیکـە وەکـو (دۆریـۆ) پێیـان وایـە، ئێمـە توانـای هـیچ شتێکمان نییە، چاکتر وایە خۆمان رادەستی بەربەر بکەین و شـت لـەوان وەربگـرین، بەلام خەڵکەکە بە گشتی، ئەوان لە هـەمان کاتـدا چـەپڵە بـۆ (بیتـان) و دواتـر بـۆ (دیگۆل) لێ دەدەن، لەو قەناعەتەدان کە هەر یەکێك لەو دووانە لە رۆژگاری خۆیـدا لەسەر حەق بووە)) دواتر ئەو داکۆکیکارەی مافی مرۆڤ داوای دەم کوت کردن دەکـات لـە شـوێنێکی دیکـەی وتارەکەیـدا: ((قەناعـەت پێهێنـان بـەس نییـە، دژی رای حکوومـەت، گەنـدەڵی لـە گـەڕان و بـە دوای قازانجـدا گەیشـتووەتە رادەیـەك کـە حکوومەت نەتوانێ ئابووری پێنجەم بگەڕێنێتەوە سـەر رێگـای راسـت، مەگـەر بـە سـزای قـورس و بەرپەرچـدەر نـەبێ)) بێگومـان نـاکرێ ئـەو دەقـە هێسـتریەو هەڵوێستەکانی گشت داکۆکیکاران لە زمانی فەڕەنسـی تێکـەڵ بکـەین، بـەڵام بـەو رێگایەی کە داکۆکی لە زمانی فەڕەنسی پێدەکەن، بەڵگەو هێمای ناپەسەندی هەیە، چونکە دەستێوەردانی راستەوخۆی دەوڵەت بە بیانووی پاککردنەوەی زمانەکە، تـەنیا لە تورکیا رووی نەداوە، بەڵکو لـە زۆربـەی وڵاتـانی فاشـیزمیش هەرهـەبووە، بۆیـە لەسەر داکۆکیکارانی زمانی فەڕەنسی پێویستە چاك بزانن کە مۆسـۆلینی لـە سـاڵی ١٩٢٥دا فێرکردنی زمانی فەڕەنسـی لـە ناوچـەی (خـال داوسـت) بـوو، بۆیـە چـەند ناوێکی ئیتاڵی لە شوێنی ناوی ئـەو شـوێنانە دانـا کـە خەڵکەکـەیان بـە فەڕەنسـی

قسەیان دەکرد، هەروەها خەریك بوو لە ساڵی ١٩٣٩دا تەنانەت ناوی خێزانەکانیش بگۆڕێ و ناوی ئیتاڵی لە شوێنیان دابنێ، لەوەتەی ساڵی ١٩٢٣ وشەی بیانی لە لافیتەکاندا بە سەپاندنی سزای دارایی قەدەغەکرد، بەڵام لە ئیسپانیاو لە سەردەمی (فرانکۆ)دا چەند دەقێکی یاسایی دەرچوو بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی وشەی نائیسپانی لە لافیتەو ناوی کۆمپانیاکاندا... هەروەها نووسینی ناوی بنەماڵە بەبێ بەکارهێنانی زمانی ئیسپانی لە فەرمانگەکانی باری شارستانی قەدەغەکرد، ئەمەش رێ وشوێنی ئاراستەکراوە بۆ داکۆکی کردن لە زمانی کەتەلۆنیاو باسك، لە ئەڵمانیاش ناوی پەتی بۆشوێنە نائەڵمانیەکان لە کەرتی بومیرانیاو سیلیزیا... دەستنیشان کراون و شوێنی ناوەکانی پێشتریان گرتەوە.

پوختەی قسەکە ئەوەیە، کە ئەم رێ و شوێنانە هەموویان، کە وەکو ئەوەی تورکیا وایە لە سەردەمی (شۆڕشی زمانەوانی)، هەروەها هیچ لەوە جیاوازتر نییە کە لەوەتەی (١٥) ساڵە، لە فەڕەنسا پەیڕەو دەکرێت.

کلاوس بۆشمان، کە زمانزانێکە لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات بەراوردی نێوان سیاسەتەکانی زمانەوانی دەکات لە چەند وڵاتێکی فاشست کە چوار خەسڵەت دەخاتە روو:

- پێداگریی بە پاکیی و پەتیی زمانی نیشتمانی و رق و کینە بەرامبەر زمانەکانی دیکە.
- سەنترالیزمێکی دژ بە شێوەزارەکان.
- سەنترالیزمێکی دەمارگیریی نیشتمانی دژ بە کەمەنیشتمانییەکان.
- ئارەزوومەندیی بەرەو ئیمپریالیزم یان هەر فراوانکارییەکی زمانەوانی لە دەرەوەی سنوور.

ئەو چوار ئارەزوومەندییانە لە چەند سیاسەتێکی زمانەوانیدا بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە سیاسەتی زمانەوانیی فەڕەنسیدا لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویدا، بەڵام گومانێك لەم کارەدا هەیە، رێ وشوێنەکانی زمانەوانی کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، دواتر ناکەونە بەر توانج و رەخنەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەو رژێمانەی پەیڕەویان کرد رژێمی فاشست بوون. بەڵام ئەو رێ وشوێنانە ماقووڵن، ئەگەر لە لایەن سیستەمی دیموکراسیخوازەوە پەیڕەو بکرێن، هەر چەندە ئەو کێشەو ناتەباییەی نێوان سیاسەتی زمانەوانی ئیتاڵیا لە سەردەمی مۆسۆلینی، سیاسەتی زمانەوانی ئیسپانیا لە سەردەمی فرانکۆ، هەروەها سیاسەتی زمانەوانی ئەڵمانیا لە سەردەمی هتلەر،

هاوکات یاسای پەیوەست بە بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دەنگی بۆ درا، ئەمانە هەموویان کێشە نین لە سروشتیی ڕێ و شوێنەکاندا، بەڵکو لە پلەو هەنگاوەکانیدا، ئایا ئەم سیاسەتە زمانەوانییەی فەڕەنسی فاشستە؟ هەرگیز نا! بەڵام شۆڤینیە، بە تایبەتیش سیاسەتێکی بێ سوود چونکە پشت نابەستێ بە هیچ شرۆڤەکردنێکی ڕاستەقینەی هەڵوێستەکە، دواتریش لە بابەتی پێگەی نێودەوڵەتی، زمانی فەڕەنسی دەبینین کە ڕەوشەکەی بەندە بە بەراوردکردنی دەرەکییەوە، بەراووردی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی نەك بە ژمارەی ڕێ و شوێنی بێ سەروبەری ناوەکی، بۆیە داکۆکی کردن لە خواستنەوەی وشەی ئینگلیزی شتێك لە هێزی وڵاتانی ئەنگلۆسەسکۆنی ناگۆڕێت بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، هەروەها بەمێکردنی ناوی پیشەکان شتێك لە پێگەی ئافرەت ناگۆڕێت.

فرەنکفۆنی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژە بە بابەتی پاراستنی زمانی فەڕەنسی و هەوڵدان بۆ دەستێوەردان لە وشەکانی کرا بە مەبەستی بەلاوەنانی ئەو وشە بیانیانەی کە تازە چوونەتە ناو ئەو زمانەوە، کە هەندێك بە کارێکی مەترسیداری لە قەڵەم دەدەن، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە تەواوکەری بۆچوونی پێشووە و پێی وایە کە زمانی فەڕەنسی پێگەکانی نێودەوڵەتیی خۆی لە دەست دەدا، هەروەها لە هەموو شوێنێکی دەرەوەدا پاشەکشێ دەکات، هەروەها لقێکی دیکەی سیاسەتی زمانەوانی گوزارشت لەم بۆچوونە دەکات کە ڕاستەوخۆ دەست لە ئەرکەکانی زمان وەردەدات، نەك لە وشەکانیدا. بۆیە پێویستە لێرەدا کارەکان ڕوونبکەینەوە، ڕەنگە لە مێژووی زمانی فەڕەنسیدا ڕێژەی ئەوانەی قسەی پێدەکەن وەکو ئەمڕۆ زۆر نەبن، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی سروشتیی ژمارەی دانیشتوانە، کە بە فەڕەنسی دەدوێن وێڕای دەرئەنجامی فراوانکاریی ئیمپریالیزم لە فەڕەنساو بەلجیکا و سویسرا و لۆکسمبۆرگ و کەنەدا زیاتر لە ٧٠ ملیۆن کەس، وەك زمانی یەکەم، بە فەڕەنسی دەدوێن، ئەمەش ژمارەیەکە کە شایانی ئەوەیە قسەکەرانی دیکە بە زمانی فەڕەنسیی بۆ زیاد بکرێ، هەروەها لە ئاسیادا (لەو شوێنەی کە بە هیندی چینی ناسرا بوو)، لە مەغریب نزیکەی (٤٠) ملیۆن کەسن، هەروەها نزیکەی (١٠٠)

ملیۆن لە ئەفریکا کە بە ئەفریکا (فرەنکفۆنی) ناسراوە، لە مەدەگەشکەر: ئەگەر گریمان کە دە لە سەدایان بە فەڕەنسی قسەدەکەن ((دوای ڕێکەوتن لەسەر دەستەواژەی ((قسە بە زمان دەکەن)) (١٤) ملیۆن قسەکەری دیکەمان هەبێ بە فەڕەنسی ئەگەر هەموو ئەوانەمان بۆ زیاد کرد کە لە قوتابخانە و زانکۆکان زمانی فەڕەنسییان خوێندووە، ئەوانە زۆرن (ژمارەی ئەوانەی فەڕەنسی دەخوێنن لە جیهاندا (٣٠) هەزار کەسن و ژمارەی مامۆستایانی فەڕەنسی (٢٥٠) هەزار مامۆستا بێت، هەروەها ژمارەی ئەوانەی فەڕەنسی دەخوێنن لە قۆناغی دواناوەندی (٢٥) ملیۆن قوتابی بێت، کەواتە ژمارەی قسەکەران بە زمانی فەڕەنسی وەك زمانی یەکەم و دووەم بە لایەنی کەم نزیکەی (١٠٠) ملیۆن کەس دەبێت، ئەو ژمارەیەش شتێکی کتوپڕ بوو بۆ (ریڤارۆل) کاتێ ڕاپۆرتەکەی نووسی: وتارێك سەبارەت بە جیهانێتی زمانی فەڕەنسی، بێگومان ئێمە دوورین لە ژمارەی خەملێنراوی فرەنکفۆنی، کە (٢٦٤) ملیۆن کەسن، بەڵام بە لایەنی کەم فراوانی و زێدەبوونێکی زۆر لە ئارادایە لەمەڕ ژمارەی ئەوانەی بە فەڕەنسی قسەدەکەن.

لە پاڵ ئەمەشدا ڕەوشی فەڕەنسی پێشکەوتنێکی گەورەو پۆزەتیڤی بەخۆیەوە بینی لە رووی ئەرکەوە.

لە کاتێکدا کە دەگوترێ هەموو خەڵك لە ئەورووپادا بە فەڕەنسی قسەدەکەن، دەستەواژەی (هەموو خەڵك) کۆمەڵێك کەسی بژاردەن وەکو دەرەبەگ و بۆرژوازییە گەورەکان کە زۆربەی تاکەکانیان لە فەڕەنسا دەیانخوێند، بەڵام ئەمە راستیی دانیشتوانی ئەورووپا پیشاننادات، دیارە دانیشتوانی ئەورووپا پێشتر بە زمانی تایبەتی خۆیان قسەیاندەکرد نەك بە فەڕەنسی، لەم سۆنگەیەوە زمانی فەڕەنسی لەم ڕۆژگارەدا دیموکراسییانە هاتە ئاراوە، لە هەمان کاتیشدا لە چەند کیشوەرێکی دیکەشدا بڵاوبووەوە و سنووری ئەورووپای بەزاند کە زمانی (جیهانی) تێدا بوو، هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتی و جوگرافیشەوە، زمانی فەڕەنسی لەم سەردەمەدا پێگەیەکی دیاری هەیە، زیاتر لەو پێگەیەی کە بەر لە سەدەیەك هەیبووە، کەواتە ئەو بۆچوونە ڕەشبینە سەبارەت بە پاشەکشێی زمانی فەڕەنسی لە کوێوەوە دێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لە شرۆڤەکردنێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەرگیز پێشکەوتنی زمانی فەڕەنسی بەهەند هەڵناگیرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو ڕەوشەی کە پێشتر لەسەری بووە،

بەڵکو پاشەکشێ کردنی بەبەراورد لەگەڵ ئینگلیزیدا لەبەر نەخۆش بوونی زمانی فەڕەنسییە، لە راستیدا زمانی فەڕەنسی لە زۆربەی زۆری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا (نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنسکۆ و ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریکا) وەك زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانەکانی دیکەدایە وەکو ئینگلیزی و ئیسپانی و روسی و عەرەبی و چینی، کارمەندێکی نێو دەوڵەتیی بەڵجیکی باسی لەوەکرد کە قسەکردن بە زمانی فەڕەنسی لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە وەتەی شەستەکانەوە رووی لە زیادی کردووە:

((چەند ساڵێکی نەهامەتیم لە پاڵ زمانی فەڕەنسی لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە ڕێکرد لە سایەی ئەمینداریێکی گشتی کەهیچ بایەخی بەو زمانە نەدەدا، تەنانەت دژی بەکارهێنانی بوو، هەروەها کۆمەڵێك لە فەرمانبەران کە داوای لێدەکردن بە زمانی ئینگلیزی گوێی لێ رابگرن کە تاکە زمانە مافی بەکارهێنانی هەبوو لە نێو هەمو نهۆمەکانی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە (٣٨) نهۆمە، لەوەتەی ئەو مێژووە سەختەوە کودەتایەکی سیاسی رووویدا کە کاریگەریی بەرچاوی هەبوو بەسەر فەڕەنسیدا، ئەویش سەربەخۆبوونی ئەفریکا بوو، لە ئەنجامی هاتنی بەگوڕی (٢٢) دەوڵەتی تازەی ئەفریکا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان کە هەموویان بە زمانی فەڕەنسی دەدوان، وای کرد کە یەك لەسەر سێی ژمارەی شاندەکان بە زمانی فەڕەنسی قسەبکەن، لەو کاتەوە هەموو شتێك گۆڕانی بەسەردا هات: زەمینە، رەوشی کارکردن هاوسەنگی، دەنگدان، پەیوەندییە گشتییەکان، ژمارەی ئەوانەی لە گفتوگۆکانی دەستەی گشتی بە زمانی فەڕەنسی بەشداریاندەکرد، یەکسان بوون بەرامبەر ئەوانەی بە ئینگلیزی لە گفتوگۆکان بەشدار بوون، بەڵام شتێکی گرنگە کە زمانی ئینگلیزی لە هەموو بوارێکدا لە زمانی فەڕەنسی لە پێشتر بێ، بە ژمارەی قسەپێکەرانی نا، وەك زمانی یەکەم بە تەنیا، کە چوار هێندەیەتی، بەڵکو لە پێشتریشە لە رووی فراوانیی ئابووری و رۆشنبیری و سیاسیی ئەو وڵاتەی کە بە ئینگلیزی دەدوێن، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئێمە لە کرۆکی گرفتەکەوە نزیکن، چونکە هەڵە دەکەین کاتێ تەنیا رووالەتی زمانەوانیی ئەم گرفتە لەبەرچاو دەگرین کەچی رەگەکانی لە شوێنێکی دیکەن، لە سەردەمی (جیهانێتی زمانی فەڕەنسی) ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچ بوونێکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بووەتە هێزی یەکەمی ئابووری لە جیهاندا، ئەو خواستنە زۆرەش لە

ئینگلیزیی ئەو خواستنەیە کە لە بڕگەی پێشتر باسمانکرد و بۆ پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە، فەڕەنسییەکان زاراوەی ئینگلیزی (walkman) یان بەکارهێناوە، بۆ نموونە، لە جیاتی زاراوەی فەڕەنسی (Baladeur) بۆ ناونانی (بڵندگۆ) یاخود ئەو ئامێرەی قسە دەگوازێتەوە جا با توندڕەوەکان

پێی سەخڵەت بن، چونکە ئەم ئامێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو ئەو نموونەیەی دیکە وایە کە ئینگلیزەکان لە سەرەتادا دەربارەی پۆشاك وشەی (Mode) یان بەکارهێنا و بۆ هونەر (Art) و بۆ بۆن (Parfums) ئەمانە وشەی فەڕەنسین و ئەوان وەریانگرتوون، گرفتەکە کەواتە گرفتی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، بۆیە ناکرێ گرفتەکە بە ئاراستەی زمان چارەسەر بکرێ، بەڵکو لەسەر ئاستی هەلومەرج دەبێت کە زمان ئەو کاتە دەتوانێ تێیدا بجووڵێتەوە، بۆیە چاکتر وایە سیاسەتی زمانەوانیی فەڕەنسا و وڵاتانی فرەنکفۆنی راست بکرێتەوە بەپێی ئەو واقیعەی ئێستا، ئەمەش دەمانباتەوە نێو قسەکردن لەسەر فرەنکفۆنی، یاخود بەرەو قسەکردن لەسەر ئەو رێکخراوانەی بایەخ بە بڵاوبوونەوەی زمانی فەڕەنسی دەدەن و داکۆکی لێ دەکەن. زاراوەی فرەنکفۆنی لە سەدەی رابردوودا پەیدا بوو، بەو مانایەی کە ئێستا هەیە ئەم زاراوەیە لە لایەن (ئونیزم ریکو) داهێنرا لە کاتی پۆلێن کردنی بۆ دانیشتوانی جیهان لە روانگەی ئەو زمانەی کە بەکاری دێنن ئەم وشەیە کە زانای جیۆلۆجی دایهێنا، لە ساڵی ١٩٦٢دا سەری هەڵدایەوە بە پێنووسی بەر پرسێکی دەوڵەت و شاعیر کە ناوی (لیۆبۆڵد سنگۆر) بوو، ئەم بیرۆکەیە وردە وردە شێوازی سیاسیی خۆی لە رێگای چەند رێکخراوێکی فەڕەنسی یان نێو دەوڵەتی وەردەگرێ، کە لەم لیستەدا ئاماژەیان پێدەکەین لە سەردەمی شارل دیگۆل و جۆرج بۆمبیدۆ کە جڵەوی سەرۆکایەتیی فەڕەنسیان گرتە دەست:

- ١٩٦١: دامەزراندنی هاوبەندی زانکۆکان کە بە زۆرینە یان بە کەمینە مامەڵەیان لەگەڵ زمانی فەڕەنسیدا دەکرد(AUPELF).

- ١٩٦٦: دامەزراندنی لیژنەی باڵای پاراستن و بڵاوکردنەوەی فەڕەنسی کە لە ساڵی ١٩٧٣ ناوەکەی بوو بە لیژنەی باڵای زمانی فەڕەنسی.

- ١٩٦٧: دامەزراندنی هاوبەندیی نێودەوڵەتیی پەرلەمانتاران کە بە زمانی فەڕەنسی قسەدەکەن (AIPLF).

- ١٩٦٧ دیسان: دامەزراندنی ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی زمانی فەڕەنسی (CILF) و بەستنی یەکەمین کۆبوونەوە لەو کۆبوونەوانەی هەردوو ساڵ جارێك تایبەت بە فەڕەنسی ساز دەکرا.

- ١٩٧٠: دامەزراندنی لیژنەی هاوکاریی رۆشنبیری و تەکنیکی (ACCT).

- ١٩٧٣: دامەزراندنی لیژنەی فرەنکفۆنی .

- ١٩٧٤: دامەزراندنی لیژنەی وەزاریی هاوبەش بۆ کاروباری فرەنکفۆنی.

لە پاڵ ئەو دەستە فەرمیانەش هەر لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەی وەرزی کۆنگرەکانی وەزیرانی وڵاتانی قسەکەر بە زمانی فەڕەنسی سازدەکرا، کە (وەزارەتەکانی پەروەردەو رۆشنبیری ولاوان و تەندروستی) دەگرێتەوە لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەکانی پیشەیی فرەنکفۆنی. هەوڵی فەرمیی بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی لە دەرەوەی فەڕەنسادا، لە رێگای دامەزراندنی دەستەی هەمەجۆر پەرەی سەند، لە پاڵ تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ ئیش و کاری زمانەوانی و پەروەردەیی ((وەکو ئامادەکردنی چەندین ئەڵقەی تەلەفیزیۆنی پەروەردەیی کە بۆ دەرەوە ئامادەکرابوو، لەگەڵ پێشکەشکردنی یارمەتی بە مەبەستی بڵاوبوونەوەی کتێبی قوتابخانە)) ئەم هەوڵانەش شان بە شانی بڕی پەرەپێدانی ئەو بیروبۆچوونانە بەرەو پێش دەچوون کە هۆشداریان دەدا سەبارەت بە مەترسییەکانی سەرکەوتنی زمانی ئینگلیزی بەسەر فەڕەنسیدا((ئەمەش لەو بڕیارانەدا دەردەکەوێت کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ تاکو ١٩٨٥ دەرچوونە)).

پاراستن و بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسی، ئەمڕۆ(١٩٨٦) لە فەڕەنسادا، بۆ دامەزراندنی چەندین دەزگای جیاواز دەگەڕێتەوە کە لەم لیستەدا ریزیان دەکەین: کۆمسیۆنی باڵای زمانی فەڕەنسی، وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری فرەنکفۆنی، فەرمانگەی گشتی پەیوەندییەکانی زانستی و رۆشنبیری و تەکنیکی (کە دەستەیەکە سەر بە وەزارەتی دەرەوەیە)، لیژنەی باڵای زمانی فەڕەنسی، نابێ ئەکادیمیای فەڕەنسی لەبیر بکەین، بەڵام لەوە دەترسین کە فرەدەزگایی و تواناکان و سەرچاوەکانی پارەدارکردن، دڵنیاییەکی تەواو نەبەخشن، هەروەها ئەو تەرزە لە سیاسەتی زمانەوانی ببێتە هۆی بەلاوەنانی گرفتە سەرەکییەکە، لە فەڕەنسا و لەو کاتەی کە (ریشیلۆ) ئەکادیمیای فەڕەنسی لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزراند، ئاراستەیەك هاتە ئاراوە، کە باوەڕی بەوە هەبوو کە دەتوانرێ گرفتەکانی زمان بە سەپاندنی پێوانەو دەستێوەردانی دەوڵەت چارەسەربکرێ بەڵام زمانزانان بە پێچەوانەی ئەمەوە قسەدەکەن کەچی سوودی نییە، ئێمەش بە

چاکی دەزانین لە جیاتی گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە، بەراوردێك بکەین لە نێوان سیاسەتی زمانەوانی فەڕەنسی لەگەڵ ئەو چالاکییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامیدەدات، چونکە ئەگەر زمانی ئینگلیزی بەو رادەیە لە جیهاندا بوونی هەبێت، ئەوا پێویستە سیاسەتەکەشی کاریگەر بێت.

بابەتی زمانەوانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی راگەیاندنی سەربەخۆیی ساڵی ١٧٧٦ خرایە روو، دانیشتوان لە ئەمریکای باکوور لە چەند وڵاتێکەوە هاتوون کە بە چەند زمانێکی جیاواز قسەیاندەکرد، بۆیە دەوڵەتی تازەدامەزراو کەوتە چارەسەرکرنی گرفتی فرەزمانی، کە گرفتێکە وەکو گرفتەکەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.لە وتارێکی درێژی **(شیرلی براییس هیس)** سەبارەت بەم بابەتە، ئەوە روونەدەبێتەوە: لەسەر ئاستی ناوخۆ (باوکانی دامەزرێنەر) رەتیانکردەوە کە ئینگلیزی ببێتە زمانێکی فەرمی، چونکە لەو بڕوایەدابوون کە کە بێ پشتیوانی فەرمی خۆی دەسەپێنێ، بۆیە سیاسەتێکی زمانەوانی ئەوتۆیان هەڵبژارد کە پشت بە هیچ سیاسەتێك نەبەستێ. بەم شێوەیە کۆنگرەی نیشتمانی لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی یەکێتیەکە، چەندین بەڵگەنامەی بە زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە، تاکو لە زۆر ناوچەدا بڵاوببێتەوە، لە وتارەکەی (هیس)دا هاتووە کە زۆرینەی سیاسەتمەدارانی ئەمریکا بە شێوەیەك سەیری ویستی سەپاندنی زمانێکی یەکگرتوویان دەکرد وەك بڵێی رەفتاری شانشینەکانی ئەوروپایە، بۆیە ئەکادیمیای فەڕەنسی و ئەکادیمیای ئیسپانی لە لای ئەوان نموونەی رق و کینە بوون بەرامبەر ئەو شانشینانە. گفتوگۆ و مشتومڕی زمانەوانی لە سەرەتای مێژووی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم رەوشەیە، (جۆن ئادمز) لە ساڵی ١٧٨٠دا پێشنیازێکی خستە بەردەم کۆنگریس بە دامەزراندنی دەزگایەکی فەرمی لە شێوەی ئەکادیمیای ئەمریکی، کە ئینگلیزەکان بە چاکی دایەننەمەزراند بوو. ئەم پێشنیازەی (جۆن ئادمز) لە بیرۆکەیەکی ئەوروپییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نەتەوەی بەهێز پێویستی بە زمانێکی بەهێز هەیە، بۆ نموونە هۆڵەندا دەسەڵاتی نێو دەوڵەتی نەبوو، چونکە زمانەکەی لەودیو سنوورەکەی بڵاونەبووەوە، هەوڵەکانی ئەو پیاوە زۆر دووبارە بووەوە و دەیان پاساوی بۆ دەهێنایەوە، بەڵام پێشنیازەکانی لە لایەن لیژنەکانی کۆنگریسەوەا پشتگوێ خران، (هیس) دەڵێت کە ((زۆر جار سەیری خودی ئادمزی دەکرد بەو ناوەی لایەنگریی شانشینی بوو، هەروەها وادیار بوو کە ژمارەیەکی زۆری کۆماریخوازەکان بە شێوەیەك لە پێشنیازەکەیان دەڕوانی بە دامەزراندنی ئەکادیمیای ناوەندیی زمانەوانی کە بەڵگەیەکی دیکەی مەیلی ئەو

پیاوەیە بۆ شانەشینی)) گفتوگۆ لەم ئاستەدا نەوەستا، بەڵکو لەسەر دوو هەڵوێست رەگی داکوتا: یەکەمیان بانگەشەی سەربەخۆبوونی زمانی دەکرد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان واتا مافی ئەمریکیەکانە کە زمانی ئینگلیزی بکەن بە زمانێکی جیاواز لەو زمانەی کە بەریتانییەکان قسەی پێدەکەن و مافی ئەوەشیان هەبێ وشەی تازە دروستبکەن بۆ نموونە **(نواوییبستر)** کە پێشنیاریکرد (فەرهەنگێکی ئەمریکی) دابنرێت، هەروەها هەڵوێستی جۆن ئادمز کە لە ساڵی١٨١٢دا پێشنیاریکرد باجی تایبەت لەسەر هەموو ئەو فەرهەنگانە دابنرێت کە لە ئینگلتەراوە هێنراون، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەشدا خەڵکانی دیکە داوایان کرد بە پاراستنی پەتیی زمان لەوانەش (جۆن بیکرینگ) ئەندامی ئەکادیمیای هونەر و زانستی ئەمریکی (کە کۆمەڵەیەکی تایبەتە لە بۆستن دامەزراوە) (بیکرینگ) لە بەردەم ئەکادیمیای ئەمریکا پێشنیازێکی خستەڕوو کە بریتیبوو لە پەلەکردن لە دانانی فەرهەنگێك نەبادا زمانی ئینگلیزی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سایەی ئەو هەلومەرجانەدا تووشی لاوازی و فەوتان ببێت، ژمارەیەك لە رۆشنبیران لە ساڵی ١٨٢٠دا (ئەکادیمیای زمان و هونەرە جوانەکانی ئەمریکی)یان دامەزراند کە ئامانجەکانی پاککردنەوەی زمان و چەسپاندنی بوو، تا دواتر ببێتە ئەکادیمیایەك بۆ زمانی نیشتمانی (جۆن ئادمز هاتە ناو ئەو کۆمەڵەیەوە هەروەها (لافایت)یش هاتە ناویەوە، بەڵام ئەم ئەکادیمیا ئەمریکییە، هیچ پشتیوانییەکی فەرمی لێ نەکرا، هەروەها پشتگیریی دارایشی لە لایەن کۆنگریسەوە نەکرا، بۆیە پرۆژەکان لە شوێنی خۆیان وشکبوون، دوای ئەمە بە هیچ شێوەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی فەرمی زمانەوانی ناخاتە روو، تەنانەت دەوڵەتیش راستەوخۆ دەست لەم بوارە وەرنادات، لەگەڵ ئەمەشدا (جۆشوا فیشمان) بە راستی ئاماژەی بەوە کرد کە وێڕای ئەوەی هیچ سنوورێکی دەستووری یان شەرعی بۆ زمانی فەرمی نەبوو، کەچی دەبینین ملیۆنەها کۆچبەرو نیشتەجێیانی ئەو وڵاتە وازیان لە زمانەکانی خۆیان هێناو زمانی ئینگلیزییان پەسەند کرد، بەڵام نزیکەی (٢٠) لەسەدای دانیشتوان وەك زمانی یەکەم بە ئینگلیزی قسەناکەن: (٢٢) ملیۆن لە سپی پێستەکان لە ساڵی ١٩٤٠ دا، (واتا ١٨,٦٪ی دانیشتوانی سپی پێست) هەروەها (٣٣) ملیۆن لە ساڵی ١٩٧٠دا(واتا ١٦,٣٪ لە کۆی دانیشتوان) و (٢٨) ملیۆن لەوانەی کە تەمەنیان لە (١٤) ساڵان رەتبووبوو، لە ساڵی ١٩٧٥دا (واتا ١٧,٨٪) لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ زمانی ئینگلیزی فراوانترین زمانە لە جیهاندا، رەنگە زمانی ئیسپانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا رکابەری بکات، لەبەر ئەوەی کۆچبەرێکی زۆر لە ئەمریکای ناوەڕاست و کوباوە روویان لەو وڵاتە

کردووە، لەم بوارەدا دەبینین کە جیاوازییەك هەیە، کاتێ بەراوردێ لە ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتەدا دەکەین کە بۆ بڵاو بوونەوەی فرەنکفۆنی پەیڕەو کراوە، راستە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەستەی تایبەت هەن شوێنی دەوڵەت دەگرنەوە (وەکو دەزگای فۆرد، یان پەیمانگای هاوینەی زمانەوانی) وا دیارە ویلایەتەیەکگرتووەکان هەرگیز یەکەمین ئامانجی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیرییەکەی نەبووە (رەنگە لەبەر ئەوەی رۆشنبیریی تایبەتی نەبووە، بەڵام ئەوەیان شتێکی ترە) یاخود بۆ بڵاوکردنەوەی زمانەکەی، چونکە ئیمپریالیزمی ئەمریکی، بە پلەی یەکەم ئیمپریالیزمێکی سیاسی و ئابووری بووە، ئینجا زمان هاتووە.

ئەم نموونەیە وانەیەکی گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە زمان بڵاونابێتەوە چونکە بە تەنیا زمانی ئەدەبە، بۆیە ئەو فاکتەرە لە بەرامبەر فاکتەرەکانی دیکەی ئابووری و سیاسیدازۆر گرنگ نییە، بێگومان ئەم فاکتەرە ئەدەبییە لە سەدەی نۆزدەهەمدا رۆڵی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی زمانی فەڕەنسیدا. بەڵام ئەو بڵاوبوونەوە و فراوانکارییە تەنیا بژاردەیەکی کەمی گرتەوە کە ناتوانرێت بەراورد بکرێن لەگەڵ ئەوەی کە لەم سەردەمەدا لە نێوان زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزیدا روودەدات، پلە و پایەی زمانی فەڕەنسی هاتە لەرزین دوای سەرهەڵدانی بزاڤی نیشتمانی و پەیدابوونی نەتەوەی جیاواز کە توانیان گەشە بە ئەدەبی خۆیان بە زمانی نیشتمانیی خۆیان بدەن. وا دیارە هەموو کارێکی فەرمی لە وڵاتانی فرەنکفۆنی ئەو بیرۆکەیەی پشت گوێ خست کە بە فراوانبوونی ئابووری دەتوانرێت پەرە بە رۆشنبیری بدرێت، بۆیە داکۆکیکارانی زمانی فەڕەنسی لە بەرەو رووبوونەوەی تەوژمی ئەمریکیدا کەوتنەوە سەنگەرەوە، بە داکۆکی کردن بە ناوی زمانی ئایین بە تایبەتیش کاسۆلیکەکان تاکو بەرامبەر بە زمانی ئینگلیزی بوەستن کە وەك زمانی بازرگانی لە کەنەدا خۆی دەسپێنێ، ئەوان داکۆکی لە فەڕەنسی دەکەن وەك زمانێکی رۆشنبیری بەڵام زمانی ئینگلیزی کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بووەتە زمانی دەسەڵاتی ئابووری و زانست و تەکنەلۆژیا کە لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، بەڵام بە شێوەیەکی لاوەکی زمانی رۆشنبیرییە، رۆشنبیریی رۆك و کۆکا کۆلا، لە ناکۆکییی نێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا هێمایەك دێتە پێشمان تایبەتە بە دوو شرۆڤەی جیاواز بۆ جیهان، هەروەها دوو ئایدیۆلۆژیای جیاواز، ئەو ناکۆکییە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەم ململانێیە لە کۆتاییدا بە چی دەگات.

بەشی هەژدەهەم

خەیاڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانە و ئیسپرنتۆ

لە بەشەکانی پێشوودا، بینیمان کە مرۆڤ لە رووبەڕووبوونەوەی ئەفسانەی بابلدا، هەروەها لە رووبەڕووبوونەوەی فرەزمانیدا، بەرهەڵستی و بەرگری پەسەند کرد، هەروەها زانیمان کە زمانەکانی تێکەڵ و بڵاو گەواهیدەری ئەوەن کە چۆن پەیڕەوکردنی کۆمەڵایەتی، زۆر جار توانیویەتی پارێزگاریی لە هۆکارەکانی گەیاندن و پەیوەندییەکان بکات سەرباری فرەزمانی.

ئاڵای مێژوویی

لە سەدەی حەڤدەهەم و لە ئەوروپادا، بیرۆکەیەك هاتە ئاراوە، پێی وایە دەتوانرێ چارەسەرکردنی گرفتەکان کە فرەزمانی دەیسەپێنێ، لە تاقیگە ئەنجامبدرێ... ئەمەش بە دروستکردنی زمانێکی جیهانی، بەڵگەی ئەمەش نووسینەکانی کۆمینیۆس (جان کۆمینسکی) بە تایبەتی کتێبی (دەرگای کراوە بە رووی زمانەکاندا)کە لە ساڵی ١٦٣١دا بڵاویکردەوە، نەخاسمە نامەیەکی درێژی (رێنیە دیکارت)، کە لە ئەمستردامەوە نامەی زانستی پڕ بەهای دەنارد، (ماران میرسان) لە نامەیەکیدا پرسیاری لێکرد سەبارەت بە پرۆژەی زمانێکی تازە کە تەنیا (یەك رێگای بۆگەردان کردنی فرمانەکان هەروەها شیکردنەوە و دروستکردنی وشە)ی تێدا بێ، لە وەڵامدا فەیلەسوفی فەڕەنسی بە خۆپارێزییەوە لە یەکەم رستەیدا دەڵێت: ((دیارە پێشنیارکردنی زمانێکی تازە، لە سەرەتادا ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، مایەی سەرسوڕمانە)) لە کۆتایی وەڵامی نامەکەشدا زیاتر روونیدەکاتەوە و دەڵێت: ((منیش پێم وایە ئەم زمانە رەنگە ببێت) لە درێژەی وەڵامەکەیدا دەنووسێت: ((بەڵام بەئومێدی ئەوە مەبە کە

ببینی ئەم زمانە بەکاربێت، چونکە بەکارهێنانی، پێویستی بە گۆڕانکارییەکی زۆر هەیە لە سیستەمی شتەکاندا، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا جیهان تەنیا بەهەشتێك بێت لەسەر زەوی ئەمەش چاکترواية پێشنیار بکرێت تەنیا لە رۆمانەکاندا))

گرنگ ئەوەیە کە سەرنجبدەین لەوەی کە بیرۆکەی زمانێکی دروستکراو لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە ئەرکی زمانی لاتینی، بوو بە زمانی بڵاوی بەرتەسك، هەر چەندە دیکارت لە وەڵامەکەیدا ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە زۆر ئاسانە هەموو خەڵك فێری لاتینی ببێت، ئەم بیرۆکەیەش لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا لە چەند هەواڵێکدا روونبووەتەوە، لەوانە ئەو گفتوگۆ تێرو تەسەلە (١٦٧٠ - ١٦٨١) پەیوەست بە زمان کە ئەو نەقشەی پێ دەنووسرێتەوە لەسەر کەوانی سەرکەوتن کە بە نیازە وەك رێزلێنان بۆ لویسی چواردەهەم دروستبکرێت، هەروەها ئەو ریسواییەی کە لە ساڵی ١٦٦٠دا کتێبی (قودداس) ورووژاندی، کە فوازان بە زمانی فەرەنسی بڵاوی کردەوە، هەروەها بەڵگەش ئەوە بوو کە بە تایبەتی زمانی فەرەنسی لە بواری فێرکردندا لە فەرەنسا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەوە، هەروەها لە کتێبەکانی ئەدەبی و زانستیشدا، ئەوەش گومان دەخاتە روو لە کاریگەریی پەیوەندی و تێکەڵی بە زمانی لاتینی، کە تا ئەو کاتەش لەنێوان تاکەکانی چەند زمانێکی جیاواز لە ئارادابوو، **(لیبنتز)** هەمان بیرۆکەی باسکردووە بە تایبەتی لەسەر ئاستی جیهانی، مەبەستیشی لەمەدا ئەوە بوو، سیستەمێکی هێمایی دابمەزرێت کە لە بوارە زانستییەکاندا و رێگا بە پەیوەندی و تێکەڵی بدات لە شوێنی زمانەکانی جیهانیدا.لە هەردوو حاڵەتدا رێزمانێکی جیهانیی بوو بۆ زمانێکی نووسراو کەخەڵك لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای زەویدا بتوانن بە هۆیەوە لە یەکدی بگەن، بێگومان خوێنەر لەوە گەیشتووە کە دەکرێ ئەم پرۆژەیە بە نموونەیەکی رەسەن دابنرێت بۆ هەموو زمانە دروستکراوەکان. لە سەدەی نۆزدەهەمدا داهێنەرانی زمان هەوڵدەدەن جۆرەکە بگۆڕن، تا ئەو کاتەش بیرکردنەوە تەنیا لەسەر بناغەی پۆلێن کردنی بیرۆکەکان بوو، فەیلەسووفەکان لەو بڕوایەدا بوون کە زمانە سروشتییەکان، زمانی فێڵبازی و تەکەڵەبازین و بێخەوش نین، بۆیە بە شێوەیەکی رێك زمانی دروستکراو لەو مێژووەوە سەرهەڵداو دادەمەزرێ، **بیار جانتۆن** ژمارەی ئەو زمانانە بە پێنج سەد زمان دەخەملێنێ، زۆر ئاسانیشە کە بە بێ توێژینەوەیەکی تایبەتی لیستێك بخەینە روو کە خۆی لە سەد لەو زمانانە دەدات.ئەم لیستەی خوارەوەش لەوە کورترە، بەڵام لە ساڵی (١٩١٤)وە راوەستاین بەڵام بەڵگەی چالاکییەکی چڕوپڕە لە دروستکردنی زمانەکان هەر لە ساڵی ١٨٧٩ کە مێژووی داهێنانی زمانی (فولابوك)ە تاکو ساڵی ١٩١٢ لەو لیستەدا کە لیستێکی بڕ لە کەم و کورتییە لە نێوان ١٩٠٠ و ١٩١٤ بە تایبەتی، لە هەر ساڵێکدا زیاتر لە دوو زمانی تازە دەبینین.

١٨٥٨: كۆسمۆگلۆسا

١٨٦٨: ئینیڤیرسالگلوت

١٨٧٩: فۆلابۆك

١٨٨٣: ویلتسبراچ

١٨٨٧: بالتا

١٨٨٧: ئیسپرنتۆن

١٨٨٧: سپۆکیل

١٨٨٨: سپیلین

١٨٨٩: ئەنگلۆفرانکا

١٨٩٠: مۆندۆلانگ

١٨٩٣: دیل

١٨٩٦: فیلتبارل

١٨٩٨: دیلپۆك

١٩٠٠: لینگوا کۆمۆن

١٩٠٢: ریفۆرملاتین

١٩٠٢: ئۆنیڤرسال لاتین

١٩٠٢: ئیدیۆم نۆترال

١٩٠٣: لاتینۆسین فلیکسیۆن

١٩٠٣: ئەنترلنگوا

١٩٠٤: پیربۆ

١٩٠٥: لینگوا ئەنترناسیۆنال

١٩٠٦: ئوللا

١٩٠٧: ئیدۆ

١٩٠٧: لینگۆ ئەنسیرناسیۆنا

١٩٠٧: ئەپۆلیما

١٩٠٧:لینگوا ئۆرۆپیان

١٩٠٨: مز — ڤۆیۆ

١٩٠٨: رۆمانیزا

١٩٠٨: دیتالینگ

١٩٠٩: رۆمانال

١٩٠٩: ئیتالیکۆ

١٩١٠: ئەدجۆڤیۆ

١٩١٠: نۆڤی ئیسپرنتۆ

١٩١٠: ریفۆرم ئیسپرنتۆ

١٩١٠: سیمی لاتین

١٩١٠: پرفێکت

١٩١١: لاتین ئیسپرنتۆ

١٩١١: لاتین — ئیدۆ

١٩١١: لینگۆ ئەدیلفینزال

١٩١١: سیمپلۆ

١٩١١: نۆڤی لاتین

١٩١١: مۆلۆگ

١٩١٢: ریفۆرم نیترال

١٩١٤: ئۆرپیۆ

ئەم دەرهاویشتانە چەندین سەرنج هەڵدەگرن کە رەنگە یارمەتیمان بدەن بۆئاشنا بوون بە دیاردەی زمانە دروستکراوەکان.

- گرنگە، یەکەم جار ئاشناییەکی مام ناوەندیی دەربارەی زمانەکانی ئەورووپای رۆژئاوا (بە تایبەتی زمانەکانی رۆمانی) پەیدابکەین، کە لەم رێگایەوە بتوانین لەو رەگ و ریشانە بگەین کە ناوی ئەو زمانە دروستکراوانەی لێ هەڵقولاون، مەبەستیش ئەو ململانێیە ناوەندییەی ئەورووپییە کە دروستکەرانی ئەو (زمانە جیهانییانە) پەیڕەوی دەکەن.

- دووەم جار ئاماژە دەکەین بە بیرۆکەی زمانە جیهانییەکان، کە لە ماوەیەکی مێژووییدا پەیدابوونە، کاتێ زمانی لاتینی، زمانی بڵاوی بژاردەیەکی ئەورووپی، بەرەو توانەوە چوو، لەم بەینەدا ئەم زمانە لە نێو چەند پرۆژەیەکی هەمەجۆر و لە ماوەیەکی مێژووییدا بەرجەستە بوو، کە زمانی فەڕەنسی شوێنی لاتینی گرتەوە، بەڵام پاشەکشەی کرد و نەیتوانی ئەرکی سەر شانی جێبەجێ بکات،

لە هەردوو حاڵەتدا هەوڵدان لـە ئارادایـە بـۆ چارەسـەرکردنی گیروگرفتـەکانی پەیوەنـدی و تێکـەڵیی جیهانی لە تاقیگەدا، لە حاڵەتی دووەمدا دەبینین پەیوەندییەکی پتـەو هەیـە لـە نێـوان سـەرهەڵدانی (دیاردەی (ئیسـپرنتۆ) و پەیـدابوونی دەوڵـەت — نەتـەوە، تەنانـەت بیرۆکـەی زمـانی جیهـانی وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر بە پارچەپارچە بوونی نیشتمانی و زمانەوانی لە ئەوروپادا هاتە ئاراوە.

- دوا تێبینی بریتییە لە زیادبوونی زمانی دروستکراو بە قەد نزیکبوونـەوە لـە شـەڕی یەکـەمی جیهان، تەنانەت پرۆژەکانی ئەو زمانانە خەریکی هەوڵی دواخستنی ئەو کارەساتە بوون، کە لە ئاسۆی سیاسیدا بە دەرکەوت. هەردوو زمانی دروستکراو: فولا بۆك و ئیسپرنتۆ، کـە تـەنیا ئـەو دوو زمانـە بوون، بە تەنیا جۆرێك لە جۆرەکانی سەرکەوتن بە دەستبێنن، وەك بڵێی هەڵگری پەیام بوون ئەوەشیان دواتر شرۆڤەی دەکەین دوای ئەوەی کە بە خێرایی باسێکی مێژوویی دەربارە دەخەینە روو:

زمانی فولابۆك، بەوە ناسراوە کە یەکەم زمانی دروستکراو بوو لە دوو توێی کتێبدا هاتـە دەرەوە و کەوتـە واری قۆناغی قسە پێکردنی کردەنی و بە ماوەیەکی کورت سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنـا.((دوای دە ساڵ بەسەر پەیدابوونی زمانەکە، بیست و پێنج رۆژنامەی پێ لە چـاپدرا و (٢٨٣) کۆمەڵـەش دامـەزرا، بـە (٢٥) زمانیش کتـێبی قوتابخانـەی لـێ چـاپکرا، ئەکادیمیایـەکیش دامـەزرا، کـە زۆری نـەبرد دەسـتی بـە گفتوگۆکردنی چاکسازییەکان کرد، بەڵام پێداگریی و توندڕەویی دانەرەکە، بووە هۆی بە تەواوی سەرنەکەوتنی و دواتر لێکترازان و لە ناوچـوونی یـەکجارەکی لـە سـاڵی ١٨٨٩دا زمـانی ئیسـپرنتۆ سـوودێکی چـاکی لـە سەرنەکەوتن و هەرەسهێنانی زمانی فۆلابۆك بینی، بۆیە ئەرکێکی بەرچاوی لە هەلومەرجێکی پێویستیدا لـە ئەستۆ گرت، هاتە سەر حازری و لە ساڵی ١٨٨٧دا، **(ل. زامینهۆف)** یەکەم پەخشنامەی بڵاوکردەوە بە نـاوی (زمانی نێودەوڵەتی) و ئەم پەخشنامەیەی بە نازناوی (ئیسپرنتۆ) بڵاوکردەوە دوای (١٠) ساڵ، یەکەم گۆڤـاری (ئیسپرنتیسۆ) چاپکرا و لە ساڵی ١٨٩٤دا زامینهۆن فەرهەنگێك و دواتر کتێبێکی بۆ راهێنـان بڵاوکـردەوە، دواجار و لە ساڵی ١٩٠٥دا دەقێکی بە ناوی (پرانسیبە بنچینەییەکانی ئیسپرنتۆ)ی پەخشکرد، کە بە کـورتی ریزمانی ئەم زمانەی لە شازدە یاسادا بەرجەستە کرد، دواتر کۆنگرەکانی نێو دەوڵەتی دەسـتیانپێکرد: ١٩٠٥ لە پۆڵۆنی سورمیر، ١٩٠٦ لە ژنێڤ، ١٩٠٧ لـە کامبریـدچ، ١٩٠٨ لـە دریسـید، ١٩٠٩ لـە بەرشـەلۆنە، ١٩١٠ لە واشنتۆن، ١٩١١ لە ئەنڤێر، لە یەکەمین کۆنگرەدا (٦٦٨) کەس ئامادەبوون، بـەڵام بـۆ کـۆنگرەی پاریس ساڵی ١٩١٤ نزیکەی (٣٧٣٩) کەس ناوی خۆیان تۆمار کرد (ئەو کۆنگرەیە بوو کە بە هـۆی شـەڕەوە نەبەسترا) ژمارەی ئەوانەی بەم زمانە قسەیاندەکرد رووی لە زێدەبوون کرد، هەر چـەندە ژمارەیـان لـە هـەموو جیهاندا زۆر بە زەحمەتی خەملێنرا، کۆمەڵەی جیهانیی بۆ ئیسپرنتۆ، ئێستا سی تا چل هەزار کـەس لـە خـۆ دەگرێ، هەندێ کەسیش وای بۆ دەچێ کە ژمارەی ئەوانەی قسە بەو زمانە دەکەن رەنگە بگاتە پـازدە ملیـۆن

کەس، بەڵام بە هەر حاڵ، ئیسپرنتۆ تاکە زمانێکی دروستکراوە کە بە زیندوویی مایەوە، دواتر ناوی ئەم زمانە بوو بە هاوواتای زمانی دروستکراو لە وێژدانی خەڵکدا.

ئایدیۆلۆژیەتی ئیسپرنتۆ

پێویستە لەو شتە تێبگەین کە ژیان بەبەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵە جیاوازە (دیاسبۆرا)دا دەکات لە گشت جیهاندا و لە کەسایەتیی زامینهۆفەوە دەستپێبکەین... ئەمەش یەکێك لە نامەکانییەتی کە گوزارشت لەم لایەنە دەکات:

((ئەگەر جوولەکە نەبوومایە کە لە نێو کۆمەڵگەیەکی داخراودا (گیتۆ) دەژیێ، هەرگیز بیرۆکەی یەکخستنی مرۆڤایەتی بە مێشکمدا نەدەهات، تەنانەت هەموو ژیانی خەریك نەدەکردم، هیچ کەسێك هەست بەو ناسۆرییە ناکات کە دابەشبوونی مرۆڤ هۆیەکەیەتی، بە قەد ئەوەی کە جوولەکە لە کۆمەڵگەی داخراودا (گیتۆ) هەستیپێدەکات، هەروەها هیچ هەستێکی بە هێزیش کە زمانێکی بێ لایەنیی مرۆیی بە پێویست بزانێ و ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێ، ناتوانێ کەس بگرێتەخۆ، وەك ئەوەی جوولەکە دەیتوانی بەو شێوەیەی نوێژ بۆخوای خۆی بکات بە زمانێك کە لە مێژە نەماوە و کۆتایی هاتووە و بە زمانی میللەتەکەی فێر ببێ، بەڵام رەتی بکاتەوە، لە ناسۆریشداو لە هەموو شوێنێکی سەر زەویدا هاورێی هەبێت، بەڵام نەتوانن لە یەکدی تێبگەن، جوولەکایەتیی من هۆی سەرەکییە کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە خۆم لە پێناویدا بەخشیوە و لە پێناو بیرۆکە و خەونێکی بنەڕەتی: خەون بۆ یەکگرتنی مرۆڤایەتی))(*) بەو واتایە، بیرۆکەی زمانە جیهانییەکە دەردەکەوێ وەك وەڵامێك بۆ وێناکردنەکەی زامنیهۆف دەربارەی رەوشێکی پڕ لە ئێش و ئازار کە لای یەکێکی دیکە دەبێتە هۆی لە دایك بوونی ئایدیۆلۆژیەتی زایۆنی **((بڵاوکردنەوەی کتێبی (دەوڵەتی جوولەکە)ی تیودۆر هیرتزل لە ساڵی ١٨٨٦دا))** ئەو کۆنگرانەی تا مردنی بەشداری تێدا کردن، هەروەها لەو نووسینانەیدا وێنەیەکی ئایینگەریی کۆمەڵەیەك روونەدەبێتەوە کە بە زمانی ئیسپرنتۆ دەدوێن، ئەو، لە نامەی سەرەوەدا قسە لەگەڵ نووسەرانی هاورێیدا دەکات:

((رەواجکردن بۆ کێشەی ئیسپرنتۆ بەشێکە لەو بیرۆکەیە)) لە نامەکەدا باسێك لەسەر پرۆژەیەك هەیە بە ناوی (هیلالی) کە مەبەست حاخامێکە و ناوی هیلالە، کۆششدەکات بۆ

(*) نامەیەکی ئاراستەکراو بۆ میشۆ لە ٢١ی شوباتی ١٩٠٥، بەپێی سەرچاوەی (جانتۆن).

دروستکردنی پردێك له ڕەوشت کە بتوانێ پەیوەندیی برایانە لە نێوان هەموو گەلان و ئایینەکاندا بەیەك ببەستێتەوە و پلانەکەشم پشت بە دامەزراندنی یەکەیەکی ئایینی دەبەستێ کە هەموو ئایینەکان ئاشت دەکاتەوە و دەیانخاتە بازنەی ئاشتییەوە)).

بیرۆکەی هیلالی کە زامینهۆن پشتی پێ بەستووە، سەرکەوتنی گەورەی لای شوێن کەوتووانی ئیسپرنتۆ بەدەستنەهێنا، پێیان باشە بیرۆکەیەك پەسەند بکەن بێلایەن بێ هەروەك لە کۆنگرەکەیان لە جنێڤ دووپاتیان کردووەتەوە، بەڵام خودی زامینۆن لە هەمان کۆنگرەدا گوتوویەتی: ((وڵاتی ئیسپرنتۆ، بە تەنیا زمانی ئیسپرنتۆ حوکمی ناکات، بەڵکو بیرۆکەی ڕەسەنیی ئیسپرنتی، دروشمی وێنەی باڵای ئیسپرنتیش دروشمێکە تا ئەمڕۆش بە وردیی ئاشکرا نەکراوە، هەر چەندە بەردەوام هەستی ئەمە لە ئارادا بووە، بەم شێوەیە: دەمانەوێ بناغەیەکی بێلایەن دابڕێژین هەموو مرۆڤایەتی بە برایەتی و ئاشتی بەیەکەوە بژین)).

گفتوگۆکانی ئایدیۆلۆژیا لە نێوان ئیسپرنتیەکان کە بێلایەنن قوولدەبێتەوە و جیهانێتی بە یەکدیانەوە دەبەستێتەوە، ئەم گفتوگۆیانەش ئەو لێکترازانە لێك دەداتەوە کە لە ساڵی ١٩٠٧دا رووید و بەمەش زمانی (ئەیدۆ) هاتە ئاراوە، هەروەها ئەم گفتوگۆیانە لەو کێشە و ململانێ هەمیشەییەی نێوان خاوەن هێڵی (بژاردە) و خاوەن هێڵی (میللی)دا چڕ دەبێتەوە، بە دڵنیاییەوە، ئەم وردەکارییە ئەوەندە گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی کە خودی بیرۆکەی زمانی جیهانی جیا نابێتەوە لە جۆرێك لە ئاشتەوایی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان شیکردنەوەی جیا جیا دەکات سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیاکان و ئەو ڕێگایەش دەستنیشان دەکات بۆ تێڕوانینی ئیسپرنتۆ، زمانی ئسپرنتۆ بە شێوەیەکی فراوان لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە لەو قۆناغەیدا کە تیۆری (مار) لە یەکێتیی سۆڤیەت گەشەی سەند، لەو قۆناغەشدا خەڵك لەو بڕوایەدا بوو کە زمانە جیهانییەکان لە یەکدی نزیکدەبنەوە بە پەیدابوون و سەرهەڵدانی سۆشیالیزمی نێودەوڵەتی و بەرەو زمانێکی یەکگرتووی پرۆلیتاری هەنگاو دەنێ، ئیسپرنتۆ لەو وڵاتانەدا بڵاوبووەوە چونکە جۆرە لێکچوونێك هەبوو لە ئایدیۆلۆژیەتەکەی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتی فەرمیدا، ئەمڕۆش بە چاوی ڕەزامەندی لە وڵاتی چین سەیری ئەم زمانە دەکرێ، چونکە بەربەستێکی پتەوە لەبەردەم ئیمپریالیەتەکانی زمانەوانیدا...

ئەوەندە ماوە کە خودی ئایدیۆلۆژیەتی ئیسپرنتیەکان بناسین، ڕێبازیان، ئەوە، ئەگەر بە کۆ قسەکردنمان دەربارەی ئیسپرنتیەکان گوزارشت لە واقیعێکی یەکگرتوو بکات، جا ئەگەر بۆمان بلوێ باس لە ئیسپرنتیەکان بکەین، ئەوەندە بەسە کە بڵێین لەم رووەوە، تێکەڵبوونمان لە گەڵیاندا بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوان خاوەن قەناعەتن ئەمەش سێ تەرزە ڕەفتار دەخاتە روو:

١. مژدەهێنانێکی زمانەوانی کە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا بەرچاومان ناکەوێ، ئێمە لەو بڕوایە نین کە زۆربەی فرانکۆفۆنیەکان ئەوانەی بۆ فرانکفۆنی بە پەرۆشن، لە هەوڵی ئەوەداین دراوسێکانیان بە چاکەو لایەنی باشی فرانکفۆنی قایلبکەن، بەڵام پێویستە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەك روون بکەینەوە کە ئیسپرنتییەکان زیاتر بەرپارێزن، ئەوان تەنیا پەنا دەبەنە بەر بڵاوکردنەوەی دەستنووس و بڵاوکراوە و لەمە زیاتر بڕ ناکەن.

٢. لە بەراوردی بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیەتەکانی ئیسپرنتیدا، دەردەکەوێ کە لەم ساڵانەی دواییدا وەکو ئایدیۆلۆژیەتەکانی زانست بەرەو پێشدەچێت، چونکە ئیسپرنتییەکان کۆنگرە سازدەکەن و بانگهێشتی زمانەوانەکان و کۆمەڵناسانی دەرەوەی ئیسپرنتییەکان دەکەن، هەروەها پەیوەندی بەردەوامیشیان لەگەڵ یۆنسکۆدا هەیە، ئەوان لە هەموو حاڵەتێکدا بابەتێك لە روانگەی پەیوەندی و تێکەڵیی نێودەوڵەتییەوە دەخەنە روو، بە گەڕانەوە بۆ راپۆرتەکەی **(ماك بریید)** وەك نموونە، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین کە ئیسپرنتییەکان مەیلیان بۆ پیادەکردنی دزەکردن و پەرت و بڵاوکردنی ناوەوەی کەسانی دیکە هەیە، ئەگەر لەم رووەوە بتوانین زاراوەی سیاسی بەکاربێنین و لە شەڕەقسە دووربکەوینەوە.

٣. ئەم کارە کە شتێکی سروشتییە لای کۆمەڵێك کە قەناعەتیان چەسپاوە و لە یەك ئایدیاو هزردا هاوبەشن بەرەو گیانێکی بە کۆمەڵیان دەبات کە هەندێ جار لەگەڵ ویستەکانیدا ناکۆکە، جۆرە دەمارگیریی تایفەگەری پێوە دیار دەبێت، بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیەش تەنیا یەك نموونە ناهێنینەوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا نموونەیەکی زیندووە: زۆر جار لە بڵاوکراوەکانی ئیسپرنتیەکاندا ئاماژە بە زمانەوانی گەورە **(ئەنتۆن مییێە)** دەکەن کە دەڵێت: ((گفتوگۆو مشتومڕی تیۆری هیچ سوودێکی نییە، چونکە زمانی ئیسپرنتۆ ئەرکی خۆی بە جێ هێناوە)) ئەم رستەیە لە کتێبێك وەرگیراوە کە ماوەیەك زۆر لەمەوپێش تەنیا یەك دانەشی لێنەماوە و زۆر زەحمەتە بدۆزرێتەوە، دواتر لە رستەیەکی دیکەی کتێبەکەدا هاتووە: ((ئەم زمانە هیچی لەوە کەمتر نییە کە بە کردەنی پەیڕەو بکرێت و بەکاربهێنرێت)) بەڵام ئیسپرنتییەکان بایەخ بەو رستەیە نادەن، لە راستیدا (ئەنتۆن مییێە) بەرهەڵستکاری بیرۆکەی بوونی زمانێکی دروستکراوی جیهان بوو، دوای چەند لاپەڕەیەك ئینجا لەم رستەیەدا دەڵێت: ((سوودی کردەنی لە بوونی زمانێکی جیهانی بەرچاودا، مادامەکیش ئەو زمانە دەکرێ هەبێ، ئەوا پێویستە بێتە دی)) بەڵام بە قۆستنەوەی پرۆپاگەندە بەوەی کە رەواج بۆبیرۆکەیەك بکات کە گوایە ئیسپرنتۆ زیاتر بەکاردێت، ئەو دڵنیاییە زانستییە نییە کە (مییێە) بەرپەچی نەداوەتەوە.

بەراوردی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

ئەم بابەتە، بە هەر حاڵ لەو گۆشە نیگایەوە باسناکەین، گومانی تێدا نییە کە بۆ ئەوەی لە (دیاردەی ئەسپرنتۆ) بگەین پێویستە هەوڵبدەین بە یاساو ڕێساکانی ئاشنابین و ڕەفتاری ئیسپرنتییەکان شرۆڤە بکەین، ڕوون و ئاشکرایە کە بیرۆکەی بوونی زمانێکی جیهانی کە هەموو خەڵك فێری بین، زمانی دووەمە لە پرانسیبە گشتییەکانەوە سەرهەڵدەدات و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێ، هەروەها دیارە کە لایەنگرانی ئیسپرنتۆ داکۆکی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان ناکەن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە هەموو جووڵانەوە هزرییەکاندا هەیە.

بەڵام پرسیاری ڕاستەقینە لە شوێنێکی دیکەدا دەمێنێتەوە، پێویستە بپرسین ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیسپرنتۆ سەرکەوتن بەدەستبێنێ بە گوێرەی ئەوەی لە خوێندنەوەی مێژووی زمانەکان فێری بووینە، بە واتایەکی دیکە، پێویستە کە ئەم پرۆژەیە شرۆڤە بکەین لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە:

١ . لە سەرەتای ئەم کتێبە تا کۆتاییەکەی ئەوەمان بینی(بە تایبەتی سەیری بەشی هەشتەمی بکە) کە بڵاوبوونەوەی هەر زمانێك لە سەردەم و شوێنێکدا گوزارشتە لە بڵاوبوونەوەی جۆرێکی دیکە: سەربازی یان ئابووری یان ئایینی یان ڕۆشنبیری یان هی دیکە، دەرئەنجام گوزارشت لە بزووتنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکات، کەواتە بۆمان هەیە بپرسین: زمانی ئیسپرنتۆ(یان هەر زمانێکی دیکەی دروستکراو) گوزارشت لە چ بزووتنەوەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکات؟

لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسیمان کە مێژووی زمانەکان ڕووی زمانەوانیی مێژووی کۆمەڵگاکان دەردەخات، هەروەها هەر زمانێك لەسەر ئەرزی واقیع پێشبکەوێت، مانای وایە

کە کۆمەڵە مرۆڤێك کە بەم زمانە قسەدەکەن، ئەوانیش لەسەر ئەرزی واقیع پێشدەکەون، بەڵام ئەو کۆمەڵە کەسانەی بە ئیسپرنتۆ قسەدەکەن، گرفتێکی تیۆرییان هەیە، چونکە ئەوان پەرش و بڵاون، چونکە (دیاسبۆرا)ن، هیچ نموونەیەکی مێژوومان لەبەر دەستدا نییە، ئاماژە بەوە بکات کە کۆمەڵەی پەرش و بڵاو (دیاسبۆرا) لە سەپاندنی زمانەکەیاندا سەرکەوتووبوون، تاکە نموونە کە بتوانین بیری لێبکەینەوە بریتییە لە زیندووکردنەوەی زمانی عیبری، بەڵام ئەمەیان پێویستی بە دامەزراندنی ئیسرائیل هەبوو، بۆیە دەتوانین بپرسین کە ئەگەر زمانێك بێ زەوی بوو کە بۆی ببێتە لانکە، قابیلی ژیانە.

٢. دیارە پرۆژەی ئیسپرنتۆ، پرۆژەیەکە لەسەر ئاستی تیۆری بە ئاکام ناگات، پرۆژەیەکە لە مێژوودا وێنەی نییە، بەڵام وەنەبێ ئەم رایە بەس بێت بۆ پشتگوێ خستنی پێداویستییەکانی، چونکێ لە هەمووی مەترسیدارتر بۆ ئەم پرۆژەیە بریتییە لە دەرهاویشتەی ئەنجامی کۆمەڵە توێژینەوەیەك کە دەربارەی رێگای بەڕێوەبردنی فرە زمانی ئەنجامدراون و کۆمەڵی مرۆڤایەتی پەیڕەوی دەکات، زۆر جار بەراوردمان کردووە لە نێوان دوو بەراوردی پێکناکۆکی ئەم بابەتە: یەکەمیان لەسەر زەوی، واتا لە لەشی زیندوودا، دووەمیان لە ژینگەیەکی دروستکراودا، واتا لە تاقیگەدا، وا دیارە زمانی ئیسپرنتۆ سەر بە بەراوردی دووەمە، هەر جارێکیش مەسەلەی پەیوەندی و تێکەڵی بخرێتە روو، پیادەکردنی کۆمەڵایەتی بە دوای چارەسەردا ناگەڕێت لە لایەن ئیسپرنتۆوە، لە بەشی دووەمیشدا باسمان لە پەرەپێدانی زمانە بڵاوەکان کرد و چۆن دەتوانرێت وێڕای فرەزمانی لە بازاڕەکاندا پەیوەندی و لێکگەیشتن هەبێت، هەروەها بینیمان چۆن ئاڵوگۆڕی بازرگانی تا رادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر رەوشی زماندا هەیە، چونکە بازاڕ دەتوانێ جوولەی بڵاوبوونەوەی زمان لە هەموو کاتێکدا روونبکاتەوە زمانی ئیسپرنتۆ لەم هەموو پەرەسەندان و باسانە دوورە، چونکە سەر بە بوارێکی پێچەوانەیە، بەڵام شیکردنەوەی لەسەرەخۆی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی رەوشەکە، تەنیا بەرەو یەك ئەنجامان دەبات: چارەسەرێك کە ئاشتەوایی و ئایدیالیەت لە شەڕی زماندا بکاتە بنچینە، کەم جار سەرکەوتن بە دەستدێنێ، دەکرێ داوای لێ بووردن بکەین، بەڵام هەستی تاکەکان لەم بوارەدا هیچ نرخێکی نییە، وێنەی (زامینهۆن) لە وێنەی **(جان جۆرس)**ی خەباتگێر دەچێ کە لە بەردەم دەرگاکانی یەکەمین شەڕی جیهاندا بۆ بەدی هێنانی ئاشتی، ماندووبوون نازانێت.

دوا پەیڤ

ئەو جیهانە فرە زمانییە، هەر لە سەرەتاوە گۆڕەپانی ململانێیەکی گەرم بووە بە هۆی ئەم فرە زمانییەوە، هەروەها گۆڕەپانی گرژیی لە نێوان تایبەت و بڵاودا بەردەوام بووە، لە نێوان زمانی ماڵ و زمانی خۆراك، لە نێوان زمانەکانی دەسەڵات و زمانەکانی کەمیینە، ئەو گرژییە بزوێنەرێکی مێژووە، زمانەکانیش بە گۆڕینی جیهان دەگۆڕێن، پەرەسەندنی پەیوەندیی ئاڵوگۆڕکراو بە پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە بەندە، باسمان لە (شەڕی زمان) کرد کە تەمەنی لە گۆڕەپانە جیا جیاکانی شەڕدا دێتە دی، لەناو خێزان، لە بازاڕ، تا دەگاتە ئەو ڕێگایانەی کە زمانەکان لە پێناو بڵاوبوونەوەیاندا گرتوویانەتە بەر، بەڵام بینیمان کە ئەم شەڕە بەسەر ئاستێکی دیکەش بەرپاکراوە، بەڵکو دڵەکانیان، هەروەها ئەو شەڕانە لە نێوان سنووری وڵاتاندا نەکراوە، بەڵکو لە ناو خودی سنووری وڵاتەکان بووە، بۆیە شەڕ هەمیشە کاری دەوڵەت بووە. **(کاوە حەجاج)** نووسیویەتی: ((ئەگەر پیاوێکی دەوڵەت سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە سەرپەرشتی کردنی ڕێڕەوی زمان لە یەکێك لە قۆناغە یەکلاکەرەوەکانیدا، ئەوا دەسەڵاتێکی دیکە دەخاتە پاڵ دەسەڵاتەکەیەوە، دەسەڵاتێکی نادیاری کاریگەر)) هەروەها درێژەی دەداتێ و دەڵێت: ((هەموو سیاسەتێکی زمانەوانی لە خزمەتی دەسەڵاتدایە، بە مەبەست بێ یان بە پێچەوانەوە، یەکێك لە دیارترین بنکە بەهێز دەکات)) **(گلین ولیامز)** لە پرسیارێکدا دەڵێت: ((پلاندانانی زمان یان قۆرخ کردنی زمان؟)) ڕەنگە پلاندانانی زمانەوانی بە یەکێك لەو تەکنیکیانە دابنرێ کە پسپۆڕانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئامادەیانکردووە، ئەو تەکنیکەش بەسەر دوو بواری گەورەدا دابەشدەبێ: دەستێوەردان لە زمان (یان کاری ناوەوە) و دەستێوەردان لە زمانەکان (یان کاری دەرەوە) هەروەها هەریەك لەو دوو بوارە دەتوانن بەسەر چەند بەشێکی لاوەکیدا دابەشبن، (وشەسازیی فەرهەنگی، نووسین، یەکگرتنی شێوەزارەکان...)، پلاندانانیش بەو ناوەی تەکنیکە بە بەشێکی کاری زمانزان دادەنرێت، تەنانەت بە نەخشەیەك دادەنرێت کە دەستێوەردانی زمانەوانی تێیدا کاریگەرتر دەبێت بۆ سەر ئایندەی کۆمەڵگەکەمان، قەدەری زمانەکان قەدەری قسە پێکەرانیەتی بەڵام بینیمان کە لە هەموو بوارەکاندا دەستێوەردان لە زمان یان لە زمانەکان هەندێ جار دەبێتە کارێکی زۆرەملێ، چونکە هەموو پلاندانانێك پێویستی بە سیاسەتێك هەیە،

واتا سیاسەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، بۆیە زمانزان خۆی لە بەردەم پرسێکی ڕەوشتدا دەبینێتەوە: کەواتە کە دەست لە زمان وەردەدات مانای وایە لە گەمەی دەسەڵات دوور نابێ.

دەسەڵات دەستێوەردان دەکات، دەسەلاتی دەوڵەت ئەوەی کە ناومان نا گەڕان چارەسەر لە (تاقیگە) یان (لە ژینگەیەکی دروستکراو)دا، لە پیادەکردنی کۆمەڵایەتی و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چارەسەرە بیرۆکراتییە، چەندین چارەسەر (لە لەشی زیندوو)یان (لە ئەرزی واقیع) دێتە ئاراوە، زۆر پێداگریمان کرد، مێژووی زمانەکان بریتییە لە لایەنی زمانەوانیی مێژووی کۆمەڵگەکان تەنانەت نەدەکرا ئەو شەڕە تەنیا بە خودی شەڕەکە دابنرێت ململانێی زمانەوانی باس لە سەربردەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئیمپریالیەکانی زمانەوانیش هەمیشە هێمان بۆ ئیمپریالییەکانی دیکە. لە دوای شەڕی زمانەکانیش شەڕی دیکە هەیە، ڕەنگە ئابووری یان ڕۆشنبیری بن، (چەندین نموونەی ڕوون و ئاشکرامان لە توێژینەوەی باسەکاندا خستە ڕوو)، ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست نەبێ، بۆ نموونە ئابووریی ژاپۆن بازاڕەکانی دونیا بە بەرهەمەکانی نقووم دەکات، بەڵام بێ ئەوەی زمانی ژاپۆنی هاوڕێی ئەو جووڵانەوە ئابوورییە بێت.

پلاندارێژی زمانەوانی، بیەوێ یان نا، ڕۆڵی لەو ململانێ و ئیمپریالیانەدا هەیە، لەوانە وێنای ئەوە بکەین کە جەمسەرەکانی بەرهەڵستکار لە لەشی زیندوودا واتا لەسەر زەوی، بتوانێ بەرەو ڕووی دەسەڵات ببێتەوە کە دەست لە تاقیگە وەردەدات، واتا لە ژینگەی دروستکراودا شەڕیش لەسەر ئەرزی واقیع، ڕۆژانە نموونەی لەم شێوەیەمان بۆدەردەخات، بەڵام زمانزان زۆر جار بە دیوێکی دیکەدا دەکەوێتەوە، واتا لە لای دەسەڵات، خۆی بە تەکنیکار یان ڕاوێژکار لە قەڵەم دەدا، چونکە فەرمانبەرانی زمانیش وەکو فەرمانبەرانی دیکە وان، ڕەنگە ببنە کۆیلە بۆ دەوڵەت ئەگەر ئاگایان لە خۆیان نەبێت، باسمان لە بەراووردی زانستی کرد کە ئەم ڕەوشە دەیوروژێنێ، کەواتە زمانزان کە لە پرۆسەی پلاندانانی زمانەوانییەوە گلاوە، دەست لە هەموو زمانێك وەردەدات کە دەزانێ ژیانێکی تایبەتی و سەربەخۆیی هەیە، هەروەها زمانزان دەزانێ کە ئەم ژیانە تایبەتەی زمان بەرهەمی کاری قسەپێکەرانیەتی لەگەڵ بەرهەمی کۆمەڵایەتییان، هەروەها چاك دەزانێ کە ئەم دەستێوەردانە پلان دادەڕێژێ بۆ دامالێنی زمان لە دەستی خاوەنەکانی، هەموو پرۆسەیەکی پلاندانان لە لایەن ژمارەیەك پلاندارێژەرانەوە بەڕێوەدەچێ کە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیان بەسەر گەلەوە هەیە.

ئەمە مانای ئەوە نییە کە پێویستە دەسەڵات کاری بەڕێوەبردنی ئەو مەسەلانەی بۆ بەجێ بهێڵرێ، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، ئەگەر بە تێڕوانینی دیکە شەڕ پاشکۆی سیاسەت بێ، ئەوا سیاسەتی زمانەوانی ڕووی شارستانیی شەڕی زمانەکە، کاتێ خەیاڵەکانی ئاشتەوایی هەرەس دێنن، هیچ لە بەردەم زمانزاندا لە پیادەکردنی پیشەکەیدا نامێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە وەك هاووڵاتی ڕەفتار بکات و ئەم سیاسەتەش لەهەموو کاتێکدا بە چاودێرییەکی دیموکراتانە پیادە بکات.

پێناسەی وشەو زاراوەکان

رەگسازی: زانستێکە لە گەڕاندنەوەی وشەکان بۆ بنەچەکانیان، کە لێیان وەرگیراون، دەکۆێتەوە.

رەگسازی میللی: رەگسازییەکی باوە لای زۆرینەی خەڵك، بریتییە لە گەڕاندنەوەی وشەکان بۆ بنچینەکان بە تێڕوانینی ئاکارو رووالەت، بۆنموونە لە عەرەبیدا دەگوترێ گوایە وشەی (شکسبیر) لە (شێخ زوبێر)ەوە هاتووە.

رادیکال: ئەو رەچەڵەکەی کە وشەیەکی لەسەر بنیاد دەنرێ، یاخود ئەو وشانەن بەر لە پێوەلکاندنی پێشگر یان پاشگر کە وشەی تازەی لێ دروستدەبێ.

جێگۆڕکێ: زمانێك شوێنی زمانێکی دیکە دەگرێتەوە ئەمەشیان دوو جۆرە، جێگۆڕکێ بە نۆرە، جێگۆڕکێ بەهەڵمژین.

جێگۆڕکێ بەنۆرە: جێگۆڕکێی زمانێك بە یەکێکی دیکە، واتا زمانێك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگۆڕێ، بۆنموونە: نەوەکانی زمانی (پێل) بە زمانی (وولف) لە سنیگال قسەبکەن.

جێگۆڕکێ بەهەڵمژین: جێگۆڕکێی بەردەوام، توانەوەی زمانێکی ژێردەستە بەرامبەر زمانێکی زاڵ.

بەربەری: ئەو خەوشەی لە وشەیەکی قسەکردندا دەردەکەوێ، بەربەرەکان بە رەچەڵەك ئەوانەبوون کە بە گوتەی گریکەکان بە زمانێکی دیکە قسەیاندەکرد واتا نامۆیان بە زمانی گریك.

بابیلیبوون: جیابوونەوەی زمانێك لە چەند زمانێکی دیکە لە یەك رووبەری جوگرافیدا.

دووانەزمان: بریتییە لە توانای تاك بە بەکارهێنانی دوو زمان.

رەگ: ئەو بنچینەیەی کە وشەی لەسەر بونیاد دەنرێ لە زماندا، پشت بەو پێیانە دەبەستێ کە دەکەونە دوای وشەکەوە و وشەیەکی تازە پێکدێنن.

شەڕی زمان: ململانێی نێوان زمانەکان لە ناوەوە و دەرەوەیاندا، کە پەیوەستە بە سیستەمی ناوخۆی زمان و بونیادنان و گەشەسەندنی، لە دەرەوەش پەیوەندیی زمان لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا.

(شەڕ) لە لەشی زیندوو/ لە مەیدان: ئەو شەڕەیە کە قسەپێکەرانی زمان ئەنجامیدەدەن، ململانێکانیان لە زماندا رەنگ دەداتەوە، (پێچەوانەکەی: (شەڕ) لە ژینگەی دروستکراودا، لە تاقیگە).

شەڕ لە ژینگەی دروستکراودا/ لە تاقیگە: شەڕی زمانەوانی کە لە لایەن پلاندارێژەرانی زمان و لیژنەی زاراوەکان سەرپەرشتی دەکرێت.

پلاندانانی زمانەوانی: بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆکارەکانی پێویست بە جێ بەجێ کردنی سیاسەتی زمانەوانی و چۆنێتی جێبەجێ کردنی ئەو هۆکارانە چونکە وەرگتنی بڕیارێك بە کردنی ئەم شتە یان ئەو شتە دەبێتە رێبژێرێك لە سیاسەتی زمانەوانیدا بۆ نموونە بڕیاری بە عەرەب کردنی خوێندن.

دەستێوەردان لە زمان: بریتییە لەو دەستێوەردانەی خاوەن سیاسەت و پلاندانانی زمانەوانی بە مەبەستی کارکردن لە پەیوەندیی نێوان زمانە جۆراوجۆرەکان لە رەوشی فرەزمانیدا وەکو هەڵبژاردن زمانێك تاکو ببێتە زمانێکی نیشتمانی، یان لە هەڵبژاردنی زمانی فێرکردن و هۆیەکانی راگەیاندن...).

دەستێوەردان لە یەك زماندا: بریتییە لە دەستێوەردانی یەك زمان لە لایەن خاوەن سیاسەتی زمانەوانی و پلاندانانی زمانەوانی بە مەبەستی کارکردن لە ئەلف وبێی فەرهەنگ و شێوەزارەکانی.

رۆماندن: بە بەکارهێنانی پیتی ئەلف و بێی لاتینی لە جیاتی پیتی دیکە، بۆ نموونە چاکسازیی لە ئەلف و بێی چینی بە پیتی لاتینی دەستکاریکراو هەتا شوێنی پیتی ئاسایی چینی بگرێتەوە.

دووفاقییێتی زمان: بریتییە لە پەیوەندی نەگۆڕی نێوان دوو تەرزە زمانی ئەلتەرناتیڤ کە هەردووکیان سەر بە یەك چینی نەژادبن، یەکێکیان بەرز ئەوی دیکە دانراو وەکو عەرەبیی پەتی و گشتی.

دوو فاقییێتی تێکهەڵکێشراو: بریتییە لەو دووفاقییێتییەی تێکەڵ بە یەکدی دەبن، زۆر لەو وڵاتانە بەدیدەکرێت کە ماوەیەکی کەمە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم رزگاربوونە، بۆ نموونە لە تانزانیا دووفاقیبەك هەبوو لە قۆناغی یەکەمدا لە نێوان زمانی بۆماوە لە ئیمپریالیزم، کە زمانی ئینگلیزی بوو لەگەڵ زمانی نیشتمانی کە زمانی سەواحیلی بوو، لە قۆناغی دووەمدا دووفاقییەك هەبوو لە نێوان ئەو زمانە سەواحیلییە کە زمانی دایك نەبوو، تەنیا بۆ کەمێکی دانیشتوان نەبێ، لەگەڵ زمانە ئەفریکییەکان، هەمان رەوش لە مالی هەبوو (زمانی فەڕەنسی لەگەڵ بامبارا و زمانەکانی دیکەی ئەفریکی تێکەڵ دەبوون).

سیاسەتی زمانەوانی: تێکڕای رێبژێرە هۆشدارەکانە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش لە نێوان زمان و ژیان لە نیشتماندا، هەروەها وەرگرتنی بڕیاری عەرەباندنی خوێندن لە قۆناغی زانکۆدا بە رێبژێریك لە سیاسەتی زمانەوانی دادەنرێت، بەڵام ئەگەری جێبە جێ کردنی لەم وڵاتە یان لەوی دیکە ئەوا دەچێتە خانەی پلاندانانی زمانەوانییەوە.

سیاسەتی زمانەوانی بەوەکالەت: ئەو سیاسەتەیە کە کەسێك لەناو دەوڵەتدا یان بە ناوی دەوڵەت لە دەرەوەدا ئەنجامیدەدات، ئەمەش بریتیەی لەوەی کە دەوڵەت کارەکە بۆ ئەو کەسە بەجێ بێڵێ چونکە خۆی ئەنجامینادات، بۆ نموونەش ئەوەی کە پەیمانگەی هاوینەی زمانەوانیی ئەمریکی لە بنکەکانی خۆیدا لە وڵاتانی جیهاندا پەیڕەویدەکات.

فرەزمانی: توانای تاکە کەسە لە بەکارهێنانی دوو زماندا یان زیاتر ئەویش چەند جۆرێکە:

١. فرەزمانی کە یەك زمانی زاڵی تێدا بێ: چەند زمانێك بەیەکەوە بن لە رووبەرێکی جوگرافیدا کە یەکێکیان زمانی زاڵە، تا رادەیەکی زۆر و هیچ ئەلتەرناتیڤ نییە وەکو فەڕەنسی لە فەڕەنسا. چونکە ئێستا لەسەر خاکی فەڕەنسا هیچ زمانێك نییە شوێنی فەڕەنسی بگرێتەوە، هەر چەندە دەتوانین لەسەر خاکی فەڕەنسا پتر لە (٣٠) زمان بژمێرین کە زمانی کەمینەن، لێرەدا شێوەی دووفاقییێتی بەواتا راستەقینەکەی خۆی بەکاردێنن، وەکو کۆرسیکا، کەتالۆنیا و ئەلزاس، یان لەسەر شێوەی زمانی کۆچبەران وەکو زمانی عەرەبی و ئەرمەنی و پۆلۆنی. ئەم زمانانە رووبەڕووی زمانێکی زاڵدەبنەوە، ئەویش بە زۆری زمانی دەوڵەتە، کە چینی رەش رووتی دانیشتوان قسەی پێدەکەن.

٢. فرەزمانی بەیەك زمانی کەمینە: فرەزمانی لەمەدا بریتییە لە بوونی زمانێکی زاڵ لە روانگەی ئامارەوە و زمانێکی ژێر دەستە لە رووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە، چونکە لە بونیادی

دەوڵەتدا نییە، نموونەی ئەو فرەییەش رەوشی سنیگالە، کە زمانی وۆلڤ زمانی زاڵە لە رووی ئامارەوە، بەڵام زمانی ژێر دەستەشە لە روانگەی سیاسی و رۆشنبیرییەوە، چونکە لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا بەکارنایەت، بە هەمان شێوەش زمانی (بامبارا) لە مالی.

٣. فرەزمانی بە زمانە زاڵە کەمینەییەکان: ئەو فرەزمانییەیە کە زمانە زاڵەکان لە رووی ئامارەوە، زمانی ژێر دەستەن لە رووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە، چونکە لە بونیادی دەوڵەتدا نین، نموونەی ئەو فرەییەش، مەغریبە، کە لەوێ زمانی گشتیی مەغریبی و بەربەر دوو زمانی زاڵن لە رووی ئامارەوە، بەڵام ژێر دەستەن لە رووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە، چونکە لە فەرمانگەکانی دەوڵەتدا بەکارنایەن.

٤. فرەزمانی بە زمانی زاڵی ئەلتەرناتیف: ئەو فرەزمانیەیە کە تێیدا زمانی زاڵ لە رووی ئامارەوە ژێر دەستە لە رووی رۆشنبیری و سیاسییەوە دەتوانێ شوێنی زمانی زاڵ بگرێتەوە و ئەرکە سیاسییەکانی وەربگرێ، تاکو ببێتە زمانی دەوڵەت، نموونەی ئەم رەوشەش لە کەرتەکانی فەڕەنسایە، لەو دیو دەریاکاندا وەك (مارتینك) و (گوادلوب) کە لەو کەرتانە وزمانی تێکەڵ دەتوانێ شوێنی زمانی فەڕەنسی وەك زمانێکی فەرمی بگرێتەوە.

٥. فرەزمانی بە زمانە زاڵە هەرێمیەکان: ئەو فرە زمانیەیە، زمانە فەرمییە هەمە جۆرەکان لەناو یەك دەوڵەتدا بەیەکەوەن، هەر زمانێکیش رووبەری خۆی هەیە و دەبێتە زمانی زاڵ، نموونەی ئەم رەوشەش لە سویسرایە، کە زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی بە زمانی فەرمی دانراون، لە بەلجیکاش کە ململانێی فەڕەنسی و فلمنکی و ئەڵمانی لە ئارادایە.

زانستی بەڵگەداریی زمان: ئەو زانستەیە کە لە شێوازی ژیان دەکۆڵێتەوە لە چاخەکانی پێشووی جیۆلۆجی، بە نموونەی بەبەردبووەکان یان بە بەڵگەداریی ئاژەڵ یان رووەك.

دیارنەمانی زمان: بریتییە لە مردنی زمان، ئەو مردنەش یان بە گۆڕانکاری یان جێگۆڕکێ یان بە بنبڕ بوون دەبێت.

دیارنەمان بە گۆڕانکاریی: ئەم جۆرە، لەو کاتەدا رووەدات کە شێوەزاری زمان پەرەدەسەنێت، کاتێ خەڵك زیاد دەکات و خێزانە زمانێکی دیکە سەرهەڵدات، هەروەکو لە زمانەکانی رۆمانیدا هەیە، بە هەمان شێوە لە عەرەبی پەتی کە لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە چەند شێوەزارێکی تازە.

دیارنەمان بە بنبڕبوون: ئەم جۆرە دیارنەمانە لە کاتێکدایە، دوا کەس کە بە زمانێك قسەدەکات، کۆچی دوایی دەکات، بێ ئەوەی کەسێکی دیکە هەبێ لە دوای ئەو بەو زمانە

قسه بکات، بۆ نموونه لە ئەمازۆنیا پیرەمێرد و پیرەژنێك دەژیان کە بە زمانی (تت) قسەیاندەکرد، بەڵام بە مردنی هەردووکیان ئەم زمانەش لە ناوچوو.

دیارنەمان بە جێگۆڕکێ: زۆر جار رووەدەدات کە زمانێکی ژێر دەستە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی زمانێکی زاڵ، ئەمەی دووەمیان بە یەکجاری شوێنی ئەوی دیکە دەگرێتەوە.

خواستنی لەخۆڕا: کاتێ نەوەی زمانێك بەرەو رووی واقیعێك یان پەیڕەوێك دەبنەوە، کە ناوی لە نێو زمانەکەیاندا نییە، بۆیە وشەیەك لە زمانێکی دیکە وەردەگرن و بەکاری دێنن وەکو زاراوەی (نۆینم) و (نۆنۆلۆژیا) کە زمانی عەرەبی وەری گرتوون و لە بواری زانستی زماندا بەکاریان دێنێ.

خواستنی بەبەرنامە: ژمارەیەك لە زمانزان یان لیژنەی تایبەتی زاراوە دانان وشەیەك لە زمانێکی دیکە وەردەگرێ و دەیخاتە زمانەکەیانەوە. وەکو وشەی (زرە) لە زمانی مالی کە عەرەبیش بە (ژرە) بەکاری دێنێ.

زمانزانیەکانی کۆمەڵایەتی: لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، بایەخ بە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەدات، بە چەند هۆکارێك و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیی بە رووداوی زمانەوانییەوە هەیە.

زمانزانیەکانی قسە/ ئاخافتن: لقێکی زمانەوانییە، بایەخ بە گوتاری تەواو دەدات، واتا بە ئاخافتنی تاك و قسەکانی بە سەلماندنی بوونی زمان لە گوتاردا.

زمانزانیەکانی زمان: ئەو زمانزانییانەیە کە بایەخ بە زمان دەدات لەوانە سیستەم و رێزمانی گشتی کە گرووپی زمان پێوەی پابەندن.

زمانزانیەکانی نەرمەشێواز: لقێکی زمانزانییە کە بایەخ بە توێژینەوەی زمان نادات کە سستەمێکە، بەڵکو بایەخ بە گوتار دەدات کە قسەپێکەرانی زمان دەری دەبڕن، لقەکانیشی وەکو زمانزانییەکانی کۆمەڵایەتی، زمانزانییەکانی دەروون.

زمانزانییەکانی ناوبڕ (داش): ئەویش زمانزانییەکانی نەرمەشێوازە، هێڵێك یان ناوبڕێك دەکەوێتە نێوان زاراوەیەکەوە بۆ نموونە (زمانزانییەکانی – کۆمەڵایەتی).

زمانزانییەکانی رەقەشێواز: ئەو زمانزانییەیە کە بایەخ بە توێژینەوەی سیستەمی هەمەلایەنەی زمان دەدات وەکو رێزمان و گەردان و شیکردنەوە و دەنگەکان.

زمانی تایبەت: زمانی مێگەل: ئەو زمانەیە کە لە نێوان ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵکدا بەکاردێت کە بۆ پەیوەندی و تێکەڵی دیاریکراوە.

زمـانی تێکـەڵ: زمانێکـە کـە ڕێزمانەکـەی لـە زمـان و وشـەکانی زمـانێکی دیکـەوە وەردەگرێت، ئەمەش بەری تێکەڵبوونی نێوان نەوەکانی چەند زمانێکی جیاوازە.ئا بەم شـێوەیە زمانی ئینگلیزیی تێکەڵ دروستبووە، لە ئاکامی تێکەڵبوونی ئینگلیـزی و چـینی و بـە هـۆی بازرگانییەوە، ڕێزمانی چینی تێکەڵ بە وشەی ئینگلیزی زمـانێکی ئینگلیـزی پەیـدا دەبێـت، بەڵام بە شێوەو دەڕبڕینی چینی، بۆ نموونە، چینییەکان دەڵێن: **(بیدجین)** کە لارکردنەوەی وشەی **(بزنس)**ی ئینگلیزییە.

زمانی نزم: زمانێکە بە چاوێکی نزم سەیردەکرێ کە کەمترە لە زمانەکانی دیکـە لـە رووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

زمانی نێودەوڵەتی: زمانێکی بڵاوە سنووری نێوان وڵاتان دەبەزێنێ، بەڵام جیاوازیی نێـوان زمانی بڵاو و زمانی نێودەوڵەتی لە کاریگـەریی دەمارگیرییدایـە، کـە دەگـوترێ نەتـەوەکانی ئەوروپا بە زمانی نێودەوڵەتی لە نێوان خۆیاندا پەیوەندی دەکەن، بەڵام وڵاتانی جیهانی سـێیەم بە زمانی بڵاو.

زمانی فەرمی: بریتییە لە زمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، زمانی قوتابخانە، زمانی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، وەك زمانی عەرەبی، کە زمانی فەرمییە لە وڵاتانی عەرەبیدا.

زمانی دروستکراو: زمانێکە کە لە ئاکامی قسەکردنی خەڵکی ئاسایی پەیدا نابێ، بـەڵکو یەکێك یان کەسانێك بە ئەنقەست و بە بەرنامە، ڕێزمان و شیکردنەوە و بناغەکـەی دادەنـێن. لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەدەی بیسـتەمدا زمـانی لـەم شـێوەیە دروسـتکراو وەکـو زمانی(ئیسپرنتۆ).

زمانی جیهانی: بریتییە لـە زمـانی بـڵاو کـە دەبێـت لـە نێـوان هـەموو مرۆڤایەتییـەك بەکاربێت، هەندێ لە زمانی دروستکراو هەوڵـدەدەن هـەروەکو (ئیسـپرنتۆ) کـە ببنـە زمـانی جیهانی.

زمانی باڵا: زمانێکە بەوچاوە سەیردەکرێ کە پێگەیەکی بەرز و باڵای هەیە.

زمانی زاڵ: زمانێکە کە بەسەر زمانەکانی دیکەدا زاڵدەبێت لـە ڕووبـەرێکی زەویـدا، لـە ڕووی ئامارەوە قسەپێکەرانی لە زمانەکانی دیکە زیاترە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسییەوە کـە دەبێتە زمانی ڕۆشنبیری و کارگێڕی و دەسەڵاتی سیاسی نموونەی زمانی زاڵ لە ڕووی ئامـارەوە زمانی (وۆلف)ە لە سنیگال، نموونـەی زمـانی زاڵ لـە ڕووی کـارگێڕی و سیاسـییەوە، زمـانی فەڕەنسییە هەر لە سەنیگالدا.

زمانی ژێر دەستە: ئەو زمانەیە کە زمانێکی دیکە لە رووبەرێکی زەویدا لە رووی ئامارەوە بەسەریدا زاڵە، وەکو زمانی فەڕەنسی لە سەنیگال، لە رووی رۆشنبیری و سیاسی زمانی (وۆلف) لە سەنیگال.

زمانی تێکەڵ: ئەو زمانەیە کە لە ئەنجامی تێکەڵی نێوان چەند زمانێك پەیدادەبێت بۆ نموونە: فەڕەنسی یان ئیسپانی یان پورتوگالی یان ئینگلیزی یان هۆڵەندی تێکەڵ بە زمانی ناوخۆ (لۆکال) دەبێت، دواتر زمانێکی(دایك) ی گشتی دروستدەبێت. نموونەی ئەمەش، زمانی تێکەڵ لە هایتی و لە کەرتەکانی فەڕەنسا کە کەوتووەتە ئەو دیو دەریاکانەوە وەکو (مارتینك و گوادالوب).

زمانی بلاو: ئەو زمانەیە بۆ پەیوەندی و تێکەڵیی نێوان چەند گرووپێك بەکاردێت، کە پەنا دەبەنە بەر زمانێکی هاوبەش بە پێچەوانەی زمانی تایبەت، لێرەدا یەك زمان دەبێتە زمانی بلاو، زمانی تایبەتیش شتێکی دیکەیە، بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی زمانی بلاوە لە فەڕەنسا، لە بەرامبەردا چەند زمانێکی دیکەش هەیە.

زمانی نیشتمانی: ئەو زمانەیە کە دەوڵەت دانی پێدا دەنێ وەك زمانێکی هاووڵاتییەکانی، بەڵام مەرج نییە زمانی فەرمیی دەوڵەت بێت، بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی زمانی فەرمییە لە گینیا کە هەشت زمانی نیشتمانی تێدایە و بەربەر زمانی نیشتمانی نییە، بەڵام زمانی فەرمی نییە لە جەزائیر، زمانی عەرەبیش زمانی نیشتمانی و فەرمییە.

وشەسازیی لەخۆڕا: ئەو وشانەیە کە نەوەکانی زمانێك لەبەر پێویستی پەیوەندی دروستدەکەن بە پەیڕەو کردنی بونیادیش، زمانە بە داتاشین یان رێکخستن.

وشەسازیی بەبەرنامە: ئەو وشانەیە کە کۆمەڵێك زمانەوان دروستیدەکەن، یاخود لیژنەیەکی تایبەت بە زاراوەدانان بۆ ناونانی شتێك کە پێشتر ناوی نەبووە، جاری وا هەیە لە زمانێکی دیکە وەردەگیرێ. وەك ئەوەی زاراوەیەك لە زمانێکی دیکە وەربگرن و دواتر بە شێوەك دایبڕێژنەوە کە لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا بگونجێ.



وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

* بەهادین جەلال مستەفا، لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٤ ی شارۆچکەی رانیەیە.
* دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی/ کۆلیژی ئەدەبیات/ ی زانکۆی بەغدایە ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٧٦.
* پتر لە (٢٠) ساڵ مامۆستای دواناوەندی بووە.
* لە ساڵی (١٩٧٣)وە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتی رۆشنبیری و فۆلکلۆری و منداڵان و وەرگێڕان دەنووسێ.
* یەکەم کتێبی (شەوانی جاران)ە کە کۆکراوەیەکی چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردییە بە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، ساڵی ١٩٩٠ چاپ و بڵاوکرایەوە.
* دواتر کتێبی (مێژووی ئێران و تورکیا) لە ساڵی ٢٠١١ لە عەرەبی وەرگێڕاوە.
*کتێبی (ثقافة الحم و بناء الديمقراطية) لە کوردییەوە کردوویەتی بە عەرەبی
* لە ساڵی ١٩٩٦ تاکو ٢٠٠٥ لە رۆژنامەی (برایەتی) و (خەبات)ی کوردی وەکو پەیامنێرو وەرگێر و نووسەر کاریکردووە، لە ٢٠٠٥ تا ئێستاش لە نووسینگەی رۆژنامەی (التآخي)ی لە هەولێر، بە زمانی عەرەبی وەرگێڕ و نووسەرە.
* ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی نووسەرانی کوردە.